# زمان و زار

ژمارە (٢) (ڕێبەندانی-٢٧٢١) (زستانی-٢٠٢١)

گۆڤارێکی زمانناسیی وەرزییە

خاوەن ئیمتیاز:

د. تەها ڕەسووڵ

سەرنووسەری فەخری:

تۆفیق وەهبی

سەرنووسەر:

فەرەیدوون سامان

# زمان و زار

هەڵەگری: فاتیح مودەریس

دیزاینی ناوەوە: ئومێد محەمەد

بەرگ: ئارام عەلی

چاپ: ٢٠٢١

تیراژ: ٧٥٠ دانە

نرخ: ٥٠٠٠ دینار

چاپ: چاپخانەی تاران

کۆمەڵگەی پەروەردەیی مارگرێت و

رێکخراوی خانی بۆ لێکۆڵینەوەی هزری دەری دەکات

هەموو ئەو بابەتانەی بڵاودەکرێنەوە:

گوزارشت لە راوبۆچوونی نووسەرەکەی دەکات

**دەستەی راوێژکاری:**

- د. هۆگر مەحمود
- د. مزگین چالی
- د.دارا حەمید
- د سادق حەمەغەریب
- د. دەریا جەمال حەوێزی
- کامەران رەحیمی
- ئیدریس لاوە

**راوێژکاری کارگێڕی:** ئەڤین ئەحمەد

**پەیوەندییەکان:** سارا سەعدی عومەر

خەزان بابان

بۆ پەیوەندی بە گۆڤاری زمان و زار

Fereydunsaman61@gmail.com

## پێڕست

– کوردیی ناوەڕاست لە نێوان هەڵکەوتن و ململانێی زارەکاندا.....................٧
**حەیدەری حاجی خدر**

– شەمسەدینی شارەزووری» زمان»بە هێم وبناخەی فەلسەفە دەزانێ........٢٧
**ئەیوب گارزانی**

–پەهلەوی لە تەرازووی بەراوردکاریدا.......................................................٣١
**ڕێکار ئەحمەد**

–لویس ئۆلسن فاسووم و زمانی کـــوردی................................................٦٧
**سەلاحەددین ئاشتی**

– عەبدولڕەحمان زەبیحی کێ بوو؟..........................................................٨١
**فەرەیدون حەکیمزادە**

– زارەکان و بنەمایەک بۆ زمانی یەکگرتوو................................................١١٥
**مستەفا غەفوور**

– دانپێدانانی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان بە زمانی دایک.............................١٢٩
**کاروان ئاورەحمان**

– زاری کوردەکانی ئەرمەنستان.............................................................١٤٣
**فەرەیدون سامان**

–بۆ کورد زمانێکی هاوبەشی نییە...........................................................١٥٥
**دیاکۆ هاشمی**

– زمان، جوگرافیای بوونی نەتەوە...........................................................١٦١
**جەبار جەمال غەریب**

– واتا دەروازەیەک بۆ فراوانکردنی فەرهەنگ..............................................١٧٥
**سەربەست قادر**

– ئاوڕێک لەسەر زمانی فولکلۆریی پارێزگای کرماشان..............................١٨٥
**ئاکۆ جەلیلیان**

–پرۆژەی ئەتڵەسی زمانانی ناو ئێران.......................................................٢١٧
**پ. د. جەعفەر شێخولئیسلامی**

–سایکس–بیکۆ»ی زمانەوانی کوردی.......................................................٢٣٣
**پ. ی. سەلام ناوخۆش**

– جێگۆڕکێ کردنی دەنگی (ر) و دەنگی (ڵ) لە زمانی کوردیی................٢٤٣
**شاسوار هەرشەمی**

– خەتی زوانی کوردیک لە مێژو تا ئەمڕۆوە...............................................٢٦٧
**سابیر ژاکاو**

- ڕێگاکانی زمان دەچنەوە باوەشی دایک..................................................٢٧٩
**کەمال فاروق**
- هۆکارەکانی سۆشیال میدیا و ڕۆڵیان لە پێکهێنانی زمانێکی یەکگرتوودا..........٢٨٩
**پ. ی. ئاریانا ئیبراهیم**
-ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە گەشەسەندنی زمان دا،................................................٣٠٣
**پ.ی.د. سادق حەمەغریب سەرگەتی**
زمان و زماننناسی لای دێ سۆسێر..........................................................٣٠٧
**عەبدولڕەحمان فەرهادی**
- سەرنجی  خوێنەرێک لە پێناو گفتوگۆیەکی گشتیدا.................................٣١٣
**ئەنوەر ئەلمان**
-سخنی در باب زبان وفرهنگ کورد..........................................................٣١٩
**قاسم ئەرژەنگ**
تاريخ اللغة الكوردية ولهجاتها .............................................................٣٢٣
**دلاور زنکی**
-اللغة الكردية..........................................................................................٣٢٩
**مراد جوان**
-موجز تاريخ الأبجديات الكردية...........................................................٣٤٩
**جلادت جليكر**

FERHENGSAZÎ DI ZIMANÊ KURDÎ DE......................................5
XALID CEMÎL MIHEMED
KOPULA.DI RISTESAZÊYA KURDÊ Û HINDO-EWRUPÎ DÊ......23
BARZO MAHMOUD
TAYBETMENDÎ Û ETÎMOLOJIYA ÇEND PEYVÊN..........49
KURDÎ.BAHADÎN ROBAR

# کوردیی ناوەڕاست
# لە نێوان هەڵکەوتن و ململانێی زارەکاندا

حەیدەر حاجی خدر

**لە نێوان زار و زماندا:**

هیچ زمانێک نییە لە زاری جیا جیا پێکنەهاتبێ، هەتا وەکو بواری بڵاوبونەوەی زمان لە ڕووی دانیشتوان و تۆبۆگرافیا و ئیدارەدانی سیاسی و ئابوری و هۆکارەکانی دیکەوە بەربڵاوتر بێ، بواری دابەشبوونی بەسەر زاری جیاجیا باشتر تێدا دەردەکەوێ، چونکە زمانەکە ناتوانێ هەتا سەر وەکو خۆی بمێنێتەوە، بۆیە بە تێپەڕینی ڕۆژگار شێوەی جیاجیای لێ دەکەوێتەوە و دوا جار شێوەکان چەمکی زاریان بەسەردا دەبڕێت.

هەتا ئەو زارانە لە بەرفراوانبوون و بڵاوبونەوە زیاتر برِبکەن و پەرتببن، ڕادەی دورکەوتنەوەیان لە یەکدی زیاتر دەبێت. دوورکەوتنەوەکە هێندەی لە فەرهەنگ و وشە و دەستەواژە و شێوەی دەربڕیندا ڕەنگدەداتەوە، هێندە سەمتی جیاوازییەکان سەر بە ئاقاری ڕێزمانی زمانەکەدا ناکات، چونکە ڕۆحی زمان حەزی بەرنگارییەکی خۆیی لەم ڕووەوە تێدا هەیە، دوورکەوتنەوەی زارەکان بە ئاراستەی جیاوازی لە ڕێزماندا زارەکان بەرەو زمانی سەربەخۆ و جیاواز دەبات. (١٠ ل ١٧٢ – ١٧٣)

لە دابەشبوونی زارەکانەوە تێدەگەین، کە زارەکانی زمانێک یەکجەستەیی زمانەکە نانوێنن، بەڵکو شێوەی جیاجیای نواندنی زمانەکەن، بۆیە ئەگەر بە پێوەری بۆچوونەکانی سۆسێرەوە بیپێوین، ئەوا دەکرێ بڵێین: خودی زمانەکە زمان دەنوێنێ و زارەکانیش چالاکیی تاکەکان. واتە ئەگەر کوردی خودی زمانەکە بنوێنێت، ئەوا هەر یەکە لە کوردیی ناوەڕاست و کرمانجی و لوڕی و هەورامی چالاکی تاکەکانی زمانەکەن، بۆ پەیوەندی زار و شێوەزارەکانیش هەمان شتن.

زارەکان لەگەڵ ئەوەی بە ژینگە و سنوور و ناوچەیەکی جوگرافی لەگەڵ یەکدی جیادەکرێنەوە بە ئەکسنت و فەرهەنگێکی زمانی جیاواز و مۆڕفۆلۆژی و سینتاکسێکی تاڕادەیەک جیاوازیش لەگەڵ یەک جیادەکرێنەوە. ئەم جیاوازییە لە چوارچێوەی سنووری دەوڵەت و یەکەی سیاسی و ئیداریدا هەمیشە زارەکان دەخاتە ناو کێشە و ململانێی بوون بە زمانی ستاندارد و فەرمی، کە لە زمانەوانیدا بە کێشە یان ململانێی زارەکان ناسراوە.

**کێشەی نێوان زارەکان:**

هاوشێوەی بەریەککەوتنی زمانەکان لە کۆمەڵگایەکی فرەزمانیدا زارەکانیش دەکەونە ململانێی ئەوەی کە کامەیان نوێنەرایەتیی زمانەکە بکات و ببێتە زمانی ستاندارد یان فەرمی لە ڕوی نووسین و خوێندنەوە و کارگێڕی و دەوڵەتداری و بازرگانی و دەستوری و.... تد.

لە هەر کۆمەڵگایەکدا کە زارەکانی لەگەڵ یەکدیدا دەکەونە ململانێوە، هەمیشە بەریەککەوتنیان دوو ئەنجامی لێ دەکەوێتەوە، بۆ نمونە لە کۆمەڵگایەکدا ئەگەر دوو زار هێزی ململانێکردنیان لە ئەوانەی دیکە مکومتر بێ:

١- یان زارەکان وەک یەک دەڕۆن و گەشەدەکەن و ناکەونە ژێر دەستەڵات و کاریگەریی یەکدیەوە، بە هۆی ئەوەی هەردووکیان دەستەڵاتێکی سیاسی، ئیداری، بازرگانی، ئەدەبی...... تد لەپشتە.

٢- یان ئەگەر هەر دوو زارەکە لە ئاستی یەکدا نەبوون و یەکێکیان لە ڕووی دەستەڵات و هێز و کاریگەری و بواری ڕۆشنبیری و ئەدەبییاتەوە بەهێزتر بوو، ئەوا دەستەڵاتدارەکە هەژمونی خۆی بەسەر ئەوەی دیکەدا دەسەپێنێت و دەیخاتە ژێر باڵی خۆیەوە، بەمەش دەستەڵاتدارەکە ڕوە و ستاندارد و فەرمیبوون هەنگاودەنێ تا دەچەسپێ و یەکلادەبێتەوە. (١٠ ل ١٨١).

لە بنەڕەتدا لە کێشەی نێوان دوو زاری زمانێکدا دوو بابەتی وەک (جیابوونەوەی زمانی) و (یەکانگیریی یان پەیوەستیی زمانی) بەرچاودەکەون و هەن (٨ ل ١١٥) چونکە لە یەک کاتدا دوو زارەکە:

١- نوێنەرایەتیی زمانەکە دەکەن و بەمەش پەیوەستییەکی زمانییان لەگەڵ یەک هەیە و دەبێت.

٢- بەڵام ئەگەر ململانێی نێوانیان بۆ درێژەدان بە ململانێیەکە سەربکێشێ و یەکیان نەکەوێتە ژێر دەستەڵاتی ئەوەی دیکەوە، ئەوا بێگومان دوورنییە جیابوونەوەی زمانی ڕووبدات و بە تێپەڕینی ڕۆژگار لە ئاییندەدا ببنە زمانی سەربەخۆ. حاڵەتی لەم جۆرە لە سنورە سیاسییە بە زۆر دەستکردەکاندا ڕوویانداوە، هەر بۆ نمونە: کاتێک وڵاتەکانی ناو سنوری یەکێتیی شۆرەویی پێشان لە دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتییەکە سەربەخۆیی خۆیان جاڕدا زارەکانیش بوونە زمانی سەربەخۆ، کە تا ئەوکات هەر بە زارێکی زمانی ڕوسی دەژمێردران.

بەم پێیە دەکرێ ململانێی نێوان زارەکان لە ڕوانگەی ناوچە و دەستەڵاتدارییەوە لێکبدرێتەوە و بپێورێت. بەپێی ئەو کەتوارەی لە مێژوی ململانێی زارەکاندا بینراوە دەرکەوتوە، کە بە دەستەڵاتداریەتیی سیاسی، فەرمانڕەوایی ئیداری و ڕۆشنبیری و ئەدەبیی ناوچەیەک زارێک بەسەر زارێکی دیکەدا زاڵبووە و زارەکەی کردۆتە زمانی فەرمی ناوچەکە. زاری پاریس بەهۆی دەستەڵاتداریەتیی حکومەتی پاریس بو توانی بەسەر هەمو زارەکانی دیکەی سنوری دەستەڵاتداریەتیی فەڕەنسا زاڵ ببێت، هەروەها زاری لەندەن بە هەمان شێوە. لە مێژووی عەڕەبەکانیشدا زمانی تیرەی قورەیش لە دوای هاتن و بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام و دواتریش دابەزینی قورئان بووە زمانی فەرمی عەڕەب و توانی بەسەر تەواوی زارەکانی دیکەی ناوچەکە زاڵ ببێت، لە هۆکاری هەرە سەرەکییەکانیش ئەوە بووە، کە زمانی قورئان بووە. (٧ ل ٨٠ – ٨٤).

لە لایەنی کاریگەریی ئەدەبی و ڕۆشنبیریشەوە نموونەی ئەوە لە مێژووی کێشەی نێوان زارکاندا هەیە، کەوا هەڵکەوتوە زارێک لە ڕووی ڕۆشنبیری و ئەدەبییەوە بەهێزتربووە توانیویەتی زارەکانی دیکەی سنوری کۆمەڵگاکە ببەزێنێ و خۆی ببێتە زمانی فەرمی ناوچەکە، بێ ئەوەی زمانی دەستەڵاتی ناوچەکەش بێ، هەروەکو ئەوەی پێش دروستبوونی دەوڵەتی تازەی ئەڵمانیا لەسەدەی شانزهەمدا بەرچاودەکەوێ، کە زاری سەکسۆنی توانی بەسەر زارەکانی دیکەی ئەڵمانیادا زاڵببێ، هەروەها زمانی تۆسکانیش بە هەمان شێوە توانی بەسەر زارەکانی دیکەی ئیتاڵیادا سەربکەوێت، بەر لە دروستبوونی دەوڵەتی تازەی ئیتاڵیا لە دوای سەدەی چواردەهەمی زایینییەوە. (١٠ ل ١٨٢).

## لە زارەوە بۆ زمانی فەرمی:

بەپێی هۆکارەکانی سەرەوە هەر کاتێک زارێک ململانێیەکەی لەگەڵ زارەکانی دیکە بە هەر هۆکارێک لە هۆکارەکان بردەوە ئیدی هەڵدەکەوێ و بە فەرمی نوێنەرایەتیی زمانە هاوبەشەکەی نێوانیان دەکات، بەمەش ئامێز و باوەشی بۆ گرنگیپێدان دەکاتەوە و ڕێزمانەکەی دەنووسرێتەوە، چونکە تاوەکو ئێستاشی لەگەڵدا بێ جیاوازیی هەرە سەرەکی نێوان زار و زمان رێزمانەکەیانە، هی زارەکان تەنیا لە ئاوەزی ئاخێوەرەکاندایە، خۆ ئەگەر نووسرابێتەوەش لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوە زمانەوانەوانییەکاندایە و بۆ پێوە پابەندبوون نییە، بەڵام هی زمان لە زارە فەرمییەکەیەوە دەنووسرێتەوە و کۆی کایەکانی کۆمەڵگا پێیەوە پابەنددەبن.

ئەو زارەی ڕێزمانی زمانەکەی لێ وەردەگیرێ و دەنووسرێتەوە دوای ئەوەی دەچێتە قالبی فەرمییەوە لە ڕوانگەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە دەبێتە شێوەی بەرز یان سەرەوەی زمانەکە و شێوەکانی دیکەش نزم. بۆ ئەم مەبەستە فێرگسۆن جیاوازیی شێوە جیاوازەکانی زمانی لە چوارچێوەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتیدا بۆ چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ زار و شێوەکانیدا، لە ژێر نۆ ناونیشاندا وردکردۆتەوە، کە بریتین لە: ئەرک، پایە، میراتی ئەدەبی، فێربوون، پێوانە، جێگیری، ڕێزمان، فەرهەنگ و فۆنۆلۆژی. (٩ ل ٥٨).

لە بۆچوون و تیۆرەکانی هابرماسەوە دەکرێ بۆ ئەوە بچین، کە چەند بنەمایەک بۆ بە فەرمیبوون هەن، وەک:

١- نەریتە دەستورییەکەی، کە خۆی لە سەکۆی پەرلەمانیدا دەبینێتەوە، ئەویش بە نووسینەوەی تەواوی بڕیار و یاساکان بە شێوە فەرمییەکە.

٢- کەلتورە فەرمییەکەی، کە سەکۆ هەرە دیارەکەی لاپەڕە و نووسراوی بوارە ڕۆشنبیرییەکانن.

٣- نەریتە دەوڵەتدارییەکەی، کە خۆی لە بەکارهێنانی لە دامودەزگا دەوڵەتییەکاندا دەبینێتەوە.

٤- نەریتە سیاسییەکەی، کە خۆی لە پەیوەندی و گفتوگۆ سیاسی و هەمەلایەنەکانی گروپ و حیزبەکان دەبینێتەوە. (٦ ل ٣٢ - ٣٣)

٥- دەکرێ میراتی ئەدەبیش بە هۆکار و ڕووکارێکی هەرە سەرەکی ئەو فەرمیبوونە دابنرێ.

ئەگەر زمانی فەرمی و ستاندار لە شوێنی یەکدیش بەکاربهێنرێن هەرچەندە جیاوازیشن، ئەوا ناکرێ هەست بەوە نەکەین کە نابێ زمانی نەتەوەیی و زمانی فەرمی تێکەڵ بە یەک بکەین، چونکە هەمو کیانێکی سیاسی یان دەوڵەت زمانێکی فەرمی بۆ ڕاییکردن و کارڕاییە دەوڵەتییەکانی خۆی و خوێندن و نوسینەوەی یاساکان و.... تد هەیە، بەڵام بە پێی ئەوەی کە هەموو نەتەوەیەک مەرج نییە سنوور و قەواری سیاسیی سەربەخۆی هەبێت، بۆیە ئەوان زمانی نەتەوەیی خۆیان هەیە، بەڵام مەرج نییە لەو سنورە جوگرافییەی تێیدا دەژین ئەگەر نیشتمانیش بێ فەرمی بێت.

هەر کاتێک زارێک ململانێیەکە دەباتەوە، ئیدی دواجار شێوازێک بۆ لایەنە فەرمییەکەی وەردەگرێ و هەڵدەکەوێ، کە هەڵکەوت ئیدی دەقدەگرێ، کە دەقی گرت،

مەرج نییە خەڵک لە کاتی ئاخاوتنی ئاسایی نێوان خۆیاندا قسەی پێبکەن، هەروەها دەچێتە قالبێکی وشک و جێگیرەوە و خۆی خۆی بەرەو پێشەوە دەبا، بە هۆی تۆمارکردنەوە کەمتر ڕووبەڕووی گۆڕان و گۆڕانکاری دەبێتەوە.

نمونەی هەرە باو کە لەم ڕوەوە لە چوارچێوەی ئەم نۆ ئەرکەدا جەختی لەسەر بکرێتەوە ئەوەیە، کە کاتێک منداڵ لە دایک دەبێ زمان لە ژینگە کۆمەڵایەتییەکەیەوە وەردەگری، زمانی ژینگە کۆمەڵایەتییەکە شێوە نزمەکەیە و دواتر لەگەڵ چوونە خوێندنگا بە شێوە بەرزەکەی زمانەکە ئاشنا دەبێ و دواجار وەریدەگرێ. خوێندن و نووسین و دامودەزگاکانی دەوڵەت لە هۆیە هەرە سەرەکییەکانی پشت بە فەرمیکردنی زارەکانن لە ململانێی زارەکاندا..

## زمانی فەرمی و زمانی ئاخاوتن:

کاتێک لە ململانێی زارەکاندا زارێک بە هەر هۆکارێک بێت بەسەر زارەکانی دیکەدا سەردەکەوێ و دەیباتەوە، مانای ئەوە نییە ئەم زارە دەتوانێ تەواوی زارەکانی دیکە لە ناوببات، چونکە هەمو زارەکان بە ڕادەیەک پەیوەستیی هەمان زمانییان لە نێواندا دەبێ و هەمویان شێوەی جیاجیای زمانەکەن، بەڵام ئەوەندە هەیە، کە ئەو زارەی زاڵ دەبێ دەبێتە زمانی فەرمی دەوڵەتەکە و نوێنەرایەتیی زمانەکە دەکا لە لایەنە جیاجیاکانی ژیانی دەوڵەتداری وەکو: نووسین، دەستور و یاساکان، خوێندن، کارگێڕی، دبلۆماتی و پەیوەندیی نێودەوڵەتی، بازرگانی، کۆڕ و کۆبونەوە فەرمییەکان، ڕاگەیاندن، چاپ و چاپەمەنی، ئەدەبییات، ڕیکلام، نوسینی سەر دراو و...... تد. لە پاڵ ئەمەشدا زارەکانی دیکە هەر یەکەی لە شوێنی جوگرافیی خۆیان لە ڕەوتی ئاسایی خۆیان وەک زمانی ئاخاوتن (دایک) بەردەوام دەبن.

لە لایەکی دیکەوە ئەو زارەی لە ململانێی زارەکاندا سەردەکەوێ و دەبێتە زمانی فەرمی، لە چوارچێوەیەکی دیارکراودا دەقدەگرێ و دەچەسپێ و بە ڕادەیەکی زۆر دەچێتە دۆخێکی نەگۆڕەوە، بەڵام بە درێژایی ڕۆژگار ئەو خەڵکانەی ئاخێوەری زارەکەن مەرج نییە بە هەمان شێوەی شێوە فەرمییەکە بدوێن، چونکە زمانە فەرمییەکە لە گۆڕان و گۆڕانکارییەوە دووردەبێ بە پێچەوانەی ئاخاوتنی خەڵکییەوە، کە هەمیشە ناتوانێ خۆی لەبەر سەمتی گۆڕان و گۆڕانکارییەکان بگرێ و دەگۆڕێ.

دوای ئەوەی زاری خەڵکی پاریس بەسەر زارەکانی دیکەدا سەرکەوت و وەکو زمانی

نووسین و خوێندن چەسپا و دەقی گرت، ئەگەر ئێستا لەگەڵ ئەو زارەی خەڵکی هەمان شار قسەی پێ دەکەن بەراورد بکەی دەبینی جیاوازییەکی زۆریان لە نێواندا هەیە و کەس بەو زارە قسەناکات وەک ئاخاوتن. هەروەک زمانی ئاخاوتنی فەرمیی خەڵکی لەندەن زۆر جیاوازە لەو شێوە فەرمییەی ئینگلیزی هەیەتی، تەنانەت جیاوازییەکە وای لێهاتوە پسپۆڕان فەرهەنگێکی تایبەت بەو جیاوازیانە دابنێن. (١٠ ل ١٨٥).

نموونەی هەرە زەقی دورکەوتنەوەی زمان لە ئاخێوەرانییەوە بەهۆی ئەو چەسپین و نەگۆڕاوییەوە ئینگلیزییە. زۆر جار سەرنجی وا لە خەڵکی پسپۆر دەبیسین کە لە ئاییندەدا ڕەنگە ئینگلیزییەکەی ئێستا ئەو ڕۆحەی تێدا نەمێنێ و زیاتر وەکو زمانێکی جیهانی بۆ پەیوەندییەکان و بازرگانی و دپلۆماسی و تەکنۆلۆجیا و زانست بمێنێتەوە و بەکاربهێنرێ.

لە بارەی ڕۆح و گیانی زمانەوە ماکس موللەر پێی وایە زمانە ئەدەبییەکان دەستکردن و ژیانی ڕاستەقینە و سروشتیی زمان لە زارەکانیدایە. (١١ ل ٤٨٩) هەر ئەمەش یەکێک لەو هۆکارانە بوو، کە وای لە بونیادگەرەکانی ئەمەریکا کرد پشت لە شێوازی کارکردنی بونیادگەریی ئەوروپی بکەن و بچنە ناو ڕۆحی زمانەکانیان و لە ڕێی سەرنجدان و تۆمارکردنەوە بگەنە ڕاستیی ڕێزمانەکەیان، ئەم کارەی ئەوان تیۆری مۆرفیم و دابەشکاری لێکەوتەوە.

## هۆیەکانی ململانێی زارەکان:

لە ململانێی زارەکاندا، سەرکەوتنی زارێک بەسەر زارێکی دیکەدا پشت بە هۆکارێک یان زیاتر دەبەسترێ، کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا خراونەتەڕو:

### یەکەم: دەستەڵات (سەربازی و سیاسی):

بەگوێرەی ئەو نمونانەی لە مێژووی ململانێی زارەکاندا بەرچاوکەوتون، زار هەبووە لە سۆنگەی دەستەڵاتی سەربازی و سیاسییەوە ململانێیەکەی بردۆتەوە و توانیویەتی بەسەر زارەکانی دیکەدا سەرکەوێ. زمانی چیکی و بولگاری و سڕبی لە سەردەمی یەکێتیی شۆرەویدا بە زارێکی زمانی ڕوسی دەژمێردران، بەڵام دواتر بوونە زمانی فەرمی لە چوارچێوەی دەوڵەتەکانیاندا دوای ئەوەی لە ژێر دەستەڵاتی یەکێتیی شۆرەوییدا هاتنەدەرەوە و سەربەخۆیی خۆیان وەرگرت.

زمانی ئیسپانیی ئێستا پێش ئەوەی ببێتە ئەو زمانە فەرمییەی ئێستا زمانی ئەو چینە سەربازییە بوو کە دژی عەرەبەکانی ئیسپانیا وەستانەوە واتە قشتالییەکان، دواتر لەگەڵ سەرکەوتنیان زمانەکەشیان لەسەر بنەمای (خەڵک لەسەر دینی ڕابەرەکانیانن) بووە زمانی فەرمی سنوری دەستەڵاتداریەتیی ئیسپانیا، کە لە بنەڕەتدا یەکێکە لە لقەکانی لاتینی.

بە هەمان شێوە زمانی ڕۆمانیش پێش ئەوەی ببێتە زمانی فەرمی وەک تێکەڵەیەک لە چەند زارێکی لاتینی پێش سەرهەڵدانی ئیمپڕاتۆریەتەکەی ڕۆما و بە هۆی ئەو سەرکەوتنانەی سوپای ڕۆمانی بەدەستیهێنان لە جەنگەکان و فراوانبوونی قەڵەمڕەویی ئیمپراتۆریەتەکە ئەو زارە بووە زمانی فەرمی دەستەڵاتداریەتیی ئیمپڕاتۆریەتەکە. (٧ ل ٨١).

**دووەم: ئایین:**

ئایین بە یەکێک لە هۆکارەکانی زاڵبوونی زارێک بەسەر زارەکانی دیکەی هەمان زماندا دادەنرێ لە ململانێی نێوان زارەکاندا. نمونەی هەرە زەق زاڵبونی زارە نەتەوەییەکانی ئەڵمانەکانە بەسەر زمانی لاتینیدا بە هۆی بزوتنەوە چاکسازییە ئاینییەکەی مارتن لۆثەر. کاتێک لۆثەر لە کلێسای کاسۆلیکی ئەڵمانیا هەڵگەڕایەوە بە مەبەستی دروستکردنی بزوتنەوەیەک، کە دواتر بە بزوتنەوەی چاکسازیی ئایینی ناسرا، یەکەم کار هەوڵیدا ئەنجامیبدا بۆ ئەوەی بزوتنەوەکەی پێ بباتە ناو خەڵکەوە وەرگێڕانی کتێبی پیرۆز (ئینجیل) بو لە زمانی لاتینییەوە بۆ سەر زمانی خەڵکی. ئیدی لەو کاتەوە خەڵک بە شێوەیەک بەو زمانەی بۆی وەرگێڕدراوە پەیوەستبوون تا گەیشتە ئەو ئاستەی ئەو زارە بە تەواوی لە ناو خەڵکدا وەک زمانی نووسین و خوێندنەوە بچەسپێ و ببێتە زمانی ئەدەبیی هەموو ئاڵمانزمانەکان. (١ ل ١٠٤).

پێشتریش ئەو زمانەی قورئانی پێ دابەزی، کە لە بنەڕەتدا زاری هۆزی قورەیشی ناوچەی مەککە بو هەر لەم ڕێگایەوە بووە ئەو زمانە فەرمی و ستانداردەی کە ئێستا زیاتر لە بیست دەوڵەتی عەرەبی وەکو زمانی فەرمی و نووسین و دەستوری و دبلۆماتی کاریپێدەکەن، چونکە دوای هاتنی ئیسلام عەرەبەکان توانیان هەمو تیرە و هۆزەکانیان لە نیوە دورگەی عەرەب کۆبکەنەوە و خۆیان ڕێکبخەن، پاشان لە ژێر ئاڵای ئیسلامدا چوونە ناو سنوری دەوڵەتێکەوە و عەرەبیی قورەیشییەکانیان بە هۆی قورئان و ئایینەکەیانەوە کردە زمانی فەرمی و ستانداردی دەوڵەتەکە. (١ ل ٨١).

لە ووردبونەوە لەم دو نمونەیەی سەرەوەدا دەکرێ سەرنجێک هەڵبهێنجرێ ئەویش ئەوەیە، کە ئەگەر زمانی ئەڵمانی لە بزوتنەوەیەکی چاکسازیی ئایینییەوە کەوتبێتەوە ئەوا زمانی قورئان لە چەند ڕوویێکەوە هاتووە:

١- عەرەبی زمانی ئایینە و ئایینیش بۆتە کۆڵەگەی لایەنی گیانیی مرۆڤی موسڵمان. زمانی بڵاوکردنەوەی ئایینەکە بووە لە ڕووی بڵاوکردنەوەی شەریعەت و شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی قورئان و زانستەکانی، هەر ئەمەش وای کردوە کە ئەو دەوڵەتانەی بە ڕەگەز عەرەبیش نین، بەڵام بە ئایین ئیسلامن وەک زمانی دوەم سەیری عەرەبی بکەن، لەناو ئەو دەوڵەتانە ئێران نمونەیەکی زەقە.

٢- لەگەڵ ئەوەی عەرەبی زمانی ئایینی ئیسلامە، ئایینی ئیسلامیش خۆی لە خۆیدا فەرمانڕەواییە ئیدی دوای دروستبوونی دەوڵەتی ئیسلامی لە مەدینەدا بە درێژایی ڕۆژگار ئەم فەرمانڕەواییە چ لە شێوە ئایینییەکەی سەردەمی پێغەمبەر و خەلافەت چ لە شێوە مۆدێرنەکەیدا وەکو دەوڵەتی نەتەوەیی، ئەو شێوە زمانە وەک زمانی فەرمی هەر بەردەوام بووە.

٣- لە دوای نەمانی دەوڵەتی ئیسلامیش ڕاستەوخۆ ئەو زمانە فەرمییە بۆتە زمانی گوزارشتکردن لە نەتەوایەتی (عروبە).

بەم پێیە زمانی عەرەبی لە یەک هۆکارەوە کە ئایین بووە چەند هۆکارێکی دیکەشی هەر لە ڕێی هۆکاری ئایینییەوە بونەتە هەوێنی زاڵبونی ئەم شێوە زارەی عەرەب وەکو زمانی فەرمی.

**سێیەم: ئەدەبییات و ڕۆشنبیری:**

لە پاڵ هۆکارەکانی دیکەوە، ئەدەب و ڕۆشنبیریش یەکێکن لە هۆکارەکانی دیکەی زاڵکردنی زارێک بەسەر زارەکانی دیکەوە، نمونەی هەرە زەق لەسەر بردنەوەی ململانێی نێوان زارەکان لە لایەن زارێکەوە بە هۆی ئەدەبییات و ڕۆشنبیرییەوە ئەو زارەیە، کە هەر یەکە لە ئەفلاتۆن و ئەرستۆ پییان نووسیوە، زارەکە بریتییە لە زاری خەڵکی ئەتیکا لە سەدەی چوارەمی پێش زاینییەوە، چونکە بۆتە زمانی فەرمی بڵاوبونەوەی فەلسەفەی یۆنانی تا سەدەی نۆیەمی زایینی، واتە بە درێژایی زیاتر لە دە سەدە زمانی فەرمی فەلسەفە و زانستەکان بووە، تەنانەت دوای بڵاوبوونەوەی ئەو زارە لە ڕێی فەلسەفەی یۆنانییەوە بۆ کەنارەکانی ئاسیای بچوک، کە ئایۆنیا پێی

گوتراوە زمانی فەرمی ئایۆنیا بووە، کە هیرۆدۆتس بەرهەمانی خۆی پێ نووسیوە. هەروەها بە هەمان شێوە زمانە تازەکەی ئیتاڵیاش لە بنەڕەتدا بریتییە لە زاری ناوچەی فلۆرەنسا یان ئەو زارەی کە هەر یەکە لە دانتی و پترارک بەرهەمەکانیان پێ نوسیوەتەوە. (٧ ل ٨٢)

بەگوێرەی ئەمە لە زاڵبوونی ئەم زارانەدا ئەدەب و هونەر و فەلسەفە و زانست هۆکاری سەرەکین.

**چوارەم: ڕووکاری کۆمەڵایەتی و چینایەتیی زاری زاڵ:**

یەکێک لە هۆکارەکانی دیکە زاڵ بوونی زارێک بەسەر زارەکانی دیکە لە ڕووکارە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکانی خودی زارەکەوە سەرچاوەدەگرێ، واتە ئاستی پلەی کۆمەڵایەتی چینێکی کۆمەڵگا بۆتە هۆکاری زاڵ بوونی زارەکە. بۆ نمونە: زمانی ئینگلیزی بریتییە لە زاری (مایدلاندز) کە تێکەڵەیەکە لە ئەنگلۆ سەکسۆنی کۆن و نۆرمان و فراوانبوونی بە چەندەها وشەی وەرگیراو لە زمانی گریکی و ڕۆمانی و لاتینی. ئەم زارە بۆتە زمانی شاری لەندەن و کۆمەڵگای باڵای لەندەن لە ڕووی ئاستی کۆمەڵایەتییەوە. هەروەک زمانی ڕوسیی ئێستا بریتییە لە زاری کۆمەڵگای مۆسکۆ و هۆکاری ئەمەش وەک لە سەرچاوەکانەوە باسکراوە بۆ (لیمۆنۆسۆف) ی شاعیر دەگەڕێتەوە، کە بەرهەمەکانی خۆی بەو زارە نووسیوە و دواتر زۆربەی شاعیرەکان و خەڵکی کۆمەڵگای مۆسکۆ وەریانگرتوە و پەیڕەویانکردوە تا بۆتە زمانی فەرمیی دەوڵەتەکە. (٧ ل ٨٣).وێڕای هەموو ئەمانەی سەرەوە، هۆکارەکانی زاڵ بوونی زارێک بەسەر زارەکانی دیکە لە کێشە و ململانێی نێوان زارەکاندا دەکرێ لە یەک هۆکارەوە بێ یان لە چەند هۆکارێکەوە، سروشتی ململانێیەکە و کۆمەڵگاکە دەزانێ، بۆیە هەر کۆمەڵگایەک سروشتێکی دیارکراو بە ململانێی نێوان زارەکانی دەدا، لە سروشتی ململانێیەکەشەوە هۆکارەکان دەردەکەون.

**هەڵکەوتنی زارێك لە نێوان زارەکاندا:**

هەرچەندە چەمکی ململانێی زارەکان لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا هەیە و سەرچاوەکان هۆ و ڕوکارەکانی ململانێیەکەیان باسکردوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک جار لە نێوان زارەکانی زمانێکدا ئەو ململانێیە نابینرێ و زارێک لە نێوان

زارەکانی دیکەدا هەڵدەکەوێ. هەڵکەوتنی زارەکە چەند هۆکارێکی لە پشت دەبێ و بوار و دەرفەتی گونجاو و لە باری بە درێژایی ڕۆژگار بۆ هەڵدەکەوێ لەگەڵ بوار و دەرفەتەکەدا ئەویش هەڵدەکەوێ و بەرگێکی فەرمی و ستاندارد دەپۆشێ.

ئەوەی لە نێوان زارەکانی زمانی کوردیدا لە ڕابـردودا هەبووە زیاتر لەگەڵ چەمکی هەڵکەوتندا دێتەوە و لەگەڵ چەمکی ململانێدا تێکدەگیرێ، بەڵام ئەوەی ئێستا لە باشوردا بە مەنهەجەکانی خوێندن و دامودەزگاکانی میریدا دەبینرێت خەریکە سەمتی بابەتەکە سەر بە جوغزی ململانێدا دەکا.بۆ ئەم مەبەستەی سەرەوە چەند ڕووکارێکمان لە بارەی هەڵکەوتنی زارەکاندا بە پێوەری ڕابردوو و ئێستای زارە کوردییەکاندا خستۆتەڕوو، کە بریتین لە:

**یەکەم: لە سەردەمی دەستەڵاتی میرنشینە کوردییەکان و ئەدەبییاتەوە:**

دوای چاڵدیران و دابەشبوونی کوردستان لە نێوان ئیمپراتۆریەتی سەفەوی و عوسمانی، کوردستان کەوتە چوارچێوەی دەستەڵاتداریەتی میرنشینەکانەوە. لە ژێر دەستەڵاتی هەر میرنشینێکدا زارێک بە تایبەتی زاری ئەو ناوچەیەی میرنشینەکەی تێدا دەستەڵاتدار بووە هاتۆتە پێشەوە.

لە سەدەی شانزەهەمدا و لە سەردەمی میرنشینی بۆتاندا کرمانجی لەگەڵ ئەو میرنشینە بۆتە زمانی نووسین و ئەدەب و شاعیرانی ئەو سەردەمە وەکو مەلای جەزیری و ئەحمەدی خانی و فەقێیێ تەیران بەرهەمەکانی خۆیان بەو زارە نوسیوەتەوە و تەنانەت بوونەتە بنەمای داڕشتنی ئەدەبیاتی کلاسیکیی کوردی بەو زارە. (٣ ل ٣٤).

ئەوەی لێرە تێبینی دەکرێ ئەوەیە، ئەم زارە ئەگەرچی لە ڕووی ئەوەی وەک زمانی نووسین و ئەدەبییات لەگەڵ دەستەڵاتی میرنشینەکەدا هاوتەریب ڕۆیشتووە، بەڵام لەگەڵ کەوتن و شکستهێنانی میرنشینەکە نەیتوانیوە زیاتر بڕبکا و لەسەر هەمان ڕێچکە بەردەوامبێ و ڕێڕەوی مێژویی خۆی ببڕێ، ئیدی ئەویش دوای چارەنووسی میرنشینەکە پوکاوەتەوە.

دوای جەنگی یەکەمی جیهانیی جارێکی دیکە کرمانجی، بەڵام ئەم جارە لە ڕۆژئاوای کوردستان بە شێوەیەکی پچڕپچڕ هاتۆتەوە ناوەوە و هەوڵدراوە ڕۆژنامە و گۆڤاری پێ دەربکرێ، بەڵام ئەمەش لەبەر ئەوەی بە هۆی ژینگە و بارودۆخی تایبەتی ئەم بەشەی کوردستان نەتوانراوە زۆر بڕبکا و زوو پوکاوەتەوە.

دوای دروستبوونی دەوڵەتی تازەی تورکیا لە سەر دەستی ئەتاتورک و بە هۆی بادانەوە بە لای ڕۆژئاوا و قەدەغەکردنی ئەلفوبێی عەرەبی لە تورکیا و دواتریش زمانی کوردی بە گشتی، ئیدی ئەو زارە تەنیا لە چوارچێوەی ئاخاوتندا ماوەتەوە و لەوە زیاتر لە ناو جەرگەی کوردستاندا نەتوانراوە بچێتە سەر ڕووپەڕی ڕۆژنامە و گۆڤار و دوتوێی کتێبەکان، بۆیە لەبەر ئەوە زارەکە نەیتوانیوە قۆناغە مێژووییەکانی خۆی بە تەواوی ببڕێ و بمێنێتەوە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشدا لەگەڵ سەرهەڵدانی میرنشینی ئەردەڵان لە سنە بوار بۆ زاری گۆرانی (هەورامی) خولقاوە کە بتوانێ هەڵکەوێ، لوتکەی گەشەکردنی زارەکە لە بواری گۆرانی و ئەدەبییاتی خودی زارەکەدا دەردەکەوێ هەروەک لە شیعرەکانی خانای قوبادی و بێسارانی و مەولەوی و شاعیرەکانی دیکەدا دەبینرێ، بەڵام دیسان بە هۆی ئەو بارودۆخە تایبەتییەی ناوچەکە لە دوای کەوتنی میرنشینی ئەردەڵانەوە تێیکەوتوە، زارەکە نەیتوانیوە زیاتر بڕبکا و لە هەورامان و لە چوارچێوەی گۆرانی و ئاخاوتنی خەڵکیدا قەتیسبووە. (٣ ل ٣٥).

لە دوای دەرکەوتنی میرنشینی بابان و بە تایبەتی دوای گواستنەوە پایتەختی میرنشینەکە بۆ سلێمانی و دەرکەوتنی شار وەک سیمایەکی تازەی میرنشینەکە، ئەو زارەی پێیدەگوترێ کوردیی ناوەڕاست لە شارەکەدا جێی بە زارەکانی دیکە لەقکردوە و وردە وردە بۆتە زمانی فەرمیی میرنشینەکە.

فەزڵی هەرە گەورە و سەرەکی لە پشت کوردیی ناوەڕاستەوە، کە تا ئیستاش کاریگەرییەکەی بەردەوامە، دەرکەوتنی سێکوچکەکەی بابان (نالی، سالم، کوردی) ە، چونکە بەردی بناغەی ئەدەبییاتی کلاسیکیی کوردییان بەو زارە دانا. ئاقیەکەی مەولاناش کە هەر بەو زارە نووسراوە وەکو یەکەمین هەنگاو بۆ جێبەجێکردنی داخوازییە گیانی و کولتورییەکانی کۆمەڵگای بە زمانی خۆی، تەکانێکی دیکەی بە زارەکە داوە لە بڕینی قۆناغە مێژووییەکانیدا. کاریگەریی حوجرە و مزگەوتەکانیش هۆکارێکی دیکەی بەردەوامبوونی ئەو زارەن وەک ڕووکاری خوێندن لە کۆندا.

بەم پێیە کوردیی ناوەڕاست میراتێکی دوو سەد ساڵەی ئەدەبییاتی لە مێژووی کورددا پێ نوسراوەتەوە، هەر لە کلاسیکەوە بگرە تا دەگاتە ڕۆمانسیزم و هەوڵەکانی نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیەوە و دواتریش ڕێبازی ڕیالیزم و ئەدەبییاتی ڕوانگە و گروپ و دەستەکانی دیکە و... تد.

لەگەڵ تێپەڕینی ڕۆژگاردا کوردیی ناوەڕاست وردە وردە فۆڕمێکی مکومی بە شێوە نووسینە فەرمییەکەی بەخشیوە و قۆناغەکانی ستانداردبوون و فەرمیبوونی پێ بڕیون.

سیما جیاکەرەوەکانی کوردیی ناوەڕاست لەگەڵ زارەکانی دیکەی لەوەدایە، کە زارەکانی دیکە لەگەڵ کەوتنی میرنشینەکە یان بە واتایەکی دیکە دەستەڵاتە سیاسی و سەربازییەکە خۆشیان کەوتون و پوکاونەتەوە و زیاتر بڕیان نەکردووە، بەڵام بە پێچەوانەوە کوردیی ناوەڕاست دوای ڕوخان و کەوتنی میرنشینی بابانیش وێڕای ئەوەی هەر بەردەوام بووە گەشەی کردووە و مکوتر بووە.

لەگەڵ ئەوەی ئەگەرچی هەر یەکە لە کوردیی ناوەڕاست و کرمانجی و گۆرانی بە هۆی دەستەڵاتی سیاسی و میرنشینییەوە بونەتە زمانی فەرمی، بەڵام لەپاڵ ئەوەشدا هۆکاری دیکەشیان لە پشت بووە وەک ئەدەبییات و ڕۆشنبیری، کوردیی ناوەڕاست وێڕای ئەوەی هەر یەکە لە میرنشینی بابان و سۆرانی لە پشت بووە، هەروەها بۆتە زمانی نووسین و ئەدەبیات و زانست و زانیاری و چۆتە ناو بەرنامەکانی خوێندنیشەوە، لە سەردەمی خۆشیدا لە پاڵ عەرەبی لە حوجرەکاندا زمانی خوێندن بووە.

**دووەم: لە سەردەمی هاوچەرخدا:**

دوای جەنگی یەکەمی جیانیی کوردستان کەوتە دۆخێکی تازەوە، چونکە لە ١٩٢١دا دەوڵەتی عێراق لە لێکدانی هەر دو ویلایەتی بەسرە و بەغدا پێکهێنرا و بەپێی بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەکەی قاهیرە ویلایەتی موسڵ، کە دەیکردە خاکووی کوردستان، بە بارێکی ناوەخۆییدا تێدەپەڕی تا دواتر بە چەند مەرجێکەوە بە بڕیاری لیژنەکەی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ١٩٢٥دا ئەویش بە دەوڵەتی عێراقی تازە دروستکراوی ئەوکاتەوە لکێنرا. پێش لکاندنی شۆڕشەکانی شێخ مەحمود لە چەخماخەیاندا تا دواتر لە قالبێکی دیارکراودا دان بە دەستەڵاتی شێخ مەحموددا دانرا، ئەمە دەرتانێک بو و هەڵکەوت تا کوردیی ناوەڕاست، کە لە دوای میرنشینی سۆرانەوە هەر زمانی فەرمی نوسین و ئەدەبییات بوو بووەوە بە زمانی فەرمیی حکومڕانییەکەی شێخ، دواتریش بووە زمانی دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەم، تەنانەت دەستەڵاتداریەتیی بەریتانییش، کە لەو ناوچانەدا حوکمیان کردوە، ڕۆژنامە و گۆڤاریان هەر بەو زارە دەرکردوە، لە سەرووی هەمووشیانەوە (مێجەرسۆن) نوێنەری دەستەڵاتی بەریتانیا لە ناوچەکەدا.

دوای جەنگی دوەمی جیهانیی  و لەگەڵ دروستبوونی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، دیسان کوردیی ناوەڕاست وەکو زمانی فەرمیی دەستەڵاتداریەتیی کۆماری کوردستان مامەڵەی لەگەڵدا کراوە و لە تەواوی سنوری کۆمارەکەدا بۆتە زمانی فەرمیی ئیدارەدانی کۆمارەکە، ویڕای دەرکردنی چەندەها گۆڤار و ڕۆژنامەش، کە تا ئێستاشی لەگەڵدابێ لەم بەشەی کوردستاندا هەر بەو زارە دەنووسرێ و دەخوێنرێتەوە.

دوای ئەوەی لە سەرەتای شەستەکاندا شۆڕشی کوردی لە وجودی ئەوەی کورد بە شۆڕشی چواردەی تەممووزدا ناوی بردوە هەڵگیرا، ئەم زارە بۆتە زمانی فەرمیی شۆڕش و تەواوی بڵاوکراوەکانی شۆڕش هەر بەو زارە بڵاوکراونەتەوە، تەنانەت خوێندن و خوێندەواریش لەو ناوچانەی کە ئازادکراوبوون هەر بەو زارە بووە و بەڕێوەچووە. دوای نسکۆی شۆڕشی ١٩٦١ و تێهەڵچوونەوەی کورد بە شۆڕشی نوێ هەمدیس کوردیی ناوەڕاست زیاتر گەشەی کردوە و بۆتە زمانی فەرمیی شۆڕش و بڵاوکراوە و چاپەمەنییەکانی.

لە دوای ڕاپەڕینیشەوە تا سەرەتای دواهەزارەکان دیسان هەر ئەو زارە زمانی فەرمی ئیدارەدانی دامودەزگا حکومییەکان بووە و تەواوی بەرنامەکانی حکومەت هەر بەو زارە نوسراونەتەوە.

**سێیەم: لە ڕووی دانپێدانانی دەوڵەتی عێراق و سەرکردایەتیی کوردەوە:**

دوای لکاندنی خواروی کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بە دەوڵەتی عێراقەوە لە ١٩٢٥ بە پێی بڕیارێکی کۆمەڵەی نەتەوەکان، دەبو حکومەتی عێراق لە بەرانبەر ئەو پێوەلکاندنەدا دان بە مافە ڕۆشنبیرییەکانی کورددا بنێ. لە دوای سییەکانی سەدەی ڕابردووەوە کاتێک خوێندن بە زمانی کوردی کرایەوە، کوردیی ناوەڕاست کرایە زمانی خوێندن لە ناوچەکانی  پارێزگای هەولێر و سلێمانی.، ئیدی لەو کاتەوە بۆتە زمانی فەرمی خوێندن لە کوردستاندا. ئەمە ویڕای ئەوەی، کە هەر ئەو زارە زمانحاڵی حیزبە کوردییەکان بووە لە سەردەمی خۆیدا لە دەرکرنی گۆڤار و ڕۆژنامە و چاپەمەنی و بڵاوکراوەکانیان.

دوای ڕێککەوتنی  سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلول و حکومەتی عێراق لە ١٩٧٠ و ڕاگەیاندنی بەیاننامەی ١١ ی ئازار دەبوو بەپێی ڕێککەوتنی نێوانیان خوێندن لە

پارێزگای دهۆکیش بکرێتە کوردی، ئەوە بوو هەندێک لە خەڵکی ناوچەکە و حکومەتی عێراقیش لەگەڵ ئەوەدا بوونە کە کرمانجییەکەی سنوری دهۆک بکرێتە زمانی فەرمی ناوچەکە، بەڵام سەرکردایەتیی شۆڕش ڕێیان بەوە نەداوە و لەسەر ئەوە کۆکبوونە، کە کوردیی ناوەڕاست بکرێتە زمانی خوێندن و نووسین لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا، بەڵام دوای شکستی شۆڕش جارێکی دیکە عەرەبی بۆتەوە بە زمانی خوێندن و نوسین لە سنوری پارێزگای دهۆکدا، وەک دەگوترێ کە خەڵکی دهۆک خۆیان داوای ئەم گۆڕانکارییەیان کردوە و ئیمزاشیان بۆ کۆکردۆتەوە. (٣ ل ٣٩ - ٤٧)

ئەمە ئەوە دەردەخا کە کوردیی ناوەڕاست بە درێژایی نزیکەی ٢٠٠ ساڵی ڕابردوو بە بەردەوامی زمانی دەستەڵاتداریەتی و ئەدەبییات و نووسین و خوێندن بووە، ئەمەش یەکێکە لە بنەماکانی هەڵکەوتن و زاڵبوونی زار لە نێوان زارەکانی دیکەی زمانێکدا.

**چوارەم: لە ڕووی تایپۆلۆژییەوە:**

لە ڕووی جۆری زمانەکانەوە (Typology) ناتوانرێ زمانی کوردی بخرێتە ژێر کام جۆری زمانەوە ئەگەر لە بنزار و شێوەزارکانیەوە تێی بڕوانرێ، چونکە لە نێوان کوردیی ناوەڕاست بە شێوە فەرمییەکەی و کرمانجیدا جیاوازیی زۆر بەدی دەکرێ، تەنانەت لە ڕووی ڕێزمانیشەوە. ئەگەر لە ڕوی جۆرەوە کرمانجییەکە لێکبدەیتەوە ئەوا زمانی کوردی بەر جۆری زمانە ئەرکییەکان دەکەوێ، چونکە ئەم جۆرە زمانانە کەیسی ڕێزمانیان تێدا زۆر بڵاو و باوە، کوردیی کرمانجیش بە تەواوی ئەو سیفەتەی پاراستوە و تیایدا ماوە، بە تایبەتی لە ڕووی دۆخی ڕەگەز و تەنانەت ئێرگەتیڤیشەوە. بەپێچەوانەوە ئەگەر لە زمانی کوردیی لە ڕوانگەی کوردیی ناوەڕاستەوە وەربگرین بە تایبەتی شێوە فەرمی و باوەکەی ئێستای ئەوا زیاتر دەچێتە خانەی زمانە تێکچڕژاوەکان (Polysynthetic) ەوە، چونکە یەکێک لەو تایبەتمەندیانەی ئەو زارە بەو شێوە فەرمیی و باوەکە هەیەتی ئەوەیە کە کەیسە ڕێزمانییەکانی تێدا کاڵبۆتەوە تا ڕادەی بەجێهێشتن، بەمەش دەردەکەوێ کە شێوە باوەکەی کوردیی ناوەڕاست لە نووسیندا ڕەوتێکی مێژویی بڕیوە و لە ڕووی تایپۆلۆژییەوە قۆناغەکانی گۆڕانی زمانی بڕیوە و تا گەیشتۆتە سەر ئەم شێوە دەقگرتوەی ئێستای.

بەم پێیە دەکرێ بگوترێ گیرەکەکانی دۆخ لە زارەکانی کوردی دیار و چالاکن، بەڵام بەپێچەوانەوە لە شێوە باوەکەیدا ئەم فۆرمانە نابینرێن، ئەمەش دوو شتمان پێدەڵێ:

١- سەمتی زمانەکە هەمیشە بەرەو ئاقاری سادەیی و ئاسانبون ڕۆیشتوە.
٢- ئەگەر زمانی کوردی لە ڕوانگەی ئەو شێوە نوسینە فەرمییەی پێی دەگوترێ کوردیی ناوەڕاست لێی نەکۆلرێتەوە بە زمانێکی شیوەزاری دەردەچێ، لێکۆڵینەوەش لە کوردی لە ژێر ڕۆشنایی زار و شێوەزارەکانیدا زمانەکە دەخاتە چوارچێوەی زمانە ئەرکییەکان (٢ ل ١٣٠ - ١٣١) بەمەش دەردەکەوێ کە ئەم دەستبەردابونەی کوردیی ناوەڕاست لە ماوەی ئەم دو سەد ساڵەی ڕابردو لەم فۆڕمانە ئەوەی سەلماندوە، کە قۆناغەکانی بە فەرمیبون و ستانداردبونی هەنگاو بە هەنگاو بڕیوە.

**پێنجەم: لە ڕوی ئەلفباوە:**

ئەوەی لە مێژووی نووسینی کوردی بە میرات ماوەتەوە، کە بەو ئەلفبایە نووسراوە کە عەرەب پێیان نووسیوە. بێگومان تا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی ئێستای قۆناغێکی زۆری بڕیوە و قۆناغ بە قۆناغی دەستکاری کراوە تا تەواو گونجێنراوە، وای لێهاتووە چۆن دەنوسرێ و دەگوترێ هەر واش بخوێنرێتەوە. ئەمەش سیما و جیاکەرەوەیەکی دیکەی ئەو زارەیە لە بڕینی قۆناغە مێژوییەکانیدا.

هەمو زارەکانی زمانی کوردی ئەم ئەلفبایەیان بەکارهێناوە، تەنانەت دووبەیتییەکانی باباتاهیریش هەر بەو ئەلفبایە نووسراوەنەتەوە، کە یەکەمین دەقن لە مێژوی ئەدەبییاتی کوردیدا کەوتبێتنە دەست و مێژوی تۆماری کردبن. بە هەمان شێوە بەرهەمەکانی جەزیری و خانی و دواتریش سێکوچکەکەی بابان و تا ئێستا هەر بەو ئەلفبایە هاتوون و نووسراون و تۆمارکراون.بە درێژایی مێژووی نووسین لە کوردیدا لە دووبەیتییەکانی باباتاهیرەوە تا ئێستا زیاتر دوو ئەلفبا بەکارهاتون، ئەلفبای عەرەبی و لاتینی.لە کۆتایی بیستەکان و سەرەتای سییەکانی سەدەی ڕابردوەوە بزوێنەکانی کوردی لە جیاتی سەر و بۆر و ژێری عەرەبی وێنە و هێمای تایبەتیان بۆ دانرا، ئەمەش خۆی لە خۆیدا تایبەتمەندیی زمان و ڕێنووسی کوردی و سیستەمی پێشکەوتنی زمانی ئەدەبی یەکگرتوی کوردی دەردەخا، بەمەش ئەلفبایەکە چۆتە ئەو ئاستەی چۆن گۆدەکرێ بنوسرێ، چۆن دەنوسرێ هەر واش بخوێنرێتەوە. (٣ ل ٧٣ - ٧٤)

لە ڕووی مێژوی سەرهەڵدان و بڵاوبونەوەی ئەم دو ئەلفبایەوە جیاوازییەکی زۆر هەیە. ئەلفبای عەرەبی لە دوای بڵاوبونەوەی ئایینی ئیسلام لە ناوچەکە پەیدابووە و بەدرێژایی ئەم ماوەیەش کورد بە هەمو زارەکانییەوە هەر بەو ئەلفبایە نوسیویەتی،

ئەلفبای لاتینیش لە گەڵ دروستبوونی دەوڵەتی تورکیای تازە لە سەردەستی کەمال ئەتاتورکەوە لە ١٩٢٣ هاتۆتە کایەوە، هەر بەو هۆیەشەوە باکوری کوردستان کەوتۆتە بەکارهێنانی ئەم ئەلفبایەوە. بەکارهێنانی ئەم ئەلفبایە لە تورکیا مەبەستێکی سیاسی لە پشتەوە بو، چونکە ئەتاتورک دەیویست لە ڕێی بەکارهێنانی ئەم ئەلفبایەوە سیما ئیسلامییەکانی خەلافەتی ئیسلامی لە دەموچاوی کۆمەڵگای تورکی بکاتەوە، ئیدی گۆڕینی ئەلفبا وەک ڕوکارێک لە ڕوکارەکانی سیاسەتی بەجێهێشتنی ڕۆژهەڵات و بادانەوە بە لای ڕۆژئاوا یان سیاسەتی بەڕۆژئاواییبون پەیڕەوکراوە.

یەکەم هەوڵی نوسینی کوردی بەم ئەلفبا لاتینییە لە کوردستان بۆ دەرکردنی گۆڤاری هاوار دەگەڕێتەوە لە سەرەتای سییەکان بۆ سەرەتای چلەکانی سەدەی ڕابردو لە لایەن جەلادەت بەدرخانەوە لە سوریا.

جیاوازیی ئەم دوو ئەلفبایە بۆ چەند خاڵێک دەگەڕێتەوە:

– ئەلفبای عەرەبی ئەگەرچی کێشە و کەموکورتی تێدایە بۆ زمانی کوردی و نووسینی کوردی، بەڵام تا ئەوپەڕی توانا گونجێنراوە، لە ماوەی ئەو قۆناغە مێژوویانەی بڕیوەتی دەستکاریکراوە، پاشخانێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی زۆری پێ بەجێماوە بە شێوەیەک کە تەواوی ئەدەبیاتی کوردی بە نووسین و خوێندن لە ماوەی زیاتر لە ٤٠٠ ساڵی پێ نووسراوەتەوە.

– ئەلفبای لاتینی بە ڕادەیەک ئەلفبای عەرەبی بەرهەمی کوردی پێ نەنووسراوەتەوە و بەکارنەهێنراوە ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە ئەو ئەلفبایەی لە باکوری کوردستان بەکاردەهێنرێ لە تورکییەوە وەرگیراوە و لە بنەڕەتدا بۆ فۆنەتیکی تورکی خواستراوە و دانراوە، بە بەڵگەی ئەوەی ئێستا لە زمانی کوردیدا چەند دەنگێک هەن ئەمڕۆ لە کرمانجیدا بەهۆی بەکارهێنانی لاتینی تورکی شێوێنراون بە بیانووی ئەوەی کە گوایە عەرەبین وەکو (ح، ع) وەک خۆیان دەرنابڕدرێن و نانووسرێن. (٣ ل ٨٣).

## بۆچی کوردیی ناوەڕاست زاڵە؟

بەپێی ئەو سەرنجانەی لەم نوسینەدا خستومانەتەڕوو، دەکرێ بگوترێ کوردیی ناوەڕاست لەبەر ئەم خاڵانەی خوارەوە لە ناو زارەکانی دیکەی زمانی کوردیدا هەڵکەوتوە:

١– ئەم زارە هەرچەندە وەکو زارەکانی دیکەی زمانی کوردی بۆتە زمانی دەستەڵات

و ئەدەبییات، بەڵام وەکو ئەوان لەگەڵ نەمان و کەوتنی دەسەتەڵاتداریەتییەکە نەکەوتوە، بەڵکو هەر بەردەوامبووە و ماوەتەوە، بەمەش بە ڕەوتی مێژویی گەشەکردنی خۆیدا چووە.

٢- ئەم زارە لەگەڵ ئەوەی زمانی دەستەڵات و ئەدەبییات بووە، بۆتە زمانی خوێندن و نوسینی فەرمی و کارگێڕی و فەرمانڕەوایی لە سەردەمی جیاجیای وەکو میرنشینیی بابان، سۆران، دواتریش حکومەتی شێخ محەمود و کۆماری کوردستان لە مەهاباد، ئینجا بۆتە زمانی شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێ و دواتریش حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دوای دامەزراندنییەوە لە ١٩٩٢، لە دەستوری عێراقی دوای ٢٠٠٣ هەر ئەو زارە نوێنەرایەتیی زمانی کوردیی کردوە لە دەزگا فیدراڵییەکاندا.

٣- ئەو زارە کە بۆتە ستانداردێکی کوردی شێوەیەکی فەرمی وەرگرتوە و لە ئاخێوەرانی دوورکەوتۆتەوە، لە جوغزێکی فەرمیدا نەبێ خەڵک بەو شێوە نووسینە قسەناکا کە پێی دەنوسرێ، ئەمەش بڕینی قۆناغێکی دیکەی بە ستانداردبون و فەرمیبوونە.

٤- نەمان و کاڵبونەوەی نیشانەکانی دۆخ لەو شێوە نوسینە فەرمییە، نیشانەی ئەوەیە کە قۆناغە مێژووییەکانی خۆی بڕیوە، نووسین و خوێندن بەم شێوە خوێندن و نووسین ئاسانتردەکا و قورسایی ناخاتە سەر خوێندکاران.

٥- تەنانەت حیزبەکانی باکوری کوردستانیش لە دوای ١٩٩١ ەوە ڕۆژنامە و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و چاپەمەنییەکانیان بەو شێوە نوسینەی باشوری کوردستان دەرکردوە و بڵاوکردۆتەوە.

## تەنیا بڕیارێکی سیاسی گەرەکە:

لەو سەردەمەی ئێستادا گرانە زارێک ئەگەر تایبەتمەندییەکانی تێدا نەبێ بە بڕیارێکی سیاسی بیکاتە فەرمی و ستاندارد، چونکە:

١- ستانداردکردن و بە فەرمیکردنی زارێک لەسەر ژمارەی دانیشتوان و ئاخێوەرانی نەوەستاوە.

٢- بەڵکو پەیوەندیی بەو بارودۆخەوە هەیە، کە بۆی هەڵدەکەوێ و تیایدا گەشەدەکا و ڕەوت و قۆناغە مێژووییەکانی خۆی دەبڕێ.

٣- پەیوەندی بەو میراتە فۆلکلۆری و ڕۆشنبیری و ئەدەبییەوە هەیە، کە بە درێژایی ئەو قۆناغە مێژوویانەوە بەجێیدەهێڵێ.

٤- پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بەو هۆکارانەوە هەیە کە زەمینەی بۆ ڕێکدەخەن، وەک هۆکاری: ئایینی، ئابوری، بازرگانی، سیاسی، ڕۆشنبیری و..... تد. (٥ ل ٢١٢).

زارێک کە هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی تێدابن و بە گەشەکردنکی ئاساییدا ڕۆیشتبێ، ئەوجا ئاساییە بە بڕیارێکی سیاسی و کارگێڕی بکرێتە ستاندارد و زمانی فەرمیی وڵات و کارگێڕیی دامودەزگاکانی دەوڵەت، ئەمەش بە چەمکی هەڵکەوتن پاساودەدرێ، پێچەوانەی ئەمە سەپاندنە. هەر بۆیە کارکردن بە دو زاری جیاوازیی زمانێک بە خوێندن و چاپەمەنی و هۆیەکانی دیکە دەبێتە هۆی جیابونەوە و لێکدابڕانی دوو زارەکە و دواتریش لێکدابڕانی میللەتەکە، ئەم دیاردە لە زوەوە لە لایەن فەڕەنسی و عەڕەبەکاندا ڕەتکراوەتەوە و وازیان لە بەکارهێنانی زمانی ناوچەیی یان زارەکان هێناوە و بە مەبەستی یەکانگیری زمانی پەنایان بۆ بەکارهێنانی زمانی ئەدەبی بردوە. (٤ ل ٧٣).

**بە کورتی:**

لە زەمینەی جێبەجێکردنی یاسای زمانە فەرمییەکان و ئەوەی لە دەستوری عێراقدا نوسراوە لە بارەی کوردییەوە، بە لەبەرچاوگرتنی واقیعی ئێستای هەرێمی کوردستان، لە ئاییندەدا، کێشەی نوێنەرایەتیکردنی زمانی کوردیی لە نێوان ئەوە شێوەیەی ئێستا لە سنووری سۆران و بادینان پێی دەخوێنرێ و دەنوسرێ و لە دەزگا فەرمییەکانی دەوڵەتدا بەکاردەهێنرێ، بێ لەبەر چاوگرتنی ئەوەی ئەو ڕەوتە مێژووییەی کوردیی ناوەڕاست بە درێژایی زیاتر لە ٢٠٠ ساڵ بڕیویەتی، ئەوەی بڕیوەتەوە کە نوێنەرایەتیی کردەیی کوردی دەکا، گرفتی جوت – ستانداردی و فەرمی دەهێنێتە پێشەوە.

ئەمە کێشەیەک دەنێتەوە و دوو زارەکە وەک هەمو کایەکانی دیکەی کۆمەڵگا دەخرێنە جوغزی ململانێیەکی ناتەندروستەوە. ئەم ململانێیە سەرنجی زۆری لێ دەکەونەوە، کە بەدرێژایی بەردەوامبوونی لە ئاییندەدا کاریگەرییە خراپەکانی لە بازنەی (جیابونەوەی زمانی) و (یەکانگیریی زمانی) دا دەبینین.

**سەرچاوەکان:**

تێبینی: لە ناوەوە ئەو سەرچاوانەی زانیارییەکانیان لێ وەرگیراوە بەو ژمارانە تۆمارکراون، کە لە ڕیزبەندی سەرچاوەکاندا هەیانە.

**کوردییەکان:**

١- حوسێن محەمەد عەزیز (١٩٩٩) سەلیقەی زمانەوانیی و گرفتەکانی زمانی کوردی، بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی هەواڵ، سلێمانی.
٢- حەیدەر حاجی خدر (٢٠١٠) تایبەتمەندییە مۆرفۆلۆژییەکانی زمانی کوردی لە ڕوانگەی پۆلێنی پۆرفۆلۆژیانەی زمانەکانەوە، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکی سەلاحەدین – هەولێر.
٣- ڕەفیق سابیر (٢٠٠٨) بە ستانداردکردنی زمانی کوردی و ئەلف و بێی کوردی، بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی.
٤- ڕەفیق شوانی (٢٠٠١) چەند بابەتێکی ڕێزمان و زمانی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
٥- ڕەفیق شوانی (٢٠٠٩) زمانەوانی – کۆمەڵە وتارێک، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.
٦- غازی عەلی خورشید (٢٠١١) زمانی فەرمی بۆ کوردستان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی.

**عەرەبییەکان:**

٧- انيس فريحه (١٩٨٩) اللهجات و اسلوب دراستها، دار الجيل، الطبعة الاولى، بيروت، لبنان.
٨- حاتم صالح الضامن (١٩٨٩) علم اللغة، منشورات جامعة بغداد.
٩- رالف فاسولد (٢٠٠٠) علم اللغة الاجتماعي للمجتمع، ترجمة: ابراهيم بن صالح بن محمد الفلاي، منشورات جامعة الملك سعود.
١٠- علي عبدالواحد وافى (.....) علم اللغه، الطبعه التاسعة، دار نهضة مصر للطبع و النشر، القاهرة.
١١- ن. ي. كولنج (٢٠٠٠) الموسوعة اللغوية، المجلد الثاني، ترجمة: محي الدين حميدي / عبدالله الحميدان، منشورات جامعة الملك سعود.

# شەمسەدینی شارەزووری

## «زمان»بە هێم وبناخەی فەلسەفە دەزانێ

ئەیوب گارزانی

شەمسەدین محەممەد شارەزووری*، یەکە زانەڤان (فیلسووف)ی سەدەی حەوتی کۆچی، کەسێک کە مێژوونووسانی فەلسەفەی (بەعارەوی نووسراو) یش، ئاورێکی بەخێریان لێی نەداوەتەوە و زۆربەی زانەڤانانی پاش خۆی (میرداماد و مەلاسەدرا نەبێ) هەرناویشیان نەهێناوە.
شەمسی شارەزووری، زانەڤانێکی سەربە فەلسەفەی ڕووناکاییە، کە جیا لەوەی نەیهشت پاش ڕاخوشینی «شەهاب»ی ژیانی کورتی «سوهرەوەردی»، ڕووناکایی چرای ژیرایەتی و بیروەرزی بکوژێتەوە، کە مامۆستا ی شەهیدی، سوهرەوەردی دایگیرساند.
سوهرەوەردی وەک شێلگیرترین ڕەخنە گری مەنتقی ئەرەستوویی و سەرهۆناسی زانستی مەنتق**ی تەشک (بروانە> ضیاء موحد، نوآوریهای سهروردی درمنطق) بایەخێکی یەکجار زۆر دەدا بە ڕەفت وگفتی بە ئاوەز و ژیرانە، بۆیە بەردەوام بە ڕێبوارانی فەلسەفە هۆشداری دەدا کە هۆشتان بە ئاکاری خاپینۆکانە، نا تەندروست، چەواشەکارانە و تەنانەت بکوژانەی زمانەوە بێ:
«هۆشتان بێ!
زمانکوژ نەکرێن !»
سوهرەوەردی بایەخێکی یەکی بێ وێنەی دەدا بە «مغلطه» و چەواشەکاری - نە خوازە چەواشەکاری زمانی - لە ڕەوتی تێ فکرین و بیروەرزیدا، وەک پەتایەک کە تووشیاری بیرگە و زمانگە هاتووە، چاو لێی دەکا ت.
ئاوڕدانەوەی ببڕی شارەزووری - وەک خوێندکاری بیرگەی گەورای سوهرەوەردی- لە زمان ومەنتق، لەم نەریتە جێکەوتووەی ڕێباز و شێوازی سوهرەوەردییەوە، سەرچاوە دەگرێ.
شارەزووری ڕاڤەیەکی شیکارانەی تۆکمەوتەواوی لە «فەلسەفەی ڕووناکایی سوهرەوەردی- د کتێبی «شرح حکمت الاشراق»دا - بەدەستەوە دا،
گەورەترین زانستنامەی فەلسەفەی «الشجره الاهیه...» نووسی و هەروەها ژیان نامەی فیلسووفانی نووسیوە «تاریخ الحکما: نزهه الارواح و روضه الافراح» کە ئێستاش ژێدەر و سەرچاوەیەکی گرینکی ڤەکۆڵەڕان و مێژوونووسانی فەلسەفەیە.
مەلاسەدرا، خاوەنی گەورەترین زانستنامەی فەلسەفە «اسفاراربعه»
لە سەدەی یازدەی کۆچیدا، ئەڵها و بەهرەی زۆری لە زانستنامە تۆکمە و فرەلایەنەکەی شارەزووری وەرگرتووە. یی زانست نامەیە، داگری پێنج پاژە:

**پاژی یەکەم**: پێشەکییەکی گشتی: پۆلین کردنا زانست.

**پاژی دوویەم**:ڕێبیر (منطقه لۆزیک)

**پاژی سێیەم**: ئاکاروئەخلاق، ماڵ بەێیوە بردن، سیاسەت و ڕامیاری.

**پاژی چوارەم**:زانستێن سروشتی و ئارویني.

**پاژی پێنجەم**: زانستی واوەسروشتی و...

ئەوەی پێوەندی بە باسی ئێمەوە هەیە، پاژی دوویەمی زانستنامەی شەجەر...ە، کە بۆخۆی داگری سێ بەشە: لێرەدا هەر ئاماژە بە بەشی یەکەمی دەکەین کە شارە زووری، باسی فەلسەفەی زمان و لۆژیک ولێک ئالان و لێک نەپساوی دوو چەمکی لۆژیک و زمان دێنێتەئاراوە و هۆی ناواندن و شوبهاندنی کتێبەکەی بە «شجر» (داری ناسیاری) دەکا.

شەمسی شارە زووری، سەرجەم ناسیاری مرۆڤی شوبهاندووە و وێکچوواندووە بە دارێکەوە: بە پێی ئەم لێک چوواندنە «زانیاری و ناسیاری» وەسە دارێک، خاوەن ریشە و قەو ولق و. ئەوەی سەرەنج راکێشە و بۆچوونا دەگمەن و بێوێنەی شەمسی شارەزوورە، ل دۆر زمان، کە لە فیلسووفانی سەردەمی ئێمە - سەردەمی «زمانبینی»* و زمانشیکاری - نزیکی دەکاتەوە.

یی ڕازەوان و زانەوانە، فەلسەفەی زمان و زانستێن سەربە زمان بە ڕەگ و ریشەی داری ناسیاری. مەنتق ولۆژیک (ڕێبیر) بە قەدی دار و زانستی واوە سروشتی و خودایی بە لق و پۆی یی شەنگە دارە دەژمێرێ و دەیچوێنێ.

نەجەفقولی حەبیبی، ک لە «شەجەرەی ئێلاهیە»ی شەمسەدینی محەممەدی شارەزووری کۆڵیوەتەوە، ڕاست و ساقی کردۆتەوە و پێشەکی بۆ نووسیوە،

لەم سۆنگەوە، ڕەخنەی لە شارەزووری گرتووە و، بەرپەرچی بۆچوونەکانی داوەتەوە. دیارە لێکۆڵەری دەقناس، وەک پێویستە ئاگای لە گرینگایەتی، جێگە و شوێنی فەلسەفەی زمان و، ڕەوتی وەرچەرخانی ناسیاری هاوچەرخ، لە بوونناسی و ڕەوانناسییەوە، بۆ زمانبینی* و زمان شیکاری نییە، بۆیە لە کرۆک وکاکڵی بە پێزی نووسەری دەق و لە بۆچوونا ورد و قووڵی شارەزووری نەگەیشتووە، بۆیە بەڕێز حەبیبی دەڵێت:

«بەڵام تا ئەو جێگەی ڤەدەگەڕێ بۆ دروستی مەبەست و جیهانی واقیع، ڕێک بە پێچەوانە و بەراوەژووی بۆچوونا شارەزووری ڕاستە»

دە ڕاستیدا، شارەزووری بەم وێکچوواندنەی، زمان بە ڕەگ و ڕیشە و بنەمای هەموو زانستەکان دەزانێت. بەم شێوەیە پلە وپێگەیەکی هەرەبەرز بە زمان و زانستێن

سەر بە زمان دەبەخشێ.کە لە کەلەپووری فەلسەفی بە عەرەب نووسراوی پێشینیان دا بیر و بۆچوونێکی نوێ و داهێنەرانەیە. و بەم پێیە فەلسەفەی زمان لە فەلسەفەی گشتی دا دەبێ بە هیم و بنەما.

شارەزووری بەم وردبینی و تێبینییانە، لە تێخوێندنەوەی نوژەن وئەمڕۆیی لە زمان نزیک دەبێتەوە.

* پێشەکی یان پاشەکییەکی ناپێویست!

ئەوە کە نفش وبەرەی ئەمڕۆ، نەخوازەڵە، ئێمەی بیرڕووناکی کوردەواری، شەمسەدینی محەممەدی شارەزووری، فەیلسووفی سەدەی حەوتی کۆچی ناناسین، ئەوە ڤە دەگەڕێ بۆ درم و پەتایەکی بڤە و پرمەترسی، کە وێناچێ بەمزووانە لە کۆڵی ئێمەی کلۆڵ بێتەوە.

ئێمە بە نێو گ شتێکدا ڕۆدەچین بە نێو ئاگر و جەنگدا، بە نێو سیاسەت و تەنانەت گەرووی گڕکان و حەزیاشدا، بەڵام بە نێو «فەلسەفە»دا نا!

سەدای سەدی هەست و نەست و وزەی مەردمێک، کە ئێمە بین، سیاسەت هەڵی دەلووشێ، کەچی ئێمەی بیرڕووناکی سیاسەت بردە (سیاست زدە)ی ئەم کوردەوارییە، لەبەر تەشەنەی ئەو پەتا بڤەیە، ئامادە نین.

هەزاریەکی وزەی ئاوەز و هێزی هزریمان تەرخانی «فەلسەفەی ڕامیاری» (یا بە زاراوەی فەلسەفەی بەرگ «سیاست مدن») بکەین !

وا زۆربەی حێزبە ڕامیارییەکانی کوردە واری، پاش چەند دەیە، لە باری فکر و هزرییەوە، بە موو چییە نە گۆڕاون، هەربەو دەقەی جاران -لاو- ماون، تێداماون و داماون !

یان سەرەنج بدە، چۆن تاکە «ڕێبێژ»وشێوە دەربڕینی خەڵک و مەردمی ئێمە هەربریتییە لە شێعر هەڵبەست!

ڕامیار،ڕووناکبیر، وێژەناس و ڕەخنەگر وتەنانەت زانستوەریش، هەربە زمان هەڵبەست و پەخشانی شێعر بدوێن!

جا دیارە مەردمێک، کە ئێمەین، لەباتی ژیرایەتی و تێفکرین، خوومان بە کەلجان وهەست وسۆزەوە گرتووە. جا گەرەک ناگەرەک، هەردەشێ سەرلە:

ژێردەستی، کیمیاباران، ئەنفال، حێزب فەرمانی، فەرهەنگی نادەربەست و ناتە ندروستی ڕامیاری وحێزبایەتی نا دەربەست...دەربێرین !

با لە هەموو بوارو بوارگەی چالاکی ڕامیاری، فەرهەنگی، ئەدەبی، ڕە خنە، ئابووری، فێرکاری، زانکۆیی، وەرزین و... دا، ئەگەر دەمانەوێ کردوکارمان ڕەسەن، کارا و کارامە بێ، با بایەخ بە هەرەوەزی هزری و بیروەرزی بدەین).

# پەهلەوی لە تەرازووی بەراوردکاریدا

رێکار ئەحمەد

## بنەچەی دامەزرێنەری ئیمپراتۆری ساسانی

ئیمپراتۆریەتی ساسانی دوایین دەستەڵاتی خۆمانە بووە، دامەزرێنەری ئەو دەستەڵاتەش ئەردەشێری پاپکانۆ یان وەکو فارسەکان دەڵێن ئەرتەخشیری پاپەکان بووە! بەهۆی ئەوەی کە بنەماڵەی ئەردەشێر لە هەرێمی فارسدا ژیابوون، ئیدی هەندێک کەس بەبێ لێکۆڵینەوە مۆری فارسی بوون لە ناسنامە و زمانی ساسانییەکان دەدەن؛ ئێمەش بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەم بابەتە، پەنا بۆ گوتەی مێژوونووسانی دێرین دەبەین کە سەبارەت بە هەرێمی پارس تۆماریان کردووە و وەک گەواهییەکی باوەڕپێکراو ماونەتەوە. سترابۆن، جوگرافیزانی ناوداری یۆنان لە بەشی سێیەمی پازدەهەمین پەڕتووکی خۆیدا سەبارەت بە کوردی پارس یان هەرێمی فارس نووسیویەتی: هۆز و تایفەی جۆراو جۆر لەم هەرێمەدا جیاوازن کە بریتین لە پاتیشخوارەکان، هەخامەنشییەکان، مەجوسەکان(کە گروپێکی زۆر توندڕۆ، ڕەگەزپەرست و کۆنەپارێزن)، کورتییەکان(کورد) و مەردەکان، هەندێکیان خەریکی کشتوکاڵن، هەندێکی دیکەیان خەریکی تەرشداری(مەڕداری و ئاژەڵداری) و هەندێکی دیکەشیان خەریکی ڕێگرین.

گەزنەفۆن(گزینفۆن) دیرۆکنووسی ناسراوی یۆنانی لە پەڕتووکەکەی خۆیدا ناوی کورتییەکان و مەردەکانی هێناوە کە لەڕیزی سوپای ئەرمەنیەکاندا بوونە. ئەو مێژوونووسە، کورتییەکان و مەردەکانی وەک هۆزی چادرنشینی ئازەربایجان ناساندووە.

بەتلیمۆس جوگرافیناسی یۆنانی دێرین، مەرد و کورتییەکانی بەدراوسێی یەکتر ناساندووە، دواتر مێژوونووسەکان جەختیان لە هەبوونی ئەو هۆزە لە هەرێمی فارسدا کردۆتەوە.

ئیبن بەلخی مێژوونووس کە لەسەدەی پێنجەمی کۆچیدا ژیاوە، لە فارسینامەدا نووسیویەتی کە شەپانکارە(شوانکارە) لە ڕەمی (لە کۆندا هەرێمەکان بۆ سەر چەند ناوچەیەک دابەشکرابوون کە پێیاندەگوترا ڕەم) بازنجان بوون و هەر هەمان بازڕەنگی بوون کە ئەردەشیری پاپکانۆ ئەندامێکی ئەو هۆزە بوو. زۆربەی مێژوونووسانی وەک مەسعودی و ئەوانی دیکەش جەختیان لە هەبوونی کورد لە هەرێمی پارسدا کردۆتەوە.

ئەردەشیری پاپکانۆ لە شاری ئەستەخر لە دایک بووە، کە ئەوێ ڕۆژێ شارەکە لە دەستی سەرۆکی عەشیرەتی بازڕەنگی دابوو، ناوی گۆزچەهر یان گۆچەر بوو.

ئەردەشێر سەرەتا توانی میرە فارسەکان بەچۆک دابهێنێ، دواتر کە سوپاکەی زۆر بوو، لە ساڵی ٢١٢ی زاینی لەگەڵ سەرۆکی عەشیرەتی خۆی، واتە بازڕەنگی کە

گۆچەهر شای ئەستەخر بوو، بەشەڕ هات، توانی قەڵای سپی یان قەڵای نسایەک بگرێ و گۆچەهر بکوژێ و خۆی لە شوێنی دابنیشێ. هەروەها دارابگەرد کە شوێنێکی دیکەی شەپانکارەکان بوو، پەیوەندییان بە ئەردەشێرەوە کرد و پاشایەتی ئەویان پەسند کرد. ئەبو ئیسحاق ئیبراهیم کوڕی محەمەدی فارسی کە جوگرافیناسێکی ناودار بووە و بە ئەستەخەری ناسراوە، دەڵێ: دارابگەرد و دەوروبەرەکەی لە دەست کوردەکاندا بوون.

هەندێک لە مێژوونووسەکان دەڵێن کە باوکی ئەردەشێر لە هۆزی شەپانکارە و دایکیشی لە هۆزی بازڕەنگی بوو، هەردوو هۆزەکەش کوردی هەرێمی فارس بوون.

مێژوونووسانی وەک تەبەری و ئیبن ئەسیر دەڵێن، دوایین پاشای ئەشکانی کە ئەردەوانی چوارەم بوو، زۆر بێڕێزی بە بنەماڵەی ئەردەشێر کردووە، ئەوان دەگێڕنەوە کە ئەردەوان لە نامەکەی خۆیدا هەڕەشەی لە ئەردەشێر کردووە و نووسیوویەتی:

[تۆ لە بەڕەی خۆت زیاتر پێت لێراکێشاوە و مەرگت بۆ خۆت بەدیاری هێناوە، ئەی کوردی گەورەبووی نێو چادری کوردان، کێ ڕێی بەتۆ داوە کە تاجی پاشایەتی لەسەر بنێی؟]

«انک قد عدوت طورک و اجتلبت حتفک ایها الکردی المربی فی خیام الاکراد من اذن لک فی التاج الذی لبسته» یاقوتی حەمەوی، جوگرافیناس و دیرۆکنووسی ناودار (١١٧٩ز لە دایک بووە و ساڵی ١٢٢٩ ز مردووە) بە گێڕانەوە لە حەمزەی ئەسفەهانی نووسیوویەتی: کاتێک ئەردەشێری پاپەکان گەیشتە شوێنێک و بنکەی خۆی لێدانا، بە مەبەستی زیندووڕاگرتنی یادگاری نەتەوەکەی خۆی، یەکێک لە شارۆچکەکانی مەدائینیان ناونابوو کوردئاڤاذ. هەندێکی دیکە لە مێژوونووسان دەڵێن کە ناوی شاری موسڵیان کرد بە بۆزئەردەشیر یان نۆکورد ئەردەشیر.

ژێلبەر لازارد، زماناس، ئیرانیناس و فەرهەنگنووسی فەرەنسی، بە پشت بەستن بە پەڕتووکی ئەلفەهرەست، لە زاری ‹ئیبن موقەفەعەوە›، دەنووسێ کە لە زەمانی ساسانیدا پێنج زمان هەبوون، ئەوانیش:

١. پەهلەوی زمانی سەرزەمینی پەهلە بووە، واتە زمانی میدی دێرینی زاگرۆسنشین (چیا نشینەکان)، کە هەرێمەکانی ئەسفەهان، ڕەی، هەمەدان، ماهـ نەهاوەند و ئازەربایجانی دەگرتەوە.

٢. زمانی فارسی دەری، کە خەڵکی سیستان و ناوچەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی قەڵەمڕەوی ساسانی قسەیان پێدەکرد، بەڵام لەنێو شاری تیسپون و مەدائینشدا ڕەواجی

هەبوو، چونکە یەکەیەکی سەربازی خەڵکی ئەو ناوچانە لەوێ لە خزمەت پاشای ساسانی دابوون.

٣. زمانی پارسی، زمانی تایبەتی هەرێمی پارس بوو، بەڵام هەندێک لە زاناکان بەو زمانە دەیاننووسی.

٤. زمانی خوزی لە خوزستان قسەی پێدەکرا، پاشماوەی عیلامیەکان بوو.

٥. زمانی سریانی، زمانی خەڵکی سریان بوو.

هەتا ئەم دواییانەش مشتومڕی زۆر سەبارەت بە زمانی خوزی هەبوو، ئاکام ‹بێرتۆلد شپولەر› مامۆستای زانکۆ، لێکۆڵەر، نووسەر، ڕۆژهەڵاتناسی مەزنی ئەڵمانی نووسی: زمانی خوزی تایبەت بە هەرێمی خۆزستان بووە، لە زمانی فارسی دوور بووە، تەنانەت بە ئابێی عەرەبی تێر نەبووە، دەتوانرێ بە پاشماوەی عیلامی پێوانەی بکەین. هەروەها ڤلادیمێر مینۆرسکی، ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسیش هەمان بۆچوونی سەبارەت بە خوزی و زمانی خوزی هەبووە. تەنانەت ئەستەخری لەسەدەی دەیەمی زاییندا لە پەڕتووکی (مسالک الممالک) سەبارەت بە خوزی نووسیویەتی کە زمانی خەڵکی خوزستان نە فارسی و نە عیبری و نە عەرەبییە، بەڵام دوای هاتنی ئیسلام، زۆربەیان دەتوانن بە عەرەبی و فارسی قسە بکەن. لەلایەکی دیکەشەوە، ئیبن حەوقەل، نووسەر، مێژوونووس، جوگرافیناس و بازرگانی ناودار کە ساڵی ٩٧٧ی زایینی لە نسێبین لە دایک بووە، نووسیویەتی: وێڕای ئەوەی کە زمانی عەرەبی و فارسی لە خوزستان ڕەواجی پەیدا کردووە، بەڵام ئەوان زمانێکی تایبەتیان هەیە، نە سریانی، نە عەرەبی و نە عیبرییە.

ئەگەر بۆ مێژوو بگەڕێینەوە، دەبینین کە بۆ یەکەمین جار عەرەبەکان وشەی فەهلەویاتیان بۆ ئەو زمانە بەکار هێنا کە دەقەکانی دینی زەردەشتی سەردەمی ساسانییان پێنووسرابۆوە، هەروەها زمانی فەرمی دەوڵەتی ساسانی بووە. ڕاستییەکەی پێش ئەوکاتە دەستەواژەی زمانی پەهلەوی و زمانی پارسیک وەک دوو زمانی جیاواز و هەر یەک لە شوێنی خۆی بەکار دەهاتن.

ئاساری پەهلەوی ئەشکانی ئەوانەی کە دۆزراونەتەوە بریتی بوون لە: ئاساری نسا لە نزیک عەشق ئابادی ئێستا، بنچاقی هۆرامان کە سێ سەنەدی فرۆشتنە و لەسەر پێستی ئاسک نووسراون، ئێستا لە مۆزەخانەی بەریتانیادا پارێزراون؛ دراوی پاشاکانی ئەشکانی کە هەندێک جار بە یۆنانیش نووسراون، هەروەها ژمارەیەک دراوی مسی پاشاکانی هەرێمی ئیلام واتە باشووری ڕۆژهەڵاتی خوزستان کە بە ئابێی ئەشکانی

نووسراون، ئەمانە و ژمارەیەک مۆری تایبەت کە بۆ کۆتاییەکانی دەستەڵاتی ئەشکانی دەگەڕێنەوە.

نووسینی ئەشکانی لەسەر پەیکەری هەرکوڵ لە کرمانشا و پەیکەری برۆنزی هەرکوڵ لە دەڤەری سلێمانی لە ساڵی ١٩٤٨ دۆزراونەتەوە.

بەردنووسەکانی شووش و چەندین بەردنووسی دیکەی سەردەمی ساسانی کە بە ئابێی ئەشکانی نووسراون.

هەروەها پاشماوەکانی نووسینی پەهلەوی ساسانی خۆیان لەمانەدا دەبیننەوە:

دەستنووس و پەڕتووکەکان، زەبوری پەهلەوی، بەرهەمەکانی مانی پێغەمبەر و ژمارەیەک ڕستە و وشەی پەڕاگەندە کە لەنێو کتێبەکانی عەرەبی و فارسیدا بە نموونە هێنراونەتەوە. دەتوانین بەم شێوەیە پۆلێنیان بکەین:

کورتە بەردنووسی ئەردەشێری پاپکانۆ؛ بەردنووسی ئەبنون لە بەرمی دیلەک لە ڕۆژهەڵاتی شیراز؛ نووسینی شاپور لە نەخشی ڕۆستەم؛ بەردنووسی شاپوری یەکەم لە ئەستەخری دێرین؛ بەردنووسی دیکەی شاپوری یەکەم لە تەنگەی بوراق؛ بەردنووسی شاپوری یەکەم لەسەر دیواری کەعبەی زەردەشتیان؛ بەردنووسێکی دیکەی شاپوری یەکەم لە پیشابور (کازرۆن).

هەروەها ئەم پەڕتووکانەش کە گومان دەکرێ دوای ڕووخانی ساسانییەکان و لەسەردەمی عەباسیەکاندا جارێکی دیکە نووسرابنەوە، وەک: فەرهەنگی ئیوەم یان ئیوەم ئیوەک؛ فەرهەنگی پەهلەویک؛ شرۆڤەکانی ئاڤێستا بە پەهلەوی بەناوی زەند و پازەند کە ئێستا تەنیا زەند یەسنا و گاهان، ویسەپەرد، وەندیداد ماونەتەوە، هەروەها نۆ بەشی دینکرد، بۆندەهیشن واتە دەستپێکی ئافراندن، بژاردەکانی زادسپەرم، دادستانی دینیگ، نامەکانی منۆچەهر، گێڕانەوەکانی پەهلەوی، زەندی وەهمەن یەسن، جاماسپنامە، یادگاری جاماسپی، هاتنی شا بەهرام، ئەندەرزنامە. ڕاستییەکەی گرنگترینیان بریتین لە کارنامەکۆی ئەردەشێری پاپکانۆ، یادگاری زەریر، درەخت ئاسۆریک، شایست و نەشایت، گێڕانەوەی ئومێت ئەشەوهیشتان، مادەیان هەزار دادیستان، گێڕانەوەی ئازەر فەرەنبەغی فەرخزادان، گێڕانەوەی فەرەنبەغ سروش، پرسەکان، پەیماننامەی هاوسەری، پەڕتووکێکی وێنەداری مانی بەناوی ئەردهەنگ یان ئەرژەنگ.

هەروەکوو پێشووتر ئاماژە کراوە کە مێژوونووسان لەسەر هەبوونی پێنج زمانی ‹پەهلەوی، فارسی، فارسی دەری، خوزی و سریانی› لە قەڵەمڕەوی ساسانیدا

هاوڕان، هەروەها شوێن و پێگەی ئەو زمانانە ڕوون کراوەتەوە، ئیدی دەردەکەوێ کە خاوەنداریێتی زمانی پەهلەوی بۆ کورد، بەلوچ، تاتی، تالشی، مازنی و گێلەکی دەمێنێتەوە، چونکە ئەو نەتەوانە لەناو قەڵەمڕەوی ساسانیدا بوون و ڕاشکاوانە ناوی زمانەکەیان نەهاتووە، بەڵام جوگرافیای زێد و نشتمانەکەیان ڕوون کراوەتەوە. لەلایەکی دیکەوە دیتران واتە بیانیان ئەو ناوانەیان لەسەر ئەو نەتەوانە داناوە، دواتر باسیان لێوە دەکەین.

## زمانی پەهلەوی لە تەرازووی بەراوردکاریدا:

زمانزان و زمانناسان ئەوەیان سەرڕاست کردۆتەوە کە کاتێک کۆمەڵە مرۆڤێک لەیەکدی دادەبڕێن و سنوور لەنێوانیاندا دروست دەبێ، واتە ژینگە و بارودۆخی جیاوازیان بۆ دەرەخسێ یان بەسەریاندا دەسەپێ، زمان و ئاخاوتنیان بەرەو گۆڕین دەچێ، لەوانەیە ئەو گۆڕینانە هاوکات و هاوڕەنگ نەبن، بەڵام بەتێپەڕبوونی کات و بەهۆی شێوازی ڕەفتاری دەستەڵاتداران لەگەڵیاندا، ئەو گۆڕینە بە خشکەیی دەستپێدەکات.

دوای هاتنی عەرەب بۆ ناوچەکە و داگیرکردنی کوردستان و هاوێربوونی تیرە و هۆزەکان لەیەکترییەوە، ئیدی هێدی هێدی زاراوە و بنزاراوەی جیاواز دروست بوون، بەتایبەتیش دوای دابەشبوونی کوردستان بەسەر ئیمپراتیۆریەتی سەفەوی و عوسمانلی، دواتر دابەشبوونی کوردستان بۆ سەر پێنج دەوڵەتی جیاواز، خۆی لەخۆیدا وایکردووە کە زاراوە و بنزاراوەی دیکە دروست بن و بەناچارییەوە پەنا بۆ زاراوەزانیش (Dialectology) ببرێ، کە ئەویش هەر دوو لکی جوگرافیایی و جڤاکی دەگرێتەوە.

وشەکانی زمانی پەهلەوی بەشێوەی لکانی کتەکان بەیەکەوە، سازکراون، کت کە بچووکترین بەشی واچە یان وتەیە، کاتێک کۆدەبنەوە سەریەک و بەیەکەوە دەلکێن، پەیڤێکی واتادار دروست دەکەن. ڕاستییەکەی کتەکانی زمانی پەهلەوی هەر چۆن کۆبوونەتەوە، لە توانایاندا هەبووە کە پەیڤی نوێ بئافرێنن، بەوهۆیەشەوە زۆر بەئاسانی لەیەکتر هاوێر دەکرێن. وەک:

ئەسەر= بێکۆتایی. دەتوانین ئە=بێ جیا بکەینەوەو واتای تابەت بدا، هەروەها سەر=کۆتایی، دیسانەوە واتا دەدەن. بوندار=بنەدار، کە بون و دار لەیەکتری هاوێر دەکرێن، دیسانەوە هەر کتەک بە تەنیا واتا دەبەخشێ.

بەگشتی، لەیەکچوونی وشە و زمان، ڕەنگ و ئادگار لە نێو کۆمەڵی مرۆڤایەتیدا هەیە، بەڵام ئەو لەیەکچوونە ڕێژەییە، هەیە ڕادەکەی زۆرە، هەیشە کەمە، هەیانە زۆر دەگمەنە

و لە سنوورێكی بەرتەسكدایە، یان بە هیچ شێوەیەک لەیەكتر ناچن، چونكە دیاردەی لەیەكچوون، بەپێی هەبوون و نەبوونی هاوڕیشەیی دەردەكەوێ. هەندێک جار وشەی هاوبەش لە نێوان دوو زمانی دوو خێزانی جیاوازیش بەرچاو دەكەون. هاوڕیشەیی مرۆڤ و زمان لە سەرەتاوە لە ناو كۆمەڵە مرۆڤێكدا پەیدا دەبێ و دیار دەكەوێ كە دایكزای شوێنێک بن. واتە لە شوێنێكدا پێكەوە سەریان هەڵدابێ و ژیابن، ئەو شوێنە بۆیان بۆتە دایەنگە، شوێنی گەشە و گۆڕان، پەرەسەندن و دواتر فراوانبوون، ئیدی بووە بە ماڵ و زێد و ژینگەی یەكەمیان. زانایانی زماننناس، زمانی مرۆڤەكانیان بۆ چەند خێزانێک دابەشكردووە كە هەر خێزانەی بەیەكگەیشتنەوە و پەیوەندی نزیكایەتی زمانی كۆیان دەكاتەوە، بە هاوڕیشەیی و بنچینەی وشەكان، ڕێزمانی پێكهاتن و لێكدانی ڕستەكان. ئیدی بەم شێوەیە ژمارەیەک نەتەوە نزیكایەتیان لە زمان و ئاخاوتنیاندا وەدیار دەكەوێ، یان ژمارەیەک كۆمەڵ و نەتەوەی جیاوازی مرۆڤایەتی كە هاوڕیشەیی و هاوبنچەییان هەیە و بۆ یەک میللەت دەگەڕێنەوە یان تێكەڵاوی و پێوەندی نزیكیان لەگەڵ یەكتردا هەیە، یاخود چەند وابەستەی جوگرافی و مێژوویی و كۆمەڵایەتیان لەنێواندا هەیە و بە ڕایەڵەی خزمایەتییەوە دەبەسترێنەوە.

زمان وەک بوونەوەرێكی زیندوو، بەتێپەڕبوونی كات و تێكەڵاویكردن لەگەڵ دیتراندا(خەڵک و نەتەوەی دیكەدا) گەشەدەكات و دەگۆڕێ. لە ڕابردوودا دوو هۆكار كاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر زمان و چەسپاندنی زماندا هەبووە؛ یەكەمیان دین و پەرتووكی دینی، دووەمیان دەستەڵات و فەرمانڕەوایەتی هاوبەش، بەڵام گۆڕینی زمان لە هۆكاری تێكەڵاوبوون لەگەڵ نەتەوەكانی دیكەوە، بە شێوەیەكی بەرفراوان پەرەی سەندووە. بۆ دەرخستنی لایەنی لەیەكچوونی زمانەكان و ناساندنیان، ئەم پێوەرانە خۆیان ڕەپێش دەخەن:

١ – زێد و نیشتمان. (زمانی پەهلەوی و زمانی كوردی یەک زێد و نیشتمانی هاوبەشیان هەیە، هەردوو زمانەكە لە سنوورێكی دیاریكراودا ڕەواجیان هەبووە و چەسپاون).

٢ – پەیڤی هاوبەش. (لە ڕووی وشەی هاوبەشەوە، بە هەزاران وشەی هاوبەش لەنێوان زمانی پەهلەوی و كوردیدا هەن – پێشتر لە پەهلەوی لەنێوان كوردی و فارسیدا – ئەمانەم ڕوون كردۆتەوە). وێڕای ئەمانەشەوە چەندین هەزار وشەی زمانی پەهلەوی بە گۆڕانی بچووک ‹بە قرتاندنی پیت یان زیادكردنی پیت›، ئێستا لەنێو زمانی

کوردیدا ئەرکدارن و بەکار دەهێرنێن، بێجگە لە هەژمار و شێوازی ژماردن و ئامرازە جۆراوجۆرەکانی دیکەی زمانەوانی.

٣- دەنگ و گۆکردن. (لە ڕووی دەنگ و گۆکردنەوە، هەردوو زمان تەواو هاوبەشن و هیچ جیاوازییان لە نێواندا نییە. پیتەکانی ‹ئ ا، ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ، د، ر، ڕ، ز، ژ، س، ش، ع، غ، ف، ڤ، ق، ک، گ، ل، م، ن، هـ و، ۆ، وو، ی، ێ) هاوبەشن، بەڵام پیتی ‹ذ› لە پەهلەوی هەبووە، ئێستا بەتەنیا لەنێو هۆرامیدا ماوەتەوە، هەروەها پیتی ‹ڵ› کە ئێستا لە سۆرانی و هۆرامی و هەندێک زاراوەی دیکەدا هەیە، لەنێو دەقەکانی پەهلەویدا دەگمەن بووە).

٤ –ڕێزمان و ڕستە سازی. (لە ڕووی ڕێزمان و ڕستەسازییەوە لێکچوون و هاوبەشی ئێکجار زۆر هەیە، پێشتر لە ‹پەهلەوی لەنێوان کوردی و فارسیدا) بە درێژی باسیان لێوە کراوە.

**ئەو زمانانەی کە درێژکراوەی زمانی میدی و پەهلەوین**

زمانزان و دیرۆکناسان جەخت لەوە دەکەنەوە کە لە هەنگاوی یەکەمدا دوای ڕووخانی ئیمپراتۆری میدی و لە هەنگاوی دووەمیشدا دوای ڕووخانی ئیمپراتۆری ساسانی، ئیدی ئەو زمانە بەرەو هاوێری و پارچەبوون و فرە زاراوەیی ڕۆیشت؛ دواتر بەتێپەڕبوونی کات و بەهۆی هاوێربوون و دابڕانەوە، ژمارەیەک زمانی هاونەژادی وەک: کوردی، بەلوچی، تاتی، تالشی، گێلەکی، مازنی، ئاسی و پشتۆیی پەیدابوون و خۆیان نواند. لێرەدا ناساندنی ئەو زمانانە هەنگاوێک لە پرۆسەی بەراوردکاری لە زمانی پەهلەوی نزیکمان دەکاتەوە.

١- زمانی کوردی ڕیزبەندی سی و یەکەمی لەنێو هەشتا زمانی زیندووی جیهاندا هەیە، ئێستا زیاتر لە شەست ملیۆن مرۆڤ قسەی پێدەکەن و بەسەر وڵاتەکانی ئێران، عێراق، سوریا، تورکیا، ئەرمەنستان و ئازەربایجان (ئەو وڵاتانە دوای یەکەمین شەڕی جیهانەوە دروست کراون) دابەشکراون. هەروەها لە وڵاتانی دیکەی وەک ئۆزبەکستان، لوبنان، تورکمەنستان و گورجستانیشدا کورد دەژین، زمانی کوردی وەک یەکێک لە زمانە دەوڵەمەندەکانی جیهان پێوانە دەکرێ، چونکە هەم پێشینەی مێژوویی هەیە و هەمیش ژمارەیەک زاراوە و بنزاراوەی تایبەت بەخۆی هەیە.

پرۆفیسۆر ڤلادیمێر مینۆرسکی(Vladimir Minorskij)، ڕۆژهەڵاتناس و ئیسلامناسی ڕووسی زۆر ڕاشکاوانە دەڵێ: بێگومان زمانی کوردی بنەچەی زمانی مادی (میدی) هەیە. هەروەها پرۆفیسۆر گێرنۆت لودوینگ ویندفور (Gernot Ludwig Windfuhr) ی ئەڵمانی ئێرانیناس و مامۆستای پێشووی زانکۆی مشیگان، لەو باوەڕەدایە کە زۆربەی ئەوانەی کە ئەمڕۆ بە زاراوەکانی زمانی کوردی قسە دەکەن، نەوەی ئەوانەن کە پێشتر بە زاراوەکانی زمانی میدی قسەیان کردووە. هەر سەبارەت بە پێشینەی میدی بوونی کوردان، جان لیمبێرت (John Limbert)، ڕۆژهەڵاتناسی ئەمریکی لەو باوەڕەدایە کە مادەکان باپیری کوردەکان بوون. دیسانەوە سەبارەت بە زمانی میدی، دیاکۆنۆف دەڵێ: «زمانی ئاڤێستایی لە میدیای دێریندا گرنگترین زمان بووە، نزیکایەتی لەگەڵ زمانەکانی هیند و ئۆروپایی هەیە، ناتواندرێ ئەم زمانە بە پارسی ناو بنرێت کە زمانی فەرمی ئێرانە».

لە پێنج سەت ساڵی ڕابردوودا، بەهۆی داگیرکاری و دابەشبوونی کوردستان لەنێوان سەفەوی و عوسمانلیدا، چەندین هۆز و تیرەی کورد، بۆ پارێزگاریکردن لە مانەوەی خۆیان پشتیان لە زمانی کوردی کرد و زمانی سەردەستانیان پەسند کرد.

٢- زمانی بەلوچی، نەتەوەی بەلوچ بەسەر سێ دەوڵەتی پاکستان، ئێران و ئەفغانستاندا دابەشکراوە، زیاتر لە ١٠ ملیۆن کەس قسە بە زمانی بەلوچی دەکەن و موسڵمانی سوننەن. هەزار ساڵ لەمەوبەر مێژوونووسانی وەک ئیبن حەوقەل و ئیبن ئەسیر جەختیان لەیەکنەتەوەیی کورد و بەلوچ کردۆتەوە. ئێستاش زمانناس و دیرۆکنانسان جەخت لە نزیکایەتی زمانی بەلوچی و کوردی دەکەنەوە، تەنانەت هەندێک لە تۆژەران ڕاشکاوانە نووسیویانە کە زمانی کوردی و بەلوچی بە بەراورد بە زمانەکانی دیکە، نزیکایەتی زیاتریان لەگەڵ زمانی پەهلەویدا هەیە.

زمانی بەلوچی لە نێو بنەماڵەی زمانەکانی باکووری ڕۆژئاوای ئێراندا جێی گرتووە، نزیکایەتی زۆری لەگەڵ زمانەکانی تاتی، کوردی، گیلەکی و تالشیدا هەیە. دیرۆکنووسان پێیانوایە کە زێدی سەرەکی ئەم زمانە دەوروبەری دەریای خەزەر بووە، لە قۆناغەکانی دواتردا بەرەو شوێنی ئێستایان کۆچیان کردووە. ئەوەی ئاشکرا بووە کە بەلوچی لە هۆرامی و زازاکی نزیکترە، کە ئەوانیش وەک دوو زاراوەی کوردی خەمڵێندراون و نزیکایەتی زۆریان لەگەڵ پەهلەوی ئەشکانیدا هەیە. بۆ زیاتر شارەزابوون، بەهۆی چەند وشەیەکەوە، بەراوردکاری دەخەینە بەرچاوان.

پەهلەوی کوردی بەلوچی فارسی

**سوچن سوژن سوچن سوزەن**

**هەژدە هەژدە هەژدە هیجدە**

**درۆو، درۆگ درۆ درۆگ دروغ**

**اسپید سپی اسپیت سفید**

**وانگ بانگ بانگ ئەزان**

**هامین، هامێن هاوین هامین تابستان**

**سوور،سوخر سوور،سۆر سوهر سورخ**

**ئەسپ ئەسپ،هەسپ ئەسپ ئەسب**

**موشک مشک مشک موش**

**بورز، بولەند بەرز، بڵند بەرز بلند**

**شۆی شوو شوو شوهەر**

**جامەک جلک جل لباس**

**ڕۆچ ڕۆژ، ڕۆچ ڕوەچ ڕوز**

**پار پار پاری پارسال**

بە بڕوای زۆربەی ئەوانەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر زمانی ئاڤێستایی کردووە، بەو ئاکامە گەیشتوون کە زاراوەکانی هۆرامی، کردکی (زازاکی) لەگەڵ زمانی بەلوچی زۆر لە ئاڤێستاوە نزیکن و زۆر بە کەمی گۆڕاون. واتە دەکرێ بگوترێ کە پەهلەوی ئەشکانی زۆر لە ئاڤێستا نزیکترە تا پەهلەوی ساسانی، ئەمەش دوو هۆکاری هەیە، چونکە ئاڤێستا بەو زاراوەیە نووسراوە کە زەردەشت و هۆزەکەی قسەیان پێکردووە، بەڵام ساسانی کە ئەویش هەر درێژەپێدەری مادییە، چونکە گشتگیرتر و بەرفراوانتر بووە، هەروەها بەهۆی تێپەڕبوونی زەمانەوە وردە وردە دوور کەوتۆتەوە.

٣- زمانی تاتی، هەرچەندە سەرژمێری گشتی ئاخێوەرانی دیار نییە، بەڵام خۆی لە نیو ملیۆن مرۆڤ دەدا. لەسەر ژمێری رووسی ساڵی ١٩٠١دا، ئەوانەی لە دەرەوەی سنووری دەوڵەتی قاجاریدا بە تاتی قسەیان کردووە بە ١٣٥٠٠٠ هەزار خەمڵێندراوە. هەروەها دیرۆکناسان جەخت لەوە دەکەنەوە کە زمانی تاتی زمانی خەڵکی قەزوین،

تاکستان و سەرتاپای ئازەربایجانی ئێستا بووە. سەبارەت بە وشەی تات، شەمسەدین سامی، لە ستوونی دووەمی لاپەڕەی ٣٧٠ی قاموسی تورکیدا نووسیویەتی: تورکەکانی جاران، ئەو ئێرانی و کوردانەی کە لەژێر فەرمانڕەوایەتی خۆیان دابوون بە تات ناودەبرد. هەموو ڕۆژهەڵاتناس و دیرۆکناسان جەخت لە یەکڕیشەیی میدی، کوردی و تاتی دەکەنەوە. هەندێک زۆر ڕاشکاوانە گوتویانە کە زمانی تاتی و کوردی پێوەندی نزیکیان هەیە، چونکە هەردووکیان درێژەپێدەری زمانی میدی و پەهلەوین. هەروەها جەخت لە میدی بوونی تاتەکان دەکەنەوە و دەڵێن: تاتەکان ئەو میدانەن (مادانەن) کە لە قەفقاس و دەوروبەری دەریای خەزەردا دەژیان و تا هاتنی ئیسلامیش پێوەندییان لەگەڵ میدیاییەکانی دیکە نەپچڕابوو.

لێرەدا چەند وشەیەک بە نموونە وەردەگرین و لەگەڵ زمانی پەهلەوی، کوردی و فارسیدا بەراوردیان دەکەین، لەو ڕێیەوە نزیکایەتی لەگەڵ ئەو زمانانەدا خۆی دەنوێنێ و خۆی پێشان دەدا.

پەهلەوی کوردی تاتی فارسی

**ئاپێنەک ئاوێنە ئاڤێنە ئایینە(آیینە)**

**ئیمرۆچ ئیمڕۆ، ئەمڕۆ ئەمڕۆ ئێمروز**

**سەرت سارد، سار سارت سەرد**

**نەخچیر نێچیر نەچیر شکار**

**مێرەک مێرد مەرت، مەرد شوهەر**

**گۆڕ گۆڕ گۆڕ گور**

**کارت کێرد، کێرک کوردا کارد**

**ئەماهـ ئێمە، ئەم ئـاما ما**

**مەزەک مەزە، تام تـام مەزێ (مزە)**

**مێدان مەیدان مەیدون مەیدان(میدان)**

**نەماچ، نمێچ نوێژ نەموژ نەماز**

**پەنچ، پەنج پێنج پینج پەنج**

**دێوانەک دێوانە، شێت شیت دیڤانێ(دیوانە)**

**ڕاس، ڕاهـ ڕێ ڕۆ راە**

**دەهـ دێ، گوند دی دێهـ (دە)**

**دوور، دێر دوور دوور دور**

**دوشمێن دوژمن دەشمەن دوشمەن**

**گوناک گوناح،گونەهـ گەنو گوناهـ(گناه)**

**ئاپ ئاو، ئاڤ ئۆڤ، ئاو ئاب**

**ئەسپ ئەسپ،هەسپ ئۆسپ ئەسب(اسب)**

**زنگ=پاغ لنگ، پێ لنگ پا**

**چینار چنار،چینار(کر) چینار چنار**

**چیهر، ڕۆغ ڕوو، دیم دیم چهرە، روی**

**ڕۆچ ڕۆژ، ڕۆچ ڕووژ روز**

**سەخڤەن قسە قسا سوخەن(سخن)**

**سال سال، ساڵ، سار سور سال**

**نەخچیر نێچیر نێچیر شکار**

٤- زمانی تالشی، لە بنەماڵەی زمانەکانی باکووری ئێرانی پێوانە کراوە؛ بە گوێرەی سەرچاوەکان بۆ دوو دەستە دابەشکراوە، دەستەی باکوور کە تالشەکانی کۆماری ئازەربایجان و شارەکانی نەمین و ئاستارا دەگرێتەوە، هەروەها دەستەی باشووریش شارەکانی ماسال، فومەن و شێفت (سێ شاری ئوستانی گەیلان) دەگرێتەوە. بە تێکڕایی نزیکەی دوو ملیۆن مرۆڤ بەو زمانە قسە دەکەن. زمانی تالشی نزیکایەتی زۆری لەگەڵ کوردی، تاتی، تاجیکی، فارسی دەری، پشتۆ و ئاسیدا هەیە، بەتایبەتیش لێکچوونی لەگەڵ زمانی میدی و ئاڤێستاییدا هەیە. لەم بارەیەوە ‹و.ب. میللێر› نیشانی داوە کە زمانی تالشی تایبەتی دەنگەکانی زمانی مادی پاراستووە. بەگوێرەی سەرچاوە مێژووییەکان، ئاخێوەرانی زمانی تالشی لە هەرێمی تالش و لە نزیک ڕووباری ئاراس و دەریای خەزەردا ژیاون. مێژوونووسان پێیانوایە کە تالشەکان هەمان تیرەی کادۆسی میدەکانن، بەڵام لە سەردەمی هەخامەنشیەکانیشدا سەربەخۆیی خۆیان پاراستووە. لە سەرەتای ئیسلامدا زێدی تالشەکان بە زێدی دەیلەمیەکان ناسێندراوە. نشینگەی تالشەکان هاوسنووری تاتەکان بووە، لە باشووری قەفقاسیا تا ئەرمینیا درێژ بۆتەوە. دوای هێرش و پەلاماری مەغۆل و سەلجوقییەکان، ئیدی هێدی هێدی زمانی تورکی شوێنی تالشی گرتەوە، نازاندرێ بەزۆرەکی بووە یان ئارەزوومەندانە خەڵکەکە زمانی

خۆی گۆڕیوە و زمانی تورکیان هەڵبژاردووە. زمانی تالشی پەیوەندی نزیکی لەگەڵ زمانەکانی باکووری ئێراندا هەیە.

ڕاستییەکەی بەهۆی پەیمانی تورکمەنچای ساڵی ١٨٢٨ی زایینی، بەشی قەفقاسیا دابڕێندرا، بەوهۆیەوە تالش و تات و کوردەکان لەیەکتری هاوێر کران و دوور کەوتنەوە. واتە هەندێک لە نێو سنووری قاجاریدا مانەوە، ئەوانەی دیکەش وەژێر فەرمانڕەوایەتی ڕووسەکان کەوتن.

ئەگەر لە ڕێی چەند وشەیەکەوە، زمانی تالشی لەگەڵ زمانی پەهلەوی، کوردی و فارسیدا بەراورد بکەین، بێگومان ئاکامێکی باشترمان وەچنگ دەکەوێ.

پەهلەوی کوردی تالشی فارسی

**ماونگە مانگ،مونگ ماهـ (ماه)**

**شەپ شەو، شەڤ شەو، شەڤ شەب(شب)**

**گۆپتن گۆتن، وتن واتەن،واتێ گوفتەن(گفتن)**

**ژەن، زەن ژن ژەن، ژێن زەن (زن)**

**گوربەک پشیلە، پشیک پیشیک گوربە، پشی**

**سەپز سەوز، کەسک سەوز سەبز**

**ئەز، من ئەز، من ئەز، من مەن (من)**

**کوو کوێ، کوو، کوا کوورا کوجا (کجا)**

**کەفتەن کەوتن ئوفتادەن(افتادن)**

**گەردەن گەردەن، مل میل گەردەن (گردن)**

**شەپان شوان، شڤان چوپان**

**شەپچارەک شەوچەرە شۆچەرە شەبچەرێ (شب چرە)**

**تاپەک تاوە تاوە، تاڤە تابێ (تابە)**

**ژوزەک ژوژی، ژیژی ژەژۆ،ژەژێ جوجەتیغی**

**پوهل،پوهر پرد، پر پەر پول (پل)**

**هوشک هیشک، هیشک، هیشکۆ خوشک(خشک)**

٥- زمانی مازنی، کە بەزمانی ‹تەبەری›ش دەناسرێ، لە بنەماڵەی زمانەکانی باکووری ئێران و دەستەی زمانەکانی کاسپین (خەزەر) پێوانە کراوە، ئەم زمانە نزیکایەتی یەکجار

زۆری لەگەڵ هۆرامی و زازاکی و زمانەکانی تاتی و تالشی و گێلەکیدا هەیە؛ لە دێریندا هەر زاراوەیەکی پەهلەوی ئەشکانی بووە، زیاتر لە شەش ملیۆن کەس بەم زمانە قسە دەکەن. ئێستا بەهۆی چەند وشەیەکەوە بەراورد لەنێون زمانەکانی پەهلەوی، کوردی، مازنی و فارسیدا دەکەین، بەوهۆیەوە ئەندازەی نزیکایەتی لەگەڵ هەریەک لەو زمانانەدا ئاشکرا دەبێ.

پەهلەوی کوردی مازنی فارسی

**تەحل تەحل، تاڵ تەهل تەلخ**

**هەمبار عەمبار عەمبار ئەنبار**

**ئەسپ ئەسپ، هەسپ عەسپ ئەسب**

**ئافتاپ ئافتاو، هەتاو عافتۆو ئافتاب**

**شەپ شەو، شەڤ شۆو شەب**

**گۆشت گۆشت گوشت گوشت**

**خواپ خەو، خەڤ خۆو خواب(خاب)**

**مەژگ مەژی، مێشک مەژ مەغز**

**باریک، نیزار باریک،لاواز باریک لاغر**

**کیلیل کلیل کەلیل کلید**

**سۆختەن سۆتن،سووتان سۆختەن سوختەن**

**کەتام، کەتار کامە، کێهان کەمو کودام(کدام)**

**لەپ، لەف لێڤ، لێو لۆڤ لەب (لب)**

**ئیمرۆچ ئیمرۆ، ئەمڕۆ ئۆمڕۆ ئێمڕوز**

**خۆن،خوون خین، خوێن خین خون**

**هەفتدەهـ حەڤدە، هیڤدە هیڤدە هەڤدە**

**زووان، زوان، زمان زۆون زەبان(زبان).**

٦- زمانی گێلەکی لە بنەماڵەی زمانەکانی باکووری ئێران و لە دەستەی زمانەکانی دەریای خەزەردا پێوانە کراوە، بەوهۆیەوە نزیکایەتی یەکجار زۆری لەگەڵ زمانەکانی کوردی، تاتی، تالشی و مازندەرانیدا هەیە کە ڕەگ و ڕیشەیان بۆ زمانی پەهلەوی ئەشکانی دەگەڕێتەوە. هەرچەندە کە هیچ ئامار و سەرژمێری فەرمی لەبەردەست

دانییە، بەڵام بە گوێری هەندێ سەرچاوە، وا خەملێندراوە کە نزیکەی سێ ملیۆن و نیو مرۆڤ بەو زمانە قسە دەکەن.

لێرەدا بەهۆی چەند وشەیەکەوە بەراوردکاری لە نێوان زمانەکانی پەهلەوی، گێلەکی، کوردی و فارسیدا دەکەین، لەوانەیە بەو هۆیەوە ڕێژەی نزیکایەتی زمانی گێلەکی لەگەڵ ئەو زمانانەدا خۆیا ببێ.

پەهلەوی کوردی گێلەکی فارسی
**پوهل،پوهر پرد، پر(ب) پور پول (پل)**
**ئورموت هەرمێ هەربێ گولابی**
**کەنیچەک، دوختەر کەنیژەک، کیژ، کچ کیجا دوختەر(دختر)**
**دار، درەخت دار،درەخت دار درەخت(درخت)**
**زامات، دامات زاوا، زاماد زۆمێ داماد**
**شامەک، سریشک چۆڕ، دڵۆپە چۆڕێ قەترێ(قطره)**
**ڕەز ڕەز ڕەز باغێ ئەنگور، تاکستان**
**دالمان دالْ، هەڵۆ دال عوقاب(عقاب)**
**برات برا برار برادەر(برادر)**

دکتۆر حەمید تاهیری سەبارەت بەو زمانانە، ئاماژە بە نووسینێکی دیاکۆنۆف دەکات کە پێشتر لە پەڕتووکی مادەکاندا نووسی بووی: (هەتا ئێستاش تاتییەکان، تالشیەکان، گێلەکیان و مازەندەرییەکان بە زاراوەکانیان قسە دەکەن کە پاشماوەی زمانی هیندی و ئەوروپاییە، لە زۆر بواردا جیاوازییان لەگەڵ فارسیدا هەیە، بەڵام لێکچوونیان لەگەڵ زمانی پارتی (پەهلەوی ئەشکانی) و ئاڤێستایی زۆرە، بەوهۆیەوە ئەگەر تاتی و تالش و ئەلبانیەکان بە مادی (میدی)، دابنێین و پێمانوابێ کە بەزۆرەکی فارسێندراون، بەتەواوی هەڵەمان کردووە، چونکە تاتی و تالشی بەتەواوی بنەمای زمانی مادییان پاراستووە). هەروەها سەبارەت بە پەهلەوی نووسیویەتی کە زاراوەکانی باکووری ئێران شێوەیەکی پێشکەوتووی زمانی مادین و لە زمانی کوردییەوە نزیکن کە ناسنامەکەی هەر ناسنامەی زمانی مادی (میدی)یە.

٧- زمانی پەشتۆ (پەشتۆن)، لە بنەماڵەی زمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێراندا پێوانە کراوە، واتە زمانێکی هیند و ئەوروپییە، یەکێکە لە دوو زمانە فەرمییەکەی وڵاتی ئەفغانستان،

نزیکەی چل ملیۆن مرۆڤ بەو زمانە قسە دەکەن، وەک دەگوترێ  زیاتر لە ٢٣ ملیۆن پەشتو لە پاکستان و ئەوانی دیکەش لە  نێو سنووری وڵاتەکانی ئەفغانستان و ئێران و هیندستاندا دەژین.

زۆرێک لە زمانناسانی ئەورووپایی لەو باوەڕەدان کە زمانی پەشتۆ پێشینەی ئاوێستایی هەیە و نزیکایەتی زۆری لەگەڵ ئەو زمانانەدا هەیە کە دێژکراوەی زمانی ئاڤێستایین، بەتایبەتیش نزیکایەتی لەگەڵ زمانەکانی خوارزمی و سوغدی دێریندا هەبووە، بەڵام  لە ڕوانگەی ڕێزمان و دەستووریدا جیاوازی لەگەڵ زمانەکانی دیکەی بنەماڵەی باکوور و ڕۆژئاوایی ئێراندا هەیە.  بەهۆی ئەوەی کە بە درێژایی هەزار و چوار سەت ساڵی ڕابردوودا لەژێر کاریگەری زمانەکانی فارسی، عەرەبی، هیندی و ئینگلیزیدا بووە، ئیدی گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە و وشەگەلێکی زۆری لە زمانەکانی ئینگلیزی و ئەڵمانی و فەرەنسی وەرگرتووە.

جێی خۆیەتی کە لە ڕێی هەندێ وشەوە بەراوردکاری لەنێوان زمانەکانی کوردی، فارسی و پەشتۆییدا بکەین.

پەشتۆ کوردی فارسی

**بچ کول بچکۆڵ کودەک(کودک)**

**پغێ(پغە) پێ با**

**پلار باوک، باب، باڤ پدەر(پدر)**

**تە، تا تە(ب)، تۆ تو**

**چڕگە چرگ، مریشک مورغ(مرغ)**

**خوارەخ خۆراک غەزا(غذا)**

**ژەر، ژێرە زەر(ب)، زەرد زەرد (زرد)**

**سپی سەگ، سە سەگ(سگ)**

**سپین، سپینە سپی سفید**

**سوور، سرە سوور، سۆر سورخ (سرخ)**

**سەرچینە سەرچاوە مەنبەع(منبع)**

**شین، شنە شین ئابی (آبی)**

**کاکا مام، کاکۆ عەمۆ (عمو)**

**مورد دایک مادەر(مادر)**

**موژک مشک موش**

**ورور برا برادەر(برادر)**

**ئاسمان ئاسمان ئاسمان(آسمان)**

**ئوڕی هاوین، هوڕڕە تابستان**

**ئوسپنە ئاسن ئاهن(آهن)**

**ئەپل سێو ، سێڤ سیب**

زمانی پشتۆن بەهۆی ڕەوشی کۆمەڵی جڤاکی و ژێردەستیی، هەر بە سێوی و هەژاری ماوەتەوە و بایەخی پێنەدراوە، بەڵام ئێستا دوای هاتنەسەرکاری تالبان، شیمانەی ئەوە دەکرێ کە بەباشی ئاوڕی لێبدرێتەوە و زۆر خزمەت بکرێ، تەنانەت هەندێک لە لێکۆڵەر و سیاسیەکان پێیانوایە کە پشتۆکان بۆ پارێزگاریکردن لە خۆیان و زیندوو کردنەوەی زمانەکەیان، بانگەشەی دینیان دەستپێکردووە، چونکە پێیانوایە لەو ڕێیەوە دەتوانن نەتەوەکەی خۆیان پێشبخەن و بە دنیای بناسێنن. هەڵبەت زیندووکردنەوە و پێشخستنی زمانیش مەرجێکی بەهێزی خۆجیاکردنەوەیە لە نەتەوەکانی دیکە..

## سازگاربوونی پەهلەوی و کوردی

هەرچەندە کە زمانی فارسی پێشینەی هاوبەشی لەگەڵ زمانی ئاڤێستاییدا نییە، بەڵام زۆرێک لە زمانزان و ڕۆژهەڵاتناسان، بەهۆی تێکەڵاویکردنی پارس و پەهلەوی و هاونیشتمانی بوونی ئەو دوو نەتەوەیە، ئیدی پێیانوابووە کە زمانی فارسیش هەر پاشماوەی زمانی پەهلەوییە، بەڵام کاتێک زمانی پەهلەوی لەگەڵ زمانی کوردی و فارسی بەراورد دەکەین، وەک خۆری ئاسمان دەردەکەوێ کە ئەوانە سەرچیغ ڕۆیشتوون و کەج نیشانەیان گرتووە، چونکە پەهلەوی و کوردی سازگارن و لە یەکترییەوە نزیکترن. زۆر پێویستە کە ئەمانە لەبەرچاو بگرین:

١- دوو پیتی بێدەنگ لەدەستپێکی وشە لە زمانی پەهلەویدا هەن، وەک برات؛ لە کوردی بووە بە برا و لە فارسی بە برادر دەنووسرێ بە ‹بەرادەر› گۆ دەکرێ و دەخوێنرێتەوە؛ برۆک، برۆی، لە کوردی بووە بە برۆ، لەفارسیدا بووە بە ئەبرو؛ فریات، لە کوردی بووە بە فریاد، لە فارسی بە فریاد دەنووسرێ و بە فەریاد گۆ دەکرێ؛ ستار، لە کوردی بووە بە ‹ستێر› و ‹ئەستێرە›، لە فارسی بووە بە سەتارە؛

درێچ، لە کوردی بووە بە درێژ و لە فارسی بووە بە دەراز؛ سپوک لە کوردی بووە بە سووک، لە فارسی بووە بە سەبوک (سبوک)؛ فریو، لە کوردی بووە بە فریو، لە فارسی بە فریب دەنووسرێ بە فەریب دەخوێنرێتەوە. لەهەندێک وشەی دیکەدا ئەگەر دوو پیتی دەنگدار لە دەستپێکدا هەبن، ئیدی ‹کەسرە› مامەندی عەرەبی یان ‹ێ› یان ‹ۆ›ی سووک بە دوای پیتی یەکەمدا زیاد دەکرێ، وەک سپید، لە کوردی بووە بە سپی لە فارسی بە سفید دەنووسرێ و بە (سێفید) دەخوێنرێتەوە؛ ستایشن، لە کوردی بووە بە ستایش، لە فارسی بە ستایش دەنووسرێ بە سێتایش دەخوێنرێتەوە؛ دروشت، لە کوردی بووە بە درشت، لە فارسی درشت دەنووسرێ بە دۆروشت دەخوێنرێتەوە. لەم ڕوانگەیەوە، پەهلەوی و کوردی سازگار و وەک یەکن، هاتنی دوو پیتی بێدەنگ لە دەستپێکی وشەدا ئاسایی و سروشتییە، کەچی دوو پیتی بێدەنگ لە دەستپێکی وشەی زمانی فارسیدا بە دەگمەن بەرچاو دەکەوێ، تەنیا ئەگەر هەردوو پیتی ‹ف› و ‹ر› بن، بێ دەستکاری دەخوێنرێنەوە، وەک فروغ، فروهەر، فروزان، فرو.

٢- پیتی ‹س›ی زۆر وشەی پەهلەوی لە زمانی فارسیدا بۆ ‹هـ› دەگۆڕدرێن، بەڵام لە کوردیدا گۆڕانییان بەسەردا نایێ و مینای خۆیان دەمێننەوە. وەک: ئاسک، لە کوردی ئاسک ماوەتەوە و لە فارسی بووە بە ئاهو؛ ئاسن، لە کوردیدا بە ئاسن و هەسن ماوەتەوە، بەڵام لە فارسیدا بووە بە ئاهن.

٣- لە زۆربەی ئەو وشانەی پەهلەوی کە کۆتاییان بە پیتی ‹ذ› هاتووە، لە کوردی بۆ ‹ز› گۆڕاوە، بەڵام لە فارسی بووە بە ‹د›. نموونە: گومبەذ، لە کوردی بووە بە گومبەز و گومبەت، کەچی لە فارسیدا بووە بە گونبەد(گنبد)؛ پاذ، لە فارسی بووە بە پاد.

٤- زۆربەی پیتی ‹ێ›ی وشەکانی پەهلەوی لە کوردیدا وەکوو خۆیان ماونەتەوە، بەڵام لە زمانی فارسیدا بۆ ‹ی› گۆڕدراون، وەک: شێر، لە فارسی بووە بە شیر، لە کوردیدا هەر بە شێر ماوەتەوە؛ سێر، لە فارسی بووە بە سیر، کەچی لە کوردیدا بوو بە تێر (بۆ جیاوازیکردن و هاوێرکردنی لە گیای خۆراکی سیر)؛ سێپ، لە فارسی بووە بەسیب، کەچی لە کوردیدا بووە بە سێڤ و سێو؛ دلێر، لە فارسی بووە بە دەلیر، لەکوردی هەر بە دلێر ماوەتەوە؛ شێپاک لە فارسی بووە بە شیوا(شیڤا)، لە کوردی بووە بە شێوا. ئامێز، لەفارسی بووە بە ئامیز و لە کوردیدا هەر بە ئامێز ماوەتەوە؛ پێشۆپای، لە فارسی بووە بە پیشوا و رهبر(پیشەوا و ڕەهبەر) لە کوردی بووە بە پێشەوا. واتە

ئەو وشە پەهلەویانەی کە پیتی ‹ێ›یان تێدایە لە کوردیدا وەک خۆیان ماونەتەوە، بەڵام لە فارسیدا بۆ ‹ی› گۆڕدراون، بەوهۆیەشەوە کوردی نزیکتر و ڕاستتر خۆی دەنوێنێ.

٥- ئەو وشانەی کە پیتی یەکەمیان ‹س›ە، لە زمانی پەهلەوی هەر بە ‹س› گۆکراون، هەروەها لە زمانی کوردیشدا هەر بە ‹س› گۆ دەکرێن، کەچی زۆرینەیان لە زمانی فارسیدا بۆ ‹ئیس› دەگۆ دەکرێن. بۆ نموونە: وشەی سپاهان بووە بە ئیسفاهان و دواتر بووە بە ئیسفەهان (اصفهان). بۆ نموونە: ستۆکهۆلم پێتەختی وڵاتی سویدە و کورد هەر بە ستۆکهۆلم گۆی دەکا، کەچی فارسەکان بە ئیستۆکهۆلم دەریدەبڕن.

٦- پیتی ‹ژ›ی زۆربەی وشە پەهلەویەکان لە فارسیدا بۆ ‹ز› یان ‹ج› گۆڕدراون، بەڵام لە کوردیدا وەک خۆیان ماونەتەوە، وەکوو: ئامۆژگار، لە فارسی بووە بە ئاموزگار؛ هەژدە، بووە بە هجدە؛ ئەرژ بووە بە ئەرج (ارج)؛

٧- پیتی ‹ۆ›ی زۆربەی وشە پەهلەویەکان، لە زمانی کوردیدا وەک خۆیان ماونەتەوە، بەڵام لە زمانی فارسی بۆ ‹و› گۆڕدراون یان وشەکە بۆ خۆی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، وەک: درۆ، درۆغ، لە کوردی بە درۆ ماوەتەوە، لە فارسی بووە بە دروغ؛ دۆست لە کوردی بە دۆست ماوەتەوە و لە فارسی بووە بە دوست؛ بۆر، لە کوردی بە بۆر ماوەتەوە و لە فارسی بووە بە بور(رنگ بور)؛ ڕۆچ، لە کوردی بووە بە ڕۆژ و لە فارسی بووە بە روز؛ سۆزاک، لە کوردی بە سۆزان ماوەتەوە و لە فارسی بووە بە سوزان؛ گۆناک، لەکوردی بە گۆنا ماوەتەوە و لە فارسی بووە بە سیما؛ شکۆفەک، لە کوردی بووە بە شکۆفە و لە فارسی بووە بە شکوفە؛ هۆشیار، لە کوردی بە هۆشیار ماوەتەوە و لە فارسی بووە باهوش، یان هوشیار؛ کەپۆتەر، لەکوردی بووە بە کۆتر و فارسی بووە بە کبوتر (کەبوتەر)؛ کۆی لە فارسی بووە بە کوی و کوچە، لە کوردی بووە بە کۆڵان؛ کۆر، لە فارسی بووە کور، لە کوردی بە کۆر و کوێر ماوەتەوە؛ کۆشیتار، لە فارسی بووە بە کوشا، لە کوردیدا پیتەکان پاش و پێشیان پێکراوە و بووە بە تێکۆشا، واتە پیتی ‹ۆ› هەر ماوەتەوە؛ ڕۆچن، لە کوردی بووە بە ڕۆچنە، لە فارسی بووە بە دەریچە(دریچە)؛ ڤێنۆک، لە فارسی بووە بە نخود، بەڵام لە کوردی بە نۆک ماوەتەوە؛ تەکۆک، لە فارسی بووە لیوان و بە زەرفێ ئاب خوری (ظرف آب خوری)، بەڵام من لەبیرمە جاران بەو جامەی کە لەدار دروست دەکراو ئاوی پێدەخورایەوە، دەگوترا کۆتک، واتە پاش و پێش بە وشەکان کراوە؛ سۆتەک، لە فارسی بووە فرسودە(فەرسودێ) و لە کوردی بە سۆتەک ماوەتەوە؛

لە دووەمین بڕگەدا کۆمێک وشە لە نێوان پەهلەوی (ئەشکانی و ساسانی)، کوردی و فارسیدا بەراورد دەکەین، لەوانەیە ئاکامێکی باشتر وەدەست بێ:

ئەشکانی ساسانی کوردی فارسی

**وخاردن خواردن خواردن، خارن، واردن(هۆ،ز) خوردەن**

**وخاستن خواستن خواست، خاستن خواستەن**

**ئەز ئەز، من ئەز، من مەن**

**ڕاشت ڕاست ڕاست، ڕاشت(ز) ڕاست، موستەقیم**

**سارغ سال ساڵ،سار(هـ) سال**

**واد، ڤاد وات، بات، واد با، ڤا(ز) باد**

**خوفت خوەفت خەوت،خەفت خابید(خوابید)**

**زەرا زرێهـ، دەریا دەریا، زەریا دەریا**

**ئاسۆن ئاسن ئاسن، هێسن ئاهەن(آهن)**

**شاتیفت شاتی شادی شادی**

**خوەش خوەش خوەش(ب)، خۆش، وەش(ز) خوشمەزێ(خوشمزە)**

**هری سێ سێ،هری(ز) سێهـ (سە(**

**ڤاران ڤاران،**

**واران باران، واران(هۆ) ڤارون(ز) باران**

**وزورگ ڤوزورگ، مەزن ڤوزرگ(ز)، مەزن،گەورە بوزرگ(بزرگ(**

**ئانید ئانیت ئانی(ب)، هێنای ئاورد (آورد(**

**واخت گۆپت وات(هۆ)، وتی، گۆت گوفت(گفت(**

ڕاستییەکەی پێشتر ئاماژەمان پێکردبوو کاتێک کە پارسەکان لەژێر دەستەڵاتی میدەکاندا بوون، ئارەزوومەندانە زمانی خۆیان وندا کرد، مێشک و زمانی خۆیان لە پەیڤی میدی داگرت،؛ هەروەها کاتێک هەخامەنشیەکان دەستەڵاتیان لە دەستی میدەکان دەرهێنا، زمانی پارسییان زیندوو نەکردەوە، بەڵکو هەر زمانی میدیان سەردەست کرد؛ دواتریش لەسەردەمی پەهلەوی ئەشکانی و پەهلەوی ساسانیدا، دیسانەوە هەر لەژێر کاریگەری زمانی پەهلەوی دابوون، لێرەدا بۆ سەرڕاست کردنەوەی نزیکایەتی زمانی کوردی و پەهلەوی، ئەم وشانە بەراورد دەکەین، هەرچەندە لەوانەیە پێشتر فارسەکانیش وەکو ئێمە وشە دێرینەکانی پەهلەویان بەکارهێنابێ، بەڵام ئێستا هێدی

هێدی بەرەو زمانی عەرەبی و دەڕۆن و باوەشیان بۆ عەرەبی گرتۆتەوە، بۆیە ئەو وشانە دەنووسین کە ئێستا لە نووسیندا بەکار دەهێنرێن و لە فێرگەکاندا دەخوێنرێن، کە فارسەکان بە ‹زبان معیار› ناوی دەبەن:

پەهلەوی کوردی فارسی
**بامیک بامۆک، پڕشکۆ باشکوه**
**براتیهـ براتی، برایەتی بەرادەری(برادری)**
**بورز بەرز بولەند**
**بونەدار بنەدار بون درەخت**
**بونەک بنکە ستاد، قرارگاه**
**بێت، بیت بێت، بیت**
**ئەگەر ئازا بێت باشەد**
**ئەگەردەلیر باشەد**
**بێش، دەرد ئێش، دەرد زەجر، دەرد**
**بەشن بەژن، باڵا قەد، باڵا**
**بەهرەوەر بەهرەوەر، بەهرەمەند بەهرەمەند**
**بەور بەور بەبر**
**پایەستەک پێویست لازم، بایەست**
**پوس پس(ب) پێسەر(پسر)**
**پەڕ پەڕ پەر و بال**
**پەڕەک پەڕاوێز حاشیە، فەراویز**
**پەهرێچ پارێز پەرهیز**
**تۆم، توخم تۆو، توخم بەزر (بذر)**
**تەڕ تەڕ خیس**
**تەنوک تەنک، زراڤ نازک**
**چاپوک چاپوک چابوک(چابک)**
**چاشت چاشت، چێشت سوبحانە، ناشتا**
**چۆڕ چرگ، چۆڕگ قەرقاڤول(قرقاول)**

خوان خوان ئەدیم، سفره

خوه خوه، خۆ خود

خوەدای خوەدی، خودان صاحب

خوەش خوەش(ب)، خۆش خوش، نیک

خۆرتەک خۆرت(ب) جدی

خۆسور خەزوور پدرزن

درۆزن درۆزن دروغگو، کازب

دوت دو(ز)، دوکەڵ دود

دولەک، دۆرەک دەولک دەلو، سەتل

دیتار دیتراو مەرئی(مرئی)

دیتیشن دیمەن مەنزەرە (منظره)

دەربەند دەربەند، بەنداو سەد، ئاب بەند

دەستکاری دەستکاری، کاری دەستی کارێدەستی

(کاردستی)

دەستگراو، دەستگیر دەستگیرکراو، گیراو بازداشت شوده، تەوقیف(توقیف)

دەهیو، روستا دەو(ز)، دێ، گوند روستا

ڕستەک ڕستە جوملە(جملە)

ڕووتەک ڕووت لوخت، (برهنە)

زاکیهـ زارۆک فەرزەند

زوان، ئوزوان زوان، زمان زەبان(زبان)

زێنەڤاند زێرەڤان دیدەبان، مراقب

ژوزەک ژوشک، ژوژی خارپشت، جوجەتیغی

ستورگ ستور، ئەستور خەشن، زبر

سێ ئێک سێ یەک،سێ ئێک یەک سوڤەم

سەر، سەرێنیش سەرەتا ئاغاز (آغاز)

شکۆد شکۆ شکوه

شوپان شوان، شڤان چوپان

شێپیشن شێواندن ئیغتشاش

فرەهـ فرە فەراوان

ڤاران ڤاران(ز)، باران باران

ڤیر ڤیرسۆ(ز)،بروسک ڕەعد (رعد)

ڤێڤەک بێوە، ڤێڤەک(ز) بیوە

ڤەرچ ڤەرجۆ ، پەرجۆ موعجیزە(معجزە)

ڤەشتەک نێڤەش، نەخۆش مەریز(مریض)

ڤەفر، وەفر ڤەور(ز)، بەفر بەرف

ڤەلگ، ڤەرگ پەلک، ڤەلگ(ز) بەرگ(برگ)

کوو کوو، لە کوێ، کوا کوجا (کجا)

کێ کێ کی(چە کسی)

کیر، کێر کیر، کێر زەکەر(ذکر)

کێم ڕەنج کێم ڕەنج، کەم ڕەنج کەم زەجر

کەڕەت کەڕەت دەفعە (دفعە)

کەسان کەسان، کەسەکان ئەشخاس، ئەفراد

کەفچک کەوچک، کەفچک قاشوق (قاشق)

کەنیچەک،

کەنیک کەنیشک، کچ، کناچێ(هۆ) دوختەر(دختر)

کەهروپا کەهرەبا، کارەبا بەرق(برق)

کەهون،کەهوەن کەون(هـ)، کەهان(ز)، کۆن کوهەن (کهن)

گومبەت گومبەت گونبەد

گۆز، گوچ گوێز، گیز گەردو(گردو)

گەوەڕ گەوەڕ گودال

مانتەن، ماندەن مانەوە، ماوە باقی ماندەن

میزیشن میزتن شاشیدەن

مەزگەت مزگەوت نەمازخانەمە

مەشیە، میترێ مەشیە، مرۆڤ ئادەمی، ئینسان

نپیستار نڤیسەر، نووسەر کاتب، نڤیسەندە

نیکار، نیگار نیگار، نەخش نەقش(نقش)

**نەخچیر نێچیر شکار**

**هۆشتاپ هەشتاو شتاب**

**هێت، هێژ هێز نیرو**

**هێت هەیت هەستید(هستید)**

**هیم هەیم(هەم) هەستەم(هستم)**

**هەگریز هەرگیز هەرگیز**

**هەمیهـ هەمی، هەموو مەجموع، کول، همە**

**واچ واچ(هۆ)، وشە(س)، بێژە(کر) واژە، کەلـەمێ**

**وێناپ وێنا تەسەڤور(تصور)**

**وێنەک وێنە تەسویر، عەکس**

**وەهان وەهۆی، بەهۆی سەبەب**

**وەیات وەیاد حافظە**

**ئاپسەر سەراو، سەراڤ سەر چەشمە**

**ئاتر، ئاتەر ئاگر، ئادر(ز) ئاتەش (آتش)**

**ئادوێنەک ئاوێنە ئایینە (آیینە)**

**ئاسیاو، ئاسیاپ ئاسیاو، ئاش ئاسیاب**

**ئامێچ ئامێز بەغەل(بغل)**

**ئوستان هەستان بەرخاستەن**

**ئیدەر ئەڤدەر، ئیدەر ئینجا، دەر ئینجا**

**ئێزم، هێزۆم ئێزم(ز)، ئێزنگ هیزۆم(هیزم)**

**ئەڤدۆمیهـ، ئەپدۆم دویماهی ئاخر (آخر)**

**سێوەگ سێوی، هەتیو یەتیم (یتیم)**

لە دویماهی ئەم بەشەدا لە ڕێی چەند ڕستەیەکەوە نزیکایەتی نێوان زمانی کوردی و پەهلەوی ساغ دەکەینەوە:

**پەهلەوی:** فریهەم تۆەی.

**کوردی:** خۆشەویستم تۆی

**فارسی:** مەحبوبێ مەن تو هەستی. محبوب من تو هستی

**پەهلەوی:** زەمانیمان ئاپگەنی هێد.

**کوردی:** زەمانمان ئاوگەنی دەبێ(زەمانمان تێپەڕ دەبێ))
**فارسی:** زەمانێ ما سێپەری می شەوەد. (زمان ما سپری می شود).
**پەهلەوی:** خوەمنیم دیت راست بوود.
**کوردی:** خەونی دیتم، راست بوو
**فارسی:** خواب کە دیدە بوودەم ڕاست بود.(خواب که دیده بودم، راست بود).
**پەهلەوی:** تۆ منەی خوەدای.
**کوردی:** تۆ خودای منی.
**فارسی:** تو خودایەم هەستی (تو خدایم هستی).
**پەهلەوی:** وە تان نە ئامورزید هێند.
**کوردی:** بەزەییت بەوان نەهات.
**فارسی:** بە ئانها رەحم نەکەردی. (به آنها رحم نکردی).
**پەهلەوی:** من پۆ ئەشما تیسوز نە وینەست.
**کوردی:** من هییچ بەدیم بەتۆ نەکردووە.
**فارسی:** من بەدی بە تۆ نەکردەم (من به تو بدی نکردم).
**پەهلەوی:** ئەوش دەست ئەهەنوز نێ شووشت.
**کوردی:** ئەو تا هەنووکە دەستی نەشووشتووە.
**فارسی:** او هنوز دست های خود را نه شسته است.
**پەهلەوی:** ئەما تۆ دید هێ.
**کوردی:** مە تۆ دیت. (ئێمە تۆمان دیت).
**فارسی:** ما تو را دیدیم.

### ڕەسەنایەتی پیتی ‹ۆ›ی کۆتایی

لە کۆتایی هەندێک وشەی پەهلەویدا، پیتی ‹و› یان ‹ۆ› نووسراوە، زۆربەی زمانزانە ئێرانییەکان هەبوونی ئەو پیتە لە کۆتایی ئەو وشانەدا بە زیاد دەزانن و پێیانوایە کە بۆ بێدەنگکردنی وشەکە داندراوە. ئەو بۆچوونەوەش لەوە سەرچاوەی گرتووە کە هەبوونی ئەو پیتە لە کۆتایی وشەکاندا، لە فارسیدا بێواتا خۆی دەنوێنێ.

ڕاستییەکەی ڕۆژهەڵاتناس و شارەزایانی زمانە دێرینەکان لەو باوەڕەدان کە لە فارسی باستاندا پیتی ‹ۆ› یان وای ڕاکێشراو (وو) لە کۆتایی ڕەگ (ڕەگی کار و

قەدی چاوگ)دا دەگمەن بوون، تەنیا ئاماژە بە وشەی ‹تەنوو› کراوە، کە ئەویش لە سانسکریتی و ئاڤێستایی هەر تەنوو بووە، بە گریمانی زۆریشەوە لەوان وەرگیراوە. لەلایەکی دیکەوە لە نێو زمانی ئاڤێستاییدا ژمارەی ئەو وشانەی کە کۆتاییان بە ‹ۆ› هاتووە، یەکجار زۆرن، بۆ نموونە: [زرەیۆ، مەنۆ، زوورۆ، ڕەئۆچۆ، مینۆ]، هەڵبەت زمانی میدی (مادی) و ئاڤێستایی هەر یەکزمان بوون، هەروەها پەهلەوی ئەشکانی و پەهلەوی ساسانیش درێژەپێدەری زمانی میدین، بۆیە ‹ۆ› و ‹وو› لە کۆتایی ڕەگی کار و لە کۆتایی وشەکاندا مابوونەوە. ئێستاش لە زمانی کوردیدا ئەو ڕەگانەی کە کۆتاییان بە ‹ۆ› یان ‹وو› هاتووە، بەرچاون، بۆ نموونە: [ ڕۆ، ڕەگی ڕۆیشتن؛ خۆ، ڕەگی خواردن؛ شۆ، ڕەگی شووشتن و شۆردن]. هەروەها پیتی ‹ۆ›ی کۆتای وشە زاراوەکانی کردکیدا (زازاکی) و کرمانجی و بادینیدا هەر ماوەتەوە. ئەمڕۆ ژمارەی ئەو وشانەی زمانی کوردی کە کۆتاییان بە ‹ۆ› هاتووە هێندە زۆرن و ناتوانین بیانژمێرین.

بەهۆی بێ ئاگایی لە زمانی کوردی، مخابن ئەوانەی بەردنووس و دەستنووسەکانیان خوێندۆتەوە، ئەو پیتەیان بە زیادە وێنا کردووە و بە بێدەنگکردنی وشە وێنایان کردووە، هەربۆیە، وێڕای ئەوەی کە وشەی ئیرانویچۆ تۆمار کراوە، کەچی ئەوان بە ئیران ویچ دەیخوێننەوە. پاپەکانۆ یان پاپکانۆ تۆمار کراوە، ئەوان بە پاپەکان دەیخوێننەوە. نووسراوە یەسینۆ، ئەوان بە یەزدان دەیخوێننەوە (هەر یەسن و مەزنی کوردین).

لەلایەکی دیکەوە، بۆ کورد شاراوە نییە، کە لە زۆربەی زاراوەکانی کوردیدا، لە هەندێک ناو و جێناو، پیتی ‹ۆ› بۆ نێر و ‹ێ› یان ‹ا› بۆ مێ ماوەتەوە. لە کردکیدا دەگوترێ:

١- ئازادۆ نان وەنۆ (ئازاد نانی دەخوا). ‹ۆ› بۆ نێر.

٢- شیلانا نان وەنا (شیلان نانی دەخوا). ‹ا› بۆ مێ.

هەروەها چەند دێڕیک لەم سترانە فۆلکلۆرییەی کرمانجیش دەنووسینەوە کە زۆر بە ئاشکرا ‹ۆ›ی کۆتایی وشە بەدیار دەکەوێ و خۆی دەنوێنێ:

تو ژ نۆبێ وەرە خوارۆ، هەی لۆلۆ لۆ وەی لۆلۆ لۆ،
شەڤ یەکە و دز هەزارۆ.
لاوکۆ نۆبەتدارۆ، هەی لۆلۆ لۆ وەی لۆلۆ لۆ،
شەڤ یەکە و دز هەزارۆ.

لەلایەکی دیکەشەوە، لە ئامرازی بانگکردندا جیاوازی لەنێوان نێر و مێدا هەیە. بۆ نێر (هۆ، ۆ) و بۆ مێ (هێ، ێ) دەکار دەکرێ. بۆ نموونە:

١- ۆ بۆ نێر: هەڤالنۆ ڕابن.

٢- هۆ بۆ نێر: هۆ پێشمەرگە، وەلاتێ خۆ بپارێزە.

٣- ێ بۆ مێ: پوورێ وریابە، نەکەویت.

٤- هێ بۆ مێ: هێ دلبەرا من، بەرسڤا من بدە

**جێناوی ئاماژە (نیشانە)**

لە زمانی ئاڤێستاییدا جێناوی ئاماژەی کەسی، ‹ئیەم› و ‹ئیمای› بۆ تاکی نزیک و دوور، هەروەها ‹ئەڤە› و ‹ئەڤەنا› بۆ کۆی نزیک و دوور هەبوون. لە پەهلەویدا ‹ئیەم یان ئیم) و ‹ئێن› بۆ تاکی نزیک، ‹ هەوو› یان ‹هان و هو› بۆ تاکی دوور، هەروەها ‹ئۆیشان› بۆ کۆی نزیک، ‹ئەڤێشان› بۆ کۆی دوور و ‹ئۆشان› بۆ کۆی دوورتر هەبوون. ئێستا لە نێوا زمانی کوردیدا بەم شێوەیەن:

زاراوەی سۆرانی: ‹ئەمە› بۆ تاکی نزیک. ‹ئەو› بۆ تاکی دوور، ‹ئەوێهێ› بۆ تاکی دوورتر، هەروەها ‹ئەمانە› بۆ کۆی نزیک، ‹ئەوانە› بۆ کۆی دوور و ‹ئەوانێهێ› بۆ کۆی دوورتر هەن.

لە زاراوەی بادینیدا: ‹ئەڤە› (ڤی بۆ نێر و ڤێ بۆ مێ) بۆ تاکی نزیک، ‹ئەو› (وی، وێ) بۆ تاکی دوور و ‹ئەوێها - بۆ نێر› و ‹ئەواها- بۆ مێ›، بۆ تاکی دوورتر هەن.

لە هۆرامیدا ‹ئێڎ› بۆ تاکی نزیک، ‹ ئاڎ› بۆ تاکی دوور و ‹ئوڎ› بۆ تاکی دوورتر. هەروەها ‹ ئێڎێ› بۆ کۆی نزیک؛ ‹ئاڎێ› بۆ کۆی دوور و› ئوڎێ› کۆی دوورتر.

لە زمانی فارسیدا ئین(این) بۆ تاکی نزیک و ئان (آن) بۆ تاکی دوور، هەروەها ئینها (اینها) بۆ کۆی نزیک و ئانها (آنها- آن ها) بۆ کۆی دوور هەن.

جێناوی ئاماژەی شوێن لە زمانی پەهلەوی ساسانیدا، بریتی بوون لە: ‹ئیتار، ئاڤار› بۆ نزیک، ‹ئۆد، ئانۆد› بۆ دوور و ‹ئۆرۆن› بۆ شوێنی دووتر بەکار دەهێنران، ئێستا لە نێو زمانی کوردی بەم شێوەیەن:

لە زاراوەی سۆرانی،بە ‹ئێرە› بۆ نزیک، ‹ئەوێ› بۆ دوور و ‹ئەوێندەرێ› بۆ دوورتر هەن.

لە زاراوەی بادینیدا، ‹ڤێرێ› بۆ نزیک و ‹وێرێ› بۆ دوور و ‹وارا› بۆ دوورتر جێوارن.

لە هۆرامیدا، ‹ئینە› بۆ نزیک؛ ‹ئانە› بۆ دوور و ‹ئوونە› بۆ شوێنی دوورتر هەروەها لە زمانی فارسیدا، ئینجا (اینجا) بۆ شوێنی نزیک و ئانجا (آنجا) بۆ شوێنی دوور وەک جێناوی ئاماژەی شوێن هەن.

## ڕۆڵی پاشگری ‹ك› لە چێکردنی وشەدا

لە زمانی پەهلەویدا پاشگری (ک) هەبووە، بەوهۆیەوە چ بە تەنیا و چ بە هاوکاری پیتی دیکە، بە چەندین شێواز، ڕۆڵی خۆی لە دروست کردنی وشەدا گێراوە.

١- (ک) بۆ دروستکردنی وشەی نوێ.

وەک: پەهلو+ک= پەهلوک؛

٢- (ەک) بۆ بچووک کردنەوە.

وەک: وەرد+ەک= وەردەک؛ نیهات+ەک= نیهاتەک؛ پەشم+ەک= پەشمەک؛ ڕۆچن+ەک= ڕۆچنەک؛ پەنج+ەک= پەنجەک؛ پووت+ەک= پووتەک؛ ڤێشات+ەک= ڤیشاتەک؛ پاپ+ەک= پاپەک.

٣- (وک) بۆ دروستکردنی وشەی نوێ.

وەک: تەن+وک= تەنوک؛ بان+وک= بانوک؛ بورز+وک= برزوک؛ پاز+وک= پازوک؛ پەڕ+وک= پەڕوک؛ تور+وک= توروک؛ دان+وک= دانوک.

٤- (ۆک) بۆدوست کردنی وشەی نوێ.

وەک: پەرست+ۆک= پەرستۆک، خوەست+ۆک= خوەستۆک؛ ئاتەر+ۆک= ئاتەرۆک.

٥- (ک) دەبێتە پاشگر، بەڵام لە واتای وشەکە ناگۆڕێ.

وەک: دانا+ک= داناک؛ چارە+ک= چارەک؛ پەهلەوی+ک= پەهلەویک؛ بازو+ک= بازوک.

٦- (یک) کە پەسن دروست دەکا.

وەک: بار+یک= باریک؛ بام+یک= بامیک؛ ساهـ+یک= ساهیک؛ ئەپار+یک= ئەپاریک؛ پەڕ+یک= پەڕیک؛ گرام+یک= گرامیک.

ئێستا ئەگەر بەنێو زاراوەکانی کوردیدا بگەڕێین، پاشگری ‹ک› بەهێزی خۆی پێشان دەدا. لە زمانی کوردیشدا ئەرکی جۆراوجۆرەی لە ئەستۆ گرتووە.

١- (ۆک) بۆ بچووک کردنەوە.

وەک: ئازاد=ۆک= ئازادۆک. برایم+ۆک= برایمۆک.

٢- (ک) لە دروستکردنی وشەی نوێدا ئەرکی خۆی جێبەچی دەکا.

وەک: دای+ک= دایک؛ باو+ک= باوک، لاو+ک= لاوک؛ ناز+ک= نازک؛ کار+ک= کارک.

٣- (ک) ئەرکی ناساندن لە ئەستۆ دەگرێ.

وەک: مێر و مێرک؛ ژن و ژنک؛ کچ و کچک؛ کوڕ و کوڕک؛ بەڵام لە زاراوەی سۆرانیدا ‹ەکە› وەک پاشگر دێت و ناوی تاک دەناسێنێ. وەک:

کوڕ+ەکە= کوڕەکە؛ ئەسپ+ەکە= ئەسپەکە؛ نان+ەکە=نانەکە؛ دار+ەکە= دارەکە.

هەروەها (ەکان) وەک پاشگر ناوی کۆ دەناسێنێ، وەک:

کوڕ+ەکان= کوڕەکان؛ ئەسپ+ەکان= ئەسپەکان؛ دار+ەکان= دارەکان؛ بزن+ەکان= بزنەکان.

٤- (یک) بۆ ئافراندنی وشەی نوێ، وەک:

تار+یک= تاریک؛ بار+یک= باریک؛ نێز+یک= نێزیک.

لە زمانی فارسیدا (ک) وەک پاشگر ئەم ئەرکانەی لە ئەستۆ گرتووە.

٥- (ەک) بۆ بچووک کردنەوە، وەک: مەردەک(مردک)؛ زەنەک (زنک)؛ ڕوباهەک (روباهک).

٦- (یک) بۆ دروست کردنی وشەی نوێ،

وەک: (تاریک، نەزدیک/ نزدیک، باریک).

## شێوازی خوێندنەوەی دەقەکان

ئەگەر چەند نموونەیەک لەو دەقانە وەربگرین کە لەلایەن دیترانەوە خوێنراونەتەوە، ئینجا پیتەکانیان لەگەڵ پیتی ئێستا بەراورد بکەین، یەکسەر دەردەکەوێ کە چەندە چەواشەکارییان تێدا کراوە. هەرچەندە من ناتوانم قامکی تۆمەت بۆ تۆژەرە بیانیەکان درێژ بکەم، بەڵام ناچارم کە پیت بە پیت وشەکان بنووسم و دواتر کۆیان بکەمەوە.

ئەم نموونەیە لەلاپەڕە ١٣٥ی پەرتووکی ‹دستور زبان فارسی میانە› تۆمار کراوە و منیش پیتەکانم کۆ کردۆتەوە و بە شێوەیەکی دیکە هاتوونەتە دەست کە زۆر لە ئێستای کوردییەوە نزیکن.

با پیتەکان بەو شێوەیە بنووسینەوە کە تۆمار کراون.

= ئە

= و

=م = هـ

= ن

= یـ

= ت

= د

ئێستا ئەگەر پیتەکان کۆ بکەینەوە، دەبینین کە وشەکان زۆر جیاوازترن لەو شێوەیەی کە ئەوان تۆماریان کردوون. ڕاستییەکەی ئاکام بەم شێوەیە خۆیا دەبێ:

**کەسی یەکەم**: ئەوە هەم (منم)، ئەوە هەیم (ئێمەین).

**کەسی دووەم**: ئەوە هێی (تۆی)، ئەوە هەیت (ئێوەن).

**کەسی سێیەم**: هەیت (ئەوە، هەوە)، ئەوە هەد(ئەوانن).

هەروەها ئەم نموونەیەش لە لاپەڕە ١٧٦ی سەرچاوەی پێشوو وەرگیراوە.

خۆ دەکرێ بەم شێوەیە بخوێندرێتەوە: [ئەپاپ (هەپەپ) گوپتۆ] ئەوان بە ئەپاچ گوفتەن وێنایان کردووە و بە بازگوفتەن لێکیان داوەتەوە، بەڵام ئەگەر ئەپاپ گوپتۆ لەگەڵ (دووپات گوتی، دووبارە گوتیەوە) بەراورد بکەین، ڕاستە و ڕاست دێتەوە. کە وشەکان هەڵدەوەشێنین، وشەی یەکەم بەم شێوەیە دەردەکەوێ: [ئە، پ، ئە، پ]، هەروەها وشەی دووەمیش ئاوا خۆی دەنوێنێ: [گ، و(ۆ)، پ، ت، ۆ]. ئەگەر بۆ زاراوەی کردکی بگەڕێینەوە کەپێشتر ئاماژەمان پێکردبوو، دەبینین چونکە بکەر نێرە ئیدی ‹ۆ› وەردەگرێ. واتە گوپت دەبێ بە گوپتۆ. بەوهۆیەوە دەیناسینەوە کە پیاوەکە دووپات گوتویەتی، بەڵام ئایا ئەمە لەگەڵ زمانی فارسیدا.

## کێشەی هوزواریش چییە؟

دەگوترێ بۆ یەکەمین جار وشەی زەوارش لە پەڕتووکی ئەلفەهرست (الفهرست) ی ئیبن نەدیم دا بەکار هاتووە و مەبەست لەو وشە ئەرمەنی، سریانیانە بووە کە لە نووسراوەکانی پەهلەویدا تۆمار کراون. هەرچەندە هەتا ئێستا لێکدانەوەی جیاواز

بۆ ئەو وشانە کراون، هەریەکە بە ئارەزووی خۆی وێنای کردووە. هەندێک پێیانوایە کە ئەو وشانە لەلایەن میرزاکانی ئەرمەنییەوە تۆمارکراون، بەڵام لە خوێندنەوەدا بە هاوواتاکەی پەهلەوی خوێنراونەتەوە، یان دەگوترێ کە میرزاکانی ئەوێ ڕۆژێ گۆکردنی هوزواریشەکانیان نەدەزانی، بەڵکو تەنیا بە وێنەکە، وشەکەیان دەناسیەوە. ئەم بۆچوونە هیچ بنەمای زانستی نییە، چونکە ڕێی تێناچێ کە وشەی لەحما بنووسرێ و بە نان بخوێنرێتەوە، یەومەن بنووسرێ بە ئێک ڕۆژ بخوێنرێتەوە، جەلتا بنووسرێ و بە پێست بخوێنرێتەوە، لیلا بنووسسری و بە شەپ بخوێندرێتەوە، بەڵام لەوانەیە میرزاکان، ئەوانەی کە نامەکانیان خوێندۆتەوە، ڕاستەخۆ دەقەکانیان نەخوێندۆتەوە، بەڵکو بۆ ئەوەی بەرانبەرەکەیان تێبگەیەنن، تەنیا ناوەڕۆکەکانیان بۆ وەرگێڕاون.

هەرچەندە کە ڕۆژهەڵاتناس و زمانناسان ئەمەیان بە کێشەیەکی گەورە پێشان داوە، چونکە وەک گرێکوێرە بە ئاسانی ناکرێنەوە. بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەو کێشەیە، بۆ یەکەمین جار نزیکەی حەفت سەت وشەی هوزواریش لە فەرهەنگی پەهلەویکدا کۆ کرانەوە و ڕادەستی نووسەران کران. ژاڵە ئامۆزگار، شارەزا لە زمانی پەهلەوی، پێیوایە کە تێکڕا سێ سەت وشەی هوزواریش لە نووسراوەکانی پەهلەویدا بەکار هاتوون.

هەندێک پێیانوایە کە ئەو وشانە بە وەرگیراو لە زمانی دیتران پێوانە ناکرێن، چونکە تەنیا وەک جفرەیەک نووسراون!! من دوو هۆکار بۆ ئەو وشانە دەبینم.

١- لەگەڵ هاتنی عـەرەب و ڕووخـانـی ئیمپراتۆریەتی ساسانی، ئیدی هەموو نووسراوەکان سووتێندران و فەوتێندران، دواتر لە سەدەی سێیەم و چوارەمی کۆچیدا ئەو کەسانەی کە دەقەکانیان لەبیر بوو، دووبارە ئەو دەقانەیان نووسیەوە، بێگومان نووسەرەکان لەژێر کاریگەری زمانی عەرەبی دابوون، بەهۆی ئەوەی کە زمانی عەرەبی، زمانی فەرمانڕەوایەتی خەلافەتی ئەمەوی و عەباسی بوو، وەک زمانێکی پیرۆز وێنا دەکرا، هەم زمانی دینی ئیسلام بوو، هەمیش وەک زمانی بەهەشتیان بانگەشەی بۆ دەکرا، بەوهۆیەوە سەرپشک و پیرۆز کرابوو.

٢- عەرەبە دەمارگیر و توندڕۆکان زمانی پەهلەوییان بە زمانی کافر و بێدینان ناودەبرد، ئەوانەی بەو زمانە دەیاننوسی بە زەندیق دەناسێندران، بۆیە نووسەرەکان ناچار بوون بۆ پاراستنی گیانی خۆیان و لابردنی ئەو تۆمەتە، وشەی ئەرمەنی، سریانی و عەرەبی بەکار بهێنن.

ئەگەر هەندێک وشەی بیانی لەنێو ئەو دەقانەدا وەربگرین، کە لەسەردەمی عەباسیەکاندا جارێکی دیکە بە ئابێی ساسانی نووسراونەتەوە، دەبینین کە هەندێکیان بە هەڵە لێکدراونەتەوە و هەندێکی دیکەش واتاکانیان بە نادیاری ماوەتەوە

ئەم وشەیە لە دوو پیتی (ل، ک) پێکهاتووە، دەتوانین بە لەکە (لَكَ) بیخوێنینەوە، کە واتای بۆ تۆ دەدات، بەڵام ئەوان بە تۆ دەیخوێننەوە، ئەمەش هەڵەیە و واتاکەی دەشێوێ.

ئەم وشەیە لە چوار پیتی (ل، ک، و، م) پێکهاتووە، بە لَكُم (لەکوم) دەخوێنرێتەوە، کە واتای بۆ ئێوە دەدات کەچی ئەوان بە شما (ئێوە) وێنایان کردووە. دیسانەوە واتاکەی لەنگ دێتەوە.

ئەم وشەیە لە چوار پیتی (ح، و، ل، م) پێکهاتووە، بە حولم دەخوێنرێتەوە و واتای خەون دەدات، کەچی ئەوان بە خواب دایانناوە کە واتای نووستن دەدا. هەڵبەت (حلم و نایم)ی عەرەبی لەیەکتر جیاوازن.

ئەم وشەیە لە پیتەکانی (ی، و، م، ک) پێکهاتووە و بە یَومَك (یەومەک) دەخوێنرێتەوە و واتای ڕۆژی تۆ دەدات، کەچی ئەوان بە ڕۆژێک (روزە) وێنایان کردووە.

ئەم وشەیە لە سێ پیتی (م، ی، هـ) پێکهاتووە و بە میاهـ (میاە) دەخوێنرێتەوە کە کۆی ئاوە، کەچی ئەوان بە ئاب (آب) و ڕووبار (رود) وێنایان کردووە. ڕاستییەکەی (ماء) لەگەڵ ئاو (ئاب) هاوواتایە، نەک لەگەڵ میاە.

**بەزۆرەکی پەهلەوی بە فارسی میانە ناودێر دەکەن!**

زمانزان و دیرۆکناسان لەسەر ئەوە ساغ بوونەتەوە کە لەدێریندا لە نێو زاگرۆسنشین و قەفقاسنشینەکاندا هەر سێ زمانی ئاڤێستایی، میدی و پارسی هەبوون، ئاڤێستایی و میدی ئەوەندە لەیەکترییەوە نزیک بوون کە بە یەک زمان پێوانە کراون، کەچی پارسی کە ئێستا فارسەکان ناویانناوە پارسی باستان جیاوازی زۆری لەگەڵ ئاڤێستاییدا هەبووە. وەک مێژوونووسان تۆماریان کردووە کە لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی میدەکاندا، فارسەکانی زمانی خۆیان فەرامۆش کرد، زمانی میدیان هەڵبژارد و پارسی باستان وەجاغ کوێر کرا. بە گریمانی زۆرەوە هەندێک وشەی پارسی باستان خزاوەتە نێو زمانی میدییەوە. لەو سۆنگەیەوە، زۆر هەڵە و ناڕەوایە ئەگەر پەهلەوی ئەشکانی و پەهلەوی ساسانی کە درێژکراوەی زمانی میدین بە فارسی میانە ناودێر بکرێن.

گارنیک ئاساتۆریان، مێژوونووسی ئەرمەنی بە ڕەگەز ئێرانی کە لە ئەرمەنستاندا دەژی و مەیلێکی یەکجار زۆری بەلای فارسەکان هەیە، لە بواری کوردناسیدا پرۆفیسۆرە و لە زانکۆی یەریڤاندا وانەبێژە، ڕاشکاوانە دەڵێ: ‹ئێمە لە ئێرانی پێش ئیسلامدا دوو نەتەوەی گەورەی ماد و فارسمان هەبوو. هەموو ئەو نەتەوانەی کە ئەمڕۆ لەو خاکەدا هەن، لەو دوو نەتەوەیە پەیدابوون. ئەو خەڵکانەی لە باشووری ئێراندا دەژیان، بە زمانی پارسی قسەیان دەکرد، بەڵام ئەوانەی لە باکوور و ڕۆژئاوای ئێراندا دەژیان. بە زمانی مادی قسەیان دەکرد›. ئەم دانپێدانانە خۆی لەخۆیدا پێگەی ناولێنانی زمانی پەهلەوی، بە فارسی میانە هەڵدەتەکێنێ و پووچی دەکاتەوە.

بەڵگەی گرنگ و بەرچاو لەبەردەست دان کە پەهلەوی لە پارسی جیاواز بووە، ئێستا ئەگەر ئەم دێڕە لە بەردنووسی شاپوری یەکەم، لەسەر دیواری کەعبەی زەردەشتیان وەربگرین کە تێیدا هاتووە: «لەنێو ئێرانشاردا، لەنێو پارس و پەهلەو و خوزستان و ئاسوریستاندا››، دەردەکەوێ کە شاپوری یەکەمی کوڕی ئەردەشێری پاپەکان، ‹پارس و پەهلەو›ی بە دوو ناوچەی جیاواز تۆمار کردووە، ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەی جیاوازی نێوان زمانی پارسی و زمانی پەهلەویمان ڕادەست دەکات.ژاڵە ئامۆزگار کە لێکۆڵەرێکی لێهاتووە، شارەزایی زۆری لە زمانی پەهلەویدا هەیە و یەکێکە لەوانەی کە شێلگیرانە بۆ شرۆڤە و لێکدانەوەی وشە و ڕستەکانی زمانی پەهلەوی تێکۆشاوە، سەبارەت بە پەهلەوی دەڵێ: ‹پەهلەوی بەواتای ‹پارتی›یە نەک فارسی، بەڵام لە دێرینەوە نووسراوەکانی زەردەشتیان کە بە ساسانی نووسراون، لە لایەن عەرەبەکانەوە بە فەهلەوی ناونراوە›.

گریمان ئەگەر پێشتر لە ڕووی نەزانینەوە زمانی ‹پەهلەوی›یان بە فارسی میانە ناودێر کردبێ، دواتریش سەرجەم نووسەرانی فارسیزمان، بێپەروا جەختیان لەسەر ئەوە کردبێتەوە و بەزۆرەکی دەستەواژەی پەهلەوییان بە فارسی میانە ناساندبێ، بەڵام ئێستا کە پەردە لەڕوو هەڵماڵراوە، زۆر بە ڕوونی جیاوازی نێوان زمانی پەهلەوی و فارسی ئاشکرا بووە، ئیدی هەندێک بە مەبەست دەستەواژەی فارسی میانە بەکار دەهێنن، هەندێکی دیکەش لە نووسەرانی فارسزمان دێن و بیردۆزی سەیر دەهۆننەوە، دەنووسن کە گوایە وشەی پەهلەوی واتاکەی لێکنەدراوەتەوە و لەوانەیە مەبەست زمانی پارسی یان فارسی باستان بووبێ!! تەنانەت کەسێکی وەک عەلي ئەشرف سادقي (علي اشرف صادقي) کە پێشتر خۆی ڕاشکاوانە نووسی بووی: (دێرینەتیرن قۆناغی زمانی وێژەیی فارسی لە سەدەکانی سێیەم و چوارەمی کۆچیدا دەست پێدەکات، چونکە لە سەردەمی

ساسانیەکاندا پەهلەوی زمانی فەرمی و نووسین بووە، هەندێک جیاوازی سەرەکی لەگەڵ زمانی فارسیدا هەیە، بە شێوەیەک کە ناتواندرێ زمانی فارسی بەدرێژەپێدەر و گۆڕدراوی پەهلەوی بزاندرێ، کەچی سی و دوو ساڵ دواتر، لە وتارێکدا، لەژێر ناوی (یک معني ناشناختة کلمة «پهلوي» در زبان فارسي) سەدان شێر و ڕێوی هێناوەتەوە و پاشان نووسیویەتی (بنابراین عنوان پهلوي در مورد این دو کتاب نیز بە معني «فهلوي» یعني گویشهاي غرب ایران (بەجز کردي) است)، واتە پەهلەوی بە مانای زاراوەکانی ڕۆژئاوای ئێران (جگە لە کوردی) یە. لەسەر ئەو بۆچوونەش هەندێ نموونەی هێناوەتەوە و هەندێ وشەی ڕەتکردۆتەوە و پێیوایە کە پەهلەوی نین!! ئەو نووسەرە، چونکە زمانی کوردی نەزانیوە، ئیدی بە چوار پەل تێکەوتووە. بەهۆی ئەوەی خۆی واتای وشەکانی [بیوەر (دەهەزار/ ز)، کاص (کاس)، کاض (کاز)، هیزەک (هیزە)، تیراست (سێ سەت/ ز)، دێر، گرەگر(گەورە گەورە/ ب)، ڤیڤەک/ ن، گۆری / ب]ی نەزانیوە کە لەهەندێک هۆنراوە و پەڕتووکی دێریندا هاتوون، ئیدی پێیوایە کە ئەم وشانە پەهلەوی نین و دەستکاری کراون؛ کەس نییە بەرۆکی بگرێ و پێیبڵێ کە هەتا ئێستاش ئەم وشانە لە زاراوەکانی زمانی کوردیدا جێوارن و درێژە بە کاروان دەدەن.

ئەم نووسەرە و هاوشێوەکانیان پشتیان لە بیروڕای ڕۆژهەڵاتناس و ئێرانیناسانە ناودارەکانی وەک دیاکۆنۆف، مینۆرسکی، دارمەستیتەر، لودویک ویتگێنشتاین و ئەوانی دیکە کردووە کە ڕاشکاوانە جەختیان کردۆتەوە کە زمانی کوردی لەبنەماڵەی زمانەکانی باکوور و ڕۆژئاوای ئێرانزەمینە، هەر ئەو ڕۆژهەڵاتناس و زمانناسانەش جەختیان لەوە کردۆتەوە کە زمانی کوردی درێژکراوەی زمانی ماد (میدی)یەکانە، هەروەها زمانی میدیش دایکی زمانی پەهلەوی ئەشکانی و ساسانییە. واتە ئەو زمانناس و ڕۆژهەڵاتناسانە پێداگری دەکەن و زمانی کوردی وەک درێژەپێدەری پەهلەوی و میدی و ئاڤێستایی پەسند دەکەن.

ئێستا بە شێوازێکی دیکە دژایەتی زمانی کوردی دەکری، ئەوەتا بۆ لاسەنگ کردنی بەها و دابەزاندنی نرخی زمانی کوردی، هەندێک نووسەر ڕاسپێردراون تا هەندێک زاراوە لە زمانی کوردی بقرتێنن. مخابن ماوەیەکە بە دنەدان و هاندانی سەردەستانەوە، بەشێک لە نووسەران و بەناو مێژوونووسانی ناوچەکە، دەیانەوێ لوڕ، لەک، زازا و هۆرامی لە کورد هاوێر بکەن، ئامانجیشیان ئەوەیە پێگەی زمان و نەتەوەی کورد بە لاوازی پیشان بدا.

**ئاکام:**

١- زمانی پەهلەوی (ئەشکانی و ساسانی) درێژەپێدەری زمانی ماد (مید)ییە. بە دانپێدانانی ڕۆژهەڵاتناس و زمانناسان، زمانی پارسی لە زمانی میدی جیاواز بووە، بەڵام لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی میدەکاندا، پارسەکان پشتیان لە زمانی خۆیان کردوە و زمانی میدیان سەرپشک کردوە.

٢- زمانی ئەو بەردنووسانەی لە زەمانی فەرمانڕەوایەتی ئەشکانی و ساسانی هەڵکۆڵدراون، پاک و بێگرێن، بەڵام ئەوانەی لە سەردەمی عەباسییەکاندا جارێکی دیکە تۆمار کراونەتەوە، بە گریمانی زۆرەوە میرزاکان (ئەوانەی تۆماریان کردۆتەوە) بۆ خۆ خۆشەویستکردن پەیڤی ئارامی، سریانی و عەرەبیان تێکەڵاو کردووە، بەوهۆیەوە کێشەیەکی گەورەیان لەدوای خۆیاندا بەجێهێشتووە.

٣- لە هەنگاوی یەکەمدا. بەهۆی ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی میدیا و لە هەنگاوی دووەمیش بەهۆی ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی ساسانی، دواتریش بەهۆی داگیرکاری و لەیەکتر هاوێربوونی ئەوانەی بە زمانی میدی و پەهلەوی قسەیان دەکرد، چەندین زمانی هاوڕیشە پەیدابوون، کە ئێستا بە کوردی، بەلوچی، تاتی، تالشی، مازنی، گێلەکی، ئاسی و پەشتۆیی ناسراون.

٤- زمانی کوردی بەهۆی سازگاربوونیەوە لەگەڵ پەهلەویێ، لە زمانەکانی دیکە، نزیکتر و لە پێشترە.

٥- ناونانی پەهلەوی ئەشکانی و پەهلەوی ساسانی بە فارسی میانە، هەم هەڵەیەکی گەورەی مێژووییە، هەمیش ستەمێکە و لە نەتەوەی کورد کراوە. لەلایەکی دیکەشەوە هەندێک نووسەری کورد بانگەشەی ئەوە دەکەن کە زمانی پەهلەوی هەمان زاراوەی فەیلی بووە، ئەوان پێیانوایە کە وشەی پەهلەوی بۆ فەیلی گۆڕاوە، ئەمەش هەڵەیەکی گەورە و چەواشەکارییەکی نەبەخشراوە.

**سەرچاوەکان**

١- حسن رضائی باغ بیدی، دستور زبان پارتی(پهلوی اشکانی)، تهران ١٣٨١ خورشیدی.

٢- حمزة بن الحسن الأصفهاني، التنبيه على حدوث التصحيف، الناشر: دار صادر - بيروت ١٩٩٢.

٣- دکتر بهرام فرەوشی، فرهنگ فارسی به پهلوی، چاپ سوم، تهران ١٣٨١خورشیدی.

٤- دکتر یدالله منصوری، فرهنگ ریشەشناختی افعال فارسی میانه (زبان پهلوی)، تهران، آوای خاور ١٣٩٤ خورشیدی.

٥- رضا آقازاده، بررسی دستگاه آوایی زبان پارسی میانه، انتشارات ملرد کرج، چاپ اول ١٣٩٨ خورشیدی.

٦- ژاله آموزگار و احمد تفضلی، زبان پهلوی ادبیات و دستور آن، چاپ چهارم، انتشارات معین، تهران ١٣٨٢ خورشیدی.
٧- فریدون جنیدی، گفتار درباره بلوچ و بلوچستان. بنیاد نیشابور.
٨- فریدون جنیدی، نامه پهلوانی، چاپ نخست ١٣٦٥، تهران.
٩- ماهیار نوابی، اندرز اذربد مارسپندان، متن پهلوی با ترجمه فارسی، از نشریه دانشکده ادبیات تبریز، سال یازدهم، شماره ٥٢، زمستان ١٣٣٨ خورشیدی.
١٠- افضل مقیمی، بررسی گویش گورگانی، چاپ اول، تهران ١٣٨٥ خورشیدی.
١١- آنتوان گیلن، مقدمه رسالهء زبان پارتی، ترجمه: مهدی باقی و مهدی ضرغامیان، چاپ دوم، تهران ١٣٩١ خورشیدی.
١٢- دکتر حمید طاهری، پژوهشی در پیوند تاتی و کردی، https://elmnet.ir
١٣- دیاکنوف، تاریخ ماد، ترجمه کریم کشاورز، انتشارات پیام، تهران ١٣٧٠خورشیدی.
١٤- رهام اشه، زبان پارسیگ(پهلوی)، پارسی از: مریم تاخ بخش و بزرگمهر لقمان، چاپ سوم: ١٤٠٠ خورشیدی.
١٥- رولاند. گ. کنت، فارسی باستان، دستور زبان، متون، واژەنامه، ترجمه و تعقیق: سعید عریان، چاپ دوم ١٣٩٥ خورشیدی، چاپ رامین.
١٦- راستواگویا، دستور زبان فارسی میانه، مترجم: دکتر ولی الله شادان، تهران ١٣٧٩ خورشیدی.
١٧- ڕێکار ئەحمەد، پەهلەوی لەنێوان کوردی و فارسیدا، چاپخانەی کارۆ، ٢٠٢١ زایینی.
١٨- ژاله آموزگار، زبان پهلوی، ادبیات و دستور آن، چاپ چهارم، تهران ١٣٨٢ خورشیدی.
١٩- عبدالعلی کارنگ، تاتی و هرزنی، چاپخانه شفق، تیرماه ١٣٣٣ خورشیدی.
٢٠- علی عبدلی، تالشان کیستند؟، چاپ اول ١٣٩١ خورشیدی، ناشر، نشر جامعەنگر.
٢١- هنریک ساموئیل نیبرگ، دستورنامه پهلوی، جلد دوم، چاپ اول ١٣٨١، چاپ دیبا، تهران.
٢٢- هنریک ساموئیل نیبرگ، دستورنامه پهلوی، جلد اول، چاپ اول ١٣٨١، چاپ دیبا، تهران.
٢٣- گارنیک آساطوریان، کردها و خواستگاه آنها، تهران، ١٣٩٧ خورشیدی.
٢٤- ولادیمیرفئودوروویچ مینورسکی، کردها نوادگان مادها، مترجم: جلال جلالیزاده، ناشر: ژیار، سال چاپ: ١٣٨٢ خورشیدی.
٢٥- ابن بلخی، احوال شبانکاره و کرد فارس، طبع اروپا.
٢٦- رشید یاسمی، کرد و پیوستگی نژادی و تاریخی او، ص ١٦٦،انتشارات امیرکبیر، سال چاپ: ١٣٦٣ خورشیدی.
28- Thomas، Edward، Early Sassanian inscriptions، seals and coins، Publication، London: Trubner & co.، 60، Paternoster Row، 1868.
29- KEIGOU NODA، ERGATIVITY IN MIDDLE PERSIAN، Gengo Kenkyu 84،105125.

# لویس ئۆلسن فاسووم و زمانی کـــــوردی

سەلاحەددین ئاشتی

لویس ئۆلسن فاسووم، ناسراو بە لودویگ فاسووم، ساڵی ١٨٧٩ لە ئەیالەتی «ئیۆوا»ی ئەمریکا، لە نێو بنەماڵەیەکی بە ڕەسەن نۆرویژیدا پێی ناوەتە جەغزی ژیان. فاسووم هەر لە بەرەبەیانی فامین و هەرەتی گەنجییەوە مەیلی بەرەو دنیای ڕووحانی بزاوتووە و لەسەر بڕینی ئەم ڕێبازە ساڵی ١٨٩٤ وەک ئەندامی کلیسای ئێمانوێلی ڕۆژهەڵات وەرگیراوە. ساڵی ١٨٩٥ چۆتە کۆلێژی ئینجیلی لـوتێریی «سەنت ئانسگار» کە ئامانجی پەروەراندن و ڕاهێنانی پیاوان بووە بۆ ئەوەی ببنە کەشیش. سـاڵی ١٨٩٩ بۆ درێـژەدانی خـوێندن چـۆتە ناوەندی دینپـەروەریی «سەنت پاول» و هەتا ساڵی ١٩٠٢ ئەم قۆناخەشی بڕیوە و بۆتە کەشیش و وێدەچێ بڕوانامەی لیسانسی وەرگرتبێ.

فاسووم ساڵی ١٩٠٢، پاش تەواو بوونی خوێندنی، لەگەڵ خاتوو «ئۆدین گرانگارد» ناسراو بە «دینا» زەماوەندی کردووە. پاش دوو ساڵ مانەوەی لە «سلایتۆن» کەشیشی لاو لەسەر پێشنیاری کەشیشێکی ئێرانی بەناوی «مەلەک» بە مەبەستی یاریدەی نەستووریییەکان و بەلەنگازان و پەرەدان بە مەسیحایەتی، ساڵی ١٩٠٥ چۆتە ئێران و لە شاری ورمێ نیشتەجێ بووە و ژن و منداڵیشی لەگەڵ خۆی بردووە. پاش دوو ساڵ کار کردن نەخۆشی ڕوو دەکاتە ماڵیان و ساڵی ١٩٠٧ «ئالفیا»ی نۆبەرەی پێنج ساڵانەیان دەمرێ و لە چیای «سیر» دەنێژرێ. فاسووم لە ترسی ئەوەی نەکا هاوسەرەکەشی تێدابچێ، خێرا دەینێرێتەوە ئەمریکا و خۆی هەتا ساڵی ١٩٠٩ لەوێ دەمێنێتەوە و فێری سۆریانی نوێ و تورکی دەبێ.

ساڵی ١٩١٠، لە «ئێدینبورگ»ی سکاتلەند، کۆنفرانسێک بۆ لێدوان لەسەر کار و چالاکیی میسیۆنێران پێک دێ کە ڕەنگە خودی فاسوومیش تێیدا بەشدار بووبێ. لەم کۆنفرانسەدا بڕیار دەدرێ تاکوو کلیسای لوتێری ئەمریکا، باڵ بە سەر هەرێمی کوردستان، واتە ڕۆژهەڵاتی تورکیا و ڕۆژئاوای ئێران بکێشێ. هەر لەم کۆبوونەوەیەدا «کۆمەڵەی هاوبەشی ئەنجومەنەکانی لوتێریی میسیۆنی ڕۆژهەڵات» دادەمەزرێ. چاپ و بڵاوکرانەوەی گۆڤاری «کوردستان میشنێری» بەرهەمی ئەم کۆنفرانسەیە و فاسووم و هاوڕێیەکی وەک ئێدیتۆری هەڵدەبژێردرێن و ئۆکتۆبری ١٩١٠، یەکەم ژمارەی بە زمانی ئینگلیسی لە ئەمریکا چاپ دەکرێ. لەم گۆڤارەدا کە باسی کار و چالاکییەکانی مسیۆنێران کراوە و گەلێک هەواڵ و

بابەتی سەبارەت بە کوردستانیش ڕەنگی تێدا داوەتەوە، ناوەناوە بەشێوەیەک پەرەپێدانی دینیشی تێدا ڕەچاو کراوە. ئەم گۆڤارە هەتا ساڵی ١٩٢٨ هەر بەم ناوە درێژەی بە مانەوەی داوە و لەو ساڵەوە ناوی گۆڕاوە بە «ئۆریانت میشن».

فاسوومی ئەمریکایی - نۆروێژی، لەسەر ڕاسپاردەی کۆنفرانسی ئێدینبورگ، ساڵی ١٩١١ بە مەبەستی ڕاپەڕاندنی ئەرکی سەر شانی، بنکەی خۆی لە ورمێوە دەگوازێتەوە سابڵاغ، یانی مەهابادی دواتر. پێویست بە وەبیرهێنانەوەیە کە پێش فاسووم و هاوڕێیانی دەستەیەک میسیۆنێری ئاڵمانی لە سابڵاغ بنەیان دانابوو.

ئەم کەشیشە کە هەتا ساڵی ١٩١٦ لە سابڵاغ ماوەتەوە، فێری زمانی کوردی بووە و بەپێی نووسینی خۆی لە کوردستان میشنێریدا میرزا ڕەحمانی حاجی نەوڕۆز، واتە باب و باپیری بنەماڵەی مۆزیقاچی کە ئێستا ناسراون بە «جەننەتی»، بۆتە مامۆستای و لە وەرگێڕانی «ئینجیل»دا یاریدەی داوە و دەبێ هەتا ئەندازەیەکیش لە وەرگێڕانی کۆمەڵێک نزا و پاڕانەوەدا هاوکاری بووبێ. بەپێی دەقی سەرچاوەکان فاسووم لە زمانزانیدا کەسێکی یەکجار وریا بووە و بە حەوت زمانی جیاوازی وەک: سوێدی، دانمارکی، نۆروێژی، ئاڵمانی، کوردی، سۆریانی و ئینگلیسی خوتبەی داوە و یۆنانی، عیبری، فەڕانسەیی و تورکیشی زانیوە.

بەکورتی فاسووم پاش پەیدابوونی بارگرژی لە ناوچەکە و گەڕانەوەی نابەدڵانەی بۆ ئەمریکا لە ساڵی ١٩١٦دا، دەست دەکاتەوە بە خوێندن و ساڵی ١٩١٩ لە کۆلێژی ئۆسکالووسا بڕوانامەی دوکتۆرا وەردەگرێ و دەبێ کتێبی «ڕێزمانی زمانی کوردی بەکردەوە»ی وەک تێزی دوکتۆراکەی پێشکەش کردبێ.

فاسووم کە خۆی بە ئەوینداری کوردان داناوە و سابڵاغی وەک ناوەندی چالاکییەکانی هەڵبژاردووە، ساڵی ١٩١٩ دیسان لێدەبڕێ هەتا بەرەو شوێنی ئاواتەخواستەی بزوێ و هەر واش دەکا؛ بەڵام شەڕی نێوان ئەرمەنی و تاتارەکان لە قەفقاز ماوەیەک پەکی سەفەرەکەی دەخا. دواتر لە ناوچەی ئێرەوان دەست دەکا بە فریاکەوتنی خەڵک و بە سەر بەشی دابینکردنی پێداویستییەکان ڕادەگا.

هەرچۆنێک بووبێ، پێش ئەوەی فاسووم بگاتەوە سابڵاغ و چاوی بە هەرەس‌هێنان و ڕووخانی شوێنی کار و کلیسا و نەخۆشخانەکەیان بکەوێ و لێی ڕوون بێتەوە چی

کەلوپەلی بوویانە نەماوە، ساڵی ١٩٢٠ نەخۆش دەکەوێ و پاش چەند ڕۆژێک دەمرێ و وێڕای ئاواتەکانی لە ئێرەوان دەنێژرێ.

بەکورتی فاسووم وەک مرۆڤێکی بڕوادار و زیرەک و ماندوونەناس، دەتوانێ لە دنیای زمانی کوردیدا خۆی بنوێنێ و چەندین بەرهەم بکاتە دیاری دەستی، کە زۆربەیان وەرگێڕانن و بەشێکیان نووسینی خۆنی و بریتین لە:

١- «کتێبی شێعرانی ڕووحانی»، کە وەرگێڕانە و ساڵی ١٩١٢ بۆ یەکەم جار چاپ کراوە و بەپێی پەراوێزی دوایین لاپەڕەی ئەم بەرهەمە، دەبێ مەبەستی چاپی دەستنووسی بەشێک لەم شێعرانە بێ کە لە یازدە شێعر تێنەپەڕیون. ساڵی ١٩١٤ بۆ جاری دووهەم چاپ کراوەتەوە و پاش پێداچوونەوەیان، شێعرەکان بوونە چل. ئەم چاپەی ئاخری کە هیچ ساڵێکی جگە لە ساڵی ١٩١٢ی بە سەرەوە نییە، دەبێ لە نێوان ١٩١٤-١٩١٥دا چاپ کرابێ و ١٤٠ لاپەڕەیە و بریتییە لە سەد دەستەشێعر. وەک فاسووم دەڵێ نیوەی ئەم شێعرانە لە دەقی ئینجیل وەرگیراون و سرووود و پاڕانەوەکان بە هەوای تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گوتراونەتەوە. ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناوێکە کە خودی فاسووم بۆ ئەو بەشەی کوردستانی داهێناوە و جێگای تێرامانە. ئەم کتێبە بۆتە سەرمەشقی میسیۆنێرە تازەکان و گەلێکی یاریدە داون هەتا هەم فێری زمانی کوردی بن و هەمیش لەگەڵ داڕێژرانی نزا و پاڕانەوە بە زمانی کوردی ئاشنا بن.

لەسەر ڕووبەرگی ئەم کتێبە مۆری فاسووم خۆی دەنوێنێ کە نووسراوە: «فاسووم ساحیبی ئەمریکلی، ساوجبلاغی کوردستانی ئێران». هەڵبەت خوێندنەوەی مۆرەکە شێوەی دیکەش هەڵدەگرێ و دەکرێ ئاواش بێ: «فاسووم ساحیبی ئەمریکلی، ساوجبلاغ، کوردستان، ئێران». دیارە وشەی «ساحیب» لێرەدا بە مانای سەروەرە.

بۆ لێدوانی زیاتر لەسەر ئەم بەرهەمە دواتر دەگەڕێمەوە سەری، کە مەبەستی سەرەکیمە بۆ نووسینی ئەم وتارە.

٢- وەرگێڕانی «ئینجیلی موقەددەس» بە کوردیی موکریانی، کە هەر چوار گێڕانەوەکەی «مەتتا، مەرقۆس، لۆقا و یوحەننا» لەخۆ دەگرێ و ساڵی ١٩١٩ لە ئەمریکا چاپ کراوە و سەرجەم ٣١٨ لاپەڕەیە، بەڵام چەند ساڵێک پێشتر وەریگێڕاوە.

٣- «ڕێزمانی زمانی کوردی بەکردەوە» کە وەک ژێدەرێکی کارپێکراو و گونجاو

داڕێژراوە، بە قەڵەمی خودی فاسووم نووسراوە. ئەم کتێبە کە بریتییە لە ٢٧٩ لاپەڕە هەروەک ئینجیلی موقەددەس ساڵی ١٩١٩ لە ئەمریکا چاپ کراوە. ئەم بەرهەمە جگە لە باسی ڕێزمان چەند دەقێکی دیکەشی تێدایە و بێگومان کورتە پێشەکییەکەی بەیتی «زەنبیلفرۆش» لە ڕووی دەقی «ئۆسکارمان»ی ئاڵمانییەوە نووسراوەتەوە کە چەند ساڵێک پێش فاسووم گەیبوویە سابلاغ و توانیبووی لە گردوکۆی کتێبێکدا سەبارەت بە فۆلکلۆری کوردی سەرکەوتوو بێ و ساڵی ١٩٠٥ لە بەرلین بە ناوی «توحفەی موزەففەرییە» چاپی بکا.

فاسووم هەر لەم بەرهەمەدا دوایین هۆنراوەی «کتێبی شێعرانی ڕووحانی»ی بە هێندێک جیاوازییەوە نووسیوەتەوە کە هۆنراوەی خۆیەتی و وەک سروودێکی نەتەوەیی باسی کردووە؛ تەنانەت گوتوویەتی دەکرێ لەسەر هەوای «بۆ پێشەوە سەربازانی مەسیحی» بگوترێتەوە.

٤- کورتەی بنەماکانی مەسیحییەتی لوتێر؛

٥- نامیلکەی پاڕانەوەی لوتێری؛

٦- کتێبی وانەی قوتابخانە، بەتایبەت جوغرافیا و ئەژماردن؛

٧- دانان و ڕێکخستنی قاموس؛ کە دیارە بەندە ئەم چوار بەرهەمەی دواییم نەدیتوون و جگە لەمانە وێدەچێ سەبارەت بە جوغرافیا و مێژووی کوردستانیش بەرهەمی بووبێ. بەپێی دەقی چەند سەرچاوەیەک دوکتۆر فاسووم دەبێ گۆڤارێکی مانگانەشی بڵاو کردبێتەوە، بەڵام هەتا ئێستا کەس نەیدیتووە، ئەگەرچی لەسەر بەرگی کتێبی ڕێزمانەکەی نووسراوە ئێدیتۆری گۆڤارێکیشە بە زمانی کوردی.

**

وەکوو پێشتر باسم کرد، مەبەستی سەرەکی تیشک هاویشتنە سەر «کتێبی شێعرانی ڕووحانی»یە، کە دوکتۆر فاسووم بە هەڵێنجان لە کۆمەڵێک دەقی دینی بە زمانی کوردی داڕشتوونەوە. ئەوەی دیارە فاسووم لەم نزا و پاڕانەوانەدا کە خۆی ناوی ناون شێعر و زۆرجاران سەربەندیان هەیە، ڕووی کردۆتە کێشێکی ئازاد، کە دەکرێ بڵێین وەک کێشی پەنجەیی یان کێشێکی ئازادی نزیک لە زمانی کوردیدا خۆی نیشان دەدا. سوارەی ئێلخانیزادە سەردەمی خۆی گەڕانەوە سەر کێشی بەیتەکانی

بە ڕێچارەی دەربازبوون لە کێشی عەرووزی داناوە، بەڵام خۆی نەیتوانیوە لە شێعرە کوردییەکانیدا لەم کۆت و بەندە ڕزگار بێ و ئەم دەربازبوونە تەنیا لە چەند شێعرێکی فارسیی ساڵانی دوایی تەمەنیدا خۆ دەردەخا.

لام وایە فاسووم بە وردبوونەوە لە کتێبی «توحفەی موزەففەرییە»ی «ئۆسکار مان» لەلایەک و شێوەی زکر و پاڕانەوەی خۆماڵییانەی کوردی لەلایەکی دیکەوە گەیشتۆتە داهێنانی کێشێکی ئازاد یان بەشێوەیەک هێنانەوە ئارای کێشی بەیتی کوردی و بێگومان دەکرێ خودی شێوازی داڕێژرانی شێعری ئینگلیسیش کاری تێکردبێ. هەر بۆیە بە لای منەوە دەکرێ دوکتۆر فاسووم وەک یەکەم نوێکەرەوەی شێعری نوێی کوردی دابندرێ و سابڵاغ (مەهاباد) ببێتە شوێنی ئەم تازەبوونەوەیە.

ڕاستە فاسووم زۆربەی ئەم شێعرانەی لە زمانی دیکەوە کردوونە کوردی، بەڵام بەپێی سەرچاوەکان وادیارە هێندێکیان هەر خۆی دایڕشتوون. دەقی ئەم شێعرانە گەرچی هەموویان هاندەری مرۆڤن بۆ خوداناسی و دۆزینەوەی ڕێگای ڕزگاری، بەڵام هێڵێکی تازە و ڕێبازێکی نوێن لە وێژەی کوردیدا. وەکوو ئاشکرایە ئەم کتێبە بە بەربڵاوی هەم لە نێو خوێندەواران و هەمیش لە نێو میسیۆنێراندا بڵاوبۆتەوە و دەبێ لە زۆربەی کلیساکاندا کاری پێکرابێ، بۆیە ناکرێ تەنیا وەک هەوڵێکی نەزۆک تەماشای بکرێ. خۆ ڕاستە ئەم کارە دەسبەجێ وێنەی لێ هەڵنەگیراوەتەوە و شاعیرانی بە شوێن خۆیدا پەلکێش نەکردووە و نەیتوانیوە ئاڵوگۆڕێکی خێرا بەدی بێنێ، بەڵام بە ڕۆچوون بە بیر و هەستی شێخ نووری شێخ ساڵح و ڕەوتی دواتری گۆراندا، بۆمان دەردەکەوێ چەخماخەی گەڕانەوە سەر ماکەی خۆماڵی پێش ئەوان بریسکەی داوە. شاعیری ئەمریکایی- نۆروێژی بە وەلانانی قافییە و خۆ نەبەستنەوە بەو هەودایە ڕچەی شکاندووە و لە کوێ بە پێویستی زانیبێ ئاوڕی داوەتەوە سەر قافییە یان وەک لە پاڕانەوەدا باوە، سەربەندی داناوە و دووپاتی کردۆتەوە.

وەکوو باسی کرا، فاسووم پێش ئەوەی بێتە سابڵاغ و فێری زمانی کوردی بێ، چەند ساڵێک لە ورمێ ژیاوە و لە زمانی سۆریانی و تورکی ڕاهاتووە؛ بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ زاڵبوونی ڕێزمانی تورکی بە سەر بیر و زەینیدا، توانیویەتی لە دەقە کوردییەکەشدا ڕەنگ بداتەوە. بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە چەند نموونەیەک دەخەمە ڕوو:

**- خراپە عەفووم بکە؛ کە دەبێتە: لە خراپە عەفووم بکە!**
**- خولا گەڵت بێ؛ کە دەبێتە: خودا لەگەڵت بێ!**
**- ئەمینداری بمدە؛ کە دەبێتە: ئەمینداریم بدەیە!**
**- فکر بکە سەر مردنی؛ کە دەبێتە: فکر بکە لەسەر مردنی!**
**- دەحەسێمە کن مەسیح؛ کە دەبێتە: دەحەسێمەوە لەکن مەسیح!**

یەکی دیکە لە گرێوگۆڵەکانی ئەم ژێدەرە، هەڵەوپەڵەی ڕێنووس و وەبەرچاو نەگرتنی ڕێنووسێکی یەکدەستە. زۆرجاران نیشانەی دانەپاڵی ڕەچاو نەکردووە و هەر بەپێی ڕێنووسی کۆنی کوردی جووڵاوەتەوە، کە شوێنپێی ڕێنووسی فارسیی پێوە دیارە. بەڵام جاری واشە کارەکەی وەکوو شێوەی نووسین و دەربڕینی ئێستایە، بەتایبەت لە بنزاراوەی موکریانیدا و «ی» دانەپاڵی پاراستووە.
خاڵێکی دیکەی جێگای سەرنج، دانانی چوکڵەیە لەسەر لامی قەڵەو، کەچی بۆم ڕوون نەبۆوە داهێنانی خۆیەتی یان پێشتر کارێکی ئەوتۆ کراوە و ئەو دووپاتی کردۆتەوە.

بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بەم هۆنراوانە، لێرەدا شێعری ژمارە ٩١ دەنووسمەوە:

**دەنووین، بڵا نە ئەبەدی**
**زوو سبحەینێکی هەڵدێ**
**کە وەخەبەر دێین بۆ ژینێ!**
**وە هەڵدەستین لە قەبری!**
**بەحر مردووانی دەدا**
**چۆلان [و] دەشتانیش وەها**
**بەڵێ، لە کێوێ و دۆڵێ**
**هەڵدەستن هەموو دنیا!**

**

دەنووین، بڵا نە ئەبەدی
زوو سبحەینێکی هەڵدێ
کە وەخەبەر دێین بۆ ژینێ!
وە هەڵدەستین لە قەبری!
وەختێ دەبینین
گوڵێکی کە خزمەتمان کردووە
لە دڵی مە توند بکێشرێ
ئاخ چەند گران[ە] ئەو ئێشانە!
[لە]کن قەبری وی ڕادەوەستین
زۆرجاران بە خەمناکی
وە دیارە وەکوو ماوین
دە ئەو دنیا[یەدا] بێ دڵخۆشی
دەنووین، بڵا نە [ئەبەدی].

**

دەنووین، بڵا نە ئەبەدی
لە ئەو قەبری تاریکدا
خوڵا شوکر کە هەڵدەگری
خوڵا شوکر کە دە ئەوێ =[لەوێ]
دە ئەو شاری ڕووناک، دە بڵندی[دا]
مردن قەت [وە] ژوور ناکەوێ!
کە وەخت[ی] دێ، ڕەب بانگمان دەکا
بۆ ژیانی ئەبەدی!
دەنووین، بڵا نە [ئەبەدی]!
هەروەها چەند کۆپلەیەکی دیکەش وەکوو نموونە دەخەمە بەرچاو:
ئاخ چەند خۆشحاڵی زۆر دەبێ
وەختێ کن خوڵای دەگەین =[دەگەینە کن خوڵای].

**هیچ کەس ناتوانێ بڵێ**
**دە ئاسمان چەند خۆش دەبین =[لە....]**
**لەکن یەسووع! لەکن یەسووع!**
**ئەوی کە دەحوبێنین!**
«خۆشیی ئاسمان، ژمارە ٢٥ »

**

**پیاڵەی زەمانە دەڕژێ**
**وەک کەف[ی] سەر ئاو زوو دەچێ**
**وە پاشان هیچ نامێنێ**
**ئەوەتا مردن زاڵمە**
**عومر[ی] سەر ئەرزی زۆر کورتە**
**لەنەکاو ئەمەش دەچین.**
«مەتتا، ژمارە ٦ »

**

**یا ڕەب ئەگەر مومکین بایە**
**خیزی دنیا بژمێرێ =[بژمێردرێ]**
**دیسان کەس تەوانی نییە**
**گوناحم و نافامی و خراپی من**
**هەمووی بە تەواوی وان بژمێرێ**
«گوناحکاریی ئینسان، ٢٣»

**

پاش ئەوەی لەم پاڕانەوانە بووینەوە، دەگەینە دوایین شێعر کە فاسووم وەکوو شێعرێکی نیشتمانی و نەتەوەیی دایناوە. بێگومان ئەم کەشیشە ویستوویەتی ئەم ڕێگایەش بۆ ڕاکێشانی کوردان بەرەو دینی مەسیح تاقی بکاتەوە و پێیان بڵێ ئەم

دینه خەمی نیشتمانی کوردانیشی لەبەر چاوە. فاسووم تا کویێ سەرکەوتووە یان هەوڵەکانی لەم پێناوەدا بە فیڕۆ چوون، جێی لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی دیکەیە.

وەکوو پێشتر باسم کردووە، فاسووم بە سەر هەڵەی ڕێنووسی و ڕێزمانیدا کەوتووە و سیێبەری ڕێزمانی دیکەشی بە سەرەوەیە، هەر بۆیەشە کە لە ژمارە ٣ی «دیاریی کۆمەڵەی ژ.ک»دا، سەرلەنوێ ئەوەندەی کراوە چاپ و هەڵە و کەموکووڕییەکانی بۆ ڕاست کراوەتەوە. لێرەدا لە ڕووی دەقی ئۆرژینالّی «کتێبخانەی موجتەمەعی نگینی غەربی مەهاباد» شێعرەکە دەنووسمەوە و بەپێی پێویست هەڵەکان ڕاست دەکەمەوە. هەڵبەت زیاترین مەبەستم دیارکردنی زەمانی هەنگاونانە بۆ تازەگەری و چرۆدانی نوێبوونەوە.

ئەم شێعرە لەم کتێبەدا بە ژمارەی ١٠٠، بەناوی «میللەتی» تۆمار کراوە و بە سروودی نەتەوەیی داندراوە. وەک باسی کرا هەوای «بۆ پێشەوە سەربازانی مەسیحی»ی لە لایان فاسوومەوە بۆ پێشنیار کراوە. هەروەها نووسراوە: «عیبریان ١١: ١٤-١٦».

**میللەتی**

(١) وەتەنی باپیرم،
**کوردستان[ی] قەدیم**
**کێو و شاخ و دەشتی**
**خۆشن بۆ دڵم.**

**جێی دایک و بابمە**
**ماڵی خوشک و برا!**
**هەر تۆزێکی و بەردێکی**
**بۆم مروارییە.**

**وەتەنی باپیرم،**
**کوردستان[ی] قەدیم**
**کێو و شاخ و دەشتی**
**خۆشن بۆ دڵم.**

(٢) وەتەنی مەحبووبی
**کوردستانی بڵند،**
**ئەرزێک[ە] پڕ یادگاری**
**لە جحێڵیی من.**
**هەوای خۆش و ڕووناک**
**ئاوی سارد و پاک**
**شوانان بە هەزاران**
**وە سۆحبەتانی چاک!**
**وەتەنی باپیرم،**
**[کوردستانی قەدیم**
**کێو و شاخ و دەشتی**
**خۆشن بۆ دڵم.]**

(٣) قوڵکە، ئەشکەوت، دۆڵی
**هەر وەبیرم دێ**
**لێرە بووم بۆ ڕاوێ،**
**لەوێ بۆ شەڕێ؛**
**هەموو ئەو چتانە =[شتانە]**
**ڕابردوون وێستا**
**[لە] خراپە عەفووم بکە**
**یا ڕەب خولای گەورە!**

**وەتەنی باپیرم،**
**[کوردستانی قەدیم**
**کێو و شاخ و دەشتی**
**خۆشن بۆ دڵم.]**

(٤) دەنگی زوڕنە [و] دەهۆڵ
**هەوای پڕی بکە =[هەوای لێ پڕ بکە!]**
**زەوی، مێشە، بڵندی، قووڵ**
**هەموو پێکەوە بخوێنن**
**لەو قەومەی =[بۆو]**
**کە [لە] نێو وان‌دایە!**
**[لە] بیر[وو] نەچێ ئەو[ان] زەحمەتی و خەمیان کێشاوە!**

**وەتەنی باپیرم،**
**[کوردستانی قەدیم**
**کێو و شاخ و دەشتی**
**خۆشن بۆ دڵم.]**

(٥) خولا[ی] باریتەعالای
**ڕەحمان و ڕەحیم**
**هەرچی چاک و لازمە**
**لێت تەڵەب دەکەین**
**چاوت لەو وەتەنەم بێ**
**دایم زیادی بکە**
**سلامەتی و ڕەحەتیی**
**هەمیشە بیدە =[بیدەیە]!**
**وەتەنی باپیرم،**
**[کوردستانی قەدیم**
**کێو و شاخ و دەشتی**
**خۆشن بۆ دڵم.]**

**سەرچاوەکان:**

١- سروودێکی لەبیرکراوی کوردی، حەسەنی قازی، ماڵپەڕی ڕوانگە، ٢٠٠٨.
٢- کتێبی شێعرانی ڕووحانی، لویس ئۆلسن فاسووم، ١٩١٢ [١٩١٤-١٩١٥]. دوایین لاپەڕەی ئەم کتێبە کە فاسووم بە ئینگلیسی نووسیویەتی، ئوستاد عەلی مەیمەندی تایبەت بەم وتارە کردوویەتە کوردی.
٣- ڕێزمانی زمانی کوردی بەکردەوە، لویس ئۆلسن فاسووم، ل ٢٥٠-٢٥٢ لەگەڵ ٢٥٧-٢٥٩، ئەمریکا، ١٩١٩.
٤- ئینجیلی موقەددەس، وەرگێڕانی [فاسووم] لە زمانی سەرەکیی یۆنانییەوە، ئەمریکا، ١٩١٩.
٥- نیشتمان، بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ.ک. ئامادەکردنی عەلی کەریمی، بەشی دیاریی کۆمەڵەی ژ.ک. بۆ لاوەکانی کورد، ١٩٤٣، ل٩٠-٩٣. لەم چاپەی بنکەی ژیندا کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٨، لە ڕووی زنجیرەی لاپەڕەکانەوە دەبێتە ٢٨٤ -٢٨٧.
٦- شەنگەسوار، سەرجەمی بەرهەمەکانی سوارە ئێلخانیزادە، ل ٢١٧ -٢٢٠، ئامادەکردن و پێداچوونەوەی سەلاحەددین ئاشتی، کۆکردنەوەی عومەر ئێلخانی، چاپی دەزگای غەزەلنووس، سلێمانی، ٢٠١٤.
٧- یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە ئێران، دوکتۆر عەدەن نەبی، وەرگێڕان لە ئینگلیسییەوە: حەسەن قازی، ماڵپەڕی ڕوانگە، ٥ی سێپتامبری ٢٠٠٧.
٨- کورتەیەکی مێژوویی سەبارەت بە چالاکییەکان لە کوردستان، ئێن. جەی. لۆر، وەرگێڕان لە ئینگلیسییەوە: حەسەنی قازی، ماڵپەڕی ڕوانگە، ساڵی ٢٠٠٨.
٩- ئێڵ. ئۆ. فاسووم میسیۆنێری کوردان، دوکتۆر جان. لێگری، ئاوریلی ١٩٦٨. وەرگێڕانی لە ئینگلیسییەوە: حەسەنی قازی، ماڵپەڕی ڕوانگە، ٩ی مارسی ٢٠٠٩. (هەڵبەت پێویستە بڵێم کە جان. لێگری لە دایکەوە دەبێتە نەوەی دوکتۆر فاسووم.)
١٠- ئینجیل بە کوردیی موکریانی، جەعفەر حوسێنپوور (هێدی)، ٢٠١٦، فەیسبووکی هێدی.
(بەڕێز کاک هێدی لە دۆزینەوەی بابەتەکاندا گەلێکی یاریدە دام و چی پێویستم بوو بۆی دۆزیمەوە. ئەگەر هاوکاریی بەڕێزیان و کاک حەسەنی قازی نەبا، بێگومان بابەتەکەم ئاوا بۆ نەدەنووسرا.)

# عەبدولڕەحمان زەبیحی کێ بوو؟

فەرەیدون حەکیمزادە

عەبدولڕەحمان زەبیحی یەکێک لە کەسە چالاکەکانی سەدەی بیستی زایینیە، کە توانی لە بواری ڕۆژنامەگەریی و نووسین شوێنێکی ئەوتۆی هەبووە.

دەتوانم بڵێم زەبیحی سەرۆکی ڕۆژنامەگەری کوردی لەو ساڵانەدا بوو، گۆڤاری نیشتمانی ژمارە ١ی تا ژمارە ٧ و٨و٩ی[ کە بە یەکەوە بوون] لەناو خۆی وڵاتدا چاپ کردووە. سەرەڕای ئەوە زەبیحی لە ڕۆژنامەی کوردستان (مەهاباد ساڵی١٣٢٤هـ/١٩٤٦ز) و گۆڤاری نیشتمان (مەهاباد ساڵی١٣٢٢هـ/١٩٤٣ز) و دوای پەڕیوەبوونی بۆ گەرمێن، لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی باشوور وەک: هاوکاری، ڕۆشنبیری نوێ، چریکەی کوردستان (بە نێوی برزوو)، خەبات (بە نێوی زانا)، ڕزگاری (مامۆستا عیسا)، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا نووسینی هەبووە. بە وتەی نەوشیروان مستەفا، گۆڤاری باهۆزی بە زمانی عەرەبی و پێشڕەو(ی) بە زمانی کوردی دەرکردووە (هەر یەکەی، ١ ژمارە کە تا ئێستا لەبەردەستان نییە.)

## زەبیحی و ئیشی زمانەوانی

خوالێخۆشبوو زەبیحی یەکێک لەو کەسە دڵسۆزانە بووە کە سەرەڕای کێشەکانی سیاسی خۆی و دەوروبەری بەهای داوە بە لێکۆڵینەوەی زانستی و زمانەوانی. یەکێک لەوانە بەدواچوونی بۆ دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردی یا تەنانەت ناساندنی ئەو زمانە دەوڵەمەندە بە جیهان بوو. لە ماوەی نیشتەجێ بوون لە بەغدا و سلێمانی بەردەوام خەریکی کۆکردنەوەی ئیش و کار لەسەر وشەی کوردی بووە. چاپی کتێبی ١- قاموسی زمانی کوردی، بەرگی یەکەم، بەغدا ١٩٧٧/١٣٥٦ز- ل٢٤٨، قەوارە: ١٧×٢٤س. ٢- قاموسی زمانی کوردی، بەرگی دووهەم، بەغدا ١٩٧٩/١٣٥٨ز. ٣- قاموسی زمانی کوردی، بەرگی دووهەم، بەغدا ١٩٧٩/١٣٥٨ز.

«لەدوای ١١ی ئازاری١٩٧٠ی زایینی زۆربەی کاتەکانی بۆ ئامادەکردن و چاپکردنی تەرخان کرد و بەو کارەی خزمەتێکی یەکجار بەرچاوی بە ئەدەبی کوردی کرد. بەرگی یەکەم و دووهەمی قاموسەکەی چاپ کرد و خۆی سازدەکرد بەرگەکانی دیکەی چاپ بکا کە بەداخەوە لە ساڵی١٣٥٩ی هەتاوی (١٩٨٠ی زایینی)دا، گیرا و بێسەروشوێن کرا. بە قسەی خۆی قاموسەکە ٨ بەرگی دیکەی مابوو تەواو بێ. کاک «محەممەدی شاپەسەندی»ش لە وت¬ووێژێک-دا دەڵی بۆ خۆم بەرگەکانی قاموسەکەم ئامادە کردووە ٣٦ بەرگ بوو، بەعسی بردیان. لە وت-ووێژەکانی

وەفدی کورد و حکوومەتی عێراق لە ساڵی ١٩٨٤ز «دوکتۆر فازیل بەڕڕاک» لە وەڵامی پرسیاری نوێنەرانی کورد سەبارەت بە چارەنووسی «مامۆستا زەبیحی» و کتێبخانە گەورە و بەنرخەکەی کوتبووی: لای ئێمەیە، بەڵام ئەگەر مفاوزات سەری گرت دەتاندەینەوە.»

لێرەدا دوو نامە لەسەر زمان کە کەرەسەی سەرەکی هەر گەلێکە دێنمەوە. نامەی خوالێخۆشبوو دکتۆر ئەمیر حەسەنپوور بۆ مامۆستا زەبیحی و وەڵامی مامۆستا عەبدولڕەحمان زەبیحی.

نامەی خوالێخۆشبوو ئەمیر حەسەنپوور بۆ مامۆستا زەبیحی و جوابی مامۆستا بۆ کاک ئەمیر زانای بەڕێز ماموستا ع.زەبیحی وێڕای سڵاو و ڕێز، خوێنکارێکی کوردم و خەریکی نووسینی اطروحەم سەبارەت بە زمانی نەتەوەیی کورد. بەشێک لە تێزەکە باسی فەرهەنگنووسیی کوردییە. لەو بەشە دا بێجگە لە باسی فەرهەنگەکان بە تێکڕایی، باسی سێ فەرهەنگ و سێ فەرهەنگنووس (گیو، خاڵ، زەبیحی) دەکەم. تکایە ئەو پرسیارانەم وەڵام بدەوە و هەر شتێکی دیشت بە پێویست زانی بۆم بنووسە.

١- چ بنلەهجەیەکت بە بنکە، یان بناغە داناوە بۆ زمانی ستانداردی کوردی، مەبەستم لە بنکە ئەوەیە کە لە زمانناسیدا پێی دەڵێن نۆڕم (norm)

[تێبینی: وا دیارە لە «قاموس»دا، لەهجەی «ناوەندی» ت بە نۆڕم داناوە (لاپەڕەی ٩ -١٠، ٤٠)، بەڵام ئەو لەهجەیە خۆی چەند بنلەهجەی هەیە کە لە لاپەڕەی ٤٢، نێوی حەوتیانت نووسیوە: موکریانی، سۆرانی، سلێمانی، شوانی، جافی، سنەیی، گەروسی. لەو باسەی کە لە لاپەڕەی ٤٠ و ٩ -١٠ کردووتە وا دەردەکەوێ کە «لەهجەی ناوەندی» لە عێراق بە بناغەی ستاندارد دادەنێی. لە لاپەڕەی ١٠٧ «کورتە نیشانەکانی ڕێزمان...» لەهجەی ناوەندیت دیاری نەکردوە، بەڵام هەشت بنلەهجەت نیشانە کردوە - جافی، سنەیی، سلێمانی، شنۆیی، کەرکوکی، کۆیی، موکریانی، هەولێری.]

٢- لە لاپەڕەی ٤٠ نوسراوە: «زمانی یەکگرتوی نووسین..» کە «بە تایبەتی لە کوردستانی عێراق، هەنگاوی باشی بەرەو پێشەوە هەڵێناوەتەوە...». لاپەڕەی٩: «..زمانی کوردی کەوتووەتە سەر ڕچەی (زمانی ئەدەبی) و بەرەو پێش دەچێ... نەمامی (زمانی کوردی ئەدەبی یەکگرتوو) گووراوە و شین بووە..» پرسیاری ١:

«قاموس» لە بەرامبەر ئەو زمانە ئەدەبییە یەکگرتووە چ بەرنامە و سیاسەتێکی هەیە؟ «قاموس» چۆن یارمەتی دەدا بە پەرەپێدان و تەسبیتی ئەو زمانە؟ پرسیاری ب: لە بنلەهجەکانی دوو لەهجەی دیی باکوری و جنوبی ـ و هەروەها زازایی و هەورامی چۆن کەڵک وەردەگریێ؟ پێوەندی زمانی یەکگرتووی ئەدەبی لەگەڵ ئەو لەهجانەی دی چییە؟ چ وشەیەک لەو لەهجانە لە قاموسدا تۆمار دەکریێ؟ ملاک و مێعیاری هەڵبژاردنی ئەو وشانە چییە؟

٣- ئایا ئەو «زمانی یەکگرتوی نووسین» خۆی لە باری زمانی کومەڵایەتی‌یەوە چەند نەوع یان شێوەی هەیە یان نا؟ وەک شێوەی ئەدەبی/ قسەکردن، ڕەسمی/ غەیری ڕەسمی، عیلمی/ غەیری عیلمی و شتی وا.. ئەگەر ئەوانەی هەیە بۆ لە قاموس‌دا دیاری نەکراون؟

٤- سەبارەت بە تت (وشەی تازە داتاشراو) چ سیاسەتێکت هەیە:

ئەلف ــ چ وشەیەکی تازە داتاشراو توماری دەکەی؟

ب- بۆچی وشەی تت تۆمار دەکەی؟

ج: سەرچاوی ئەو وشانە چن؟

د- ئایا وشەکانی «کۆڕی زانیاری» دەخەیە نێو قاموس یان نا؟ بۆ؟

ە- ئایا وشە داتاشراوەکانی پێش دامەزرانی کۆڕ وەک «زاراوەی زانستی کوردی» (نەقابەی ماموستایان) یان «هەندێک زاراوەی زانستی» (جەمال نەبەز -١٩٦٠) دێنە نێو قاموس؟

٥- وشەکان چۆن کۆ دەکەیەوە؟ نزیکەی ٨٠ سەرچاوەت نوسیوە (لاپەرەی ١٠١- ١٠٦). بێجگە لەوانە چون لە زمانی خەڵکی وشە کۆ دەکەیەوە؟ لە فەرهەنگی خاڵ و مەهاباد چۆن کەڵک وەردەگری؟

٦- بۆ ڕۆژنامە و گوڤاری کوردی جێگەیەکت داناوە یان نا؟

٧- لە نووسینی (کۆکردنەوە تا نووسینی) قاموس بێجگەلە خۆت کەسی دی بەشدارە؟

٨- بە بێ یارمەتی کۆڕی زانیاری دەت توانی «قاموس»ەکە دابنییە و چاپی بکەی؟

٩- تکایە ئەگەر دەکریێ بەسەرهاتی خۆت بە کورتی بنوسە ـ ئەو شتانەی کە یارمەتی بدا بە ڕوونکردنەوەی ئەو شتانەی کە لە دانانی «قاموس»دا تەئسیری

هەیە، لە قاموسدا زۆر شتت نوسیوە کە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو مەسەلە باشە. بەعزە شتێک کە نە نوسراوە: لە کوێ دەرست خوێندوە؟ فەقیەتی؟ مەدرەسە؟ چ ساڵێک لە لای ماموستا گیو فەڕانسەت خوێندوە؟ بێجگە لە چاپی «نیشتمان» و ئەو قاموسە، لە زمان و ئەدەبیات دا چ شوێنەوارێکت هەیە – وەک شێعر و چیروک و شتی وا؟[تێبینی: مەنزور لە بەسەرهات ئەوەیە: زۆربەی فەرهەنگنووسی کورد لە رووی هەستی نیشتمانییەوە ئەو کارەیان کردوە بۆ پاراستن و گەشاندنەوەی زمان؛ زۆربەیان بێجگەلە فەرهەنگنووسی ئیش و کاری دیکەیان بووە – معلم، مەلا، خەباتی سیاسی و...]

١٠- پێت وایە دانان و چاپ کردنی تەواوی قاموس چەند ساڵان دەخایەنێ؟

١١- بەرگی ١ قاموس چەند وشەی تێدایە؟

لەگەڵ سپاسێکی زۆر- چاوەڕوانی وەڵامت دەبم

بە ئاواتی سەرکەوتنت- ئەمیر حەسەنپور

برای بەڕێز و خۆشەویست کاک ئەمیر حەسەنپور

لە پاش عەرزی سڵاو و ئەحواڵ پرسی، لەم ئەرکە پیرۆزە گرانە دا کە وەئەستۆی خۆتان گرتوە و دەتانەوێ (تێز)ی دوکتورای خۆتان لەسەر زمانی نەتەوەیی کوردی بنووسن داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەم و لەوەش کە بڕیارتان داوە لە بەشی فەرهەنگی (تێز)ەکەتاندا یادێکیش لە بەندە بکەن سوپاستان دەکەم، ئەگەرچی خۆشم بە شایانی ئەو شانازییە نازانم.

نامەکەتانم دە پازدە ڕۆژێکە بە دەست گەیشتووە، چەند پرسیارێکتان فەرموو بو ئەوا لە خوارەوە وەڵامەکانیاتان بە عەرز دەگەیەنم:

ء- پرسیاری یەکەمتان «چ بن لەهجەییکت بە بنکە یا بناغە داناوە بۆ زمانی ستانداردی کوردی. مەبەستم لە بنکە ئەوەیە کە لە زماناسیدا پێی دەڵێن (norm)

١- لە پێش هەموو شتیکدا دەمەوی ڕوونی کەمەوە کە (بن لەهجە) بۆ ئەوە دەست نادا بە لای منەوە ببێتە نۆڕمی زمانێک بەڵکو لەهجەی سەرەکی لە هەر زمانێکدا دەتوانێ ببێتە بنکەی زمانی ستاندارد، ئەو جار بۆ وەڵامی پرسیارەکەتان، ئەوەی ڕاست بێ و خۆشتان باش دەزانن، کە تەنیا لە (عێراق) زمانی کوردی بە شێوەیەکی هەراو و بەربڵاو پێی دەنووسرێ و هەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە زمانی کوردی زمانێکی ڕەسمی و قانونییە و بە پێی قانون، ئێستا لە هەرێمی ئۆتۆنۆمی

کوردستان زمانی خوێندن و نووسین و دادگا و دەوایری تری دەوڵەتیشە، بۆیە تەنیا ئەو لەهجەیەی کە نیو قەڕن زیاترە شێوەیەکی ڕەسمی وەرگرتوە وکەم و زۆر خزمەتی کراوە و تا ڕادەیەک گەشەی کردە و پەرەی سەندوە بۆ ئەوە دەبێ ببێتە نۆڕمی زمانی ستانداردی کوردی ئەویش لەهجەی ناوەندی زمانی کوردییە کە بە غەڵەت لێرە پێی دەڵێن لەهجەی (سۆرانی) کە ئەمەی دواییان خۆی بن لەهجەیەکی لەهجەی ناوەندی دێتە حیساب و منیش هەر وەکوو فەرمووتانە ڕاستە لەهجەی ناوەندیم بۆ (نۆرم)ی زمانی ستاندارد داناوە و (قاموس) شایەدی ئەمەیە، چونکوو: «... هەموو ئەوانە بە تێکڕایی توانایی زمانی لەم مەڵبەندە دا بۆ گۆڕان و گەشەکردن زیاد کردوە و کۆسپ و بەر هەڵستەکانی سەر ڕێگای ئەم گۆڕان و گەشە کردنەشیان تەخت کردوە..» (قاموس، سەرەتا، ل ٤٨)

٢- لەو تێبینییە کە بۆ پرسیاری یەکەمتان نووسیوتانە، هەرچەند شێوەی پرسیاری نییە و زیاتر ڕەنگی بیرخستنەوەی هەیە، بەم حاڵەشەوە بۆنێکی پرسیاری هەر لێ دێت بۆیە لە خوارەوە چەند شتێکیشتان دەربارەی ئەو مەبەستانەی کە باست کردوون بۆ دەنووسم.

A – من لە قاموسدا ئەوەم کردوە کە لە دەستم هاتووە و توانیومە و زانیومە لێی بدوێم هەر بۆیەشە کە حەوت بن لەهجە (subdialecte)م دەست نیشان کردوە، چونکوو هەر ئەوەندەم زانیوە و ڕەنگە لەو ژمارەیە زیاتر بن.

B – ئەوە مەسەلەیەی کە حەوت بن لەهجەم دیار کردوە و کورتە نیشانم بۆ هەشتان داناوە، بێگومان خۆتان دەزانن کە بن لەهجەکانیش لق و پۆپیان لێ دەبێتەوە بۆ نموونە بن لەهجەی سۆرانی: (هەولێری)، (کۆیی)، (خۆشناوەتی) و... لێ دەبێتەوە، جانازانم ئەم لق و پۆپی بن لەهجەکانی زمان چیان پێ بگوترێ باشە؟

من بە ئانقەست بۆ (هەولێری) و (کۆیی) و (کەرکووکی) کورتە نیشانم داناوە، چونکوو بە ڕاستی لەو ناوچانە دا تووشی وشەی ڕەسەنی کوردی ئەوتۆ دەبین، کە لە شوێنەکانی دیکە دا لە بیر چوونەوە، وەکوو وشەی (ئەزموون) کە هەر لە ناوچەی خۆشناوەتیدا دەکار دەکرێ. دەبێ ئێوەش هەستتان پێ کردبێ کە لە مەڵبەندی بن لەهجەی موکریانیدا شێوەی قسە کردن لە (مەنگوڕایەتی) و (لاجان) و (محاڵ) و (شارویران) کەم و زۆر ئەوەندە لێک جیاوازن، کە بۆ ئەوە دەشێن پیاو هەر وا بە سەریاندا تێ نەپەڕێ و هەقی خۆیان بداتێ. بە کورتی هەڵژماردنی

لەهجە و بن لەهجە (بە لق و پۆپەکانیانەوە)کانی زمانی کوردی بە لای منەوە کارێکی هێندە هاسان نییە و پێویستی بە گەشت و گێڵ بە ناوچە جیاجیاکانی کوردستانا و تۆمارکردنی فەرق و جیاوازی ئاخافتن لەو ناوچانەدا هەیە. ئەم کارەش دەبێ بە شێوەیەکی عیلمی لە لایەن هەیئەتێکەوە بکرێ. چونکوو کاری تاقە ئینسانێک ناتوانێ کەم و کووڕی نەبێ، ئەمەش لە شرایطی ئێستاماندا هەر لە عێراق ئیمکانی هەیە کە تا ئێستا نەکراوە. هیوام وایە کۆڕی زانیاری کورد لە دوارۆژێکی نیزیکا ئەم ئەرکە پیرۆزە ئەنجام بدات.

C- کاتێ (قاموس) زۆری لەسەر بنگەی لەهجەی ناوەندی داندرابێ، دیار کردنی کورتە نیشانی تایبەتیم بۆ ئەو لەهجە یە هێندە بە پێویست نەزانیوە، سەرەڕای ئەمە دەبوایە هەر بۆی دانێم، خۆزگە کەم و کووڕی هەر ئەمە بایە، (قاموس) گەلێ کەم و کووڕی دیکەشی لەم بابەتە و لە بابەتی فەننی و عیلمییەوە هەیە کە هیوام وایە لە بەشەکانی دیکە دا بتوانم ئەوەندەی لە دەستم بێت نەیان هێڵم.

ب – (پرسیاری ٢/ ء) «قاموس» بەرامبەر ئەو زمانە ئەدەبییە یەکگرتوە چ بەرنامە و سیاسەتێکی هەیە؟ «قاموس» چۆن یارمەتی دەدا بە پەرەپێدان و تەثبیتی ئەو زمانە؟

١- من کە لە لاپەڕەی ٩ و ٤٠ ی سەرەتای قاموس باسی زمانی (ئەدەبی) و (زمانی کوردی ئەدەبی یەکگرتو)م کردوە مەبەستم ئەو زمانەیە کە لە وەڵامی پرسیاری یەکەمتانا باسم کرد و ئەویش لەهجەی ناوەندی زمانی کوردییە کە لە ساڵانی سەرەتای ئەم چەرخەڕا لە کوردستانی عێراق بۆتە زمانی ڕەسمی و کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەی پێ دەنوسرێ و ئەو کوردانەش کە بە لەهجەی باکوری یا جنوبی قسە دەکەن و لە پێشدا وەک زمانی بێگانە دەهاتە بەر چاویان، ئێستا زۆر لە جاران زۆرتر کەڵک لەم کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤارانە وەردەگرن کە پێشان ئەمە لە حوکمی (محاڵ) دا بوو، هەر چەند ئەم دوایانە دە ساڵێک زیاترە هەندێ ڕۆشنبیر – ئەگەر هەڵبگرێ پێیان بگوترێ ڕۆشنبیر ـ ی لەهجەی باکوری لە روی تعصبێکی کوێرانەی غیر عیلمی منطقە پەرەستییەوە ناو بە ناو دەنگیان بەرز دەکەنەوە و بە ناوی ئەوەی کە:

A – ئەو کوردانەی بە لەهجەی باکوری قسە دەکەن ژمارەیان گەلێ لە ئی لەهجەی ناوەندی زۆرترە.

B – گۆیا بە قسەی ئەوان لەهجەی ناوەندی زمانێکی (مفراش) ە، وشەکانی لە زمانانی فارسی، عەرەبی، تورکی و تەنانەت (فرەنسی)ش وەرگیراون.

C – زمانی لەهجەی ناوەندی (گراماتیکا)ی نییە، مذکر و موءنثی تیدا نییە (وەکوو زمانانی عەرەبی، فرەنسی، ئەڵمانی و......) لەهجەی باکوری هەیەتی.

داوا دەکەن کە لەهجەی باکوری بکرێتە باو و ببێتە بناغەی زمانی کوردی ستاندارد، کە ئەم بڕ وبیانوانە ناتوانن ببنە بناغەی ئەوتۆ بۆ خانوی زمانی ئەدەبی یەکگرتوی کوردی، چونکوو زۆری ژمارەی ئەو کەسانەی بە لەهجەیە لە لەهجەکانی زمانێک قسە دەکەن، ئەو هەقەیان ناداتێ تطوری هەزار ساڵ زیاتری لەهجەیەکی دیکەی زمانەکە بسترِنەوە لەهجەکەی خۆیانی لە جێگە دانێن کە هێشتا لەسەرەتای دروست بوونی خۆی هێندە دور نەکەوتۆتەوە، کە بۆ تەعبیر لە (خانی دەنگ = مخرج حرف) کەڵک وەرنەگرێ و چونکوو لەهجەی ناوەندی ئەو (فراش) ەش نییە کە ئەوان باسی دەکەن، بگرە لەم بابەتەوە ـ خواستنەوەی وشەی بێگانە ـ گەلێ پاک و خاوێنترە و هەر وەک ئێوەش ئاگادارن گەلێ ڕۆژهەلاتناس بن لەهجەی موکریانیان ـ ئەوان بە لەهجەی ناو دەبەن ـ بە ساف و بێگەردترینی لەهجەکان و ئەساسی زمانی کوردی داناوە بەلام (مذکر) و (موءنث) کە لە لەهجەی باکوریدا هەر وەک زمانی فرەنسی وایە ـ بە لای منەوە لە هیچ زمان و لەهجەیەک دا ناتوانێ نیشانەی پێشکەوتنی ئەو زمانە یان لەهجەکە بێت بەڵکو مەعلولی ئەو عیللەتانەیە کە لە خوارەوە باسیان دەکەم:

**یەکەم-** مذکر و موءنث لە زمانانی پاشکەوتوی وەکوو کوردی دا دەگەڕێتەوە بۆ: تطور نەکردنی زمانێ یان لەهجەی زمانێک و هەر وەک خۆی مانەوەی کە لە دەورانێکا خەڵک ناچار بون بۆ دقتی تەعبیر فەرقی ژن و پیاو بکەن، ئەو دەورەش لام وایە ئەو وەختەیە کە ئافرەت لە ناو کۆمەڵی ئادەمیزاد قەدر و قیمەتی ئینسانی نەبووە و (پیاو) بە نەنگی زانیوە لەگەڵ ژن فەرقی نەکرێ و چۆن لەگەڵ ژن قسە دەکرێ، ئەویش هەر وا بکرێ، خۆ ئەوەش دەزانین کە عەرەب هەر بۆ ئەوەی سەرشۆڕی هەبوونی (ئەولادی میەینە)ی بە سەرا نەیەت کچانی خۆی زیندە بە گۆڕ دەکرد تا ئیسلام هات و گوتی «و اذا الموءودە سئلت بای ذنب قتلت» و لەم کارە ناڕەوایەی مەنع کردن.

**دوەم-** مذکر و موءنث لە زمانانی پێشکەوتوی وەکوو (فرەنسی) دا – هەبوونی مذکر و موءنث لە هەندێ زمانانی فەرەنگیدا وەکوو (فرەنسی، ئەڵمانی، عرووسی

و...و...) هەر وەکوو دەشزانن زمانی ئەڵمانی و ڕووسی لە باتی دو جنس (gendre) ی نێر و مێ جنسی سێهەمیش، نە نێر نە مێ (مخنث neuter)یان هەیە، ئەم فێنۆمێنە بە لای منەوە لە زمانان دا ئەنجامی ئەوەیە پێش ئەوەی عیللەتی ئەساسی وجودی مذکر و موءنث (ئەوەی کە لە – یەکەم – دا باسمان کرد) لە ناو بچێ، ئەوان زمانانە لەبەر شرایطی تایبەتی میللی کەوتوونەتە قۆناغی یەکگرتن و نووسینیان بە نسیب بووە و تثبیت بون، لە واقعیدا وجودی مذکر و موءنث لەم چەشنە زمانانە دا (فۆسیل) ێکە لە دەورانێکی پاشکەوتە ماوەتەوە پڕ محافظەکاری مانعی ئەوە بووە تطوراتی دوایی کاریان تێ بکا و لە ناویان بەرێت، هەر وەکوو وجودی مذکر و موءنث لە عەرەبی دا دەگەڕێتەوە بۆ دینی ئیسلام و قورئان کە پێشی هەموو دەستکارێکی لەم بابەتەی لە زمانی عەرەبیدا گرتوە. ئەگەر ئەو زمانانە لە زەمانێکی نسبتا (زوو) نەکەوتبانە حاڵی نووسین و گراماتیکایان تۆمار نەکرابا، گومانم نییە ئەوانیش وەکوو لەهجەی ناوەندی و جنوبی زمانی کوردی زمانی فارسی و...و... و (مذکر) و (موءنث) پا دەبوونەوە و تەنیا شوێنەوارێکی بچوکی لێ بە یادگار دەمایەوە، هەر وەک لە سیغەی بانگ هێشتن (vocative) لەهجەی ناوەندی زمانی کوردیدا دەبینرێ و دەڵێن: کوڕە، کچێ، پیاوەکە، ژنەکێ، هەتیوە، کچەتیوێ. بەڵام ئەو دەنگە ناسازانەی کە داوا دەکەن لەهجەی باکوری بکرێتە (نۆرم)ی زمانی ستانداردی کوردی، لەسەر دیواری بەرزی لەهجەی گەشە کردووی پەرە سەندوو دەبێتە (عەکسی صدا eco) و دەگەڕێتەوە، بەروبووی تەنیا ئەوەیە ناو بە ناو کتێبێ بە (باکوری) دەردەچێ یان لە ڕۆژنامەکانا لاپەڕەیەک یا کەمتری بۆ تەرخان دەکرێ، ئیستگەکانی ڕادیۆ کە بە زمانی کوردی قسە دەکەن ڕەوتی کاریان خزمەتی زمانی کوردی ناکا و بێ گومان مەبەست هێشتنەوەی فەرق و جیاوازی لەهجەکانی زمانی کوردی و (کریستالیزە) کردنیانە لەم قۆناغە دا کە کەوتۆتە خۆی و «نەمامی زمانی کوردی ئەدەبی یەکگرتو گووراوە» تا ئەو خەڵفە ساوایەی زمانی کوردی پەرە نەگرێ و گەشە نەکا و لە ئەنجاما ئیشک ببێ. بۆیە بە لای منەوە دەبێ هەموو جۆرە هەوڵ و تەقەلایە بدرێت بۆ تثبیتی بەروبوی زیاتر لە پەنجا ساڵی تطوری زمانی نەتەوەیی کوردی و ئەمە ئەرکێکە زیاتر لە هەموو کەس دەکەوێتە سەر شانی زانایان و خوێندەوار و ڕوشنبیرەکانی کورد کە ئەوەی پێیان دەکرێ و لە دەستیان دێ لە پێناو پەرەپێدان و گەشەپێکردنی ئەو نەمامە ساوایە دریغی نەکەن ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە کە خۆشتان باش دەزانن

قوانینی تطور بە شێوەیەکی (جەبری) کاری خۆیان دەکەن و هیچ هێزێ ناتوانێ ببێتە بەرهەڵست لەسەر ڕێگایان، تەنیا جار جارە نەبێ ئەویش ڕێگایان لێ وەردەگێڕن و ڕوویان دەکەنە لایەکی ترەوە بەڵام ئەم کارە ناتوانێ هەتا سەر بێ و درەنگ یا زوو دەگەڕێتەوە سەر شاڕێی تەبیعی خۆیان وکاری خۆیان دەکەن بۆیە من هیچ گومانم لەوە دا نییە کە زمانی ستانداردی کوردی لە دوا ڕۆژ دا هەر لەهجەی ناوەندی زمانی کوردیە کە بە تەئسیری قوانینی تطور و یارمەتی و هەوڵ و تەقەلای زانایانی کورد گەشە دەکا و پەرە دەستێنێ.

ئەو مەبەستە زۆر درێژ بۆوە بەڵام لەسەر فەرموودەی خۆتان کە لەسەرەتای نامەکەتاندا نوسیوتانە: «هەر شتێکی دیشت بە پێویست زانی بۆم بنوسە» بە لامەوە پێویست بو لەم مەبەستانەی کە باسم کردوە ئاگادار بی و بزانی گەشە کردن و پەرەسەندنی زمانی نەتەوەی کورد چ جورە گیروگرفتێکی لەسەر ڕێگایە.

٢- بۆ وەڵامی بەشی دوەمی ئەم پرسیارەتان، وەکوو خۆتان دەزانن کتێبێک چەند دەتوانێ یارمەتی پەرە سەندن و تەثبیتی زمانێک بدات، «قاموس» یش هەوڵ دەدا ئەو خزمەتە بکات، نیشاندانی حەقیقەت و لێهاتوویی لەهجەی ناوەندی زمانی کوردی، گەشە کردن و پەرەسەندنی وشەکانی و لێک و لووس بوونی تلفظیان و دوورکەوتنەوەیان لە قۆناغی (بەدویی) زمان و زیاتر مطابق بوونی لەگەڵ قوانینی گۆڕان و گەشە کردنی ئەم قۆناغەی زمانی کوردی، بەرنامەی قاموسە.

ج- پرسیاری ٢/ب، کە خۆی دەبێتە چەند پرسیار یان چەند بەش، هەر بەشەی بە جیا وەڵام دەدەمەوە.

١- «لە بن لەهجەکانی دو لەهجەی دی – باکوری و جنوبی – و هەر وەها زازایی و هەورامی چۆن کەڵک وەردەگری؟» من لام وایە – واقعیش هەر وایە - کە زۆربەی وشەکانی سێ لەهجەی زمانی کوردی یەکن و تەنیا تلفظ یان فەرق دەکا، لە لەهجەی باکورییدا وەکوو زمانی عەرەبی دەنگەکان لە قووڵایی خانی دەنگەوە (مخرج حرف) دەر دەخرێن و هێندێ دەنگی وەکوو (ڤ، ط، ص، ظ)ی زۆر تێدایە و لە لەهجەی ناوەندیدا ئەم دەنگانە گۆڕاون و بوونە (و، ت، س، ز) و لە لەهجەی هەورامی و زازاییدا کە لە ئەسڵا یەکن هێشتا هێندێ دەنگی ئاوێستایی کە وەکوو (ث، ذ) ی ئیمڕۆی زمانی عەرەبی دەچن، هەر ماون کە ئەمانەش لە لەهجەی ناوەندیدا بوونە (س) و (ز) کاتێ کابرایەکی هەورامی قسە دەکا یەکێکی ناشارەزا بێ دەڵێ ئەم پیاوە

زمانی (پسک)ە، ئەگەر لە وشەکانی هەموو لەهجەکانی زمانی کوردی وورد بینەوە لەگەڵ ئی لەهجەی ناوەندی بەراوەردیان کەین دەبینین کە:

**یەکەم-** هەندێک وشەکانی باکوری، جنوبی و هەورامی هەر وەکوو خۆیانن یا بە کەمێ تطور و گۆڕانەوە لە لەهجەی ناوەندیش هەن، وەکوو: ئاڤ (بک.)، ئوو (جنو.)، ئاو (هو.) ب بەلای منەوە ئەم جورە ووشانە نابێ وەربگیرێن و بخرێنە زمانی ستانداردەوە و لە «قاموس» یش وەک واحیدێکی سەربەخۆ نایان نووسم. لایەکی ترەوە هەندێ وشە کە لە لەهجەی ناوەندیدا دەنگەکانی تطورێکی زیاتریان هەیە و لە لەهجە و بن لەهجەکانی ترا بە شێوەیەکی کۆنتر ماونەوە، وەکوو: ئاوور، ئاگر (ناوەندی)، ئایەر، ئاهیر (هو.) بە لای منەوە دەبێ بنوسرێن چونکوو یارمەتی زانینی ڕێبازی گۆڕان و گەشە کردنی دەنگەکان دەدەن.

**دوەم-** هەندێ وشە هەن کە لە یەکێ لە لەهجەکاندا دەبیندرێن و لە لەهجەی ناوەندیدا هەر نین، وەکوو: ئێزنگ (بک.)، ئێزم یا هێزم (هو)= داری سووتەنیی کە لە لەهجەی ناوەندیدا (دار) ی پێدەڵێن، بە لای منەوە دەبێ (ئێزنگ) بنوسری و (ئێزم یا هێزم)ی هەورامی بخرێتە پاش گوێ لە بەر ئەوەی بە ڕێبازی تطوری فارسیدا ڕۆیشتوە، یا: بژیشک (بک.)= پزشک (فر.) من وای بە ڕاست دەزانم کە (بژیشک)ی باکوری دەبێ بنوسرێ و (پزیشک) کە هێندێ نوسەر دەینووسن وازی لێ بهێندرێ چونکوو وەک وشەیەکی فارسی دەقی گرتوە.

**سێ یەم-** لەهجەی هەورامی بۆ ضمیری ئیشارە کۆمەڵێ وشەی وەکوو: (ئیر، یە،....) ە هەیە، هەندێ وشەشی هەیە کە نەگەییشتوتە ئەو قۆناغەی نیشانەی مەصدەری وەربگرن بەڵام دەلالەت لەسەر فیعل دەکەن وەکوو: (وانا) بە مانای خوێندن و «وانای وانۆ «= خوێندن دەخوێنێ بەلای منەوە ئەوانەش نابێ بنوسرێن، چونکوو گەڕانەوەیە بۆ پاشەوە. هەر وەها لە لەهجەی باکوریدا ضمیری موءنث، مذکر هەیە و ئەسڵەن هەر وشەیەک یا (مذکر) یا (موءنث) ە- لەسەرەوە بە درێژی باسم کردوە – ئەوانەش پاش گوێ خستنیان تطوری زمانی ستانداردی کوردی خێراتر دەکا. لە لەهجەی باکوریدا کۆمەڵێ (مصدر جعلیی) هەیە کە لە (ئیسم) یا (ریشەی مەصدەری عەرەبی) و نیشانەی مەصدەری کوردی پێکهاتوون وەکوو: قوصاندن = تاشین، هەڵپاچین، طەمراندن = کوژاندنەوە، لەبطین = خێرا کردن لە ڕۆیشتنا، ئەو مەصدەرە جەعلیانەش دەبێ وەلا بندرێن.

٢- «پێوەندی زمانی یەکگرتوی ئەدەبی لەگەڵ ئەو لەهجانەی دی چییە؟» ئەوەی ڕاست بێ لەسەرەتای کارەوە بن لەهجەی سلەیمانی کە دەتوانین بڵەین تەنیا ئی شاری (سلەیمانی)یە، وەکوو زمانی پێنووسین هاتۆتە مەیدانەوە، ئەمە ماوەیەک درێژەی کێشاوە، ئەو ڕووداوەش – کە بێ گومان شرایطی سیاسی و مێژوویی پێکی هێناوە – خۆی بۆتە هۆی ئەوەی کە نیمچە تعصبێک لە لای هەندێ خوێندەواری کوردی خەڵکی سلەیمانی پەیدا ببێ و هەر بن لەهجەی سلەیمانی بە نۆڕمی زمانی یەکگرتو بزانن کە لە جێی خۆی نییە. بەڵام چەند ساڵێکە ئیشەکە رووی لەوەیە کە ئەم زمانە ئەدەبییە دەبێ بە وشەی لەهجەکانی دی دەوڵەمەند بکرێ، بە تایبەتی بن لەهجەی موکریانی زۆر تەئسیری کردوە و بەرە بەرە ئەو ڕێبازە ئاواڵە بووە کە لە هەموو لەهجەکان کەڵک وەربگیرێ و ڕۆژ بە ڕۆژیش ئەم ئیشە پەرە دەستێنێ. [تکایە تەماشای شەرەفنامە وەرگێڕانی هەژار، ئەفسانەی چیای ئاگری و قەڵای دمدم تەرجومەی شوکور مستەفا بفەرمون›].

٣- «چ وشەیەک لەو لەهجانە لە قاموسدا تۆمار دەکرێ؟ ملاک و معیاری هەڵبژاردنی ئەو ووشانە چییە؟ لەسەرەوە (ج/١) تۆزێ لەو بابەتە دواوم کە چ وشە گەلێ پێویستە بخرێتە پاش گوێ، لەوانە بگەڕێتەوە هەموو وشەیەک پێویستە بۆ دەوڵەمەند کردنی زمانی یەکگرتوی ئەدەبی کەڵکی لێ وەربگیرێ. دەمێنێتەوە سەر ئەوان ووشانەی لەهجەکانی دی کە لە قاموسا تۆمار دەکرێن، ئەوەی ڕاست بێ «قاموس» تۆمار کردنی هەموو (مفردات)ێکی لە بن لەهجەکانی لەهجەکانی ناوەندیدا هەن ـ بە پێی لێزانین و زانین ـ وەئەستۆ گرتوە و داناوە ببێتە قاموسێکی (نسبتا) کامڵی ئەم لەهجەیە و هیواداریشم کە خوێندەوارانی کورد چاکی مەردایەتی بەلا دا بکەن و قاموسێکی کامڵ بۆ هەر لەهجەیەک دابنێن تا ببێتە بناغەی دانانی قاموسی یەکگرتوی زمانی کوردی بە هەموو لەهجەکانییەوە، من هەر وشەیەکی دی کە لەم ماوەیە دا هێنراوەتە ناو زمانی یەکگرتو، لە قاموسا تۆمار دەکەم.

کۆڕی زانیاری کورد لەسەرەتای دامەزرانییەوە، جێ بە جێ کردنی ئەرکی دانانی قاموسێکی یەکگرتوی گرتۆتە ئەستۆ، بەڵام کەنگێ جێ بە جێی دەکا نازانم. ئەوە کارێکە کە لە ووزەی تاقە ئینسانێک دا نییە، هیچ نەبێ من توانستی ئەوە دە خۆم دا نابینم.

د- (پرسیاری ٣) «ئایا ئەو زمانی یەکگرتوی نووسین خۆی لە باری زمانی کۆمەڵایەتیەوە، چەند نەوع یا شێوەی هەیە، یان نا؟ وەک شێوەی ئەدەبی/ قسە کردن، ڕەسمی/ غەیرە ڕەسمی/ غەیرە عیلمی و شتی وا... ئەگەر ئەمانەی هەیە بۆ لە قاموسدا نەکراوە؟»

ئەگەر وورد ببنەوە من نوسیومە: «...نەمامی (زمانی کوردی ئەدەبی یەکگرتو) گوراوە و شین بووە» هەر بە دوای ئەو ڕستەیە دا دەڵێم: «بەڵام هێشتا پێی دەوێ تا دەبێتە درەختێکی خاوەن سایە و لق و پۆپ داری ئەوتۆ کە پیاو ماندویی ڕێگای سەختی لە ژێر دا لە خۆی دەرکا و لە بن سێبەریدا بحەسێتەوە» (ل -٩) ئەو قسانە دەگەیەنن کە هێشتا (زمانی یەکگرتو) ئەو هەموو شیوە یا نەوعانەی لێ پەیدا نەبووە و نەبۆتە «دارێکی لق و پۆپ دار» چونکوو ئەوانەی ئێوە لە پرسیارەکەتاندا باستان کردوە زمانێکی کامڵە کە زۆر گەشەی کرد بێ و پەرەی سەند بێ، خۆتان باش دەزانن بە هەر بارێکدا کە لێکی بدەینەوە، زمانی کوردی ئەو دەرفەتەی بۆ هەڵ نەکەوتوە تا بگاتە ئەو پلەیەی کە زمانی نەتەوەکانی دیکەی گەیوەتێ، بۆ زمانی کوردی فارسی کوتەنی: «هنوز اول عشق است یا علی مددی» سەرەڕای ئەوەش بە ڕاشکاوی دەتوانین بڵەین (زمانی یەکگرتوی نووسین) شێوەی ئەدەبی و قسە کردنی هەیە.

ەء- (پرسیاری ٤) «سەبارەت بە (تت.)، (وشەی تازە داتاشراو) چ سیاسەتێکت هەیە»؟ ئەم پرسیارەتان چەند لقی لێ دەبێتەوە کە لە شوێنێکی دیکە دا باسیان دەکەم.دەربارەی وشەی تازەداتاشراو لە قاموسدا (ل/٦١) زۆر بە توندی دواوم، من مخالفی ئەوەم هەر کەس دەستی قەڵەمی گرت هەق بدا بە خۆی وشەیەکی نوێ بۆ زمانی کوردی دابتاشێ، بەڵام تعصبی کوێرانەی میللی لە لایەک و (اظهار فضل) و (فضل فروشی) بە سەر خەڵکا لە لایەکی ترەوە کارێکی وایان کردوە کە وشە داتاشین (بە تایبەتی لە ساڵی ١٩٥٨ەوە) چەشنی (وەبا) و (تاعون) بڵاو بێتەوە و لەم ماوەیە دا بە صەتان وشەی ناڕەسەنی بێ سەر و پێی بێ دایک و باب بپەستێورێنە ناو زمانی کوردی کە لە (ناڕەسەنی) دا هیچیان لە (بەروار)ەکەی من (تم: قاموس، سەرەتا، ل/٦١) کەمتر نین. ملاحظە بفەرمون، وشەی (باکوور = شمال) کە بەلای منەوە وشەیەکی ڕەسەنە و زیندو کراوەتەوە سەر سەر و سەر چاو. بەڵام نازانم کێ هاتوە لەسەر وەزنی (مشرق، مغرب) لە بەرانبەر (باکوور)ی ڕەسەندا (باشوور)

ی ناڕەسەنی لە باتی (جنوب) داتاشیوە، هەر وەها وشەگەلی (ڕامیاری = سیاسەت) و (ڕاژە =خزمەت)، (وێژە = ئەدەب، ئەدەبیات) و صەتان وشەی تری لەم بابەتە.

کاری داتاشینی وشەی تازە بۆ هەر زمانێک دەبێ بەو ڕێبازە مێژوویی یەدا بڕوا کە وشەکانی ئەو زمانە لە سەفەری تاریخی خۆیاندا پێیدا ڕۆیشتوون، هەر وەها ڕێکخستنی دەستوور بۆ هەر زمانێک دەبێ لەسەر بناغەی ئەو (قاعدە)انە بێ کە بە تێپەربونی ڕۆژگاران و لە ئەنجامی گەشە کردنی زمانەکەدا بە شێوەیەکی تەبیعی دروست بوون، بەڵام بە داخەوە هەم داتاشینی وشە و هەم دانانی دەستوری زمانی کوردی کەوتۆتە ژێر تەئسیری بێگانە، وای دابنێ کە خوێندەوارێکی کورد زمانی ئینگلیسی باش دەزانێ ئەم خوێندەوارە دێنێ وشە و اصطلاحاتی زمانی ئینگلیسی تەرجەمە دەکا بە کوردی و وشەیەک دادەتاشێ، یا خۆ بابەتەکانی (گرامر) ی زمانی ئینگلیسی بە سەر زمانی کوردیدا تطبیق دەکا و دەست دەکا بە گرامر نووسین بۆ زمانی کوردی. یەکێکی دیکە لە زمانی (فرانسە) یا (ئەڵمانی) تا (عەرەبی) شارەزایە، هەقی ئەوە دەدا بە خۆی کە لەم زمانانە دا – لە وشە و بابەتەکانی دەستوری زمان – هەرچی عەقڵی گرتی بۆ زمانی کوردی بخوازێتەوە، لێرە دا من خۆشم بەلاوە نانێم و دەڵێم کە لە لایەن دەستوری زمانەوە، دەستوری زمانی فارسی تا ڕادەیەک کاری لێ کردوم بەڵام سەرەڕای خزمایەتی زۆر نیزیکی(کوردی) و (فارسی) خۆتان دەزانن کە زانا بەناوبانگەکانی فارسی زمان لەو باوەڕە دان کە هێشتا (فارسی) خۆی دەستورێکی کامڵی نییە و هێشتا دە هەوڵی ئەوە دان دەستورێکی ڕێک و پێکی بۆ دانێن. قسەمان لەسەر وشەی تازە بو کە کەوتینە باسێکی تری پێوەندی هەیە بەم جورە ووشانەوە، پرسیارەکەتان دەربارەی وشەی (تت.) پێنج پرسیاری فرعی لێ بوونەوە بەم جورە:

ئەلف ــ چ وشەیەکی تازە داتاشراو تۆمار دەکەی؟

ب ــ بۆچی وشەی (تت.) تۆمار دەکەی؟

ج ــ سەرچاوەی ئەو ووشانە چن؟

دــ ئایا وشەکانی «کۆڕی زانیاری» دەخەیە نێو قاموس یان نا؟ بۆ؟

ە ـ ئایا وشە داتاشراوەکانی پێش دامەزرانی کۆڕ وەک: زاراوەی زانستی» کوردی، (نەقابەی مامۆستایان)، یان «هەندێک زاراوەی زانستی» (جەمال نەبەز ــ١٩٦٠) دێنە ناو قاموس؟

**وشەی داتاشراو دەکرێنە چەند بەش:**

١- ئەوان وشانەی کە لە زمانی کوردیدا هەبون و لەم دوایانە دا (زیاتر لە کاتی شەری دەوەمەوە) لە لایەن نوسەران و ئەدەبیانی کوردەوە، دەلالەتێکی تازەیان بۆ دۆزراوەتەوە و بە مانایەکی تازە لە نووسین دە کار کراون وەکوو:

لێژنە= کۆمەڵێ داری سوتەنی کە لەسەر یەک کەڵەکە کرابێ. لە مەڵبەندی شارباژێڕی سلەیمانی کە لێرەوارە خەڵکی سادە و نەخوێندەوار بەو مانایە دەیلێن، نوسەران و ئەوانەی بە کاری سیاسییەوە خەریک بون، ئەم وشەیان لە باتی (کۆمیتە) یا (کۆمیسیۆن) دەکار کردوە.

کۆمار= ئەسلا لە ناو خێلاتی کۆچەری کورد وشەی مرکبی (سەرکۆمار) بە مانای ڕەئیسی تیرەیەک لە عەشیرەتێکی کۆچەری کورد، دەکار دەکرێ:

(سەرکوماری عێلی ڕوغزایی) ڕوغزایی تیرەیەکن لە عەشیرەتی جاف) ئێستا وشەی (کۆمار) لە باتی ڕێژیمی جەمهوری و (سەرکۆمار) لە جیاتی(پرێزیدێنت) دەکار دەکرێ و جێگەی خۆشیان گرتوە، تەنانەت خەڵکی نەخوێندەواریش قبووڵیان کردووە.

٢- هەندێک وشە لە لەهجەکانی دیکە – زیاتر باکوری- خوازراونەتەوە و لە زمانی یەکگرتوی ئەدەبیدا نە بە مانای خۆی مانایەکی تر برەویان سەندوە، وەکوو:

خەبات= لە لەهجەی باکوریدا بە مانای (کار، شغل)ە و مەصدەری (خەبتین) بە مانای کار کردن، کە خوازراوەتەو بۆ زمانی یەکگرتو، مەصدەرەکەی نا بەلکو (نێوە) کەی هاتوە و بە مانای (مبارزە سیاسی) دەکار کراوە، مەصدەری مرکبی (خەبات کردن) و (خەباتکەر و خەباتکار)یشی لێ داتاشراوە و زۆر باش چەسپیوە و تەنانەت بۆتە ناو بۆ کوڕان و کچان.

هەڤاڵ= ئەم وشەیەش لە لەهجەی باکوریڕا هاتوە و بە مانای (ئاواڵ)ی موکریانی خۆمانە، بەڵام ئێستا تەنیا بە مانای (رەفیقی حزبی) جێگەی خۆی کردۆتەوە و هاوتا ناوەندیەکە ئەو مانایە نادات، بۆتە ناویش بۆ کوڕان. مرۆڤ= پیاو، ئینسان، بەشەر

زۆر وشەی دیکەش لەم چەشنە هەن کە خوازراونەوە یا دەلالەتێکی تازەیان بۆ هاتۆتە گۆڕێ و برەویشیان سەندوە و لە ڕێزی وشە ڕەسەنەکانی کوردیدا جێگای خۆیان کردوتەوە، ئەو جورە ووشانە لە قاموسدا تۆمار دەکرێن.

٣- هەندێ وشە و اصطلاحاتی (زانستی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و...) هەن کە ڕاستەوخۆ لە زمانانی ترەوە وەرگێڕدراونە سەر کوردی و وشەکانی «زاراوەی زانستی

کوردی» (نەقابەی مامۆستایان) و «هەندێک زاراوەی زانستی» (جەمال نەبەز) و هەر وەها وشەکانی «کۆڕی زانیاری کوردی»، بەشێ لە ووشەکانی «ئەستێرە گەشە» فەرهەنگێکی کوردی – عەرەبی (فاضل نظام الدین) کە وەک من بیزانم بێ ئەوەی ناوی بێنێ زۆربەی زۆری وشە زانستییەکانی هەر لە (جەمال نەبەز) وەرگرتوە و هەر وەها وشەکانی «فەرهەنگی زانیاری وێنەدار عەرەبی – ئینگلیزی – کوردی» ش لە وانەن. و وشەگەلێ کە لەسەرەوە باسم کردن و پاشانیش هێندێک نمونەتان عەرز دەکەم، زۆربەی زۆریان ڕێگەیان لە «قاموس» ناکەوێ، چونکوو هێندە نارەسەنن، هێندە نالەبار داتاشراون کە پاش چەند ساڵێکیش (هێندێکیان ـ ئی جەمال نەبەز ـ نیزیکەی بیست ساڵ) هێشتا نە لە نووسین و نە لەسەر زاروزمانی خەڵکی نەیانتوانیوە جێگەیەک بۆ خۆیان بکەنەوە، ژمارەیەکی کەمیشیان لەوانەن کە وەبەر تاریفی (١، ٢) دەکەون و لە قاموسا دەنوسرێن، تکایە سرنجێکی ئەم ووشانەی خوارەوە بدەن:

بازنە دراوە، بازنە دراوەکە = الدائرە المفروضە

بازنەی کارەبایی = الدورە الدائرە الکهربائیە

بازنەی کەوت، بازنە لێ کەوتەکە = دائرە القاس

(ئەستێرە گەشە، ل/٤١)

سێ گۆشە = مثلث، سکل ثلاثی او مثلث الاضلاع

سێ گۆشەی جوت لا = مثلث میساوی الساقین

سێ گۆشەی جیا لا = مثلث مختلف الاضلاع

سێ گۆشەی گۆشە تیژ= مثلث حاد الزاویە

سێ گۆشەی گۆشە کراو = مثلث منفرج الزاویە

سێ گۆشەی وەستاو = مثلث قائم الزاویە

سێ گۆشەی یەک لا = مثلث متساوی الاضلاع

سیانە = الثالوث، ثلاثی

سیانە جوت باسک = مثلث متساوی الساقین

سیانەی جیا باسک = مثلث مختلف الاضلاع

سیانەی یەک باسک = مثلث متساوی الاضلاع

(ئەستێرە گەشە: ل٤٦٧،٤٦٦،٤٦٠)

دەزولکەی خوێنین = الشعیرات الدمویە (ڕەگی زۆر باریک)

دەریا لوش = المحیط (ئوقیانوس)

دڵە ماسولکە = العضله القلبیه
ڕەنوس = الرقم (عدد- فارسی)
(ئەستێرە گەشە:ل/٣١٧،٣٦٢)

اکلیل الملک (crown imperial) کنێرە، شا گوڵبەند، گوڵبەندی شا، حندقوق sweet clover، melilot سێ پەڕەی شیرین، کنێرە (فەرهەنگی زانیاری وێنەدار، ل١١،٣٣)

ملاحظە دەفەرموی (شاگوڵبەند و گوڵبەندی شا) تەرجەمەی ڕاستەو خۆی (crown imperial) و ئەویش تەرجەمەی (اکلیل الملک) و (سێ پەڕەی شیرین) یش ئی (sweet clover) ە کە کوردی هیچ کاتێ (گوڵبەند) بە مانای دەسکە گوڵ یا تاج گل (فارسی)، کە مانای (اکلیل) ی عەرەبییە دەکار نەکردووە.

٤- کۆمەڵێک «وشـەی» دیکە هەن کە «تعصبی میللی کوردانە» و «قیاسی غەڵەت» دایتاشیون و ناچنەوە سەر ئەسڵێکی کە لەگەڵ مانای ئێستایان تەنانەت بۆرە پێوەندیکێشی هەبێ:

ڕاژە= خزمەت: دەبێ لە (ڕاژاندنی لانک) ەوە
وەرگیرابێ کە گۆیا ئەم ڕاژاندنە خزمەتی منداڵ دەکا!؟

وێژە= ئەدەب، ئەدەبیات: پەیوەندێکی لەگەڵ (بوێژ= بڵێ و قسە بکە) هەیە، بەڵام ئەدەب و ئەدەبیات قسە کردن نییە.

باشوور= جنوب: لام وایە هەر بۆ ئەوەی لەگەڵ (باکوور)ی ڕەسـەن لەسەر وەزنێک بن داتاشراوە!

ڕاڤە= شرح، تفسیر: نازانم لە کوێڕا هاتوە، لە لادێی خۆمان (ڕاوەک) مان هەیە کە ماست و دۆ و...تێدەکەن بەڵام چ مناسەبەتێک لە نێوان (پاڵاوتن) و (شرح و تفسیر) دا نابینم.

واتا= مانا، معنی: یعنی، ئەم وشەیە و (واتە)ش بە مانای (کە وابێ، کە وابوو، ئەگەر بەم جۆرە بێ)یە، بەڵام بە مانای (یەعنی؟...)

٥- بە مەنزووری لێک نیزیک کردنەوەی زمانی (کوردی) و (فارسی) و بۆ کەم کردنەوە و لە ناو بردنی فەرق و جیاوازی وشەکانیان، سەروگوێلاکی هێندێ وشەی فارسی یان کوردی، تێک شکێنراوە، (دەنگ)ە کانیان سەنگ و سوک کراون و بەم جورە کۆمەڵێ وشەی ناڕەسەن هاتونە مەیدان و بە ناوی وشەی زمانی کوردی

تۆمار کراون و خوێندەوارانی کورد وەک وشەی (ڕەسەن)ی کوردی دەیانقۆزنەوە، «فەرهەنگی آیەالله مردوخ» لەم جورە ووشانەی کەم تێدانییە. ئەم دو دەستە لە (٥،٤) دا باس کران بەو مانا داتاشراوانەی ئێستایان نانوسرێن و ئەگەر بۆم دەر بکەوێ کە وشەی (ڕەسەن) ی کوردین و بە پێی سیاسەت و بەرنامەی «قاموس»جێگەیەکیان دەست بکەوێ، لە شوێنی خۆیاندا تۆمار دەکرێن.

٦- لە پرسیارە دەر بارەی وشەی (تت.) پرسیارێکتان (ج – سەرچاوەی ئەو ووشانە چن) بەلامەوە ڕوون نییە و نازانم مەبەستتان لە (سەرچاوە) چییە؟ ئەگەر مەبەست ئەوە بێ کە من وشەی (تت.) لە کوێ دێنم؟ ئەوا دەبێ بڵێم لەو سەرچاوانەیان ڕا دێنم کە باسم کردون یا خۆ لە کتێب و ڕۆژنامە و... لە ڕێگای بیستنەوە دێتە دەستم. خۆ ئەگەر مەبەستیش ئەوە بێ کە وشەی (تت.) لە کوێ ڕاهاتون، ئەوا لەسەرەوە باسم کرد کە وشەی تازە داتاشراو چۆن پەیدا بون و دەبن و چۆن داتاشینی وشەی تازە وەکوو (ئاهۆ)یەکی زمانەوانی لێهاتوە و هەر کەس لە بەر خۆیەوە وشە دادەتاشێ و ئەو داتاشینە بەشی زۆری لەگەڵ ڕێبازی تطوری زمانی کوردی، لەگەڵ شێوەی ئیشتیقاقی لە زمانی کوردیدا و لەگەڵ دەستوری زمانی کوردی ڕێک ناکەوێ.

و– (پرسیاری ـ ٥) ئەم پرسیارەشتان دو بەشە، کە جیا جیا وەڵامیان دەدەمەوە:

١- ئایا وشەکان چۆن کۆ دەکەیەوە؟ نیزیکەی ٨٠ سەرچاوەت نوسیوە (لاپەڕەی ١٠١ – ١٠٦). بێجگەلە وانە چۆن لە زمانی خەڵک وشە کۆ دەکەیەوە؟

**کاری کۆ کردنەوەی وشە بەم جورەی خوارەوە ئەنجام دەدەم:**

A/ ئاشکرایە خۆم هێندێک وشەی کوردی دەزانم.

B/ لەسەرچاوەکانی کە باسم کردون کەڵک وەردەگرم.

C/ لەو مەڵبەندانە کە گەڕاوم گەلێ وشەی تر فێر بوم.

لە وانەش بگەڕێتەوە هەمیشە خەڵکی گەلێ ناوچەی کوردستان دەبینم وشەیان لێ وەردەگرم بەڵام بەڕاستی وشە کۆ کردنەوە لە زمانی خەڵکی، بە تایبەتی خەڵکی سادە و نەخوێندەوار و نیمچە خوێندەوار، زۆر دژوارە، چونکوو لە وڵاتمان فاسیلەی نێوان خوێندەوار و نە خوێندەوار (هیچ نەبێ لە بەر چاوی خوێندەوارەکە) گەلێکە، کابرای نەخوێندەوار لای وایە خوێندەوار هەموو شتێک دەزانێ یا دەبێ بزانێ، بۆیە کاتێ وشەیەکی سرنج ڕاکێش لە دەم کابرایەکی سادە دەر دەچێ و بۆ ئەوەی چاکتری تێ

بگەی لێی دوپاتە دەکەیتەوە، کابرا دەم و دەست لە دڵی خۆیدا وای دادەنێ کە دەتەوێ گاڵتەی پێ بکەی، دەنا چۆن تۆ کە خوێندەواری و (هەموو شتێ دەزانی) وشەیەکی کە لای ئەو هیچ نییە، تۆ نایزانی و لەوی دەپرسیتەوە؟ هەر چەندیش زیاتر تێ بکۆشی و هەوڵ بدەی تێی بگەیەنی کە بە ڕاستی تۆ ئەم وشەیە نازانی و مەبەستت ئەوەیە فێری ببی، کابرا زیاتر وا دەزانێ گاڵتەی پێ دەکەی و زیاتر دەمی خۆی دادروێ. سەرەڕای ئەوانە هەمووی، من لە بەر موقعیتێکی کۆمەڵایەتی تایبەتی کە بۆم ڕەخساوە کۆمەڵێکی زۆر خەڵکی جور بە جور دەناسم کە لە خەڵکی دیکە هاسانتر بە دەستمەوە دێن، وەڵامی پرسیارم دەدەنەوە، ئەگەرچی گەلێ جار توشی ئەوە هاتووم کابرا پێم دەڵێ: «قوربان جا ئەوە چییە، چۆن جەنابت شتی وا نازانی؟ «یا خۆ زەردەخەندەیەکی دێتێ و بێ دەنگ دەبێ. بەم حاڵەشەوە ئەگەر لە خەڵکی ناوچەیەکی معینی کوردستان وشەیەکم بیست و لە وانە بو کە نەیزانم و نەم بیستبێ، لە چەند کەسێکی دیکەی خەڵکی ئەو ناوچەیە دەپرسمەوە، کاتێ بۆم دەرکەوت و دڵنیا بوم کە وشەیەکی رایجی ناوچەکەیە و خەڵک لە قسە کردنا بە کاری دێنن ئەو جار فیشێکی بۆ دروست دەکەم و لە شوێنی خۆی هەڵی دەگرم، پاشان هەوڵ دەدەم لە شێعری شاعیرانی کۆن، قسەی نەستەق و مەتەڵی کوردیدا بیدۆزمەوە. هەر وەها تێدەکۆشم بزانم کە لە چ ناوچە و مەڵبەندێکی دیکەشا بەکار دێت یان نا؟ ئەسڵ و سەرچاوەی بدۆزمەوە. ووتم کە کۆ کردنەوەی وشە لە دەم خەڵکی نەخوێندەوار کارێکی دژوارە، بەڵام لەویش گرانتر و دژوارتر، کۆ کردنەوەی وشە لە خەڵکی خوێندەوارە، چونکوو کابرای خوێندەوار بە ئارەزوی خۆی و لە باری سرنجی خۆیەوە مانات بۆ لێکدەداتەوە و توشی (تناقض) ێک دەبی سەرت لێ دەشێوێ و لە وانەشە وشەیەکی (ڕەسەن)ی کوردی بە جارێک سەری تێدا بچێ، لە خوارەوە نمونەیەکتان عەرز دەکەم: لە مەڵبەندێ کە پێی دەڵێن (بان سیروان) و دەکەوێتە دەورو بەری چۆمی (سیروان)ی بە ناوبانگ، (مەلا)یەکی تێگەیشتو بە هۆی دۆستێکی مشترکمانەوە کۆمەڵێ وشەی بۆ ناردم کە گەلێکیان لای خۆم تۆمار کرا بون، سەرەڕای ئەوەش من هاتم و کۆمەڵێ (فیش)ێکی تایبەتیم بۆ هەموو وشەکانی ساز کرد، چونکوو لەو باوەڕە دام کە ئەو ناوچەیە (بان سیروان) لەگەڵ مەڵبەندی (ژاوەرۆ) ی ئەو دیوی سنور لەو شوێنانەن کە وشەی کوردی ڕەسەنایەتی خۆی تێدا پارازتوە، هەر وەکوو (هەورامان) نەک هەر ڕەسەنایەتی وشە بەلکو شکڵی کۆنی گەلێ وشەی بەو جۆرەی کە لە دەوروبەری بڵاوبوونەوەی

ئیسلامەتی دا هەیان بووە ڕاگرتوە. لە ناو ئەو ووشانەدا کە نەم بیستبون وشەی (بانگەشە) بو کە ماموستا بە (دعایە) یەعنی (تبلیغات Propaganda) مانای لێدابۆوە. خوالێخوش بو مامۆستا (گیو) یش ئەم وشەیەی بە دو شکڵی (باڵگاشە) و (بانگاشە) هەر بەو مانایەی نوسیوە، کە تەماشای سەر و شکڵی وشەکەم دەکرد لە وانە نەبو تازە داتاشراو بێ تا مانای (پرۆپاگاندە) بدات، چونکوو مەفهومی پروپاگاندە خۆی تازە هاتۆتە ناو کۆمەڵگا و زمانی کوردیەوە و ناچێتە عەقڵەوە وشەیەکی (کۆن) ئەو مانا (تازە)یەی هەبێ، بەڵام لەو باوەڕەش دا بووم کە ئەو (مامۆستا)یەی وشەکەی بۆ ناردووم لە خۆڕا نەینوسیوە و بێ گومان لە مەڵبەندی (بان سیروان) بە کار دێت بەڵام بۆچی؟ و بە چ مانایەک؟ ئەوەیان جێگەی دو دڵی بو. ئەو جار کەوتمە سەروکاری (تجزیە) ی وشەکە بەلای خۆمەوە بۆم دەرکەوت کە لەم کەرتانە پێکهاتوە [بانگ+ا – ئاش+ە– ئە/ا] کە هاو مانای (ئاش بەتاڵ)ە لە واقعیدا مەدلولێکی پرۆپاگەندەشی هەر تێدایە، ئیتر بە دڵنیایی تۆمارم کرد و لە بەرگی دوەمی قاموسا (ب) کە هەر ئێستا لە بەر دەستمە ئامادەی دەکەم بۆ چاپ دەیبینن.

٢– لە فەرهەنگی (خاڵ) و (مەهاباد) چۆن کەڵک وەردەگری؟»

ئەم دو قاموسانە کۆمەڵێ زۆر وشەیان تێدا تۆمار کراوە، من هیچ وشەیەک نانوسم کە تەحقیقم نەکرد بێ. بە ڕاستیش هەڵاواردنی وشەی (ڕەسەن) و (ناڕەسەن) لێکتر خۆی کارێکی دژوارە هیچ، مەسەلەی کەڵک وەرگرتنی لەو دو قاموسانە و هەموو کتێب و نامیلکەیەکی¬تریش کە بە ناوی (فەرهەنگ) یا ناوەرۆکی «فەرهەنگ» نوسراون لە دژوارتریش دژوارتر کردوە. و وەکوو دەزانن ئەم دو قاموسانە لەوانەن کە کردومن بە سەرچاوە بۆ «قاموس» و سەرچاوەیەکی گەلێ باشیشن بەڵام لە وشەی «داتاشراو» و «نا ڕەسەن» خاڵی نین، ڕەسەنەکانیان لەوانەن هەموو کوردێک (کەم یا زۆر) دەیانزانێ و منیش لە لای خۆم نوسیومن، هەندێک وشەشیان تێدایە کە لە ئاخافتنی ڕۆژانە دا خەڵک دەکاریان ناکا و بە سەر زمان خەڵکەوە نین من هەموو ئەو جورە ووشانەیان لێ وەردەگرم و ئەگەر لەوانە بن کە خۆم نەمزانیبن یا بە مەعنایەکیان نەم بیستبن سەرچاوەکەشیان دیاری دەکەم.

بێجگە لەوانە من بۆ بن لەهجەی (سنەیی) لە «فەرهەنگی مردوخ» و بۆ بن لەهجەی سلەیمانی وێڕای ئی «خاڵ» لە ئی مامۆستا (تۆفیق وەهبی)ش کەڵک وەردەگرم و هەر بەو جورەی لەسەرەوە باسم کرد کاریان لەسەر دەکەم.

ز- (پرسیاری شەشەمتان) «بۆ ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی جێگەیەکت داناوە یا نا؟»
ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردیم وەکوو سەرچاوەیەکی ثابت دانەناوە چونکوو لە بەر دەستم دانین بۆ نمونە گۆڤاری گەلاوێژ کە لە ساڵەکانی پێش شەڕی دوەمەوە تا ١٩٤٩ بە ڕێک و پێکی دەرچوە و یەکەمین گۆڤارێکی ئەدەبی کوردییە کە هەوڵی داوە نووسینی کوردی بخاتە سەر ڕێگەیەکی ڕاست و ڕەوان و چاکترین سەرچاوەیە بۆ ئەم کارە، ئەمەش قەت مانای ئەوە نییە کە من ئەو سەرچاوە گرینگانەم بە لاوە ناوە و هیچ کەڵکیان لێ وەرناگرم.
ح- (پرسیاری حەوتم)، «لە نووسینی «کۆ کردنەوە تا نووسین» قاموس دا بێجگە لە خۆت کەسی دی بەشدارە؟»
نووسین و ڕێکخستنی «قاموس» دەبێ بکەینە چەند قۆناغ، بەم جۆرە:
A- کۆ کردنەوەی وشە.
B- نووسینەوەی وشەکان لەسەر (فیش) و جیاکردنەوەی وشەکانی هەر دەنگێ لە دەنگەکانی تر و یەکخستنیان بە تەرتیبی ئەلف و بێ.
C – تەحقیق دەربارەی: ڕەسەنی و ناڕەسەنی، ئەسڵی وشەکە و سەرچاوەی پەیدا بونی و پێوەندی لەگەڵ زمانە کۆنەکان.
D- دیاری کردنی هویتی دەستوری هەر وشەیەک، هاوماناکانی لە لەهجە و بن لەهجەکاندا.
E- مانا لێدانەوەی وشەکان.
F- تێبینی بۆ هەر وشەیەکی بە پێویست بزانم (٦،٥،٤) لەسەر (فیش)ی هەر وشەیەک دەنوسرێ
G- نووسینەوەیان بە شکڵی کتێب و ئامادە کردنیان بۆ چاپخانە.
لەو کارانەی سەرەوە، تەنیا قۆناغی دوەم، (نووسینەوەی وشەکان لەسەر فیش و...)ە هەر وەکوو لەسەرەتای بەرگی یەکەمی قاموس¬دا(ل/٩٤) ئیشارە کراوە، کۆنە دۆستێکم یارمەتی داوم و لە (ء-ی) هەموو دەنگەکانی لەبەر ئەو دەفتەرانەی کە وشەکانم بە بێ تەرتیب تێدا نوسیبونەوە خستوتە سەر فیش و ئەو جار (فیش)ەکانی هەر دەنگێکی لێک جودا کردوتەوە و خستویەتە سەر یەک و بەو جورە ٥٢ جلد فیش کە هەر فیشەی تەنیا وشەیەکی لە گۆشەیەک لێ نوسراوە هاتۆتە بەرهەم، لەو قوناغە دا فیشەکانی دەنگی (ء) کە ئێستا بۆتە بەرگی یەکەمی «قاموس» چوار بەرگ بون

كە هەر وشەی (بسيط و مجرد) يان تێدا تۆمار كرا بو، پاش ئەوەی ئیشیان لەسەر كراوە و (مشتقات)ی هەر وشەیەكیش هاتۆتە گۆڕێ، فیشەكان لە (٤) بەرگەوە بونە (١٠) بەرگ و باقی ئیشەكانی (٦) قوناغەكەی دی هەمووی خوم كردومن و بۆ ئەوەی كاری قۆناغی حەوتەم وەكوو كتێبێكی دەسنوس بمێنێتەوە، جارێكی تر ڕۆژ بە ڕۆژ بو چاپخانە نوسیومەتەوە ئەوەش پێویستە بڵێم كە دوای نووسینەوەی فیشەكان، كتێبە دەسنوسەكە دەدەم بە چەند كەسێكی كوردی زان و هەر كەم و كوڕێكی تێدا بدۆزنەوە ئاگادارم دەكەن.

ط- (پرسیاری هەشتەم)، «بە بێ یارمەتی كۆڕی زانیاری دەت توانی «قاموس»ە كە دابنییە و چاپی بكەی؟»

١- كۆڕی زانیاری هێشتا دانەمەزرابو كە من دەستم كردوە بە قاموس دانان، یانی (كۆڕ) هەبا و نەبا من (قاموس)م دا دەنا.

٢- خۆتان دەزانن چاپ كردنی كتێب پێویستی بە پوڵ و چاپخانە هەیە، ئەگەر ئەو دوانە نەبن هیچ كتێبێ چاپ ناكرێ، ئەمن هەر چۆنێ بو پوولم بۆ چاپی قاموس پێكەوە نا بو، لەم بابەتەوە بۆ چاپی بەرگی یەكەم (كۆڕ) هیچ یارمەتێكی ماڵی نەداوم، تەنیا دوای تەواو بونی ٢٠٠ دانەیان لێ كڕیوم (ئەمە پوڵی كاغەزی بەرگی یەكەمی دەرهێناوەتەوە). بەڵام بۆ مەسەلەی چاپخانە، ئەگەر چاپخانەی كۆڕ نەبا لە چاپخانەی دی پوڵی زۆرتری دەویست لەوەی كە لە چاپخانەی كۆڕ لێیان وەرگرتوم و ئەوەندەش ئازاد نەدەبوم كار لەسەر فۆڕمەكان بكەم. بەرگی یەكەمی قامووس لەسەر حیسابی خۆم و لە چاپخانەی كۆڕ چاپ كراوە ئەگەر چاپخانەی كۆڕ نەبا نەمدەتوانی چاپی بكەم.

[-كۆڕ بڕیاری داوە بەرگی دوەمی قاموس (دەنگی ب) لەسەر حیسابی خۆی چاپ بكا و ئێستا خەریكی نووسینەوەم و ئەمەش بە ئەندازەی بەرگی یەكەم دەبێ.]

ی- «پرسیاری نۆیەمتان» دەربارەی بەسەرهاتی خۆم، پرسیارێكە كە من هەمیشە بەرانبەر وەڵامدانەوەی دورەپەرێز ڕاوەستاوم، زۆر كەس داوایان لێ كردوم بەسەر هات و خاطراتی خۆم بنوسم، بەڵام هێندەم پێ ناخۆشە باسی خۆم بكەم دەستم ناچێتە قەڵەم.

كاكە گیان دەبێ بەسەرهاتی یەكێكی وەكوو من چ بێ؟ چیرۆكێكی كوردەواری هەیە نابێ نەتان بیستبێ، دەڵێن كابرایەكی كورد مرد و فرشتەی خوا چون لێیان پرسی: من ربك؟ وەڵامی دانەوە: چەوەندەرێكم خواردوە هەمووی ڕەگ و پوكە! ئەوەندەش

که له «پێشگوتن» ی قاموس دا نوسیومه ئەگەر به پێویستێکی زۆر پێویستم نەزانیبا نەمدەنوسی و پاش نووسینیش لام وا بو ڕوون کردنەوەی بەسەرهاتی «قاموس» نەک «خۆم» ئەوەنده بەسە. هەر چۆنێ بێ وا له خوارەوه وەڵامی ئەو ووردە پرسیاری نۆیەمتان پەیدا بون بۆ دەنووسم:

١- «له کوێ دەرست خوێندوە؟» پێش ئەوەی بچمه مەدرەسه ئەلف و بێتکه و هەندێ ووردە کتێب و قورئانم له کن بابم خوێندوه و پاشان چومه مەدرەسەی ئیبتدایی (سعادت) له (سابلاغ) ی ئەو دەمه و (مەهاباد)ی ئێستا، به پێی یاسای ئەو کاته (١٣٠٦ – شەمسی) سێ کلاسی (٣،٢،١) ئیبتداییم به ساڵێک تەواو کردوه و چومه کلاسی چواروم و شەش کلاسەی ئیبتداییم به چوار ساڵان ئیمتیحان داوه. پاش ئەمه هێندێک له گولستانی سەعدی وچەند لاپەڕەیەک قواعیدی عەرەبی (صرف میر)م له مزگەوتی هەباساغای لای مامۆستا (مەلا بایزی زگ دڕاوی) خوێندوه، لای مامۆستام (مەلا قادری مدرسی) دەرسی (جەبر)م خوێندوه هەر ئەو مامۆستایەم هەستی نەتەوه پەروەریمی وەخەبەر هێناوه ساڵی ١٣١٧ چومه (رضائیه) و دەورەی هەوەڵی دەبیرستانم وەکوو داوتەڵەبی خارجی ئیمتیحان داوه. ئیتر ئاو بێنه و دەستان بشۆ. ئێستا بۆتان مەعلوم بو: چەوەندەرەکه چەنده ڕەگ وپوک بوو.

٢- «چ ساڵێک لای مامۆستا گیو دەرسی فرانسەت خوێندوه؟» وەک له بیرم بێ مامۆستا گیوی ڕەحمەتی ساڵی ١٩٣٢ هاتەوه مەهاباد و دوکانی عکاسی دانا له کاروانسەرای سەید عەلی حسینی و کۆمەڵێ له لاوانی سابڵاغ فرانسەیان له لا دەخوێند و منیش بۆ ماوەی چەند مانگێک دەرسم خوێند و پاشان لای مامۆستا (مەلا قادری مۆدەرێسی) درێژەم پێدا.

پاش ئەمانه لام وایه هەر ئەوه دەمێنێتەوه که بڵەین کەرەسته و سەرمایەی منیش بۆ قاموس نووسین وەکوو گەلێ له قامووس نوسانی کورد تەنیا هەستی نیشتمانییه، بەڵام جیاوازێکی بچکۆڵه هەیه و ڕەنگه ئەوەی بۆ من هەڵ کەوتوه بۆ قامووس نوسانی تر ڕێک نەکەوتبێ، چونکوو:

A- هەستی نیشتمان پەروەری کردومی به گەڕیدەیەک، کەم مەڵبەندی کوردستان هەیه نەم دیتبێ یا لەگەڵ خەڵکی ئەوێ ماوەی گفتوگۆم بۆ هەڵ نەکەوتبێ.

B- هەر ئەو هەسته وای لێ کردوم هەوڵ بدەم ئەوەندەی پێم دەکرێ و بۆم دەلوێ ئاستی زانینی خۆم بەرز کەمەوه و زانیارێکی گشتی (نسبتا) چاک پەیدا بکەم بۆ ئەوەی له ڕاست خەباتکارانی دیکه به خۆم دا نەشکێمەوه.

C- كاری نیشتمانی ماوەی چاوپێکەوتن و دانیشتن و گفتوگۆی لەگەڵ کوردی دانیشتوی مەڵبەندەکانی کوردستان بۆ ڕەخساندوم و ڕێگای پرسیار هیچ، وەڵام وەرگرتنەوەشی بۆ تەخت کردوم.

٣- «بێجگەلە چاپی نیشتمان و ئەو قاموسە، لە زمان وئەدەبیاتدا چ شوێنەوارێکت هەیە وەک شێعر و چیرۆک و شتی وا».

لە پێش هەموو شتێکا نابێ «نیشتمان» بە شوێنەوارێکی ئەدەبی یا هەرچی تری من دابندرێ، چونکوو من تەنیا لێپرسراوی چاپکردنی بوم و وێڕای هاوڕێیانی دی مەقالەشم تێ دا نوسیوە. لە ڕۆژنامەی «کوردستان» چاپی مەهاباد (ساڵی ١٩٤٥ -١٩٤٦)، «کوردستان» و «خەبات» چاپی بەغدا (لە ساڵی ١٩٥٨-١٩٦٠) و ڕۆژنامەی «النور»ی عەرەبی و «ڕووناکی» کوردی چاپی بەغدا (ساڵی ١٩٦٨-١٩٧٠) مەقالاتی سیاسی و ئەدەبیم نوسیوە، ساڵی ١٩٥٩ کۆمەڵە شێعرێکم بە ناوی «ئاشتی خوازی لادێ یی» لەگەڵ کۆمەڵە شێعرێکی دۆستم حەسەن قزڵجی لە یەک نامیلکە دا بڵاو کراوەتەوە، لە ڕۆژنامەی کوردی «هاوکاری» چاپی بەغدا (١٩٧١-١٩٧٤) چەند مەقالەیەکی ئەدەبی و مێژوییم چاپ کراوە.

٤- بۆ وەڵامی (تێبینی) ئەم پرسیارەتان دەبێ عەرزتان بکەم کە لە ساڵانی گەڕیدەیی و تاربونم لە وڵات، بێجگەلە خەباتی سیاسی هیچ کارو پیشەیەکم نەبووە، چوار- پێنج ساڵێک نەبێ کە لە شاری بەغدا لە ڕەستورانێک و کاباڕێ یەک شەوانە بە ناوی (محاسب) ئیشم کردوە.

یا- (پرسیاری دەیەم) پێت وایە دانان و چاپ کردنی تەواوی «قاموس» چەند ساڵان دەخایەنێ؟

بەو جۆرەی دە توانستی جیسمی و فکری خۆم ڕا دەبینم، هەر بەرگێکی «قاموس» کە بە قەد بەرگی یەکەم بێ. (نیزیکەی ٢٥٠ لاپەڕە) بەلانی کەمەوە بۆ دانان و ڕێکخستن و چاپکردنی (ئەگەر هیچ کۆسپێکی لا بە لای نەیەتە ڕێ) ساڵێکی پتر دەوێ و بەو جورەی بەراوەردم کردوە تەواوی «قاموس» لە دە بەرگ کەمتر نابێ، بەرگێکی چاپکراوە، بەرگی دوەمیش (ب) ئەوا بە دەستەوەیە و ڕەنگە تا یەک دو مانگێکی تر بخرێتە ژێر چاپەوە، بەم حیسابە باقیەکەی دەمێنێتەوە (٨) بەرگ (٨) ساڵی پێدەوێ.

یب- (پرسیاری ١١هەم) «بەرگی ١ی قامووس چەند وشەی تێدایە»؟

ئەوەی ڕاست بێ من لە پێشدا ئەو حیسابەم نەکردبوو، کەم و زۆری وشە بەلامەوە ئەهمیەتێکی دەرەجە دوی هەیە، بە لای منەوە ئەوەی لە دەرەجەی یەکەمی ئەهمیەت دا دێت (نوعیت)ی قاموسە نەک (کمیت). لەسەر پرسیارەکەی ئێوە بژاردم (١٢٤٩) وشەی تێدایە.

کاکە ئەمیر گیان

وا دەزانم وەڵامی پرسیارەکانت تەواو بون، لێم ببورە کە وا وەدرەنگی کەوت بەڵام کاتێ دەیخوێنیتەوە هەقم بە لا دا دەدەی کە ئەو وەدرەنگی خستنەم بە خۆڕایی نەبووە و دەبێ زۆر سوپاسی ئەو کچە کوردەش بکەم کە لە نووسینەوەی وەڵامەکاندا یارمەتی دام دەنا هێندەی تر دوا دەکەوت.

لەم ئاخرو ئۆخری نامەکەم دا شتێکم لەسەر زمانی یەکگرتو بیر کەوتەوە لە خوارەوە عەرزتانی دەکەم:

ئاشکرایە زمانی (نووسین) و (قسە کردن)ی هەموو نەتەوەیەک کەم و زۆر لێکتر جیاوازیان هەیە، خۆتان دەزانن ئەو (فارسی)یەی دەنوسرێ لەگەڵ ئەوەی قسەی پێدەکرێ هێندێک فەرقیان هەیە بەڵام ئەوەندە زۆر نییە و ئەوە وای لە من کردوە کە بۆ زمانی (کوردی)ش هەر سنورێکی ئاوا ڕەچاو بکەم.

کە دێیە سەر زمانی عەرەبی مەسەلەکە بە جارێکی دەگۆڕێ چونکوو ئەو (عەرەبی) یەی دەنوسرێ لەگەڵ ئەو (عەرەبی)یەی قسەی پێدەکرێ (لە هەر وڵاتێکی عەرەبیش بە شێوەیەکی تایبەتی قسە دەکرێ) زۆر لێک جیاوازن و ئەوە کاری کردۆتە سەر خوێندەواری کورد لە عێراق و لایان وایە زمانی نووسینی کوردی لەگەڵ ئی قسە کردن ئەوەندەی عەرەبی یا نیزیک بەو، دەبێ لێک جودا بن. من ئەوە بە ڕاست نازانم و لام وایە کە زمانی عەرەبی بە هۆی شەرایەتێکی زۆر تایبەتی ئەو حاڵەتەی وەرگرتوە کە لە هیچ زمانێکی ترا نابیندرێ و بۆ هیچ زمانێکیش دوپاتە نابێتەوە.

ئیتر سەرکەوتنتان داوا دەکەم

براتان زەبیحی
١٩٧٨/٩/٢٠

**سەرچاوە:**

١- عەلی کەریمی. ژیان و بەسەرهاتی مامۆستا عولەما.چاپی یەکەم،١٩٩٩ز.بنکەی چاپەمەنی زاگرۆس گۆتنبێرگ، سوید
٢- عەبدوڵڵاهی کەماڵ، ئەوانەی بۆ گەل ژیان، گۆڤاری مەهاباد، ژمارە ٦٩، ساڵی شەشەم، ساڵی ١٣٨٧هـ
٣- شاپەسەندی محەممەد، لە پەراوێزی ژیان و بەسەرهاتی زەبیحی(نەهێنییەکانی چاپی ژمارە(١٠) ی نیشتمان)، گۆڤاری ڕۆژنامەنووسان، ژمارە١، بەهاری ٢٠٠٢ز.
٤- زەبیحی عەبدوڕڕەحمان. قاموسی زمانی کوردی، بەرگی دووهەم، بەغدا. کۆڕی زانیاریی کورد، ١٩٧٩ز
٥- زەبیحی عەبدوڕڕەحمان. قاموسی زمانی کوردی، بەرگی یەکەم، بەغدا. کۆڕی زانیاریی کورد، ١٩٧٧ز
٦- زەبیحی عەبدوڕڕەحمان. قاموسی زمانی کوردی، جڵدی دووهەم[بەرگی ١و٢]، ورمێ، نەشری سەلاحەددین ئەیوبی، ١٩٨٨ز/١٣٦٧هـ
٧- حەکیمزادە، فەرەیدون، زەبیحی ڕووناکبیرێکی گوڕغەریب، چاپی یەکەم،١٤٠٠هـ ئینتشاراتی ڕاژە(مەهاباد).

عەبدولڕەحمان زەبیحی ساڵی [١٢٩٩/٢/١هـ ٢١/ ئاوریلی/١٩٢٠ز] لەشاری مەهاباد لەدایک بووە. باوکی حەمەدەمین ناسراو بە سۆفی مینەی کڵاودروو و دایکی «مەرجان»ی (لە ناسنامەکەی‌دا میرجان نووسراوە) ناو بووە. سۆفی مینە دوو ژنی هێناوە کە لە مەرجان خانم (عەبدوڵڵا و عەبدوڕڕەحمان و محەممەد)ی بووە. لە ژنی دووهەم واتە «ڕەزیە» خانم سێ کچی بووە، (فاتمە خانم و ڕەعنا خانم و هاجەرە خانم)
١٣٠٦- ١٩٢٧زایینی، چووەتە قووتابخانە و سێ پۆلی بەسەرێکەوە خوێندووە. ساڵی ١٣٠٧-١٩٢٨زایینی، چوار و پێنج و شەشی سەرەتایی پێکەوە خوێندووە. لە ١٣٠٩-١٩٣٠زایینی، ئیسماعیل ئاغای شکاک (سمکۆ) تێرۆر دەکرێ، دە ساڵی بووە. لە ١٣١١-١٩٣٢زایینی، لای گیوی موکریانی فێری زمانی فەڕانسەیی دەبێ و دوایی وانەی جەبر و زمانی فەڕانسەیی لای خوالێخۆشبوو مەلاقادر مۆدەرێسی خوێندووە. ١٣١٤-١٩٣٥زایینی، لە شیرکەتی نەوتی «حاجی ساڵح شاتری»دا کاری کردووە.
١٣١٥-١٩٣٦زایینی، ساڵی سێڵاوە مەنشورەکەی مەهاباد لە مەهاباد بووە. خوالێخۆشبوو مەلامارف کۆکەیی شێعری بۆ ئەو کارەساتە هۆنیوەتەوە.
١٣١٦-١٩٣٧زایینی، لە دایرەی پەروەردە و ڕاهێنان دادەمەزرێ و کاتێک مامۆستایەک نایەتەوە جێی ئەو دەگرێتەوە.

ساڵی ١٣١٧-١٩٣٨زایینی، چووەتە ورمێ و دەبیرستانی خوێندووە. وەرگرتنی بڕوانامەی دەورەی ئەوەڵی متەوەسیتە لە ورمێ. «لە حوزەیرانی ئەو ساڵە لەگەڵ خوالێخۆشبووان عەزیز زەندی، حوسێن زێڕینگەران، محەممەد نانەوازادە، مەلای داودی و غەفور مەحمودیان حیزبی ئازادیخوازیان دامەزراندووە.»

١٣١٨-١٩٣٩زایینی، ئەندامی حیزبی ئازادیخوازی کوردستان بووە.

١٣٢١-١٩٤٢زایینی، ٢٥ی گەلاوێژ، ١٦ی سپتامبری ئەو ساڵە لەگەڵ هاوڕێکانی کۆمەڵەی ژ.کاف دادەمەزرێنن.

١٣٢٢-١٩٤٣زایینی، لە مانگی خەزەڵوەری ئەو ساڵە لە پەیمانی «سێ سنوور» بەشداری دەکا. پووشپەڕی ئەوساڵە ژمارە ١ی گۆڤاری نیشتمان لە چاپ دەدا. ئەو ساڵە (ڕۆژ ئەژمێری تایبەتی کۆمەڵەی ژ.ک) دەنووسێ.

١٣٢٣-١٩٤٤زایینی، ژمارە ٩،٨،٧ی گۆڤاری نیشتمان بڵاو دەکاتەوە. لە تەورێز چاپی کردووە. ئەو ٩ ژمارەیە لە ٦ بەرگ دا چاپ دەکا. ١٩٤٤/٧/١٧ز لە پەیمانی سێ سنوور بەشداری دەکا. (خەرمانانی ١٣٢٣هـ)

١٣٢٤-١٩٤٥زایینی، لە مانگی خەرمانان تا ڕێبەندان بۆ ماوەی نزیکەی ٨ مانگ لە گرتووخانە بووە. ١٥ی فبریەی ١٩٤٦ز لە زیندان ئازاد دەبن. و لە ٣ی مانگی ڕەشەمە، (مارس)ی هەمان ساڵدا، هەواڵی ئازاد بوون و گەیشتنەوەی گیراوەکان، عەبدولڕەحمان زەبیحی و دڵشاد ڕەسوڵی و قاسم قادری قازی (لەبەر هێشی چاو لە تەورێز لە بیمارستانی شورەوی ماوەتەوە) لە ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٩، (٦ی ڕەشەمەی ١٣٢٤هـ) چاپ کرا. ١٣٢٤/١٢/١٩هـ چووەتە شاری تەورێز.

١٣٢٥- ١٩٤٦زایینی، ٢٦ی خەرمانان وتاری [پەردە لەسەر سیاسەتی ئەلەمانەکان دەتورکیا (لا) دادەدرێ] لە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٨٧ چاپ دەکرێ. دوای تێکچوونی کۆماری کوردستان، پەڕیوەی باشووری کوردستان دەبێ و لە گوندی «سیتەک» لای «شێخ لەتیف حەفید» دەمێنێتەوە.

١٣٢٦-١٩٤٧زایینی، لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٧ز دوور دەخرێتەوە بۆ شاری «ناسرییە» و لە نیوەی ساڵ ڕایکردووە بۆ گوندی سیتەکی شارباژێڕی باشووری کوردستان.

١٣٢٨-١٩٤٩ زایینی دەچێتە بەغدا و لە ڕێستورانبارێ عەبدوڵڵا شلێر (یوسف ریزوانی) دادەمەزرێ.

١٣٢٩-١٩٥٠زایینی، چووەتە ڕۆژئاوای کوردستان و چالاکی سیاسی لەوێ کردووە.

١٣٣١-١٩٥٢زایینی، لە بەغدا دەبێ و لە باڵوێزخانەی سۆڤێت لە بەغدا لەگەڵ مام جەلال چاویان بەیەکتر کەوتووە.

١٣٣٢-١٩٥٣زایینی، لە بەغدا بووە. لەگەڵ مامۆستا حەسەن قزڵجی دەست¬بەسەر کرا و ڕادەستی حکومەتی ئێران کران کە لەسەر سنوور بە ڕازیکردنی مەئمورانی ئەوێ، دەگەڕێنەوە باشور و ڕزگاریان دەبێ.

١٣٣٤-١٩٥٥زاییني، له سووريا بووه.
١٣٣٥-١٩٥٦زاییني، سەفەر بۆ سووريا و مانەوەی بۆ ماوەی دووساڵونیو لەوێ و دەبێتە یەکێک لە دامەزرێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردی سووریا.
١٣٣٦-١٩٥٧زاییني، له سيى ديسامبرى ئەوساڵە دا بەشداری دەکا لە یەکەمین کۆنگرەی ئاسیا و ئەفریقا کە لە قاهیرە بەسترا و لەگەڵ ئەنوەر سادات دانیشتووە و چالاکی نواندووە. لە ئیستگەی ڕادوێی قاهرە کاری کردووە. ١٩٥٧/١٢/٢٠ز دەگاتە قاهرە و لە ١٩٥٧/١٢/٢٣ز لەگەڵ «یوسف السباعی» گفتوگۆ دەکا بۆ بەشداری لە کۆنگرەی ناوبراو کە عەرەبەکان دژی ئەم هەڵوێستە دەبن و ناتوانن بەشداری کۆنگرە بکەن.
١٣٣٧-١٩٥٨زاییني، دە ڕۆژ دوای شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨، لە سووریا دەگەڕێتەوە باشووری کوردستان. ١٩٥٨/٩/١٨ز لەگەڵ «عەبدولکەریم قاسم» دیدار دەکا و وتاری «مبادی ثوره ١٤ تموز فی خطب الزعیم» بە ناوی عیسا زەبیحی و لە لایەن گەلی سووریە دەخوێنێتەوە. ئەندامی چالاکی کۆمیتەی مەرکەزی پارتی بوو.
١٣٣٩-١٩٦٠زاییني، بەرپرسی ماڵیی حیزبی پارتی بووە.
١٣٤١-١٩٦٢زاییني، لە کەرکووک بووە
١٣٤٢-١٩٦٣زاییني، کۆدەتا کرا دژی عەبدولکەریم قاسم و زەبیحی خۆی شاردەوە. لە کۆنگرەی حیزبی پارتی لە شاری کۆیە بەشدار بووە.
١٣٤٣-١٩٦٤زاییني، جیا بوونەوە لە باڵی پارتی و مەلا مستەفا بارزانی و لە بەغدا بەرپرسی لقی بەغدا و ڕێکخستنەکانی ناوخۆ بوو. ٦ی تەمووزی ئەو ساڵە لە کۆنگرەی ٦ی پارتی لە قەڵادزێ لەگەڵ ١٣ کەسی باڵی مەکتەب سیاسی لە حیزبی پارتی جیا بوونەوە.
١٣٤٤-١٩٦٥زاییني، لێپرسراوی لقی بەغدا بوو. مەکتەب سیاسی. ماڵی لە جادەی مەشتەلی بەغدا بووە. لە دوکانی یوسف ڕێزوانی (عەبدوڵڵا شلێر) لە بەغدا نادی «لیلی» کاری کردووە. باڵی مەکتەب سیاسی (ئیبراهیم ئەحمەد و هاوڕێیانی) بۆ وتوویژ دەینێرنە لای خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانی.
١٣٤٥-١٩٦٦زاییني، لێپرسراوی لقی بەغدا بوو، مەکتەب سیاسی. دەرکردنی یەک ژمارە گۆڤار بە زمانی عەرەبی بە ناوی (باهۆز) کە باسی سیاسی و هەواڵی تێدا بڵاو دەبۆوە، کە تا ئێستا لە دەست دا نییە. زەبیحی لە ڕێگای بەسرەدا دەچێتە ئابادانی ئێران کە جەماعەتی مەکتەبی سیاسی بهێنێتەوە.
١٣٤٦-١٩٦٧زاییني، لە کۆنگرەی باڵی (مەکتەب سیاسی) لە کەلاردا بەشدار بووە.
١٣٤٧- ١٩٦٨زاییني، لەگەڵ پارتی بووە لە کەلار.

١٣٤٨- ١٩٦٩زاییني، ١٣٤٨/٢/٢٧ لە بەغدا وەک ڕاوێژکار لە کۆشکی نوری سەعید، تودەیەکانی لەگەڵ تەیموری بەختیار پێک هێنا. «تەیمور بەختیار» قەولی خودموختاری بە کوردان دابوو. زەبیحی بەرپرسی ڕادوێ بووە لە بەغدا و لەگەڵ «مەحموود پەناهییان» کاری کردووە.
١٣٤٩- ١٩٧٠زاییني، لە بەغدا بووە. ١١ی ئازاری ئەو ساڵە کە هەر دوو باڵە ناکۆکەکەی پارتی بە هۆی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانی یەکیان گرتەوە، زەبیحی لەو یەکگرتنەوەیە پشتیوانی کرد و لە بەغدا مایەوە و خەریکی سازکردنی فەرهەنگی وشەی کوردی دەبێ. لە ٨ی ئابی ١٩٧٠ز تەیمووری بەختیار بە پیلانێک لە کاتی ڕاو کردن دەکوژرێ و زەبیحی ئەو هیوایەشی مایەپوش دەبێ.
١٣٥٤- ١٩٧٥زاییني، لە بەیروت دەگەڕێتەوە و دەگیرێ. بۆ ماوەی ١٨ مانگان لە گرتووخانەی «ئەبوغرێب» دەست بەسەر بووە. خوالێخۆشبوو محەممەد شاپەسەندی لە ماڵی زەبیحی بریندار دەکرێ.
١٣٥٥- ١٩٧٦زاییني، لە زیندانی ئەبوغرێبی بەغدا بووە.
١٣٥٦- ١٩٧٧زاییني، وتوویژ لەگەڵ «حافز ئەسەد» سەرۆک کۆماری سووریە و گیرانی لە فرۆکەخانەی بەغدا.
١٣٥٧- ١٩٧٨زاییني، ١٩٧٨/٩/٢٠ز لە نامەیەکدا وەڵامی پرسیارەکانی پرۆفسۆر ئەمیر حەسەنپوور لەسەر زمانەوانی دەداتەوە. چووەتە وڵاتی ئینگلستان و لە شاری لەندەن چاوی بە خوالێخۆشبووان ئیبراهیم ئەحمەد و نەوشیروان مستەفا کەوتووە. ١٣٥٧/١٢/٢٨ی هەتاوی- ١٩٧٩/٣/١٩ز نامەیەکی لە شاری مەهاباد بە ناوی هاوڕێی منداڵی خۆی خوالێخۆشبوو سەید قادر جەعفەری بەدەستی دەگا.
١٣٥٩-١٩٨٠زاییني، لە هاتووچۆی بۆ عێراق سەدام سەرۆک کۆماری ئەودەم چەکوچۆڵی دابوویە، کەچی مام جەلال و یەکیەتی نیشتمانی بێبەش نەکردبوو و لە گەڕانەوەدا ڕژیمی بەعس دەیگرێ و بێ سەروشوێنی دەکا. کتێبی جوغرافیای کوردستانی ئێران (ی) عەلی ئەزغەر شەمیمی هەمەدانی وەرگێڕاوەتە کوردی و کۆڕی زانیاریی عێراق (دەستەی کورد) بۆی چاپ کردووە. پرۆفیسۆر عیزەت مستەفا ڕەسووڵ دەنووسێ: زەبیحی لە نیسانی ساڵی ١٩٨٠ز بۆ دواجار گەڕاییەوە عێراق.
١٣٦٠-١٩٨١زاییني، نامەیەک لەلایەن مام جەلال تاڵەبانی دەگاتە دەست کەسوکاری زەبیحی، کە لەودا ئاماژە بەوە دەکا کە زەبیحی بێسەروشوێن کراوە.
زەبیحی لە تافێکی هەستیار و ناسکدا تەمەنی لاویی خۆی تێپەڕ کرد، واتە ٢١ ساڵە دەبێ کە هێزەکانی ڕووسیە لەشەڕی دووهەمی گێتی دا لەناوچەی موکریان سەودای پێکهێنانی دەوڵەتی تورک و کوردیان لەسەر دابوو. ئۆردوگای کۆمۆنیسم بە هەڵخەڵەتاندنی گەلانی ژێرچەپۆک لە فیکری گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆیاندا بوون، گەلی تورک لە ئازەربایەجان (تەورێز) و کوردیش لەو هەوا خۆش و دلاوێنەدا خۆیان نەگرت و تووشی ئەزموونێکی قورس و لە هەمانکاتیش دا شادیهێنەر بوون. حیزبی دێمۆکرات، دوای چەندین ساڵ نەهێنیکاری و چالاکی کەسانێکی وەکوو: حوسێن

زێڕینگەران (فروهەر)، عەبدوڕڕەحمانی زەبیحی، عەلی ریحانی، و.... هاتە سەر سفرەی حیزبە جوانەکەی کۆمەڵەی (ژ.کاف) و بە ئاشکرا حکومەتی کۆماری کوردستانی لە ڕێکەوتی ١٩٤٥/٨/١٦د زایینی ڕاگەیاند. ئەو بڕیارە لەنەکاوە سەرەڕای خۆشبوونی لەو فەترەیەدا، ناڕەزایەتیی چەندکەسی کۆنەکاری لێ کەوتەوە، بەڵام ئەو ئاڵوگۆڕە لەنەکاوە، هەرگیز نەبوو بە دوژمنایەتی، بگرە ڕیزی خەباتکارانی پتەوتریش کرد. کەڵکوەرگرتنی خراپ و نابەجێ لەو ڕووداوە تا ئێستاشی لەگەڵ بێ بۆتە بنێشتەخۆشکەی سەر زاری نەیاران و جاری واش هەیە یاران. لێکدانەوەی ئەو ڕووداوانە دەبێ بەپێی زەمەن و بارودۆخی سیاسی و ناوچەیی و جوگرافیای شوێنی ڕووداوەکە هەڵبەسەنگێن، نە بە پێوانەی باوی دنیای ئەوڕۆمان!!!

زەبیحی لە کاتی خۆیدا سەرەڕای بوون لە ڕیزی خەباتکارانی کورد، هەستی بە کەمایەسی لە بەشی فەرهەنگ و نووسراوەی کوردی دەکرد. ژیانی زەبیحی سیخناخە لە خەباتی فەرهەنگی و ئەدەبی و پاشان سیاسی. بەڵام داخەکەم بریا مامۆستا زەبیحی فەرهەنگ و ئەدەبیاتەکەی لە سیاسەت جوێ دەکردەوە، تا ئێستا ئێمەو کتێبخانەی کوردی چاومان بە دەیان کتێب و قامووسی جوانی ئەو خوالێخۆشبووە ڕوون ببایەوە. بەداخەوە پێشینیان وتوویانە، «لەگەڵ چوان هیچ ناکرێ.»

١٣٢٧-١٩٤٨زایینی، لە یەکەم ڕۆژی نەورۆزی ١٣٢٧هـ/ ٢١ی/٣/١٩٤٨زدا «محەممەد شاپەسەندی» و «غەنی بلووریان» مەهاباد جێ دێڵن و دەچنە شارۆچکەی «خەلان» و لە سەرەتای مانگی نیسانی ١٩٤٨ز لەلای مامۆستا زەبیحی لە سیتەک دەگیرسێنەوە. مامۆستا زەبیحی لە گوندی سیتەکی ناوچەی شارباژێڕی باشووری کوردستان، بە هاوکاری خوالێخۆشبووان محەممەد شاپەسەندی و غەنی بلووریان گۆڤاری نیشتمان ژمارە ١٠یان چاپ و بڵاوکردووەتەوە.

١٣٣٣-١٩٥٤زایینی، کتێبی «دەنگی ئاشتی لە لادێیی» بە هاوکاری خوالێخۆشبوو حەسەن قزڵجی دەنووسێ و دەیدا بە مامۆستا محەممەدتۆفیق وردی تا بۆی چاپ بکات. لە زیندان بووە.

١٣٣٨-١٩٥٩زایینی، کتێبی «دەنگی ئاشتی لە لادێیی» لەگەڵ حەسەن قزڵجی دەنووسن و لەو ساڵەدا چاپخانەی «النجاح» لە بەغدا بۆیان چاپ دەکا. وەک ئەندامی کۆمیتە ناوەندی لە بەغدا هەڵبژێردراوە. دەچێتە سووریا و لە ماڵی بەدرخانییەکان ماوەیەک دەمێنێتەوە.

١٣٤٠-١٩٦١زایینی، لە ڕۆژنامەی کوردستانی باڵی ئیبراهیم ئەحمەد و هاوڕێیانی کاری کردووە.

١٣٥٠- ١٩٧١زایینی، دەستی کردووە بە نووسینی قاموسی زمانی کوردی. نیسانی ساڵی ١٩٧١ز ژمارە ١ی گۆڤاری «دەنگی یەکێتیی»ی زمانحاڵی حیزبی تودەی، لەگەڵ خوالێخۆشبوو محەممەدئەمین سێراجی لە بەغدا چاپ دەکا.

١٣٥١- ١٩٧٢زایینی، خەریکی دەرکردنی گۆڤاری دەنگی یەکێتیی لە بەغدا بووە.

١٣٥٢- ١٩٧٣زاییني، خەزەڵوەری ئەوساڵە ئاخرین ژمارەی گۆڤاری دەنگی یەکێتیی (٣١)ی چاپ کرد و لە بەغدا زەبیحی دەست¬بەسەر کرا.

١٣٥٣- ١٩٧٤زاییني، چووەتە بەیروت.

١٣٥٨- ١٩٧٩زاییني، ١٣٥٨/٢/١٧ی هەتاوی - ١٩٧٩/٥/٧ز دوای هاتنەوەی لە ئینگلستان وەڵامی نامەی خوالێخۆشبوو سەید قادر جەعفەری دەداتەوە. و لە ڕێکەوتی ١٣٥٨/٣/٣ی - ١٩٧٩/٥/٢٤زاییني دوهەمین نامەی لە مەهابادەوە بۆ هاتەوە لەلایەن خوالێخۆشبوو سەید قادر جەعفەری. ١٩٧٩/٦/٢٢ لە بەغدا بووە. نێوەڕاستی مانگی گەلاوێژی ئەو ساڵە گەڕایەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوای ٣٣ ساڵ دەربەدەری، پاییزی ئەو ساڵە لە گوندی بێژوێ لەگەڵ شێخ عێزەددین حوسێنی بووە. سەفەرێکیش بۆ شاری ورمێ دەکا.

کتێبە چاپکراوەکانی مامۆستا زەبیحی:

١- ڕۆژئەژمێری کوردی بۆ ساڵەکانی ١٣٢٢و١٣٢٣/ ١٩٤٤و١٩٤٣ز

٢- گۆڤاری نیشتمان ١٠ ژمارە لە ٧ بەرگ¬ دا.

٣- ئاشتیخوازی لادێیی و پەیمانی دو لایی، ح.قزڵجی/ ر.زەبیحی، کتێبخانەی النجاح بەغدا، ١٩٥٩/١٣٣٨ز.

٤- قاموسی زمانی کوردی، بەرگی یەکەم، بەغدا ١٩٧٧/١٣٥٦ز- ل٢٤٨، قەوارە: ١٧×٢٤س.

٥- قاموسی زمانی کوردی، بەرگی دووهەم، بەغدا ١٩٧٩/١٣٥٨ز.

٦- جوغرافیای کوردستانی ئێران(ی)، عەلی ئەزغەر شەمیمی هەمەدانی، عەبدوڕڕەحمان زەبیحی وەریگێڕاوەتە کوردی، کۆڕی زانیاریی عێراق (دەستەی کورد)، بەغدا، ١٩٨٠/١٣٥٩ز، ل٨٨، قەوارە: ١٧×٢٤س.

٧- قاموسی زمانی کوردی، ورمێ، ئینتشاراتی سەلاحەددین ئەیوبی، ١٣٦٧هـ/ ١٩٨٨ز، ل٧٤٢، قەوارە: ١٧×٢٣.

٨- الرد علی الکوسموبولیتیە، نووسینی: مەحمودحسن شنویی [عەبدوڕڕەحمان زەبیحی] «ڕەتدانەوەی کۆسمۆپۆلیتیزم» بە ناوی نەهێنی «مەحموود حەسەن شنۆیی» لە دژی کۆمۆنیستەکانی سووریا و عێراق. [ ساڵی ٢٠١٧ز کاک عەلی کەریمی بە هاوکاری کاک حەسەن جودی لە زمانی عەرەبی ڕا دەیکەنە کوردی و دەزگای ڕۆشنبیری جەماڵ عیرفان لە سلێمانی چاپی کردووە]

**وتارە چاپکراوەکانی مامۆستا زەبیحی:**

١. ڕێککەون تا سەرکەون ـ گۆڤاری نیشتمان ژمارەی١، ساڵی یەکەم، پووشپەڕی ١٣٢٢هـ/ (تەموز) جولای ١٩٤٣ز.

٢ـ سەرکەوتن بە زۆر و کەمی نییە ـ گۆڤاری نیشتمان ژمارەی١، ساڵی یەکەم، پووشپەڕی ١٣٢٢هـ/ (تەموز) جولای ١٩٤٣ز.

٣. شاعیری بە ناوبانگ وەفایی ـ گۆڤاری نیشتمان ژمارەی١، ساڵی یەکەم، پووشپەڕی ١٣٢٢هـ/ (تەموز) جولای ١٩٤٣ز.

٤ـ ئێمەو مەردوم ـ گۆڤاری نیشتمان. ع.بیژەن، ژمارەی٢، ساڵی یەکەم، خەزەڵوەری ١٣٢٢هـ/ نوامبری ١٩٤٣ز.

٥. بۆچی نەگریم! ـ گۆڤاری نیشتمان. ع.بیژەن، ژمارەی ٣و٤، ساڵی یەکەم، سەرماوەز/ ڕێبەندانی ١٣٢٢هـ/ کانونی یەکەم و دووەمی ١٩٤٤ز.

٦ـ کورد لە حەیاة ئەنیسکلوپیدیاسیدا. گۆڤاری نیشتمان. ع.بیژەن، ژمارە ٥، ساڵی یەکەم، ڕێبەندانی ١٣٢٢هـ/کانونی دووەمی ١٩٤٤ز.

٧ـ فەلسەفەی ژیان- گۆڤاری نیشتمان. ع.بیژەن، ژمارە ٥، ساڵی یەکەم، ڕێبەندانی ١٣٢٢هـ/ کانونی دووەمی ١٩٤٤ز.

٨. بۆچی گەورەکانی «قورەیش» موسڵمان نەدەبوون؟. گۆڤاری نیشتمان. ع.بیژەن، ژمارە ٦، ساڵی یەکەم، ڕەشەمەی ١٣٢٢هـ/ مارس ١٩٤٤ز.

٩ـ کوردستان قوت نادرێت ـ گۆڤاری نیشتمان.ع.بیژەن، ژمارە ٧،٨،٩ ساڵی یەکەم، خاکەلێوە و بانەمەڕ و جۆزەردانی ١٣٢٣هـ/١٩٤٤ز.

١٠ـ لە ناو جێگای مردنا- ڕۆژنامەی کوردستان. ژمارە ٢١/٢٠/١٩/١٨ ڕەشەمەی ١٣٢٤هـ/١٩٤٦ز.

١١ـ شەڕابی سوور- ڕۆژنامە کوردستان. ژمارە ١٨، ١٩٤٦ز/١٣٢٤. ل٣.

١٢. چوونی نوری سەعید بۆ تورکیە. ڕۆژنامەی کوردستان. ژمارە ٢٤، چوارشەمۆ ٢٢ی ڕەشەمەی ١٣٢٤هـ/١٩٤٦ز. وەرگێرانی عەبدوڕڕەحمان زەبیحی.

١٣. هاوپرسەکی گنرالیسموس ستالین لەگەڵ پەیام¬نووسی ڕۆژنامەی(پراوادا)- ڕۆژنامەی کوردستان. ژمارە ٢٩، شەمۆ ١ی خاکەلێوەی ١٣٢٥هـ/١٩٤٦ز. وەرگێرانی عەبدوڕڕەحمان زەبیحی.

١٤ـ قەومی کورد لیاقەتی هەیە- ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە٣٩ -١٣٢٥/٢/٤-٢٤/ئاوریلی ١٩٤٦ز. عەبدوڕڕەحمان زەبیحی.

١٥. پەردە لەسەر سیاسەتی ئەلەمانەکان دە تورکیا دادەدرێ ـ ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٨٧، ١٣٢٥/٦/٢٦ --١٩٤٦ز. عەبدوڕڕەحمان زەبیحی.

١٦ـ ساڵ تێ وەڕسوورا- ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٨٨- ١٣٢٥/٦/٢٨ـ ١٩٤٦ز. عەبدوڕڕەحمان زەبیحی.
١٧ـ کتێب چۆن دەخوێندرێتەوەـ ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٩٢ - ١٣٢٥/٧/١١ ـ ١٩٤٦ز. عەبدوڕڕەحمان زەبیحی.
١٨- رد علی کراس السید ارشی روزفلت ـ بقلم زبیحی، جریده «خەبات- النضال» (ژمارە ١٩٢، هەینی ١٨ی مارتی، ١٩٦٠)
وەڵامی زەبیحی بۆ نامیلکەکەی ئارشێ ڕۆزڤێلت ـ گۆڤاری ئایندە. جوتیاری حاجی تۆفیق، ژمارە ٤٠، ساڵی ٢٠٠٣ز/١٣٨٢هـ
١٩- کەلاک و بابۆڵە- کەلاک و بابۆڵە، نووسینی: ئارت بۆخواڵد، وەرگێڕانی:زەبیحی، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە ٩، ١٣ی/مارتی/١٩٧١ز.
٢٠- گەشە کردنی سۆسیالیزم لە سەرەتای مێژوـ وە تا ئێستا ـ ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە ٥٠، شەمە ١٩ی/کانونی یەکەم/١٩٧٠ز.
٢١- با تەپوتۆزی ساڵان لە نەورۆز بتەکێنین- ڕۆژنامەی هاوکاری، ئەدەب و ژیان، ژمارەی ١٥٩، ١٩٧٣/٣/٢٣ز ـ ١٣٥٢هـ
٢٢-٧ پرسیار و ڕۆشنبیرانی کوردستان- ٧ پرسیار و ڕۆشنبیرانی کوردستان، عەبدوڕڕەحمان زەبیحی، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە ١٧٠، ١٩٧٣/٦/٨ز ـ ١٣٥٢هـ
٢٣- گەورەترین ئەستێرەی کلکدار و نەناسراوی چەرخی بیستەم هەڵهاتووەـ ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە١٧٧،٢٧/٧/١٩٧٣ز، ل٨.
٢٤- بەردەیسان فەیلەسوفێکی کوردەError! Bookmark not defined. ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە ١٨١ (١٩٧٣/٨/٢٤ز)، ١٨٢(١٩٧٣/٨/٣١ز) ـ ١٣٥٢هـ
٢٥- شێخ مەحموودی نەمر سەرکردەی لێهاتووی نەتەوەی کورد- ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (١٨٩)، ١٩٧٣/١٠/١٩ز – ١٣٥١هـ
٢٦- نەورۆز لە مێژووی نەتەوەی کوردا- نەورۆز لە مێژووی نەتەوەی کوردا، عەبدوڕڕەحمان زەبیحی، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە ٢١٠- ١٩٧٤/٣/٢١زـ ١٣٥٣هـ
٢٧- پیتی ء لە قاموسی زمانی کوردیداـ پیتی ء لە قاموسی زمانی کوردیدا، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە ٣٨٥ - ١٩٧٧/٩/١٤ز – ١٣٥٦هـ
٢٨- ڕەخنەی زانستییانە یاخود شەلم کوێرم هیچ نابوێرم ـ گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ. ژمارە ٧١، تشرینی دووەم و کانونی یەکەمی ١٩٧٨ز ـ ١٣٥٦هـ

٢٩- شۆرشە پیرۆزەکەی گەلانی ئێران ـ چریکەی کوردستان ژمارەی١، تموز، ئاب، ١٩٧٩ز ـ ١٣٥٨هـ
٣٠- الادماجية واساليبها المختلفة ـ ڕۆژنامەی خەبات، لسانس الحزب الديموقراطى الكردستانى، العدد ٤٢٤، ١٩٦١/٢/١٦ز، بقلم: زانا.
٣١- حول المسالة الكردية- ڕۆژنامەی خەبات، لسانس الحزب الديموقراطى الكردستانى، العدد ٤٤٥، ١٩٦١/٣/٢ز، بقلم: زانا.
٣٢- جغرافیای غرب ایران ـ شەمیم هەمەدانی، وەرگێڕ: ع.ا. زەبیحی، گۆڤاری سروە ژمارە ١و٢، ساڵی یەکەم/ ژمارە ١، بەهاری ١٩٨٥ز/١٣٦٤هـ
٣٣- ڕەژیمی دیمۆکراسی و مافە نەتەوایەتی گەلی کورد ـ ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە١، ١٩٦١/٣/٤.
٣٤- کۆسمۆپۆلیتایەتی چی¬یە؟ ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە١، ١٩٦١/٣/٤زایینی
٣٥- شەندە لە مەندە کەمتر نی¬یە!- ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە٢، ١٩٦١/٣/١١ زایینی.
٣٦- شۆڤینایەتی و شۆڤینایەتی نەتەوەی دەسەڵاتدار چی¬یە؟- ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە٢، ١٩٦١/٣/١١ زایینی.
٣٧- کورد و نەورۆز لێک جیا ناکرێنەوە ـ ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە٤، ١٩٦١/٣/٢٥ زایینی.
٣٨- ڕەگەزایەتی بیروباوەڕێکی کۆنەپەرستانەی هیچ و پووچە ـ ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە٥، ١٩٦١/٤/٦زایینی.
٣٩- حقيقة الشوفينية و شوفينية الامة المسيطرة ـ ڕۆژنامەی خەبات، لسانس الحزب الديموقراطى الكردستانى، العدد ٤٤٥، ١٩٦١/٣/٢ز، بقلم: زانا.
[هەر ئەو وتارە خوالێخۆشبوو عەبدورڕەحمان زەبیحی کردوویەتی کوردی و لە ڕۆژنامەی کوردستان چاپی کردووە، شۆڤینایەتی و شۆڤینایەتی نەتەوەی دەسەڵاتدار چی¬یە؟- ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە٢، ١٩٦١/٣/١١زایینی.]

# زارەکان و بنەمایەك بۆ زمانی یەکگرتوو

مستەفا غەفوور

زمان رەنگدانەوەی بارووددۆخی نەتەوەیە. هەرگیز زمانێک نەبووە بێ نەتەوە، بەڵام نەتەوە هەن زمانی خۆیان لەدەستداوە و لە ناو نەتەوە و زمانەکانی تردا تواونەتەوە. زمان هەمیشە خەسڵەتی نەتەوەیی بەخشیوە بەو گەلە یا ئەو نەتەوەی پێی دەدوێ، کەواتە دەکرێ بڵێین زمان چەق یا هەوێنی دروست بوونی نەتەوە و کامڵ بوونی ناسیۆنالیزمی ئەو نەتەوەیە، لەبەر ئەوە ناسیۆنالیزمی هیچ نەتەوەیەک کامڵ نابێ بە بێ کامڵبوونی زمان، واتە زمان ناسنامەی نەتەوە و بناخەی ناسیۆنالیزمە. زمانیش وەک هەموو یەنەکانی ژیانی مرۆیی گۆڕانی بەسەر دادێ، رەنگە نەتەوەیەک تێکڕای سیما زمانییەکانی خۆی لەدەست بدات و سیمایەکی تر وەخۆ بگرێ. بەم پێیە هەر هەڵەیەک، سیمای داهاتووی زمانەکە بەرەو لادانی زمانیی دەبات، دوور نییە ببێتە هۆی کاڵ بووونەوەی ناسنامەی ئەو نەتەوە، ئەمەش کارەساتی لێدەکەوێتەوە.

کاتێک چاو بە زمانی کوردیدا دەخشێنین دەبینین فرەزار، خاوەن کەرەستەیەکی زۆری زمانیی و مەعریفییە. خاوەن مێژوویەکی هەزارن ساڵەیە. هەریەک لە زارەکانی بنزاری خۆیان و شێوازی ئاخاوتنی ناوچەییان هەیە و ئەم دۆخە هەنووکە بەردەوامە. ئەم بارودۆخە لە سەردەمێکدا ئاسایی بوو، سەردەمێک کە هاتوچۆ و پەیوەندییەکان کەم بوون، سەردەمێک خوێندن و خوێندەواری لە ئاستێکی نزمدابوون، سەردەمێک زۆربەی زارەکان تەنیا زمانی ئاخاوتن و گێڕانەوە بوون، سەردەمێک رووبەری بەکارهێنانیان بەرتەسک و کەرەستەکانیان سنووردار بوو، بەڵام ئێستا دوای ئەو گۆڕانکارییەی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا هاتۆتە ئاراوە و جیهان بە رادەیک بچووک بۆتەوە لە چەند چرکەیەکدا دەتوانی پەیوەندی بە دوورترین کەستەوە بکەی، دەتوانی لە هەر رووبەکەوە بدوێی هەواڵ و زانیاری مەعریفە بگۆڕیەوە... زمانیش سنووری ئەو قەتیسمانەی پێشووی بەزاندووە، زارەکانیش بێبەش نبوون لەو گۆڕانکاری و پێشکەوتنە، بەڵام بە بێ ئاڕاستەیەکی یەکگرتووی ئاخاوتن و نووسین، کە ئەگەر تائێستا زیانی بە پرۆسەی ئافراندنی زمان و ناسیۆنالیزمی کورد نەگەیاندبێ بە دڵنیاییەوە لە مەوبەدوا زیانی پێدەگەیەنی.

ئەزموونی چەند ساڵەی تێکۆشانی گەلی کورد لە پێناوی ئازادیدا، سەلماندوویەتی دوژمن ناتوانێ بە جەنگ و داگیرکاریی و کۆمەڵکوژی کۆتایی بە پرسی کورد و دۆزە رەواکەی بێنێ، لەپاڵ ئەوەشدا قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ

پشتیوانەی نێودەوڵەتی هەیە، لەبەرئەوە دوژمنان ناچارن ڕێگەی تر بگرنەبەر، یەکێک لەو ڕێگایانە کە بەندە پێیوایە پلانێکی لەسەرەخۆ، درێژخایەن و پڕ وردەکارییە، نەهێشتنی ئینتما و لێکهەڵوەشاندنی نەتەوەی کوردە لە دەروونی خۆیدا، بە واتایەکی تر چەواشەکردنی بنەمای ناسیۆنالیزمی کوردە. بۆ ئەمەش جگە لە ڕێکارە سیخوڕی و سەربازییەکان پەنایان بردۆتە بەر کاڵکردنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کە زمانە. بەو پێیەی زمان فاکتەرێکی هەرە گرینگی مانەوەی نەتەوەیە، یەکگرتویی زمانیش مایەی یەکگرتنی هەستی نەتەوەیی چین و توێژ و ئاخێوەری دیالیکتەکانییەتی، لێکجیایی بەردەوامی زارەکان، درزێک لە یەکییەتی نەتەوەییدا دەهێڵێتەوە. هەنگاونانیش بەرەو پتر لێک جیاکردنەوەی زارەکان جۆرێکە لە دژایەتی ناسیۆنالیزمی کوردی و یەکییەتی نەتەوەیی، کە ئێستا بە پێی ئەو ڕووداوانەی سەرهەڵدەدەن نیشانەکانی دەرکەوتووە.

به داخەوە، ئێستا لە بارودۆخی ناوخۆی باشووری کوردستانیش گەلێک ئاڕاستە هەست پێدەکرێ، کە هەریەکەیان بە پێی بەڵگە و لێکدانەوەی بێ بنەما، هەوڵدەدات نەک زارەکان لە قەدی زمانی کوردی جیابکاتەوە، بەڵکو زەمینەیان بۆ خۆش دەکات ببن بە شێوەزمانی جیاواز. لەپاڵ ئەوەشدا، دووبەرەکی سیاسیی و چەند بەرەیی تێکۆشان لە بوارەکانی تری ژیانی کوردەواریدا، لەسەر ئاستی خوێندن، کلتوور، دامودەزگای بەڕێوەبری، ڕاگەیاندن، زمانی پەیوەندی و ئاخاوتن لەم بوارانە ڕەنگیداوەتەوە. نەک هەر ئەوە بەڵکو دیاردەیەکی خوڵقاندووە من وەک خۆم ناوی لێدەنێم دەمارگیری زمانیی، واتە ئاخێوەرانی زارەکان تەنانەت ڕۆشنبیرەکانیشیان ئەوندەی هۆگری زارەکەیانن ئەوەندە خەمی زمانی یەکگرتوویان نییە، کە ئەمەش پەرە بەو ئاڕاستە هەڵەیە دەدات: گوایە فرەزمانی و تەنانەت فرە کلتووریش لە کوردستان ئاساییە و دەتوانی خزمەت بە دۆزی کورد و پرسە ڕەواکەی بکات. بەو بۆنەیەوە دێن ئاماژە بەو وڵات و فیدراسیۆنانە دەکەن، کە فرەزمانی فەرمی شتێکی ئاساییە و یەکێکە لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادی تاک و کەمینە. بۆ نموونە ئاماژە بە کیوبیکی کەندا دەکەن کە دانیشتوانەکەی بە دوو زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی دەدوێن، لە کاتێکدا هۆکارەکەی پتر سیاسی و ئابوورییە، نەک لەبەرئەوەی ئەو کەمینانە مەترسی لەناوچوون و جینۆسایدیان لەسەر بێت، یان لەڕووی یاساییەوە جیاوازیی یان ناکۆکییەک هەبێت، یان ئاپارتاید لە ئارادابێ یان تەنیا ناسنامەی بوونیان، زمانەکەیان بێت. لۆکزامبۆرگ بە

سێ زمانی لۆکزامبۆرگی، ئەڵمانی و فەرەنسی دەدوێن. بەڵام ئەم سێ زمانە نەبوونە هۆکار بۆ چێ بوونی کۆمەڵگەی جیاواز لە یەکتر. پەروەردە پتر بە زمانی ئەڵمانییە و، بەڵگە نافەرمییەکانیش پتر  بە زمانی فەرەنسی دەنووسرێن، رۆژنامەکانیش بە هەر سآ زمانەکە دەردەچن. لە سویسرا: فەرەنسی، ئەڵمانی و ئیتالی سێ زمانی فەرمین لە پەروەردە و خوێندن، دامودەزگای کارگێڕی و سیاسی تەنانەت لە پەرلمانیش کاریان پێدەکرێت، بێ ئەوەی هیچ کێشەیەک دروست بکات و بێ ئەوەی ئاخێوەرانی ئەو سێ زمانە هەست بە هیچ مەترسییە بکەن و تەنیا زمانەکەیان ناسنامەیان بێت، لە هێندێک شوینی تر ئەم حاڵەتە هەیە بەڵام هیچیان پرسی نەتەوەیی نین زمانەکەیان ناسنامەی بوون و مانەوەیان بێ، بەڵکو پرسێکی ئابووری سیاسین و کۆدەنگییان لەسەرە  و دەرەئەنجامی مەترسی سەرهەڵدانی جینۆساید و رەگەزپەرستی و کۆمەڵکوژی و لەنابردن نین.

لە پاڵ ئەوەشدا زار و بنزارەکانی سەر سنووری نەتەوەیی بە هۆی گۆڕانکاری جیۆسیاسی، وەک نێچرێکی بەردەستی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، پتر کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی زمانی باڵادەستی ئەو وڵاتانە، لە رۆژهەڵات زمانی کوردی بە هەموو زارەکانییەوە لە ژێرکاریگەری زمانی فارسی دایە و تەنانەت دەسەڵاتی شۆڤێنی فارس توانیویەتی ناسنامەی کوردبوون لە هێندیکیان بستێنێتەوە، بەشەکانی تریش لە زۆر رووەوە کاریگەری زمان و کلتووری فارسیان لەسەرە، تەنانەت بە شێک لەنووسەر و رووناکبیرەکان سەرەڕایزمانی پاراو، کە هێشتا بەرهەمەکانیان سەبکی زمانی فارسی پێوە دیارە. لە باکوور پتر لە سەد ساڵە ئاخاوتن بە زمانی کوردی کرمانجی سەرو و بن زارەکانی قەدەغەیە تەنانەت لەناو ماڵەوەش، ئەمە بۆتە هۆکاری ئەوەی ئەو دیالێکتە رەسەنەی مەم و زینی خانی پێنووسراوە گەشە نەکات و تەنانەت لە بنەمای خۆی، کە زمانی ئەحمەدی خانییە دوور کەوێتەوە، ئێستاش لە سەر دەستی سیاسەتمەدارنی بزوتنەوەی ئازادیخوازی کورد لە باکوور نەک هەر زیندوو ناکرێتەوە، بەڵکو لە ئێستاوە تێکەڵ بە وشەی نامۆی بیانی و پراگماتکی زمانی باڵادەست و سەبکی زمانی تورکی دەکرێ کە نازانم دەمارگیرییە یان نەزانییە. لە رۆژئاوای کوردستانیش بە هەمان شێوە سەرەرای ئەوەی ناوچەکانی خۆبەڕێوەبەری زمانی کوردییان کردووە بە زمانی خوێندن و نووسین و زمانی فەرمی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان، بەڵام دەیانەوێ بە

هەتیوی گەشە بکات واتە بێ ئاوڕدانەوە لە زارەکانی تری زمانی کوردی و ئەو پێشکەوتنەی دیالێکی کرمانجی ناوەراست لە باشووری کوردستان بەخۆیەوە بینیوە، کە بە ئەگەری زۆر ئاڕاستەیەکە دەبێتە هۆی دابڕینی پتری ڕۆژئاوا لە کوردستانی دایک. جگەلەوە ڕێنووس بە لاتینی بەربەستێکی تری دروستکردووە لە تێکەڵ بوون و لێکتیگەیشتنی خۆبەڕێوەبەری ڕۆژئاوای کوردستان و باشوور و ڕۆژهەڵات، بە زماناسان بڕوای ڕێنووسی لاتینی لە کە کەلەپوور و گەنجینەی ئەدەبی و مێژوویی خۆشیانی دابڕیون. بەندە پێموایە ئەمە کەرەستەیەکی نەخشەی دوژمنان بێ بە تایبەتی فاشیزمی تورک و فارسی، وەک چۆن شوێنەوارەکانی نەتەوەی کورد لە هەر شوێنێک بێ، دەیسڕنەوە ئاواش بەم ڕێگەیە لە کلتوور و کەلەپوور مێژووی یەکتر داماندەبڕن، تەنانەت ناهێڵن کاریگەرییمان لەسەر یەکتر هەبێ. کەچی بە داخەوە هێندێک کەس و لایەن ئەو حاڵەتە بە ئەرینی وەردەگرن و بانگەشەی دوو زمانیی تەنانەت سێ زمانی فەرمی دەکەن لەکوردستان. بە کورتی دوژمنان بەوەوە نەوستاون بە سنوورە دەسکردەکان و ڕاگواستن و جینۆساید لەیەکمان دابڕن، مێژوومان بشێوێنن، هاتوون کار لەسەر لێکجیاکردنەوەمان دەکەن لە ڕووی زمان و کلتوور و کەلەپوور و....،

دروستبونی لادان لە زمانی کوردیدا واتە بە ئاراستەی لێکجیابوونەەی زارەکان لە قەدی زمانی کوردی بە تایبەتی زاری کرمانجی سەروو، سەرەتا هەستی ئینتمای نەتەوەیی بۆ یەکتری لاواز دەکات و دواتر بە ڕێڕەوی هەوێنکردنی دوو ئاڕاستەی زمانیی جیاوازدا دەڕوا و بە دوو زمانی جیاواز کۆتایی دێت. ئەمەش وێناچێ تەنیا نەزانیین بێ بەڵکو جگە لە نەزانی، غرور و خۆبەزلزانی کە تەنانەت لە سەر ئاستی تاکیش کارەساتی لێدەکەویتەوە، گومان دەکرێ دەستێکی شاراوەی لە پشتەوە بێ کە بە ئەگەری زۆر لە سەردەستی ئەو نووسەر و وەرگێڕ و ئەکادمیانە ئەنجامدەدرێ کە تێگەیشتنیان بۆ ئەم پرسە لاوازە و خولیای تر جگە لە خولیای خزمەتکردن بە زمانی نەتەوەیی، هەڵیگرتوون.

ڕاستە زمانی کوردی فرە زار و زارەکانی فرەبنزارن، بەڵام ئەمڕۆ لە باشووری کوردستان زمانی نووسین و ڕاگەیاندن تەنیا لە سێ زاردا چڕبۆتەوە: کرمانجی سەروو، کرمانجی ناوەڕاست و کرمانجی خواروو. ئەو زارانـەی تر لە پراکتیکدا هەموویان وەک ژێر زار مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ. ئەمەش هۆیەکەی ئاشکرایە ئەویش

ئەوەیە: هیچ کام لەو زار یان ژێر دیالیکتانە لەو قەتیسمانەی تێدابوون رزگاریان نەبووە و ئەو پێشکەوتنەی پێویستە بە خۆویانەوە نەدیوە تا ئەو پەرێزە ببەزێنن کە تێیدان، بەواتایەکی تر لە ناو زارەکاندا، هەن تەنیا زمانی ئاخاوتنن، یا زمانی ئاخاوتن و ئەدەبن، و زمانی نووسین نین، یا زمانی ئاخاوتن و ئەدەبن، زمانی سیاسەت نین، یا زمانی سیاسەتیشن، بەڵام زمانی زانست نین، بەو مانایە هەریەکەیان لە ئاستیکی جیاوازدایە.

بوون بە زمانی ئەدەب، سیاسەت، فەلسەفە و زانست، لە هەر زارێکدا دەوڵەمەندی ئەو زارە دەگەیەنێ، هەر زارێکیش دەوڵەمەند بێ، کاریگەری پتر دەبێ لەسەر کۆمەڵگا و زمانی گشتی کۆمەڵگا بە تایبەتی زمانی یەکگرتوو. بوون بە بنەمای زمانی یەکگرتوو یان رادەی بە شداریی هەر زارێک لە ئافراندنیدا، بە ستراوەتەوە بە ئەندازەی دەوڵەمەندی ئەو زارە. لێرەدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە بمانەوێ یان نەمانەوێ، پێمان خۆشبێ یان ناخۆش بێ، زاری هەرە دەوڵەمەند خۆی دەسەپێنێ ببێتە بنەما یا بنچینەی زمانی یەکگرتوو یان زمانی فەرمی قەوارەی باشووری کوردستان.

لێرەدا مەبەست لە دەوڵەمەندی هەر زارێک، هەبوونی پانتاییەکی زۆرە لە وشە، زاراوە، دەستەواژە، قسەی نەستەق، ئیدیۆم میتافۆڕ، پەند و ئامۆژگاری، زاراوەی ئەدەبی، سیاسی، زانستی، هەروەها پراگماتیکی بێ گری و گۆڵ و دەوڵەمەند بە کەرستەکانی پەیوەندی وەک گیرەک، نووسەک، فۆڕم و پرۆفۆڕم و...هتد، رۆڵی لە گواستنەوەی مەعریفە و کلتووری گەلان بۆ ناو زمانی کوردی و بەشداریی لە پرکرنەوەی کەلێنەکانی خوێندن و خوێندنەوە و دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی، رۆڵی لە ناساندنی کورد و کلتووری کوردەواری بە گەلانی جیهان. جگەلەوە لە بواری فۆنێتیکدا هەبوونی ئەلفابیتی رەوان و بێ گرێوگۆڵ نزیک لە ئەلفابێتی جیهانی.

دەشێ لە کەمینەیەکی خاوەن زارێکی لاوازدا کەسانی زۆر بە توانا هەڵکەون و کاریگەربن لەسەر کۆمەڵگای کوردەواری، بەڵام ئەمە لەسەر ئاستی تاکە، مەرج نییە هێما بێ بۆ ئاستی گشتی، ئەمە پەیوەندی بە پانتایی مەعریفە یا پاشەکەوتی زەینی مرۆڤەکەوە هەیە، نەک ئاستی مەعریفەی ئەو کەمینەی تێیدا ئەندامە.

بەپێی لێکۆلینەوەکان، ئەو پێناسانەی پێشوو پڕ بە پێستی زمانی هاوچەرخ نین. زمان ئێستا ئامرازی دیاری کردنی سنووری هزر و ئاخاوتنە، لە گەڵ کلتوور لە پەیوەندیدایە. بە بۆچوونی ۆرف زمان شکل بە هزری ئاخێوەرانی دەبەخشێ. واتە

زمان نەک هەر دەربڕی گوتارە بەڵکو ڕێکخەری ئاخاوتنیشە، نەزمێک بە هزر و کلێشەکەی دەبەخشێ. زمان کاریگەرە لەسەر هزر و پێچەوانە کەشی ڕاستە، هزر و زمان دوو دیوی یەک دراون شان بەشانی یەکتر گەشە دەکەن. ئەمەش بەو مانایە نییە ئەو زارانەی گەشەیان نەکردووە و لە سنووڕێکی تایبەتیدا گۆشەگیر کراون ئاخێوەرانیان ئاستی مەعریفیيان نزمە یان لاوازە، نەخێر، چونکە زمانی زانست و مەعریفە لە پارچەکانی تری کوردستاندا جگەلە باشووری کوردستان، زمانی نەتەوەی باڵادەستە و بەسەر کوردا سەپێنراوە، کاتێک خوێندن و نووسین لە هەموو ئاستەکانیدا بەزمانی ئەوان بێ ئەو زارە داماوانەی کوردانی ئەو پارچانە پێیدەدوێن چۆن گەشە بکات. ئەمەش بۆتە بەربەستێک تا زار و بنزاری ئەو بەشانەی تر لە سنووری ئاخاوتن و هێندێک لایەنی ئەدەبی دەرنەچێ، زارەکە وەک خۆی بمێنێتەوە و ئەمڕۆ لە ئاستێکی نزدابێ.

لە لایەکی تر نووسین بە قۆناغێکی وەرچەرخانی زمان دادەنرێ، چونکە نووسین زمانی ئاخاوتنی گۆڕیوە بۆ واقع، واتە زمانی بە مادی کردووە و ڕێگەی خۆش کردووە وەک هەر کەرەستەیەکی مادی بگوازرێتەوە و بە ئاسانی مامەڵە لەگەڵ بەرهەمەکانی بکرێ، ئەمەش کاریگەری زۆر بووە لەسەر گەشەکردنی زمان، بە ڕادەیەک دەتوانین بڵێین ئەو زمانانەی لە نووسین دواکەوتوون بەدڵنیاییەو لەگەشەکردنیش دواکەوتوون، لەبەر ئەوە یەکێک لە هۆکارەکانی دواکەوتنی زمانی کوردی بەتایبەتی لە بەستانداردبووندا دواکەوتنە لە نووسین (نووسین بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە). ئەمە بۆ زارەکانیش ڕاستە، هەر زارێکی زمانی کوردیش زووتر گەیشتبێتە قۆناغی نووسین لە پێش ئەو زارانەیە کە درەنگتر یان هێشتا قۆناغی نووسینیان تاقی نەکردۆتەوە. ئەمە یەکێکە لەو هۆکارانەی کە دەبێ ئاخێوەرانی زارەکانی زمانی کوردی هانبدرێن بە زاری خۆیان بنووسن، بڵاوبکەنەوە (نەک خوێندن)، پەرە بە زارەکەیان بدەن، بەڵام بە پێی پلان و پرنسیپێک بە ئاراستەی زمانی یەکرگرتووی کوردی، بە ئاڕاستەیەک لێکنزیکبوونەوە و لێکتێگەیشتن لە نێوان تاکەکانیان ئاسانتر و سادەتر بکات.

ئەگەر چاوێک بە زمانەکانی جیهاندا بخشێنین دەبینین هەر زمانێک هەوێنێکی خۆی هەیە زمانەکەی هەوێن کردووە و بۆتە بنەما تا بە شێوەی ئەمڕۆی لێبێت، بۆ نموونە:

نووسینەکانی پێش ئیسلام و دواتر قورئان، زمانی عەرەبی ئەمڕۆیان پێ هەوێن کراوە. دەکرێ بڵێین هەوێنی زمانی فارسی ئەمڕۆ شاهنامەکەی فیردەوسییە. سیکولاریزمی ئەتاتورک واتە دەسەڵات زمانی تورکی لە ژێر پۆستاڵی زمانی عەرەبی دەرهێنا. دامەزراندنی ئیسرائیل زمانی عیبری زیندوو کردەوە کە تەنیا زمانی ناو خێزانی جوولەکەکان و زمانی پەرستن و نزاو پارانەوەی کەنیسە بوو، بەوەشەوە نەوەستا لەو قەتیسمانە رزگاری کردوو ئێستا زمانی فەرمی دەوڵەتی ئیسرائیل و زمانێکی ستانداردی جووەکانە. بەڵام بە داخەوە لە مێژوو نەتەوەی کورددا، قەوارەیەکی سیاسی ئەوتۆ دروست نەبوو زمانی شاکارەکەی ئەحمەدی خانی واتە زمانی مەم وزین بکاتە هەوێن و کرمانجی سەروو بکات بە زمانی ستاندارد، شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسیش، تەنیا بەڵگەنامەیە وکەڵکی مێژوویی هەیە دەنا بە زمانی کوردی نە نووسراوە، تا لە رووی زمانەوە کەڵکی لێوەربگیرێ. شتێکی ئەو تۆشمان نییە زمانی هەورامی پێ هەوێن کرابێ. تەمەنی کۆماری مهاباد و حکومەتەکەی مەلیک مەحمود بای ئەوەدە نەبوو بنەمایەک بۆ زمانی یەکگرتووی کوردی دابڕێژن، وا ئیستاش لە حکومەتی هەریمی کوردستاندا تائێستا ئاوڕی جدی لە زمان و ئافراندنی زمانی یەکگرتووە نەدراوەتەوە.

دواکەوتن لە خەملاندنی زمانی یەکگرتوو، نەتەوەی کوردی لە هەموو روویەکەوە دواخستووە و بە ردەوامبوونی ئەم دۆخە یێ زمانی یەکگرتوو هەمان ستسی لە پێشکەوتن و داهێنانی زمانییدا دەهێڵێتەوە و بارودۆخەکە لە هەموو روویەکەوە ناهەموارتر دەکات. کاتێک ئامرازی ئاڵو گۆری مەعریفەت نەبێ چۆن دەتوانی کارلێکت لەگەڵ کلتوورەکانی تردا هەبێت، چۆن دەتوانی کلتووری خۆت بگوازیتەوە ناو کلتووری گەلان، چۆن دەتوانی ئالوگۆڕی زانیاری لە نێوان کەمینە و ئاخێوەرانی زارەکانی تردا ئەنجام بدەیت، ئێستا مەترسییەکە گەیشتۆتە رادەیەک ئاخێوەرانی زارەکان بە ئاسانی لە یەکتر ناگەن، کاناڵەکانی راگەیاندنی تایبەت بە زارەکان هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر ئاخێوەرانی غەیری خۆیان نییە، چ بگا بە ئاڵوگۆڕی زانیاری و کارلێکی ئەدەبی و زانستی نیوانیان....

بە ردەوامبوون و مانەوەی ئەم واقعە ئەگەری لێکدوورکەوتنەوەی زارەکان و ئاخێوەران پتر دەکات کە بە دڵنیاییەوە لێکدابران، سرینەوەی هەست و سۆز خۆشەویستی و لەناوبردنی خولیای نەتەوەیی لە دەروونی تاکی کۆمەڵگای

کوردەواریدا دەسڕێتەوە. ئەوەی هەست پێدەکرێ ئەوەیە: ئەم ئاڕاستەیە ڕۆژ بە ڕۆژ پەرە دەستێنێ و ئەو رایەڵکەی تاکەکانی کورد بەیەکەوە دەبەستێتەوە دەپچڕێ، ئەو هۆگر و خۆشەویستییە بۆ خاک و نیشتمان بەرەبەرە لاواز دەبێ، ئەگەر ئەمە کارەسات نەبێ ئەی چی کارەساتە؟

بڕواناکەم لێکنزیک کردنەوەی زارەکان بە مەبەستی ئافراندنی زمانی یەکگرتوو مەحاڵ بێت، لێکنزیک کردنەوە بەو مانایە نییە زارێک بکرێتە باڵادەست و ئەوی تر یان ئەوانی تر پشتگوێ بخرێن. نەخێر سەرەتا پێویستە یەک یەکی زارەکان بایەخیان پێبدرێ و لەسەر دەستی رووناکبیر و ئەدیبان نووسەران و وەرگێرەکانیان ئەو زارە ئەکتیڤ بکرێ، ئینجا بە یارمەتی زارەکانی تر و هاوکاری تێکرای رووناکبیر و زماناس و وەرگێر و ئەکادیمییەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان ئەو زارە دەوڵەمەند بکرێ ئەمەش دوو ئەنجامی لێدەکەوێتەوە: یەکەم یان هەموویان دەگەنە ئاستێک کە سنوورێکی ئەوتۆ بۆ لێکتێگەیشتن و خوێندنەوەی یەکتر ناهێڵنەوە، دووهەم: یان ئەوەتا هەمووان بە ویست و بۆچوونی خۆیان بەو ئەنجامە دەگەن کە پێویستە یەکێک لەو زارانە بە بنەما وەربگیرێ بۆ ئافراندنی زمانی یەکگرتوو. قۆناغی یەکەمیان واتە دەوڵەمەند کردنی زارەکان دەبێ کاری بۆ بکرێ، هەموو رێکارە زانستی و یاساییەکان بگیرێتە بەر و ئەوەش پرسێک بێ خەمی هەموان بێ، هاوکات بڕیاری سیاسی بۆ دەربکرێ، بوجەی بۆ تەرخان بکرێ، بە پسپۆڕ و شارەزایانی زمان و زمانناسانی ئەو دیالیکتە رابگەیەنرێ و کۆڕ و کۆمەڵ و چالاکی بۆ ئەو مەبەستە ئامادە بکەن و بەردەوام بن. چونکە هەر کاتێک زارێک و ئاخێوەرانی دەبینن بایەخیان پێنادرێ هەست بە پەراوێزخستن و دوورخستنەوە دەکەن، ئەمەش سەر دەکێشێتە لەدەستدانی هۆگریی زمان و ئینتمای نەتەوەیی و هەستیاربوون بەرامبەر بە بەکارهێنانی دیالێکی غەیری خۆیان لە خوێندن و کاروبارەکانی تری ئیداری و سیاسی کۆمەڵایەتییان، بەڵام کاتێک وەک پێویست بایەخی پێدراو و هەستی بە ئاست و توانای خۆی کرد، ئەوسا تێدەگات تاکوێ دەتوانێ پشکی هەبێ لە ئافراندنی زمانی یەکگرتوو. دوورنییە هەمووان بگەنە ئەم بووچوونە کە یەکەمین هەنگاو ئەوەیە یەکێک لە دیالیکتەکان بە بنەما زمانی یەکگرتوو وەربگیرێ، بە بڕوای من دەکرێ بەم کوردتە لێکدانەوەیە زاری بنەما دیاری بکەین: گریمان ویستمان یەکێک لە دیالیکتەکان بکەین بە بنەمای زمانی یەکگرتوو، بە دڵنیاییەوە

دەبێ هەمووان لەسەری کۆدەنگ و هاوڕا بن، ئەگینا پرۆسەکە بەساغڵەمی بەڕوە ناچێ. سەرتا دەبێ هەموو زارەکان بێ جیاوازی بە پێی پرنسیپە زانستییەکان تاوتوێ بکرێن، پانتاییان لە رووی وشە، زاراوە، دەستەواژە، قسەی نەستەق، پەند ئیدیۆم دیاری بکرێ، دواتر پشکیان لە زاراوە ئەدەبی و فەسلەفی زانستییەکانیاندا چەندە، تا چەند توانیویانە زانیاری، کلتوور و زانستی لە ناوخۆ دەرەوە بگوازنەوە بۆ دەوڵەمەدکردنی کلتووری کورد. مەزندە بکرێ، بە ژمارە و قەبارە پشکیان لە وەرگیران و نووسینی بڵاوکردنەوەی بەرهەمدا چەندە، تا چەند کتێبخانەی کوردیان ئاوەدان کردۆتەوە، تاچەند رووناکیان بە مەعریفە و زانست بەخشیوە، ئایا ئاخێوەری زارەکانی تریش توانیوویانە سود لەو بەرهەمانە وەربگرن، یان ئەو بەرهەمانە سنووری ئاخێوەرانی دیالیکتی خۆیان تێنەپەڕاندووە، ئەم تاوتوێکردن و مەزندە کردنە بۆ هەر زارێک پێویستە. ئینجا رادەی تێگەیشتن و لێکتێگەیشتنی تێکرای ئاخێوەرانی زارەکانی تر بە کام زارە ئاسانترە.

دوا قۆناغ پرۆسەی بەستانداردکردنەکەیە، کە دەبێ بە ستانداردکردن تەکانێک بداتە بەر زمانی کوردی، نەک لەم رەوتەی خۆی سستتری بکات، چونکە هەر دواکەوتنێک زیانمان پێدەگەیەنی، کە ئەمڕۆ دەرەنجامی کەمتەرخەمی دوێنیمان و دواکەوتنە لەو هەنگاوانەی پێویست بوو لە کات و شوێنی خۆیدا ئەنجام بدرێن.

بۆ نموونە ئەگەر زمانی هەورامی بە بنەما وەربگرین، سەرتا هەموو ئەو وشە و زاراوە و دەستەواژەی پەند و ئیدیۆمانەی بە هۆی بوونی لەسەر سنووری نەتەوەیی لە زمانی باڵادەستی ئەو وڵاتەی وەرگرتووە کە تێیدایەتی، دەسنیشان بکەین و تا ئەو رادەیەی بکرێ لە زارەدا قاویان بدەین، ئینجا شوێنەکانیان بە وشە و زاراوەی زارەکانی تر پڕبکەینەوە، ئەمەش هەروا سادە نییە پێویستە تاوتوێ بکرێ و کۆدەنگی لەسەر دروست بێ، لێرەدا پێویستە پەنا بۆ زار و بنزارەکانی تر بەرین. لەم حاڵەتەدا پشکی شێر بەر گەورەترین و بەرفراوانترین زار دەکەوێ، کە خاوەنی زۆرترین وشە و زاراوە دەستەواژە و پەند و ئیدیۆمە و.. هتد، و زمانی دەرەنجام مۆرکی ئەو زارەی بەسەرەوە دەبێ. ئەگەر لە رووی سینتاکس واتە رستازی و مۆرفۆلۆجی، واتە وشەسازیش بە هەمان شێوە سوود لە زارەکانی تر وەربگرین، دەبنین لە کۆتاییدا پشکی گەورە هەر بەر دیالێکی گەورە و بەرفراوان دەکەوێ، چونکە هەڵاواردە و دەگمەنیی و ناسازگاری کەمترە و رێساکانی داڕشتنی وشە و

دارشتنی رستە و دەستەواژەی و... ساناتر و لە رووی زامانناسییەوە ساغڵەمترن، و رەنگە خودی یاسا و رێساکانی بن زارەکە نەتوانن ئەو کەرستانەی بنزارەکانی تر لەگەڵ زارەکەی خۆیان بگونجێنن. بەڵام ئەوەی جێگای خۆشحاڵییە هەموو زارەکانی کورد لە رووی فۆنێتیکی و فۆنۆلۆجییەوە جیاوازییەکی ئەوتۆویان نییە بە هەمان ئەلفابێت دەنووسرێن و دەخوێنرێنەوە، لە رووی فۆنۆلۆجییەوە بە هەمان ئاوا بە جیاوازییەکی کەم گۆدەکرێن. یەکێک لە خەسڵەتە باشەکانی زمانی کوردیش ئەوەیە چۆن دەخوێنرێتەوە ئاوا دەنووسرێ، مەگەر بۆ فێرکردن و تێگەیاندنی فێرخوازانی بیانی، ئەگینا پێویستی بە پرۆسەی (Phonetic transcription) واتە ئاوانووسیی نییە.

خۆ ئەگەر زاری کرمانجی سەرووش بە بنەما وەربگرین، لەگەڵ ئەوەشدا ئاخێوەرانی لە ژمارەدا زۆر لە ئاخێوەرانی زارەکانی تر زۆرترن، هەرهەمان پرۆسە دووبارە دەبێتەوە و پشکی شێر بەر زاری گەورە دەکەوێ کە کرمانجی سەروو نییە، چونکە لەبەر هۆکاری جیۆسیاسی، فشار و گوشاری دوژمنان و نەیتوانیوە گەشە بکات.

هەر بۆ ئەم مەبەستە ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئەو سێ زارە بەهێزەی زمانی کوردی و تاوتوێیان بکەین دەبینین: یەکێک لە بەڵگە هەرە بەرچاوەکانی لاوازی زارەکانی کرمانجی سەرو نەبوونی وەرگێڕانە بەو زارە جگە لەوەش هێشتا زمانی نووسینی ئیداری، سیاسی، زانستی، نین. زۆربەی کوردەکانی تورکیا لە بواری ئاخاوتنی ناوماڵ بەو لاوە، بە تورکی دەنووسن بە تورکی دەخوێنن و بە تورکی لە بوارە سەرەکیەکاندا دەدوێن. لە بەرئەوە زاری کرمانجی باکور بە تایبەتی بەشی کوردستانی تورکیا تا ئەمڕۆش زۆر لاوازە، نەک هەر ئەوە کوردانی باکوور هێشتا قۆناغی ئاخاوتنیان تێنەپەڕاندووە، هێشتا مافی ئەوەیان نییە بە زمانی خۆیان لە فەزای گشتیدا بە زاری خۆیان بدوێن، ئیتر چۆن دەتوانن گەشە بە زارەکەیان بدەن. ئەمەش نەنەنگە نەتاوانە، قەدەری کورد ئاوا هاتووە، بۆیە ناچارین مامەڵە لەگەڵ واقعدا بکەین.

ئەگەر لەسەر ئاستێکی تر زارەکان تاوتوێ بکەین، دەبینین، هەر زارە و لە ئاستێک دایە، هێندێکیان لە ئاستی ئاخاوتن تێنەپەڕیون وەک: لوڕی و زازاکی و کەلهوڕی...، هێندێکیان لە نووسنی شیعر و گێڕانەوە و ئەنجامدانی نەریت و

بۆنە نەتەوەییەکان و گۆرانی تێنەپەڕیون، وەک زاری گۆڕان لەوانە هەورامی، هێندێکی تریان ئەو ئاستانەیان تێپەڕاندووە و گەیشتوونەتە ئاستی نووسین و لێکۆلینەوەی ئەدەبی، بەڵام لەسەر ئاستی بابەتی زانستە مرۆییەکان بەرهەمەکانیان لە قەبەراه و ژمارەدا زۆر کەمن، وەک کرمانجی باکووری کوردستان، ئەو زارە لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاستی ئاخاوتن تێنەپەڕیوە، جگەلەوە هێشتا بەشێک لەو زارانە بەزمانی نەتەوەی باڵادەست دەنووسن و بڵاودەکەنەوە، کە پتر خزمەتی بەو زمانە باڵادەستە و نەتەوەکەی کردووە نەک زمان و کلتووری کوردی.

ئەوەی دەمێنێتەوە زاری کرمانجی ناوەڕاستە لە باشووری کوردستان کە بە کوردی ناوەراست یان سۆرانی ناودەبرێ. ئەم زارە قۆناغی ئاخاوتن و گێڕانەوە و ئەدەبی بە ئاخاوتن و نووسین تێپەڕاندووە ئێستا زمانی یاسایە، زمانی سیاسەتە، زمانی زانستە تەنانەت گەیشتۆتە ئاستێک خەریکە بۆ هەر بوارێک تایبەتمەندی خۆی دەستەبەر دەکات و وەک زمانە جیهانییەکان زمانی پزیشکی و فەلسەفی و یاسا و کۆمپیوتەر و هیتر لێکجیا دەکاتەوە بۆ هەریەکەیان کەمینەیەکی زمانی دەئافرێنی، بەشێکی زۆر لە ئاخێوەرانی کرمانجی سەر و کرمانجی خوار و هەورامی بە ئاسانی لێی تێدەکەن و بە ئاسانی پێیدەدوێن، زمانی خوێندنەوە و نووسین مەعریفەیانە... لەبەرئەوە زۆر لە نووسەران و رووناکبیرانی دوور لە دەمارگیری و خۆپەرستی، کوردی ناوەراست بۆ بنەمای زمانی یەکگرتوو دەسنیشان دەکەن، مامۆستا شکور مستەفا دەڵێ:

ئەمن لە نووسینەکانمدا دەمەوێ بە کوردی سەرانسەری کوردستان رابگەیەنم کە زمانی ستانداردی کوردی دەبێ یەکێ لە شێوەزارە کوردییەکان بکا بە بناخە و بنەڕەت، شێوەکانی دیکە وەکو رووبار بڕژێنە نێو ئەم دەریا شێوە بنەڕەتییەوە. ستانداردی زمانی ئەدەبی هەموو نەتەوەیێ بەم رەنگە هاتۆتە گۆڕێ. بەلای منەوە زمانی ستانداردی کوردی ئەمڕۆ ئەم زمانەیە کە لە عێراق هاتۆتە گۆڕێ، چوارچێوەی تێکڕای ئەم زمانە ستانداردە دەتوانێ زۆر بە چاوتێری بێ شەڕەگەرەک و ناوچەگەری باوەش بۆ هەموو وشەیەگی رەسەنی کوردی لە زارەکوردییەکانی دیکە بکاتەوە. (جوانی زمانی کوردی/ شوکور مستەفا ل٣١).

تا ئێستاش باری قورسی زمانی کوردی لەسەر ئەستۆی کرمانجی ناوەڕاستە، پتر لە چەند دەهەیە زمانی خوێندن، زمانی ڕاگەیاندن، زمانی سیاسەت، زمانی یاسا و زمانی زانست و..هیتر بووە، ئەمە بارە قورسەش کاریگەر بووە لەسەر گەشەکردنی ئەو دیالێکتە، چونکە پێداویستی ئەو بوارانەی باسمان کرد، پێداویستی ڕۆژانە و گەشەکردنی بوارەکانی ژیانی بە زمانیشەوە دابین کردووە، زمانی کارا چ زار بێ یان زمانی فەرمی یان ستاندارد، ناچارە گەشە بکات تا بتوانێ ئەو بارە قورسە هەڵبگرێ کە ڕۆژ بە ڕۆژ دەکەوێتە سەرشانی و قورستر دەبێ.

مامۆستا فەرهاد شاکەلی لەم ڕووە دەڵێ: لەماوەی نزیکەی هەشتا ساڵدا، کە زمانی کوردی لە هەندێ ناوچەی کوردستان، کەموزۆر زمانی خوێندن و پەروەردە بووە، کوردی خواروو تاکە زاری کوردی بووە کە بتوانێت ئەو نەخشەی هەبێت و تاکە شێوە زمانی کوردی بووە کە بە کردەوە و بەڕاستی یارای ئەرکی وەها بێت.

دەبێ ئەوشمان لەبیر نەچێ دوژمنان ئەوەندە چنگیان لە بینەقاقەی کورد و زمانی کوردی توند کردووە، کە زۆربەی زاراوە و زارەکانی سەرسنووری نەتەوەی بە ڕادەیەک لاوازببوون و لەسەر لێواری لەناوچوون و کەوتن بوون، بەڵام بە پێچەوانەوە زاری کوردی ناوەڕاست بە خۆ بەدستەوەنەدان دوژمنانی بێ ئومێد کرد و بە پێشکەوتنی خۆی پشتیوانی زارەکانی تریشی کرد تا خۆیان ڕادەستی ویستی دوژمن نەکەن. تائێستاش ئەو زارانە تۆز و خۆڵی ئەو ململانییەیان پێوەیە ماوە و نەیانتوانیوە قەرەبووی ئەو زیانە بکەنەوە کە لەو ململانێیەدا بەریان کەوتووە.

مادام لە هەردوو پرۆسەکەدا، چ وەرگرتنی هەریەک لە زارەکان یان وەرگرتنی کوردی ناوەڕاست بە بنەمای زمانی یەکگرتوو، پشکی شێر بەر دیالێکی کوردی ناوەڕاست دەکەوێ و دەرەنجامەکە هەر هەمان شتە و، زمانی یەکگرتووش پێویستییەکی سەرەکی مانەوەی گەلەکەمان و قەڵغانێکی پاراستنی شوناسی نەتەوەکەمانە، ئەدی ئێمەی کورد چاوەڕوانی چین؟ دەمارگیری چ مانایەکی هەیە؟ کەمتەرخەمی و خەمساردی بۆچی؟، لە ئێستا زووتر نییە، هەموومان بە تایبەتی ئەدیبان، نووسەران، وەرگیران، پسپۆڕان ئەکادیمییەکان با هەوڵەکانمان چڕبکەینەوە و دەسپێبکەین.

## سەرچاوەکان

١- زمان و هزر و کلتور. یدالله موقن. و/ رەحیمی سورخی
٢- زبان و اندیشه. نوام چامسکی.ت/ کورش ێفوی
٣- فیلۆلۆجیای کورد و مێژووی کوردستان. بێهزادی خۆشحالێ. و/ مستەفا غەفوور
٤- نووسین، دەسەڵات، راستی رووت. د. کەمال میراودەلی.
٥- نامەکانی مامۆستا مەسعود محەممد.
٦- جوانی زمانی کوردی/ شوکور مستەفا
٧- کاریگەری زاری گۆران لەسەر کوردی ناوەراست. میشل لیزنبێرگ، و/ عەزیز گەردی
٨- وشەی زمانی کوردی. ئەورەحمانی حاجی مارف.
٩- زمان و زانستی زمان. د مجەممەد مەجوی.
١٠- واتاسازی. کلود یرمان.
١١- زبان و ژهن نوام چامسکی ت/ کورش ێفوی
١٢- چەند لێکۆڵینەوەیەکی فیلۆلۆجی دەربارەی زمانی کوردی زاری سلێمانی / ئەلێکسانەر خۆدزکۆ.
١٣- کورد و زمانی کوردی / تۆفیق وەهبی
١٤- دانش زبان / نوام چامسکی
١٥- توێژینەوەی ئەدەبی- زمان و وەرگێران
١٦- درایڤێرو کورد/ گ. ر. درایڤێر

# دانپێدانانی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان بە زمانی دایك،

## بنەمایە بۆ فەرمی بوونی زمانی کوردی

م. کاروان ئاورەحمان ئیسماعیل بابان

## پێشەكی:

زمان یەكێكە لە ڕەگەزە سەرەكییەكانی پێكهێنەری هەر نەتەوەیەك و بایەخێكی زۆری لەسەر مانەوەو پێشخستنی ئەو نەتەوەیەش هەیە و لە پێكهێنەرەكانی ژیان و بیری مرۆڤە، زمان رۆح و هەستی كۆمەڵگایە، چونكە لەو ریگەیەوە هەست بە تایبەتمەندییەكان و جیاكەرەوەكانی خۆی دەكات، بۆیە ناكرێت زمانی هیچ گەلێك زیندوو بێت و گەشەبكات تاوەكو ئەو گەلە زمانی دایك وەك زمانی رۆژانە بەكارنەهێنێت.

بێگومان زمان و بیر و كۆمەڵگا دیاردەیەكی ئاوێتەن، كە دەبێتە هۆی پێشكەوتنی كۆمەڵگا و سەرهەڵدانی شارستانییەتێكی پێشكەوتوو. زمان هەر لە كۆنەوە هۆكارێك بووە بۆ پێشكەوتنی كۆمەڵگای مرۆڤایەتی، چونكە بەهۆی زمانەوە مرۆڤەكان دەتوانن بە شێوەیەكی ئاسان لەیەكتری تێبگەن.

دیارە گۆڕانكاریی لە سەردەم و بارودۆخەكاندا كاریگەری دەبێت لەسەر گۆڕانكاریی لە زمانی میللەتاندا، بۆیە هەمیشە بە پێشكەوتنی میللەتان زمانەكەشیان پێبەپێی ئەو گۆڕانكارییانە پێشدەكەوێت.

زمان جگە لەوەی یەكێكە لەمافە سەرەتاییەكانی مرۆڤ و زۆربەی ڕێكەوتننامە و جاڕنامە جیهانییەكانی مافی مرۆڤ جەخت لەسەر بەكارهێنانی زمانی دایك دەكەنەوە. چونكە یەكێكە لە ڕەگەزە سەرەكییەكانی پێكهێنەری هەر نەتەوەیەك و بایەخێكی زۆری لەسەر مانەوە و پێشخستنی ئەو نەتەوەیەش هەیە.

كوردیش كە نەتەوەیەكی جیاوازە لە نەتەوەكانی دیكە، زمانی تایبەت بە خۆی هەیە كە پێی دەڵێن زمانی كوردی، كە بەدرێژایی مێژوو لەبەرانبەر هەوڵی دوژمنانی بۆ لاوازكردن و سڕینەوەی ئەو زمانە، ئەویش هەوڵی هێشتنەوە و پێشخستنی زمانەكەی خۆی داوە، بۆیە هەمیشە یەكێك لەداواكارییە سەرەكییەكانی شۆڕش و ڕاپەڕینەكانی كورد ئازادی بەكارهێنانی زمانی خۆی بووە. ئەگەر ئەو داواكارییە لە هەندێك پارچەی كوردستان تاڕادەیەكی باش بەدیهاتبێت، ئەوا لەهەندێك پارچەی دیكە هێشتا خەباتی زیاتری دەوێت بۆ ئەوەی حكومەتەكان ناچار بكات دان بە مافەكانیدا بنێت و ئازادانە زمانی خۆی وەك زمانی میلەتانی سەردەستە بەكاربهێنێت.

**یەکەم:** زمانی دایک و بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان

لەم بەشەدا هەوڵدەدەین تیشکێک بخەینە سەر مانای زمان و پێگەی یاسایی لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکاندا، کە هەر لە ڕێکەوتننامەی پاریسی ساڵی ١٨٥٦ەوە بایەخ بەم بابەتە دراوە تا دروستبوونی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، وەک کۆمەڵەی گەلان ساڵی ١٩١٩ و دواتریش دروستبوونی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان. لەم باسەدا بایەخ دەدەین بە چەمکی زمانی دایک و پێگەی زمانی دایک لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکاندا.

**چەمکی زمانی دایك:**

زمان هۆیەکە بۆ ئاخاوتن و مامەڵەکردن لەنێوان کۆمەڵگادا، هۆیەکیشە بۆ پەیوەندی وپێکەوە گرێدانی تاکەکانی کۆمەڵگا لەناو خۆیاندا، وە هۆیەکە بۆ دەربڕینی هەست و سۆز و بیرو بۆچون. پێناسەیەکی گشتی بۆ زمانی دایک بریتییە لەو زمانەی کە مرۆڤ بیری پێ دەکاتەوە، خەوی پێ دەبینێ، وکاری پێ دەکات، یان ئەو زمانەیە کەیەکەمجار کەسێک وەریدەگرێت وفێری دەبێت. وە ئەگەر لە ڕووی توانست و لێزانییەوە سەیری بکەین، ئەتوانین بڵێین زمانی دایک ئەو زمانەیە کە کەسێک زۆر بەباشی ئەیزانێت. وە لەڕووی بەکارهێنانەوە ئەو زمانەیە کە زۆرتر بەکار دەهێنرێت. ئەکرێت بوترێت زمانی دایک پەیوەندی هەیە بە ناسنامەی کەسەوە و خۆی بەو زمانە ئەناسێنێت، وەکو بڵێ من کوردم یان زمانی من کوردییە. مێژووی شارستانییەتی هەر نەتەوە و گەلێک پەیوەستە بە ڕادەی پێشکەوتنی زمانەکەیەوە، تێکچوون و فەوتانیشی لە ئاکامی پەرتوبڵاوی و فەوتانی زمانەکەیەتی. چونکە زمان تاکە ڕێگەیە بۆ پاراستن و گەیاندنی کەلتوورو زانیاری لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر.

فێربوونی زمانی دایک لەلایەن منداڵەوە بەشێوەیەکی باش گرنگە، چونکە زمانی دایک بنچینەی بیرکردنەوە و هەستی منداڵە، ئاستی فێربوون و قسەکردنی منداڵ بە زمانی دایک ئاماژەیەکی بەهێزە بۆ گەشەکردنی زمانی دووەم لەلایان وە کامڵبوونی زمانی دایک هۆکارێکی گرنگە بۆ زوو فێربوون و دروست فێربوونی زمانی جیاواز و بەهرەکانی تر.

زمانی دایک ئامرازێکی بەهێزە بۆ پاراستنی میراتی باووباپیران و گواستنەوەی بۆ نەوەکانی داهاتوو، وە ئامرازێکی گرنگە بۆ زامنکردنی فێربوون بە باشترین

شێوازو وەرگرتنی زانیارییەکان بە ئاسانی. بایەخدان بە زمانی دایک یارمەتیدەرە بۆ بڵاوبوونەوەی لەلایەک، وە لە لایەکی ترەوە یارمەتیدەرە بۆ نەهێشتنی جیاکاری لەگەڵ دروستبوونی گفتوگۆیەکی دروست و بنیاتنەر کە ببێتە هۆی بڵاوبونەوەی فەلسەفەی ڕێزگرتن لە فرە ڕەنگی و فرە زمانی و فرە کەلتوری. کە ئەمەش هۆکارە بۆ تێکەڵاوبوونی کەلتور و زمانە جیاوازەکانی گەلانی جیهان سەرئەنجام فەلسەفەی یەکێتی و یەکگرتوویی لەنێوان گەلان و میللەتاندا دێنێتە کایەوە کە ڕێگایەکە بۆ لەیەک تێگەیشتن و گفتوگۆ. لەم لایەنەوە بایەخ زۆر دراوە بە زمان چ لە ناوخۆی دەوڵەتەکان، کە پێکهاتەکەی کۆمەڵگاکەیان فرە نەتەوە و فرە زمانن، تەنانەت هەندێک لەو وڵاتانە هەر بەوەوە نەوەستاون، کە ڕێزی زمانی دایکی پێکهاتەکانی بگرێت و ڕێگە بە بەکارهێنانی بدات، بەڵکو کاری لەسەر ئەوەش کردووە کە لەپاڵ زمانی فەرمی زۆرینەی وڵاتدا زیاتر لەزمانێکی دیکەی دایک بکاتە زمانی فەرمی، چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش بایەخ بە زمانی کەمینەو زمانی دایک دراوە کە میللەتە جیاوازو کەلتوورە جیاوازەکان قسەی پێدەکەن.

دانپێدانان بە کەمینەکاندا کە زمانی خۆیان بەکاربهێنن، بەڵگەیە لەسەر بوونی کەمینەکان، بەڵێننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ بەگشتی جەختدەکەنەوە لەسەر مافی تاکەکان کە بەزمانی خۆیان قسەبکەن لەپێناوی پارێزگاریکردن لە ڕۆشنبیری و نەریتەکانیان. لەبەر ئەوە دەبینین کە بەڵێننامە نێودەوڵەتییەکان مافیداوە بە کەمینەکان کە خوێندنگای تایبەت بەخۆیان هەبێت، منداڵەکانیان بە زمانی دایک فێربکەن.

بە شێوەیەکی گشتی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان بە هەردوو جۆرەکەیانەوە، گشتییەکان و تایبەتەکان جەختیان لەسەر پاراستنی ماف و ئازادییە بنەرەتییەکانی مرۆڤ کردۆتەوە، بایەخیان داوە بەزمان کە بەیەکێک لە گرنگترین مافەکانی مرۆڤ دادەنرێت. جۆری یەکەم بەڵگەنامە گشتییەکان ئەو بەڵگەنامەو جارنامە نێودەوڵەتییانەن کە هەموو، یان زۆرینەی ئەو مافانەیان لەخۆگرتووە کە دەبێت مرۆڤ پێی بگات، وەک بەڵگەنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان ساڵی ١٩٤٥، جاڕنامەی گەردونی بۆ مافەکانی مرۆڤ ساڵی ١٩٤٨، پەیمانی نێودەوڵەتی بۆ مافە شارستانی و سیاسییەکان ساڵی ١٩٦٦، وە پەیمانی نێودەوڵەتی بۆ مافە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان ساڵی ١٩٦٦، و هەموو ئەو

جارنامە نێودەوڵەتییانەی کە لە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەردەچێت، وەکو جاڕنامەی تایبەت بەمافی ئەوکەسانەی کە سەر بە کەمینە نەتەوەییەکان یان ئیتنییەکان یان زمان یان ئایینەکانن کە ساڵی ١٩٩٢ دەرچووە.

جۆری دووەم ئەو جاڕنامەو ڕێکەوتننامانەن کە بابەتێکی دیارکراویان چارەسەر کردووە، وەکو ڕێکەوتننامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردەو زانست و ڕۆشنبیری (یونسکو) ساڵی ١٩٦٠ تایبەت بە ڕێگریکردن لە جیاکاری لە بواری فێرکردندا، جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لەناوبردنی هەموو شێوەکانی جیاکاری ڕەگەزی ١٩٦٥.

هەر لە سەردەمی پێش دروستبوونی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە بایەخ دراوە بەم بابەتە و لە ڕێکەوتننامەی پاریس لەساڵی ١٨٥٦ کە لەنێوان وڵاتانی فەرەنساو بەریتانیاو روسیا و بروسیاو تورکیادا بەسترا. بە پێی ڕێکەوتننامەکە پێویستە دەوڵەتانی ناوچەی بەڵقان پابەندبن بە بنەما بنچینەییەکانی پاراستنی مافی کەمینە ئاینی و نەتەوەییەکانەوە. لەمادەی نۆیەمدا هاتووە، کە دەبێت دەوڵەتان مافی یەکسانی دەستەبەر بکەن و جیاکاری نەکەن بە هۆکاری ئاینی و رەگەزی و زمانەوە.

دوای دروستبوونی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و لەسەردەمی کۆمەڵەی گەلاندا کە سەردەمی ململانێ و داگیرکاری و مافەکانی مرۆڤ لەبارو دۆخێکی نالەباردا بوو، لە بەڵێننامەی فێرسای ساڵی ١٩١٩ دەوڵەتانی بەشداربووی جەنگی یەکەمی جیهانی پابەندکرد بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، بە تایبەتیش دەوڵەتانی دۆڕاوی جەنگەکە. ئەو سیستەمەی کە فێرسای هێنایە ئاراوە کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر ڕێکەوتننامە و بەڵێننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بەرێکخستنی بنەماکانی یەکسانبوونی کەمینەکان لەگەڵ زۆرینەدا، چ لەبەرانبەر یاساداو چ لە مسۆگەرکردنی ئازادی ئایینەکانیان و رۆشنبیرییان و پەیڕەوکردنی دابونەریتەکانی تایبەت بەخۆیان، لەو بەڵێننامە نێودەوڵەتییانەی کە گرێدراون: بەڵێننامەی نێوان هاوپەیمانان و نەمسا ساڵی ١٩١٩، وە بەڵێننامەی (تریانو) لەگەڵ هەنگاریا ساڵی ١٩٢٠، وە بەڵێننامەی (سیڤەر) لەگەڵ یۆنان ساڵی ١٩٢٠، ئەم بەڵێننامانە بەگشتی ئەو ئامرازو هۆکارە یاساییانەی تێدا باسکرابوو، کە زامنی پاراستنی مافەکانی مرۆڤە کە نابێت پێشێل بکرێن لەناویشیاندا (پابەند بوون بە پاراستنی مافی کەمینەکان). کە لەناو ئەو مافانەدا یەکێک لە گرنگترین مافەکان مافی زمانە.

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش وەک گەورەترین ڕێکخراوی جیهانی کە زۆربەی دەوڵەتانی جیهان ئەندامن تیایدا، لە دیباجەی بەڵگەنامەکەدا بە شێوەیەکی گشتی ئاماژەی داوە بە باوەڕبوون بە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ و یەکسانی و جیاکاری نەکردن لە نێوان مرۆڤەکاندا بە هەر هۆکارێک بێت، کە ئەوەش ئاماژەیە بۆ جیاکاری نەکردن لەنێوان تاکەکاندا بە هۆکاری زمان، کە ئەمە لەخۆیدا بایەخدانە بەیەکێک لە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ کە زمانە.

لە بەڵگەنامەکەدا لە چوار مادەی جیاوازدا وشەی (زمان) بەکار هاتووە. کە ئەمەش بە بڕوای ئێمە بەهەند وەرگرتنی مەسەلەی زمانە لەلایەن ڕێکخراوەکەوە کە لەگەڵ ئەوەی هەموو کێشە جیهانییەکانی لە خۆگرتووە لە هەموو بوارێکی ژیاندا، بەو پێیەی کە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی جیهانی گشتییە، بەڵام لە کۆی ١١١ مادە لە ٤ مادەدا ئاماژە بەزمان بدرێت ئاماژەیە بۆ بایەخدان بە بابەتەکە. لە مادەکاندا ئاماژەی داوە بە ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ و جیاکاری نەکردن لەنێوان تاکەکاندا بە هۆکاری ڕەنگ یان ڕەگەز یان ئایین یان زمان. هەر لەبەر بایەخ و بایەخدان بە زمانی دایک، ئۆرگانەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بە هەمان ڕێچکەدا ڕۆیشتوون و بایەخیان داوە بە مافی زمان. هەروەک لەلایەن کۆنگرەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردە و زانست و ڕۆشنبیری (یونسکۆ)، لە مانگی نۆڤەمبەری ١٩٩٩ بڕیاری ژمارە (C/DR.٣٥٣٠) دەرکرد، کە بە پێی بڕیارەکە ڕۆژی (٢١/ ٢) هەموو ساڵێک کرا بە ڕۆژی جیهانی زمانی دایک، وە ئەم بڕیارە بەهەنگاوێکی گرنگ دائەنرێت لە مێژووی هەموو میللەتەکاندا.

لە مانگی ئایاری ٢٠٠٧ دا بڕیاری ژمارە (A/RES/٦١/٢٦٦) لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەرچوو، کە داوای لە دەوڵەتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کردبوو کە هانی پاراستن و پارێزگاری هەموو ئەو زمانانە بدەن کە گەلانی جیهان بەکاریدەهێنن.

**دووەم:** پێگەی زمانی دایک لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکاندا.

بەڵگەنامە جیهانییەکان بایەخیان بە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ داوە. لە چوارچێوەی مافەکانی مرۆڤیشدا بابەتی مافی نەتەوەیی و ئایینی و کەلتوری و زمان

ڕەچاوکراوە، کە زیاتر مەبەستی ئێمە لێرەدا زمانە وەک یەکێک لە گرنگترین مافەکانی مرۆڤ.

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و لەلایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە بە بایەخەوە باس لە مافی زمان کراوە و ئەتوانین تیشک بخەینە سەر گرنگترین ئەو بەڵگەنامانە.

**- جاڕنامەی گەردونی بۆ مافەکانی مرۆڤ ساڵی ١٩٤٨**

ئەم جاڕنامەیە بەپێی بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی ١٩٤٨ دا دەرچووە.

جاڕنامەکە بەگشتی داکۆکی لە ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ ئەکات لە هەموو جیهاندا بەبێ جیاوازی لە نێوان گەلان و نەتەوەکاندا. بایەخداوە بەیەکسانی لەنێوان تاکەکاندا بەبێ جیاکاری بەهەر هۆکارێک لەسەر بنەمای ڕەنگ و ئایین یان زمان، کە دەبێت هەموو مرۆڤەکان بە ماف و ئازادییەکانی بگەن کە لە جاڕنامەکەدا هاتووە بە بێ هیچ جۆرە جیاوازییەک بە هۆکارە جیاوازەکان لەوانەش جیاکاری بە هۆی زمانەوە.

**- ڕێکەوتننامەی تایبەت بە قەلاچۆکردنی جیاکاری لە بواری فێرکردندا ١٩٦٠**

ڕێکەوتننامەیەکی فرە لایەنە، لە ١٤/ ١٢/ ١٩٦٠ لەشاری پاریس بەسترا، لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردەو فێرکردن و ڕۆشنبیری، ئامانجی پەیماننامەکە قەلاچۆکردنی جیاکارییە لە بواری پەروەردە و فێرکردندا، دەستەبەرکردنی مافی خوێندن و بەکارهێنانی زمانی تایبەتی کەمینەکانە. لەمادەی یەکەمدا پێناسەی جیاکاری کردووە لەسەر هەر بنەمایەک بێت کە یەکێکیان زمانە، وە نابێ جیاکاری لەسەر بکرێت.

**- پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە شارستانی و ڕامیارییەکان ١٩٦٦**

ئەم پەیمانە بە بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١/ ١٢/ ١٩٦٦ بەستراوە.

لە (مادەی ٢٧) دا ئاماژەی داوە بە مافی رۆشنبیری کەمینەکان و بابەتی زمان کە تیایدا هاتووە: لەو دەوڵەتانەی کە کەمایەتی ڕەگەزیی، ئایینی و زمانیان تێدا

هەیە، کەسانی سەر بەو کەمایەتیانە نابێ لە مافی بوونی ژیانی کەلتووری خۆیان و چالاکی ئایینی خۆیان و بەکارهێنانی زمانی خۆیان، بە هاوبەشی لەگەڵ ئەندامەکانی تری گروپەکەی خۆیان، بێ بەش بکرێن. بایەخ بابەتی زمان لەم پەیمانەدا بە ئاشکرا ڕەنگیداوەتەوە وبایەخ تایبەتی پێدراوە. بە گشتی لە ٦ مادە و لە ٧ بڕگەدا وشەی زمان بەکارهێنراوە، کە جەختکراوەتەوە لەسەر ڕێگرینەکردن و ئازادی بەکارهێنانی زمانی دایک، وە جیاکاری نەکردن بە هۆی زمانەوە.

**- پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافی ئابوری و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری ١٩٦٦**

ئەم پەیمانە بە بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٦/ ١٢/ ١٩٦٦ بەستراوە.

بە هەمان شێوە ئەم پەیمانەش باسی لە زمان کردووە. لە چوارچێوەی پاراستنی مافەکانی مرۆڤداو پاراستنی مافە رۆشنبیرییەکاندا ئاماژەیە بۆ دەستەبەرکردنی مافی زمان، وە لایەنەکانی ناو پەیمانەکە جەختدەکەنەوە لەسەر جێبەجێکردنی مافەکانی ناو پەیمانەکە بەبێ جیاکاری بە هۆکاری جیاواز، لەوانەش بەهۆی زمانەوە.

**- ڕێکەوتننامەی مافی منداڵ ١٩٨٩**

ئەم ڕێکەوتننامەیە بە بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٠/ ١١/ ١٩٨٩ بەستراوە.

لەدیباجەی ڕێکەوتننامەکەدا هاتووە کە پێویستە مرۆڤ بە ماف و ئازادییەکانی خۆی بگات و لەناویشیاندا مافی زمان و جیاوازی نەکردن بە هۆی زمانەوە. پێویستە لایەنەکان ڕێز لەو مافانە بگرن کە لە ڕێکەوتننامەکە داوێتی بە منداڵان وەکو مافی زمان کە نابێت بە هۆیەوە جیاوازی بکرێت. وە پێویستە ناوەندەکانی ڕاگەیاندن بایەخ تایبەت بدەن بە پێویستی زمانەوانی منداڵان، کەسەر بە کەمینەو دانیشتوانە ڕەسەنەکانن. وە پێویستە بایەخ بە پەروەردەکردنی منداڵان بدرێت لەسەر بنچینەی ئەو پاشخانە ڕۆشنبیری و زمانەوانییەی کە منداڵەکان هەیانە. وە پەرەبدرێت و ڕێزبگیرێت لە ناسنامەی رۆشنبیری و زمانی منداڵەکان. ڕێکەوتننامەکە دەوڵەتانی ئەندام کە فرە ڕەنگ و فرە زمانن، پابەندیان ئەکات بە پاراستنی منداڵان و نابێت بێبەری بکرێن لە بەکارهێنانی زمانی دایک. کاتێک منداڵان دەچنە بەردەم دادگا، ئەگەر

لە زمانی بەکارهاتوو تێنەگەیشتن ئەوا پێویستە وەرگێڕی تایبەت بەزمانی خۆیان هەبێت، واتە پێویستە بە زمانی دایکیان دادگایی بکرێن تا بە باشی تێبگەن.

وەک دەبینین بایەخیەکی تایبەت بە زمانی دایک دراوە لەم ڕێکەوتننامەیەدا لە کۆی ٥٤ مادە، لە دیباجەو لە ٦ مادەدا، ٨ جار وشەی زمان بەکارهاتووە کە سەرجەمیان داکۆکیکردنە لە پاراستن و بەکارهێنانی زمانی تایبەت بە تاکەکان، کە زمانی دایکە.

**- ڕێکەوتننامەی ژمارە ١٦٩ی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی لەسەر گەلانی ڕەسەن و تیرەگەری لە وولاتانی سەربەخۆدا ١٩٨٩.**

لە پێشەکی ڕێکەوتننامەکەدا ئاماژە دراوە بە زمانی دایک بەوەی کە پێویستە پەرە بدرێت بە ناسنامەو زمانی کەمینەکان لەو دەوڵەتانەی تیایدا دەژین.

وە ڕێکەوتننامەکە وەک بایەخدان بە بابەتی زمان، داوا دەکات لەو دەوڵەتانەدا کە فرە زمانی تیایە، پێویستە کەمینەکان نووسین و خوێندنەوە بە زمانی ڕەسەنی خۆیان بێت کە زمانی دایکە، وە دەبێت ڕێوشوێنی پێویست بگیرێتە بەر بۆ پارێزگاریکردن لە زمانی گەلانی ڕەسەن، وە دەبێت هانبدرێن بۆ پێشخستن و بەکارهێنانی زمانەکانیان، هەروەها بایەخدان بە زمانی ئەو گەلانە ئەویش بە بەکارهێنانی لەلایەن ناوەندەکانی ڕاگەیاندن.

**- جاڕنامەی مافی ئەو کەسانەی سەر بەکەمینەی نەتەوەیی یان ئیتنیکی، ئایینی و زمانن ١٩٩٢**

کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەبڕیاری ژمارە ٤٧/١٣٥ لە ١٨/ ١٢/ ١٩٩٢ جاڕنامەی تایبەت بە مافی کەمینەکانی پەسەند کرد کە خۆی لە ٩ مادەدا دەبینییەوە.

لە پێشەکی جاڕنامەکەدا هاتووە کە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان جەخت ئەکاتەوە لەسەر جێبەجێکردنی ئەو مافانەی کە لە بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە کە بریتییە لە گەشەپێدان و چەسپاندنی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ کە لەناویاندا مافی زمانە، هەر لە پێشەکییەکەدا چەندین جار باسی لە زمان کردووە وداوای یەکسانی و ڕێگریکردن لەجیاکاری کردووە بە هۆکاری زمان، وە دەبێت مافی ئەو کەسانە پارێزراو بێت کە کەمینەی زمانن واتە زمانی تایبەت بە خۆیان بەکاردەهێنن کە زمانی دایکە. جارنامەکە پاراستنی مانەوەی کەمینەکان و ڕۆشنبیرییان و زمانیانی

خستۆتە ئەستۆی دەوڵەتان، وە کەمینەکان لەناویاندا کەمینەی زمان مافی خۆیانە کە پارێزگاری لە کەلتورو رۆشنبیری و زمانی خۆیان بکەن زمانی تایبەت بەخۆیان بەکار بهێنن. وەمادەی چوارەم بەتایبەت برگەی سێیەم و چوارەم بایەخ داوە بە زمانی دایک و دەقیداوە کە: دەبێت دەوڵەتان رێوشوێنی گونجاو بگرنەبەر تا هەلی فێربون برەخسێنن بەزمانی دایک، یان وانەکان بە زمانی دایک وەربگرن.

جێگەی سەرنجە کە ئەم جاڕنامەیە لە کۆی ٩ مادە لە ٣ مادەدا جەختی لە بابەتی زمان کردۆتەوە کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ بایەخ پێدانی ئەم بەڵگە نامەیە بە زمانی دایک.

**- جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان تایبەت بە مافی گەلانی ڕەسەن ٢٠٠٧**

بۆ پاراستنی ماف و تایبەتمەندییەکانی گەلانی ڕەسەن، کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بە بڕیاری ژمارە ٢٩٥/٦١ لە ١٣/ ٠٩/ ٢٠٠٧ جاڕنامەی تایبەت بەمافی گەلانی ڕەسەن راگەیەند، کە لە ٤٦ مادە پێکهاتووە.

هەرچەندە لە پێشەکی جاڕنامەکەدا ڕاستەوخۆ ئاماژەی نەداوە بە زمانی دایک، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی جەختی کردۆتەوە لە یەکسانی نێوان گەلانی رەسەن و هەموو گەلانی تر، کە پێویستە رێز لە رۆشنبیری و تایبەتمەندێتی گەلان بگیرێت، کە گرنگترین تایبەتمەندێتی گەلان بریتییە لەو زمانەی کە قسەی پێدەکەن کە زمانی دایکە. وە جاڕنامەکە بڕیاریداوە بە بەهرەمەندبونی گەلانی ڕەسەن بە هەموو مافەکانی مرۆڤ کە یاسای نێودەوڵەتی دانیپیاناوە، دیارە یەکێک لەو مافە دەستەبەرکراوانە مافی زمانە، وەک لە جاڕنامەی گەردونی مافەکانی مرۆڤدا هاتووە.

جاڕنامەکە بە بایەخەوە ئەڕوانێتە زمانی گەلانی رەسەن مافی بەکارهێنانی زمانی تایبەت بەخۆیان، وە مافی پەروەردەو فێربون بە زمانی دایک، وە مافی فێربون بە زمانی دایکیان لە ناو کۆمەڵگاکانی تریشدا. وە هەروەها مافی کاری ڕاگەیاندن بە زمانی خۆیان بە بێ جیاکاری لەگەڵ گەلانی تردا.

لەگەڵ ئەوەی یاسای نێودەوڵەتی گشتی و ئەو بەڵگەنامە نێودەوڵەتییانە جەختیان لەسەر مافی زمانی سەرجەم میللەتان کردۆتەوەو دەوڵەتانیان پابەندکردووە بە رێزگرتنی مافی زمانی میللەتان، وە زمانی کوردیش زمانێکی رەسەنە بۆ زیاتر لە ٤٠ ملیۆن کەس و بە زمانی کوردی و بە زارە جیاوازەکانییەوە قسەی پێدەکەن

مافێکی دەستەبەرکراوە لە لایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە، وە لەم ساڵانەی دواییدا لە زۆر لە زانکۆکانی ئەوروپا پەیمانگاو بەشی زمان و ئەدەبی کوردی کراونەتەوە، بۆ نمونە لە زانکۆی مۆسکۆ، لەندەن، بەرلین، پاریس. بەڵام حکومەتەکانی ئەم ناوچەیە هەمیشە هەوڵیان داوە ڕێگری بکەن لە بەردەم گەشەکردن و پەرەسەندنی زمانی کوردی و شێوە نوسینێکی یەکگرتوی کوردی.

هەرچەندە لەعێراقدا هەر لە سەرەتای دروستبونی دەوڵەتی عێراقییەوە کورد لەناوچەکانی خۆیاندا زمانی کوردییان وەک زمانی فەرمی بەکارهێناوە هەروەک لەسەردەمی شێخ مەحمودی حەفیدو لەسەردەمی بابانەکاندا. وە لە دەستورە یەک لەدوایەکەکانی عێراقدا بە شێوەیەک باس لە پێکەوە ژیانی کورد یان زمانی کوردی کردووە کە گرنگترینیان دەستوری عێراقی بۆساڵی ٢٠٠٥ بوو کە ئاماژەی بە زمانی کوردی داوە بووە بە یەکێک لە زمانە فەرمییەکانی وڵات لە پاڵ زمانی عەرەبیدا کە بۆ یەکەمجارە لە مێژوی عێراقدا زمانی کوردی ببێتە زمانی فەرمی ووڵات.

مادەی چوارەمی دەستوری ٢٠٠٥ی عێراق کەیەکێکە لە گرنگترین ئەو ماددە جێگیرکراوانەی تایبەتکراوە بە زمان لە عێراقدا و تیایدا هاتووە کە:

**یەکەم**: زمانی عەرەبی و زمانی کوردی دوو زمانی فەرمین لە عێراقدا، مافی سەرجەم عێراقییەکان پارێزراوە لە فێرکردنی ڕۆڵەکانیان بە زمانی دایکیان وەک تورکمانی و سریانی لە دەزگاکانی فێرکردنی دەوڵەتدا بەپێی یاسا پەروەردەییەکان، یان بە هەر زمانێکی دیکە لە دەزگاکانی فێرکردنی تایبەتدا.

**دووەم**: سنوری دەستەواژەی زمانی فەرمی دیاریدەکرێت، چۆنیەتی جێبەجێکردنی حوکمی ئەم مادەیەش بە یاسا ئەم خاڵانە دەگرێتەوە:

أ- دەرکردنی ڕۆژنامەی فەرمی بە هەردوو زمان.

ب- قسەکردن و وتوویژ ودەربڕین لەبوارە فەرمییەکاندا بەهەریەک لە دوو زمانەکە وەک ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی وەزیران و دادگاکان و کۆنگرە فەرمییەکان.

ج- داننان بە بەڵگە نامە فەرمییەکان و ئاڵوگۆڕکردنی نامەو دەرکردنی بەڵگەنامە فەرمییەکان بە هەردوو زمان.

د- کردنەوەی قوتابخانە بە هەردوو زمانەکە بە پێی یاسا پەروەردەییەکان.

هـ- هەر بوارێکی دیکە کە بنەمای یەکسانی بیگرێتەوە، وەک پارە و پاسپۆرت و پوول.

**سێیەم**: دامودەزگا فیدراڵیە فەرمییەکان لەهەرێمی کوردستان هەردوو زمانەکە بەکاردەهێنن.

**چوارەم**: زمانی تورکمانی و سریانی دوو زمانی فەرمی ترن لەو یەکە ئیداریانەدا کە تیایدا زۆرینەی دانیشتوان پێکدەهێنن.

**پێنجەم**: هەر هەرێم و پارێزگایەک مافی ئەوەی هەیە زمانێکی ناوخۆیی دیکە بکاتە زمانی فەرمی، ئەگەر زۆرینەی دانیشتوانەکەی لە ڕاپرسییەکی گشتیدا بڕیاریان لەسەردا.

هیوادارین وەک چۆن لە عێراق و لە هەرێمی کوردستاندا زمانی کوردی وەک زمانی دایک بۆتە زمانی فەرمی، لەو وڵاتانەی دیکەشدا کە کورد پێکهاتەیەکی بایەخ ئەو وڵاتانەیە، پابەند بن بە یاسای نێودەوڵەتی و بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکانەوە کە جەختیان لەم مافە کردۆتەوە ببێتە بنەمایەک بۆ قبوڵکردنی هاوبەشی ڕاستەقینە وڕێگەدان بە زمانی دایک وەک زمانێکی فەرمی هیچ نەبێت بۆ ئەو جێگایانەی کە زۆربەی دانیشتوانەکەی کوردن.

**سەرچاوەکان:**

•ئاری عوسمان خەیات، لەبارەی زمان و زمانی کوردییەوە، زانست بۆ کتێب و چاپەمەنی، سلێمانی، ٢٠١١.

•د. جاسم تۆفیق خۆشناو، مەسەلەی کورد و یاسای نێودەوڵەتان، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٢.

•د. محمد معروف فتاح. زمانەوانی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١١.

•د. عەبدوڵڵا عەتەوی، دەوڵەت و کێشە نێودەوڵەتییەکان، وەرگێڕانی (جزا تۆفیق تالیب، ئەحمەد عەلی ئەحمەد)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.

•پەیماننامە بنەڕەتییە نێودەوڵەتیەکانی مافەکانی مرۆڤ، وەرگێڕانی بۆ کوردی ئۆفیسی مافەکانی مرۆڤ-نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عێراق، لە بڵاوکراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ٢٠١٦.

•د. شیلان عومەر حسێن، داخورانی زمانی دایک: بنەماو پەسنکردن، بابەتێکە بڵاوکراوەتەوە لە:ناوەندی پرۆگرام وبەرنامەکان بۆ خوێندنی کوردی و بۆ دانانی رشتەکانی خوێندن بەزمانی ستانداردی کوردیی،بەبێ ناوی چاپخانە، سلێمانی٢٠١٩، ل٦٨.

•سهيل حسين الفتلاوي، التنظيم الدولي، دار الثقافة للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٧.

•د. منى يوخنا ياقو، حقوق الأقليات القومية في القانون الدولي العام، مطبعة شهاب، أربيل، ٢٠٠٩.

•د. محمد المجذوب، التنظيم الدولي النظرية والمنظمات العالمية والاقليمية والمتخصصة، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت، الطبعة الثامنة، ٢٠٠٦.

•عثمان رحمن محمد، تأثيرات القانون الدولي لحقوق الانسان في الدستور العراقي الدائم، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠١١.

•د. حسان محمد شفيق العاني، نظرية الحريات العامة تحليل ووثائق حقوق الانسان، المكتبة القانونية، بغداد، ٢٠٠٤

•دەستوری کۆماری عێراقی فیدراڵ بۆ ساڵی ٢٠٠٥.

•بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان.

•جاڕنامەی گەردونی بۆ مافەکانی مرۆڤ ساڵی ١٩٤٨.

•ڕێکەوتننامەی تایبەت بە قەلاچۆکردنی جیاکاری لە بواری فێرکردندا.

•ڕێکەوتننامەی تایبەت بە قەلاچۆکردنی جیاکاری لە بواری فێرکردندا ١٩٦٠

•پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە شارستانی و ڕامیارییەکان ١٩٦٦.

•ڕێکەوتننامەی مافی منداڵ ١٩٨٩

•ڕێکەوتننامەی ژمارە ١٦٩ی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی لەسەر گەلانی ڕەسەن و تیرەگەری

له وولاتانی سەربەخۆدا ١٩٨٩

•جاڕنامەی مافی ئەو کەسانەی سەر بەکەمینەی نەتەوەیی یان ئیتنیکی، ئایینی و زمانن ١٩٩٢

•جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان تایبەت بە مافی گەلانی ڕەسەن ٢٠٠٧

سەرچاوەی ئەلکترۆنی:


• تيسير عبدالجبار الآلوسي، في اليوم العالمي للغة الأم مطالب بتفعيل مشروع أممي يعالج الأمية باللغات الأم؟، پێگەی ئەلکترۆنی: (الحوار المتمدن) http://m.ahewar.org/s.asp?aid=٢٩٦١٤٦

• باسم عبدالكريم حسن الجحيشي، الحق في استعمال اللغة الخاصة للأقليات، توێژینەوەیەکی بڵاوکراوە لەسەر پێگەی: شبكة القانونيين العرب. https://www.law-arab.com/٢٠١٧/١٢/-blog-post_٨٨.html

• بدرية عقعاق، تحديد مفهوم الاقليات في القانون الدولي والوسائل الدولية لحمايتها، ط١، دارالفكر والقانون للنشر، المنصورة، ٢٠١٣، ص١١.

• بولس رمزي، حقوق الأقليات في المواثيق الدولية، ڕاپۆرتێکی بڵاوکراوە لەسەر پێگەی (الحوار المتمدن) http://www.m.ahewar.org/s.asp?aid=٩٧٤٤٧&r=٠ (٢٢/ ٥/ ٢٠٠٧)

• پێگەی سەرەکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان http://www.un.org/ar/events/motherlanguageday/background.shtml

• بڕیاری ژمارە A/RES/٦١/٢٦٦ نەتەوە یەکگرتووەکان، نمونەی بڕیارەکە لەسەر لاپەرەی سەرەکی نەتەوە یەکگرتووەکان:
http://www.un.org/en/ga/search/view_doc.asp?symbol=A/RES/٦١/٢٦٦&Lang=A


***مامۆستا لە زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی.**

فەرەیدوون سامان

# کوردەکانی ئەرمەنستان...
# زمان و ناسنامە

فەرەیدوون سامان

بنزاری کوردەکانی ئەرمەنستان سەر بە زاری کورمانجی باکوورە، کە زارێکی سەرەکی و زۆرینەی سەرجەم هاوولاتیانی کوردستانی گەورەیە، ئەوانیش وەک ناسنامەی ئایینی ژ بلی ئاینی یارسان، سەر بە ئۆڵی ئێزەدین کە ئاینێکی رەسەن و کەڤناری کوردییە،بەردەوامیش بە درێژایی مێژوو لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی و ئایینی وێیان رووبەرووی کۆمەڵکوژی و راوەدوونان هاتوون.

سەرچاوە مێژوویەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە کوردەکانی قەفقاس لە دێرزەمانەوە دانیشتووی ولاتەکانی ئەرمەنستان و ئازەربێجانن، تەنانەت هەندێ لە شار و شارۆچکە و ناوچە و گوندەکانیان درێژکراوەی سرووشتی جوگرافیای کوردستانن، مێژووناسان زۆر لەوە درێژتری دەکەنەوە، کە ئەو ناوچانە لەسەردەمی دەسەلاتی ئیمپراتۆریای میدییەکان بەشێک بوون لەو قەڵەمڕەوییە، راستییەکەش ئەگەر سەردانی مۆزە و شوێنەوارە دێرینەکانی ئەو ولاتە کەڤنارییە بکەین، بە ئاشکرا پاشماوەی شوێنەوارەکانیان لە پەرستگا و ئاتەشگەدەی زەردەشتییەکاندا ماون، ماستەرنامەکەی دکتۆرئیسماعیل شوکر کە لەسەر دەوڵەتی ئارانی کوردییە، لەسەدەی دەیەمی زایینی و کە بۆ ماوەی پتر لە ٣٥٠ ساڵ حکومڕانی ئەو ناوچانەیان کردووە و شاری رەوان- یەریڤانی ئێستا بەشێک بووە لەو قەڵمڕەوییە، لەسەدەی دەیەمی زایینی دوای داگیرکردنی ناوچەی قەفقاس لە لایەن تورکە سەلجوقییەکانەوە و رووخانی حکومڕانی ئارانییەکان کە لە باوانی تیرەی کوردە شەدادییەکان بوون، قسە لەوەش دەکرێت ماڵباتی سەرکردەی ناسراوی جیهانی ئیسلامی سەلاحەددینی ئەیوبی لە نەوەی شەدادییەکانی ولاتی ئاران بووە.

بە داگیرکردن و هاتنی سەلجووقیەکان گۆڕانکاریی دیموگرافی لەو ناوچانە روویاندا و کورد لە نەتەوەیەکی زۆرینەی دەسەلاتدارەوە بووتە کەمینەیەکی نەتەوەیی پەراوێزراو و بێدەسەلات.

بەلام کوردەکانی ئەرمەنستان پتر دوای سەرهەڵدان و دامەزراندنی دەوڵەتی یەکێتی سۆڤیەتی جاران تا رادەیەک ئەستێرەی بەختیان درەوشایەوە، بەتایبەتیش کە جۆرێک لە مافی کولتوورییان پێدرا لە کردنەوەی خوێندنگە پەروەردەییەکان بە زمانی کوردی و هەرەها کرانەوەی بەشی کوردی لە ئینیستووی خوێندنی بالا لە یەریڤانی پایتەخت و وەشاندنی چاپەمەنی و رۆژنامەی رێیا تازە و کرانەوەی بەشی کوردی رادیۆی یەریڤان، وێڕای هەبوونی چالاکی هونەری و کولتووری و وێژەیی جۆراوجۆر لەبواری زمان و چیرۆک و رۆمان و شێعردا، هەروەها رەخساندنی دەرفەتێکی لەبار

بوو بۆ بزاڤی شانۆ و سینەما و گرووپە هونەرەییەکاندا بۆ کوردەکانی ئەرمەنستان، ئێستا لە کۆماری ئەرمەنستان ٢١ گوندی کوردان هەن. نیشتەجێی ئەو گوندانە هەموویان کوردن. لەو هەموو گوندانەدا خوێندنگە هەن. ئەو قوتابخانانە بە زمانی ئەرمەنین. جگە لە زمانی ئەرمەنی، رووسی، ئالمانی، ئینگلیزی. زارۆکی کورد هەفتەی ٢ جار بە زمانی کوردی تا قۆناغی پۆلی١٢ دەخوێنن، ماڵباتی ئەو گوندانە هەموویان کوردی ئیزەدینە و بە زاری کورمانجی داخڤن. هەموویان خوێندەوارن. لە وان گوندا ١١ گوند لە دەڤدۆرا گوندێ ئەلەگەزێنە، ئەلەگەز بپێشتر ناوچە بوو. قوتابخانەی کەڤنار و ناودارن. بە سەدان زارۆکی کورد ئەو خوێندنگایانەیان تەواو کردووە و پاشێ چوونە زانکۆیێن دەولەتێدا، بڕوانامەی خوێندنی باڵایان بە پسپۆری جیاواز وەدەست هێناوە. بوونەتە پزیشک، مامۆستا، ئەندازیار، دیرۆکزان، رۆژنەمەڤان و شتی دیکە. دەتوانین لێرە ئاماژە بە ناوی گوندە کوردەکانی ناوچەی ئەلەگەز بکەین:

**ناڤێن گوندێن دەردۆرێ ئەلەگەزێ**

١. میرەک
٢. رییا تەزە (قوندەخسا)
٣. ئەلەگەز (جاмووشڤانا مەزن)
٤. جاموشڤان
٥. ئاڤشێن (چۆبانگمەز)
٦. سیپان (پامپا کوردا)
٧. دێرک (جەرجەریس)
٨. قوروبخاز
٩. شێنکانی (کۆربلاخ)
١٠. سەنگەر
١١ سادوونس (پۆشت)

گوندێن کوردایە ل مەنتیقا تالینێ

١. هەککۆ
٢. گەلتۆ
٣ سۆریک
٤. قبخگەپە

٥. بەرۆژ.
٦. بایسز
٧. تلک
٨. سیچانلوو
ل مەنتیقا ئاشتاراکێ
١. شامیران
لە ناوچەی ئێجمیادزینێ
١. فێریک (کوورەکەند).

لەو خوێندنگایانەدا، زمان و وێژەی کوردی دەخوێنن. زارۆکێن وان گوندا ژبلی زمانێ کوردی تو زمانا ناخڤن. (وتوویژ لەگەڵ مرازێ جەمال هەلبەستڤان و رۆژنامەنووس).

سەرەتای مانگی ئابی ساڵی (٢٠٢١)، بۆ ماوەی هەفتەیەک سەردانێکی شاری یەریڤانی پایتەختی وڵاتی ئەرمەنستانم کرد، لەو هەفتەیەدا بەدەرفەتم زانی بەرنامەیەک دابنێم بۆ دیداری رۆژنامەکانی (ریا تازە و سەرنووسەرەکەی بەڕێز مرازێ جەمال) وهەروەها رۆژنامەی (زاگرۆس و بەرپرسی نووسینگەکەی خاتوو لیانا محۆیان)، دواتر دیداری بەڕێز (تیتالێ کەرەم بەرپرسی بەشی کوردی رادیۆی یەریڤان)م کرد، و دوای پەیوەندیکردن بە چەندان کەسایەتی وەک بەرێزان خاتوو سەیران خوبایانی شاعیر و چالاکی مەدەنی و کنیازێ حەمید سەرۆکی فیدراسیۆنی کوردەکانی ئەرمەنستان- ئەندام پەرلەمان – (مخابن خۆی لە دیدارەکەم وەشارد).

دەرفەتێکی باش بوو رۆژی سێی ئاب کە یادەوەری تراژیدی کۆمەڵکوژی شنگالە، (پارساڵیش دۆسییەکی تایبەتی پێنج لاپەڕەییم لەسەر کۆمەڵکوژی شنگال لەو یادەوەرییەدا لە کوردستانی نوێدا بڵاوکردەوە). کاتژمێر١٠ی بەیانی لە پارکی ئابۆڤیان لە سەنتەری یەریڤاندا بەو بۆنە خەمناکە لەگەڵ ژمارەیەک لە رۆشنبیران و رۆژنامەوان و هاووڵاتی کوردانی ئیزەدی، لەبەردەم مۆنۆمینتی جینۆسایدی شنگال کۆبووینەوە و چەند وتارێک بەو بۆنەیە پێشکەش کران. هەریەک لە بەرێزان مرازێ جەمال. کنیازێ حەمید، سەیران جەلاد، دواتریش نووسەری ئەم وتارە لە وتەیەکدا ئاماژەمان بە تاوانەکانی کۆمەڵکوژی رێکخراوی تیرۆریستی داعش کرد، مخابن لە ناکاودا هاووڵاتییەکی ئیزەدییەکی توندرۆ بێ مۆڵەت وەرگرتن هاتە سەر ستەیج و

دەستی بە قسەی ناماقووڵ کرد، زیاتر قسەکانی ئاراستەکراو بوون و لەوە دەچووکە پێشتر خۆی بۆ ئامادەکردبێت، دەیگوت ئێمە ئیزەدین، کورد نین، کورد خۆیان تاوانبارن لە جینۆسایدی ئیزەدییەکان.

گەر بۆ لاپەڕەکانی مێژووی تراژیدی ئەو پێکهاتە ڕەسەنەی کورد هەڵدەینەوە، مخابن دەبینین بەدرێژایی مێژووش فەرمانەکانی قڕکردن بەدەست هەندێ لەو میرە کوردانە بووە کە بە هۆکاری ئایینی و لەوانەش ئاماژەی بە هێرشەکانی بەدرخانییەکان و محەمەد پاشا کۆرەی ڕواندز و برایم پاشای بابان، میرئ بەدرخان، بە پاڵنەری ئایینی و فیتی عوسمانیەکان تاوانی کۆمەڵکوژییان دژی گەلی ئێزەدی کردووە، دواجار کۆمەڵکوژی شنگال لە لایەن ڕێکخراوی تیرۆریستی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە داعش، تا ئێرە گوێ بیست بووین.

**-زمانی کوردی کۆڵەگەی بنەڕەتی ناسنانەی ئێزەدییەکانە:**

لە سەرەتای دەسەڵاتی سەربەخۆیی دەوڵەتی ئەرمەنستان ژمارەیەکی زۆری منداڵانی کوردی ئێزیدی نەیاندەتوانی بچن بۆ قوتابخانە بۆ خوێندن بە زمانی دایکییان، تەنانەت نەیاندەتوانی بە زمانی فەرمی دەوڵەتیش بخوێنن، کە زمانی ئەرمەنییە. هەڵبەت بەهۆی هەژاری و نەبوونی خوێندنگەی تایبەت بە زمانی خۆیان، ئەمە لە کاتێکدا لە سەردەمی سۆڤیەتدا و لە ساڵی ١٩٢٥، زیاتر لە ٥٠ خوێندنگەی کوردی لە ئەرمەنستاندا کراونەتەوە لەلایەکی دی مەسەلەی گۆڕینی ئەلف و بێ، یان تیپ کێشەیەکی ترە لە هۆکارەکانی نەخوێندەواری لەنێو کوردەکاندا. ئەوان سەرەتا بە تیپی لاتینی دەنووسن، لە سەردەمی فەرمانڕەوای ئەرمەنستاندا و لە ساڵی ١٩٢٠ ناچار دەکرێن زمانی کوردی بە تیپی ئەرمەنی بنووسن، لە ١٩٢٧دا جارێکی دی دەبێتەوە بە لاتینی، پاشان لە ١٩٤٥دا دەبێ بە تیپی سیریلیک، باڵابوونی پیتی سیریلیکیش لە ئەنجامی باڵابوونی کڵێسای وارتۆدۆکس بوو لە مەسەلەی تەبشیری لەسەر دەستی سلاڤییەکان بە دەستنیشانکراوی سانت کیلرس و سانت میتۆدیوس، ئەم کارەشیان تەنیا چەند دەیەیەک کارا بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی خەڵکی ئەرمەنستان هەڵگری باوەڕی ئەرتەدۆکسین، تا ئێستەیش کوردەکان بە هەردوو تیپ دەنووسن. کاتێک وڵاتانی دەرەوە ئەمڕۆ بەرگری لە کورد دەکەن، لەپێناوی بارودۆخێکی نەخوازراودایە کە لە داهاتووی نزیکدا کاریگەریی خراپی بۆ ئەوان دەبێت، نەک لەپێناوی کورد، بەڵام باشە گریمان ئێزیدی پێکهاتەیەکی گەلی کورد نین، یان نەتەوەیەکی سەربەخۆن، ئایە گەر

وەهاش بێت ئەو قسەیە گونجاوە ئەوان بیکەن لە کاتی ئاسایی و نائاسییدا، لەکاتێکدا هەر هەمان ئەو قسەیە کراوە بە بەهانەی ٧٤ جار جینۆسایدکردنیان؟

لەوەتەی چارەنووسی کوردی ئێزیدی کەوتوتە ژێر دەستی نەتەوە سەردەستەکانی عەرەب و تورک و فارس دواتریش ئەرمەن، بەوە تاوانباریان دەکەن کە عەرەبی هەڵگەڕاوەن، یان گرووپێکی جیاوازلە گەلی کوردن.. هتد.

دەیان چیرۆکی دی. کاتێک بەشێک لە ئەوان خۆیشیان ڕەگەز و نەژادی خۆیان ون دەکەن، شەرعیەت بەو باوەڕەی ناحەزانیان دەدەن. کاتێک دەڵێن کورد ئەو جینۆسایدانەی ئەنجام داوە و هاوکاریی داعشی کردووە و داونی بە دەستەوە و لە هەمانکاتدا بێحورمەتیش بە پێشمەرگە دەکەن، لە ڕووی دپلۆماسییەوە سەیری بکەیت کاریگەریی نەرێنیی لەسەر هەستی هەموو کوردێکی وڵاتپارێز هەیە و وا دەکات خەڵکی کوردستان بەرانبەریان لە سۆز داماڵێت. ئەگەر ئەو بەهانەیەی ئەوان ڕاستە، بۆ گەڕاندنەوەی لەسەر هەستی نەتەوەیی و ئاسمیلەبوونی ئێزەدییەکانی ئەرمەنستان گەرەکە ئاوڕێک لە رابردوویان بدەینەوە. لە ئەرمەنستاندا لەسەردەمی سۆڤیەتدا کورد بە گشتی جۆرێک لە مافی رۆشنبیریی هەبووە، لە ناوچە کوردییەکان خوێندن بە زمانی کوردی بووە، هەر لە ساڵی ١٩٣٠ یەکەم رۆژنامەی کوردی رێیا تازە هاتووتە وەشاندن. یەکەم فیلمی کوردی، رۆمانی کوردی، تەنانەت شانۆ و سەمای بالێیشیان هەبووە، بەڵام دوای هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتی سۆڤیەتی، مخابن جارێکی دی کوردەکانی ئەو وڵاتە لەلایەن دەسەڵاتی ناسیۆنالیستی ئەرمەنی بە توندی دژایەتی کراون و بەسەر دوو گرووپ یان ئیتنیکدا دابەشیان کردوون، کوردی مسولمان و ئێزیدی، ئەوانەی کوردی موسڵمان بوون بە شێوەی فەرمی پێیان دەگوترێت کورد، کە دوای هەڵوەشانەوەی سۆڤیەت زۆرینەیان ئاوارەی وڵاتانی دەوروبەر بوون، وەک ئازەربایجان و کازاخستان و قەرغیزستان و رووسیا، بەڵام ئەوانەی بە ئایین کوردی ئێزیدی بوون لەلایەن دەوڵەتەوە پێیان گوتراوە ئێزیدی و وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ جودا لە کورد ناوزەدیان کردوون.

گەر ئاوڕێک بۆ مێژووی ململانێ و کێشەی نێوان دەوڵەتی ئۆسمان و رووسیای تزار بدەینەوە، لەسەردەمی رووسیای تزاری بەشێک لە کوردە ئێزەدییەکان لە پاڵ میلیشیا خریستانە ئەرمەنییەکان چوونە رێزی لەشکری داگیرکەری رووسیا و لە ئەنجامی هێرش و شەڕەکانی نێوان رووسیای تزارو سوپای عوسمانلیدا، لە ئەنجامدا بە هەزاران کوردی مسوڵمان کوژران و سەرگەردان بوون و گوندەکانیان سووتان

و زەوی زارو موڵکەکانیان  لە لایەن ئەو هێزانە داگیرکران، وەک کاردانەوەیەکیش ژمارەیەک لە کوردە مسوولمانەکانی ناوچەکە چوونە پاڵ میلیشیاکانی ڕێکخستنی سوارەی حەمیدی کە لەلایەن دەرەبەگە کوردەکانی سەر بە دەوڵەتی عوسمانلی پشتیوانی دەکران. لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم و لەئەنجامدا بووە هۆکاری کۆمەڵکوژی ئەرمەن و ئێزەدییەکان بەدەستی سوپای دەوڵەتی عوسمانلی و بە هاوکاری چەکدارە کوردەکانی سوارەی حەمیدی. ئیتر لەو ساوە ژمارەیەکی زۆر لە کوردە ئێزەدییەکانی ئاوارەی ولاتانی قافقاس بوون بەتایبەتیش ئەرمەنستان. ئەگەرچی لە ڕووی مێژووییدا بوونی کورد لە ئێرەوان (یەریڤان زۆر کۆنتر بووە لە بوونی ئەرمەن، چونکە ئەو ناوچەیە  وەکو پێشتر ئاماژەم پێدا بەر لە هاتنی سەلجووقییەکان  بەشێک بووە لە قەڵەمرەوەی دەوڵەتی ئارانی شەدادییەکان، کورد حکومرانیا ناوچەکەیان کردووە.

کوردەکانی ئەرمەنستان بێ ڕەزامەندی خۆیان پۆلینکراون، بەڵام خۆیان هەست ناکەن پۆلینکردنێکی مەبەستدار بێت. ئەم وتارە دەخوازێت لە ڕووی پۆلێنکردن، گۆڕانکاری دیمۆگرافی، کۆچکردن و کولتوورییەوە بە ئاماژەیەکی کورت، ڕاڤەی مەبەستگەرایی پشت پۆلینکردن بکەین، مخابن ئەمە سیاسەتی نامرۆڤانەی ناسیۆنالیستی ئەرمەنی بووە لە هەمبەر پرسی کوردەکانی ئەرمەنستان.

لە سەردەمی دەسەڵاتی سۆڤیەتیدا، ژمارەی کوردانی دانیشتووی ئەرمەنستان بە ئێزیدی و موسڵمانەوە، لەنێوان ١٤٠هـەزار بۆ ١٥٠ هـەزار کەس بـووە. بەڵام دوای ڕاگەیاندنی کۆماری سەربەخۆی  ئەرمەنستان، نزیکەی ١٠٠هـەزار کوردی مسوڵمان  بە ناچاری ئەو وڵاتە بەجێ دەهێڵن و ڕوو دەکەنە وڵاتەکانی دەوروبەر و بەشێکی دیکەش بـەرەوە ئەورووپا و ئوستراليا سەرهەڵدەگرن. بەپێی ئاماری فەرمیی ئەرمەنستان، ژمارەی ئێزیدییەکان لە ساڵی ٢٠٠١دا  ٤٠٦٢٠ کەس بووە، بەڵام لە ساڵی ٢٠١١دا ئەم ژمارەیە دادەبەزێت بۆ ٣٥٢٧٢ کەس (جگە لەوان نزیکەی نێوان ١٥٠٠-١٨٠٠  کوردی موسڵمان لەوێ نیشتەجێن، لەتەک ئەو ژمارە کەمەی موسڵمانانی دی خاوەن مزگەوتێکن.پۆلینکردنی ناسنامەی کوردەکان و دیمۆگرافیای نیشتەجێبوون و کۆچکردنی ئەو ژمارە زۆرە دەکرێت ڕووماڵی ڕاستەقینەی هۆکارەکان بکات. فاکتەرە ئاینییەکەیان وەک نەتەوە بۆ کوردانی ئەرمەنستان  دابڕیون، لە کاتێکدا هەڵەیە ئایینی خەڵکێک بە نەتەوە  بناسرێت. ئەم پۆلینکردنە لە سەرەتا و سەردەمی فەرمانڕەوایی سۆڤیەتدا نەبووە. هەندێ سەرچاوە باس لەوە دەکەن کە ئێزیدییەکان خۆیان داوای ئەم پۆلینکردنەیان کردووە. ئەمەیش دەکرێت ڕاست بێت، بەڵام ئەوەی

من تێبینیم کرد لە هەڵوێست و مامەڵەی ئەرمەنییەکان، پاش ١٠٠ ساڵ تێپەڕبوون بەسەر کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکاندا بەرانبەر کوردانێک کە لە باشوورەوە ڕۆیشتبوون، بە بیانووی ئەوەی وەک خۆیان دەیانگوت کورد بەشداریی لەو جینۆسایدەدا کردووە، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە ئێزدییەکان پێویستیان بەو پۆلینکردنە بووە بۆ ئەوەی خۆیان لە کینە و دژەکاری ئەرمەنییەکان بپارێزن، یان دەکرێت حکوومەتی ئەرمەنستان خۆی بە هەمان مەبەست بەکاری هێنابێت. واتە بۆ ئەوەی بیانوویەک هەبێت بۆ پاراستنی کەمە نەتەوەکان لەو تەوژمی ناسیۆنالیستی لە ئەرمەنستان کە هێشتا لە لوتکەدایە، لەگەڵ ئەوەی هەندێ سەرچاوەی ئەرمەنی سەبارەت بە جێبەجێکردنی مافەکانی مرۆڤ لە ئەرمەنستاندا، باس لەوە دەکەن کە کورد لە ساڵی ١٩١٨-١٩٢٠ گەیشتووەتە پۆستە باڵاکانی دەسەڵاتی سیاسی و ئەندام پەرلەمانی هەبووە بەبێ ئەوەی ئاماژە بە ناوی کەسەکە بکەن یان بەڵگەیەک خرابێتە ڕوو. کۆمەڵێکی زۆر کوردی ئێزیدیش خۆبەخشانە چوونەتە ڕیزی سەربازانی ئەرمەنی و ژمارەیەکی زۆریان لە شەڕی کارباخادا کوژراون. هەر لەبەر ئەوەیش کە کوردەکان بە پشتیوانی سەرسەختی ئەرمەنییەکان لەم شەڕەدا هەژمارکراون. لە ساڵی ١٩٣٧دا ژمارەیەکی زۆری کورد لەپاڵ ئەرمەنییەکاندا زۆرەملێیانە لە سەردەمی ستالین  لە ئازەربایجان دەردەکرێن. هەر لەو ساڵەدا و لە سەردەمی پاکتاوکردنی ڕەگەزی لەلایەن مۆسکۆوە، کوردیش وەک ئەرمەنییەکان ڕووبەڕووی توندوتیژی و بە زۆر دەرکردن بوونەتەوە، هەر بەپێی راپۆرتی وڵاتەکە بۆ بەشی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، سەرکردە یان سەرۆک عەشیرەتی کوردە ئێزیدییەکان فەرموویەتی کە ئێزیدی لە ئەرمەنستان ڕووبەڕووی هیچ کێشەیەکی جیاکاری نابنەوە.

کاتێک سیاسەتمەدارێکی دەرەوە دێتە ناو کۆبوونەوەیەک بۆ باردۆخی ئێستای جیهان و بەرگری لە کورد دەکەن کە ئەمڕۆ شەڕ دەکات ودەڵێن ئێزیدیش کوردن، نەک لە پێناوی ئێزیدیدا، بەو بەڵگەیەی لە ٧٤ جینۆسایدی ڕابردوودا نەبوون بە خاڵی سەر وشەیەکیش لە لای جیهاندا. بۆیە کاتێک قسەکەر لەبری داواکردنی پشتگیری بۆپرسی ئێزیدییەکان، داوای ئێدانەی حکوومەتی هەرێم دەکەن، دەڵێن حکوومەتی هەرێم ڕێگەی نەداون چەک هەڵگرن، ئەگینا وەکو کۆبانی بەرگرییان دەکرد. (ئەمە لە کاتێکدا کە ئایینەکەیان بەگشتی دژی چەک و بەکارهێنانی چەک و تەقەمەنی و توندوتیژییە). لە هەمان کاتیشدا قسەکەر نە قوربان و نە لەو دۆخەشدایە کە ئێزیدی تێیدا دەژی، داوای هاوکاری بۆ خۆی دەکات، ئەگەر قسەکەشیان راست بێت، گوێگر

دەزانێت لە چ جۆرە قەیرانێکی عەقڵ و مۆراڵیدایە لەبری دەنگ کۆکردنەوە لە دەوری کێشەی ئێزیدییەکان، ڕوویەکی هەڕەمەکی و دواکەوتووی گرووپێک دەردەخات کە تەنانەت لە قورسترین ساتدا بەهرەی نوێنەرایەتیکردنی دروستیان نییە. دەکرێت حکوومەتی هەرێمی کوردستان شایانی ڕەفتاری و پەرچەکرداری خراپ بێت، بەڵام بۆ بێگانەیەک ئەوە 'باردۆخی ناوخۆی خۆتانی پێ دەوترێت، لەبری کاریگەری ئەرێنی، کاریگەریی خراپی بۆ سەر دۆزی ئێزیدی دەبێت نەک کورد. ئەگەر ئەوانەی دڵسۆزی کەیسی ئێزیدی بن، تەنانەت گەر سەرجەم ئەو بانگەشانەی دەیکەن ڕاستیش بن، دەزانن کەی، چۆن و لە کوێدا بیگەیەنن. لەو دۆخەدا کە ئێزیدی لە لاوازترین خاڵی ژیان و لە کەناری مەرگدا وەستاون، تەنها خەڵکێک بەرگرییان لێ دەکات ئەویش شەرڤان و پێشمەرگەی کوردە، ئێزەدییەکان بەو ژمارە کەمەی خۆیانەوە ئەمڕۆ وەکو ناویان ناوە' ئێزیدخان' شیان بۆ بکرێت بە دەوڵەتێک و بدرێتە دەستیان و ناوچەکەش لە داعش پاک بکرێتەوە، هێشتا دەبن بە نێچیریەکی ئاسان و ڕاوکراو، بەو ژمارە کەمەی خۆیان و ئەزموونە لەرزۆکەیان لەگەڵ مێژووی چەکداری بە بێ هاوکاریی حکوومەت و لایەن و خەڵکانێکی دی، ناتوانن لە سەردەمی ئێستادا خۆیان بپارێزن. کەواتە ئەو قسانەی دەکرێت لەپێناوی کێدا دەکرێن کە زیانی بۆ ئێزیدی هەیە؟

زۆر جار خەڵکانێک خۆیان تەرخان دەکەن بۆ دژایەتیکردنی سیاسەتمەدارێک، تاکێک، حزبێک یان گرووپێک، لەبری دژایەتیکردنی فەرهەنگ، کولتوور، ئایدۆلۆژی و ئایدیای نادروست. جێگەی بەزەییە ئیتر ئەو خەڵکەش ئەم جۆرە قسەکەرە دەکەن بە پاڵەوان و لە هەر کەناڵ و سۆنگەیەکەوە دەرکەوت دەیکەن بە مەکۆی گردبوونەوە و باوەڕەکانیان، ئەمە لە کاتێکدا دوور نییە قسەکەر بەر لە جنێو نووسینەکانی، پارەکەی لە جنێو پێدراوە وەرنەگرتبێت. چونکە ئەوەندەی ئەم جۆرە قسەکەرە دەستی بە باڵای گەندەڵی، سیاسەتباز و سیستمی شەقەوە گرتووە، خودی دەسەڵات و تاک و گرووپەکە نەیانکردووە. چوون ئەو ئاکارە لە چەند ڕووەوە هاوکاریی لایەنی دژایەتیکراو دەکات، یەک: لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە جەماوەر لە دژایەتیکراوەوە نزیک دەکاتەوە، کاتێک بە بەردەوامی بەبێ ڕەچاوکردنی خاڵە باشەکانی ژیان، کاری هەر تاک و گرووپێک بەردەوام دەخەیتە ژێر چەکوشی سەرکۆنەکردن، خەڵک ئەگەر زارەکیش دەری نەبڕێت، ناوەکی هەست بە نادادوەری دەکات، نایەوێت ببێت بە بەشێک لەو نادادوەرییە، لە ڕوویەکی دیکەوە لەبەرئەوەی ئەو جۆرە قسەکەرە چاک و خراپەکانیان بە شیوەیەک تێکەڵ دەکەن، نەک تەنها لەبەرئەوەی خەڵک پێی ڕادێت و دەبێت بە نۆرمی کۆمەڵگە،

بەڵکو ئەوە ڕاستەکانیش بە درۆ دەبینێت، جگە لە هەڵگری گومان و دڵەڕاوکێ نابێت بە خاوەنی هیچی دی، لەم ڕوانگەیەوە ناتوانم نیەتپاکیی ئەوانەی بەو شیوەیەی باسم کرد نوێنەرایەتیی ئێزیدیەکانیان دەکەن، ئەوانەش بەهانەیان بۆ وەها هەڵوێستێک ئەوەیە کە ئەوان تورەن، بەڵام هیچ تایبەتمەندیی سیاسی و دپلۆماسیی لەپشت نییە بۆ مرۆڤی سیاسەتمەدار، مەگەر سیاستبازەکان ئەو جۆرە مەعریفە دیماگۆگییە بکەن بە ڕووکەشی فرۆشتن و دەستبەردان لە میللەتی خۆیان بە شێوەی ژێر بە ژێر. چوون هاووڵاتی کورد ئەو جۆرەیە کە بە چاو بیر دەکاتەوە نەک عەقڵ، ئەم تەنزە هاشوهوشە، بایەخی بێ هاوتای هەیە و خاوەن ئەو جۆرە ئاکارانە وەکو گوتم پاڵەوانەکانی مەیدانی کوردین، بۆیەش ئەم جۆرە ئاکارە کە بەشێک لە تەکنیکی پاڵەوانی ساختەیە بە بەردەوامی بەرهەم دێتەوە، نەک تەنها دژی ئێزیدی، بەڵکو دژی دەسەڵات و حزبە کوردییەکانیش، ئەو کەسانەی گوایە دژ بە بەرژەوەندیی کوردستانن، بەڵام لە راستیدا ئەوانەی کە بە ڕاستی دژایەتیان کردووە دارەدەستی سیاسەتبازەکان نەبوون یان کوژراون یان وڵات بەدەر کراون، ئەوانەی کورژراون تەکنیکی پاڵەوانی ساختەیان بە ڕاست زانیوە و لەژێر چەترە ساختەکەی ئەوانەوە خۆیان خستووەتە مەترسییەوە و بوون بە قوربانی. بۆیە بەکورتی ئەوانەی گوایە بە بەرژەوەندیی ئێزیدی، دژی کورد و پێشمەرگە قسە دەکەن، زۆر بەجێیە وا مەزەندە بکەین بۆ یەکێک لەو لایەنانەی لەگەڵ لەناوچوون و ناشیرینکردنی ئێزیدیدان، کار بکەن. چوون بۆچوونەکانیان هیچ جیاوازیی نییە لەگەڵ قسەی ئەو داعش و توندڕەوە ئیسلامییانەی، پشتگیرییان لە بکوژانی ئێزیدییەکان دەکرد بە بیانووی ئەوەی ئەوان کورد نین و شۆفینیزمی عەرەب فێری کردوون و هانی داون کە جنێو بە پێشمەرگە و کورد بدەن و بەردەوام لە ئینتمای کوردبوونیان دابماڵن، ئەمە بەشە ئاشکراکەی نێو هۆڵەکان، بەڵام لە پشتی پەردەکانەوە چی گوزەراوە، چیرۆکێکی دیکەیە. ئەو چاوەی سەیری کوردە بەشداربووەکانی ئەو بۆنانە دەکەن کە بۆ پشتگیریی ئەوان ئامادەن، مامەڵەی داعشیش بەو شێوەیە ناکەن. بەڵگەیەکی کۆنکرێتیی تریش بۆ ئەوەی ئەم جۆرە ئێزدییانە نوێنەری ساختەی ئێزیدیەکانن و لە بنەمادا دژی دۆزی رەوای ئێزیدییەکان کار دەکەن ئەوەیە. بۆ هاوکاری و دەستکەوتنی چەند زانیارییەک سەبارەت بە ئایینەکەیان، سەرباری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئەوەی دەیکەن هەر دژایەتی یەکێتی نەتەوەیی گەلی کوردستان نییە، بەڵکو دژایەتیی دۆزی رەوای ئێزدییەکانیشە، بەڵام بۆ کێ و لەپێناوی بەرژەوەندیی کێدا دەیکەن، ئەمە ئەرکی ئێزدییە سیاسەتزان و دڵسۆزەکانیانە هۆشیاریی نوێنەرایەتی کردنی ساختە بدەن، ئەگەر کەسی باڵاش بێت.

دەبێ ئەمانە کاتێک دێن وێنەیان دەگرن و لە دەرەوە بۆ خۆیان سواڵی پێ کۆدەکەنەوە، باشتر بخرێنە ژێر چاودێرییەوە، ئیتر لەوە تێبگەن کە کاتی ئەوە هاتووە ئێزیدی شۆڕشی دیپلۆماسی، سیاسی و چەکداری بکات لە کاتی پێویستدا و بتوانێت ڕاڤەی ژیانی خۆی و بەڕیوەبردنی خۆی بە شێوەیەک بکات لەگەڵ سەردەمەکە و سیاسەتی نێودەوڵەتی و ناوخۆدا گونجابێت بۆ ئەوەی بتوانێت کەرامەت و ئاسایش بۆ ئەو برە کەمەیان ماون دابین بکرێت. لەوەش سەرووتر پێویستە ئامانجی کورد واتە خودی ئێزیدیش ئەوە بێت کە گرووپ و ئایینی ئێزیدی بنبڕ نەکرێت و بەشێک پەیوەندیی بە لایەنی هۆشیاریی کۆمەڵایەتیی خۆیانەوە هەیە، چۆن ڕێژەی خۆیان زیاد دەکەن و ڕادەگرن، بەشێکیش پەیوەندیی بە بەرنامە و هۆشیاریی حکوومەتی هەرێم و دەسەڵاتی کوردییەوە هەیە لە دابینکردنی ئاسایش و تایبتمەندییەک بۆ ژیان و کولتوور و ئایینی ئێزیدی گونجابێت، کە لە بەشی داهاتوودا لێوەی دەدوێین. لە ئەنجامدا ئەو پێشنیارەم لا گەلالە بوو کە چۆن لەو ڕەوشە نالەبارە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەی ئەوان بتوانین خزمەتی کوردانی ئەرمەنستان بکەین.ئەم داواکارییە دەخەمە بەرچاوی بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

## راسپاردەو پێشنیار:

ئاشکرایە زمانی کوردی وەک هەر زمانی نەتەوەیەکی سەر ئەو زەمینە سەبارەت بە زۆر هۆکاری سروشتی و مێژوویی و سیاسی لە چەندان زار و بنزار و دەڤۆک پێکهاتووە. بۆتە گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی وشە و زاراوەی پێکهاتە جیاوازەکانی گەلی کورد، لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا، سەبارەت بە داگیرکاریی نیشتمانەکەمان، زمانە شیرینەکەشمان دابەش بووە و زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی و ئەرمەنی هەژموونی باڵایان بەسەر زمانی کوردیدا هەیە، هەرچەند خۆشبەختانە زمانی کوردی لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و هەروەها عیراقیشدا بە رەسمی ناسراوە، بەڵام هێشتا زمانێکی هاوبەش و ستاندارمان نییە، جا بە مەبەستی پاراستنی یەکێتی نەتەوەییمان و پاراستنی زار و بنزارە کوردییەکان، کە دوای هەڵوەشانەی دەسەڵاتی سۆڤیەت خەریکە ناسنامەی کوردبوون کۆتایی پێدێت، بەتایبەت لەناو کوردەکانی ئەرمەنستاندا،

پێشنیار دەکەم بۆ پاراستنی زمان و ناسنامە و کولتووری کوردەکانی ئەرمەنستان و دامەزراندنی ناوەندێکی کولتووری و کۆمەڵایەتیی کوردی لە شاری یەریڤانی

پایتەخت، کە ژمارەیەکی بەرچاوی هاووڵاتی کوردی ئیزەدی تیایە. پردێکی کولتووری لەنێوان رۆشنبیرانی کوردستانی گەورەو باشوور و کوردانی یەریڤانیش درووست بێت.

بۆ سەرخستنی ئەو پرۆژە نەتەوەییە پیرۆزە هاوبەشەی نێوانمان، لەپێناو پاراستنی شکۆی زمانی کوردی هاوپێچ لەگەڵ ئەو داواکارییەمان بەرنامەی ناوەندەکە دەخەینە بەردیدی بەرێزتان.

–پرۆژەی دامەزراندنی ناوەندی کولتووری کۆمەڵایەتی کوردانی ئەرمەنستان:

– بۆ رەزامەندی لەسەر ئەم داواکارییە سەرەتا دەبێت رەزامەندی نوێنەری دەوڵەتی ئەرمەنستان لە هەولێری پایتەخت مسۆگەر بکرێت.

– سەردانێکی فەرمی بۆ وەزارەتی رۆشنبیری ئەرمەنستان و فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکانیان بۆ پەیوەندیکردنی بە رۆشنبیرانی کوردی ناوچەکەو قسەکردنلەسەرئەو پرۆژەیە.

**پێداویستییەکانی دامەزراندنی ناوەندەکە ئەمانەن:**

**-یەکەم:** دابینکردنی خەرجی کرێی چەند ساڵێک بۆ بارەگای ناوەندەکە لە شاری یەریڤانی پایتەخت.

**-دووەم** : دابینکردنی کەلوپەل و پێداویستی ناو بارەگاکە لە کورسی و میز و دۆڵاب و کۆمپیوتەر.

**-سێیەم:** دابینکردنی راهێنەر و مامۆستای زمانی کوردی بۆ پەروەردە و فێرکردن و کردنەوەی خوولی فێربوونی بەردەوام.

**-چوارەم:** بانگهێشتی ژمارەیەک لە کەسانی ئەکادیمی و رووناکبیر و زمانپەروەری کوردی ناوچەکە و دەرەوە بۆ هاوکاری کردنی پرۆژەکە.

–دەرکردنی گۆڤارێکی رۆشنبیری گشتی (مانگانە یان وەرزی) بە زاری کورمانجی خەڵکی ناوچەکە.

–سازکردنی کۆڕو سیمیناری هزری و وێژەیی و کۆنفرانس و کۆنگرەی ساڵانە و کردنەوەی پێشانگای هونەری و نمایشی فیلمی سینەمایی و ئامادەکردنی فەستیالی هونەری لە بوارە جیاوازەکاندا.

–ساڵانە ژمارەیەک لە خوێندکارانی کوردی ئەرمەنستان لە سەر ئاستەکانی بەکەلۆریۆس و ماستەرو دکتۆرا لە زانکۆیەکانی هەرێمی کوردستان وەربگیرێن و بە شێوەیەکی ئەکادیمی و زانستی پسپۆری لە زمان و ئەدەب و فەرهەنگی کوردی وەدەست بهێنن.

# بۆ کورد زمانێکی هاوبەشی نییە؟

■ دیاکۆ هاشمی

## زارەکانی زمانی کوردی:

زۆر کورد ئەو پرسیارە دەکەن و ئاواتی ئەوە دەخوازن کە کوردیش وەک نەتەوەکانی تر بۆ نموونە فارس، عەرەب، سویدی و هتد زمانێکی هاوبەشیان هەبوایە.
لێرەدا هەوڵ دەدەین ئەوە ڕوون بکەینەوە کە ئاخۆ ئەو نەتەوانە توانیویانە زمانی هاوبەش بۆ خۆیان چێ بکەن یان ئەوانیش هەر وەک کوردن.

## زمان و زار:

ئەگەر کۆمەڵێک ئاخێوەر بە شێوەیەکی تایبەت بە خۆیان پێکەوە بدوێن و وشەی لێکچوو و هاوبەشیان هەبێت و بەپێی سیستەمێکی هاوبەشی ڕێزمانی و مۆرفۆلۆژی وشەکانیان ڕێک بخەن و بەکاری بهێنن ئەوە خاوەنی زمانی تایبەت بە خۆیانن.
ئەگەر ئەو خەڵکە پەرە بستێنن و بەملا و ئەولادا پرشوبڵاو ببنەوە و لەڕووی جوگرافییەوە لێک داببڕێن، ڕەنگە شێوەی ئاخاوتنەکەیان جیاواز ببێت و لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر هەست بە جیاوازی بکەیت. تەنانەت دەکرێت لەڕووی مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژییشەوە هەندێک جیاوازییان هەبێت. وردە وردە هەست بە درووستبوونی شێوازی جۆربەجۆر دەکەیت، بەو جۆرە چەند «زار»ێک دەکەونە ئاراوە.
ئەو زارانە زیاتر وەک زاری زارەکی بەکار دەهێنرێن. ڕەنگە یەکێک لەوانە پەڕاوێکی ئایینیی پێ بنووسرێتەوە یان ڕەنگە بەرهەمێکی ئەدەبیی پێ بنووسرێتەوە کە کاریگەریی لەسەر بەشەکانی تریش دابنێت، یان ڕەنگە زۆرینەی ئەو خەڵکە بە وشەکانی یەکێک لە زارەکان زیاتر ئاشنا بن یان بەکارهێنانی سادەتر بێت، بەرە بەرە ئەوە خۆنەویست ئەو «زار»ە جێی خۆی پتەو دەکات و بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زیاتر لە یەکتر تێ بگەن هەر ئەو زارە بەکار دەهێنن. وای لێ دێت ئەو زارە ئەرکی زمانێکی هاوبەش دەگێڕێت.
جاری وایە ئەو خەڵکە پێکەوە دەتوانن چوارچێوەیەکی جوگرافیی سیاسیی هاوبەش بۆ خۆیان جیا بکەنەوە و پێکەوە وەک وڵاتێک بژین، ئەو کاتە ئەو زارە دەکەنە زمانی پێوەر یان زمانی ستاندارد.

## زمانی سکاندیناڤی:

جاری واشە، هەرچەند جیاوازییەکە کەمە، بەڵام هەر بەشێک بەجیا بۆ خۆی چوارچێوەیەکی جوگرافی جیا دەکاتەوە و وڵاتێک بۆ خۆی درووست دەکات، وەک خەڵکی سکاندیناڤیا کە چەند زاریان هەیە بەڵام هەر کامەیەکیان جیا بوونەتەوە و بۆ خۆیان وڵاتێکی جیایان درووست کردووە.

ئەمانە لە بنەڕەتدا زمانەکەیان هاوبەشە، «زارەکانیان» تۆزێک جیاوازن (سویدی، نەرویجی، دانیمارکی، ئیسلەندی و فارۆئی). ئەگەر لە چوارچێوەی یەک وڵاتدا بژیایەن ئەوە ئەو زمانە و ئەو وڵاتە خاوەنی چەند زاری جیا دەبوو، بەڵام هەر زارێک (لەگەل بنزاراوەکانی ئەو زارە) وڵاتێکی سەربەخۆیان درووست کردووە.

کاتێک ئێمە لە دوورەوە چاو لەو وڵاتانە دەکەین چونکە ناوەکانیان جیا کراونەتەوە، وا دەزانین چەند زمانی جیاواز و چەند وڵاتی جیاوازن، ئەوانە تەنها لەڕووی جوگرافییەوە جیاوازن، بەڵام لەڕاستیدا لەڕووی زمانەوانییەوە هێشتا هەر چەند زارن سەر بە زمانێکی هاوبەشن کە دەکرا ناوی زمانی سکاندیناڤی بایێ.

کەوا بێت خەڵکی سکاندیناڤیا کە هەموویان پێکەوە بە قەد باکووری کوردستان نابن نەیانتوانیوە زمانێکی هاوبەش بۆ خۆیان درووست بکەن، بەڵکوو لە یەک دابڕاون و جیا بوونەتەوە و هەر زارێک وڵاتێکی بچووکی بۆ خۆی درووست کردووە، گەورەترینەکەیان سویدە کە کەمتر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. بچووکترینەکەشیان کە دوورگەکانی فارۆئیە کەمتر لە ٥٠ هەزار کەسن.

سەرچاوەی نەخشەکە: ویکیپێدیا

«فارسی»، «دەری» و «تاجیکی»

«فارسی»، «دەری» و «تاجیکی»یش هەمان بەسەرهاتی «زمانی سکاندیناڤی»یان هەیە، ئەمانە چەند زارێکن کە بەپێی پێوەرە ڕێزمانییەکان سەر بە یەک زمانی هاوبەشن، بەڵام چەند وڵاتی جیاوازیان درووست کردووە، ئەگەر لە چوارچێوەی یەک وڵاتی جوگرافیدا بژیایەن ئێستە ئەوانیش چەند زار بوون.

کەوا بێت ئەوانیش نەیانتوانیوە بۆ هەموو زارەکانیان یەک زمانی هاوبەش چێ بکەن یان بیسەپێنن. جیا بوونەتەوە. جا ئێستە هەندێ کەس دەڵێن بۆ کورد نەیتوانیوە وەکوو فارس زمانێکی هاوبەش درووست بکات؟ لەڕاستیدا ئەگەر ئەو کەسانە هەموو

زارەکانی هاوشانی «فارسی»یان بناسیبا، ئەو کاتە دەیزانی کە فارسی تەنیا یەک زارە لە زارەکانی تری هاوشانی خۆی، بۆ نموونە وەک سۆرانییە بەرانبەر بە زارەکانی تری کوردی.
کەوا بێت لە «فارسی»، «دەری» و «تاجیکی»شدا کە بۆ یەکتر «زار»ن، ئاخێوەران نەیانتوانیوە زمانێکی هاوبەش لەنێو خۆیاندا پێک بهێنن هەرچەندە پێکەوە سەر بە یەک خێزانەزمانی هاوبەشن، بەڵکوو هەر کامەیەکیان لەگەڵ بنزاری تایبەت بەو زارەدا جیا بوونەتەوە و بەجیا وڵاتێکیان پێک هێناوە.

## زارەکانی عەرەبی

عەرەبیش بە هەمان شێوە کۆمەڵێک زاری جۆربەجۆریان هەیە. هەموو ئەو زارانە لەڕووی زمانەوە زاری سەر بە یەک خێزانەزمانن، بەڵام لەڕووی جوگرافییەوە وڵاتی جیاوازن.عەرەبەکان بەختێکیان کە هەبووە ئەوە بووە کە قورئان پەڕاوی پیرۆزی ئایینییان هەیە کە بە زاری قوریەشی نووسراوەتەوە و هەر ئەوە تا ڕادەیەکی زۆر لەڕووی زمانەوە بە یەک گرێی داون. بەوەشەوە یەک وڵاتیان نییە.
پێتان وا نەبێت ئەو زمانەی کە ١٤٠٠ ساڵ پێش لە ئێستە قورئانی پێ نووسراوەتەوە لەگەڵ عەرەبیی ئێستاکەدا یان لەگەڵ زارە عەرەبییەکانی ئەوڕۆدا ڕێک وەکوو یەک بن. گەنجە ئاساییەکان هەندێ جار بە ئەستەم لە گەلێ وشە و پەیڤی قورئان تێ دەگەن.

## زمانی کوردی:

زمانی کوردی لە چەند زاری وەک کوردیی باکووری، کوردیی ناوەڕاست، کوردیی باشووری و کوردیی هەورامی درووست بووە، ئەگەر ئێمەش وەک ئەو نەتەوانەی کە ئاماژەم پێ کردن چەند وڵاتمان هەبوایە ئێستە کەس ئەو پرسیارەی نەدەکرد کە بۆ کورد زمانێکی هاوبەشی نییە.ئێمە چونکە وڵاتی سەربەخۆمان نییە، هەوڵمان داوە پێکەوە داوای مافی خۆمان و وڵاتی کوردی بکەین، بەڵام بەوەشەوە نەمانتوانیوە چوارچێوەیەکی جوگرافیی تایبەت بە کورد بەگشتی یان بە یەکێک لە زارەکان جیا بکەینەوە جگە لەوەی کە لە باشوور کراوە کە ئەویش بەپێی پێکهاتەی زاری نەبووە بەڵکوو بەپێی پێکهاتەی کوردی بووە، واتە هەموو کورد پێکەوە لەو پارچەیەدا کەوتوونەتە سنووری ئەو دەسەڵاتە کوردییە. هێشتاش بەتەواوی سەربەخۆ نین.

**ئەنجام:**

کەوا بێت ناکرێت ئەو گلەییە لە کورد بکرێت بۆ نەیتوانیوە زمانی هاوبەش بۆ خۆی درووست بکات، هیچ زمانێکی تر کە چەند زاری هەبێت نەیتوانیوە ئەو کارە بکات، زۆر جار تەنها یەک «زار» لەوانە لەگەڵ بنزارەکەی خۆیدا یەک وڵاتیان بەجیا درووست کردووە و خەڵک وەک زمانێک چاویان لێ دەکات، کەچی بەپێی پێوەرە زمانەوانییەکان ئەوانە بەرانبەر بە یەکتر هێشتا «زار»ن. نەک زمان.

هەڵبەت ئەم نموونانە بۆ ئەوە نییە کە بوترێت با کوردیش بەش بەش ببێتەوە، بەم نموونانە تەنها ویستراوە ئەوە ڕوون بکرێتەوە کە گەلێ زمانی تر هەن کە وەک کورد خاوەنی زاری جۆربەجۆرن و هێشتاش زمانێکی هاوبەشیان نییە و هەر زارێکیان بەجیا وڵاتێکی درووست کردووە و شێوازی خۆی وەک زمانێک بەکار دەهێنێت.

ئێمەی کورد لە بەرژەوەندیماندا نییە کە خۆمان پارچە پارچە بکەین، باشترین ڕێگەچارە ئەوەیە پێکەوە بژین. پێکەوە بەهێزترین و دەبێت ڕێز لە هەموو زارەکانمان بگرین.

باشترە بۆ پێوەندیی گشتی و خوێندن و ئەدەبیانی هاوبەش، هەوڵ بدەین بەگشتی یەک یان دوو زار بکەینە زمانی پێوەر دەقی خۆی پێ بدەین و لە زمانی گەڕەک و کۆڵان خاوێن کرێتەوە. دەبێت زمانێک بێت کە دەوڵەمەند بێت و لێهاتوو بێت بۆ لێشاوی وشە و پەیڤی بیانی و توانیبێتی بە کاری زمانەوانی توانای خۆی پیشان بدات بۆ گەشەسەندی زیاتر.

پاشان ڕێز لە هەموو زارەکانمان بگرین. هەوڵ بدەین بە گوێگرتن و خۆفێرکردن، لانی کەم گوێمان ڕا بێت بۆ باقیی زارەکانی تر، تا بەبێ گرفت لە کاتی قسەکردندا لە یەکتر تێ بگەین.

ئێمە کە یەک نەتەوەین و بەسەر جوگرافیایەکی بەرین و دووورودرێژدا بڵاو بووینەتەوە دەبێت هەبوونی «زار» بەئاسایی دابنێین، ئێمە دابونەریت و فۆلکلۆر و جلوبەرگ و فەرهەنگمان هاوبەشە، کەوا بێت دەشتوانین پێکەوە بەخۆشی و بە پاڵپشتی یەکتر بژین. بێگومان باشترە بوونی ئەو زارانە وەک ڕەنگینی و جوانی و دەوڵەمەندی چاو لێ بکەین.

* ڕێنوێنکاری زمان لە سویدی

# زمان،
# جوگرافیای بوونی نەتەوە

جەبار جەمال غەریب

زمان باشترین ڕێگای لێک تێگەیشتنە، باشترین داهێنانی مرۆڤە، خێراترین هۆی پەیوەندییە، ئەوانە پێناسە هەرە سادەکانی زمانن. پێناسەی وردتر و زانستیتریش زۆرن، کە زمان و بەکارهێنانی و ئەرکەکانیمان پێدەناسێنن، ئەوە بابەتی من نییە، یان ئەوە بابەتی ئەم وتارە نییە. دەمەوێ بە جۆرێکی دیکە لە زمان بدوێم، بە جۆرێک تەنیا بۆ من ڕەوا بێت و بۆ کەسی دیکە نا.

- ئایا زمانی هەموو نەتەوەکان یەک ئەرکیان هەیە؟
- ئایا زمانی کوردییش لە ئاستی زمانەکانی دنیادایە؟

ڕەگی زمانی کوردی لەوە تۆکمەتر و کۆنترە گومان لە ڕەسەنی و سەربەخۆییەکەی بکرێت، یەکێکە لەزمانە هەرە دێرینەکانی ڕۆژهەڵات و کاریگەرییشی بەسەر بەشی هەرە زۆری زمانی نەتەوەکانی ناوچەکەوە هەیە (دەتوانم بە بەڵگەوە ئەوە بسەلمێنم). زمانەکانی ڕۆژهەڵات لەبەرئەوەی ژینگەیەکی هاوبەش و لێکچوویان هەبووە، چ لەڕووی دەنگ و چ لەڕووی پێکهاتە و دەربڕینەوە کاریگەرییان بەسەر یەکەوە هەیە، مەبەستم ژینگەی جوگرافی و کولتوری و هەتا مرۆییش.

دەستەواژەی زمانەکانی ڕۆژهەڵات، دەشێ فراوانتر بێ لە مەبەستی من و هەموو زمانەکانی ڕۆژهەڵات نەچنە ناو ئەو چوارچێوەیەوە. بۆ نموونە زمانی عەرەبی زمانێکی ڕۆژهەڵاتییە، بەڵام هیچ تیکەڵاوی و ئاشنایەتیەکی لەگەڵ زمانی کوردیدا نییە. ژینگە و پێکهاتە و تۆنی هەردوو زمانەکە تەواو لێک جیاوازن. ئەو جیاوازییەش دەشێ بە بەڵگەی زانستی بسەلمێنرێت.

زمانی عەرەبی بەرهەمی بیابان و سروشتی ئینسانی عەرەبی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەکەیەتی. نزیکترین زمان لە زمانی عەرەبیەوە زمانی عیبرییە کە بە ئامۆزا دادەنێرێن. دەیان خاڵی هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە، هەرچەند دواتر ماڵی خۆیان لەیەکتر کرد و هەتا ئایینی جیاواز و تایبەت بە خۆیان بۆ پەیدا بوو، هەردوو ئایینەکەش زۆر خزمەتی ئەو دوو زمانە ئامۆزایەیان کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا بەیەکجاری لەیەکتری دابڕین و پێش دروستبوونی ئیسرائیل، زمانی عیبری نزیکەی بە تەواوی لەڕۆژهەڵات دەرکرابووە دەرێ و سڕابووەوە.

هەلومەرجی هەر زمانیک. تایبەتە بە نەتەوەکەیەوە، نەتەوەکەی لەڕووی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگییەوە لە چ ئاستێکدایە. زمانی عەرەبی بە هۆی دەسەڵاتی ئایینیەوە، کە بەشێکی هەرە گرینگی دەسەڵاتی عەقڵیشە خزمەتێکی زۆر کراوە و بە هەموو دنیادا بڵاوبووەتەوە، ئەوە جگە لەوەی لە زۆر شوێن و وڵات زمانی نەتەوە خۆجییەکانیشی سڕیوەتەوە و بۆ خۆی چووەتە جێگایان. زمانی فارسی دەسەڵاتێکی کولتوری و ئیداریی دوو هەزار و پێنجسەد ساڵەی لەدوایە، زمانی تورکییش کوڕە نازدارەکەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بووە.

-لەو دووسەد ساڵەشدا کە هەستی نەتەوەیی بەتەواوەتی بە زمانەوە بەستراوەتەوە، دەسەڵاتی ئیداری و ئابووری و سیاسی بە تەواوەتی لەژێر هەژموونی ئەو سێ زمانە سەردەستەدا بوون، وەکو ئەنجامیش:

**یەکەم:** لەشوێنی دەسەڵاتیان هەریەک لەو زمانانەی سەرەوە، عەرەبی، فارسی، تورکی بوونە زمانی فەرمی، ئیداری و سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی، نەک هەر خۆیان بەڵکو فەزایەکیان دروست کرد، کە نووسەر و زانایانی کوردیش هەموو توانایەکی خۆیان بۆ خزمەتی زمانی سەردەستە تەرخان بکەن. ناوی سەدان کورد لە لیستی ئەو زانایانەدایە کە خزمەتی فەرهەنگ و زمانی زاڵیان کردووە و ئێستاش هەر بەردەوامە.

**دووەم:** بە هەمان ئەو گوڕوتینەوە کە خزمەتی زمانەکانی خۆیان کرد، بە هەمان هێزەوە، بە فەرمی دژی زمانی کوردی وەستانەوە و بە نیازی هەناسە لێبڕین و کوشتنی خستیانە ژێر چەوسانەوەیەکی قورسەوە.

- لە ئێرانی خاوەن کولتوور و ئاری، سەردەمانێک ئەوەی بە کوردی قسەی کردبا نێفۆکیان هەڵدەبڕی و ناموسیان دەشکاند.

- لە تورکیای شارستان و مۆدێرندا ئەوەی بە کوردی قسەی کردبا دەگیرا و زیندانی دەکرا، دواتر سزاکەیان سووک کرد بۆ پارە، لەسزای بەکارهێنانی هەر وشەیەکی کوردی لیرەیەکیان لە قسەکەری قوڕبەسەر دەستاند.

- لە سووریای شۆڕش و ئازادیشدا، هەر قسەکردن بە کوردی کوشتنی لەسەر بوو، لەوپەڕی بێهێزی و لەوپەڕی بەهێزییان بۆ ڕۆژێکیش نەیانتوانی دان بە بوونی کورددا بنێن.

## کولتوور و داگیرکردن:

زمان بەشێکی هەرە گرینگی کولتوورە، دەتوانین بڵێین دایکی بەشەکانی دیکەشیەتی، سەرەڕای سەرکوتکردنی زمانەکەی، کولتووری کوردی نەتوایەوە و توانی بەرگە بگرێ. کولتوورێک کە مێژووی بڕیبوو، لەزەمەنێکی دوورەوە هاتبوو، بە ڕەنگ و تامی کوردییەوە، کولتووری کوردی لەدوای زمانەکەی چالاکترین سەربازی بەرگری بووە لەکیانی کورد.

– من دوو بەرگریکاری سەر سەخت و گرینگ دەبینم، لەمەیدانی پاراستنی نەتەوەی کورددا، یەکەمیان: زمان و دووەمیان: کولتوور.

– کورد بەرگریکاری بەهێزی هەبووە، ئینسانی کورد سەرەڕای تاڵییەکانی کوردبوون و موسیبەتی کوردبوون وەک نووسەرێکی فارس ئاوا ناوی دەبات، ئینسانی کورد نەیتوانیوە دەستبەرداری کولتوور و زمان و خاک و ئاوی خۆی بێت، هەڵەی قورسی کردووە، خیانەتیشی کردووە، بەڵام لە زینداندا، لە حاڵەتی خیانەتی گەورەشدا، کوردبوونی خۆی بەنەفرەت نەکردووە، سەختیی ژیانی و قورسایی کوردبوونی تاڵی ڕۆژگاریان پێ چەشتووە، بەڵام نەیانخستووە و وازیان پێ لە شانازییەکانی نەهێناوە.

– ئەو ئەرکە چییە زمانی کوردی لەزمانەکانی دیکە جیا دەکاتەوە؟ ئەو خوێنە چییە لەناو دەنگ و پیتەکانیدایە؟ من وەڵام دەدەمەوە، تۆش دەبێ لەگەڵ من بیر بکەیەوە.

زمانی کوردی لە زمانێک زیاتر:

سەرەڕای هەموو پێناسەکان، ئەرکی زمان گەیاندن و ئاسانکردنی پەیوەندی و گفتوگۆیە لەنێوان ئینسانەکاندا، گواستنەوەی مانا و هەستی مرۆڤەکانە بۆ یەکتری، زمان کۆمەڵێک دەنگە، کۆمەڵێک ئاماژەی سەر لێو و زمانە کە دواتر نیشانە و سیمبولی بۆ دادەنرێ کە بنووسرێت و بمێنێتەوە، بەڵام دیسانەوە ئەرکەکەی هەر وەک خۆی مایەوە، گەیاندنی ویست و ئارەزوو و پێویستییە بۆ یەکتری.

پێکهاتەی هەموو زمانەکان، بەبێ ئەوەی هیچیان بەدەرکەین، وەک یەکە، ئەو زمانەی لە ناوەڕاستی ئەفریقایە، یان لە ئاسیا و ئەورووپایە، لەمسەری دنیا بۆ ئەوسەری، پێکهاتەیان یەک شتە، ئەویش ئەو دەنگەیە کە لە قوڕگ و زار و لێوی ئینسانەوە دروست دەبێ و دێتە دەرێ.

– زمانەکان هەر هەموویان کۆمەڵێک دەنگن، کۆمەڵێک ئاواز و دەربڕینی زمانین.

– ئەو دەنگانەی لە قوڕگی ئینسانەکانەوە دێنە دەرێ، هاوشێوەن، هاوئاوازن،

جیاوازی لە دەنگەکاندا تەنیا ئەوەندەیە کە سروشتی ناوچەکە دروستی دەکات، بیابان سەرەڕای دەنگە هاوبەشەکان چەند دەنگێکی قوڵتر یان باریکتر دروست دەکات، شاخ بە هەمان شێوە، دارستان و دوورگە و دەریاش بە هەمان شێوە، هەریەکەیان سەرەڕای دەنگە هاوبەش و جێگیرەکان کە لە هەموو زمانەکاندا دەردەکەون، هەندێ دەنگی تایبەتیشیان هەیە، کە لە شوێنە جیاوازەکاندا بە شێوەی جیاواز دەردەکەون.

ڕاستە کۆکردنەوەی دەنگەکان لە وشەیەکدا، لە هەر زمانە و مانایەک دەدات، بەڵام مەبەستی من ئەوەیە، دەنگی (ب) بۆ نموونە، زۆرترین دەنگەکانی دیکەش لە بەشی هەرە زۆری زمانەکاندا وەک دەنگ هەمان ئاواز و تایبەتمەندی هەیە، بەڵام بەشداریی لە دروستکردنی وشەدا، لە دروستکردنی مانادا جیاوازە.

- واتە فسیۆلۆجیی زمان یەک شتە، قوڕگی ئینگلیزێک و ڕووسێک و فارسێک و تورکێک و عەرەبێک و کوردێک، هەر هەمان دەنگی پێدا دێت، هەموویان میم و نوون و دال و سین و شین چەندان دەنگی دیکە بە قوڕگیاندا دێت، لە دروستبوونیاندا هاوبەشن، واتا هیچ نەجیبزادەییەک، هیچ جیاوازییەکی ڕەگەزی و باڵایی لە دروستکردنی دەنگەکاندا نییە، ئیدی ئەو لووتبەرزییەی زمانێک بەسەر زمانێکی دیکەوە دەیکات، چییە؟

ئەوەی لەو سەرەتایەوە ویستم بیسەلمێنم، ئەوەیە کە هەموو دەنگەکانی ناو زمانەکانی دنیا بە شێوەیەکی گشتی هاوشێوە و هاوبەشن، ئەو جیاکارییەی لەنێوان زمانەکان و دواتر نەتەوەکاندا کراوە تەنیا بیانوویەکە بۆ بە گرووپکردنی ئینسان جا چەوسانەوەی و داگیرکردنی و توانەوەی،یا بە میرات بردنی ئەوەی هەیەتی.

## کوردی لە زمانێك زیاتر:

- هەموو زمانەکانی دنیا ئەرکێکیان لەسەرە کە لەپێناویدا هاتوونە وجوود، ئەویش لەیەکتر گەیشتن و وتوێژ و گواستنەوەی ناخی ئینسانەکانە بۆ یەکتری، گۆڕینی پێویستی ناوەوەی ئینسانە بۆ دەنگ.

- ئەرکی زمانەکانی دنیا لە دوای گەشەکردنیان پاراستنی کولتوور و فەرهەنگە.

- زمانەکانی دنیا ئەرکی دیکەشیان هەیە، ڕۆژ بەڕۆژ لەگەڵ گەشەکردنی زمانەکان و کۆمەڵگەدا ئەرکەکانیشیان زیاتر و ئاڵۆزتر دەبێ.

## ئەركی زمانی كوردی

– بۆچی زمانی كوردی لە زمانێک زیاترە؟

– هەموو ئەو ئەركانەی بە زمانەكانی دیكە سپێردراوە، بە زمانی ئینگلیزی، عەرەبی، فەڕەنسی و توركی و فارسییش، بە زمانی كوردیش سپێردراوە، هەموو ئەو ئەركانەی زمانی هیندی یان ئەڵمانی لەسەریەتی لەسەر زمانی كوردیشە، واتا:

– زمانی كوردی توانیویەتی پێویستە ناوەكیەكانی ئینسانی كورد بگۆڕێت بۆ كۆمەڵێک دەنگ، ویستەكانی لەبەرانبەر بگەیەنێ.

– كولتوور و فەرهەنگی كورد بپارێزێ، گەشەی پێبدات.

– لە دوای گەشەكردنی توانای ئەوەی هەبێت دەنگەكان لەناو پیتدا جێ بكاتەوە و ببێتە كەرەسەی نووسین.

– لەناو ئاواز و مۆسیقادا بگونجێ و دەریایەک بەرهەم تۆمار بكات.

– ببێتە كۆگای هەڵگرتنی مێژوو.

سەرەڕای هەموو ئەوانە و دەیان ئەركی دیكە، زمانی كوردی ئەركێكی دیكەی لەسەر بووە كە لەسەر هیچ زمانێكی دیكە نەبووە، ئەویش بریتی بووە لە:

– پاراستنی كیانی نەتەوە.

– پاراستنی كیانی كورد.

كورد وەک جەستە، وەک شار و گوند، وەک بەڕێوەبردن و ئیدارە، وەک گرووپ و كۆمەڵگە هەمیشە لەژێر هەڕەشەدا بووە، هەمیشە لە حاڵەتی لەناوچووندا بووە، زۆر جارلە ناو چوشە، واتا زۆر جار هەموو بنەماكانی مانەوە، بنەماكانی بوون لە خاک، لە شار، لە كۆمەڵگە وێرانكراون، كاول كراون، تەنیا و تەنیا زمانەكەی ماوە، نیشانەی بوونی كورد زمانەكەی بووە.

– جلوبەرگی قەدەغە كراوە، هیچ پۆستێكی ئیداری و فەرمی نەدراوە بە كورد، سوپا و دادگا و ژیان بە دەستی كەسانی دیكەوە بووە، كورد تەنیا زمانی ماوە، تەنیا بەهۆی ئاخاوتنەوە بوونی خۆی وەک نەتەوە و وەک گەل سەلماندووە.

– ئەو ئەركەی زمانی كوردی چووەتە سەر شانی، پاراستنی كیانی گەل و نەتەوە بەوپەڕی سەركەوتنەوە جێبەجێی كردووە. بۆ مانەوەی كورد، بۆ مانەوەی خاک پێویستە ستاییشی زمان بكرێت.

## جیاوازییەکان

– زمانەکانی دیکە هەموویان بە باشترین شێوازەکانی سەردەم خزمەت کران.
– زمانی کوردی بە توندترین و مۆدێرترین شێوازەکانی سەردەم دژایەتی کرا.
– زمانەکانی دیکە ئەرکیان تەنیا پاراستنی کولتوور و فەرهەنگ و ئاخاوتن بووە.
– ئەرکی هەرە گرینگی زمانی کوردی پاراستنی خۆی و کیانی نەتەوە بووە سەرەڕای هەموو ئەرکەکانی دیکە.
– سەردەم هەبووە کورد یەک بستە خاکی کوردستانی بە دەستەوە نەبووە، هیچ یاسا و بڕیارێک نەبووە بۆ پاراستنی نەتەوە، چاپکردن و خوێندن و گۆرانی گوتنیش بە کوردی قەدەغە بووە، لەو ڕۆژە سەختانەدا زمانی کوردی وەک تاکە بەرگریکار و خۆبەختکەر بانگی مانەوە و بەردەوامیی خۆی داوە.
– نەک هەرئەوە ئەو زمانە گەشەی کردووە، شێوازی دەربڕین و وشە و ئالیەتی تازەی مانەوەی داهێنانەوە.
– زمانی. کوردی ئەو پاڵەوانە بووە، دوژمنی پێکاوە، بەڵام لەبەر ئەوەی نەبینراوە، تیری دوژمن نەیتوانیوە بیپێکێت.
– بۆیە زمانی کوردی ئەو نیشتیمانەیە کە کەس ناتوانێ داگیری بکات و هەمیشە لە زمانێکیش زیاترە.
– مەترسیی زمانی کوردی تەنیا کورد خۆیەتی، چونکە سروشتی زمانەکە وایە خۆی بۆ ئاخێوەرەکانی ڕووت دەکاتەوە و تەنیا ئەوان دەتوانن ئەتکی بکەن.
– تا ئەمڕۆش زمانەکە لەوپەڕی بەرزیدا ماوەتەوە.

## ژێرپێکەوتنی زمان:

سەرەڕای گۆڕانی شێوازەکانی ڕاگەیاندن، زمان وەک کەرەستەی بنەڕەتیی دەربڕین و گوزارشت لەخۆکردن، وەک خۆی مایەوە. واتا هیچ دەربڕینێک لەدەرەوەی زمان نییە، ئامراز و ئامێری ڕاگەیاندن هەر شتێک بن، بەبێ زمان ناتوانن هیچ بگەیەنن.
خاڵی هاوبەشی یەکەم، ڕۆژنامە و دوا کەناڵ، یان لاپەڕەی ئەلیکترۆنیی زمانە، ئەوەی لەو نێوانەدا پێشدەکەوێت، یان شکست دەهێنێ، هەر زمانە.

## ئەدەبیات و ڕاگەیاندن و زمان

– دەرکەوتنی نووسین، داهێنانی ڕۆژنامە، تەکانێکی گەورەیان بە زمانی کوردی دا، لەسەر (زمان) زارەوە گواستیانەوە بۆ سەر کاغەز، ئەوەش لە چەند ڕوویەکەوە گرنگ بوو:

**یەکەم**: تا ئەو مێژووە زمان تەنیا لە کتێبدا دەنووسرایەوە، ئەوەش هەم سنووردار بوو، هەم بۆ گرووپێکی بچووک بوو. ڕۆژنامە نووسینی کردە پێویستیی هەموان، ئەو هەواڵانەی دەم بەدەم دەگوازرانەوە و دواتر لەبیر دەچوونەوە، ڕۆژنامە تۆماری کردن و تەمەنی ئەوەندەی تەمەنی نووسین درێژ کردنەوە.

**دووەم**: ڕۆژنامە سەرنجی زیاتری ڕۆشنبیر و ئەدیبانی ڕاکێشایە سەر یاسا و ڕێسا زمانییەکان و شێوازی نووسین. ڕستەی شیکتر کرد و وشەکانی پێناسە کردن و خستنیە شوێنی خۆیان.

**تێبینی**: لە کۆتایی بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا، ڕۆژنامە لە باشووری کوردستان بە شێوەیەکی بەرجەستە دەرکەوت، مێجەر سۆن لە ساڵی ١٩١٨ز بە هاوکاریی شوکری فەزڵی، زانای گەورەی کورد، ٦٧ ژمارەی لە ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی) ی دەرکرد، لە ساڵی ١٩٢٠ جگە لەوەی ڕۆژنامەکەی کردە (پێشکەوتن) و گواستیەوە بۆ سلێمانی، ١١٨ ژمارەی لێ دەرچوو، چاپخانەیەکیشی دامەزراند، کە ڕۆحی پێشکەوتنی نووسین و زمانە. هەر لەو ساڵانەدا هەوڵەکان لە دوو بواردا یەک خران.

## زمانیش پێشکەوتنی گەورەی بە خۆیەوە دیت:

١– چەند شارەزایەک بەگەرمی هەوڵی ئەوەیان دا بەرنامە و پرۆگرامێکی گونجاو بۆ فێرکردنی نووسینی کوردی دانێن، کتێبیان بۆ قوتابخانەکان نووسی، ڕێسای تایبەتیان دانا.

٢– گەورە زانای کورد تۆفیق وەهبی و چەند زانایەکی دیکە، لە بواری چۆنیەتیی ڕێنووس و دانانی سیمبولی دەنگەکان و دەربڕینیان، داهێنانی گەورەیان تۆمار کردووە، ئەوە سەرەڕای ئەوەی کاری زۆریان لە دروستکردنی وشە و ڕیشەناسیی وشەدا کردووە. بەوە بناغەی پێشکەوتنی زمانی کوردییان دانا. بۆ ماوەی سەد ساڵی تەواو پێشکەوتنی زمانی کورد بەهۆی نووسین و ڕۆژنامەوە لە نەشونومادا بوو، بە هەزاران کتێب نووسران و گۆڤار و ڕۆژنامەگەلی زۆر دەرچوون، شەڕی گەورەی

هەموویان لەسەر پەرەپێدانی زمان و زمانی نووسین بوو. ڕێکەوتیش نییە، کە تاکە ڕادیۆی کوردی، کە لە یافا دادەنرێ، لە جەنگی دووەمی جیهاندا، مامۆستا گۆران بۆ سەرپەرشتی و کارکردن تێیدا بانگهێشت دەکرێ. ئەوەش. دەمانگێڕێتەوە سەرەتای دەستپێکردنی بیرۆکەی ئەم وتارە، کاریگەریی ئەدەبیات و نووسینە بەشێوەیەکی گشتی لەسەر ڕۆژنامەگەری و گەشەی زمان.

**ڕۆژنامەگەریی کورد و پێستی نووسەران:**

لە سەرەتای دەرکەوتنی ڕۆژنامەوە، نووسەر و ئەدیبان بە ئەرکی خۆیان زانی و خۆبەخشانە دەستیان دایە کارەکە، لە پێست و ماندووبوونی خۆیان بە هەزاران کاتژمێر سەریان بەسەر لاپەڕە و وشەکاندا شۆڕ کردەوە. ئەوان لەوە دڵنیان بوون، سەرەڕای گەیاندنی هەواڵ و بابەتەکانی دیکەی ڕۆژنامە، سێ بابەتی گرنگ هەن، لەو ڕێگایەوە خزمەتی بکەن:

**یەکەمیان:** زمان.

**دووەمیان:** دیسانەوە زمان.

**سێیەمیان:** هەر زمان،

ئەوانیش گونجاوترین ئەزموون و کەسایەتییان هەبووە بۆ ئەو بوارە. ئەوە، تا ئەو کاتە بەردەوام بوو، کە ڕۆژنامەگەری لە ڕووی ئابوورییەوە تەنیا ماندووبوون و مەمرە و مەژی بوو.

**بەکورتی:**

- تا ئەو کاتەی ڕۆژنامەگەریی بەشێک بوو لە بەرگری لە نەتەوە.
- بەشێک بوو لە ڕۆشنبیریی و زانیاریی و داهێنان.
- تا ئەو کاتەی ڕۆژنامەگەریی بەشێک بوو لە خزمەتکردنی زمان.
- ئامانجی سەرەکیی گەیاندنی زانیاری و کەمترین دەستکەوتی ماددی بوو.

لەو کاتەوەی پەیامی میدیای زەبەلاح گۆڕاوە:

- بووەتە پرۆژەی بازرگانی و بازاڕی ڕەش.
- بووەتە خۆ نمایشکردن و خۆبادان.
- مەبەست لێی تەنیا دەستکەوتی ماددییە.

هەر لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە، هیچ دەزگایەکی میدیای زەبەلاح ئامادە نەبوو بۆ گەیاندنی پەیامەکەی پشت بە نووسەر و ئەدیبان ببەستێ. بەو بیانووەی ئەوان ئەتەکێت و دیکۆری ئەو جۆرە میدیایەیان نییە.

مەبەستی سەرەکیی میدیا، ئێستا دیکۆری ڕووخسار و خۆبادانی بەتاڵە. هەر لەبەر ئەوەیە، کە خەڵکانێک بوونە پاڵەوانی شاشەکان، کە هیچ پەیوەندییان بە کتێب و خوێندنەوە نەبوو. هیچ قووڵییەکی مەعریفییان نییە، ئاگاداری پاشخانی ڕۆشنبیریی نەتەوەکەیان نین. لە ڕووی زمانەوە تەنیا ئەو چەند وشە ناتەواوە دەزانن، کە لە کۆلانەکەیان بە هەڵە فێری بوون.

– هەر لەبەر ئەوەشە، بە سەدان وشەی سەقەت و دەربڕینی هەڵە بە لێشاو هاتنە ناو زمانی کوردییەوە. سەدان وشەی وەکوو (گوێبیست) و (هەستان بە کۆبوونەوە) و (ئەنجامدانی خوێندن) و (ئەسپی مێ) و (پار ساڵ) و دوێنێ کۆبوویەوە) و سەدان دەربڕینی سەقەتی تر هاتنە ناو زمانی کوردییەوە و بە ڕادەیەک هەتا ماسییشان بە ئاژەڵ ناو برد.

– کارەکە لێرە ناوەستێ و نەوەیەکی لەوان بێئاگاتر، ئەوە بە زمانی تەواو و بێ هەڵە دەزانێ و وەک تووتی لاسایی ڕاگەیاندنە زەبەلاحەکان دەکاتەوە.

– ئەو دابڕانەی لەنێوان نووسەران و ئەدیبان و خوێندەواران لە لایەک و میدیای زەبەلاح لە لایەکی دیکە دروست بووە، چاوەڕێی لێ دەکرێ کارەساتێکی قورستر بەسەر زماندا بێنێ، ئەو کاتە زمانەکە بە جۆرێک دەشێوێ، کە هێنانەوەی بۆ سەر ڕێڕەوی خۆی، دەبێتە ئەستەم.

## میدیای زەبەلاح چی دەوێت؟

– ڕووخسار و هەیکەلی سەرنجڕاکێش، یان لووس.
– دبلۆماسییەت و زمانلووس بە تامی فێڵ و هەڵخەڵەتاندن.
– برادەرایەتی و پەیوەندیی بازرگانی.
– ملکەچکردن و چۆکدادان.
– ناشارەزایی و نەبوونی هیچ ئەزموونێک، بە بڕوانامەی بێ بەها پەردەپۆش کراوە.
– ماشینەوەی پارە.

تا ئەو کاتەی ڕۆژنامە و کاری ڕاگەیاندن فیداکارییە، خۆبەختکەرانی نووسین لەپێشەوەن، کە دەبێتە بازرگانی و ڕێککەوتن و پەیوەندیی دبلۆماسی، ئەوان فڕێ دەدرێن و بووکەڵە مۆدێرنەکان جێگایان دەگرنەوە.

تێبینی: کۆمەڵێک زمانزان و ئەدەبناس توانیویانە خۆیان بەسەر کۆسپەکاندا زاڵ بن و بە هەمان گەرموگوڕیی سەردەمی ڕۆژنامەوە جێی خۆیان لەناو میدیای زەبەلاحیشدا بکەنەوە، ئەوانە شایانی ڕێزن.

**کورد و ئەلفوبێی عەرەبی:**

- فتووحاتی ئیسلامی تەنیا ئایینێکی تازەی نەهێنا، بەڵکوو ئەلفوبێیەکی تازەشی لەگەڵ خۆی هێنا.

- هەموو ئەو شتانەی لەگەڵ ئیسلام هاتن پیرۆز بوون، لەپێش هەموویانەوە ئەلفوبێیەکەیان.

- کوردیی ناوەندە، ئەوەندەی لە دەستنووسەکان و یادەوەریی مێژووی ئێمەدا مابێتەوە، کوردیی ناوەند بە پیتی ئارامی، یان وەک ناسراوە بە پیتی عەرەبی دەنووسێ.

- یەکەم هۆکار لەپشت بەکارهێنانی ئەو ئەلفابێیە ئایینە و دووەم هۆ نەبوونی هیچ ئەلتێرناتیڤێکە لە بەرامبەری.

- مێژووی کورد پێش ئیسلام نەک تەمومژاوییە، بەڵکوو هەر دیار نییە، من بۆ خۆم باوەڕم بەوانەش نییە، کە زانایان دەیڵێن، لەگەڵ ئەوپەڕی حورمەتم بۆ ئەو زانا کورد و ناکوردانەی لەو بوارەدا خۆیان ماندوو کردووە، لەپێش هەموویان مامۆستا و زانای فەرامۆشکراو دکتۆر جەمال ڕەشید.

- ئیسلام ئایینێکی گشتگیرە، مەبەستم ئایینی هەموو بوارەکانە، بۆ هەموو بوارەکان یاسا و ڕێنمایی خۆی هەیە. خۆی بە خاوەنی هەموو کایەکان دەزانێ، بۆیە چووەتە هەر وڵاتێک، بەوپەڕی قەناعەتەوە هەموو شتێکی پێش خۆی سڕیوەتەوە.

- نهێنیی کورد بە هیچ زانست و پێشکەوتنێک نادۆزرێتەوە. ئەو گەلە چی بووە؟ چ ئایینێکی هەبووە؟ دەوڵەتی هەبووە؟ کامانەن؟ زانیاریی بەربڵاو لەو بوارە باس کراوە، بەڵام لەبەر نەمانی بەڵگە، کاریگەرییان لەسەر ئەمڕۆ نییە.

- هەموو بازنەکانی ئەمڕۆ بە دوێنێی کوردەوە دەبەستنەوە پچڕاون، یان داگیرکەران پچڕاندوویانن و لەناویان بردوون، یان کورد خۆی لە دڵسۆزییانەوە بۆ

تازە هاتووەکان. ئەوەی ئەوانیش بۆیان لەناو نەچوو، بۆ خۆیان لەناویان بردوون.

– هەموو ئەوانەش یەک مەبەستیان پێکاوە: پچڕانی کورد لە ڕابردووی خۆی بەتەواوی.

– منیش بۆ یەک ئەنجام ئەو بابەتەم دەوێت، ئەویش ئەوەیە، کە کورد لە مێژووی خۆی پچڕابێ، دەیان ئەڵقەی مێژوویی ون بووبێت، سەرچاوەی بوون و دەرکەوتن و دەوڵەتی بووبێتە ڕمڵ لێدان و خەملاندن، بێ گومان ئاساوارێک لە پیت و جۆری نووسین و زمانی نەماوە.

## ئەلفوبێی عەرەبی یان ئارامی

– دەرکەوتنی ئەلفوبێی عەرەبی ڕای جیاوازی لەسەرە، هەم لە سەردەمی دەرکەوتنی و هەم لەو سەرچاوانەی لێی وەرگیراوە.

– ئەوەی زیاتر ڕای زانایانی لەسەرە، تێکەڵاوییەکی زۆر لەنێوان پیتی ئارامی و پیتی عەرەبیدا هەیە. زۆریان باوەڕیان وایە، کە سەرچاوەی پیتی عەرەبی، پیتی ئارامییە.

## ئیسلام و ئەلفوبێی عەرەبی:

– دەرکەوتنی ئایینی ئیسلام ئەلفوبێی عەرەبی بردە پلەیەکی زۆر بەرز و بە ڕادەیەک بەشی زۆری ئەلفوبێ و پیت و شێوازە نووسینەکانی سەردەمی خۆی داپۆشی.

– ئەوەی ئەلفوبێی عەرەبیی برەو پێ دا:

**یەکەم:** بووە پیتی پەسندی دەسەڵات، هاوشانی زمانی عەرەبی. هیچ شێوە نووسین و پیت و زمانێک نەیتوانیوە بەبێ پشتگیریی دەسەڵاتێکی بەهێز بژی. فتووحات تەنیا سەردەمی داگیرکاری نەبوو، بەڵکوو سەردەمی گواستنەوە و چاندنی زمان و ئەلفوبێی عەرەبی بوو، بەتەواوی دنیادا.

**دووەم:** پیرۆزی، لەپشت هەموو وشەیەکی عەرەبییەوە، پیرۆزییەکی گەورە هەیە، ئەو پیرۆزییە تەنیا بۆ مانا و واتای وشەکان و ئایەتەکان نەبوو، بەڵکوو بۆ پیت بە پیت و خاڵ بە خاڵی زمانی عەرەبی بوو.

- چەندان دەستنووس هەن ئەوە پیشان دەدەن، کە ئەلفوبێی عەرەبی سەرەتا هیچ خاڵ و سەر و بۆرێکی نەبووە، خوێندنەوەی نووسینی عەرەبی جۆرێک بووە لە سەلیقە و ڕاهاتن.

- دەستکاریکردن و دانانی سەروبۆر و خاڵ بۆ پیتەکان ئاسان نەبووە، هەم شارەزایی و توانای داهێنانی دەوێت، هەم بوێری، زیادکردن یان کەمکردن و گۆڕینی پیتێک، کارێکی ئاسان نەبووە، چونکە ئەوە دەسکاریی کتێبی پیرۆزە.

- فتووحات، ئەلفوبێی عەرەبیی بڵاو کردەوە، بە ڕادەیەک ئێستا زیاتر لە پەنجا زمان بە پیتی عەرەبی دەنووسن، کە سەرچاوەکەی لە پیتی ئارامییەوە هاتووە.

- لەوانە: زمانی بەلووچی، زمانی هاوسی، زمانی کشمیری، زمانی سندی و جاوی، زمانی ئۆردو و تاجیکی، زمانی تۆکسی و فارسی، زمانی ئەزری و بینجابی و تورکیی عوسمانیش و چەندان زمانی دیکە.

- قسەکەرانی ئەو زمانانە زۆر زۆرن، جاوی سەد ملیۆن و بەنجابی شەست ملیۆن کەس قسەی پێدەکەن، هەمووشیان بە ئەلفوبێی عەرەبی دەنووسن. تەنیا زمانێکی کەم ناسراوی وەکوو (هاوسی)، کە زمانی نەتەوەیی نێجیرییەکانە، پەنجا ملیۆن کەس وەک زمانی یەکەم قسەی پێدەکەن و سی ملیۆن کەس وەک زمانی دووەم. هەمووشیان لە کاتی نووسیندا بۆ زمانەکەیان ئەلفوبێی عەرەبیی ئارامی بەکار دەهێنن.

- کەواتە جگە لە کورد زۆر خەڵکی دیکە، کە زمانی خۆیان عەرەبی نییە و زمانی تایبەت بە خۆیان هەیە، لە کاتی نووسیندا ئەلفوبێی عەرەبیی ئارامی بەکار دەهێنن و ئەو پیتانە ناوی دیکەشی هەیە.

**ئەنجام:**

بەشی هەرە زۆری ئەو نەتەوانەی، کە زمانی تایبەت بە خۆیان هەیە و پیتی عەرەبی بەکار دەهێنن، دەستکاریی پیتەکانیان نەکردووە، بەڵکوو دەنگی زمانەکەی خۆیان لەگەڵ پیتەکان گونجاندووە.

- بەشی هەرە زۆریان کێشەی قورسیان هەیە، چەندان دەنگیان هەیە، کە ئەو پیتانە ناتوانن دەریانبڕن، ئەوەش وای کردووە، کە لە کاتی خوێندنەوەدا پشت بە وێنەی دەنگەکان نەبەسترێ، بەڵکوو پشت بە یادەوەری و زەین ببەسترێ.

– بەپێچەوانەوە، کورد دەنگە تایبەتییەکانی زمانەکەی خۆی لەگەڵ هێمای پیتەکان نەگونجاندووە، بەڵکوو هەمیشە هەستی کردووە لە شوێنێکدا دەبێ دەستکاریی ئەو پیتانە بکات.

– هەوڵی زۆر هەبووە بۆ دروستکردنی هێمای تازە، یان دەستکاریکردنی وێنەی پیتە عەرەبییەکان. تا دواجار تۆفیق وەهبی، مامۆستای بلیمەتی زمان و دەنگسازی، لە هەوڵەکانیدا سەرکەوت، وێنەی تایبەتی بۆ بەشی هەرە زۆری دەنگە کوردییە تایبەتەکان دانا. لەو کارەی تۆفیق وەهبی بۆ زمانی کوردی کردی، تا ئێستا بۆ هیچ کام لەو زمانانە نەکراوە، کە بە پیتی عەرەبی دەنووسن.

# واتا دەروازەیەك
# بۆ فراوانكردنی فەرهەنگ

سەربەست قادر

کاتێک مرۆڤ تێکەڵ بەزمان و فەرهەنگ دەبێت، سەری لە زۆر شت سوڕدەمێنێت. لا بەلای هەرکامیاندا بکاتەوە، لە بەرامبەر جیهانێکی فراوان و دنیایەکی پڕ نهێنیدا خۆی دەبینێتەوە.خۆشترین ساتەکانی ئەو دەمانەن بە وردەکاری و دەلاقەی نوێ ئاشنا دەبێت.

ئەمە وادەکات لێکۆڵینەوە لەزمان پێچەوانەی زۆر لەبابەتەکانی تر دڵخۆشی بەمرۆڤ ببەخشێت، نەک بێزاری و وەڕسیی وەک زۆر کەس وابیردەکەنەوە.

لەم کورتە شیکردنەوەیەدا دەچمە ناو جیهانی فراوانی واتا و ڕۆڵ و کاریگەری لەسەر گەشەی فەرهەنگ.

دیارە زمان بەهەموو ئاستەکانیەوە لەخزمەت واتادایە، واتا ناوەڕۆکی زمانە.

بەرامبەر بە واتا فەرهەنگ، چ فەرهەنگی نووسراو، چ فەرهەنگی ئاوەزیی مرۆڤ پارچەیەکە لەو جیهانە فراوانەی واتا.

نەکردنەوەی دەلاقەکانی واتا لە زماندا و نەگەڕان بەناو وردەکارییەکانیدا بە واتای نائاگایی لە زمان دێت، چونکە دەستەواژە، ڕستە و وێنەکانی زمان پێش ئەوەی ڕێکخستنێکی وێنەیی نووسراویان هەبێت، ڕێکخستنێکی وێنەیی ئاوەزییان هەیە.

مرۆڤ پێش ئەوەی بدوێت وێنەکان دادەڕێژێت، واتە وێنە زەینییەکان (واتا)، لە پێش قسەکردن و نووسینیشەوەیە.

هەروەکو چۆن پرۆسەی ڕێکخستنی دەنگەکان وشە و وشەکان گرێ و گرێکان ڕستەمان دەدەنێ، ئاوایش وێنە زەینییەکان پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی پێکەوە گونجاون، بۆ دروستکردنی گونجاوترین وێنە لە هزری قسەکەر و گواستنەوەی بۆ هزری بەرامبەر.

جگە لەو ئەرکە پڕبەهایەی فەرهەنگ، کە پاراستنی دانەکانی زمان و وردەکارییەکانیەتی.

ئەوەی لەزمانی کوردیدا تێبینی دەکرێت، ئەم زمانە لەزۆربەی ئاست و بوارەکانیدا زیاتر لەهەرشتێک پەیوەستە بە واتاوە و کاریگەری واتا بە ئاشکرا زۆربەی لایەنەکانی تەنیوەتەوە.

لەزانستی واتادا دوو لق جوانییەکان زیاتر و باشتر دەخەنە بەرچاو، ئەوانیش: (هاوبێژی و فرەواتا)ن.

بەلای منەوە گرنگە زیاتر قسە لەسەر هاوبێژیی بکەم و ئەو ڕاستییە بخەمەڕوو، کە زۆرێک لە لێکۆڵەرانی ئەم بوارە و مامۆستایانی خۆشەویست زۆرجار لە لێکدانەوە و

شیکردنەوەی ڕستەکانی زماندا ناگەن بە ڕاستی وشە و دانە فەرهەنگییەکان، بەتایبەت لە ڕۆڵبینینی (کردار)دا.ئەمەیش لە جوانییەکان و ئاستی زانستی واتا کەمدەکاتەوە. لەهەمان کاتدا شارێی فەرهەنگیش بەرتەسک دەکاتەوە.

زمان لە سەرەتای دروستبوون و بە ئامرازبوونی بۆ تێگەیشتنی نێوان مرۆڤەکان تاوەکو ئەمڕۆ دەیان قۆناغی جیاوازی بڕیوە، چەندین تایبەتمەندی بۆ زیادکراوە و لێداماڵراوە. بەو پێیەی زمان لەگەڵ زیندوێتی مرۆڤدا زیندووە، ناکرێ لە ژیار و ژیانی خەڵک ببڕێت، لەگەڵ پێشکەوتن، گەشەکردن و هەڵکشانی تاک و کۆمەڵگەدا گەشەدەکات و نوێ دەبێتەوە، لێرەدا مەبەستمان لە گەشەکردن تەنها ئەوە نییە زمان لقوپۆپ، وشە و دەستەواژەی زۆر و هەمەلایەن دەبێ، بەڵکو مەبەست ئەوەیە؛ زمان ڕێڕەوی نوێ دەدۆزێتەوە بۆ پاراستنی هاوسەنگی خۆی لەگەڵ سەردەمەکەدا، دەچێتە بواری جۆراوجۆر و نوێوە، هەموو وێنە و واتا نوێیەکان لەخۆی دەگرێت، جێگا بۆ هەموو بیرەکان دەکاتەوە.

هەندێکجاریش زمان خۆی دادەماڵێت، نوێبوونەوەی لە ڕووتبوونەوەیدایە، وەکو زۆرێک لە خشۆکەکان بەپێی تەمەن و پێویستبوونی خۆنوێکردنەوە بەرگێک لەخۆی دەکاتەوە، وشە مردوو، ناچالاک و سواوەکانی فڕێدەدات، لێرەدا مەرج نییە وشەی نوێ دروست بکات، یان بۆ ئەو ئامێر و ئامرازە نوێیانەی بەردەوام و بەشێوەیەکی خێرا دروست دەکرێن و بڵاودەبنەوە وشەی نوێ دروست بکات، بەڵکو پشت بە وشە چالاکە بنچینەییەکانی زمانەکە دەبەستێت بۆ هەڵهێنجان و داتاشینی واتای نوێ.

لەم ڕووەیشەوە ئاخێوەری سەلیقەداری ڕەسەن بە جۆرێک واتا و وێنە نوێیەکان لە وشەکان باردەکات، بە درێژایی دەیان و سەدان ساڵ جگە لەوانەی سەروکاریان لەگەڵ لێکۆڵینەوە لە زماندایە، کەسی تر هەست بەو وردەکارییانە ناکات.

وەکو لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد زمانی کوردی زمانێکی واتاییە، بەو مانایەی واتا باڵی بەسەر کون و کەلەبەرەکانی زمانەکەدا کێشاوە و بەشێکی زۆر لە وشەکانی ئەم زمانە بەسەلیقەیەکی زۆرەوە هەڵهێنجراون و زیاتر لەواتایەک دەبەخشن.

بەم پێیەیش ئەم واتا بەخشینە دەچێتە خزمەت فراوانکردنی فەرهەنگی زمانەکەوە، چونکە نەهێڵراوە وێنە ئاوەزییە نوێیەکان بە بێ وێنەی نووسراو بمێننەوە، هەرچەندە وێنەی نووسراوی نوێیان بۆ دانەتاشیون، بەڵام بە جۆرێک لە وێنە نووسراوە ڕەسەنەکان باریان کردوون، تەنها مرۆڤی زانا بەو بوارە هەستیان پێدەکات.

ئەم کرداری کورتکردنەوەی وێنەی نووسراو و فراوانکردنی واتایە، هۆکارێکیشە بۆ دروستبوونی سەدان واتای لێڵ (ئیدیەم)، کە بەشێکی ترە لە دەوڵەمەندی و جوانییەکانی زمانەکە و زمانی کوردی کردووەتە یەکێک لەپێشەنگەکانی ئەو زمانانەی ئەم بوارەیان تێدا چالاکە.ئەوانەی هەندێک لە زمانی کوردی شارەزابن ئەو ڕاستییەیان لا سەلمێنراوە، کە ناڕوونی و لێڵی واتایی چ فراوانییەکی بەزمانی کوردی بەخشیوە.

ئەمەیش نەبووەتە نەنگی و پەڵەیەک بەسەر زمانەکەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەرفەت و بوارێکی کراوە و فراوانی بەزمانەکە بەخشیوە تا لەڕێیەوە بەردەوام بێت لە گەشەکردن و خۆژیاندن.

جگە لە ڕەخساندنی هەلی دەیان لێکۆڵینەوەی زانستی سەبارەت بە زمانەکە.

گەر لەڕوانگەی ئابوورییەوە لەم دیاردەیە بڕوانین، ئاخێوەری کورد ئەوپەڕی ئابوورییانە بیری کردووەتەوە سەبارەت بەزمانەکەی خۆی، چونکە نەگەڕاوە بەشوێن داتاشین و کەڵەکەکردنی هەزاران وشەدا، بەڵکو لەهەمان وشە و بەهەمان ڕێنووس(ڕووخسار) واتای جیاجیای هەڵهێنجاوە و بارکردووە

ئەمەیش وای کردووە زمانی کوردی بەتایبەت لە بازنەی (کردار)دا خاوەن ژمارەیەکی کەمی کرداری بنجی بێت، بەڵام دەبینین گونجاوییەکی وا بەکردارەکان دراوە هەم لەڕووی واتا و هەمیش لەڕووی هێزەوە توانراوە هەموو بۆشاییەکانی زمانەکەی پێپڕبکرێتەوە بێئەوەی ببێتە پەڵەیەک بەسەر زمانەکەوە.

سەردەمی نوێ سەردەمی ئابووریکردنە، زۆرینەی بوارەکانی ژیان ئابوورییانە ڕێڕەویان گرتووەتەبەر، لە هەر ڕوویەکەوە لە ژیان و سەرجەم بوارە جیاوازەکانی پەیوەست پێوەی بڕوانیت، بەرەو کورتبوونەوە، پوختبوونەوە و چڕبوونەوە دەچن.

بێگومان زمان لە سەرووی هەموو کایەکانەوە پێویستی بە چڕکردنەوە و پوختکردنەوەیە، چونکە زمان تا فراوانتر بێت لە ڕووی وشە، دەستەواژە، یاسا و ڕێساکانەوە بەپێی بیری نوێ جەنجاڵییەکی زیاتر دروست دەکات، چونکە هۆکارێکە بۆ ئاڵۆزی و شەکەتکردنی ئەوانەی دەیانەوێ فێربن، یان برەو بە تواناکانیان بدەن لە زمانەکەدا.

بەهۆی زۆربوونی جەنجاڵی و پێشکەوتنی بوارە جیاجیاکانی تەکنەلۆجیا و ئەلکترۆنیاتەوە، مرۆڤی نوێ بەرەو داهێزران و هیلاکییەکی لە ڕادەبەدەر هەنگاو دەنێت، خۆ ئەگەر بێتوو زمانیش بە هەمان هەناسەی کۆنەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت

و بە هەمان چاوەوە تێی بڕوانرێت، جێی گومان نییە، کە نەک تاکی خاوەن زمانەکانی تر، تەنانەت تاکی خاوەن زمانەکە خۆیشی لێی وەڕس دەبێت.کەواتە زمان تا سادە ببێتەوە لە ئاڵۆزی دورتر دەکەوێتەوە.ڕێبازە نوێیەکانی زمان و زمانەوانی پێیان وانییە هەر زمانێک خاوەن وشەی زۆرتر بێت، ئیتر پێشکەوتووترینە، بەڵکو پێیان وایە هەر زمانێک چالاکتر بێت لە خۆگونجاندنی لەگەڵ سەردەم و دەوروبەردا ئەوە لەپێشترینە.

وردبوونەوە لەم لایەنەی زمانی کوردی بڕوای ئەوە بە مرۆڤ دەبەخشێت ئەم زمانە لە ئاستی خۆداماڵین و پوختبوونەوەدا بە ئاستێکی زۆر باش گەیشتووە و ئاخێوەری ڕەسەنی کورد زۆر دەمێکە ئابوورییانە بیری کردووەتەوە سەبارەت بە زمانەکەی.

پێش ئەو ڕەوتە خێرایەی پێشکەوتن کەوتووە و نەیهێشتووە زمانەکەی لە کاروانی ئابووریکردن دوابکەوێت و بەکەمترین وشە زۆرترین وێنەی لە هرزدا چەسپاندووە.

ئێمە لێرەدا تێکەڵ بە ئاستی وشەسازی دەبین و بەدواداچوون بۆ هەندێک لەو وشانە دەکەین، کە ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە لە فراوانکردنی فەرهەنگی زمانەکەدا، بەتایبەت ئەو وشانەی زیاتر لەواتایەکیان هەیە.

وەکو باسمان کرد لەزمانی کوردیدا ژمارەی شێوەی کردارە بنجییەکان کەمن، بەڵام واتای کردارە بنجی و دروستکراوەکان زۆرن.بەواتای ئەوەی هەریەکە لەو دەرکەوتنانەی کردار دانەیەکی سەربەخۆن.

بە بەڵگەی هەبوونی واتایەکی سەربەخۆوە، کەواتە هەموو دەرکەوتنە جیاوازە واتا جیاوازەکانیش سەربەخۆییەک بەکردارەکان یان وشەکان دەبەخشن.

ئەمە پێمان دەڵێت: مادام واتا (وێنە) لەهەریەک لەو کردارانەدا جیاوازە و پەیوەندی بە واتای کردارەکانی ترەوە نییە، کەواتە هەریەکە لە واتاکان هێزی کردارێکی نوێ دەبەخشن و دەرکەوتنە چەندجارەکانی هەمان شێوەکردار ئاماژەیە بۆ دەرکەوتنی چەند کرداری جیاواز.

بۆ نمونە هەریەکە لەواتاکانی کرداری (گیرا)ن ئاماژەیە بۆ کردارێکی جیاواز.

واتە گەیاندنی هەر واتایەک بەڵگەیە لەسەر کردارێکی سەربەخۆ لەهەمان قاوغ و کەوڵدا.

بڕوانە ئەم واتا جیاوازانە:

- خۆر گیرا.
- ئاوەڕۆکە گیرا.
- دزەکە گیرا.
- ڕێگاکە گیرا.
- منداڵەکە گیرا....تد

بەپێی ئەو یاسا و لێکدانەوەی سەرەوە مادام لەم ڕستانەدا چوار واتای جیاوازمان بەرجەستە کردووە، کەواتە لەهەمان شێوەی(گیرا)ندا چوار کرداری جیاوازمان هەیە، کە دەبێت بەپێی بەکارهێنان و دەرکەوتنی هەریەکەیان مامەڵەی جیاوازبکەین لە شیکردنەوەدا.

لە ڕستەی یەکەمدا واتا لە دەوری دیاردەیەکی گەردوونی دەخۆلێتەوە، ئەویش ونبوونیی کاتی خۆرە بە هۆی سەریەکهێڵکەوتنی خۆر و مانگ و زەوی، لە ڕستەی دووەمدا واتا لە دەوری گیرانی ئاوەڕۆ بە هۆی پیس و خاشاکەوە دەخولێتەوە، لە ڕستەی سێیەمدا مەبەست لە گیرانی دزەکە، دەستگیرکردن و قۆڵبەستکردنیەتی، لە ڕستەی چوارەمدا ڕێگاکە بە هۆی کارەساتێکی سروشتی، یان ڕووداوێک هاتوچۆ، یانیش زە هۆی خۆپیشاندان و.....تد گیراوە، لە ڕستەی پێنجەمدا مەبەست لە گیران، خنکان یان گیرانی قورگی مرۆڤە لەکاتی خواردندا.

نمونەیەکی تر کرداری(هەڵهات)ن، چەندین واتا و دەرکەوتنی جیاوازی هەیە، مادام هەریەکە لەو واتایانە جیاواز و دوورن لەوانی تر، کەواتە پێویستە هەریەکەیان بە کردارێکی جیاواز بژمێردرێن، وەک لەم دەرکەوتنانەدا دەکەونە بەرچاو:

- دزەکە هەڵهات.
- خۆرهەڵهات.
- هەویرەکە هەڵهات.
- چەکدارەکان هەڵهاتن....تد.

وەک دەبینین هەریەکە لە دەرکەوتنەکانی(هەڵهات)ن خاوەن واتایەکی جیاواز و سەربەخۆن و پەیوەندییان بە واتای دەرکەوتنەکانی ترەوە نییە، بۆیە دەبێ

هەریەکە لەو دەرکەوتنانە بەکردارێکی سەربەخۆ بژمێرین بەپێی جیاوازی واتا و ئەو مەبەستە(وێنە)یەی دەیگەیەنن.

لە ڕستەی یەکەمدا هەڵهاتن بە واتای ڕاکردن و دەرچوونی دزەکە دێت، لە ڕستەی دووەمدا بە واتای دەرکەوتنی خۆر لە ئاسۆوە، لە ڕستەی سێیەمدا بەواتای هەڵئاوسانی هەویر دێت بە شێوەیەکی ئاسۆیی و ستوونی، لە چوارەم ڕستەدا بە واتای بەزین و دۆڕاندنی چەکدارەکان هاتووە.

ژمارەیەکی زۆر لەم کردارانە لەزمانی کوردیدا بەرچاو دەکەون، کە بەشێکی زۆر لە لێکۆڵەرانی ئەم بوارەیان بەهەڵەدا بردووە لەوەی، کە لەکاتی لێکۆڵینەوەیاندا هەموو واتا و دەرکەوتنە جیاوازەکانی ئەم کردارانە بەهەمان کردار لەقەڵەم دەدەن.

ئەمەیش زمانەکە لەو جوانییە ئابوورییەی، کە دەوڵەمەندی کردووە دادەماڵێت.

هەندێک لەم کردارانە لەدەرکەوتنیاندا هێز و ئاڕاستەیشیان دەگۆڕێت ئەمەیش بەڵگەیەکی ترە، کە شیکردنەوەکە بەهێزتر و سەلماندنی ئەوەی هەریەکە لەم واتایانە کردارێکی سەربەخۆن بێگومانتردەکات.

بۆ نمونە کرداری(هەڵدا)ن، ئەم کردارە بەپێی هەندێک شیکردنەوە لە دەرکەوتنە جیاوازەکانیدا هێزەکەیشی دەگۆڕێت.

هەرچەندە لەو باوەڕەدام هێزی ئەم کردارە و زۆرێکی تری هاوشێوەی ناگۆڕێن بەڵکو بەهۆی ناپێویستییەوە کەرەستەیەک لە کەرەستەکانی ڕستەکە دەرناکەون، ئەمەیش وا لە لێکۆڵەر دەکات گومانی گۆڕانی هێزی لادروست ببێت.

بەم شێوەیە:

- کچەکە هەڵیدا.
- من چراکەم هەڵدا.
- من خۆم هەڵدا.

هەریەکە لەم دەرکەوتنانە واتایەکی جیاوازیان هەیە، کەواتە هەریەکەیان کردارێکی جیاوازن.

بۆ نمونە لەڕستەی یەکەمدا بەمانای باڵاکردن و گەورەبوون دێت، لەدووەمدا بەمانای زیادکردن و بەرزکردنەوەی پلیتە یان ئاگری چراکە دێت، بەڵام لەڕستەی سێیەمدا نەک هەر واتا، بەڵکو ئاڕاستەکەیش پێچەوانە دەبێتەوە و لەجیاتی ئاڕاستە

بەرەوسەرەوە بێت وەک دوو ڕستەکەی پێشوو، ئاڕاستە بەشێوەی ئاسۆیی (ڕێک)، یان بەرەوخوارەوەیە.

ئەوەی تێبینی دەکرێت لە ڕستەی یەکەمدا (بەرکار) دەرنەکەوتووە، بەڵام هەست بە بوونی دەکرێت، کە دەکرێ جێناوێکی خۆیی بێت و وەک ڕستەی سێیەم، کە دەتوانرێت (بکەر)ەکەی لاببرێت و (بەرکار) بەبێ ئەوەی کەمی پێوە دەربکەوێت هەردوو ڕۆڵەکە لەناو خۆیدا بەرجەستە بکات.

نمونەی تری لەم شێوەیەشمان زۆرە بۆ نمونە:

- من خۆم کوشت.
-خۆمم کوشت.
- خۆم کوشت.

کرداری(ڕادا)ن یەکێکی ترە لەو کردارانەی قسە هەڵدەگرێ و لێڵی لەبەکارهێنانیدا دروست دەبێ.

هۆکارەکەیشی بەهەمان شێوەی کرداری(هەڵدا)نە.

چونکە لەهەندێ باری بەکارهێنانی ئەم کردارەیشدا بەپێی پێویستی دەکرێ هەندێ لە کەرەستەکان(بەرکار) دەرنەکەون یان لاببردرێن.

- ڕانەکە ڕایدا.
- من ڕانەکەم ڕادا.
- تۆ ئاوەڕۆکەت ڕادا.
- سەگەکان سکی کابرایان ڕادا.

وەک لەڕستەی یەکەمدا بەرچاودەکەوێت (بەرکار) دەرنەکەوتووە، ئەمە بەو واتایە نایە، کە (بەرکار)ی پێویست نییە، بەڵکو (بەرکار) وەک کەرەستەیەکی ناپێویست لێی دەڕوانرێت و بە دەرنەکەوتنی کاریگەری لەسەر واتا دروست نەکردووە، بۆ ئەمیش بەهەمان شێوە (بەرکار) جێناوێکی خۆییە.

مەبەستیشمان لە ناپێویستی بەرکار ئەوە نییە، کە بەرکار کەرەستەیەکی ناپێویستە یان کەرەستەیەکی بە خورتی نییە لە ڕستە کردار تێپەڕەکاندا، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە کە بکەر و بەرکار لەم جۆرە ڕستانەدا بەزۆری لە یەک کەسدا کۆدەبنەوە، لەو

دوو کەسەیش یەکێکیان بە جێناویی خۆیی دەردەبڕدرێت، بۆیە زۆرجار پێویست بە دەرکەوتنی ناکات و هەردوو کەسەکە لەیەک کەسدا خۆیان دەنوێنن.

بەڵگەی سەلمێنەری ناپێویستی(بەرکار) لەم ڕستەیەیشدا ئەوەیە، کە ڕوودانی کردارەکە لەناو بکەرەکەدا کۆدەبێتەوە و (بکەر، بەرکار) لە هەمان کەسدایە.

ئەگەر لەڕستەکانی تر بڕوانێن دەبینین لابردنی بەرکار کارێکی مەحاڵە.

واتە ڕستەکە لەبنەڕەتدا بەم شێوەیە بووە:

- ڕانەکە خۆی ڕایدا.

واتە کەسێک دەستی نییە لە (ڕادا)ن و بڵاوەپێکردنیاندا.

ئەمە بۆ یەکێک پیشەی شوانی دیبێت ڕوونترە، چونکە ئاژەڵ ئەوکاتەی بۆ پشوودان مۆڵ دەدرێ پاش مانەوەی بۆ ماوەیەک لەهەمان شوێندا بەشێوەیەکی خۆکرد دەکرێ بەهۆی برسێتی یان درەنگکەوتنی کاتەوە ڕابدەن و پێویستیان بە مرۆڤ نییە ڕایان بدات.

واتە خۆیان کردارەکە بەسەر خۆیاندا جێبەجێ دەکەن.

ئەگەر سەیری ڕستەکانی تر بکەین دەبینین لە ڕستەی دووەمدا کەسێک ڕانەکەی ڕاداوە (دەرکردن و بڵاوەپێکردن بۆ لەوەڕ).

لەڕستەی سێیەمدا کەسێک ئاوەڕۆکەی ڕاداوە (پاککردنەوە و بەردانی ئاوەڕۆ).

لەڕستەی چوارەمدا سەگەکان سکی کەسێکیان ڕاداوە (هەڵدڕین و دەرهێنان).

لە کردارێکی وەکو (کەوت)ن دەتوانین ئەم واتایانە و زیاتریش بەپێی ناوچە، زار و شێوەزارەکان دەربهێنین:

- من کەوتم.
- منداڵەکە لە دوو وانەدا کەوت.
- مێشکمان کەوت.

کەوتنی یەکەم واتایەکی ئاسایی و بنجی کردارەکە هیچ لادانێکی تێدا بەدی ناکرێت، بەڵام دەرکەوتنی دووەم بە ئاشکرا لادانی تێدا دیارە و تێیدا کەوتن بە مانای مانەوە لە هەمان وانەدا دەگەیەنێت؛ واتە منداڵەکە لە دوو وانەدا ماوەتەوە و دەرنەچووە.

لە ڕستەی سێیەمدا کەوتن واتایەکی دوورتری هەیە، ئەویش جۆرێکە لە دەربڕینی بێزاری لەدەست ئەو دەنگەدەنگ و ڕاوەژاوەی لە چواردەورماندا هەستی پێدەکەین.

ئەمانە و چەندین نمونەی تری وەک: (پێکەوتن، لێهاتن، سوربوونەوە، تەقاندن، بەزین، سەرکەوتن، لێبوونەوە، تێهەڵدان، ....تد)، کە هەڵگری زیاتر لە واتایەکن، و هەر بەکارهێنان و دەرکەوتنێکیان وێنەیەکی جیاواز هزرماندا وێنادەکەن.

وردبوونەوەیەکی سەرپێیی پێمان دەڵێت هیچکام لەواتاکان (وێنەکان)ی سەرەوە لەیەک ناچن، بەڵکو کردارەکان لەهەریەک لەو ڕستانەدا واتا و مەبەستێکی جیاواز دەبەخشن، ئەمەیش ئەو مەبەستەیە ئێمە قسەی لەسەر دەکەین و بڕوامان بەوە بەهێز دەکات، کە هەریەکە لە کردارەکان بەپێی ئەو وێنەیەی هەڵیان گرتووە جیاوازن لەوانی دی.

تێگەیشتن لەم بابەتە و ڕاستی جیاوازبوونی هەریەکە لەو کردارانە بەپێی واتاکانیان لەوکاتەدا جوانتر و ڕوونتر دەردەکەوێت بەراورد بکرێن بە زمانێکی تر، چونکە هەریەکە لەو واتایانە بەرامبەر بە وشەیەکی سەربەخۆ لە زمانێکی تردا دەوەستن.

شیکردنەوەی وشەکانی زمانی کوردیی تایبەت بەم بوارە پێویستی بە دەرفەتێکی گونجاو و لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی گونجاوترە، چونکە ژمارەی ئەم وشانە زۆر لەوە زیاترن لە لێکۆڵینەوەیەکی ئاوادا جێیان بکرێتەوە.

هەروەها واتاکان (وێنەکان)یش بە پێی ڕۆشنبیری، ناوچە، زار، شێوەزار و وەچەزارەکان دەگۆڕێت؛ واتە هەریەکە لەو وشانەی لێرەدا واتا جیاجیاکانیان خراوەتەڕوو و، ئەو وشانەی تریش، کە وەکو ئەمان وان، مەرج نییە تەنها ئەو چەند واتایەیان هەبێت، کە ئێمە لێکمان داوەتەوە، بەڵکو بەپێی ناوچە و ئاوەزی ئاخێوەری زار، شێوەزار و وەچەزارەکان واتاکانیان دەگۆڕێت، کاتێک واتانیش گۆڕان واتە کردارەکانیش گۆڕاون و کەموزیاد دەکەن.

لەئەنجامی ئەم شیکردنەوانەدا دەبێ بڵێین: بەشێک لە کردارەکانی زمانی کوردی هەڵگری چەند واتای جیاوازن و هەموو واتاکانیان لە (هەمان شێوە)دا جێکردووەتەوە. واتە (هاوبێژ)ن.

ئەو کردارانەیشی دەکەونە ئەم چوارچێوەیەوە بەپێی چەندی ژمارەی واتاکانیان کرداری سەربەخۆن.هاوبێژییەکەیان فرەکرداری بەرهەم هێناوە بۆ زمانی کوردی.

# ئاوڕێك لەسەر زمانی فولكلۆریی پارێزگای كرماشان

ئاكۆ جەلیلیان

**پێشەکی:**

فولکلۆر وەکو بەشی نادیاریی فەرهەنگی نەتەوەکان تم ودایم جێگەی باس و لێدوان بووە و کۆمەڵێک نووسەر و لێکۆڵەر لەسەر ئەم باوەڕەن کە بنەمای فەرهەنگ و زانستی هەر کۆمەڵگایەکە و چ لەبواری ئەدەبی و مێژوویی و چ لەبواری ئائینی و کۆمەڵایەتی ئەرکی خۆی جێبەجێ کردووە و بەڵگەنامەیەکە بۆ رەنگدانەوەی فەرهەنگ و زانست و شارستانیەتی وڵاتەکەیان و بەشێوەیەکی زانستی و ئاکایدمیک دەچنە سەری و دەیان بابەتی رەنگاوڕەنگ و جوان؛ لەسەر کاریگەریی فەرهەنگی فولکلۆر پێشکەش کراوە، نمونەی ئەم کتیبگەلە - شاخەی زرین -ی (فریزر)ە کە لێکدانەوەیەکی زانستی و ئەوسانەییە لەسەر وڵاتی ئەمریکای باشووری کراوە، یان کتیبەکانی مامۆستا(مێهرادی بەهار) لەسەر ئوستوورەناسیی ئێران یان کۆپلەی – تاریخ ایران - (ئێحسان یارشاتر)ە کە لەسەر ئەوسانەکانی ئێرانی کۆن کراوە. بەداخەوە لەنێو وڵاتانی چەند نەتەوەیی و ئەو وڵاتانەی کە روویان کردۆتە سیاسەتی – دەوڵەت/میللەت - بەناوی باوەڕ و خورافە پێناسە دەکرێت، کە نەتەنیا هەڵەیە؛ بەڵکوو سیاسەتێکە بۆ پووچەڵکردنی ژیار و شارستانیەتی نەتەوەکان.

لەکوردەواری خۆماندا بابەتێکی ئەوتۆ و جێمتمانە لەسەر بابەتی فولکلۆر نەکراوە و هەر بەشێوەی نەریتی لەنێو خەڵکدا ماوەتەوە و سنگبەسنگ گەیشتۆتە ئێمە و لە درێژەی مێژووی نالەبارمان کۆمەڵێک لێ تێکچووە و ئەوەی کە لەبەر دەستماندایە سەقەت و ناتەواوە، بەڵام لەسەر هەموو ئەوانەوە بنەمای زانستی و ئوستوورەیی و ئائینییان دیاردەیە. هەوڵمداوە بێلایەنە و تەنیا بۆ روونکردنەوە لەهەر بابەتێک ئاماژە بەچەند خاڵی سەرەکی بکەم کە لە کتیبەکانی دیکەشدا بوونیان هەیە. جێئاماژەیە کە فولکلۆری بەشێک لێ هەڵدەگەڕێتەوە سەر راستییەکان و باوەڕەکانی ئایینی کە لەپێشوودا برەویان هەبووە.

## نمونەی ئوستوورەیی

## چیرۆکی مەڵگجەمشێر

بەپێ مەتەڵی مەڵگجەمشێر(کە پوختەکەی دەگێڕمەوە) کەیوانوویەک بوو کە دوو کوڕ بەناوگەلی مەڵگجەمشێر و مەڵگمامەی بووە کە مەڵگجەمشێر گەورەترە و لەشوێنێکی نادیاری دیل بووە کە برای گچکەتر؛ واتە مەڵگمامەی لەدایکی دەپرسێت: ئایا ئەمن برام هەیە؟ کەیوانوو چیرۆکێکی بۆ دەگێڕێتەوە کە مەڵگمامەی هەست بەبوونی برادەرێک دەکا.

**تێبینین:**

لەکتیبی –پژوهشی در اساطیر ایران – زەردەشت لەهورمەزد دەپرسێت: ئەی هورمەزد؛ ئەی مینۆی فراوانی بەخش؛ ئەی داداری جیهانی مادی؛ ئەی پارێزگار؛ جگە لە من کە زەردەشتم، یەکەم را لەگەڵ کامین کەس وەتوویژی کرد کە ئەتۆ هورمەزدی؟....

وەڵامی داوەتەوە: ئەی زەردەشتی خۆپارێز لەگوناح؛ بە»جەمی« خۆشدیمەن و خاوەن رانگەلی زۆر ئیبرازم کرد؛ یەکەم لەگەڵ ئەودا لەخەڵکان وهتوومە کە من هورمەزدم. لەدرێژەی مەتەڵەکە روون دەبێتەوە کە دایکی مەڵگجەمشێر لەگەڵ دێوێک پەیوەندیی هەیە کە لەمەر مەترسی لە مەڵگجەمشێر ناتوانێت بەئاشکرا ببێتە ژنێ و لەلایکی دیکەدا مەڵگجەمشێر بە زۆرەملی قەبوڵ دەکا دایکی خۆی بخوازێت، بۆیە دەلەسەیەک دەکەن و دایکی مەڵگجەمشێر شەوێک لێدەپرسێ: رازی قودرەت و زانایی تۆ چییە؟ و مەڵگجەمشێر دەڵێت: تارە موویەکە کە لەنێو پشتمدایە و دێو و ئەهریمەن پێی دەبەستمەوە. جا کەیوانوو لەخەودا بە هاریکاریی دێوەکە و هەر بەمووی خۆدی مەڵگ جەمشێر دەست و پێی دەبەستنەوە و لەچاڵێکدا دەخەن. لەکوتایی مەتەڵەکە هەر ئەم مەڵگمامەیە کە لە زەماوەندی کەیوانوو و دێوەکە بەدی هاتووە مەڵگجەمشێر لەو چاڵە رزگار دەکا و مەڵگجەمشێر سەر لەنوو دەبێتە گەورەی بنەماڵە.

ئەگەر سەرنجی چیرۆکی «یەمە» یان جەمشید لەئەساتیری کۆنی ئێرانی بکەین؛ رێک هەر لەسەر ئەم ئەساسەیە و جەمشید دوای ئەوەیکە فەڕەهی ئیزەدی لێدوور دەبێتەوە ماوەی ١٣ زستان لە بەندیخانەیەکە و وەکوو دێو و جن ژیان بەسەر دەبا.

نمونەی ئوستوورەیی و ڕەوان‌ناسیانە:

**ئاگرمەلۆچ** agirmelüç

جۆرە ڕەشۆڵەیەکە بەڕەنگی بوور و بەلەکی بریقەونی؛ کەسک و ئەرخەوانیش هەیە و بە قەد سیروو دەبێ و دەمەلاسکەی مەلانی‌تر دەکاتەوە و پەل و پۆی لە زستاندا پڕ لە خاڵی سپی دەبێت، جووچکی گچک و باڵی نووک تیژ و دەندووکی درێژ و تیژە و بەکۆمەڵ و لە پۆلی گەورەدا هەڵدەفڕن وجۆری نێرینەی قەڵەوترە و کولله دەخوات. لە زاراوەکانی دیکەی کوردی کۆمەڵێک ناوی جۆراوجۆری هەیە وەکوو: ئاگرمەلۆچ؛ ئاگرمەلووچ؛ ئاگرمەلیچ؛ ئاگرەمەلووچ؛ ئاگرەمەلیچ؛ ئایرەمەل؛ ئایلەمەن؛ ئودرمەلیچ؛ ئەیرەمەل؛ تۆخوەرگە؛ تەیتۆک؛ تیتک؛ تیتڵ؛ تیتی؛ خەزایی؛ ڕەشۆڵە؛ ڕەشۆڵی؛ ڕێشۆڵ؛ ڕێشۆڵە؛ ڕیشۆڵە؛ ڕێشۆڵی؛ ڕەشیلە؛ ڕەشێڵە؛ سوێروو؛ سیاکەرک؛ سێروو؛ سیروو؛ سیەکەرک؛ شاروور؛ شالوور؛ شالوول؛ شاوو؛ شالوویل؛ شالیل؛ عالەمەن؛ عاینەمەل؛ عەینەمەل؛ غەزایی؛ قازلاخ؛ قازلاخی؛ قازەلاخ؛ کەشوشکە؛ کەشۆیلە؛ گاوانی؛ مرچۆڵە؛ مرچیلە و لە فارسیدا سار sar پێ دەڵێن  ئەم مەلە دوژمنی کولەیە. لە فەرهەنگی کورد ئەفسانەیەک بۆ دروست بووە کە دەڵێن:

لە وەرزی کەم بارانی و بەتایبەت لە کوتائی مانگی گوڵان کولە زۆرترە و بە گەلەوە هێرش ئەبنە سەر کشتوکاڵ و دار و دەوەن و گژوگیا ڕووت ئەکەنەوە بۆیە خەڵک یەک کەس کە زاتدار و پڕتاقەت و هەروەها دەس‌ودەم پاک بێت و چاوی هێز نەبێت و دروو نەکا هەڵدەبژێرن و پێ ئەڵێن کە:

ئەبێ وشیار بوویت و کەس نەزانێت بۆکوێ و بۆچی دەچیت، ئەبێ بێ وچانەوە بچیت و سەر جەم لە ماوەی سێ ڕۆژ و تاقێک بچیت و سێ ڕۆژ و تاقێکیش بێتەوە کە ئەبێتە هەفت ڕۆژ و کاتی هاوردنی ئاوی ئاگرمەلۆچ؛ نابێ ئەم گۆزەیە کە ئاوی تێدایە بەزەوی دابنیت و ناشێ بەرەو دوای خۆت بنواڕیت. کە گەیشتە ئاوایی خۆی؛ لە چیایەک ڕووتی ئەکەن و بە توولی هەنار یان هەنجیر لێ دەدەن و ئەویش لە ئاوی گۆزەکە مشتێ پڕ دەکا و بەرەو ئاسمان فڕێ ئەدات و هاوار دەکا:

ئاگرمەلۆچ هاوار... تا ئاگرمەلۆچ بە گەلەو بێت و کولەکان بخوات. ئەوەی کە شایانە ئاماژەی پێ بکەم ئەمەیە کە باڵندەی ئاگرمەلۆچ لە قەراخی چۆم و ڕووبارەکاندا دەژێت و لە پارێزگای کرماشان و مەڵبەندی – سراو سەحنە– ئەم مەلە زۆرە.

ئەم ڕەوایەتەی خوواروووە لە دەمی باوکم کە لەتەمەنی نەوەدوسێ ساڵان فەوتاوە وەرگرتوومە کە باسی ئەم ڕووداوە لە گوندی - قەڵای هەرەسەم - دەکات. ئاواکە ئەو بۆم دەرخست ئەو کاتە کە منداڵ بووە کولە بە فراوانی هێرش کردووتە سەر کشتوکاڵی ئەم ناوچەیە و پیاوێک بە ناوی «بوزرگ» هەڵبژێردراو بۆ هێنانی ئاو ئاگرمەلۆچ لەوکاتە کە بوزرگ لەڕێ بووە کولە تەنانەت چیخ و دەوارەکان و ڕەشماڵەکانیانیش خواردبوو. لەگەڕانەوەی بوزرگ بۆ قەڵایهەرەسەم ئەویان بردە سەر قەڵاکە و رووتیان کرد و توولی لێ دەدان بەمجۆرە کە خوێن لە سەروپشتی بەڕێ کەوت و ئەویش لە ئاوی گۆزەکە مشتی پڕ ئەکرد و بەرەو ئاسمان فڕی ئەدا و هاواری دەکرد: ئاگرمەلۆچ هاوار. دوای چەند خۆلێک ئاسمانی ئەم مەڵبەندە لە بەر ئاگرمەلۆچ تاریک بوو و کولەیان تێکدان. زۆربەی خەڵکی قەڵای هەرەسەم ئەم ڕووداوە لە بیریانە.

**تێبینین:**

یەک بابەت لەم باوەڕە زەقترە لە ناوەڕۆکەکەیە ئەمەش ئەوەیە کە ئەبێ لە هەفت رۆژ کوتائی بێت و ژمارەی هەفت لە لای کوردان ژمارەیکی موقەدەسە وە هەروەها بە پێ زانیاریەکان تۆخمی کولە دوای هەفت رۆژ ئەگەییت و کولەی بچووکی لێ دەر ئەکەوێت بۆیە کولە لە هەر مەڵبەندێک بدات زۆرتر و زۆرتر ئەبێتەوە. هەروەها ئەشێ بە توولی هەنار یان هەنجیر توولی بدەن کە سەرنج ڕاکیشە ئەم دوو میوەیە لە فەرهەنگی کوردەواریدا تەقەدۆسیان هەیە بە تایبەت لە نێو یارستان. هەروەها خوێنەر و بیسەری ئەم ڕیوایەتە دەکەوێتە یادی سەفەری سیاوەخش بۆوڵاتی ئەپاختەر بۆ پەیداکردنی کەیخەسرەو کە ئەوێ بنێرێتەوە ئێران بۆ ئەوەیکە ببێتە پاشا و قڕان و پەتای وڵات بچەڵکەن بکا، لەم سەفەرەدا کۆمەڵێک باڵندە ڕێنوێنی سیاوەخش دەکەن یان کەڵک وەرگرتنی ڕۆستەم لەکاتی تەنگانە و ناچاری کە پەڕێک لە باڵی سیمورغ دەسووتێنێ و سیمورغ بەفریای دەگا. ڕاستەکەی وایە کە ئاوی ئاگرمەلۆچ هیچ حکمەتیکی نییە و ئەم هەموو دابونەریت و دەستووره هیچ پەیوەندییکی بە چۆنییەتی کارەکەوە نییە و هۆکاری زانستیی هەیە کە بەکورتی ئاماژەی پێ دەکەین.

ئاگرمەلۆچ لە ڕاستیدا خولیاوی دەنگی ئاوە و بۆیە لە هەر شوێنێک ئاوی بە خوڕ بێت لەوێدا دەژێت و من لە سەر ئەم باوەڕەم کە ئەم مەلە بە دریژائی مێژوو فێری ئەم کارە بووە.

هەروا کە دەزانین لە هەر کوێ ئێنسانی وەرزێر و دامپەروەر دەژێت مەلومووور و جانەوەریش زۆر ئەبێت و کاتێک کە مرۆڤ بۆ ئاو هێنان لەماڵ دەرچووە و چووەتە سەر کانی و ئاوی لە گۆزە یا کونەی کردووە و بەرەو ماڵ هاتووە، ئاوی سەر شانی ئەم کەسە شڵقە شڵقی کردووە و دەنگیکی مۆسیقائیی هەبووە کە ئەم دەنگە ئاگرمەلۆچ خولیاوی خۆی کردووە و لە پێ ئەم موزیکە هاتۆتە نێو گوندەکەی و دیوە کە لەم دەڤەرە پەخشە و مەلومووور زۆرە و لەوێ خۆراکی زۆری دەست کەوتووە و دوائیش گەڕاوەتە نێو هێلانەی خۆی کە لە ئاوائی دوور بووە و وردە وردە گەیشتووتە ئەم قۆناخە کە بە ئێمەی گەیشتووە.

نموونەیکی تر باڵندەیکە کە لە شاخی ئافریقا دەژێت و بە – هەسەڵخۆر– بەناوبانگە و تەنانەت کورتە فیلمێک لەسەری دروست بووە. ئەم مەلە هەسەڵی پێخۆشە و چۆنکە خۆی تەوانی بە گژداچوونەوەی مێشەنگوێنی نییە لە هەرکوێ ئێنسانێک بینیێ بە زیتەزیت و باڵەوازی بۆ خۆی رایدەکیشێت وبە وردی دەیباتە سەر کەندووی هەسەڵ و خۆی لە دوورا رادەوەستی و دوای ئەوەیکە ئێنسان کاری تەواو بوو و مێشەنگوێنەکانی هەڵترازان دەچێتە سەر کەندووەکان و بەشی خۆی لێ وەردەگرێ. هەم ئێنسان بۆ ئەم باڵندە ناسراوەیە و هەم ئەم مەلە بۆ ئێنسان. نازانم لە ئافریقا دابونەریت سەبارەت بەم مەلە چۆنە بەڵام ئەوەێ کە دیاردەیە ئەمەیە کە مرۆڤی رۆژهەڵاتی ناوێن بەگشتی هەمووشتێک لە دەلاقەێ ئائینی خۆیەوە سەیر دەکا بۆیە دەستوور و قانوونی بۆ هەموو شتێکی سرۆشتی داناوە کەجی سەرسوڕمانە.

## لە دایکبوونی منداڵ

لە باشووری رۆژهەڵات هەندیک بیر و باوەڕی باش و خەراپ هەیە کە بەنیسبەتی کچ و کوڕ ئەگوڕدرێت بەڵام بەگشتی لەسەر یەک رێبازن. لەوانەیە کە کاتێک منداڵ لەدایک ئەبێت بەتایبەت ئەگەر لە رەشماڵ بێت؛ چێخێک لە چووار دەوری ژنی پابەمانگ دەکیشن و منداڵەکە لە تۆتۆی کۆڵپێچک kolpêçik دەپێچن و بەخەڵۆز هەنی منداڵەکە رەش دەکەن و هەروەها بەهەویر سەر لووت وگوێچکەی هەویری دەکەن و باوەڕیان لەم کارە وایە کە منداڵەکە تووشی رووڕەشی و ناکووکی نابێت و بۆ ئەوە هەویر لە لووت و گوێچکەی ئەدەن کە لەم دوو شوێنە مۆی شین نەبێت. هەروەها ئەو ژوورە کە منداڵ و دایک تێدا دەخەون بە خەڵوز خەتی چووار دیوارەکە دەکیشن و لە سەر ئەم باوەڕەن کە – چاوی بەد – لێیان کاریگەر نەبێت.  پەندێک هەیە کە ئەڵێ:

- کوڕ ڕەشێ خاسە - کەوا دیارە ئەم نەریتە ئاماژە بەم پەندە دەکا. هەروەها بەسورمە چاو و برۆی منداڵەکە دەڕەژن و دوای یەک هەوتە کە نەینووکی منداڵەکە بەرز ئەبێت بە ددان ئەقرتێنن و باوەڕیان وایە کە ئەم منداڵە ئاوەها دڕندە و زاتدار ئەبێت. دوای ئەمە ئاشێک دروست ئەکرێت کە دانەکوڵانە danekwilaneی پێ دەڵێن و بریتیە لە گەنم و جوێ و ماش و کەشک کە ئەیکوڵێنن و ئەیدەن بە خزم و دەراوسێ.

لانکۆڵەی منداڵەکە لە هەندێک شوێن جیاوازە بەڵام بەگشتی لەسەر یەک ڕێبازە و ئەوەش بۆ لاواندنی منداڵە و بەس. بەڵام لە زۆربەی گوندەکان جۆرە بافەمەنییک کە پانائیی ئەگەئێتە دوو ئەنگوست بە ڕەنگی ڕەش وسپێ دەچێنن ومۆرەیکی بەرەنگی کەو کە کوژەک kwijekی پێ دەڵێن لەگەڵ چووی داری بادام یان تاوی tawî ئاڵقە دەکەن و لە سەر لانکۆڵەی منداڵەکە ئاوێزان دەکەن بۆ ئەوەی کە چاوی بەد لە منداڵەکە کاریگەر نەبێت. منداڵ کە تەمەنی گەیشتە شەش مانگ مۆی دەتاشن و بە قەد وەزنی ئەم مۆوە پارەی سەرفی خواردەمەنییک دەکرێت و ئەدەن بە خەڵکان. تەمەنی منداڵ گەیشتە یەک ساڵ و منداڵ پاپا کرد واتە لە سەر پێ ڕاوستا؛ و وردەوردە فێری ڕێ کردن بوو، دەرزیلەیەک لە بەر پێی منداڵەکە دەشکێنن و لە سەر ئەم باوەڕەن کە ئاوەها چاوی بەد دەرزیلەی لێ بچێت وئاشێک دروست ئەکرێت کە پاڕووکانەparûkane ی پێ ئەڵێن و بە خزم و دراوسێ ئەدەن.

**تێبینین:**

پاڕووکانەش وەک دێیانڕووکانە بریتیە لە نۆک و نێسک و ڕشتە و کەشک و سەوزی. ئەوەی کە شیاوە ئاماژەی پێ بکەم ئەمەیە کە ئەم مەراسیمە تەنیا بۆ منداڵی کوڕ بەڕێوە دەچێت و بۆ کچ ئاوا کارگەلی ناکەن و هەروەها کە دەزانین کەرەستەی بنەڕەتیی ئەم خۆراکە لە سرۆشت وەردەگرێت کە سەرجەم بە خۆراکی میترایی بەناوبانگە و بێگومان پێشنەی دەگاتە سەردەمی میترائیسم.

ئەو کاتە کە منداڵ بەباشی فێری ڕێ کردن بوو کە لانیکەم دوو یان سێ ساڵانە لەپاڵ کێف و داری ئەنێن و خۆیان لێ دوور ئەکەنەوە و بانگی دەکەن کە بێتە ماڵ. ئەم کاتە هیچ کەسێک یارمەتی منداڵەکە نادێت تەنانەت ئەگەر بکەوێت و لەشی زامار بێت. پێویستە کە منداڵ خۆی لەسەر پێی خۆی لە کێف بێتەخوار و بێتە لای ئەوان کە نیشانەی زاتداری و تەوانایی منداڵەکەیە. بەڕێز کاک هاشم کاکەئی لە کتێبی - کورد و چەند بابەتێکی مێژوویی - کە کتێبێکی زۆر بە نرخە لە لاپەڕەی ١٧٤ ئەم کتێبە دەقیکی لە کتێبی - العراق قدیما و حدیث، نفس لمصدر - لاپەرەی ٢١٠ وا ئەگێڕێتەوە:

مامۆستای مێژوونووس(عبدالرزاق الحسنی) دەبارەی قەزای (علیغربی) کە ئەکەوێتە نێوان عمارە و کوت نووسیویە: لە عەلیغەربی دابونەریتێک هەیە لە هیچ کام شارۆچکەکانی عێراقدا نییە ئەویش ئەوەیە:

منداڵی ساوایان دەنێرنە شاخەکانی ئێران –کوردستان– ناسراو بە پشتکۆ؛ بۆ لای دایان، پاش ئەوەی تەمەنی گەورە بوو ئەیگێڕنەوە بۆ لای کەسوکاری و شوێنی لە دایک بوونی. ناوچەی پشتکۆ بریتیە لەمەڵبەندە شاخاوییەکانی ئیلام و لوڕستان و کوردەکانی نیشتەجی لە عەلیغەربی و عەلیشەرقی لە بنەڕەتەوە خەڵکی پارێزگای ئیلام و لوڕستانن.

بابەتیکیتر لە پەروەردە کردنی منداڵ چلەوڕçilewir یان چلەبڕ çilebir کە ئاوەهایە:

خەڵک بەعام لە سەر ئەم باوەڕەن کە ئەگەر دوو منداڵی دراوسێ کە هێشتا تەمەنیان بە چل ڕۆژ نەگەیشتووە دەنگی گریانی یەکتران ببیستن یان قسەی ناحەز لە لایەنی دایکان ببیستن؛ ئەوەێ کە زووتر تەمەنی ئەگەیتە چل ڕۆژ ئەمرێت بۆیە باوگ و دایک ئەچنە لای دوعانووس و دوعای«چلەبڕ» دەکەن ئەگەر منداڵ لەم قەیرانە دەرچوو ئاشێگ دروست ئەکەن کە «چلەبڕانە»ی پێ ئەڵێن و بە خەڵکان ئەدەن.

**تێبینین:**

سەبارەت بە چلەبڕ دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە ئەڵێن چلە کاریگەریی لە سەر مەڕ و ماڵاتیش هەیە هەروەها لە سەر ئەم باوەڕەن کە نابێ هەتا چل ڕۆژ زارۆکەکە بە تەنیا جێبهێڵین چۆنکە دێو زارۆکەکە ئەدزێت و منداڵی خۆی لە لانکۆڵە دائەنێت. ڕەنگە ئەم منداڵانە کە ئێستە بە ناوی مۆنگۆل لە جیهاندا بەناوبانگن؛ لەسەر ئەم باوەڕە بێت چۆنکە هەمووی ئەم مۆنگۆلانە یەک سرۆشت و یەک ڕۆمەتیان هەیە. هەروەها ئەگەر منداڵێک – نەوەکام – یان کەم ئەندام بێت بە باوەڕی خەڵک، دێو جێبەجیان کردووە. هەروەها منداڵی – کەزاڵ – واتە ئەو منداڵە کە مۆی سپێی هەیە لە ڕەگەزەوە تۆخمارەی دێوە. ئەژماری چل لەنێو نەتەوەکانی دیکەی دونیاشدا ئەژمارێکی موقەدەسە بەتایبەت کە ڕۆژهەڵاتناسانیش ئاماژەیان بەم ئەژمارە کردنە: چلەنشینی؛ عێلمی ریازەت؛ سووفیگەری... هتد. بۆ نمونە دەربارەی نەخۆشی هاری و ئاتەشە بەپێ زانستی سەردەم ڤایرۆسی ئەم نەخۆشیە دوای چل ڕۆژ کاریگەریی خۆی جێبەجێ دەکات.

سەبارەت بە نەخۆشیەکانی منداڵانی بچووک بەرچاوترینیان بووبڵێنی bû bilênî یە کە جۆرە بەلەفیرەی کاریگەرە. ئەم نەخۆشی لە حەقیقەتدا لەبەر بۆنی جۆرە دارێکە کە سرێنجگ sirêncigی پێ ئەڵێن. ئەم دارە لە وەرزەکانی ساڵ و لەنێو زستانیش بۆنیکی تۆندی لێ هەڵدەستی و ئەگەر لەم دەڤەرە زارۆکێک هەبێ؛ نەخۆشی دەکا بەڵام خەڵک بە عام ئەوە نازانن. شێوەی دەرمانی ئەم نەخۆشیە وایە کە ئەچنە لای مەلای دوعانووس و کەڵەشێرێک ئەدەنە مەلا و مەلا سەری کەڵەشێر ئەبڕێت و بە خوێنی کەڵەشێرەکە لە سەر قاغەز دوعا دەنووسێ و ئەبێ ئەم دوعایە لە قەبرستانێک دوور لە زێد و ماوای منداڵەکە چاڵ بکرێت.

**تێبینین:**

ئەوەیکە دیاریە کەڵەشێر نومادی ئائینی میترائیسمە و هەڵاتن و ئاوابوونی خۆر مزگانی داوە و لە ئائینی مێهری؛ خۆر لەکاتی هەڵاتن هەموو نەخۆشی و ئافەتێک تێکداوە و کەڵەشێر وەکوو مزگێنی دەری ئەم ڕووداوە پێگەیەکی هەرە مەزنی هەیە و هەر ئەو (سرۆش) بووە کە لە فارسیدا بووەتە: خورووس. بۆیە کەڵەشێر لەفەرهەنگی کوردیدا جێگە و پێگەئیکی تایبەتی هەیە و تەنانەت لەئائینی یارسان بۆ سازکردنی خۆراکی نەواڵە کە بە خۆراکی میترایی‌ش بەناوبانگە کەڵەشێر قوربانی دەکرێت و دارۆچکەی سرێنجگ و ئەرجن لە ئائینی مێهری دژی ئەهوەرە یان هۆر یان خۆرە. ڕەنگە ئەم نەریتە و چۆنیەتیی ئەنجامی دەرمانەکە ئاماژە بەم بابەتە ئائینیە بکات. نەتەنیا بۆ دەرمانی بووبڵێنی کە بۆ دەرمانی چەند نەخۆشی دیکەشدا کە پەیوەندیی بە دارۆچکە و دەوەنەوە هەیە گۆشت و خوێنی کەڵەشێر کەرەستەی سەرەکیە وەکوو دەرمانی چەویشی؛ قڕنقاز؛ شیربردێ. کە سەیری نەخۆشیەکان دەکەین هەموویان پەیوەندیان بە سرۆشت و دار و دەوەنەوە هەیە کە ئەم دار و دارۆچکانە لە ئائینی مێهری دژی ئەهوەر و لەڕێزی ئەهریمەنان.

**نمونەی مێژوویی-ئەدەبی**

**سووسگ sûsig**

ئەم باڵندەیە لە کەوک دەچێ بەڵام ڕەنگی لە کەوک کاڵترە و جەسەیشی گەورەترە و دەنووک و پای ئەم باڵندەیە وەک کەوک سوور نییە و قاسپەقاسپ ناکا و لە فارسیدا «تەیهوو»ی پێ ئەڵێن. لەڕاستیدا سووسگ و کەوک هەر لەسەر یەک ڕەگەزن بەڵام

بە پێ کەش‌وهەوا و ئەردوژینگە، رەنگیان گۆڕاوە. دەتوانین بڵێین سووسگ؛ کەوکی گەرمیان و خۆرەتاوە و لەجیایی قاسپە، سووسوو ئەخوێنی.

باوەڕێک سەبارەت بە دەنگ و رەنگ و دەندووک و پێ ئەم باڵندەیە هەیە کە ئەڵێ :

یەکێ لە شازایەکان -ئیمامەکان - بەدەستی دوژمن بریندار ئەبێ و لە بنی داری کەیکمkeykim خۆی هەشار دەکا. قەراوڵەکانی دوژمن لەقەراخی لێڕەوارەکە لە دوی ئەودا دەگەڕن و ئەویان دەست ناکەوی. لەم کاتە کەوکێک دێت و دەندووک و پێی خۆی بەخوێنی ئەم شازایە رەنگین دەکا و ئەچێتە سەر دارەکە و گارەگار دەکا. هاوکات سووسگێ دێت و بەرزتر لە کەوکەکە سووسوو دەکا و ئەگێنێ کە سوو -بەیانی- بێنەوە.

بۆیە خەڵک کوشتن و کەباب کردنی کەوک بە کاری باش دەزانین و لەکورتە بەیتێک دەڵێن:

- کەوك بگر کەواو کە سووسـگ وڵ کە سوواو کە -

**تێبینین:**

لەچیرۆکە کۆنەکانی ناوچەی زەنگنە کورتە چیرۆکێک بەنێوی – موختارۆ – هەیە کە رەنگە هەر ئەو (موختاری سەقەفی)ە بێت کە بەلایەنداریی ئیمام حوسەین(د.خ) سەری هەڵدا و زۆرینەی لەشکەری موختار لە مەوالیەکان(ئەو کوردانەی کە لەبنەڕەتەوە لەئێلی زەنگنەی کەرکووکی بوون و بە «بەنی ئەسعەد» بەناوبانگ بوونە کە بەشێک لێیان لەشۆڕشی ئیمام حوسەینیش بەشدار بوونە) بوونە. لە بەشێک لە چیرۆکەکە ئاماژە بە شەڕێک دەکرێت کە لەوێدا موختارۆ بریندار دەبێت و لە بنی دارێک خۆی هەشار دەکا و رۆژانە سووسکێگ دێت و خۆی بەدەستەوە دەدا و موختارۆ کەبابی دەکا و ئاوایە کە نامرێت.

باوەڕێکتر بۆ دەرمانی بەردی گورچیلە «سنگ کلیە» و بەردی مێزڵدانە «سنگ مثانە»یە. سەنگدانی سووسگ یان کەوک دێنن و پێستەکەی ناوی کە وشک و بە رەنگی زەردە دەردێنن و وشکێ دەکەن و دوای ئەمە یان لە ئاودا ئەیکوڵێنن یان هەر وا ئەیخۆن و کاریگەری هەرە زۆریکی هەیە بۆ دەرمانی ئەم دەردە. بەو مەرجە کە لە ماوەێ سێ رۆژ؛ ئەویش بەیانان بەر لەوەێ نانی بەیانی بخوردرێت؛ بێخۆن.

**تێبینی:**

هۆکاری زانستی ئەمجۆرە دەرمانە وایە کە پێستی سەنگدانی ئەم باڵندەیە زۆرتاڵە و ئاوەکەش تاڵ و زەرد ئەکاتەو. کاتی بەیانی، بەدەن هێشتا خۆراگر نییە و بە واتای زانستی «باڵانس» نییە، بۆیە کاتی خواردنەوەی ئەم دەرمانە؛ بۆ ئەوەی کە کاریگەری خەراپەی لە سەر لەش نەبێت وهۆرمونەکانی بەدەن لێک نەداتەوە، زوو بە زوو لە گورچیلە و مێزڵداندا ئەڕوات وئەبێتە هۆی رۆخاندنی بەردی گورچیلە و مێزڵدان. پێستی ناوێنی سەنگدان کاری سەفرا دەکات و کاتێک کە لە بەیانی بخۆردرێت، لە گورچیلە و مێزڵداندا ئەڕوات و بەردی گورچیلە ومێزڵدان ئەگەر لەسەر بنەمای قڵس یان ئاهەک بێت؛ ئەم خۆراکە وەکوو تێزاوە و بۆنیانی لێک ئەداتەو وردە وردە لە ئەم ئەندامانە دەر ئەچێت.

– ئەبووعەلی سینا – پزیشک وفەیلەسووفی ئێرانی لە کتێبی(طب) جۆرە دەرمانێک بۆ بەردی گورچیلە نووسیوە کە لە رووی رەواڵەتەوە لە باسەکەی ئێمە دەچێ. دەستووری دەرمانی ئەبووعەلی سینا بە ناو ئاوی ئاسن داخ – آب آهن داغ – بە ناوبانگە و ئەڵێ:

– ئاردی بادامی تاڵ ئامێتەی یەک پەرداخ ئاوی سارد بکە و شیشی ئاسنی لە سەر ئاگر سوور بکە و هەفت تا دوانزە جار لە ئامێتەکە داینە تابوونی سووتەمەنی لێ هەڵدەستێ و خەست بێتەوە کە ئامێتەکە حازر بوو پێویستە یەک رۆژ پێش، دوای نانی نیوەڕۆ چشتێک نەخۆی هەتا بەیانی ئەمڕۆ و ئەم بەرنامەیە بۆ سێ رۆژە و ئەشێ بەردەوام بێت. دوای رۆژی سێهەم، تەندروستی دەست کەوتووە –.

بابەتهایی فولکلۆر بەشێک لە زانست دووپات دەکەنەوە کە بەداخەوە هێشتایش وەکوو باوەڕ و خورافە چاوی لێدەکەنەوە لەحاڵێکەوە ئەگەر سرنجیان بدەین رێک لەسەر رێبازی زانستیە بۆ نمونە ئاماژە بە چەند بابەت لەسەر گیانلەبەران دەکەین کە جگە لەوەیکە زانستیە؛ بابەتی ئەدەبی و مێژوویی و ئائینیش دەگرێتەوە:

**سەگ seg**

گیانلەبەرێکی ماڵییە و لە مێژەوە یاریدەری مرۆڤ بووە. میینەی سەگ دەڵ deĺ و نێرینەی گەماڵ gemalی پێ ئەڵێن. بە پێ زانیاریەکان؛ سەگ بە ئەمەگ ترین حەیوانە. سەبارەت بە سەگ باوەڕێک هەیە کە ئەڵێ:

ئەگەر خاوەن ماڵ نەخۆش بکەوی و سەگی ماڵ چەن سەگی تر لە دەوری خۆی کوو بکاتەوە و پێکەوە پاس بکەن، خاوەن ماڵ ئەمرێت.

**تێبینی:**

راستییەکەی وایەکە حەیوانەکان -هەستی شەشمیان- هەیە و زووتر لە ئینسان هەست بە خەتەر دەکەن و رەنگە ئەم باوەڕە ئاماژە بەم تایبەتمەندیە بکا.

باوەڕێک تر هەیە کە ئەڵێ: ئەگەر سەگ هار ببێت، هەندێک خوێ لە سەر نان دەکەن و لە بەری دائەنێن و پێ ئەڵێن: بە حەقی ئەم نان و نمەکە ئەگەر هار بوویتە گەردەنمان ئازا کە و بڕۆ. ئەگەر سەگەکە هار بێت ئەچێت.

ئەم بابەتە لە زاری خوالێخۆشبوو قودرەت دارابی ئەگێڕمەوە:

– گەماڵێکمان هەبوو کە ساڵەهای ساڵ لە ماڵی ئێمە بوو، رۆژێک بیستم کە وەتیان هار بووە خوالێخۆشبوو دایکم؛ هەندێک خوێ لە سەر نانی کرد و پێ وەتی بە حەقی ئەم نان و نمەکە ئەگەر هار بوویتە برۆ. دوای چەند خولێک گەماڵەکە بە رێ کەوت و چوو. چەند رۆژ پێ چوو کە بیستمان لە گوندی خواරووی ئێمە خەڵکان ئەویان کوشتووە.–

**تێبینی:**

راستیەکەی وایە کە خۆدی سەگ وە هەروەها گورگ بۆ ئەوەی کە هار نەبن، چەند رۆژێک لە وەرزی بەهار گژوگیا دەخۆن و ئەوەم بە چاوی خۆم دیوە. هەروەها دەڵێن کە ئەگەر نانی داخ بدەیتە سەگ هار دەبێت. خەڵک بەعام لەسەر ئەم باوەڕەن کە نەخۆشی هاری جۆرێک هارووژاندنی شێتانەیە کە دێو و جن لە رێگەی سەگەوە بە مرۆڤ جێبەجێ دەکەن بەو مەرجە کە سەگ لە گۆشتی مردار خواردبوو بێت و دێوەکان دەبنە مێشۆڵەیەک و ئەم خسڵەتە لە رێ گەزتنی لەشی مرۆف جێبەجێ دەبێت و مێشۆڵەی سەگ دەتوانێت نەخۆشی هاری یان هەر ئەو هارووژاندنە جێبەجێ بکات بەڵام تووشی کەسانێک دەبێت کە فرتوفێڵ دەکەن و لەگەڵ خەڵک بەناڕاستی هەڵسوکەوت دەکەن.

ئەم باوەڕەش لەبەشێک لە ئەڤێستادا ئاماژەی پێکراوە. سەگ لە ئائینی زەردەشت بۆخۆی خاوەنی هەندێک تایبەتمەندییە. لە بەشی سێزدەهەم و چواردەهەم و پانزەهەمی کتێبی وەندیداد نووسراوە کە:

– سەگ حەیوانیکی مۆقەدەسە و ئازاری ئەم حەیوانە شایانی قەرەبوو کردنەوەیە. ئەهوورامەزدا ئەم گیانلەبەرە بە دژی گورگ و ئفریتە ودێو خۆڵقاند تا شەوانە چاودێریکەری ماڵ ومنداڵی مرۆڤ بێت.

(دروج ناسوو) لە بەشی هەفتمی وەندیداد ئفریتیکی غەیبی و مەترسیدارە کە لە جنازەی مردووەکان دەچێت و ئەوانە ناپاک دەکا بۆ دوور کردنی ئەم ئفریتە ئەبێ سەگیکی سپی بە گوێ زەردەوە لە نزیکی جنازەکە بێت، هەرکات کە چاوی سەگ بە مردووەکە بکەوێت؛ دروج ناسوو ئەبێتە مێشوڵەیک و لە جنازەکە دوور ئەبێت و بەرەو باکوور دەڕوات. ئەم رووداوە بە سەگدید بەناوبانگە -.

یان خەڵک بەگشتی لە سەر ئەم باوەڕن کە سەگ هەفت گیانی هەیە. لە راستیدا وانییە بەڵکوو سەگ بۆ خۆی هەفت خسڵەتی هەیە کە لە فەسڵی سێنزەهەمی ئەم کتیبە -وەندیداد - بەندەکانی چل و چووار وچل وهەفت ئەڵێ:

- سەگ هەفت خسڵەتی هەیە یەکەم؛ وەک پێشەوای ئائینی بنەمای سفرە ئەخوات، دووهەم؛ وەک پیاوی جەنگکەر لە بەری هەموانە، سێهەم؛ وەک وەرزێر ژێر و وریایە چوارم؛ وەک هۆزانڤان ئاواز دەخوێنێت، پێنجم وەک دز هۆگری تاریکیە، شەشم وەک منداڵ بە نەینۆکی خۆی زەمین ئەدڕێت و هەوتم وەک شەوگەرد شەوانە دەگەڕێت -.

## گورگ gwirg

گیانلەبەرێکی گۆشتخۆرە ومالّی نابێت و لە رەگەزەو لە سەگ دەچێ یان باشتر بلّێم سەگ گیانلەبەرێکە لە رەگەزی گورگ کە مالّی بووەتەوە. ژینگەی گورگ کێف ودەر ودەشت بەتایبەت قەراخی گوندەکانە. سەبارەت بە گورگ؛ بیر و باوەڕ زۆرە لەوانەیە کە:

خەڵکی باشووری رۆژهەلّات بە هیچ شێوەیەک گورگی مێینە ئازار نادەن ونایکوژن چۆنکە ئەم کارە بە گوناح دەزانن. هەروەها گورگ لای ئێمە حەیوانیکی تەماکار و دڕندە ومزێڕە و مەترسیان لە تاکە گورگ زۆرترە تاکوو گەلەگورگ، چۆنکە گورگ حەیوانیکی تەماکارە و لە ئەنجامی کاری خۆی دڵسەرد نابێت و بەردەوامە، ئەگەر بە گەلەو بێن هیچ کارێک ناکەن لە بەر ئەوەێ کە بە تەمای یەکتران ئەمێنن و خۆیان نادەنە بەر خەتەر، بەلّام ئەگەر تاکە گورگێک بێتە سەر رانێک تەنانەت ئەگەر شووان و چەند سەگیش چاودێری رانەکە بکەن، هێرش ئەباتە سەریان و بە ناچار هەر چەندەکە لە پەز وئاژەڵ بکەوێتە بەر ددانی ئەدڕێ و زامی کاری ئەخاتە پێیان و دڵنیایە کە لانی کەم دوو یان سێ لەوانە ئەتووپن و لاشەکەیان ئەیخەن دووری ئاوائی و دوائی ئەتوانێ لێیان بخوات. لە نێو خەڵکان باوەڕگەلیک هەیە کە ئەڵێ :

ئەگەر سیپەلاکی گورگ بەو مەرجە کە لە کاتی دەر هێنانی ئاو لێ نەخواتەوە، یان بە ئاو شۆتۆشوی نەدەن بە ئافرەتان بخوردرێت ئەم ئافرەتە ئاوەشوو دەبێت. بۆیە لەشیعرێکی فولکلۆردا دەڵێن:

**-کافر هەیٚ کافر؛ بێدین هەیٚ بێدین   شەرتوو بەمە پێد سؤیەیٚ گورگ لە قین-**

جگە لەوە ئەگەر کەسێک کە سیپەلاکی گورگی هەبێت و گمێزی خۆی ئامێتەی بکا وبداتە ژنێک؛ ئەم ژنە تەنیا لەگەڵ ئەو کەسە پەیوەندی و دەس لەملان دەکا. هەروەها خەڵک زؤیەڵەzüyele ی گورگ بۆ کاری دەرمان بە باش دەزانن و ئەمەیش ئاوەهایە کە زؤیەڵەی گورگ وشکێ دەکەن ودوائی بە دەسهاڕ ئارد دەکرێت و لەگەڵ وەسمە ئامێتەی ئەکەن و لەسەر سەری دەگرن و سەرئێشە و سەرانسیە باش ئەکاتەوە و هەروەها بۆ بڕشت و سوومای چاو بە باشێ دەزانن. ئەگەر سرنجی جووتبوونەوەی گورگ و سەگ بدەین؛ سەگ لەکاتی دەسان هاوکات لەگەڵ چەند گەماڵ جووت دەبێت بەڵام گورگ تەنیا لەگەڵ یەک نێرینە جووت دەبێت.

جگە لەوانە؛ خەڵک بەعام لە سەر ئەم باوەڕەن کە قاپی گورگ بۆ شەونەخونی و وریایکەری باشە.

هەر بۆیە شووانەکان و ئەوانەی کە چاودێری مەڕومالات دەکەن بایخی هەرە زۆرێک ئەدەنە ئەم بابەتە و قاپی گورگ لە تۆتۆی ساقوەنەکەیان دەبەستن.

**تێبینین:**

شوانەکان و کۆمەڵێک لەخەڵک بەعام کڵاش وگیوە لە پێستی گورگ دروست ئەکەن و لەسەر ئەم باوەڕەن کە ئەگەر پێلاوێک لە پێستی گورگ لە پێ بکەن و لە دۆی کارێک بچن، تا نەگەیننە ئاکامیکی باش؛ دەسهەڵگیر نیین، بۆ ئەوەیکە گورگ لە ئەنجامی کاری خۆی زۆر تاقەتی هەیە و پشت سەرد نابێت، ڕەنگە ئەم بەیتی فولکلۆرە ئاماژە بەم تایبەتمەندیە بکات کە دەڵیت:

**کڵاشێ لە پووسْ گورگ کەم وە گیوە   شار وە شار گەردم لە شوونْ بیوە**

یان بیستوومە کە هەرکەس مۆی گورگی لە لا بێت، بچێتە هەر کۆرێک دابنیشی ئەو کۆڕە تەفراو توونا ئەبێت. ڕەنگە ئەم شێعرە فولکلۆرە ئاماژە بەم باوەرە بکا کە دەڵێت:

**(ئی بەخت منە چۆ بەخت گورگە   وە هەر لاێگ مەچم هەر برنگاێبرنگە.**

**مانگا mangâ**

ئاژەڵێکی شیری و قەڵەوە و خەڵکان جگە لە کەڵک وەرگرتن لە شیر و گۆشتی، بۆکاری جۆتیاری و کیشە وکوتەی خەرمان بەکاری دێنن.

جگە لەوانە سپڵی مانگا بۆ دەرمانی کەم خوێنی و بەرگیری لە گمێزکردنی منداڵی ساوا کەبابی دەکەن و پێ ئەدەن.

**تێبینی:**

لە سپڵی مانگا و هەر ئاژەڵێکیتر - گۆلۆکوز و هۆرمونی دیۆرتیک - بەرفراوانە و ئەبێتە هۆی بەرگیری لە گمێز کردن و خەست بوونی خوێن. هەروەها باوەڕێک تر ئەڵێ:

ئەگەر نەخۆشی«زووە» لە ئەنگۆستی دەست روو بدات؛ لە کونی لووتی مانگا یان گووری بکەیت باش ئەبێتەوە.

**تێبینی:**

ڕەنگە لە کونی لووتی مانگا و گوور و لە چڵمەکەیدا جۆرە ئانزیمێک بێت کە ئەبێتە هۆی تێکچوونی میکرۆبی ساز کەری نەخۆشی «زووە».

بابەتیتر سەبارەت بە مانگا ئەوەیە کە ئەگەر مانگا لە کاتی کەڵ گرتنی بچێت وجۆتخواز نەبێت؛ خەڵک لە سەر ئەم باوەڕەن کە ئەگەر گیای «مانگاوەکەڵ» لە مێینەی مانگا دابنێن، مانگا کەڵ ئەگرێت. هەر وەها کڵک وەرگرتن لە «گۆئەسارە» کە لە فارسیدا «کرمی شەبتاب»ی پێ ئەڵێن و لە لای خەڵکان کاریکی زۆر بابە و باوەڕیان وایە کە ئەگەر ئەم مەلە لە مێینەی مانگا دابنێن، مانگا کەڵ ئەگرێت. گیای مانگاوەکەڵ وەک گیای چەویرە و ڕەنگی سووری تۆزکاڵە.

**تێبینی:**

ڕاستیەکەی وایە کە ئەم کارگەلە هیچ پەیوەندییکی بە گیای (مانگاوەکەڵ) یان مەلی (گۆئەسارە)وە نییە بەڵکوو تەنیا ڕەوڵی هاندەرییان هەیە. ڕەنگە لە گیای مانگاوەکەڵ جۆرە مادەیەک ببێت کە ئەبێتە هۆی خوریکی مێینەی مانگا وهان بدرێت بۆ ئەوەی کە جۆتخواز ببێت. هەروەها مەلی گوئەسارە کە ئەویش بە بۆنەی جم وجولی خۆی ئەبێتە هاندەری مانگا کە جۆتخواز ببێت.

بابەتیتر کڵک وەرگرتن لە گمێزی مانگا بۆکاری رەنگڕەزی و رەنگکاریە بەتایبەت بۆ مافۆرە ومەوج. شێوەی کارەکە ئاوەهایە کە ئاو لە سەر قەزانیکی گەورە ئەکوڵێنن وئەم رەنگانە کە لە سرۆشتدا هەیە وەکوو روونیاس، تێکەڵاوێ دەکەن ورەنگڕەزی دەست پێ ئەکرێت. ئەگەر گمێزی مانگا بە تەنی تەنیا بکوڵێنن رەنگی پرتەقاڵی یان نارنجی دەست ئەکەوێ و ئەگەر ئاو تیا بکەن رەنگی زەردی کاڵ دەست ئەکەوێت. بۆ ئەوەی کە رەنگەکە کاڵتر و روونتر ببێتەوە«سیازاخ» کە بە جەوهەرلیمووویش بە ناوبانگە و بەرگی داری وەن تێکەڵاوێ ئەکەن ورەنگی کەسک بە دەست دینن.

**تێبینین:**

راستیەکەی وایە کە لە گمێزی هەر ئاژەڵێگ رەنگدانەیک هەیە و لە گمێزی مانگا لەبەر فراوانی گمێزەکەی ئەم رەنگدانەیەش زۆرە و کاتی کوڵاندن و خەست بوونەوە رەنگی لە زەرد و نارنجی دەچێت. هەروەها لە بەر هەبوونی «ئامoونیاک» لە گمێز، رەنگە کە هەمگیر نەبێت بۆیە «سیازاخ» تێکەڵاوی دەکەن کە جۆرە تێزاویکی کاڵە و ئەسەری ئامoونیاک کە «بازێک»ە تێک ئەدات و رەنگە کە واڵتر و شینتر ئەبێت و ئەم رەنگە قەت بە شۆشتن ناگۆڕدرێت و بەردەوامە. ئەگەر هەندێک گەڵای داری «وەن» کە بەنیشک لێ دەگرن تێکەڵاوی ئەم رەنگە بێت؛ رەنگەکە ئەگۆڕێتە سەر رەنگی شین و ئەگەر روونیاسی تێدا بکەن ئەبێتە رەنگی سووری شین.

ئەوەی کە شایانە باسی بکەم ئەمەیە کە ئەم مافۆر و مەوجانە کە بەم شێوەیە کفتکاری دەبێت؛ جگە لەوەی کە رەنگەکەیان قەت ناگۆڕدرێت، پووتاریش نابێت چۆنکە لە گمێزی مانگا ئامoونیاک زۆرە و هەر مەل و مووریێک ناتوانێت لە ناوی ئەم مەوج و مافۆرەدا بژێت و ئەبێتە هۆی تێکچوونی ئەسپێ و موور کە لە ژیانی کۆچەری، بەرفراوانە. ئاواکە کۆنینەناسان ئەڵێن؛ کۆنتەرین مافۆری جیهان مافۆری «هەرسین»ە کە زیاتر لە ٢٠٠٠ ساڵ پێشنەی هەیە و هێشتا بە ساقی ماوەتەوە.

رەنگە هەموو ئەوانە پەیوەندی پتەوی لەگەڵ بابەتە مێژووئیەکانی سەردەمی زەردەشتەوە بێت. (ڤیلیام جۆنز) سەبارەت بە بەندی یەکەم هەتا چل وشەشمی کتێبی «وەندیداد» ئەڵێ:

(زەردەشت لە ئەهوورا مەزدا ئەپرسێت: ئەگەر مرۆڤێک دەستی بخواتە جنازەی مرۆڤێ مردوو و ناپاک بێت، چۆن ئەتوانێت خۆی خاوێن بکا؟

وەڵام ئەدرێتە پێ کە: ئەم مرۆڤە ئەبێ لەشوێنیکی تایبەت و دوور لەمەزداپەرەستان

بمینێت و ناتوانێت بە ئاگر و ئاو و خاک و مانگا و دار و پیاوی خواپەرەست نزیک ببێتەوە هەتا نوو شەو لە سەریّ تێپەڕ ببێت. دوای نوو شەو؛ ئەبێ لەشی خۆی بەگمێزی مانگا بشوورێت.)

یان لەبەندی هەوتمی ئەم کتیبە سەبارەت بە ژنێک کە زارۆکی مردووی هێناوەتە سەر دونیا دەنووسێت:

(مەزدا پەرەستان ئەبێ هەوشەیەک لە نێو خانووەکە ساز بدەن و ژنەکە لەگەڵ هەندێک خواردەمەنی تێدا دابنەن. یەکەم خۆراکی ئەم ژنە گمێزی مانگا تێکەڵ بە خۆڵەمێشە، ئەم ژنە دوای سێ شەو ئەبێ لەشی خۆی لە گمێزی مانگا بگرێت و دوایی بە ئاوخۆی بشوورێت.)

لە بەشێکتر لەم کتیبە سەبارەت بە پاقژکەرەکان «مۆتەهەرات» ئەڵێ:

(لەش بە چووار شت پاک ئەبێتەوە، یەکەم؛ شۆشتنی لەش بە گمێزی مانگا و پەز دووهەم؛ شۆشتن بە ئاو و گمێزی مانگا سێهەم؛ خوەندنی کەلامی ئیزەد، چووارم؛ لێدان بە شەلاخ)

سەبارەت بە مانگا وگمێزی مانگا لە ئەڤیستا باس زۆرە و هەر ئەوەندە بێژم کە بە پێ کتیبی وەندیداد هەشتا لە سەدی بوونەوەرەکان لە رەگەزی مانگایە.

**ئاڵ aĺ**

ئاڵ یان – هاڵ – لە نێو فەرهەنگی کوردەواری باوەڕێکی زۆر بەقەوەتە. خەڵک بەگشتی ئەڵێن:

ئاڵ بوونەوەرێکی نادیارییە کە دۆژمنی ژنی زاورانە و لە کاتی زایمان دێتە سەر زاوران و دڵ و جەگەری ژنەکە ئەخوات وئەبێتە هۆی تێکچوونەوەی ژنەکە. خەڵک بەعام لە سەرئەم باوەڕەن کە ژنی پابەمانگ دوودڵ و جەگەری هەیە و لە هەر زایمانێک ئەوەی کە پێس بووە لەگەڵ منداڵەکە دێتە دەر.

**تێبینین:**

ئاڵ لە راستیدا بوونەوەریکی خەیاڵییە و هەر وجوودی نییە. ئەوەی کە شایانی باسە ئەمەیە کە ئەڵێن «ئاڵ» کچی پەیغەمبەرێک بووە کە تووشی غەزەبی باوکێ بووە و لە بنەماڵە دەریان کردووە و هەر ئێستەش بە کچی ماوەتەوە و سوێندی خواردووە

کە تۆڵەی خۆی لە ژنی پابەمانگ و زارۆکەکەی بکێشێت. بۆیە لە ئاسمانەوە خول ئەخوات و لە هەر کوێ کە ژنێک پابەمانگ بێت و کاتی زایمانییە، دێتە دەرگای ماڵەکەی و رائەوەستێ وکاتێک کە منداڵەکە هاتە سەر دۆنیا بە جارێک دڵ و جەگەری ژنەکە ئەیباتە ئاسمان وئەخوات. بۆیە ئەوانەی کە چاودێری زاورانەکە دەکەن، خنجۆکێک لە ژێری جلوبەرگی خۆیان هەشار دەکەن و دوای پەیدا بوونی منداڵەکە زووبەزوو دڵ و جەگەری پێس بووی ژنەکە لە ژێری خاک هەشار دەکەن و لە سەر ئەم باوەڕەن کە ئاڵ نەیتوانیوە دڵ وجەگەری زاورانەکە بباتە ئاسمان. راستیەکەی وایە کە ئەوەی کە ئەڵێن دڵ و جەگەری پێس بووە؛ «جۆت» یان«کیسەی ئامینۆن»ە کە پێزە لە تۆی ئەم کیسەیە پەروەردە ئەبێت وهیچ پەیوەندییکی بە دڵ و جەگەری زاورانەوە نییە و هیچ گیانلەبەرێک دوودڵ و جەگەری نییە.

لە نێو لوڕەکاندا باوەڕێک هەیە کە ئەڵێ:

بۆ ئەوەی کە ئاڵ سەر لێ شێواوە بێت و نەتوانێ دڵ و جەگەری زاورانەکە بیبات؛ بزنێک بە رەنگی سوور و زەرد کە مڵەوی milewîی پێ ئەڵێن سەر ببڕن ودڵ وجەگەرە کەی لە سەرستۆنی رەشماڵێک و لاشەکەی لە بەرزاییک دابنەن تا ئاڵ بە راستی تێنەگەی کە کام دڵ وجەگەری زاورانە.

باوەڕیک تر ئەڵێ کە بۆ ئەوەی کە ئاڵ بە زاوران و زارۆک نزیک نەبێت؛ یەک بست چووی داری تاوی و یەک کەوچکە خوێ و دانەیک پیوازی سوور لە کیسەیەک بکەن ولە بەر دەرگای رەشماڵ بۆ ماوەی چل رۆژ ئاوێزان بکەن تا ئاڵ پەلاماری زاوران و زارۆک نەبا.

باوەڕیکیتر ئەڵێ: بۆ ئەوەێ ئاڵ لە زاوران دوور ببێتەوە، رەسەنێک کە رەنگی رەش و سپێ تێدا بێت و چاکڵی لە سەر بێت یان کەشی کە جۆرە رەسەنیکی پانە لە چووار دەوری زاوراندا ببەستن و سۆژنێک لە سەر سەروێنەکەی زاوران بدەن و باوەڕیان وایە کە ئاڵ لەوە دەترسێت.

هەروەها لە کاتی زایمان کەسەک کە بەشی ئاڵی هەیە دێت و لەچکەکەی خۆی ئەبەستێتە سەری زاوران و باوەڕیان وایە کە دی ئاڵ دوور ئەبێتەوە.

**نمونەی باری ڕەوانناسی-ئەدەبی**

**چەمەری درەو çemerîdirew**

چەمەری درەو یەکێک لە نەریتەکانی سرنج ڕاکیشی کوردەوارییە کە بەداخەوە نەناسیار ماوەتەوە. ئەم نەریتە بریتی لەوەیە کە ئەگەر وەرزێرێک زاروزەوی فراوانێک بکاڵێت و دوایی نەتوانێت درەوی بکا تووشی داڵغە ئەبێت و نەخۆش ئەکەوێت. خەڵکان بۆچارەسەر کردنی ئەم نەخۆشییە بە گەلەوە ئەچنە سەر زەویەکەی و بۆی دروێنەی دەکەن و دوایی نەخۆشەکە لە ناو زەویەکەیەوە ئەچەرخێنن و نەخۆش بە چاوی خۆی ئەبینێت کە مەزراکەی درەو بووە و باش ئەبێتەوە. هاوکات لەگەڵ دروێنە کردن دەهۆڵ و زۆڕنای لێ ئەدەن وبەیت ئەخوێنن بەڵام شێوەی بەیتەکان قەت لە چەمەری ناچێت و خەڵکان خۆیان لە قوڕ ناگرن.

**زڵف ziĺf**

بەگشتی مۆی سەری نەچینراوە زڵفی پێ ئەڵێن و ئەوەی کە چینراوەیە گیس پێ ئەڵێن. ئەوەی کە ئەکەوێتە بەری سەروێن یان لەچکە؛ قاوی پێ ئەڵێن و ئەوەیکە چینراوە و ئەکەوێتە پشتی سەروێن؛ پەلگی پێ ئەڵێن. لە فەرهەنگی کوردەواری گیس؛ بەتایبەت گیسی دایک پیرۆزە و سوێندی پێ ئەخۆن. خەڵک بەعام لە سەر ئەم باوەڕەن کە ئەگەر کچی ئازەو لە کاتی سەر شانەکردن زڵفی بکەوێتە گرێ؛ دەزگیرانێ بۆ دێت. هەر بۆیە لە دێڕە شێعرێک دەڵێن:

**-تاڵێ لە زڵفت کەفتێیەسە گریە وە گوڵاو بشوورەێ، بگرەێ لە خنیە-**

**گووش زڕیان gûş ziŕyan**

خەڵک بەگشتی لە سەر ئەم باوەڕەن کە ئەگەر گوێ کەسێک بزرنگێت، ناوی ئەبەن. ئەگەر گوێ ڕاست بێت؛ ناوی بەباشی ئەبەن و ئەگەر گوێ چەپ بێت؛ بەخەراپە ناوی ئەبەن. هەر لەسەر ئەم باوەڕە، پەندیکی پێشنان ئەڵێت:

**-خەیر ئوش خەیر وە ڕێید باێد - واتە ئەگەرناوم بەباشی ئەبەیت، تووشی خێروخۆشی ببوویت.**

**مانگ گیریان manĝ gîryan**

خەڵک بەگشتی لەسەر ئەم باوەڕەن کە ئەو کاتە کە مانگ ئەکەوێتە تاریکی؛

دژمنان مانگیان گەمارۆ داوە، بۆیە لە تەنکەکوت و دەهۆڵ ئەدەن تا دژمنان ببیستن و مانگ بەربدەن. ئەگەر مانگ دێر ئازاد بکرێت، حاکمێک ئەمرێت.

**تێبینی:**

راستیەکەی وایە کە ئەمە رووداویکی سرۆشتییە و کۆسووف و خۆسووفی ناوە و هیچ پەیوەندیکی بە دژمنەوە نییە. رەنگە ئەم باوەڕە لە سەردەمی -ئەبووڕەیحانی بیروونی- دەست پێکرابێت. زانای بلیمەت «ئەبووڕەیحانی بیروونی» ئەستێرەناس و حیساب زانی سەردەمی سەلجۆقیەکان بووە و پێشبینیی کردووە کە مانگ ئەچێتە خۆسووف و وایش دەبێت. شای سەلجۆقی کە ئەم رووداوەی نەدیووە تووڕە ئەبێت کە بۆچی منتان ئاگادار نەکردووە؟

ئەبووڕەیحان ئەڵێ: بەڵێنت پێ ئەدەم کە بە چاوی خۆت ئەم رووداوە ببینی. چەند ساڵێک پێ ئەچێت و کوڕی شا ئەمرێت و شا ئازیەتباری کوڕەکەیە کە سەر لە نوو خۆسووفە و شا لە شیرین خەو دایە و کەس ناپرمێت لە خەو هەڵێدەستێنێت. بۆیە ئەبووڕەیحان دەستوور ئەدا بە خەڵکان کە لە ساز و دەهۆڵ بدەن تاکوو شا لە خەو هەڵدەستێ. کاتێک کە شا بە تووڕەیی لە خەو هەڵدەستێ و پرسیار دەکا کە چ لێقەومانێکە؟ پێ ئەڵێن کە دژمنان مانگیان گەمارۆ دانە و ئەمانە ویستیانە کە مانگ ئازاد کەن.

## وەفر wefr

وەفر یان بەفر لای کوردان بایخی زۆرە. هەر وا کە دەزانین یەکەم بەفر ناخوردرێت چۆنکە ئەبێتە هۆی نەخۆشی – قرنقاز - بەڵام بەفری ئێلاخان لای کوردان بەقیمەتە و لە زۆرینەی شێعری فولکلۆر ئاماژەی پێ دەکەن. راستییەکەی وایە بەفری ئێلاخان ئیستعارەیە.

خەڵک بەگشتی لەسەر ئەم باوەڕەن کە بەفر خاڵۆی سەگە بۆیە لە کاتی بەفر بارین خۆراکی گەرم بە سەگەکان ئەدەن. هەروەها لە سەر ئەم باوەڕەن کە دواین بەفر؛ بەفری دەرمانگەرە. لە دێڕیکی شێعری فولکلۆردا ئەڵێن:

**سەونزە، سەونزێگە لە سەر نساران      سفێد وەفرێگە شەفای بیماران**

یان:

**هەم خوداڕهیشتە، هەم شویەڵەی نۆری      هەم وەفرْ کاوان لە بیمار دۆری**

یان:

**باڵاد لە وێنەی چنارْ باخان      ناو مەمانەگەد، وەفرْ ئێلاخان**

**ئاغووڵ axûĺ**

جۆرە دڕکێکە کە لە چەمەنزارەکان شین ئەبێت و بە –شترخار–یش بەناوبانگە. خەڵک بەگشتی ئاغووڵ بە باشی ئەیکوڵێنن و وەک ئارەق لە شوشە ئەکەن و بۆ دەرمانی بەردی مێزڵدان کەڵکی لێ وەرئەگرن. هەروەها ئاغووڵ لەگەڵ خیاتەی گەنمەشامی تێکەڵاو دەکەن بۆ دەرمانی بەردی گورچیلە. خەڵکی شارەزوور بۆدەرمانی ئازاری گورچیلە، ئازاری مێزڵدان، بۆرییەکانیمێز، لە گیاکانی بەڕەزا، قەیتەران، ریشاڵی گەنمەشامی، بەشێوەی چالێنان کڵک وەر دەگرن.

**پزێ pizê**

نەخۆشیکە کە تووشی ران ومێگەل و بەتایبەت پەز دەبێت. پەز بۆ ئەوەێ کە لە کاتی رێ کردن و ملۆچە کردن سەری لە زەوییە و قچی خوێ لە سەر زەوی ئەگێڕێنێت و تووز و خاکی زەوی ئەچێتە قوڕگێ؛ تووشی ئەم نەخۆشییە ئەبێت و بەباشی ناتوانێت نەفەس بکیشێت و تووشی خنکان دەبێت و دەمادەم قفە دەکا.

خەڵک بەگشتی بۆدەرمانی ئەم نەخۆشییە تیکە چێوێک کە – چوو پزێ – پێ ئەڵێن و لە راستیدا ساقەی وشک بووی گیای پاقازەیە لە ملیان دەکەن وباش ئەبنەوە.

**تێبینین:**

هۆکاری زانستی ئەم دەرمانە ئەوەیە کە گیای پاقازە گازی ئتیلین و بۆتانی هەیە و وەک ئاموونیاک تۆندە و دەبێتە هۆێ ئەوەیکە خڵت و خاک لە سێپەلاکی پەز بێتە دەرەوە.

**پەرکام perkam**

پەرکام یان«صرع» لەبەر نەبوون یان کەمبوونی کانزای سۆدیۆم و پۆتاسیۆم لە مێشک روو ئەدات و چۆنکە ئەم دوو کانزایە خۆراکی سەرەکی مێشکە، مێشک تووشی هەلومەرج دەبێت و مرۆڤ دەکەوێتە سەر ئەرد و کەف لە دەمێدا بەخۆڕ دێتەخوار. خەڵک بەعام لەسەر ئەم باوەڕەن کە پەرکامدار تووشی جن و مەلاکەت

بووه بۆیه بە چەقۆ لە چووار دەوریدا کرێک دەکیشن و وا ئەڵێن کە جن و مەڵاکەت لێ دوور ئەبێتەوە.

شێوەیەکاتر بۆ دەرمانی پەرکامدار هەیە کە دەقاودەق لەسەر رێبازی زانستییە. ئەوەش بریتییە لەوەی کە ئەوەی کە تووشی پەرکام بووە رووت ئەکەن و لە خۆڵەمێشی بەرۆ دائەنێن.

**تێبینین:**

خەڵک بەعام وا بیر دەکەن کە جن و مەڵاکەت لە ئاگر دەترسن و بەری دەدەن بەڵام لە راستیدا وا نییە و ئەم کارە بۆ خۆی دەرمانیکی زانستییە. هەروا کە وەتمان نەخۆشی – صرع- لەمەر نەبوون یان کەمبوونی کانزای سۆدیۆم و پۆتاسیۆم لە مێشک ررو ئەدا و خۆڵەمێشی بەرۆ یان هەر سووتەمەنییکیتر کە لە چێو بێت؛ پۆتاسیۆمی بێخەوشە و لەشی پەرکامدار لەبەر ئارەقێک کە لە کۆنی پێستی دێتە دەر لەگەڵ ئەم کانزایە ئامێتە دەبێت و سەر لەنوو جەزبی لەش دەبێت و نۆقسانی ئەم کانزایە لە لەش جۆبران دەبێت و پەرکامدار وەک پێشوو باش ئەبێتەوە.

## کتیبناسی

١- زەڕینەوسیمینە/بەرگی یەکەم ئاکۆجەلیلیان/ ئەنستیتیوتی کەلەپووری کوردی، سلێمانی ٢٠٠٩

٢- زەڕینەوسیمینە/بەرگی دووهەم ئاکۆجەلیلیان/ ئەنستیتیوتی کەلەپووری کوردی، سلێمانی ٢٠٠٩

٣- زەڕینەوسیمینە/بەرگی سێهەم ئاکۆجەلیلیان/ ئەنستیتیوتی کەلەپووری کوردی، سلێمانی ٢٠٠٩

٤- زەڕینەوسیمینە/بەرگی چوارم ئاکۆجەلیلیان/ ئەنستیتیوتی کەلەپووری کوردی، سلێمانی ٢٠٠٩

٥- هەگبەوهەوارگە ئەیوب رۆستەم/ چاپی یەکەم. سلێمانی ٢٠٠٣

٦- تفسیر اوستا ج. د.دارمستتر، ترجمه د.موساجوان.چاپ دوم. انتشارات دنیای کتاب

٧- کورد وچەند بابەتێکی مێژوویی هاشم عاسیکاکەیی/چاپخانەی ئارابخا، کەرکوک ٢٠٠٦
٨- تاریخ ایران/جلدسوم، قسمت اول احسان یارشاتر/ ترجمە حسن انوشە. انتشارات امیرکبیر ١٣٨٩
٩- پژوهشی در اساتیر ایران مهردادبهار/چاپ پنجم. انتشارات آگاه ١٣٨٤

**سنوورەیل خۆناوی**

١. ئەوخوەنین شێرزاد حەسەن لە سەر چیرووک نەبۆنێگ ک هەرجار سارۆ دیریترەو کەی نۆسین ژیار جهانفەرد

هەڵگەردان وە کوردی خوارێن:

«ئانیسا جەعفەری‌مێهر»

وەرجە بنیانان هەر باسێگ، هەوەجەس ئێ ڕازە بارمە زوان ک ئێ ئەوخوەنین منە، لقێگ لە شیکاری و رەخنەی ئەدەبی وە مانا ئاکادمیەگەیەو نییە، بەڵکو گوزارشتێگە لە ئێحساس خوەم لە برابەر ئێ کوومەڵەچیرووکە وە ناو (سەرەیل سەنگەلا). ئەمانێ ئێ هەوڵ منە لە زانیاری و ئەزموونێگ وە دریژایی فرەتر لە نیم‌سەدە ک لە ناوییا سەرگەرم ئەدەب و فکر بۆمە، ئەودەر نییە، بێ‌گومان وەل هونەر چیرووکیشا یەیدەنە و بەردەوام پەیوەندی داشتمە تا منیش لەوای ژیار بکەمەی پەیکێگ ئڕا ڕەسانن پەیام خوەم وە خەڵکەیلێگ ک کوروورەیان ئەوڕەسینِ خوەیان و ئەوڕەسانِ دنیا لە رێ ئەدەبەو بوە؛ وە تایبەت ژانر چیرووک ک ئڕا ئیمە هونەر هاوردە و تازەیگ بوە. ئەوە گ من هەوەجەمە لەی ئەوخوەنینە بڕەسمە پێ، ئەودین ئەو بەش نەنۆسریای و نەوەترییایەسە ک لە پشت کوومە پرۆژە ئەدەبیەگەی نۆسەرە. ئڕا من گرنگە، کووِ ئەو پەیام، تم، مانا، بەها و ئشارەیلە بۆنمەو ک خەم و کوروورەی ئنسانپەروەرانەی «ژیار» بوە ک لە ناوەڕووک گشت چیرووکەگانییا دیاری و بەرجەستە بۆنە، یان وە مانای ترەکەو ئەو بەشە بۆنمەو ک لەوای ئەزموون سەرەتایی ئێ ئەدیبە ها لە هۆرشەی ئەوەگ بوودە خاون «جهانبینی» خوەی ک لە ناوییان ئنسان، مێحوەر بوود؛ وە تایبەتیش ئنسان کورد ک گیروودەی دیرووکێگ پڕ لە ستەمکاری لە سەر هەر سێ ئاست ناوخوەیی و هەرێمایەتی و ناونەتەوەیی بوە، وەلێ ئێ هەوڵ ئەدەبییە ئەودەرە لە شوعار و درس کردن کاراکتر سوپرمەن و ساڕووکی هەر ئیدئۆلۆژیای رەسمی و دژ وە ئازادی.

شاعر فەرانسەوی «لوپس ئارگوۆن» باوەڕێ یەسە ک هەر نۆسەرێگ لە سەرەتایا ناچارە لاسایی و دەمەپاسگانی نۆسەرەیل داهێنەر و ڕێبەر بەرەی وەرجە خوەی بکەی، وەلێ هاووەختیش باوەڕێ یەسە ک مەرجە تا ئەو پێ کرێد خوەی لە ژێر هەژموونی ئەو پێشەنگ و ڕێبەرەیلە دەرباز بکەی و بوودە خاون خوەی. من لەیوا ئۆشم ک «ژیار» هەر لە سەرەتاوە خاون ستایل و دەنگ ڕەسەن خوەیە و کۆپی هیچ چیرووکنۆسێگ تر لە ناوِ ناوەند ئەدەبی کوردستانی و خارجی نییە، وەی مانا یەۊ وە قەرت لە ناو کووشک و کاخ هیچ داهێنەرێگ نیشتەجی نەبۆە.

من کەم تاکوت لە نەخشەی داهێنان چینِ نوو لە باشوور و رووژهەڵات کوردستان ئاگادارم، ک شەپوول و جمشت ئەدەبییگ ها لە جمیان ک ئدعای پۆست مودڕنیزم، تکنکیبازی و فۆرمالیزم کەی، ئەمانێ فرەتر گەمەی ئاڵووز و تەم و مژدار و هەڵشکانن زوانەوانییە ک من لەوای خوەنەرِ ئەدەبیات وێڵ و سەرگەردانەو کەی و هیچ مانا، پەیام و تمێگ وەدی نیەکەم ک بوەێدەمەو وە سەر ژیان و کوومەڵ و کوومەڵگەی خوەمان، بێگومان ڕێز و قورب لەوەیش گرم ک هاتێ هەوڵێگ بوود ئڕا خوە رزگار کردن لە «سانسۆر» و پۆلیس و سیخوڕەیل ئەدەبی، وەلێ دۊاجار «مانا»یش گوورِیایە و نریاسە زەۊەو ک ئیمەی کورد گرفتار ئەوەیمنە لە شوون مانایگ ئڕا بۆون و مان و ڕەوایەت بگەردیمن؛ شەهرزاد ئاسا، ڕەوایەت لە پێناو مان و پاوەگەزدان.

«ژیار» نموونەی ئەو نەسڵە نییە ک وە ڕێ فۆرمالیست و تکنیکبازی یان تێکشکانن زوان، پشت لە مانا و پەیام ئنسان‌دووستانەی خوەی بکەی، بیلا بزانیمن لەی ئەوخوەنینە چ مانا و پەیام و جهانبینیێگ دۊنیمنەو.

«نەبۆنێگ ک سارۆ دەیریترەو کەی»

باوجی تایتل/ ناونیشان چیرووک، کلیل دەرگائەوکەرێگە ئڕا ئەوناوچێین هەر تکست ئەدەبییگ، ک کریەی فرەتر نیشانەیگ بوود ئڕا گڕدان خەم و ئارزوو بەردەنگ تا کۆد و ئەوشاریایل تکستەگە بۆنێدەو. من هەر لە ئەوەڵەو تواسم بزانم ئەو «نەبۆن»ە چەس ک «سارۆ»، ک کەس نادیارێگە، دەیری و دیوانە کەی؟ ئڕا وە چشتێگ ک «بۆن»ێ نییە شێت بوود؟ کەی و لە کوو و چۆن؟

وەخت، ئیسەس، وەلێ پیەڵ ناوێن، هەم ویەردەیگ و هەمیش بانانە ک دراما و تراژدییگە. خود چیرووکەگە، ڕەوایەت چیرووکبێژێگە ک خوەی پێمان ناسنێد و جیناو «من» ک ئڕا ئیمە قسە کەی، دیار نییە کییە. مۆنۆلۆگ تاکەدەنگییگە ک هۆردە

هۆردە و وەل حەرەکەت ئەو دەنگا، ئیمە رەسیمنەو، راوی چیرووکەگە، لنگەکەوش ئنسانێگە ک هیچ ناسنامەی شارستانییگ نەیرێ تا شوون و لوور و رەوەند ژیانێ بۆنیمنەو. کەوش خوەی هەم زندان پاس و هەمیش پارێزەرێگە دژ وە هەر چشتێگ ک زیان وە پێ برەسنێ.

ئیمە دۆاتر رەسیمنەو ک خاون پێڵاگە کورِ جوانێگە و خوازێ لە کرماشان(رووژهەڵاتەو) وەرەو مەنەلی(باشوور) بچوود، ئەوەیش ئڕا سەردان خوەیشکەگەی ک تا ئێ دەمە هیچ دراما و ململانییگ ک رح و گەوهەر هەر چیرووێگە تێیا وەدی نیەکرێ. هونەریشێ ها ئێرە ک پلات و ململانی نە کەفتێیەسە دەسپێک و نە ناوڕاس و نەیش پەرتخ، بەڵکو پەخش و بڵاو بۆەسە سەر گشت چیرووکەگەیا ک یەیشە تکنیکێگە ئڕا ئەوشوون کەفتن ماجرا و ناوەڕووک چیرووکەگە. لەیوا ئیمەی بەردەنگ وەل خودِ چیرووکەگەیا هاورێیەو کەی تا فرەتر مەیلەوارەوبۆمن لە ئەنجام ئێ رەوایەت و گەشتوگێڵا ک هاوشان یەکترەکیمن. وە کوو رەسیمن؟ وە مەنزڵگای ئارام یان چارەنۆسێگ رەش! ریتم و رەوەند چیرووکەگە لە بازنەی خڕخواردنێگا بەرجەستەوە بۆە، ئڕا کەسێگ ک بەیاوبەس و هاوخۆنی لەیوا وە سەرێ هاوردێیە ک لە کرماشانەو وەرەو مەنەلی سەرکیشێ بکەی تا وە دیدار خوەیشکەگەی شاد و دڵخوەشەو بوود، یەیشە وە گشت پاودانگ و رەوەندێگ مەرجە ک عادی بوود و هیچ گیروگرفتێگ نەودە نواگرێ، ئەمانێ لەیوا لە ئاو نیەدرای، وەی مدووە ک ئەنجام چیرووکەگە تراژدیایگە ک هیچ هووشمەندێگ نییە وە رەوا بزانێدەی.

بەردەنگ دێرتر و لە ناوڕاس چیرووکەگەیا رەسێدەو ک رەوایەتکەر و کەسێ ک ئێ رۆداوە ئڕای قومیاس، یەی کەس نییە، بەڵکو لنگەکەوش پای راس کەسێگە ک تۆەنێ نمایندەی هەر یەک لە ئیمە بوود. یانێ نۆنەر گشتمانە ک کارەساتِ وە ملِ «مین»ێگا چێن، رەوایەت کەی ک دیارە قول چەپێ و کەوشەگەی لە بن و بووتگەو برێیەیدەو و قرتیەید و پەڕێد و چوودە ئاسمان. لەیواسە ک ئیدی تم و پەیام چیرووکەگە ئڕامان رووشنەوبوود. ئەگەر بەردەنگ بپرسێ ئڕا کەوشەگە لە جی «ئەۆ/سارۆ» قوربانی، سەرگوزەیشتەی کارەساتەگە رەوایەت کەی، بایەس بپەژرنیمن ک «ئەۆ/سارۆ» تەنیا قوربانی نییە، بەڵکو جوور ژیان راسگانی، رووژانە وە هزاران کەس گیروودەی ئێ گرفتەنە ک لە کاڵین ملۆنای¬ملۆن مین وەدیهاتێیە، ک لەی چیرووکیشا مەرز مینڕێژکریای ناوەی دو شار کوردستان، نە تەنیا یەی کەس، بەڵکو گشتێ گیروودە

و بەدبەخت کردێیە. لە سەردەم مودڕنیتە و رووشنگەری، بنیای سەروەخوەیی نەتەوەیل جیاواز، بێجگە لە کوردەیل دانریا.

پەیام نۆسەر لەیرە گومانکردن، بانگەشە، پرۆتستۆ جەنگ، داگیرکەری و ستەمێگە ک وە دریژایی مێژوو دریژەی بۆە و ئیمە لە ناو ئی دیرووکە دەرکریایمنە و تازە لە پەراوێزیشا نیەژیەیمن. گاهەس بپرسین ئەوە چ فانتزیا و خەیاڵ وازێگە ک کەوشێگ لە جی خاونەگەی ئڕامان قسە بکەی؟ راسییێ یەسە ک پاشخوانەگەی لە تایتڵ و ناونیشان چیرووکەگە دیارە ک «سارۆ» زوان حاڵ ئیمەس ک چێیەسە ژێرلق «نەبۆنەیل»ـەو وەتەنیا مەرزەیل خۆناوی مینڕێژ نەکردێیە ک بنبەسێگن ئڕا ئیمە، هاووەخت وە خەڵک و خاکەو لەوای «عیسای مەسیح» چوار میخەمان کوتیایە و دریایمنەسە دەم خاچەو. وە گوورەی قەرار و نەخشەی دەوڵەتەیل زلهێز دنیا ک بۆەسە مدوو ئیە ک ئیمە وە تەنیا «کۆلۆنیال» چوار رژیم ستەمکار نەۆمن، بەڵکو لە ئاست دنیا موستەمەرە و کۆلۆنیال ناونەتەوەیی بۆمن، ئەوە تەنیا مەرزەگان نین ک مینڕێژ کریانە، بەڵکو چەم و دەریاچەگانیش هامیتە بۆنە. هەر وە ئەو ئستدلاڵەو، نیەکرێ «سارۆ» ک نمایندەی خەڵکێگە ئی چیرووکە روایەت بکەی؛ یانێ ملەتێگ هەس ک هەمیشە لە سەر خاک و زێد خوەی ناموو و خاوارەس و لە حاڵ «نەبۆن»ـە، نەگ «بۆن» و «مان» و دابەش کریایەسە سەر داگیرکەرەیلا؛ یانێ وەی مەنتقەو، نۆسەر ناچار بۆە چشت بێگیانێگ لەوای «کەوش» بکەیدە راوی و کارەساتەگە رەوایەت بکەی، ک کەوشیش رەمز خوەپاراستن و گەیشت و رەسین وە مەنزڵگا و هەوار دڵنشین خوەمانە ک لە لیمان دزیایە. مەنن کەوشەگە وە تەنیا لەوای وەزعیەت راسگانی ئاسایی نییە چون ک کەسێگ شک نیەوەید وە لنگەکەوشێگەو گشتوگێڵ بکەی؛ ئەوەیشە ئەگەر کەوش چەپ وە قولێیەو قرتیاۆد و چۆدە ئاسمان، مان کەوش پای راس چ سوودێگ دێرێ؟

لە ناوەڕووک چیرووکەگەیا ئاشکرا دیارە ک «سارۆ» قوربانی، وە قول ئەوبڕیایەو ها لە هۆرشەی یەگ خوەی بکوشێ، وەلێ وە یەی شێوە نە، هەر جار وە شێوە و ئامڕاز جیاوازێگەو، فانتزیای خوەکوشی دێرێ. خود ئەو حس زاڵ خوەکوشییە هاوشان رەوش «نەبۆن»ێگە ئڕا خوەی، گاهەسێش لە مەرگ کوشندەتر بوود. تەنیا چشت وە جیەومای لە ناکامی و شکست گەشتوگێڵەگە، لنگەکەوش پای چەپییە ک ئەو لنگەگەی نەمایە و لە وەخت نەورووز لە جیکەوشیەگە دەرێتیەرێد و بێیەگ قسەیگ بکەی، شاڵ و قەشاوێ دەی، وەلێ لە رێ خەیاڵەو هەوگلێیەوبوو ئڕا دەورەی

منالّی و جوانی ک یەیدەنە لە زرپلیزیپان و هامشوو بۆە. دۆنیمن ک وە سەر ژاری و نەدارییەو، وە چ زامەتێگ پارەی سەنن ئەو جفتە کەوشە وە دەس هاوردێیە و ئیسەیشە گوڕان پاکێیەوکەی ک یەیشە جوورێگ لە باوەڕ نەکردن وە ئەو راسییەسە ک لە دۆای هەفت ساڵ لە کارەسات لە دەس دان قولەگەی، یەی هێمانێ هەسەی. «نەبۆن» نیەپژرنێ و هەر وە ئێ مدوویشەسە ک ئڕا هەمیشە لە ناو خەیاڵا، کەوش نوو سێنێ و هەڵگەردێدەو ئڕا دەورەی منالّی ک سەرگەرم بازی و تووپان بۆە.

لە راسییا قەفەسەگە وە تەنیا جەعبەی ئەوشارتن و دانان کەوشەیل نییە، بەڵکو خود قەفەسەگە هاووەخت زندان ئەو «نەبۆن»ەسە ک وەل کەوشەگەیا هەر ئەو چارەنۆسە دێرێ. گشت هەوڵ و تەقەلای «نەبۆنِ ناو چیرووکەگە ئەوەسە ک ئڕا ئیمە گوم و ئەوشارپای نەود. هەر ئەو خوازیارییە لەیوا کردێیە ک زۆ وە زۆ بوەێدەمانەو ئڕا ویەردەی دۆر دەورەی منالّی و نەوجوانی خوەی.

بەردەوامیش لەیوا دیارە ک نۆسەر خوەی لەورە نییە و چەو دۆربینەگەی، وە تیەڵترین و کوشندەترین شێوە و گوشەتماشای ئەزرەتمەندانەیگ، سەرجەم ماجرا و رۆداوەگان زەفت کەی. ئەمانێ بێلایەنگری، چیرووکەگە سینماتیکە و هەر دیمەن و تابلۆ و نقاشییێگ، گوشەی تراژدیایگ نیشان دەی.

یانێ هەرچەن «سارۆ» لە بار فیزیکیەو مایە، وەلێ «سارۆ» قوربانی، وەک بار روحی و ئنسانی، کوشتەی دەس نەخشەیل تەحمیلیە ک خوەی وە «نەبۆ»نێگ زانێ. «سارۆ» قوربانیی دەس دەسەڵاتەیل سەرمایەدار و بەرژەوەندیخوازە ک وە ملۆنای¬ملۆن مین کردنەسە خەڵات ئیمە و خەسارەگەی کوشندەتر لە کوشتن و مەرگە. حس قوربانیەگە جوورێگ خەمناکە ک هەر رووژ خوەی و هاووڵاتی و هاوتخمەگانێ لە مردنێگ ک وە دریژایی ژیانە و پسا وە کووری و شەلی و قاچ و قول ئەوبڕیای ژیەن، دۆنێ، ک جارجاریش قوربانیەگان هەر چوار پەلێیان قرتیەی و لە ناو چن. پرسیار ئەخلاقی رەوشتمەندانە ئەوەسە ک ئایا دنیای شارستانی و شوورش پێشەسازی رووژئاوا(ئرووپا و ئامریکا) دیاردەی ناو شرکەت، کارگەیل کوورۆن، کەڕبۆن، لاڵبۆن، شەلبۆن، مردن و وەکیسەڵبۆن ئڕا ئیمەی قوربانیی دەس نەتەوەیل باندەس دنیاس؟ سەرجەم تراژدیاگە ئشارە وە «ژینوساید» و قڕکردن مەردم ئیمەس. بێمدوو نییە ک کەوشەگە لەوای «ئۆبژە» رەوایەت کەی، چون ک خود «سۆبژەگان» لە سەر زەۆ بێدەنگ و خامووشن. یانێ ئڕا نیەکرێ لنگەکەوش

بیٚگیانێگ، چیرووکبێژەگە بوود؟ ک خاونەگەی هەوەجە وە گەیشتوگێڵێگ داشتێیە و وە پەیمان و سووز و خوەشیەو تواسێیە وە دیین خوەیشکەگەی شادەو بوود ک رووژیارێگ لەوای تازەوەوییێگ شۆ کردێیە و ئەو وەختە هیچ مینێگ لە کار نەبۆە. ئەمانیٚ لە دۆای سالانێگ براگەی وە دزیەو تواس سەفەرەگەی ئەو پەرتخ بڕەسنیٚ ک نەکریا، چۆن ک سیمخارداریٚ کیشیاس و وە سەگ پۆلیس، سیخوڕی، کاشفی و سەرباز تفەنگ وەدەس دەورپێچ دریایە. لە ناونکی سەفەرەگە کەوشەگان گووش لە مینەگان تەکنن ک لە زاهرا و نە لە باتنا، نمایندەی وڵاتەیل دمۆکراتخواز و ئنسان‌دووسن. ئەگەر «سارۆ» قوربانی، لەوای هەر پەس و پووڵەی تر لە ناو سرووشت بچووده مل مینا و مین بتەقێدە پێیا، وەی ماناسە ک «ئەوٚ» ئنسان هیچ جیاییێگ نەیریٚ وەگەرد هەر چشت مردیٚ یان زینیٚ، وەی مانا ک «ئەوٚ» دی چووده چۆزمانێگەو ک دی ئنسان نییە، بەڵکو چشتێگە بیٚگیان و مردیٚ، «ئۆبژە»ـ نە «سۆبژە» و زینیٚ، دیارە «سارۆ» وە لەونێگەو تەنیاس و پەنا بەی وە لنگەگەوشەگەی ک لە پای راسیٚ وەجیەو مایە و تەنیا هۆرمانێگە لەو سەفەرە. تەنیایی و وە «چشتبۆنِ «ئەوٚ» ک وەڕاسی هەر گشتمانیمن. لەیوا پێش هاتێیە لنگەکەوش وە جیەومای، سەرگوزەیشتەی کارەساتەگە رەوایەت بکەی ک «ئەوٚ» بیٚگیان بوودە نمایندەی حس و حاڵ «ئەوٚ/ سارۆ» قوربانی. لەو وەختە ک کەوشِ وە جیەومای لە نوای بۆنەوەرێگ سەرکەش و مەرزبڕ ک مەرگ خوازیٚ نە ژیان، بوودە راوی و چیرووکبێژ، لە خەیاڵ خوەیا وە دەم بەردەوامەوبۆن سەفەرەگەی ها هۆرشەی یەگ ئەگەر سەربازەیل عراقی سەر مەرز بگرن، ئەوسا خریەیدە زندانێگ ک زوان زندانیەگانیٚ نیەزانیٚ، هەرچەن ک لە دۆای کارەساتەگە «ئەوِٚ» نەبۆ هیچە زوانا نیەتیەریٚ، لەوای یەگ ئڕا هەمیشە لاڵ بوود، کەوش، مین، گولە، کوچگ و داریش قسە کەن، بێجگە لە خود قوربانیەگەمان، یانە یانیٚ زام سەرزەنشت کردن و دادگایی کردن دەوڵەتەیل شارستانی و مودڕن.

نۆسەر هان دایە ک بێجگە لە ئیمە ک «نەبۆنەگان»یمن لە سەر ئاست سیاسی و دیرووکی، یانیٚ لەیوا درسترە کەوشەگان و مینەگان قسە بکەن چون کە ئیمە نیمن، تازە بەشێگ لە مینەیل کوشندە، ئنسانیترن لە خاون کارخانە و کارگەیل و سیاسەتبازەیل و سەرمایدارەیل بەرژەوەندیخواز و خودپەرەس، وە ئەنازەیگ دراماتیک و تراژدییە ک خود مینەگان حس کردنە ک چەنێگ بێهوودە و نائنسانییە ک خوەیان بتەقننەو ئڕا یەگ ئنسانەیل و گیاندارەیل کۆە بکوشن. بەخشین زوان وە «مینەگان»، ئشارەی نۆسەر وە «چشتبۆن» بازرگانی خۆن و مەرگ لە سەرایسەر

دنیاسە، جوور ئەو رستە ک ئۆشێ «کارەساتەگە ئێڤەرە تیەڵ و تراژیکە ک دار و بەرد تیەرێدەو قسە، نە ئنسان»

لە ناو ئێ چیرووکە کەس زینییگ نیەۆنیمنەو ک قسە و دەمەتەقە بکەی، بێجگە لە کەوش و مینەیل و چشتەیل بێروح، لە کنار سەربازەگان ک ئەوانیش ژیانکوش و پاسەوان مەرگن و هەمیش مەرگچنن، ئەوانەنە ک هەر ئنسان سنووربڕێگ بوود، ناچارە بچوودە ناو خانەی «نەبۆنەگان»ەو ک بێگومان گشتمانیمن.

راسە ک «کەوش» لەوای رەمز و نیشانە، نمایندەی فرە مانا و باوەت و رەوش و چشتەیلێگە وە تایبەتی لای ئیمە «رووژهەڵاتی/خاوەرمیانەیی» ک فرەتر وەک رەمز سووکی و پۆچی و چەپەڵی و هیچبۆن هەر کەسێگ و هەر چشتێگە ک لای ئیمە نزم و کەم و پیسە، هەرچەن لە ناو فەرهەنگ ملەتەیل تر، رەمز دەیان چشت رەنگین و جوانە، وەی مانا هەر چەن جی بەرز و بڵێنێ دێرێ لە نیمنگای ئیمە، کەوشیش هەرئەو بار پۆزیتیڤی و رەنگینیە دێرێ، وەلێ لای ئیمە کەوش هەرگز لەوای سەر نییە ک رەمز شکومەندی و ئاوەز و بۆنێگ خودایانەسە. وە بوونەی هەر ئێ مانا و نیشانە، چیرووکنۆس وە ئەنقەز لەوای رەمز باوێگ لە ناو فەرهەنگ ئیمە، کەوش کردێیەسە ناوەند و هەر ئیە مێحوەر چیرووکەگە ئڕا وەزعیەت وە چشتبۆن و سڕینەوە و نەمان فیزیکی و روحی ئیمە و شێوانن یەیجارەکی داوڕێ؛ لە ناو جهانێگ ک بێجگە لە فەراموشی و ژیان پەراوێزخریای و مەرگ و شێوانن هیچ تر ئڕا ئیمە وە رەوا و راس نیەزانن.

وە سەر گشت پاودانگێ، مەرجە گەیشت کاراکترەگە عادی بۆاتا و هیچ تەنگانە و تەنگ و تفتییگ نەودە نواگر، ک لەیوا رۆ نیەی، وەی بوونەوە ک ئەنجام چیرووکەگە تراژدیایگە ک هیچ هووشمەندیگ نییە وە رەوا بزانێدەی. نیەود چەوەڕێ هیچ درامایگ بۆمن ئڕا ئەوپەڕین لە سنوور دەسکرد ناوەی دو شار ک لە هیچ جوقرافیایگا نەۆەسە مدوو کارەساتێ، بێجگە لەی جوقرافیای ئیمە ک مینێدە زندان گەورایگ، یان مەمڵەکەت تەلبەندکریاگێ ک ناوێ «رەشهەڵات ناوڕاس»ە ک هەرچەنێ خوەر درەوشانێگ وە ئاسمانەودێرێ، وەلێ روح مەردمانێ تیەریکستانە و خوەر لە ناوێیا نیەهەڵای.

وتار و دیسکۆرس و پەیام سەرەکی و گەوهەردار نۆسەر لەوەیا چڕوپڕەوکەم ک مەرجە ئنسان رێز و قورب ئڕا سنوورەیل دەسکرد نەنەی ک لە خۆن رەژیانە، سنوورێگ ک ئڕا مەلەیل و باڵندەیل ئاسمان و گیاندارەیل کۆەی ناو وشکایی و سرووشتی وازن، تا تەنانەتێگ ماسی و نەهەنگ و گیاندارەیل ناو دەریایش رێز و

قوربێ لە سنوور نیەگرن، ک بزانە لە سەدەی بیس و یەک و هزارەی سێیم، ئیمە مەردمان دنیای بەرفراوان و ئازاد، وە مین و سیم و دیوار دەورمان گرتنە و ئێ وڵاتەیلە فرەتر مینێنە زندان و ئۆردووگای زوورەملی، نە جوقرافیایگ ئڕا ژیان و خوەشی و وەل یەکا ژیان.

– پژوهشی در اساتیر ایران/مهرداد بهار. لاپەڕەی ٢١٦

– لەوکاتە ژن هێنان لەنێو بنەماڵەدا باب بووە و بە گوناح لە قەڵەم نەدراوە. لەسەرچاوەی سەرو لاپەڕەی ٢٣٠ وانووسیوە: لە یەسنای ٣٢ بەندی ٨ گوناهی جەمشید ئەوەتە کە گۆشتی گا بۆ خۆراکی خەڵک هێنا بەڵام شانامە و دەقی ڕێوایەتی پەهڵەوی و ئەودوایی سەرچاوە مێژوویەکانی فارسی و ئەرەوی دەڵێن: گوناحی جەمشید ئەوە بوو کە داوای خوایی کرد و لە وودا نووسیوە کە رەنگە گوناحی جەمشید ئەوە بوو کە لەگەڵ خوشکی خۆی زەماوەندی کرد. لە ریگوودا نووسیوە کە خوشکی جەمشید لێ داوا دەکەی کە لەگەڵ ئەودا دەسلەملان بێت تا تۆرەمەی مرۆف تێک نەچێت بەڵام جەمشید قەبوڵ ناکەی و دوایی بەهۆکارێکی نادیاری ئەوکارە ئەنجام دەدا.

لە کتیبی تاریخ ایران،جلد سوم قسمت اول لاپەڕەی ٥٣٣ نووسیوە:... دەڵێن کە جەمشید خەڵکان بە ئعتداڵ ڕێنوێنی کرد. لەبەر هەبوونی فەڕەهی ئیزەدی لە وجوودی ئەودا توانی کە مەرگ و نەبوون لە وڵات و گەلی خۆی دوور بخاتەوە بەڵام لەکوتایی داوای خوایی کرد و هەر بەمبۆنەوە فەڕەهی ئیزدی لێ‌دوور بوو.

– هەر لێرەدایە کە فەڕەهی خوایی لە جەمشید دوور دەبێتەوە و هەروەها دەتوانین ڕووبەڕوو بوونی ئائینی زەردەشتی و مێهری هەڵسنگێنین چونکە لە ئائینی زەردەشت زەماوەند لەگەڵ مەحارم حەڵاڵ بووە بەڵام ئاوا دەستوورێک لە ئائینی مێهری و زرڤانی باب نییە.

– هەمان سەرچاوە–لاپە ٢٨٠

– فەرهەنگی زانستگای کوردستان/ بەسەرپەرەستی مامۆستا ماجد روحانی.

– دانشنامەی کوردیکا/ئاکۆ جەلیلیان.

– زەڕینەوسیمینە/بەرگی دووهەم/ ئاکۆ جەلیلیان.

– زەڕینەوسیمینە/بەرگی دووهەم/ ئاکۆ جەلیلیان.

– زەڕینەوسیمینە/بەرگی دووهەم/ ئاکۆ جەلیلیان.

– زەڕینەوسیمینە/بەرگی یەکەم/ ئاکۆ جەلیلیان.

- تاوی یان تاۆ جۆرەداریکی زۆر گەورەیە و بەرەکەی وەک بەلالۆکە و بە نێسبەت چەورە و تامی تاڕادەیەک گەسە ولای کوردان داریکی موقەدەسە و زیاتر لە پێنجسەد ساڵ ئەمێنێت. ڕەنگە هەر ئەو داری ساج بووبێت بەلام لە فارسیدا داغداغانی پێ دەڵێن.
- زەڕینەوسیمینە/بەرگی دووهەم. ئاکۆ جەلیلیان.
-کورد و چەند بابەتێکی مێژوویی-هاشم عاسی کاکەیی-چاپخانەی ئارابخا، کەرکوک ٢٠٠٦
- زەڕینەوسیمینە/بەرگی دووهەم/ ئاکۆ جەلیلیان.
- زەڕینەوسیمینە/بەرگی دووهەم/ ئاکۆ جەلیلیان.
- لە کتیبی ئەساتیری ئێرانی کۆن وانووسراوە کە سام دوای چل شەو و چل ڕۆژ سکالاَ و پاڕانەوە لە ئەهوورامەزدا داوای کوڕێک لێ دەکا و ئەهوورامەزدا کوڕێکی پێ ئەبەخشێت. کە سام بۆ سپاسگوزاری دەچێتە سەرشاخ و دێتەوە دەبینێ کۆرێکی کەزاڵ و مۆ سپیە و لەداخا بەجێی دەهیلێ و سیمورغ ئەوی پەروەردە دەکا.
- فەرهەنگی باشوور/ ئاکۆ جەلیلیان.
- زەڕینەوسیمینە/بەرگی دووهەم/ ئاکۆ جەلیلیان.
- زەڕینەوسیمینە/بەرگی دووهەم. ئاکۆ جەلیلیان.
- گارەگار: قاسپە قاسپ.کاتێک کەوک گارەگار دەکا، لە دوورا وا دێتە گوێ کە گوایە ئەڵێ ئێرە ئێرە.
- زەڕینەوسیمینە/بەرگی دووهەم/ ئاکۆ جەلیلیان.
زەڕینەوسیمینە/بەرگی دووهەم. ئاکۆ جەلیلیان.
- کتیبی «طب» ئەبوو عەلی سینا
- زەڕینەوسیمینە/بەرگی دووهەم. ئاکۆ جەلیلیان.
- زەڕینەوسیمینە/بەرگی دووهەم. ئاکۆ جەلیلیان.
- زەڕینەوسیمینە- بەرگی دووهەم-ئاکۆ.
- تەفسیری ئەوستا، جیم د.دارمستتر، وەرگێڕانی د.مووساجەوان، لاپەڕەی ١١٢.
- هەمان سەر چاوە، لاپەڕەی ١١٣.
- مزێر: مضر
- ئاوەشوو: جندە، گەنەکار.
- زەڕینەوسیمینە/بەرگی دووهەم. ئاکۆ جەلیلیان.
- زەڕینەوسیمینە/بەرگی سێهەم-ئاکۆ.
- زۆیەڵە : کیسەی سەفرا.
- دەسهاڕ : ئاسەک، ئاسیاو دەستی.

- وەسمە: پێستی گوێزەکە هاڕیاوە و وەک خەنە لە مۆی ئەگرن.
- سەرانسیە: نەخۆشی میگرن.
-قاپ: ئیسقانی قاپی پێ.
- زەڕینەوسیمینە/بەرگی دووهەم-ئاکۆ.
- زەڕینەوسیمینە-بەرگی سێهەم-ئاکۆ.
- زەڕینەوسیمینە/بەرگی دووهەم-ئاکۆ.
- برنگایبرنگ = تەفراوتووناوی.
- زەڕینەوسیمینە/بەرگی سێهەم-ئاکۆ.
- زووە: نەخۆشیکە وەک کەوڵە کە ئەنگۆستی دەست و ژێری نەینۆک پەیدا ئەبێت و ئەبێتە هۆی سوور بوونی ئەنگۆست.
- زەڕینەوسیمینە/بەرگی دووهەم-ئاکۆ.
- زەڕینەوسیمینە/بەرگی دووهەم-ئاکۆ.
- زەڕینەوسیمینە/بەرگی دووهەم. ئاکۆ جەلیلیان.
- تەفسیری ئەوستا - جیم د.مستتر- وەرگێڕانی -د. مووسا جەوان/ لاپەڕەی ٧٦ چاپی دووهەم- دنیای کتاب.
- هەمان سەرچاوە. لاپەڕەی ٧٧.
- هەمان سەرچاوە. لاپەڕەی ٧٨
- هەمان سەرچاوە. لاپەڕەی ٧٨
- زەڕینەوسیمینە- بەرگی دووهەم- ئاکۆ.
- زەڕینەوسیمینە- بەرگی دووهەم- ئاکۆ.
- زەڕینەوسیمینە- بەرگی سێهەم-ئاکۆ.
- زەڕینەوسیمینە- بەرگی دووهەم-ئاکۆ.
- زەڕینەوسیمینە- بەرگی یەکەم-ئاکۆ.
- وەفر ئێلاخان : ئستعارەیە وەکوو بای شەماڵ. هەروەها خەڵک بەگشتی لە سەر ئەم باوەڕەن کە دوایین بەفری ئێلاخان وەکوو ئاوی زنیان یان حەیاتە و شەفا بەخشە.
- هەگبەوهەوارگە، نووسینی ئەیووب رۆستەم- چاپی یەکم- سلێمانی ٢٠٠٣ لاپەڕەی ٣٣.
- زەڕینەوسیمینە- بەرگی دووهەم-ئاکۆ.
- زەڕینەوسیمینە- بەرگی دووهەم-ئاکۆ.
- زەڕینەوسیمینە- بەرگی دووهەم-ئاکۆ.

# پڕۆژەی ئەتڵەسی زمانانی ناو ئێران، جۆراجۆری وشەیی..

پ. جەعفەر شێخولئیسلامی

**دوکتور جەعفەری شێخولئیسلامی پڕۆفێسۆری هاوکار و مامۆستای زمانناسی و لێکۆڵینەوەی زمانی لە زانکۆی کارلتن لە کانادا. لەبارەی پڕۆژەی ئەتڵەسی زمانانی ناو ئێران، جۆراجۆری وشەییدا رووبەرووی ئەو هەڤپەیڤینەمان کردەوە:**

**حەسەنی قازی: پێش ئەوەی بچینە سەر بابەتەکەمان دیارە ئێمە لە سەر بابەتێکی کەمتر باسکراو لە چوارچێوەی زمانی، لە پێوەندی لەگەڵ زمانی کوردیدا قسە دەکەین، بەڵام پێش ئەوەی بچینە سەر ئەو بابەتە تایبەتییە، چونکە بیستم جەنابت لەو دواییانەدا لە زانکۆی تۆرۆنتۆ زنجیرە دەرسێکت هەبووە سەبارەت بە زمانی کوردی، پێمخۆش بوو ئەگەر بکرێ بە کورتی سەبارەت بەو خولە باس بکەی؛ بڵێین بەو خولەی کە لە رێگای ئینتەرنێتەوە بە شێوەی زیندوو، نەک لەوێ بێ بڵاوکراوەتەوە. وەک من زانیومە زۆر چاک دەنگی داوەتەوە و لە زانکۆ تۆرۆنتۆ زۆر پێشوازی لێ کراوە. فەرموو!**

**جەعفەری شێخولئیسلامی:** بەڵێ ئەمە گرینگ بوو. من ساڵی ڕابردوو ساڵی پشووودانم بوو، ئەوەی کە پێی دەڵێن پشوودانی ئاکادیمی، ئێمە هەر شەش ساڵ کە خزمەت دەکەین ساڵێک پشوودانمان هەیە بۆ ئەوەی کە خۆمان بە ڕۆژ بکەینەوە وشتی تازە بکەین و بچین سەفەر بکەین، زانکۆی تازە ببینین. زۆر حەزم دەکرد دیسان بگەڕێمەوە کوردستان چونکە ۲۰۱۲ و ۲۰۱۳ کە دیسان ئەو دەرفەتەم هەبوو لەوێ بووم، نۆ مانگ، زۆر تەجروبەیەکی بە کەڵک بوو دیسان حەزم دەکرد بچمەوە وێ، بەڵام ئەو وەزعەی کە هاتبووە پێشێ و پاشان دەنگۆی کۆرۆنا هەبوو وازم لێ هێنا، بەڵام دەرفەتێک هەڵ کەوت کە زانکۆی تۆرۆنتۆ زانیبوویان کە پشوودانم هەیە بانگیان کردم، دیارە بە نێوبژیکەری و بە یارمەتی مامۆستایەکی زۆر بەڕێز لەوێ کە بچم کۆرسێک لە سەر زمان و ئەدەبی کوردی پێشکەش بکەم. هەڵبەت ئەوان گوتیان هەر بە پێوەندی بە کوردەوە هەبێ. من خۆم شتێکم هەڵبژارد بە ناوی:» پێشەکییەک بۆ زمان و وێژەی کوردی». چەند خوێندکارێکی خۆیان بەشدار

بوون، چونکە زۆر درەنگ بەداخەوە هەموو کاروبارەکەی جێ بە جێ بوو، پاشان بڕیار بوو من بۆخۆم لەوێ بم سێ مانگ میوانیان بم، بەڵام ئیتر کە کۆرۆنا هاتە پێشەوە ئەمە نەکرا، ناچار بووم هەر لە شارەکەی خۆم، هەر لە ئۆتاوا بمێنمەوە. ئەمە بووە هۆی ئەمە کورسەکە لە سەر ئانلاین بێ و خوێندکاران خۆیان کەمتر بەشدار بن، بەڵام زۆرتر لە ٥٠ کەس لە تەواوی دنیاوە خۆیان نووسی لەمانە چەند پرۆفسۆری زانکۆی تێدا بوو لە مێکزیکۆ، لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە کەنەدا، لە تورکیا، لە ئێران، لە ئەڵمانیا پاشان خوێندکاری دوکتورای زۆر تێدا بوو، خوێندکاری ماستری تێدا بوو. چەند دوکتوری دیکەی تێدا بوو کە دوکتورایان هەبوو لە بواری دیکە دا، مامۆستای زانکۆ نەبوون بەڵام دوکتورایان هەبوو. کۆرسەکە زۆر بە سەرکەوتوویی تەواوبوو. واتە نزیکەی شەش حەوتوو بوو، لەم شەش حەوتوویەدا حەوتووی دووجار یەکترمان دەبینی، لە سەر تۆڕی زووم بوو، هیچ کێشەیەک نەبوو، زۆربە گەرم و گوڕی بەشدار بوون، زۆر بەباشی وەرگیرا. چونکە ئەوەندی من بزانم نەک تەنیا لە باکووری ئەمریکا بەڵکوو لە تەواوی وڵاتانی دەرەوە یەکەم جار بوو کە کۆرسێکی زانکۆیەکی زۆر بەناو و دەنگی دنیا وەک زانکۆی تۆرۆنتۆ تەرخان کرا بۆ زمان و ئەدەبی کوردی و زۆر خۆشحاڵم کە ئەم کۆرسە توانی بە سەرکەوتووییەوە بەڕێوەبچی و لێرەش ڕێگام بدە کە سپاسی ئەو دیپارتمانە بکەم، ئەو بەشە بکەم کە دوکتور ئەمیری حەسەنپوور یادی بەخێر لەوێ پرۆفسۆر بوو، دیارە ئەمە کاریگەرییەکی زۆرگەورەی هەبوو لەبەر یاداوەری دوکتور ئەمیر نەبووبا لەوانە بوو من هەر نەناسن، هەر کاریان پێم نەبێ، پاشان پرۆفسۆر شەهرزاد موجاب هاوژینی دوکتور ئەمیری حەسەنپوور هەر وەها ئەویش دەورێکی زۆرگرینگی گێڕا و زۆر زۆر سپاسی دەکەم.

**حەسەنی قازی: باشە مامۆستا جەعفەر ئێستا کە باسی نەمر مامۆستا ئەمیری حەسەنپوورت کرد وا بزانم ڕەنگە بەشێک لە کوردەکان ئاگادار بووبن بە ڕێگای ئینترنێت ڕا کە کتێبەکانی و ئارشیڤەکەی هەمووی لە کتێبخانەی زانکۆی تۆرۆنتۆ داندراوە. لە سەر ئەو ئارشیڤەش ئەگەر بە کورتیش بێ هێندێک زانیاری بدەی زۆر باش دەبێ، چونکە زۆر بەجێیە لەبەر ئەوەی کە ناوی نەمر حەسەنپوور هات.**

**جەعفەری شێخولئیسلامی:** بەڵێ، بۆخۆت دەزانی کاک حەسەن ئەمن لە شوێنێکیش نووسیومە وا بزانم لە گۆڤاری «بیر و هزر» دا، لەوێ بیرەوەری خۆم دەگێڕمەوە

کە چۆن یەکەم جار چوومە ماڵی دوکتور ئەمیری حەسەنپوور ساڵی ١٩٨٨ و چەند ئارشیڤەکەی و کتێبخانەکەی تەئسیری لێ کردم. ئەمن هەمیشە لە ژێر کاریگەری ئەو کتێبخانەیەی دوکتور ئەمیردا بووم. کاتی خۆی کە خەریکی نووسینی دوکتوراکەی خۆم بووم زۆرم کەلک لێ وەرگرت، زۆر بە دڵ فرەوانی و بە مێهرەبانییەوە هەمیشە کتێبخانەکەی دەرگای ئاوالا بوو بە ڕووی هەر کەسێکەوە کە دەیویست لێکۆڵینەوە بکا، بە هەر حاڵ یەکێک لە وەسییەتەکانی ئەمە بوو کە ئەم کتێبخانەیە بدرێ بە زانکۆی تۆرۆنتۆ یان شوێنێکی لێکۆڵینەوەی گەورە بە تایبەت لە باکووری ئەمریکا. چونکە لە ئوڕووپا ئەو ئیمکانییاتە و ئەو دەرەتانە زیاتر هەیە لێرە بە ڕاستی زۆر کەمترە شوێنی وا. بە هەر حاڵ بە هیممەت و هەوڵ و تێکۆشانی پرۆفسۆر شەهرزاد موجاب دیسان، هاوژینی دوکتور ئەمیر، ئەم ئاڕشیڤە گەورەیە هەمووی کۆد کرا، هەمووی دابەشکرا بە سەر کتێبدا، گۆڤار، بەسەر وێنە، بەڵگەنامەی مێژوویی، دەستنووس زۆر بە جوانی ڕێک وپێک کراوە، لیستێکی گەورە گیرا چەند خوێندکار یارمەتیدەری دوکتور موجاب بوون، پاشان چەند کتێبداری کتێبخانەی زانکۆی تۆرۆنتۆ. جەنابیشت بەشدار بووی کە زۆر سپاست دەکەین لە وەرگێڕانی تێکستە سۆرانییەکە، تێکستی کوردیی ناوەراست، لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردیی ناوەڕاست کە زۆر سپاست دەکەین. ئێستا لیستەکە بۆ هەموو کەس ئامادەیە، هەرچەند پێشتر بڵاومان کردوونەوە، بەڵام دیسانیش لە خزمەت دام هەر کەس پێویستی بوو دەتوانێ پێوەندیی بگرێ من لینکەکەیان بۆ دەنێرم بۆ ئەوەی کە بتوانن شوێنی هەڵگرن لە سەر کتێبخانەی زانکۆی تۆرۆنتۆ بتوانن لیستەکە ببینن. پاشان هەموو شتەکان بەداخەوە تا ئێستا سکەن نەکراون، بەشێکی زۆری کراوە، بەڵام بەشێکیشی ماوە، بەڵام بەهەرحاڵ ڕێگای دیکە هەیە کە چۆن دەستیان ڕابگا. ئاڕشیڤێکی یەکجار بە نرخە واتە بە ڕاستی شتی وا کەمە لە دنیادا.

**حەسەنی قازی: زۆر سپاس مامۆستا بۆ ئەو زانیارییە بە نرخە. ئێستا بێینە سەر بابەتەکەمان دەزانین کە لە زانکۆی بامبرگ لە ئەڵمانیا لە سەر مەسەلەی کوردی و زمانناسیی کوردی لێکۆڵینەوە دەکرێ و لە کتێبێکدا کە ساڵی ٢٠١٩ بڵاو کراوەتەوە تەرخان کراوە بۆ بابەتەکانی لەمەڕ زمانناسیی کوردی و یەکێک لە بابەتەکان سەبارەت بە ئەتڵەسی زمانییە لە ژێر ئەو تیترە دا «ئوستانی کوردستان لە ئەتڵەسی زمانناسی ئێراندا، پێواژۆی لێکۆڵینەوە و دابەشبوونی زمان و کەڵەکەبەندی کردنی زمان»**

**ئەمن تەماشای ئەو مەقالەیەم کرد و لەوێدا هاتووە ئەو گرووپەی کە لە سەر ئەتڵەسی زمانانی ناو ئێران کار دەکەن بە تایبەتی لە سەر ئەتڵەسی پارێزگای کوردستان وئوستانی کوردستانیش کاریان کردووە. جا لە پێوەندی لەگەڵ ئەو مەقالەیەدا، چونکە نێوی جەنابیشت هاتووە لەوێدا، پێم خۆش بوو هێندێک زیاتر شی بکەیەوە، یەکەم ئەوەی کە پێداویستی ئەتڵەسی زمانی چییە و چ یارمەتییەک دەکا بە مەسەلەی پاراستنی زمان و تا ئەو جێگایەی کە دەکرێ سەبارەت بەو ئەتڵەسە و لە پێوەندی لەگەڵ ئوستانی کوردستاندا زانیاری بدەی فەرموو.**

**جەعفەری شێخولئیسلامی:** زۆر سپاس کاک حەسەن گیان، بەڵێ ڕاست دەفەرموون زانکۆی بامبرگ بە هۆی بوونی پرۆفسۆر جێفری هەیگەوە ماوەیەکە زۆر هەڵسووڕە لە بواری زمان و زمانناسیی کوردیدا بۆ وێنە ساڵی٢٠١٧ بە بەشداری دوکتور ئۆیپەنگین و مایکڵ شایەت و چەند مامۆستای دیکە، دوکتور پەروین مەحموود وەیسی و چەندین دوکتور و مامۆستای دیکە توانیمان دوو حەوتوو کلاسی زمانی کوردی هەم بۆ کوردیی ناوەندی، هەم بۆ کوردیی باکووری و بەشێکیش بۆ هەورامی کلاس دابنێین بۆ نزیکەی ٣٠ خوێندکار کە لە تەواوی دنیاوە هاتبوون ئەو دوو حەوتوویە بەشدار بوون. کاری زۆر گەورە کراوە، یەکێک لەو کارانە ئەمەیە کە جەنابت باست کرد کتێبێک چاپ کراوە کە تەرخان کراوە بۆ بوارەکانی زمانناسیی کۆمەڵایەتی و دایالێکتۆلۆژی. یەکێک لەو وتارانەی کە تێیدایە لە لایەن من و دوکتور ئێرێک ئەننبی کە هاوکاری خۆمە لە زانکۆی کارلتن لێرە لە ئۆتاوا و هەر وەها خوێندکارێکی دوکتورا ئەویش کاک مەسعوود محەمەدی ڕادە. بە خۆشحالییەوە دەتوانم بڵێم جەنابیشیان بە زوویی واتە هەر ئەو حەوتوویەی کە دێ لە فەڕانسە دوکتوراکەی تەواو دەکا لە بواری زمانناسیی کوردی. واتە ئێستا زمانناسی پسپۆڕ و شارەزای زمانناسیی کوردیمان یەکجار زۆر بووە. ئەم وتارە بەشێکە لە زنجیرە وتارێک کە بە سەرپەرشتی مامۆستا پرۆفیسۆر ئەننبی کە ئێستا بووە بە تەواو پرۆفیسۆر لە بەشەکەی بەڕێوەچووە. چونکە ئەو دیرێکتۆر و سەرپەرشتیاری سەرەکی ئەو ئەتڵەسی زمانییە. نزیکەی دەتوانم بڵێم پازدە ساڵە شەو و ڕۆژ ژیانی خۆی بۆ ئەمە تەرخان کردووە، بە شێوەیەکی زۆر ڕێکوپێک بەڕێوەی دەبا بەو واتایە کە نزیکەی ٨٠ کەس یارمەتی دەدەن زۆربەیان ئەمانە زمانناسن یان خوێندکاری ماستر و دوکتورای زمانناسین چ لە ناوخۆی ئێران، زۆریان لە ناوخۆی ئێرانن و چ لە دەرەوەیدا. تا ئێستا لە سەر پارێزگاکانی هۆرموزگان، پاشان چوارمحاڵی

بەختییاری، ئیلام و کوردستان کاری کردووە، کرماشان بەشێکی باش کاری لە سەر کراوە و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا کە موکریان بەشێکی سەرەکی ئەو ئوستانەیە ئەویش ئێستا لە ژێر کارکردن دایە. پڕۆژەیەکی یەکجار زۆر گەورەیە ئامانج ئەوەیە کە نەخشە و ئەتڵەسی زمانی لە ئێران یان زمانەکانی ئێران دروست بکرێ، نەک زمانە ئێرانییەکان، بەڵکوو ئەو زمانانەی لە ئێران هەن جا لاری بێ، بەختییاری بێ، عەرەبی بێ، فارسی بێ، تورکی بێ، تورکەمەنی بێ هەموویان نەخشەکەیان دیاریی دەکرێ. ئەو پرسیارەی فەرمووت کە بۆ زۆر بەجێیە کارێکی وا بکرێ؟ ئەمە زۆر گرینگە بە ڕاستی، یەکیان ئەوەی کە دەمانەوێ بزانین چەند زمان لە ئێران قسەی پێ دەکرێ و کێ قسەیان پێ دەکا، لە کوێ بتوانین سنوورەکانیان دیاری بکەین، بتوانین لە بواری ساختاری زمانییەوە، پێکهاتەی زمانییەوە ئایسۆگلاسەکان دیاریی بکەین، چونکە ئاوا ئەو کات دەزانین بۆ وێنە ئەگەر زمانێک هەیە کە لە مەترسی دایە، مەترسی لەناو چوون و توانەوەی لە سەرە، ئەو دەم دەکرێ ئەو کەسانەی کە خەم لە شتی وا دەخۆن ئاگادار بکرێنەوە بە شێوەیەکی جیدی. نەک ئەوەی کە یەکێک و دوو کەس یان دە کەس بە بێ لێکۆڵینەوە ئەم قسەیە بکەن، چونکە لەوانەیە ئەوانەی دەستیان دەڕوا زۆریان گوێ نەدەنێ، بەڵام کە ئاوا داتای مسۆگەر و جێگای متمانە هەبوو ئەودەم هیوادارین بەرپرسان زیاتر سەرنج بدەن یان شوێنێک وەکوو یۆنسکۆ زیاتر سەرنج بدا.

لایەنێکی تری ئەوەیە لە بواری پراکتیکەوە ئەوە چەند گرینگە. وای دابنێ ئەگەر لە داهاتوودا یان لە داهاتوویەکی نزیکدا یەکێک بییەوێ بۆ وێنە لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا خوێندن بە زمانی دایکی هەبێ. ئێمە ئەگەر داتایەکی ئەوتۆمان نەبێ نەزانین کام گوند بە چ زمانێک قسە دەکا، لەوانەیە دوو زمان، سێ زمان لەو گوندە دا هەبێ ئەو دەم لەوانەیە ئەوەی دەمانەوێ دروستی بکەین تووشی کێشەی زۆر بێتەوە. لەوانەیە لە زۆر شاران خەڵک بەرهەڵستی پڕۆگرامەکە بن، بڵێن لێرە ئەوەش قسە دەکرێ چۆنە ئەوە باس نەکراوە، بۆچی لێرە تەنیا بەس کوردی بگوترێتەوە کاتێک ئەو گوندە زمانی دیکەشی تێدایە. سەڵماس بۆ وێنە دوو شێوەزاری کوردی لێیە، پاشان ئازەربایجانیشی لێیە بۆچی ئەمانە حیسابیان بۆ نەکراوە؟ لە زۆر بوارانەوە دەتوانێ قازانجی زۆر گەورەی هەبێ. قازانجێکی دیکەش ئەوەیە مامۆستا حەسەن بۆخۆت دەزانی بەشێکی گەورەی ئاکادیمی ئەوەیە کە وەڵامی پرسیارەکانی ئێمە

بداتەوە. هێندێک جار بە ڕواڵەت ئەو پرسیارانە لەوانەیە زۆر ساکار بن، بەڵام ڕۆژانە ئێمە باسیان دەکەین. بۆ وێنە ئێمە لەوانەیە بڵێین ئەرێ فڵان پارێزگا هەموو کوردن؟ هەمووی بە کوردی قسە دەکەن؟ چ ڕێژەیەک بە کوردی قسە دەکا؟ ئەرێ گۆیا ئازەربایجانیش هەیە لە پارێزگای کوردستان، لە کوێ هەیە؟ واتە زۆر پرسیار هەیە کە خەڵکی ئاسایی دەیکا، با هەر لە لایەنی خوێندەواری و هەڕەشە لە زمان و ئەوانەش بگەڕێین، لە ژیانی ڕۆژانە دا لەوانەیە ئەو پرسیارەیان بۆ ساز بێ و ئەو ئەتڵەسی زمانییە دەتوانێ وەڵامی زۆرێک لەو پرسیارانە بداتەوە.

**حەسەنی قازی: باشە ئەگەر ئێستا ئەوە لە پێوەندی لەگەڵ ئوستانی کرماشان و ئوستانی ئیلام، ئوستانی ئازەربایجانی غەربی و تەنانەت هێندێک ئوستان لە خۆراسان و ئەوانەش بکرێ ئەو دەمی تەسبیت دەکرێ کە هەر کام لە پارێزگاکان چەند زمانی تێدایە، ئەو جێیانەی ئەمن باسم کرد مەبەستم بوو بڵێم لەوێش شێوەزاری کوردی هەن. دوایە پێت وا هەیە بکرێ ئەو زانیارییانەی کۆ دەکرێنەوە هەموو بخرێنەوە سەر یەک؟ وەک ئەمن لەو وتارەدا خوێندمەوە وا بزانم لە ئوستانی کوردستان پێنج شێوەزار تەسبیت کراوە یانی ئەو دەرفەتە دەبێ لە درێژخایەندا بۆ ئەوەی زانیارییەکان کۆ کرێنەوە سەر یەک؟ وا نییە؟**

**جەعفەری شێخولئیسلامی:** بەڵێ، بە بێ شک ئەو دەرفەتە دەبێ. ئەمە زۆر زۆر گرینگ دەبێ. لە سایەی سەری سۆشیاڵ میدیاوە، لەو دواییانەدا هێندێک جار بە ڕاستی ئێمە سەرمان سوڕ دەمێنێ لە فڵان گوند و چەند گوند بۆ وێنە لە ناوچەی هەمەدان گوند هەن کە ناوی شەقامەکانیان بە کوردییە. یا بۆ وێنە ڤیدیۆ دێتە دەرێ لە باکووری ئێران لە نەکاو خەڵکێک هەیە بە کورمانجی قسە دەکا و لەوێ جڤاتێکی گەورەی کورمانجی ئاخێو هەیە و...

**حەسەنی قازی: بە خۆشیان دەڵێن «کورمانج»!**

**جەعفەری شێخولئیسلامی:** بەڵێ بە خۆشیان دەڵێن «کورمانج». بە ڕاستی زۆرێک لەمانە پێشتر نەمان دەزانی بۆچی لەبەر ئەوەی کە نەخشەیەکی ئەتڵەسی زمانی ئاوا نەبوو. چونکە بەداخەوە لەو وڵاتانەی وێ بە تایبەت ئێران، تورکیا، سووریا کاتێک کە سێنسس دەکرێ، ئامار گرتن کە هەر چەند ساڵ جارێک ئاماری وڵات دەگیرێ لە کەس ناپرسن زمانی ماڵەوەیان چییە، زمانی دایکیان چییە، یان زمانی یەکەمیان

چییه؟  لەبەر ئەوە ئەم جۆرە زانیارییانە کە زۆر زۆر گرینگن بەداخەوە شاراوەن. ئەو ئەتڵەسە زمانییە دەتوانێ ئەم زانیارییانە وەدەر بخا و زۆر کەلکی دەبێ.

**حەسەنی قازی: مامۆستا جەنابت لەگەڵ بەڕێز دوکتور ڕەحیمی سورخی لێکۆڵینەوەیەکی تازەشتان کردووە بە ناوی جۆراجۆری وشەی فەرهەنگی لە شێوەزارە کوردییەکاندا «و هەروەها جۆراجۆری یان گۆڕانی مانایی، چونکە مومکینە وشەیەک مانای بگۆڕێ، یانی گۆڕانی مانای وشەیەک بۆ مانایەکی دیکە. دیارە لێکۆڵینەوە سەبارەت جۆراجۆریی وشەیی لە زمانانی دیکەدا، لەمەڕ زمانە گەورەکان کراوە، بەڵام لە شێوەزارە کوردییەکاندا ئەوە یەکەم جارە ئەو دەستپێشخەرییەی ئێوە ئەو ئەرکەی وەئەستۆ گرتووە. پێم خۆشە ئەو بابەتە زیاتر شی بکەیەوە نەک بە شێوەی فەننی، بەڵکوو بە شێوەیەکی گشتی کە مەسەلەکە جوان ڕوون بێتەوە. ئەو لێکۆڵینەوەیە دەمانباتە کوێ و مەبەست و ئاکامەکەی چییە؟**

**جەعفەری شێخولئیسلامی:** بەرلەوە ئەوە بڵێم مامۆستا ئەگەر ڕێگام بدەی شتێکی بڵێم ئەو بابەتەی تر تەواو بکەم. ئەو ئەتڵەسی زمانییە ئێستا بۆ هەموو کەس هەیە دەتوانێ سەیری بکا، بۆیە ئەوەت عەرز دەکەم چونکە بەڕێوەبەری  ئەو ماڵپەڕە دۆستی خۆمە وەکی گوتم هاوکارمە لە بەشەکەشمان. لە تۆڕی ئینترنێتدا

Iranatlas.net دەتوانن بچنە وێ، دەتوانن نەخشەی  زمانی ئێستا ئی ناوچەی کرماشان بەشێکی باش ببینن، ئی هورمزگان، چوارمحاڵی بەختییاری و بە تایبەت دەتوانن ئی پارێزگای کوردستان ببینن  لە ئێران.بەدیقەت ببینن بە جوانی، بە ئاشکرایی، بە ڕوونی کە چەند شێوەزار قسەیان پێ دەکرێ، چەند زمان قسەیان پێ دەکرێ، لە کوێ، لە کام گوند؟ ناوی گوندەکانیش دەتوانن ببینن. ناوی گوندێک کە لێ دەدەن تەنیا ناوی ڕەسمی فارسی ئێران لە سەری نییە، بەڵکوو نێوە کوردییەکەشی تۆمارکراوە. کە ئەو خەڵکە بە گوندەکەی خۆیان ئەوە دەڵێن، ئەو خەڵکە بە شێوەزارەکەی خۆیان ئەوە دەڵێن، زۆر زانیاری تێدا. و ڕێگا بە خەڵکیش دراوە کە قسە بکا، یەکێک ئەگەر تێبینی هەیە دەتوانێ بابەتەکە دەوڵەمەند بکا. بە گشتی ئەم ئەتڵەسی زمانییە جیاوازییەکی گەورەی هەیە  دەگەڵ ئەتڵەسە زمانییەکانی  پێشوو. لە ئێران زۆر کەم کراوە، لە ناو کورد دا زۆر کەم لەو بارەیەوە هەوڵ دراوە. بەڵام ئەوەی کە هەوڵیش دراوە زۆرتر زمانناسەکە کردوویەتی بە پێی ڕاپرسی زمانناسی. ئەمەیان لە خەڵکەکە خۆی داتا کۆکراوەتەوە، لە خەڵکەکە پرسراوە تۆ چ شێوەزارێک قسە دەکەی؟ چی پێ دەڵێی بۆخۆت؟ خەڵکی تر بە شێوەزارەکەی تۆ

چی دەڵێ، پێت وایە خەڵکی تر کە لەو گوندەی تۆن ئەوان بە چ شێوەزارێک قسە دەکەن. بەڵام ئێستاش ڕێگا دراوە کە خەڵک دەوڵەمەندی بکا ئەو ئەتڵەسی زمانییە.

**حەسەنی قازی: بێینە سەر جوارجۆری وشە؟**

**جەعفەری شێخولئیسلامی:** ئەو جۆراوجۆری وشەیە، بە ڕای من لێکۆڵینەوە لەمە جەنابت ڕاست دەفەرمووی یەکەم جارە. من دەمێک ساڵە بیستوومە بۆ وێنە، بەر لەوەی کە زماننناسی بە شێوەیەکی جیدی دەست پێ بکەم، بیستبووم دەمزانی کە لە ناوچەی ئێمە بە کەسێک کە ماڵاتی دەفرۆشت بۆ وێنە لە بیرمە سەردەمی خۆی لە ناوچەی مەهاباد چوارشەمە بازاڕ هەبوو، چوارشەمە بازاڕ خەڵک لە هەموو گوندەکان یا لە هەر مەنتەقەیەک بۆ وێنە لە مەڵبەندی محاڵ..

**حەسەنی قازی: بازاری قەباغ کەندی هەبوو.**

**جەعفەری شێخولئیسلامی:** ئەوەتا بازاڕی قەباغ کەندی هەبوو خەڵک ماڵاتی دێنا ئەوێ، ئەو کەسەی بۆ وێنە چوار مانگای وەپێش خۆی دەدا و دەیهێنا وێ بیانفرۆشێ بەو کەسەیان دەوت چێودار. هەمیشە بۆ من پرسیار بوو ئەو (چێودار)ە چییە؟ دوایی بۆمان ڕوون بۆوە لە ناوچەی سنە بە دار دەڵێن چێو، لە تەواوی ناوچەی موکریان من وەبیرم نایە بە داریان گوتبێ چێو، بەڵام ئەو کەسەی کە ماڵاتەکەی دێنا وێ دارێکی بە دەستەوە بوو «چێودار» بوو. لە وانەیە یەکێک بڵێ بۆ «چێودار «ە نازانین. چونکە هێندێکجار هەیە دەزانی وشەیەک لە جێیەکەوە هاتووە، بەڵام بۆچی وایە نازانین. زماننناسێک قسەیەکی جوانی هەیە دەڵێ: «هێندێکجار وشەکان دەگۆڕدرێن وەک ئەوە وایە کە بڵێی بۆچی لە نەکاو ئەو پانتۆڵەی خەڵک دەبەری دەکا ئی ئەمساڵ دەگەڵ ساڵی پێشوو جیاوازە.» بە ڕاستی هێندێکجار زۆر زەحمەتە بزانی، مۆدێلە گۆڕاوە. هێندێک جاریش ئێمە نازانین بۆچی وشەکان دەگۆڕدرێن چ فۆڕمیان، چ واتایان. چونکە هێندێک جار هەیە ئێمە وشەمان هەیە یەک فۆڕمە وەکو وشەی بۆ وێنە (کاڵ) کاڵ دەکرێ بە مانای ڕەنگ بێ، ئاوەیی کەمڕەنگ، دەتوانێ بە مانای کاڵ، پێ نەگەیشتوو بێ واتا بۆ میوە، دەتوانێ لە لایەنی مێتافۆرەوە [ئیستیعارە] واتای هەبێ، یەکێک کاڵ و کرچە واتە بێ ئەزموونە، بێ تەجروبەیە، زۆر واتا هەن. بەڵام هەمووی «کاڵ»ن. بەڵام هێندێک جار هەیە دەتوانین یەک

مەفهووم، یەک چەمک، یەک مانا لە چەند فۆڕمدا خۆی دەربخا، بۆ وێنە ئەو شتە فیزیکییەی گڵ و بەرد کە هەمانە لە کوردستان، لە ناوچەیەک پێی دەڵێن «چیا»، لە ناوچەیەکی تر پێی دەڵێن «شاخ»، لە ناوچەیەکی تر پێی دەڵێن «کێو» پاشان لە نێو فۆڕمی «کێو» بۆ خۆی جۆراوجۆری هەیە «کێو»، «کێو [ دەنگی /ک/ی پفدراو]»، «کێف «لەناوچەی سنە».

«کوو» کە بەرەو جنووب دەچێ، دوایە هەتا بەرەو لورستان و ناوچەی فارس ئاخێو دەچێ دەبێ بە «کوە» باسی ئەو شتانە دەکەین. باسی ئەو شتانە دەکەین کە بۆچی ئەوانە ئاوان. لە کوێن یەکەم، پاشان با هەر بێینەوە سەر وشەی «شاخ». ئەگەر ئێمە بێنین، خۆزگە توانیبامان نەخشەکان نیشان بدەین. من دەتوانم...

بۆ وێنە ئەگەر چاو لێ بکەین ئەوەی کە پێی دەڵێن «ئایسۆگلاس»

**حەسەنی قازی:** «ئاسۆگلاس» دەتوانین بڵێین خەتێک کە دوو شێوەزاران لەیەکتری جیا دەکاتەوە.

**جەعفەری شێخولئیسلامی:** یا دوو شیوەزار یا ئەوەی کە بۆ وێنە دەتوانین نیشان بدەین کە لە کوێ دەگوترێ «چیا» لەوێ جەغزێک دەکێشین بە دەوری ئەوە دا، خەتێک دەکێشین ئەوە پێی دەڵێن «ئایسۆگلاس»، بەڵام دوایی دێینەوە ناوچەی بۆ وێنە کوردیی ناوەندی دەبێتە شاخ و کێو یان کێف، دوایە بۆ کوردیی جنووبی دەبێتە «کوو» تا بەرەوە کوە دەچێ. ئەوانە قازانجیان هەیە، یەکێک لەوانە کە دەتوانین لە بواری شێوەزارەکانەوە دەتوانین سنووری شێوەزارەکان ببینینەوە، پاشان دەتوانین لە ناوخۆی شێوەزارە سەرەکییەکاندا بنزارەکانیش بدۆزینەوە. بۆ وێنە با بڵێین لە باشووری کوردستان «مناڵ» مان هەیە لە ناوچەی گەرمیان و سلێمانی، بابانی کە بەرەو قەڵادزێ و ڕانییە و ناوچەی پشدەر و ئەوە دێی هەتا باڵەکایەتی هەتا چۆمان وەکوو موکریانی لێ دێ دەبێتە «منداڵ»، بەڵام لە چۆمان و ئەوەوە بەرەو سۆران و ڕەواندز هەتا دێتە خەلیفان و شەقڵاوا و دوایە مەسیف و هەولێر و کۆیە «مندار» واتە لێرەش دەتوانین مناڵ، منداڵ، مندار، لێرە ئەو جەغزانە بکێشی و ئێستا بنزاری شێوەزاری ناوەندی دیار بکەی. لەوانەیە بفەرمووی ئەو کارانە بۆچین؟ قازانجەکانیان چییە؟ چەند قازانجەکانیان ئەمڕۆ لە سۆشیال میدیا دا دەیبینین چ دەبینین ئێمە هێندێک جار دەبینین کە بۆ وێنە یەکێک قسە دەکا کوردی دەنووسێ دەبینی کەسێکی تر بە داخەوە گاڵتەی پێ دەکا. تا ئێستا من بە هەرحاڵ کارم ئەمەیە، بە قەولی دۆستانی باشووری دەفەرموون موتابەعەی

ئەمە زۆر دەکەم، زۆر بە دوای ئەمە دا دەگەڕێم، چاو لێ دەکەم بزانم خەڵک چۆن لە چ زمانێک کەلک وەردەگرێ بە تایبەتی گەنجەکانی لای خۆمان.

**حەسەنی قازی: مامۆستا ئەگەر ئیجازەت لە سەر بێ دوایە دێینە سەر ئەو مەسەلەیە با ئەوەندەی تەواو بکەین. یانی ئامانجی سەرەکی لە دۆزینەوەی جۆراجۆرییە وشەییەکان مەبەست ئەوەیە کە دیار بکرێ ئەو حەد و سەدەی کە شێوەزارەکان لە یەکتری جیا دەکاتەوە یانی لە درێژخایەندا دەکرێ باسی ئەوە بکەین، چونکە وەک ئەوەی ئێوە لەو وتارە دا لەگەڵ بەڕێز سورخی ئاماژەتان پێ کردووە لە باکووری کوردستان، لە پێوەندی لەگەڵ کورمانجی سەروو دا کارێکی ئاوا کراوە لە لایەن بەڕێز جێفری هەیگ و کاک ئۆیپەنگین ڕا کارێکی ئاوا کراوە، ئەوەندەی ئەمن لە زەینمدا بێ، چونکە نووسینەکەی ئەوانیشم خوێندووەتەوە باسی پێنج شێوەزاری کورمانجی لە جوغرافیای باکووری کوردستان و تورکیا دا دەکرێ بکرێ. جا ئەو لێکۆڵینەوەی ئێوەش دەتوانێ یارمەتی بکا بە دیارکردنی بڵێین شێوەکانی شێوەزاری کوردیی ناوەڕاست وا نییە؟**

**جەعفەری شێخولئیسلامی:** دەتوانێ، بەڵام ئەوەی کە تەنیا لە سەر وشە ڕاوەستی، جۆراوجۆری وشە بۆ ئەو مەبەستە زۆر زەحمەتە بتوانی سەرکەوتوو بی. وتارەکەی ئێمە هێندێک لەو شتانەی کە جێفری هەیگ و مەکێنزی و ئەرگین و دۆستانی دیکە دۆزیویانەتەوە، ببوورن دەڵێم ئەرگین، چونکە وەکوو دۆستێک ناوی دێنم دەنا دروستترە بڵێم دوکتور ئۆیپەنگین. بەڵام بە هەرحاڵ ئەوە هێندێک لەو خاڵانە ڕاست دەکاتەوە بۆ وێنە ئەوان بۆیان دەرکەوتووە کە یەکێک لەو بنزارانەی کوردیی باکووری کە کەمترین خاڵی هاوبەشی هەیە لەگەڵ بنزارەکانی دیکەی کوردیی باکووری ئەو ناوچەی بادینان و هەکارییە، ئەمە بۆخۆی شێوەزارێکی بنزارێکی کوردیی باکوورییە. ئەوە لە ئی ئێمەشدا وایە. بۆ وێنە لە تەواوی بنزارەکانی باکووری بۆ منداڵ وشەی زارۆک و زار دەکار دەکەن، بەڵام دێی بۆ ناوچەی بادینان و بەشێکیش لە هەکاری دەبێ بە بچیک، تەنیا زاخۆ دەڵێ زارۆک ئەویش لەبەر ئەوەی هەر لە کۆنەوە خزمایەتی نزیکی زمانی دەگەڵ ناوچەی جزیرە هەبووە. ئەمە مەسەلەن نیشان دەدا کە لێرە دیسان ناوچەی بادینی جیاوازە لە بنزارەکانی دیکە. لە ڕاستیدا لە وانەیە وای چاو لێ بکەی کە زۆر کەوتووەتە ژێر کارتێکەری کوردیی ناوەندی، سۆرانی. لەوانەش وای دابنێی هێندێک کەس کە وتوویانە ئەوە لەوانەیە ئەوەی کە پێی دەڵێن ناوچەیەکی گواستنەوە، ناوچەیەکی تێپەڕ transitional region بێ بۆ ئەو دوو شێوەزارە دەتوانی ئاواشی ببینی.

**حەسەنی قازی: مامۆستا ئێوە هەر لەو وتارەدا باسی بانکی زانیاری زمانیشتان کردووە کە لەزانکۆی مەنچێستر بەڕێز یارون ماتراس ئەو پرۆژەیەی بەڕێوە بردووە. کە وەکوو بانکێکی زانیارییە لە سەر شێوەزارە کوردییەکان، ئێوە لەوەش کەلکتان وەرگرتووە، بەڵام لە چەند جێگادا ئاماژەتان کردووە بەوەی کە مومکینە هێندێک هەڵەی تێگەیشتنی هەبێ. پێتانوایە لەوانەیە هێندێک وشە بە هەڵە ئاستەکرا بێ، چونکە ئێوە هەردووکتان ئاخێوی خۆجێیی زمانەکەن. باشە ئەو بانکە زانیارییە چۆنە؟**

**جەعفەری شێخولئیسلامی:** ئەو بانکە زانیارییە کە پرۆفسۆر یارۆن ماتراس لە زانکۆی مەنچێستر بەڕێوەی دەبا، ئەوەش پرۆژەیەکی زۆر گەورە و دوورو درێژ بووە، یارمەتی زۆری لە خەڵک وەرگرتووە. داتا کۆکراوەتەوە. داتا بەو شێوەیە کۆ کراوەتەوە بۆ وێنە یەکێک لە مەهاباد لە یەکێکی تری پرسیوە بەمە دەڵێی چی؟ دار. بەمە دەڵێی چی؟ چەم. باشە ئەگەر بڵێی ئەم دارە نزیک ئەم چەمەیە چۆنی دەڵێی، دیارە بە فارسی پرسیویەتی، ئەگەر ئینگلیسی زانیبێ بە ئینگلیسی ئەویش بە شێوەزاری ناوچەی خۆی وتوویە دەڵێم ئەم دارە لە قەراغ ئەو چۆمەیە، بەڵام لەوانەیە لە سنە بڵێ ئەم درەختە لە پاڵ ئەم چەمەیە. دیارە لەوانەیە وەک من وتم وا نەبێ، بە هەرحاڵ ئاوا داتاکە کۆکراوەتەوە، پاشان خەڵکی کە ڕاهێندراون هاتوون ئەوانەی بە (IPA ئەلفوبیی فۆنێتیکی ناونەتەوەیی) بەتەواوی نووسیوەتەوە و پاشان ئەوە چووەتە ناو داتا بەیسێک ئێستا خەڵک دەتوانێ بچێ بیبینێ Manchester database of Kurdish dialects دەتوانێ بچێ بیبینێ چاو لە نەخشە و شتی وا بکا. بەڵام وەکی جەنابت وتت من و هاوکارم دکتور سورخی کە خەڵکی ناوچەی موکریانین باش دەزانین کە هێندێک لە وشەکانی کە تۆمار کراون ناکرێ شتی وا لە مەهاباد و بۆکان بگوترێ کە ئێمە باش دەیزانین. هەڵەی تێدا هەیە، ئەوانەی کە نووسییانەتەوە لەوانەیە کورمانجی ئاخێو بووبن و باش گوێیان ڕانەهاتبێ بە سۆرانییەکە، خراپیان تۆمار کردبێ، لەوانەیە ئینگلیزی بووبێ باش گوێی لێ نەبووبێ، لە وانەیە ئەو کەسەی کە پرسیارەکەی لێ کراوە، وای دابنێ یەکێک دەڵێ ئەمە چییە؟ لەوانەیە ئەو ئەمەیە دەستەکە کە ڕاداشتراوە هەم بۆ دارێک بوو بێ هەم بۆ تەپۆڵکەیەک بێ، هەم بۆ پنچکە دارێک بووبێ. لەوانەیە نەیزانیبێ کامەیە. ئەوەی دیکەش ڕەنگە شێوەزارەکەی نەزانیبێ کە بزانێ ئەوەی کە وەڵامەکە دەداتەوە هەڵەیە. بەڵام پێی وا بووە مەسەلەکە تێ گەیشتووە کە مەبەستی کێهەیە. یانی ئەو کێشانە دێنە پێشێ، بەهەر حاڵ بۆ ئەوەی کە ئێمە قەرەبووی ئەو کەموکورتییە بکەینەوە لە ٢٩ کەسی

دیکە داتامان کۆ کردووەتەوە. ئێمە بەس باسی یازدە وشە دەکەین بەڵام هاتووین ئەو یازدە وشەیەشمان لە خەڵکی جۆراوجۆر، خەڵکی ناوچەی جۆراوجۆر پرسیوە دیسان زۆر سپاس بۆ سۆشیال میدیا، لە ڕێگای سۆشیال میدیاوە پێوەندیمان پێوە کردوون، هێندێک جارانیش لە ڕێگای تەلەفوونەوە.

**حەسەنی قازی:** پێم خۆش بوو ئەو مەسەلەی سۆشیال میدیا، میدیای کۆمەڵی زیاتر باس بکەین. لەو پێوەندییە دا دەزانی کە ماوەیەک لەوە پێش لە تێلێڤیزۆنی ناوچەیی مەهابادا بەرنامەیەک هەیە وابزانم بەرنامەی زانیاری دانە لەسەر مەسەلەی تەندروستی و ئەوانە، لەوێ خانمێک قسەی کردووە کە زمانە کوردییەکەی زۆر فارساوییە. ئێوە باسی بایەخی کوردی نووسینیشتان کرد لە تۆڕی کۆمەڵیدا. ئەگەر ئیجازەت لە سەر بێ ئەو گرتە لە بەرنامەکە بەیەکەوە ببینین دوایە هەم لە سەر ئەوە قسە دەکەین، هەم لەسەر ڕۆڵی مێدیای جڤاکی. ئەگەر ئەو گرتەیە حازرە هاوکارانم نیشانی بدەن.

«ئەمن ئۆدیئۆلۆژیست کارشناسی.. بەرنامەی ئەورۆمان لە مەوردی غەربالگەری شنەوایی کوودەکان دا هەیە. بەر ئەساسی تەحقیقاتی کە ئەنجام بۆ سێ تا پێنج نەوزاد لە هەر هەزار نەوزادێک کە موتەوەلید دەبن کەم شنەوایی مادەر زادییان هەیە. یەک سەری لە کوودەکان دوای تەوەلود دووچاری کەم شنەواییهایەکی تەئخیری و ئیکتیسابی دەبن. خۆشبختانە لە سەتحی کیشوەردا غەربالگەری شنەوایی نەوزادان تەیی چەند مەرحەلە ئەنجام دەبێ. لە سنینی سێ تا پێنج ساڵ با تەوجوهە بەوەی کە سنی زەبان ئامووزی وە گوفتار و زەبان شکڵ دەگرێ ئەو سینە حەتا سینینی تەلایی پێ دەڵێن تەشخیس و موداخەلەی بە مەوقیع لەو سیننەی دا زۆر موهیممە. کەم شنەوایی لە سینینی سێ تا پێنج ساڵ دوو عیلەتی هەیە یەک ئەوەی کە لە بەدوی تەوەلود کوودەک دووچاری کەم شنەوایی بۆ وە تەشخیس نەدراوە دووەمین عیلەتیشی کەم شنەواییهایەکی ئیکتیسابی و تەئخیرییە کە دوای تەوەلود خۆی نیشان دەدا. عیلەتی ئەو کەم شنەواییهاش مەعمووڵەن سابقەی زەربە بەسەریان هەیە ئەو منداڵانە یا ئەوەی کە لە مەعرەزی سەروسەداهای بڵیند بوونە، وە یا ئەوەی کە دووچاری عوفوونەتهایی ویرووسی وەکوو سورخەک وە سورخچە بوونە وە شایعترین عیلەت کە لەو سیننەی

دا باعیسی کەم شنەوایی دەبێ عوفوونەتهای گووشی میانی یە  کە بە عیلەتی ساختاری خاسی گووشی میانی  لەو منداڵانە دا زۆر شاییعە. کە لە سوورڕەتی دەرمان نەبوون باعیسی کەم شنەواییهایەکی دائیمی وە غەیری قابیلی بەرگەشت دەبێ. کەم شنەوایی لەو سیننەی دا عەلائیمێکی کە هەیەتی ئەوەیە کە ئەو کوودەکە لە دەرکی گوفتار موشکیلی هەیە وە یا ئیشتیبا موتەوجیهە دەبن و ئەکسەرەن حەواس پەرتن. لەو سێنینەی دا دەرسوورڕتی تەشخیس وە موداخەلەی بە مەوقع ئیقداماتی تەوانبەخشی ئەنجام دەدرێ. ئیقداماتی تەوانبەخشی شامیلی تەجویزی سەمعەکی موناسیب لە ژێر نەزەری کارشناسی شنەوایی شناسی وە جوبڕانی کەم شنەواییە. ئەوە بوو بەرنامەی ئەوڕۆمان تا بەرنامەیەکی دیکە بە خوداتان دەسپێرم.»

ماموستا دیارە بە  «سوورێژە «و «مێکوتە» بڵێی  سورخەک و ئەو شتانە. بەڵام دیارە ئەو بابەتە زۆر بابەتێکی بەرچاو و گرینگە هۆیەکانی لە لایەنی جۆر بە جۆری زمانناسی ڕا دەکرێ شی بکرێتەوە. ئەمن ئەو جۆرەی کە لێم کۆڵییەوە لەو بەرنامەیە دا نزیکە ١١٦ وشە یان وشەی لێکدراو هەن کە لە کوردیی ئاسایی ڕۆژانەدا بەرانبەریان هەیە. دیارە ئەگەر ئینسان فارسی باش بزانێ زۆر بە جوانی لەو کوردییە تێ دەگا ئێوە چۆنی بۆ دەچن هۆی چییە کە وایە؟ لەوانەیە هێندێک بە هۆی سیاسی دابنێن بڵێن سیاسەتی زمانی دەوڵەتی لە ئێرانێ ئەوە بێ، ڕەنگە لەگەڵ کوردی ئەوە زۆر زەق وەبەرگوێیان نەکەوێ، بەڵام لە پێوەندی بۆ وێنە لەگەڵ تورکی ئازەربایجانیدا  دەڵێن جاری وایە هەر فێعلەکان لە ئاخریدا تورکییە دەنا ئەویدیکەی هەموو فارسییە. جەنابت بۆچوونت چییە. پێموایە جەنابیشت پێشتر ئەو گرتە ڤیدیۆییەت دیتووە؟ چونکە لەو لاپەڕەی کە لە فەیسبووک دا هەتە لە سەر زمانناسی ئەو گرتەیەت بڵاو کردبووەوە.

**جەعفەری شێخولئیسلامی**: بەڵێ ئەمن ئەو ڤیدیۆیەم بینیوە  و لە سەر ئەو ماڵپەڕەی زمانناسیش دامنا. سێ پرسیار هاتبووە پێشێ بۆ خەڵک: ئایا ئەمە شتێکی ئاساییە، ئایا پێتانوایە ئەوە زۆر مەترسیدارە و دەتوانێ کوردی بتوێنێتەوە و یان ئەوەی کە باشە بە کوردییە قەیدێ ناکا وشەی فارسی زۆر تێدا. زۆربەی خەڵکەکە وابزانم وتبوویان ئەوە وا وێدەچێ بە ئانقەست کرابێ و لە وانەیە ببێتە هۆی توانەوەی زمانی کوردی. بەهەرحاڵ ئەمە ڕای خەڵکە. ڕای من چییە؟  ئەمن پێم وایە ئەو

کەسەی کە بە فارسی خوێندبێتی مێشکی وا تەربییەت دەکرێ ئەگەر بیهەوێ بڵێ گوێگرانی، فڵانکەس گوێی گرانە دەڵێ کەم شنەوایە. ئەگەر پێشی بڵێی بڵێی باب و باپیری تۆ، دایک و نەنکی تۆ هەموو وتوویانە فڵانکەس گوێی گرانە. ئێستاش لە سابڵاغێ لەوانەیە زۆر کەس قسە بکا بڵێ ئەرێ ئەوە بۆ گوێت لێ نەبوو، گوێت گرانە؟ کەم شنەوایی یانی گوێ گرانی دەتوانی ئەوە بڵێی. بەڵام چونکە بە فارسی وای نەخوێندووە، فارسی لە زانکۆ پێی گوتراوە ئەوە کەم شنەواییە ئەگەر پێشی بڵێی لێت تێ دەگا دەڵێ گوێ گرانی، بەڵام بە ڕاستی پێی وانییە ئەو چەمکەی ئەو دەیهەوێ بیگەیێنێ، ئەو واتایەی ئەو دەیەوێ بیگەیێنێ هەوە هەتا نەڵێ کەم شنەوایی پێی وا نییە واتاکەی گەیاندووە. چونکە ئاوا ڕاهاتووە، ئاوا پەروەردە کراوە. کە ئەوە پێمان دەڵێ دەچینەوە سەر ئەو فکرەی ۆرف و سپیر کە بەڕاستی ئەو زمانەی کە تۆ پێی ڕادێی بە تایبەت لە دنیای مۆدێرنی ئەمڕۆدا، ئەو زمانەی کە تۆ پێی دەخوێنی فکریشت هەر بەو زمانە دادەڕێژی، قالب دەگرێ، دنیا بەو زمانە دەبینی، بەو کولتوورە دەیبینی جا بۆیە کەسانی وەکو جاشوا فیشمەن هێندە نیگەران بوون کە بڵێن کاتێک کە تۆ زمانەکەی خۆت لە دەست دا، جیهانبینییەکەشت لە دەست دەدەی، کولتوورەکەشت لەدەست دەدەی. ناسنامەکەشت لە دەست دەدەی. بەڵام با بێمەوە سەر ئەو گرتەیە. بۆ من ئاساییە کەسێکی کە بە فارسی خوێندبی بڵێ ئیکتیسابی، بڵێ تەئخیر، بڵێ دوو عیلەتی هەیە ئەوانە بە ڕای من ئاسایین، چونکە بە کوردی نەیخوێندووە هەتا بڵێ دوو هۆی هەیە. نەیخوێندووە، بەڵام بەلامەوە زۆر سەیرە کە بە مناڵ یان منداڵ دەڵێ کودەک یا دەڵێ نەوزاد، چونکە من دڵنیام ئێستاش لە شوێنێکی وەکوو مەهاباد، وەکوو نەغەدە، وەکو شنۆ. چونکە هەستم کرد ڕەنگە خەڵکی ناوچەی سندووس و ئەوە بێ بە گوتنی «بوونە» چونکە لە مەهاباد ئەوە نییە ناڵێن ئەوانە فێر بوونە، دەکرێ ئەوە ئی ناوچەی سندووس و ئەوە بێ. بەڵام ئێستا من نەمبیستووە خەڵک بڵێ وەڵا من «نەوزادێکی بەر مەمکانم هەیە». پێم وا نییە کەس وا بڵێ. یان کوودەکێکی بەرمەمکانمان لە ماڵێیە.

**حەسەنی قازی: نەوزاد لە باشووری کوردستان نێوی کوڕانە و جارجاریش زۆر سەیرە.**

**جەعفەری شێخولئیسلامی:** هههه... دەبینی کاک نەوزاد زۆر کەڵەگەت و بەخۆوەیە.

**حەسەنی قازی: ئەمن لە بیرمە کاک نەوزادێک هەبوو لە ئوڕووپا  لە کۆبوونەوان کە دەهات وەزنێکی زۆری هەبوو خەڵک زۆریان پێ سەیر بوو فکریان لە فارسییەکە دەکردەوە و دەیانگوت جا چۆن ئەو برادەرە نێوی نەوزادە؟**

**جەعفەری شێخولئیسلامی:** لەوانەیە یەکێک بڵێ  ئاخر هەر بە هۆی پەروەردەوە وشەی کوودەک و نەوزاد هاتبێتە نێو مێشکییەوە لە فارسییەوە و وشەی منداڵ نەزانێ. بەڵام وا نییە لەو قسانە دا دووجار سێجار دەڵێ منداڵ، دەڵێ منداڵەکان. لێرە شتێک برێک غەریبە دیسان دەڵێم بۆ من زۆر ئاساییە یەکێک کە باسی شتی تێکنیکی دەکا، جا زماناسی بێ، ئەمە بێ، پزشکی بێ لەو وشانە کەلک وەربگرێ کە پێی خوێندووە بەڵام وشەی کوودەک لە جیاتی منداڵ ئەوەم بۆ ناچێتەوە سەر یەک.

* هەڤپەیڤینی؛ حەسەنی قازی

## تێبینی:

*ئەم هەڤپەیڤینە لە بەرنامەی ڕاوێژی تێلێڤیزیۆنی ستێرک لە ئێوارەی هەینی ٢٨-ی ئووتی ٢٠٢٠ بە بەڕێگای سکایپ بڵاو بووەتەوە. بۆ دیتنی ڤیدیۆی بەرنامەکە دەکرێ سەری ماڵپەڕی ڕاوێژ لە تۆڕی کۆمەڵی فەیس بووک و هەر وەها لە مەکۆی ڕاوێژ لە یووتووب بدەن.

*ئێمە وەک گۆڤاری زمان و زار دوای پرسوڕا بە دکتور جەعفەری شێلئیسلامی لە قسەکردنەوە بۆ نووسین دامانڕشتۆتەوە.

# «سایکس-بیکۆ»ی زمانەوانی کوردی

پ. ی. سەلام ناوخۆش

**دەروازە**

سایکس بیکۆ خاکی داگیرکردین وەک گۆشتەخێرە بەسەر تورک و عەرەب دابەشی کردین، پاش دەرکەوتنی حیزبی چەپی کوردی بە دانانی داش عێراق (_عێراق)، پرۆژەی سایکس بیکۆ زیاتر لە زاکیرەی تاکی ڕۆشنبیری کورد بەرجەستە بوو.

خەمی سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیری کورد دەبوو کارکردن بێت کە چۆن سایکس بیکۆ هەڵبوەشێنینەوە، نەک بیناکردنی سایکس بیکۆیەکی زمانەوانی بۆ بەشینەوەی زمانی کوردی بەسەر تاکەکانیدا.

**زارە کوردییەکان و دابەشبوونی جیۆگرافی**

تیۆرێک هەیە و دەڵێت :» سەرەتا «زمان «بوو، زۆربوونی خەڵک زاری لێکەوتەوە.»(ڤیکۆر ٢٠٠١). بە پێی بیرۆکەی dialect continuum –_ زنجیرە دایەلێکت خەڵکی هەولێر زۆرتر لە بادینی و کرمانجی دەگەن تا دەگاتە خەڵکی سلێمانی بە پێچەوانەوە خەڵکی سلێمانی زۆرتر و زیاتر لە هەورامانی دەگەن تا دەگاتە خەڵکی هەولێر، بە واتای دووری جیوگرافی لە نێوان زار و بنزارەکان لە یەکتر تێگەیشتن ئاڵۆزتر دەکات. ئەو دیاردە زمانەوانییە هەر لە کوردستان نییە، بەڵکو لە ئەورووپاش هەیە، بۆ نموونە کریستال ١٩٩٢، ل٣٤١ ی کتێبی language and languages باسی زمانێک دەکات بە ناوی زمانی سامی، بە پێی دووری جیوگرافیا لە نێوان (سامی باکوور) و (سامی باشوور) دەگەینە ئەو ئەنجامەی هەردوو شێوەی سامی دوو زمانی جودان نەک دوو دایەلێکتی یەک زمان «(ڤیکۆر ٢٠٠١).

خورشید ١٩٨٥ –_٢٠١٨ گەیشتۆتە ئەو قەناعەتە کە هۆکاری جیوگرافیا یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی دروستبوونی دایەلێکت و بن_دایەلێکتە (ل٤٠_٤١).

خورشید ٢٠١٨، ل٧٠–_٧١ باوەڕی بەو تیۆرەی (هێنز کلۆس) و (ڤیگۆر) هەبووبێ، بۆیە دەنووسێت: زمانی کوردی لە دوای حوکمڕانی میدی ٧٠٠_٥٥٠ پێش میلاد، زمانەکەی کە تێکەڵەیەک بووە لە زمانی گووتی و زمانی میدی، کەواتە زمانی کوردی زمانێکی ئاریی پەتی نەبووە، لەسەردەمی میدییەکاندا هەر زمانی کوردی هەبووە، هیچ لەهجەیەکی نەبووە. بارودۆخی سیاسی، دروستبوونی میرنشینی کوردی وەیکردووە دایەلێکتی کوردی دروست ببن، هەر میرنشینێک چۆن سیاسی سەربەخۆ بووە، شێوەی زمانیش سەربەخۆ بووە.»

**حکومەتی هەرێم وەک حکومەتی (میدیا) یا میرنشینەکانە؟؟**

جگە لە هۆکاری سیاسی (داگیرکەران) و جیۆگرافی چەندان هۆکاری تر هەن، بوونەتە پەرشبوونی ناسنامەی کوردی وەک دین جیایی و مەزهەب جیایی.

وەک بینیمان ئیمپراتۆریەتی میدی ناسنامەی زمانی کوردی دروست کرد، بە داخەوە وەک شیرۆکی ٢٠١٩ دەنووسێت : زەردەشتییەتی ئەخمینی هات دەسەڵاتەکەی ڕوخاند و داریوشی سێهەم هەر بەرەنگارییەکی بە درندەترین شێوە لە نێوبرد (بڕوانە نووسینەکانی داریوش لە شاخی بێستوون)، هەروەها تۆفیق وەهبی ١٩٦٥ لە نامیلکەی «بنەچەی کوردان -_The origins of Kurds لە کتێبی ئەردەشێر بابکان دەگوازێتەوە کە ئەردەشێر پاش کوشتنی (ئەردەوانی پێنجەم)، پاشای پارسەکان، هەزار میدی و پادشاکەی لێکوشتن : فەرمانڕەواییەکی فارسی دروست کرد.»

کەواتە (کۆرشی ئەخمینی) و(ئەردەشێری ساسانی) دوو پاشای زەردەشتی بوون دەوڵەت و زمانی کوردییان تەرت و وێران کرد، بەڵام فاروق ڕەفیق ٢٠٠٢ لە کتێبی (ماڵێکی لێکترازاو...) دەنووسێت : «ڕۆشنبیری کورد هەر نۆستالیژیای بۆ زەردەشتیەت هەیە، بێئەوەی هیچ بەرەو پێشبچێت.

لە نێو حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، لەبریتی وەفادار بێت بەرانبەر سرودی نیشتیمانی خۆی کە دەڵێت :

ئێمە نەوەی میدیا و کەیخەسرەوین

کەسانێک هەن کار لەسەر هەڵوەشاندنەوەی حکومەتی هەرێم لە ڕووی زمانەوە دەکەن (لەم توێژینەوە ناومان ناوە : سایکس بیکۆی کوردی). ئەو پەرتکردنەی زمانی کوردی ڕێک وەک سایکس بیکۆی ١٩١٦ وایە، بەڵام ئەمجارە سایکس بیکۆ بە هاریکاری کورد دەکرێت. کار لە سەر ئەوە دەکرێت زمانی کوردی بەرەو سێ زمان لە پەروەردە و میدیا ببرێت، بۆ مەیسەربوونی ئەو دیاردەیەش بەهانەی خۆیان هەیە، کە پشتئەستوورە بە ڕای هەندێ کوردناس و زمانەوانی کورد :

بەهانەی «کرمانجی ناوەڕاست دەستکردی کۆلۆنیالیزمی بەریتانیە»

گومان لەوەدانیە کە کۆلۆنیالیزمی بەریتانی لە کوردستان ١٩١٨-_١٩٥٨ شێوەی سلێمانی و شێوەی هەولێری لە کرمانجی ناوەڕاست کردە زمانی میدیا و پەروەردە، بەڵام هەورامی و بادینی پشتگوێ خست. سەرەتا شێوەی سلێمانی چ لای ئینگلیز و چ لای نووسەرە سلێمانیەکان بە هەرمێن تر بوو، بۆیە ئینگلیز لە ڕێگای ڕۆژنامەی

(تێگەیشتنی ڕاستی) و (پێشکەوتن) و (بانگی کورد) شێوەی سلێمانی هێنایە ناو میدیا. پێشتر میدیای کوردی بەو شێوەیە دەرنەچوو بوو، بەڵکو (ڕۆژنامەی کوردستان) بە کرمانجی دەرچوو بوو! موحەمەد ئەمین زەکی لە ل٨٩_-٩٠ دەنووسێت :» زمانی کوردی لە پێش حەربی گەورەدا نە بە سوڕەتێکی ڕەسمی نە بە خوسووسی بۆ موخابەرە و ئیستعمال نەکراوە، بەڵام زۆر موئەللەفاتی شیعرییەی هەبوو، وە بە هیمەتی مۆزەفینی بەریتانییەوە کە زمانی کوردی تەرەقی کرد و بووە واسیتەی نووسین و موخابەرە. پێشتر بۆ ئەم خوسووسە فارسی و تورکی و عەرەبی ئیستعمال ئەکران.» هەر موحەمەد ئەمین زەکی لە هەمان عەریزە-» سکاڵا نامەدا «بۆ مەلیک فەیسەڵ شتی تریش دەڵێت : وەک

١. ئەو سەربەخۆیەی عێراق وابەستەی دوو بڕیاری عوسبە بوو :

أ. مەئموورانی کوردستان، کورد بوونایە!

ب. لە مەکتەب و مەحاکم و دائیرەکانی حوکوومەتدا زمانی ڕەسمی کوردی بوایە.

٢. کەچی هێشتا نووسین بە زمانی کوردی لە لیوای موسڵدا هێشتا بڵاونەبۆتەوەو لە باتی ئەو تورکی و عەرەبی ئیستعمال ئەکرێن، بەڵام وردە وردە لە لیوای هەولێر دا بڵاوبۆتەوە (موحەمەد ئەمین زەکی، ل٩٠) لە لایەکی تر جگە لە زماندا غەدرێکی زۆر لە فەرمانبەری کورد لە وڵاتی خۆی کرا.

لیوا  نیسبەتی سەدانەی کوردەکان نیسبەتی مۆزەفینی
کورد\ غەیرەکورد نیسبەتی عادیلە بە گوێرەی نفووس
کورد \ غەیرە کورد
سلێمانی ٩٩ ٦٤ \٣٤ ٩٩ \ ١
کەرکوک ٥١ ٢٤ \٧٦ ٥١ \ ٤٩
هەولێر ٧٩ ٦٠ \ ٤٠ ٧٩ \ ٢١
لیوای موسڵ : زاخۆ، دهۆک، عەمادیە، عەقرە، زێبار ٧٠ ٢٤ \ ٦٦ ٧٠ \ ٣٠
.موحەمەد ئەمین، ل٧٠

ڕاستە ئینگلیز شێوەی سلێمانی و هەولێری هێنایە ناو میدیا و پەروەردە، بەڵام سۆن ١٩١٩ لە ل١ کتێبێکی خۆی بە ناوی Elementary kurmanji Grammar

ئەوە دەدرکێنێ کە ئەو گرینگیدانەی بە زمانی کوردی  لە پێناو ئەفسەر و فەرمانبەری ئینگلیز بووە، نەک کورد، وەک دەنووسێت :

this sketch of elementary kurmanji is intended primarily for the use of officers and others whose duties leads them to the southern districts of Kurdistan

ئەم نامیلکەیە بە شێوەیەکی بنەڕەتی بۆ ئەفسەر و ئەوانیتر نووسراوە، کە ئەرکەکانیان بەرەو پارێزگاکانی باشووری کوردستان یان دەبات.» ئینگلیز ئەوەی دەیکرد سیاسەت بوو، بۆیە لە ئایاری ١٩٣١ یاسای زمانە ناوچەییەکانی

- لە حکومەتی عێراق دەرکرد و لە بەندی هەشتەمی یاساکەدا : ئازادی بە بادینیەکان دا کە شێوەی خۆیان بەکاربێن : لە قەزاکانی لیوای موسڵ، ئامێدی، ئاکرێ، دهۆک، زاخۆ، زێبار، کە لەم یاسایەدا ئاماژەی پێکراوە، خەڵکەکەی ئازادن لەوەی چ شێوەیەکی زمانی کوردی بەکاربهێنن (

Nationalism and Language in Kurdistan ١٩٩٢ Hassanpour،

١٩١٨-١٩٨٥)ئەم بەهانەیە بێ بنەمایە، ئینگلیز بۆ سیاسەتی خۆی کرمانجی ناوەڕاستی هێناوەتە ناو میدیا و پەروەردە بۆ ئەوەی زیاتر بە سەر کوردی سلێمانی و هەولێر زاڵ بێ، ئەو گرینگی دانەی بۆ ئەفسەرەکانی ئینگلیز بووە.

بەهانەی» ستەم لە بادینی «و «دیموکراسیەتی زارەکان»

بەهانەی دیموکراسیەتی زارەکان! بەهانەیەکی سیاسییە. لە (شەرەفخان)ەوە تا فوئاد حەمە خورشید بنزاری بادینی بە بنزارێکی کرمانجی باکوور(سەروو) دادەنێن (شەرەفخان ١٩٨١ : ٢٨ -_٢٩ ؛ خورشید ٢٠١٨ : ٤٠)   ئەمە ڕایەکی زمانەوانی دروستە، چونکە هەموو بنزارەکانی کرمانجی سەروو: بایەزیدی، هەکاری، بۆتانی، شەمدینانی، بادینی تەواو لە یەک دەگەن. لە ساڵی ١٩٩٨ دکتۆر ڕۆژ نوری  شاوەیس (سەرۆک وەزیرانی ئەوسا) بە نووسراوی ژمارە (٣١٧٤) ڕەزامەندی لەسەر بەکارهێنانی کرمانجی ژووروو لە پەروەردەدا، بەڵام بە دوو مەرج :

١. تا پۆلی چوارەمی سەرەتایی لەو ناوچانەی بەم بنزارە قسە دەکەن،

٢. ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە کتێبە مەنهەجییەکان موتربەبکرێن بە چەند وشەیەکی کرمانجی خواروو (ناوەڕاست).

دکتۆر شەفیق قـەزاز، وەک سەرۆکی ئەکادیمیا سەرەتا ڕازی نەبوو لەسەر بە کرمانجیکردنی خوێندن لە بەهدینان، چونکە ئەم پرسە پەیوەندی بە ئایندە و چارەنووسی کورد لە باشوور وەیە، پێویستمان بە کۆنفرانس هەیە (خۆشناو ٢٠١٣: ٣٦٢_ ٣٨٠)، ئێستا لە تەواوی بادینان لە ١ هەتا ١٢ خوێندن بە بادینیە نەک کرمانجی سەروو !

دکتۆر ئەمیری حەسەنپوور دوور لە هەموو پێوەرێکی زمانەوانی لە ٢٠٠٩\١٢\١٤ نامەیەک بۆ ئەکادیمیای کوردی دەنێرێت، کە کورتەکەی بریتییە لە

١. لەهجەی کرمانجی هیچ شتێکی لە سۆرانی کەمتر نییە

٢. ڕەسمی کردنی سۆرانی پرۆژەییکی سیاسییە : مافی زمانیی و مافی مرۆڤیی ئاخیوەرانی کورمانجی پێشێل دەکا.

٣. لاییکی دراو بە کوردمانجی لایەکەی دی بە سۆرانی دەنووسریێ

٤. پاسپۆرت: لاپەڕەییکی پاسپۆرت بە کورمانجی لاپەڕەی دیکەی بە سۆرانی دەنووسریێ.

کە دەزانی ئەو قسانە هی پرۆفیسۆرێکی زمانەوانییە ئەوجا دەزانی هێشتا ئێمە لە میرنشین ڕزگارمان نەبووە.

سەبارەت بە خاڵی یەکەم کێشە لە باشوور لەسەر کرمانجی سەروو و ناوەڕاست نییە، شەرەفخان هەردووکی بە یەک دانـاوە. سۆرانی زار نییە، بەڵکو بنزارێکی کرمانجی ناوەڕاستە وەک موکری و ئەردەلانی و سلێمانی و گەرمیانی (خورشید ٢٠١٨ : ٣٩). لە هەموو مێژووی بە ستانداردکردنی زارێک یان بنزارێک لە ئەوروپا نەبۆتە هۆکاری ستاندنەوەی مافی زمانیی و مرۆڤی ئاخێوەرانی تر، چونکە زمانی ستاندارد پەیوەندی بە وەزارەتی پەروەردە و زمانی ڕەسمی پەیوەندی بە کاروباری دەوڵەت وەیە، قسە لەسەر سێیەم و چوارەم ناکەم، چونکە ئەو پرسانە لە نێوان دوو زمان هەیە نەک دوو دایەلێکت !

بۆ تۆخکردنی دوو زمانی ئێستا لای دکتۆر پائیز عومەر کتێبێک بەناوی «ڕێزمانا بادینی «دەرچووە !!

بەهانەی ئەوەی هەورامانی زمانێکی سەربەخۆیە نەک زارێکی زمانی کوردی

لە پۆلێنەکەی شەرەفخانی بدلیسی «گۆران «چوارەم دایەلێکتی زمانی کوردیە. هەروەها لای خورشید ٢٠١٨ : ٣٩ «گۆران «چوارەم دایەلێکتی کوردیە و ئەو بنزارانە

لە خۆ دەگرێت : گۆران-_ی ڕەسەن، هەورامانی، باجەلانی، زازایی، شەبەکی. مشت و مڕێکی زۆر لە نێوان هەندێ کوردناسی وەک (ئۆسکارمان)، (مینۆرسکی)،(مەکەنزی) هەیە کە گۆران زمانێکی سەربەخۆیە، دایەلێکتێکی کوردی نییە.

مینۆرسکی باوەڕی وابوو «گەلی کورد گەلێکی ڕەسەن نییە، بەڵکو گەلێکی تێکەڵەیە ئەنوەر سوڵتانی ٢٠٠٦ : ١٤٩ی مینۆرسکی و کورد دەگوازێتەوە : ئۆسکارمان باوەڕی وابوو پەیڤی «گۆران «لای کوردی موکری بە «چەتە «دێ هەروەها مینۆرسکی باوەڕی وابوو پەیڤی «گۆران «لە ڕواڵەتدا واتای «وەرزێر «یا «کەسێک دەبەخشێ کە بنەڕەتی نا-_خێڵەکی هەیە ! مینۆرسکی یەکێ لەو کوردناسانە بوو کە گومان لە کوردبوونی گۆرانی غەوارە دەکات. بۆ پەشیمانکردنەوەی مینۆرسکی، دکتۆر عەبدوڵڵا نەقشەبەندی لە ساڵی ١٩٥٤ لە شاری کامبریدج دەچێتە ماڵی مینۆرسکی بە نیازی ئەوەی بەڵکو پەشیمانبێتەوە، بەڵام پاش سێ سەعات، مینۆرسکی هەر لە سەر قەولی پێشووی دەمێنێتەوە (نەقشەبەندی ٢٠١٩ : ٩٩-_١٠٣).

مەکەنزی ١٩٢٦_٢٠٠١ ماوەیەکی زۆر بوو کوردناسێکی دیاربوو. پێشتر مینۆرسکی بە وتاری «کورد نەوەی میدیەکانن «ناوبانگی لای کورد پەیدا کردبوو، مەکەنزی بە پێچەوانەی مینۆرسکیەوە باوەڕی وابوو هیچ پەیوەندیەکی زمانەوانی لە نێوان زمانی میدیا و زمانی کوردی نییە ، ئەنوەر سوڵتانی ٢٠١٨ : ٩ دەنووسێت :» مەکەنزی لە دوو بەرەی جیاوازدا شەڕی باوەڕی باوی کوردانی دەکرد : یەکەم دژ بە یەکبوونی زمانی مادی و کوردی دەوەستا و دووهەم زاراوە باشوورییەکانی زمانی کوردی (هەورامی، زازایی و بە گشتی گۆرانی) لە کوردی بوون دەشۆردەوە و دەیکردن بە فارسی.» قسە لە سەر ئەو پرسە گەرمە، سوداد ڕەحمان ٢٠١٢ : ٢٣ دەنووسێت :» مەکەنزی دەربارەی ئەصڵی زاری گۆران وای بۆ دەچێ کە ئەو لەهجەیە لە لەهجەکانی دیکەی زمانی کوردییەوە دوورە و لە زۆر ڕووەوە بە لەهجەیەکی کۆنی ناوەڕاستی ئێرانی دەچێت.» دکتۆر وریا عومەر ئەمین لە وتارێکی لە ڕۆژنامەی هەولێر ژمارە ٢٣٣٤ لە ٢٠١٦\٣\٢٥ دەنووسێت : «لە حەفتاکاندا لە زانکۆی لەندەندا قوتابی بووم د. مەکەنزی مامۆستام بوو.. وانەی فیلۆلۆجیی زمانە ئێرانیەکانی پێ دەوتمەوە.» ، بەڵام لە وتارەکەی ڕۆژنامەی هەولێر ئەو پرسە باس ناکات.

**ئەنجامگیریی**

دووری جیوگرافی دەبێتە هۆکاری پەرشبوونی ناسنامەی زمانەوانی، بەڵام هۆکاری سیاسی (کورد _کورد) شیانی زۆر زیاترە لە جیوگرافیا !

بیانییەکان، لەوانە ئینگلیز و حکومەتی عێراقی لە ١٩٣١ بە بادینیەکانیان گوت : ئێوە ئازادن شێوەی خۆتان بەکاربێنن، ئەوانیش لە حکومەتی کوردستان ئەو خەونەی ئینگلیز و عێراقییەکان کە لە کۆتایی هەشتاکانەوە لە ڕێگای هەردوو ڕۆژنامەی (ئاسۆ) و (برزاڤ) دەیانویست جووتستاندەری کوردی لە کوردستانی عێراق هەبێت، ئەو خەونەی بەعس بە کوردەکان هاتەدی.

یۆگسلافیا دوای هەڵوەشاندنەوە، بە شەڕ دەبێتە سێ زمان لە پەروەردەی صرب، کرواتیا، بۆسنەهرسک،کورد کێشەی ئایینی و مەزهەبی نییە، بەڵام کێشەی سیاسی قووڵی هەیە : تەمەنی ئەو کێشەیە لە پەنجا ساڵ زیاترە، لەوانەیە لە ئایندە : یەکێ لە نەهامەتییەکانی کورد ببێتە نەهامەتی زمانەوانی.

ئەوانەی باوەڕیان وەک مەکەنزی وایە یا وەک شەرەفخان لە سەر دایەلێکتی گۆران، ڕۆژێک پەروەردەی خۆیان دەبێ و گۆران دەبێتە زمانێکی سەربەخۆ.

قەوارەی کوردی وەک قەوارەی میدی بووە هۆی ئەوەی دایەلێکت لە نێو کورددا نەبێت، تەواو بە پێچەوانەوە حکومەتی هەرێم دەبێتە هۆکاری ئەوەی بنزار و دوو دایەلێکت لە پەروەردە هەبن.

سایکس بیکۆی زمانەوانی پشتئەستورە بە ڕایەکانی کوردناسی وەک ئۆسکارمان و مینۆرسکی و مەکەنزی و چەند زمانەوانێکی کوردە.

جا ئەگەر سایکس بیکۆی کورد نەبێ چی سایکس بیکۆی کوردە؟

## ژێدەر

ئەمین، وریا عومەر ٢٠١٦ مەکەنزی کوردناسێکی بلیمەت، ڕۆژنامەی هەولێر، ژ(٢٣٣٤).
ڕەفیق، فاروق ٢٠٠٢ ماڵێکی لێکترازاو. سلێمانی : چاپخانەی ڕەنج.
خۆشناو، نەریمان عەبدوڵلا ٢٠١٣ زمانی ستانداردی کوردی. هەولێر : هێڤی.
خورشید، فوئاد حەمە ٢٠١٨ زمانی کوردی و زارەکانی، وەرگێرانی سوداد ڕەسوڵ. هەولێر : چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
شێرۆکی، بەدر ئیسماعیل ٢٠١٩ ناسنامەی دزراو. هەولێر : لە بڵاوکراوەکانی ڕووداو.
غالب، سەباحی ١٩٨٤ دوو تەقەڵای بێ سوود. لەندەن : چاپخانەی هەڵوێست.
مەکەنزی، نێیل دەیڤید ٢٠١٨ مەکەنزی و کورد، وەرگێڕانی ئەنوەر سوڵتانی. لە بڵاوکراوەکانی مانگ.
موکریانی، هەژار ١٩٩٧ چێشتی مجێور. پاریس.
ناوخۆش، سەلام ٢٠١٢ بۆ ئەمیری حەسەن پوور لە کەنەدا. هەولێڕ : چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
ناوخۆش، سەلام ٢٠١٣ چارەنووسی زمانی کوردی و ئەزموونی زمانەوانی نەرویج و یوغسلافیا و چیک-_ سلۆڤاکیا. هەولێر : هێڤی.
ناوخۆش، سەلام ٢٠١٣ زمانی بابەتاهیری هەمەدانی و جیاوازی دایەلێکتی هەورامی و لووڕی. گۆڤاری هەورامان، ژ.٢٧، لل ٣٧-_٥٩.
ناوخۆش، سەلام ٢٠١٨ زمانی سانسکریتی وەک دایکە زمانی کوردی، گۆڤاری ڕاپەڕین، ژمارە (٤).
نەقشەبەندی، عەبدوڵلا مستەفا ٢٠١٨ شکۆمەندی کوردان، وەرگێڕانی ڕێدار ئەحمەد. هەولێر : تەفسیر.

## سەرچاوە ئینگلیزییەکان

Crystal، David 1992 An Encyclopedic Dictionary of language and languages. London.
Hassanpour 1992 Nationalism and Language in Kurdistan، 19181985-
Ralph Norman Sharp2002 : The inscriptions in old Persian cuneiform of the Achemenian Emperors. London
Elementary kurmanji Grammar. Baghdad…. Soane 1919
Vikor، lars 2001 The Nordic languages. Oslo : Novus press.
Wahbi، Taufiq 1965 the origins of Kurds. London

Abstract
A Kurdish linguistic Sykes-_Bekou
The main objectives of this paper is to shed light to the reasons behind of this linguistic critical situation in the southern Kurdistan. As Sykes and Bekou plotted to divide Kurdistan، kurdish parties divide Kurdish language into some dialects with the help of some foreign and Kurdish linguists.

# جێگۆڕکێ کردنی دەنگی (ر) و دەنگی (ڵ) لە زمانی کوردیی

■ شاسوار هەرشەمی

دیاردەی دەرکەوتن و گۆکردنی هەندێک وشەی کوردیی، کە دەنگی (ڵ) یان تێدایە، بە دوو شێوەی (ڵ) و (ر)، زۆر جاران وەک ناسنامەی تایبەتی، دانیشتوانی هەولێر، یان زاراوەی پارێزگای هەولێر هەژمار دەکرێت.

ئەگەر بە دابڕاو لە مێژووی گۆڕانی دەنگ لە زمانی کوردیی و سیستەمی گۆڕانی دەنگ لە زمانەکانی دی هاوخێزانی زمانی کوردیی، ئەگەر گۆڕانی ئەم دەنگە، تەنیا هەر باری ئەمڕۆی زاراوەکانی کوردیی لەبەر چاو بگرین، ئەوا هێشتا بە ڕوونی پرۆسەیەکی مێژوویی دەبینین، لە گۆڕانی گۆکردنی دەنگی (ر).

دەنگەکە لە باڵەکایەتی وهەموو ناوچەکانی هەولێر، بە لەراندنی سەری زمان، لەگەڵ ددان، دروست دەبێت، کەچی لە ناوچەی شوان و تەقتەق، هەمان دەنگ، بە لەراندنی سەری زمان، لە بەشی پێشەوەی مەڵاشو گۆ دەکرێت. (وەک گۆکردنی دەنگی {ر} لە زمانی هیندی). لە زۆر شوێنی دیش، هەمان (ر) بۆ دەنگی (ڵ) گۆڕاوە. من لە دانیشتنێکدا، لەگەڵ کەسایەتی ناسراوی شاری سلێمانی، جەمال ئاغا، لە ساڵی ١٩٨٥ لە بناری شاخی ژیلوان، ئەم دیاردەیەم خستە بەرچاوان. جەمال ئاغا بۆ پشتگیری قسەکانم، هەندێک یادەوەری سەردەمی منداڵی شاری سلێمانی گێڕایەوە. ئەو گوتی: کاتێک کە منداڵ بووم، (دەبێت بۆ سەرەتای سەدەی بیست بگەڕێتەوە)، لەبیرمە ژنە پیرەکانی شاری سلێمانی، دەنگی (ڵ)یان، وەک دەنگی (ر)ی ناوچەی شوان و تەقتەق گۆ دەکرد، بەڵام ئەم دیاردەیە لە لای پیاوان نەمابوو. واتا ئەم دەنگە لە سلێمانی، لە دوا چرکەکانی تەمەنیدا بووە و ئیدی دوای ئەوە نەماوە. ئەم گۆڕانەی گۆکردن لە (ر)ەوە بۆ (ڵ)، ڕەگی زۆر لە زمانی کوردیی کۆنتر و قوڵترە.

ئەگەر بە مێژووی زانستی بەراوردکاری و دیسان دارشتنەوەی زمانی پرۆتۆ هیندۆرووپیی، یان زمانی هاوبەشی باپیرە و داپیرەکانماندا بچینەوە، ئەو تێکهەڵکێشیەمان لەوێرا بۆ دەردەکەوێت. واتا دەتوانین تا شەش هەزار ساڵێک پێش ئێستای ببەینەوە دواوە.

ئەم دیاردەیەی لەو دوو دەنگانە و چەند دەنگێکی دی میراتی هەن، لە زانستی زمانەوانیدا پێی دەگوترێت لیکڤیدە،Likvida. لیکڤیدە، تیرمێکی گشتیە بۆ هەندێک دەنگی ڕەوان و نەرم و نەختێک گشتی بەکاردەهێندرێت. وەک نمونە، بۆ ئەو جۆرە دەنگانە، دەکرێت ئاماژە بۆ دەنگە تیرمولانتەکان بکەین، واتا دەنگی (ر، R)، هەروەها دەنگە لاتیراڵەکانیش، واتا دەنگی (ل، L) وهەندێک دەنگی دیش، وەک (م،M).

هێشتا ناوێکی بەرتەسکتر بۆ دیاردەی دوو دەنگەکەی سەرەوە، بریتیە لە لیکڤیدۆر.

ئەویش بریتین لە دەنگەکانی (Ł، ل) هەروەها ( ɾر). مەبەست لە دەنگی سوکی (ر)ە، وەک لە وشەکانی (وەرە، گور، دەریم).

بۆ سەلماندنی ئەم گۆڕانانە ودەرخستنی مێژوویی ئەم گۆڕانە، دەبێ پەنا بۆ زانستی بەراوردکردنی پێوانەیی ببەین، کە تەنیا یاسایەکە بتوانێت فریامان بکەوێت. یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی گەشەکردن و چەسپاندنی زانستی بەراوردکردنی پێوانەیی زمان، سەرچاوەی لەوەوە گرتووە، کە لای لێکۆڵەرەوان دیاردەی ئەمە ئاشکرا بوو، کە گۆڕینی دەنگەکان لە زمان، هەروا بە شێوەیەکی هەڕەمەکی و بێ پێڕەوی کردن لە یاسا و ڕێسای تایبەت ڕوونادات. لە زماندا وانابێت، کە وشەیەک بە شێوەیەک بگۆڕێت و وشەیەکی دیش بە شێوەیەکی تەواو جیا لەو. گۆڕانی دەنگەکان لە زماندا -- جا خوای دەکرد هەر زمانێک بێت -- کارێکی سیستێماتیکە. گۆڕانی دەنگ، بارێکی تاکی و تایبەت و ناوازە نیە، کە تەنیا بۆ یەک یان چەند وشەیەک بێت. بەڵکو گۆڕانەکان، دیاردەیەکە لە سیستەمی دەنگی هەموو زمانەکەدا، بە ڕێکوپێکی دووپات دەبێتەوە. بۆ نمونە لە زمانی کوردییدا، هەموو دەنگی (ر) ی سوک، بە ئاراستەی گۆڕانە بۆ (ڵ)ی قەڵەو. ئەمە تەنیا لە یەک تاکە وشە، یان لە یەک ناوچە زمان، ڕوونادات. بەڵکو پەیڕەوی لە ڕێسایەکی گشتی گۆڕانی دەنگ لە زمانی کوردیی دەکات.

وردەکارییەکانی پیادە کردنی کاری بەراوردکاری، پێویستی بە میتۆدێکی کار هەیە. میتۆدەکەش وەک پرەنسیپ لە کاتی دیسان داڕشتنەوەی هەر زمانێکدا، یان بەراورد کردنی وشەی نێوان چەند زمانێکدا، بەکاردەهێندرێت. ئەمەی زۆر گرنگە و دەبێت پێداگریی لەسەر بکرێتەوە ئەمەیە، کە یاسا و ڕێساکانی گۆڕانی دەنگ، بە گوێرەی سەردەمی کۆنی و تازەیی زمانەکە، یەک لە دوای یەک و پلە لە دوای پلە، لەسەر وشەی جێمەبەست جێبەجێ دەکرێن. تا هەر پلەیەک و هەر هەنگاوێک، شێوەی وشەکە بۆ دواوە و بۆ باری پێشتر بگێڕێتەوە. بەمەش پرۆسەکە بەردەوام دەبێت، تا بە دوا شێوەی هاوبەشی وشەکە دەگەین.

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێش، کە ئاخۆ دوا شێوەی وشە چیە؟ و چۆن بڕیار لەسەر دوا شێوەی وشەیەکیش دەدرێت؟. لە وەڵامدا دەڵێین لای ئێمە دوا باری بەدەستهاتووی وشەی هاوبەش، ئەو بارەیە، کە هەموو یاسا و ڕێساکانی گۆڕانی دەنگمان بەسەریدا تاقیکردۆتەوە. بەو داسەپاندەی ڕێساکان، وشەکە دوا شێوەی

زاندراوی خۆی، بە گوێرەی یاسا و ڕێساکانی گۆڕانی دەنگ، بە ئێمە داوە. بێگومان ئەو دوا شێوەیەی، کە ئێمە بەدەستی دێنین و ناوی دەنێین وشەی (پرۆتۆزمان)، لە ڕاستیدا هێشتا دوا شێوە، یان شێوەی هەرە بەرایی وشەکە نیە. زمان، هەموو زمانێک، لە (پرۆتۆ زمان) هێشتا وێوەتر دەڕوا و زۆر کۆنترە، بەڵام ئێمە بەبێ لەبەر دەست دابوونی بنەمایەکی ڕێسایی زمان، پێیناگەین. بۆیە دوا شێوەی وشەکە، لە ڕوانگەی زانستەوە، هەر ئەو شێوەیەیە، کە یاسا و ڕێساکانی گۆڕانی دەنگی، زمانەکانی چەند بنخێزانێک بەیەکەوە لە کار دەخرێن، تا (وشە هاوبەشەکەی) بەرەنجامی ئەو گۆڕانانەمان بەدەست دەکەوێتەوە.

وەک لە پێشەوە ئاماژەم پێداوە، پەیوەندی کۆن و ئاڵۆزی نێوان هەردوو دەنگی (ڵ) و (ر)، کە تا سەر زمانی پرۆتۆ، یان زمانی هیندۆروپیی هاوبەشمان دەگەڕێتەوە، شارەزایانی کردۆتە دوو دەستە. هەندێکیان لایان وایە، کە دەنگی نەرمی (ر)، دەنگێکی کۆن و بنەڕەتیە. هەندێکی دی لایان وایە، کە ئەم جێ ئاڵوگۆڕکردنەی نێوان دوو دەنگەکە، هەندە کۆن و ڕەسەنە، کە تا سەر زمانی پرۆتۆ دەگەڕێتەوە. واتا ئەو سەردەمیش، کە لانی کەم ٦٠٠٠ ساڵ پێش ئێستایە، جیاوازی گۆ کردنەکەی نێوان هەولێر و سلێمانی، وەک نمونەیەکی ناسراوی سەردەم، یان هەردوو شێوە گۆکردنەکە هەر هەبووە. دیارە ئەمە پێویستی بە ساغکردنەوە و سەلماندن هەیە. لەمەشدا، دیسان زانستی دارشتنەوەی پێوانەیی فریامان کەوتووە و دەری خستووە، کە هەردوو شێوەکە لە زۆر کۆنەوە، هاوتەریب وتووێژیان پێ کراوە.

ئەم پرۆسەی گۆڕانی دەنگی (ر)ە بۆ (ڵ)، لە کوردیی و فارسیی، وەک میراتگرانی زمانەکانی پارتیی ئەشکانیی و پەهلەویی ساسانیی و زمانە کۆنەکانی دی بنخێزانی هیندۆ-ئێرانی، لەو زمانەڕا دەستی پێکردووە. پرۆسەکە لە زمانی کوردییدا، هێشتا بەردەوامە. کەمترین شت لەسەری بڵێین ئەمەیە، کە پرۆسەیەکی هێشتا بەردەوامە و زۆریش ناجێگیرە. هێشتا قۆناغێکی درێژی گۆڕانگاری لە پێش دایە. ئێمە گەلێک وشەی هاوبەشی کۆن دەبینین، کە لە زمانی ئێمەدا دەنگی (ر)یان وا باش و توند پاراستووە، کە هیچ ئەگەرێک لە گۆڕێدا نیە، تا جارێ وا زوو بۆ (ڵ) بگۆڕێن.

من لێرە بە دواوە، قۆناغ بە قۆناغ، هەر لە زمانی پرۆتۆوە، تا زمانە هاوچەرخەکانی گێرمانیی، چەندان نمونەی بەراوردکاری شی دەکەمەوە، تا بابەتەکە ڕوونتر دەربکەوێت. تکام وایە بە وردی سەرنج لە بەراوردکاریەکانی نمونەکان بدەن.

**چەند نموونەی ڕەگ هاوبەش:**

**١- خوری:**

خوری، هەروەها هری، هوری. بریتیە لەو مو یان پەشمەی، کە بە پێستی مەڕەوەیە. وشەکە کۆن و ناوەندیە لە زبانە هیندۆروپییەکاندا. ناوی خوری، دەگەڕێتەوە سەر وشەی پرۆتۆهیندۆروپیی PIE ی -wlna، ولنە-، هەروەک وشەی هاوشێوەی varna، ڤەرنە. لە سانسکریتی پێیگوتراوە varna، ڤەرنا. هەمان وشەی ڤەرنای پرۆتۆ، گەر بیکەین بە ڤەرنی؟ ئینجا گۆڕانی بۆ (وەرنی. وەری و خوری، یان هوری)، لێکچوونەکان لەگەڵ شێوە کوردییەکانی ناوەکە، تا ڕادەیەک دەردەکەون. هەموو ئەم گۆڕانانەی دەنگیش، کە ڕوویانداوە، بە گوێرەی ڕێسایەکی ناسراو و باون لە کوردییدا. لە بەراوردکردنی ناوی خوری، لەگەڵ بنخێزانە زبانەکانی دی، دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێت، کە ناوەکە لە کوردیی، بە گۆڕانی دەنگەکانی ل = ر، هەروەها هەردوو دەنگەکانی (و، ڤ) = بۆ خ و ه هاتۆتە کایەوە. ئەم گۆڕانانەش ڕێسادارن. بەم تێگەیشتنەوە، ئینجا بە ڕوونی هاوڕەگی ناوەکە لەگەڵ زبانەکانی دی دەبینین.

دەبینین کە لە هەندێک زمانی کلاسیکی خزمدا، وشەکە چۆن تۆمار کراون؟ وەک لە سلاڤیی کۆن vluna، ڤلونە واتا خوری. لە لیتاویی vilna، ڤیلنە واتا خوری. لە ئیرلەندیی کۆن oland، ئۆلاند واتا خوری. بە کیمیریی gwlan، گولان واتا خوری. لە سانسکریتیدا، جگە لە ڤەرنا، ناوی urna، ئور-نە هەر بە واتای خوری هاتووە. هەروەک ناوی جاڵجاڵۆکەش بەو زبانە، بریتیە لە urno-vabhi، ئورنۆ- ڤابهی، واتا بافتی خوری. جۆڵای خوری. بە لاتینیی lana، لانە واتا خوری. لە گریکیی lenos، لێنۆس واتا خوری. گەر سەرنج لە ناوی خوری لە زبانە گێرمانییەکان بدەین و ڕەچاوی گۆڕانی ڕێساکانی دەنگ لەو زبانانە بکەین، دیسان هاوڕەگی ناوەکانمان لەگەڵ خوری= هری کوردیی بۆ ڕوون دەبێتەوە. لە ئەلمانیی کۆن wullin، وولین واتا خورین، یان شتی (لە خوری دروستکراو). بە ئەلمانیی هاوچەرخ wollen، وۆلێن هەمان شتە. لە ئەنگلۆساکسۆنیی wyllen، ویللێن و wullen، وولڵێن هەمان. لە ئینگلیزییدا woollen، وولن هەمان شت. هەروەها wool، وول لەو زمانەدا واتا خوری. لە سویدیی کۆن ن ullin، ئولین واتا خورین. لە سویدیی ull، ئول واتا خوری.

لە زمانی دانمارکیی ulden، ئولدن خوریە. لە نەرویژیی uld، ئولد واتا خوری. تەنیا بە گۆڕینی دەنگەکانی (و بۆ= خ، یان هـ) هەروەها (ل بۆ = ر)، دەبینین هەموو ئەو ناوانەی سەرەوە، بەڕیزە دەبنە: خورین، خۆرێن، خیرێن، خورێن، خورین، خوور، خردێن و خرد، کە بە ئاشکرا ناوی خوری لە هەموویاندا ڕوون و دیارە. کەواتا وولْنا، هەمان (وری)ی کوردیی لێکەوتۆتەوە، کە دواتر شێوەی دیشی وەرگرتووە. وەک هری و خوری. ئەوەی کە ئێمە بەدوایدا وێڵین، ڕەگی وشەی خوری نیە، بەڵکو بوونی دەنگی (ر)ە، لە ناو ئەو وشەیەی، کە لە زمانی لاتینیی وزمانە گێرمانیی و تا زمانە سلاڤیەکانیش، بە شێوەی (ل، ڵ) دەردەکەوێت.

لێرەدا دەبێ ڕوونی بکەمەوە، کە ناوە پرۆتۆکەی (ئولنە) کردارە و واتای بنەڕەتی وشەکەش بریتیە لە (داپاچین، داماڵین، وەراندن). ئەمەش هەمان کرداری داماڵین و لێکردنەوە، یان بڕینەوەی خوری بووە لە پێستی مەڕ. (دیارە ناوەکە بۆ پێش داهاتنی قەیچی و بڕەڕی دی، بە ماوەیەکی زۆر، دەگەڕێتەوە). وشەی لاتینیی vellus، ڤێللوس واتا پێستی بەرخ بە خوریەوە. هەروەک لە لاتینییvellere، ڤێللێرێ واتا وەراندن. لێکردنەوە و داپاچین، کە لە هەمان ڕەگی پرۆتۆی wlna، ولنە هاتووە.

**٢- پڕ:**

وشەکە بە هەردوو شێوەی (ر) و (ڵ)، واتا بە شێوە گۆکردنی (پڕ و پل)، لە زمانی هاوبەشی کۆنمان، واتا PIE دیسان داڕێژراوەتەوە. یەکەمیان بریتیە لە prnō–، پڕنۆ، دووەمیشیان plnō–، پڵنۆ. وشەکە لە زمانی سانسکریتی بۆتە puru، پورو. لە زمانی ئاڤێستایی paru، پەڕوکە واتاکەی بۆتە فرە، زۆر. لە پەهلەویی pur، پوڕ. بە فارسیی پوڕ. کەچی لە زمانانی سلاڤی و گێرمانیی، دەنگی (ر) دەبێ بە (ڵ). بۆیەشە وشەکە لە زمانی لیتاوییدا بۆتە pilnas، پیلنەس. لە سلاڤی کلێسایی کۆن، پڕ بۆتە plunn، پلون. لە زمانی ڕووسیی، polni، پۆلنی واتا پڕ. لە زمانی لاتینییش plenus، پلێنوس بۆ هەمان وشە دەبینین. لە زمانە گێرمانییەکانیش، وشەکە دوای گۆڕانی ڕێساداری دەنگی (پ) بۆ (ف)، بە گوێرەی ڕێسای گۆڕانی دەنگی گریم، ماوەتەوە و ناسراوە. دەبینین لە زمانی گۆتی بە پڕ دەڵێن fulls، فوللس. وشەکە لە سویدیی و ئینگلیزیی بۆتە full، فولل. بە هەمان شێوەش لە ئیسلاندیی بۆتە fullr، فوللر.

**٣- سارد:**

سارد، هەروەها سار. بریتیە لە دابەزینی پلەی گەرمی و سەرما بوون. پێچەوانەی گەرم. وشەیەکی کۆن و ڕەسەنی کوردییە. لە ئاڤێستایی sarata، سەرەتە هەمان شتە. هەروەها sareta، سەرێتە دیسان واتا سارد. لە پەهلەویی sart، سەرت هەمان شت. بە فارسیی سەرد. لە ئەرمەنیی tsurt، ت-سوورت واتا سارد. وشەکە بە یەکێک لە وشە بەربڵاوەکانی زبانانی کۆن و تازەی هیندۆئەورووپی دادەندرێت. سارد لە ڕەگی وشەیPIE ی -kel، کێل- هاتووە بە واتاکانی سارد. سەرما. شەختە و بەستن.

بە گوێرەی ڕێساکانی گۆڕانی دەنگ لە کوردیی، دەنگی «ک»، هەروەها شێوە گۆڕاوەکانی ئەم دەنگە، لە بنخێزانەکانی دی، وەک «هـ» و «ف» و «خ» و «ش»، هەموویان لە کوردیی و زبانە ئێرانیەکاندا بۆ «س» دەگۆڕێن. لە زبانە سلاڤییەکان و ئەرمەنیشدا هەر وایە. هەر بە هەمان شێوەش، دەنگی «ل» یان (ڵ)، لە کوردیی کۆن و زمانە ئێرانییە کلاسیکییەکان، بۆ «ر» دەگۆڕێت. کەواتە ڕەگی پرۆتۆی وشەکە، بە شێوەی (سێر-) هاتۆتە ناو پرۆتۆ زبانی ئێمە. واتا وشە کوردییەکە، هەروەک هاوشێوە پەهلەویی و ئاڤێستاییەکەشی، بۆ سەر هەمان (سێر-) دەگەڕێنەوە. وشەی گرێکیی kryos، کری-یۆس واتا سەرما. سارد. وشەکە بە گوێرەی لێکدانەوەمان بە هەمان ڕێسای سەرەوە، لە کوردیی، دەبێتە (سری-یۆس). وەک دەردەکەوێت (سری) هەمان ساری یان ساردیە. تەنانەت وشەی لە گرێکیی وەرگیراوی کریستاڵیش، هەر خزمایەتی لەگەڵ سارد هەیە. ڕەگی داڕێژراوەی وشەکە لە PIE دا بریتیە لە -krwsos، کروسۆس-. واتا بە گوێرەی ڕێساکانی گۆڕانی دەنگی کوردیی بێت، بریتیە لە (سرو- سۆس). ڕەگی «سرو» هەمان سار و ساردە. دەبینین لە لیتاویی، şalti شالتی واتا سڕ بوون. بەستن. هەروەک şaltas، شالتەس واتا سارد. هەردوو وشەکە، بە گوێرەی ڕێساکانی سەرەوەی کوردیی بێت، ئەوا دەبنە ساردی و ساردەس.

ئێستا داوا لە تۆی خوێنەر دەکەم تا لەم وشانەی لە سەرەوەدا هاتوون وئەمانەش کە لە دوواوە دێن، بە گۆڕینی ڕێساداری دەنگەکانی ناکوردیی «هـ» و «ف» و «خ» و «ش» بۆ «س». هەر بە هەمان شێوەش، دەنگی «ل» بۆ «ر» خۆت بەراوردی لێکچوونی ئەم وشانەی زبانانی دی و وشەی کوردیی سارد بکە. وشەکانی سارد وەک لە سویدیی köld، کۆلد (بە شۆلد گۆدەکرێت). لە دانمارکیی kulde، کولدێ.

به ئیسلاندیی kuldi، کولدی، کە هەموویان بە واتای ساردی دێن. ناوی شاری ناسراوی ئەلمانیی köln، کۆلن، هەر لە وشەی ساردەوە هاتووە. هەروەک وشەی لاتینیی gelatus، گێلاتوس بە واتای بەستوو، بە سەهۆڵ بوو. بە هەڵگێڕانەوەی دەنگەکانی گ بۆ= س. هەروەها ل بۆ = ر، ناوەکە دەبێتە سێرا-توس. وشەی سێرا، هەمان سارە و ساردەیە. هەروەک بە ئیسلاندیی kalt، کالت واتا سارد. لە سویدیی kallt، کالت واتا سارد. لە ئینگلیزیی cold، کۆلد واتا سارد. لە ئەلمانیی kälte، کێلتێ هەمان شت. هەموویان بە ڕیزە، بە گۆکردن بە ڕێساکانی کوردیی، دەبنە سارت. سۆرد و سێرتێ. لە زمانەکانی گالی، ئیسپانی و پورتوگالیی frio، فریۆ واتا سارد، کە لە کوردیی دەبێتە سریۆ. لە ئیتالیی freddo، فرێدۆ هەمان. بە فەرەنسیی froid، فرۆید هەمان. لە ئیرلەندیی fuar، فوەر هەمان. لە زبانە سلاڤییەکانیشدا، دیسان لێکچوونەکان پێڕەوی لە هەمان ڕێساکانی گۆڕانی دەنگی سەرەوە دەکەن. لە کرواتیی hladan، هلادان واتا سارد. سێربیی xladan، خلادان هەمان شت. بە ڕووسیی xolodnei، خۆلۆدنێی هەمان واتا. هەرسێکیان بە گۆکردن بە گوێرەی ڕێساکانی سەرەوەی کوردیی، بە نۆرە دەبنە سرادان و سۆرۆدنێی. لە زبانە سلاڤییەکانی دیش، هەر شێوەی لەو جۆرەن. ئەوەی لێرەدا سەرنجڕاکێشە ئەمەیە، کە دەربڕینی کوردیی (لە سەرمان قەلیم) وشەی (قەلی) تێدا هاتووە. ئەمەش هەمان ڕەگی کۆنی ساردە، بێ ئەوەی ڕێساکانی گۆڕانی دەنگی کوردیی بەسەردا چەسپابێت. واتا ڕاستەوخۆ دەچێتەوە سەر ڕەگی وشەیPIE ی -kel، کێل- بە واتای سارد. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە وشەکە، لە قۆناغێکی زووتری گەشەی زبانی کوردیی، لە زبانێکی دی هیندۆئەوروپی وەرگیراوە، بۆیە ملکەچی ڕێساکانی گۆڕانی دەنگ لە کوردیی نەبووە.

**٤- سوار:**

سوار، واتا ئەو کەسەی لەسەر پشتی ئەسپەوەیە. ئەو چەکدارەی کە بە پێچەوانەی سەربازی پیادە، سواری ئەسپ بووە و بە ئامرازی سەنگینتری شەڕیش پڕچەکە. سوار وەک مێتافۆریش واتا باڵادەست. سەرکەوتوو. مێرخاس و ئازا. وەک کە دەگوترێت (داشی سوارە. سواری سەر پشتی بووە).

سوار، یەکێکە لە وشە ناوەندیەکانی زمانی هاوبەشی هیندۆئەوروپیی، بەهۆی بایەخی لەڕادەبەدەری ئەسپ بەخێوکردن لای هیندۆروپییانی کۆنەوە. وشەکە

بە ڕەچاوکردنی ڕێساکانی گۆڕانی دەنگ و پاشگرەکانەوە، لە زوربەی زمانە دەستەخوشکەکان دەبیندرێت و بۆ شارەزایانی زمان، بە ئاسانی دەناسرێتەوە. لە پەهلەویی asuwar، ئەسوار. فارسیی سەڤار. لە ناو سوپای ساسانیاندا aswaran، ئەسواران، کە سەربازانی سوارە بوون، بەشێکی هەمیشەیی سوپا بوون. لە پەهلەویی aspabari، ئەسپابەری واتا ئەسپسوار، یان ئەسپبار. لە هەڵکەندراوێکی ئاشورییاندا، ناوی میرێکی میدیی بە ispabara، ئیسپابارە تۆمارکراوە. لەوانەیە سەرەتاکانی وشەی سوار، بۆ بار، یان ئەسپ بار بگەڕێتەوە. بۆ نمونە وشەی ئیسپابارە دەبێتە سپابارە. سڤاوارە و سوارە. ناوەکە بە واتای سوار، سوارچاکی، سواربوون و تەنانەت وەکو ناوی ئەسپیش لە زبانەکانی دی هەمانە و دەناسرێنەوە.

با دیسان ڕێساکانی گۆڕانی دەنگ بۆ ئەو وشەیە، لە زمانی کوردیی هاوچەرخ بخەمە ڕوو، تا ئاسانتر لە بەراوردکردنەکان بگەین. دەنگەکانی (ک، چ، ش) لە کوردیی دەبنە دەنگی (س). هەروەها دەنگەکانی (پ، ب، ڤ، ف) بە گشتیی دەبنە دەنگی (و). دەنگی (ل)یش، کە جێمەبەستی بابەتەکەی ئێمەیە، دەبێتە (ر).

بەو ڕێسایانەی سەرەوە، دەبینین لە لاتینیی caballus، کەباللوس، واتا سوار، کە بە گوێرەی ڕێساکانی گۆڕانی دەنگی سەرەوە، ناوە لاتینییەکە دەبێتە (سەوار-وس). لە ئیتالیی سوارچاکی بریتیە لـەcavalleresco، کەڤاللێرێسکۆ. بە گوێرەی ڕێساکانی سەرەوە، وشەکە دەبێتە (سەواری-ڕێسکۆ). تێبینی سەواریَ بکە لە ناو وشەکەدا. وشەی کەتەلۆنیی و ئیتالیی بۆ سوار، بریتیە لـەcavalleria، کەڤاللێریە، کە بە گوێرەی هەمان ڕێسای سەرەوە، دەبێتە (سەوار-ێریە). هەمان وشە لەو زمانانەدا، واتای دیشی وەرگرتووە وەک ئاغا. بەگزادە. هەروەک ئەسپ لە ئیتالیی cavallo، کەڤاللۆ، دەبێتە (سەوار-ۆ). وشەی سوارسوارانیَ، لە ئیتالیی پێیدەگوترێت cavalcata، کەڤالکاتە، کە بە گوێرەی ڕێساکانی دەنگی سەرەوە لە کوردیی، دەبێتە (سەوار- ساتە). لە فەرەنسیی سوارچاکیی chevalerie، شێڤالێریَ، کە هەر بە هەمان شێوە، دەبێتە (سێوار-ێریَ). هەروەک لەو زمانەدا سواربوون cheval، شێڤال، بە کوردیی کردنەکەی، دەبێتە (سێوار) کە هەمان سوارە. وشەی فەرەنسیی cavalerie، کەڤالێریَ، یان بە گۆ کردنە ڕێسادارەکەی کوردیی، (سەوار-ێریَ) واتا سەربازی سوارەی سوپا. لە ئینگلیزییشدا سوارچاکیی chivalry، چیڤالری دەبێتە (سیوار-ری). سوارچاکیی لە ئەلبانیی kaloresi، کالۆرێسی، کە دەبێتە سارۆ-ڕێسی. هەر

لەو زمانەدا، سواربوونیش kale، کالێ، دەبێتە سارێ. لە زبانی گالیی، سوارچاکی پێیدەگوترێت cavallheirismo، کەڤال-هێیریسمۆ، کە دەبێتە سەوار- هێیریسمۆ. هەروەک ئەسپ لە گالیی پێیدەگوترێتcabalo، کەبالۆ، کە دەبێتە سەوارۆ. لە ئیرلەندیی ئەسپ پێیدەگوترێت capall، کەپال، کە دەبێتە (سەوارر). بۆ سوارچاکیش، هەمان وشەی ئینگلیزیی لە فەرەنسیی وەرگیراو بەکاردێنن. لە ئیسپانیی سوارچاکیی caballeria، کەبالێریە دەبێتە (سەوار-رێریە). هەروەک ئەسپ caballo، کەباللۆ (کەڤاییۆ) دەبێتە (سەواررۆ). سواربوون لە ڕومێنیی cavaler، کەڤالێر دەبێتە سەوار-ێر. لە پورتوگالییشدا سواربوون cavalo، کەڤالۆ، دەبێتە (سەوارۆ). هەروەک لەو زمانەدا ئەسپ cavaleiro، کەڤالێیرۆ، دەبێتە (سەوار-ییێرۆ). لە کیمیریی یان وێلزیی، سواری بریتیە لە sifalri، سیفالری، کە بە گوێرەی هەمان ڕێساکانی سەرەوە، دەبێتە سیوار-ری. هەروەک سواربوون ceffyl، سێفیل دەبێتە سێویر. لە بولگارییشدا سواربوون بریتیە لە ritsar، ریت-سار. هەروەک لە ڕووسیی، سواری بریتیە لە ritsarstva ریت- سار-ستڤا. لە ئۆکراینیی سواریی lutsarstva، لوت-سار-ستڤە. تا لە زمانی ئوردوش، سواریی şurta، شورتا، دەبێتە سور-تا.

ئەوەی مایەی سەرنجە، لە زاراوەیەکی ناوچەیی کرمانجیی، بە ئەسپی بەرەللا دەگوترێت کوللۆ، کە وەک دیارە دەبێ لە یەکێ لە زمانەکانی سەرەوە وەرگیرابێت.

### ٥- خۆر:

ڕەگی وشەکە لە زمانی PIE بە شێوەی یەکەمی، ($h_2$»ensu«-، (هـ)ئێنس-و دیسان داڕێژراوەتەوە. وشەکانی هەسو، هەروەها ئەنسوز، لەو ڕەگەوە کەوتوونەتەوە. شێوەی دووەمی وشەکەش بە$h_2$nsu–ro، هنسو-رۆ) یان دوای کەوتنی لارینگال (ئانسو-رۆ) دیسان داڕێژراوەتەوە. وشەکە دواتر بۆتە سەرچاوەی بنەڕەتی هەردوو وشەکانی ئاسورا و ئاهورا. هەر ڕەگی هەمان وشە، لە زمانی گریکیی بە شێوەی hélios، هێلیۆس ماوەتەوە. لە زمانی لاتینییش، بە شێوەیsol، سۆل، هەر بە هەمان واتای ئاهورا و ئاسورا، یان خۆر کەوتونەتەوە بەرچاو. ڕەنگە دۆزینەوەی لێکچوون لە نێوان ئەو دوو وشەیەی سەرەوە و ئاسورا، لای خوێنەر نەختێک ئاڵۆز بێتە بەرچاو. لە هەردوو وشە گریکیی و لاتینییەکەدا، شوێنەواری لارینگال لە پێشەوەی ناوەکە دیارنیە، بۆیەشە دەنگی (ئا-) شوێنەواری ونە. هەروەها لە هەردوو وشەکەدا دەنگی

(ل) هەمان دەنگی (ر)ە، کە لە ئاسورا و ئاهورادا دەرکەوتوون. ئەمەش نمونەیەکی دیە لەسەر گۆڕانی دەنگی (ر) بۆ (ل، ڵ). بەمجۆرە ئەگەر ئەم دوو گۆڕانەی وشەکە، وەکو خۆی لێبکەینەوە، ئەوا هێلیۆس دەبێتە (ئاهێ ریۆ- س). سولیش دەبێتە (ئا- سور). بەمجۆرە دوای ئەوەی گۆڕانەکان وەکو خۆی لێدەکەینەوە، ئەوا دوو وشەی ئاسور وئاهێرمان دەست دەکەوێت. دەبینین بە ئاسانی دەردەکەون، کە هەمان ئاسورا و ئاهوران، بەڵام بەبێ ڕەچاوکردنی گۆڕان و پەرەسەندنەکان، کە درەنگتر لەو زمانانەدا بەدیهاتوون. هەر بەم شێوەیە تێدەگەین، کەناوی خۆر- هۆر یان ڕۆژ، لە هەموو ئەو زمانانەی کە بە (سۆل) هاتووە، لە هەمان ڕەگی خۆر و هور گەشەیان کردووە. وەک دەزانین کە بە ئیسپانیی، پورتوگالیی، سویدیی، دانمارکیی و گالیی، خۆر بۆتەsol، سۆل. لە زمانی ڕووسییش بۆتەsolnitse، سۆل نیتسێ. (لە زمانی ئینگلیزیی پێیدەگوترێت sun، سەن). بە زمانی لێتیی و لیتاوییsoule، سۆولێ ی پێدەڵێن. بە ئەڵمانیsonne، سۆننێ. لە زمانی ئیتاڵییsole، سۆلێ. بە فەرەنسیی soleil، سۆلێیل و لە زمانی ڕومێنییشدا پێیدەگوترێتsoare، سۆوەرێ.) تێبینی بکە، لە هەموو ئەو ناوانەدا، بە گۆڕینی دەنگی (س) بە (خ) و (ل)یش بە (ر)، ناوەکە چەند لە (خۆر، هۆر) نزیک دەبێتەوە. (سۆل- خۆر/ سۆل نیتسێ- خۆر نیتسێ/ سۆولێ- خۆورێ/ سۆلێ- خۆرێ و تاد.

گۆڕان لە پێشگر و پاشگری هەندێک ناویش، هۆکاری خۆیان هەیە، کە ڕوونکردنەوەیان ئاڵۆزە و کاری ئەم نوسینە نیە. (لە بەراوردکردنەکەدا، جارێکی دی ئەمەشمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە بوونی دەنگی (ر)، شان بە شانی (ڵ)، لە هەندێک وشەی کوردییدا، مێژوویەکی یەکجار کۆن و ڕەسەنیان هەیە. هەر بەو بەراورد کردنە ساکارەدا، بۆمان ئاشکرا دەبێت، کە خۆر توخمێکی هاوبەشی پەرستنی زۆر گرنگی گەلانی کۆنی هیندۆرووپیی بووە. ناوی خۆریش، نزیکەی لە هەموو زمانە هاوچەرخەکاندا، بۆ سەر یەک چاوگی هاوبەش دەگەڕێتەوە.

**٦- سرتە:**

سرتە یان سرتە سرت. واتا دەنگە دەنگ بە چرپە. وشەکە لە ڕەگی وشە گۆڕاوەکەی (سرێ-) یان بیسرانەوە وەرگیراوە. وشەکە لە زبانی PIE بە شێوەی -kleu، کلێو- دیسان داڕێژراوەتەوە. ئەمەش هەمان ڕەگی وشەی کلی- بووە. دەنگی پرۆتۆی

(ک)، لە کوردییدا، وەک ڕێسای گۆڕانی دەنگ پێمان دەڵێت، دەبێتە (س). بێگومان دەنگی (ل)یش لە کوردیی کۆن، هێشتا هەر (ر) بووە. کەواتە ڕەگی پرۆتۆی (کلێو-) لە کوردیی، دەبێتە سرێو- یان سریَ-. لە زمانی پارسی کۆندا، بیستن بە sru-، سرو- هاتووە. وشەکە بەو شێوەیەی، لە کوردیی، بۆ دەنگی نزم بەکاردێت. یان بۆ دەنگۆ و چرپەچرپ ودوان بە دەنگی نزم بەکاردێت.

### ٧- سرك:

سرک، واتا کشت. وریا. ئاگالەخۆ. گویَ قوڵاغ. قوشقی. ڕەوەک. وشەکە لە (سر) ەوە هاتووە و پاشگری ناسینەوەی ناو واتا «ک»یشی چۆتە سەر. وشەی «سر» واتا بیستن. وشەیەکی ناوەندیە و لە ڕەگیPIE ی وشەی kli-، کلی- هاتووە، کە بە گوێرەی ڕێساکانی گۆڕانی دەنگ لە کوردیی، دەبێتە (سری). بۆ لێکدانەوە و کاری بەراوردکاری، دەشێ بەجیا سەیری لێکدانەوەکانم بکەیت بۆ هەریەک لە وشەکانی زڕاو. زوڕنا. ناسراو. سرتە. بیستن و بیسراو، کە بەمزوانە لە شێوەی کتێب بڵاودەبێتەوە.

### ٨- سرەوتن:

سرەوتن، بە هەمان شێوەی سرەوان واتا ئارام گرتن. حەسانەوە. داسەکنان. ئۆقرە گرتن. وشەکە بریتیە لە (سرەو)، لەگەڵ پاشگری (-تن)، کە دەچێتە سەر چاوگ. ڕەگی وشەکە، لەگەڵ سرەوان نەختێ جیایە ودەچێتەوە سەر وشەی PIEی slu-، سلو- بە واتای حەسانەوە. لەکاتی بەراوردکردندا، دەبێ ئەوەمان لەبیر بێت، کە لە کوردیی، دەنگی «ڵ» دەبێتە «ر». بۆ بەراوردکاری، سەیر دەکەین کە لە گۆتیی anaslawan، ئەنا - سلەوان واتا وازهێنان. هەروەها gaslawan، گا - سلەوان واتا بێدەنگ بوون. سڕ بوون. لە ئیسلاندیی slota، سلۆتە واتا پشودان. حەسانەوە. بە نەرویژیی slut، سلووت واتا کەمکردنەوەی خێرایی. لە فلاملاندیی ڕۆژئاوایی slooi، سلووی واتا حەسانەوە. سستی. لە زاراوەیەکی سویدییدا slåta، سلۆتە واتا تەوەزەلی. لێکردنەوەی باران. نەمانی بارینی باران. هەر بە سویدیی slutta، سلوتتە واتا خۆ خوارکردنەوە. وەستان و پشودان. لە زاراوەیەکی ئەلمانیی schlossen، شلۆسسن واتا حەسانەوە.

**٩- سرێش:**

سرێش هەروەها چرێش. بریتییە لە کەتیرە، کە بۆ چەسپکردنی شت لە یەکتری بەکاردێت. لە کوردیی چەندان ناوی دیشی هەیە. وەک چرێش. ئەسرێلک. بە فارسیی سریش. ڕەگی وشەکە لە زمانی هاوبەشی پرۆتۆهیندۆروپییی، یان PIE ی -sli، سلی- هاتووە بە واتای لینج. گەر سەرنج لە وشەی ئەسرێلک بدەین، ڕەگی وشەکە باش دیارە. وشەکە پێش لارینگال بوون و هاتنە سەری دەنگی (ئە)، بریتی بووە لە (سرێلک). گەر دەنگی «ک»ی ناسینەوەی ناویش لە سرێلک لابدەین، ئەوا سرێل دەمێنێتەوە، کە هەمان سلیە، بە لەبەرچاو گرتنی گۆڕانی ڕێساداری دەنگی ل= ر لە زمانی کوردیی. بۆ هێشتا بەراوردکاری پتر، لە سویدیی slem، سلێم واتا لینجاو. لیک. لە ئەلمانیی کۆن، ئەنگلۆساکسۆنیی، دانمارکیی و ئیسلاندیی slim، سلیم هەمان شتە. لە ئەلمانیی schleim، شلێیم هەمانە. لە ئینگلیزیی slime، سلایم هەمان شتە. لە گریکیی leimax، لێیماکس واتا هێلکە شەیتانۆکە (بەهۆی لینجی ژێر سەدەفەکەیەوە)، هەر بۆ سەر هەمان ڕەگی هاوبەشی سەرەوە دەگەڕێتەوە. وشەکە لە لاتینیی، بۆتە limax، لیماکس. لە ڕووسییش slimaku، سلیماکو هەمان شتە. گەر سەرنج لە شێوە و واتای وشەکان بدەیت، زوو بۆت دەردەکەوێت کە، وشەی کوردیی چڵم لە هەمان ڕەگە وشەوە هاتووە. سەیری چڵم بکە.

**١٠- گیرسان:**

گیرسان لەگەڵ پێشگری -هەڵ، واتا پێبوون. ڕۆشن بوون. لە زاراوەی هەورامیی گیسنایِنە واتا داگیرسان. گیسیاینەر واتا داگیرسان. وشەی «گیرسان» سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە سەر ڕەگی دوو وشەی هاوشێوەی PIE کە بریتین لە ghlo-، گهلۆ- و -ghlendh، گهلێندھ-. هەردوو شێوەی وشەکە، بە واتای ڕۆشنایی و ڕووناکی بەکارهاتوون. واتا وشە کوردییەکە، بە ڕەچاوکردنی ڕێساکانی گۆڕانی دەنگی (ل) بۆ (ر)، گۆڕانی بەسەر داهاتووە. بەهۆی درەوشانەوە و ڕۆشن دەرکەوتنی چاو، گەلانی هیندۆروپیی هەر لە زووەوە و بە شێوەی جۆراوجۆر، وشەکەیان بۆ بەشەکانی چاو یان دیتن بەکارهێناوە. دەبینین کە لە زمانی دانمارکییدا glane، گلانێ واتا سەیر کردن. لە سویدیی هەردوو glana، گلانە و glo، گلو واتا چاوتێبڕین. هەروەها glänsa، گلێنسە واتا درەوشانەوە.

لە ئەنگلۆساکسۆنیی glisian، گلیسیان واتا درەوشانەوە. لە ئینگلیزییدا glance، گلانس واتا چاوتروکاندن. هەمان وشە لە ئەڵمانی بۆتە glunz، گلونز. لە نەرویژی glina، گلینە واتا درەوشانەوە. هەروەک glistennt، گلیستێننت واتا داگیرسان. لە ئیسلاندیی glia، گلیە واتا درەوشانەوە. وشەی گێرمانیی گشتی glo، گلۆ واتا گڵپەی ئاگر، کە لە سویدیی بە شێوەی glöd، گلۆد ماوەتەوە و واتا ڕۆشنایی. لە ئەنگلۆساکسۆنیی glysnian، گلیسنیان واتا بروسکە. چەخماخە. لە ئیرلەندییش gle، گلیَ واتا درەوشانەوە. لە زبانی سلاڤی کۆنیشدا، توشی وشەکە دەبینەوە، کە بە شێوەی gledati گلێداتی هەیە بە واتای سەیربکە. لە زبانی ڕووسییش، وشەی glaza، گلازا بۆتە ناو و واتا چاو. بەمجۆرە دەگەینە ئەو ڕاستیەی، کە گیرسان بریتی بووە لە ڕۆشنایی. ئەگەر لەم وشانەی سەرەوەدا، گۆڕانی (ل) بۆ (ر) ڕەچاو بکەین، ئەوا بە ئاشکرا لێکچوون و هاوڕەگی وشەکان لەگەڵ یەک و لەگەڵ گیرسان دەبینین.

**١١- بریسکانەوە:**

بریسکانەوە واتا ڕووناکی دانەوە. ڕۆشن بوونەوە. دەبریسکێت، واتا ڕووناکی لێ دەردەچێت. شەوق دەداتەوە. بریقەدارە. بە شیکردنەوەی وشەکە و لێکردنەوەی پێشگر و پاشگرەکان، ب+ریس+ک+ان+ەوە، ڕەگی وشەکەمان لێ دەردەکەوێت، کە (ریس)ە. وشەی بروسکەش هەمان شتە و ڕەگی وشەکە بریتیە لە (روس). هەردوو وشە، دەگەڕێنەوە سەر ڕەگی وشەکانی PIE ی lewks-، لێوکس-. هەروەها lewkos-، لێوکۆس-، یان luks-، لوکس- بە واتای ڕووناکی. دەبێ لەبیرمان بێت، کە بە گوێرەی ڕێساکانی گۆڕانی دەنگ لە کوردیی، دەنگی (ل) بۆ (ر) دەگۆڕێت. ئێستا لەو وشانەی خوارەوە، کە لە زمانانی دی هیندۆرووپییدا، بە هەمان واتای بریسکانەوە دێن، تۆ تەنیا شوێنی هەردوو دەنگی ل = ر بگۆڕە و بەراوردیان بکە. لە ئەنگلۆساکسۆنییblyscan، بلیسکان. ئەلمانیی کۆن blosen، بلۆسن. لە سویدیی lysa، لیسە واتا دەبریسکێت. هەڵایساوە. لە ئیسلاندیی بۆتە lysa، لییسە. بە دانمارکیی lyse، لیسێ. هەروەها blusse، بلوسسێ. ڕەگی هەرسێکیان لە زمانی پرۆتۆی leuhs-jan، لێو-هسیان بووە. لە ئەنگلۆساکسۆنیی leixan، لێیکسان هەمان واتای

هەیە. دەبینین لە سویدیی وشەی ljus، لیوس (کە بە یوس گۆدەکرێت) واتا مۆم. لە ئیسلاندیی ljoss، لیۆس هەمانە. لە دانمارکییش دەگوترێت lys، لیس. لە ئەلمانیی کۆن، وشەی liehsen، لییەسێن واتا درەوشانەوە. ناوی لاتینیی بۆ مانگ luna، لونە واتا درەوشاوە ولە ڕەگی lewksna، لێوکسنە ڕا هاتووە. بە هەمان شێوەش، وشەی سانسکریتیی ruksa، ڕوکسە. لە زمانی لەناوچووی پروێسیی lauksnos، لەوکسنۆس واتا ئەستێران. وشەی گرێکیی lykhnos، لیخنۆس دەگەڕێنەوە سەر هەمان ڕەگ.

**١٢- بریسکە:**

بریسکە بریتیە لە ڕووناکیەکی توند و خێرا، کە لە تەنێکی ڕووناکی دەرەوە دەردەچێت. لە باری کرداریدا دەبێتە بریسکایەوە. دەبریسکێتەوە. دوای لێکردنەوەی پێشگری «ب»، ڕەگی وشەکە بە شێوەی (ریسک-ە) دەردەکەوێت. وشەکە وەک بریسکانەوە، دەگەڕێتەوە سەر ڕەگی وشەکانی PIE ی lewks-، لێوکس-. هەروەها lewkos-، لێوکۆس-، یان luks-، لوکس- بە واتای ڕووناکی. دەبێ لەبیرمان بێت کە بە گوێرەی ڕێساکانی گۆڕانی دەنگ لە کوردیی، دەنگی (ل) بۆ (ر) دەگۆڕێت. ئێستا لەو وشانەی خوارەوە، تەنیا شوێنی هەردوو دەنگی ل =ر بە یەکدی بگۆڕە و بەراوردیان بکە. لە ئەنگلۆساکسۆنیی blyscan، بلیسکان. لە ئەلمانیی کۆن blosen، بلۆسن. لە سویدیی lysa، لیسە واتا دەبریسکێ. هەڵایساوە. لە ئیسلاندیی بۆتە lysa، لییسە. بە دانمارکیی lyse، لیسێ. هەروەها blusse، بلوسسێ. ڕەگی هەرسێکیان، لە پرۆتۆ گێرمانیی leuhs-jan، لێو-هسیان بووە. لە ئەنگلۆساکسۆنیی leixan، لێیکسان هەمان واتای هەیە. لە لاتینیی brais، برەیس واتا پشکۆ. لە ئیسپانیی brasil، براسیل، کە بۆتە ناوی وڵاتی بەرازیل، لە خواروی ئەمەریکا، ناوەکە لە ڕەنگی بریسکاوەی درەختێک وەرگیراوە کە لەوێ زۆر بووە. لە زمانە سلاڤیەکانیشدا، وشەی هاوڕەگ بە هەمان واتا دەبینرێن. بە سێربی و کرواتیی blistati، بلیس- تاتی واتا بریسکە. لە بۆسنیی blistanje، بلیس-تانیێ هەمان شتە. بە بولگاریی blyasuk، بلیاسوک هەمان شتە. لە ڕوسیی blesk، بلێسک هەمان. تا لە لیتاوییشدا blizguçiai، بلیز- گوچیای بە هەمان واتا دێت. لە فەرەنسیی bresil، برێسل واتا ڕەنگی بریسکاوە. هەروەک دەبینین لە سویدیی وشەی brosa، برۆسە

واتا پڕوشکە ئاگر. بە نەرویژیی brasa، براسە واتا سوتان. سورکردنەوە. دیسان لە ئیسپانیی brasa، براسا واتا خەڵوزی گەش. لە فەرەنسییشداembraser، ئێمبراسێر واتا پێکردن/ هەڵکردنی ئاگر/ئاگرکردنەوە. وشەکە لە بری+-سکە پێکهاتووە. واتای «بری» نادیار ماوەتەوە. هەرچی «-سکە»یە، بریتیە لە پاشگرێک کە لە دوای ژمارەیەک وشە دەردەکەوێت. وشەکان هەموویان لەوەدا یەک دەگرنەوە کە ئاماژە بۆ تیشک و ڕوناکی بەهێز دەکەن. وەک بروسکە. نوسکە. تروسکە. وا پێدەچێت پاشگرەکە بۆ سەر زمانی پرۆتۆ بگەڕێتەوە. وەک لە وشەکانی ئیتالیی brusco، بروسکۆ. فەرەنسیی brusaue، بروساو. هەروەها brusque، بروسک. سویدیی brysk، بریسک. هاوشێوەی پاشگرەکە، بەسەر وشەی دیش لە زمانانی دیەوە دەبیندرێت. وا دیارە بۆ ڕووناکی بەهێز و لەپڕ. جوڵەی لەپڕ و خێرا و شتی دی لەم شێوەیە بەکارهاتبێت.

**١٣- بریقە:**

بریتیە لە ڕووناکیەکی زۆر بەهێز. درەوشانەوە. هەندێک جار بە هەڵە، واتاکەی لەگەڵ وشەی (باقوبریق) تێکەڵاو دەکرێت. ڕەگیPIE ی وشەکە، بریتیە لە وشەی -bhrek، بهرێک- بە هەمان واتاوە. بە سانسکریتیی bhracate، بهراکەتێ واتا بریقە. لە زمانانی دیش، تێبینی گۆڕانی ڕێساداری دەنگی (ل) بۆ (ر) بکە ودەیناسیتەوە. هەروەها دەبێ ئەمەش بزانین کە دەنگی (ق)ی کوردیی، لە بنەڕەتدا (ک) بووە. ئینجا دەتواتی بەراوردی وشەکە، لەگەڵ ئەمانەی خوارەوەدا بکەیت. دەبینین لە زبانی گێرمانیی blik، بلیک واتا بریقە. لە نەرویژیی blikra، بلیکرە واتا بریقەدان. درەوشانەوە. لە ئیسلاندیی blika، بلیکە واتا بریقە. هەروەهاbrja، بریا بە هەمان واتاوە. لە ئەلمانیی کۆنیش blitzen، بلیتزن هەمان شتە. لە سویدییش بروسکە پێیدەگوترێت blixt، بلیکست. لە زاراوەیەکی سویدیی، وشەی braga، براگە، کە بە بریقە و تریفەی جەمسەری باکور دەگوترێت. ئەمەش دیاردەیەکی سروشتیە و لە زستاناندا دەردەکەوێت. وشەکە لە زبانە ئافرۆ ئاسیاییەکانیش دەبیندرێت. لە عیبریی bareqet، باڕێقت واتا درەوشاوە. لە عارەبیی بەڕڕاق (البراق) واتا درەوشاوە. وشەکە لە عارەبیی، چەندان وشەی دیشی لێ دروستکراوە. وەک (برقیە، برق).

**١٤-سەر:**

وشە کوردییەکە، بە هەمان شێوەی گرێکیی، دەگەڕێتەوە سەر ڕەگی داڕێژراوەی وشەی PIEی -kar، کار-، یان -karn، کارن-. لێرە من تەنیا بە بەراورد کردنی ناوەکە لەگەڵ ناوی سەر لە زمانە سلاڤییەکان، واز دێنم. ناوی سەر لە زمانە سلاڤییەکانیشدا، هاوشێوەی کوردیی، بۆ سەر هەمان ڕەگی سەر دەگەڕێتەوە. لەم ناوانەی خوارەوەدا، بە داپچڕاندنی پاشگرەکان، هەروەها گۆڕینی ڕێساداری هەردوو دەنگەکانی «گ» و «هـ» بۆ دەنگی «س» و ئینجا دەنگی «ل» بۆ «ر»، کە جێمەبەستی بابەتەکەی ئێمەیە، هەمان ناو، یان وشەی سەر دەردەچێت. وەک لە سلاڤیی کۆن golova، گۆلۆڤە واتا سەر. بە گوێرەی ڕێساکانی سەرەوە دەبێتە (سۆر-ۆڤە). بە ڕووسیی glavo، گلاڤۆ واتا سەر، کە دەبێتە (سرا-ڤۆ). لە بولگاریی، سێربیی، مەکەدۆنیی و سلۆڤێنیی، سەر بریتیە لە ە glava، گلاڤە. هەر بە گوێرەی ڕێساکانی سەرآ، دەبێتە (سرا-ڤە). دیارە (سرا، سر) لە ناوە سلاڤیەکانی سەرەوە، هەر هەمان سەرە. لە سلۆڤاکی و چیکیی hlava، هلاڤە نقوی سەرە، کە دەبێتە (سرا- ڤە). لە پۆلۆنیی glowa، گلۆوە واتا سەر، کە دەبێتە (سرۆ-وە).

جگە لەو نمونانەی سەرەوە، لە زمانی کوردیی، نمونەی دیش چنگ دەکەون، کە دەنگی (ڵ) یان هەر وەکو خۆی ماوەتەوە، یان بەکارهێنانی پتر باوە. وەک:

**١٥- چڵك:**

چڵک، هەروەها چرک. واتا پیسی. کرێژ. هەروەها کێم و زوخاوی برین. چڵکن واتا کەسێکی پیس و دژوون. لە پەهلەویی çirken، چیرکێن واتا کەسێکی چڵکن و پیس. برینێک کە کێم و زوخاوی لێ بێت. بە گومانی هەرە زۆر، وشەکە خزمایەتی لەگەڵ چەور هەیە. چرکنی بۆ خۆی بریتیە لە پیسی و چەوری، لەسەر پێستی بەدەنی مرۆڤ. ڕەگی وشەکە لە زبانی هاوبەشی پرۆتۆهیندۆروپییی، یانPIE ی -sli، سلی- هاتووە بە واتای لینج. دەبینین لە زاراوەی هەورامیی، چلووک، هەروەها چلووکە واتا چەور. لە کوردیی ناوەند، چڵک چەندان وشەی دیشی لێ دروستکراوە وەک چڵکن. چڵکاو. چڵکاوخۆر. چڵکهەڵگر. چڵکاویی. وشەکە بە شێوەی çirkin چیرکین و بە واتای ناشیرین. نارێک کەوتۆتە تورکییشەوە.

**١٦- چڵم:**

چڵم، هەروەک چرم. بریتیە لەو ماددە لینجەی کە لە کونە لوتەکانەوە دێنە دەرەوە. وشەکە دەچێتەوە سەر ڕەگی وشەی PIE ی -sli، سلی-، بە واتای لینج. جگە لە چڵم، وشەکانی دی، بۆ ناوی جۆرەکانی کەتیرە، وەک ئەسرێلک. چریش و سریش، دەگەڕێنەوە سەر ڕەگی هەمان وشە. لە ئەلمانیی schleim، شلێیم واتا سریش. چریش. سویدیی slem، سلێم واتا لینجاو. لیک. لە ئینگلیزییش وشەی slime، سلایم بە واتای لینجاو. هەروەک لە نەرویژیی kleima، کلێیمە واتا چەسپکردن. لە سویدییشدا klema، کلێمە هەر واتا چەسپکردن. چریش بۆ ڕەگی هەمان وشە دەگەڕێتەوە.

**١٧- سمێڵ:**

سمێڵ، هەروەها سمبێڵ، سمێهر. بریتییە لەو مووەی کە بە چڕی لەسەر لێوی سەرەوەی پیاوان دەڕوێت. بە شێوەیەکی کەمتر ژنانیش هەیانە. وشەکە هەمانە کە لە فارسیی بە شێوەی سیبیل و بە هەمان واتای سمبێڵ. سمێڵ هەیە. ناوەکە ئەمڕۆ لە زمان، هیچ واتا و لێکچوونی دی نەماوە. تەنیا لێکچوونێک بریتیە لە ناوی کۆنی لێو. لە سانسکریتیی وشەی smera، سمێرە واتا لێو. (بەراوردی بکە لەگەڵ ناوی سمێڵ لەکاتی گۆڕانی ڕێساداری ل= ر. واتا (سمێر) کە هێشتا لە هەندێک زاراوە بە واتای سمێڵ بەکاردێت. لە زبانی گێرمانیی smairia، سمەیریە واتا لێو. لە ئەنگلۆساکسۆنیی smaere، سمەیری واتا لێو. ڕەگی PIE ی وشەکە هەمانsmi-، سمی- یە، کە لە وشەی بەزم ئاماژەمان بۆ کردووە.

**١٨- بڵێسە:**

بڵێسە، واتا مەشخەڵ. گوڕژمی ئاگر. گڕی بەرزو بڵندی ئاگر. وشەکە لێکدراوە. لە دوو وشەی لێکدراوی (بل)، لەگەڵ (لێسە) هاتووە. هەردوو وشەکە هاوواتان. وشەی «بل» بریتی بووە لە ڕەگی وشەیPIE ی -bhli، بهلی- بە واتای درەوشاوە. وەک لە بەڵەک و ئەبڵەق دەبیندرێت. وشەی «لێسە» هەروەک لە هاوتای زبانە گێرمانییەکانیشدا دەبینین، هەر واتا درەوشانەوە. لێسە هاوڕەگە لەگەڵ هەردوو وشەی (ریس) لە بریسکە و (روس) لە بروسک. وشەکە دەگەڕێتەوە سەر

ڕەگی وشەکانPIE ی -lewks، لێوکس-. هەروەها -lewkos، لێوکۆس-، یان -luks، لوکس- بە واتای ڕووناکی. دەبێ لەبیرمان بێت، کە بە گوێرەی ڕێساکانی گۆڕانی دەنگ لە کوردیی، دەنگی (ل) بۆ (ر) دەگۆڕێت. بەڵام لەم وشەیەدا، بە پێچەوانەی بریسکە و بروسک، ئەم گۆڕانە ڕووینەداوە. لە سویدیی lysa، لیسە واتا دەبریسکێ. هەڵایساوە. لە ئیسلاندیی بۆتە lysa، لییسە. بە دانمارکیی lyse، لیسێ. لە ئەنگلۆساکسۆنیی leixan، لێیکسان هەمان واتای هەیە. هەروەک ablysian، ئەبلیسیان واتا گەشبوونەوە. لە ئینگلیزیی بۆتە blush، بلەش بە واتای سورهەڵگەڕان (لە شەرمان). هەروەک وشەی ئینگلیزیی blase، بلەیز واتا گڕ. دەبینین لە سویدیی وشەی ljus، لیوس (بە یوس گۆدەکرێت) واتا مۆم. لە ئیسلاندیی ljoss، لیۆس. بە دانمارکییش lys، لیس. لە گێرمانیی blus، بلوس واتا هەڵهاتنی ڕۆژ. لە ئەلمانیی کۆن، وشەی liehsen، لییەسێن واتا درەوشانەوە. هەروەک blysa، بلیسە واتا گەشکردنەوە. هۆلەندیی blos، بلۆس واتا سورهەڵگەڕان لە گەرمی. لە ئەلمانیی bluse، بلوسێ واتا مەشخەڵ (بۆ ڕێ پیشاندانی کەشتیان لە کەنار). لە ئیسلاندیی blys، بلیس واتا مەشخەڵ. وەک دەبینین هەموو ئەم وشانەی سەرەوە، لە چاوگێکەوە هاتوون، سەرەڕای کەمێ گۆڕانیش لە واتا و گۆکردنیاندا. دەشێت واش بیر بکەینەوە کە بڵێسە لە بە+لێسەوە هاتووە. واتا «بە» بریتیی دەبێت لە ئامرازی ئاماژە بۆکردن.

**١٩- بڵند:**

بڵند واتا بەرز. هەروەک لە هەندێک زاراوەش دەگوترێت «برند». وشەکە لە کوردیی کۆن و ڕەسەنە. بڵند لە پەهلەوییەوە ماوەتەوە ولەو زمانەدا بریتی بووە لە buland، بولەند، یان boland، بۆلەند. فارسیی بولەند. لە بەلوچیی buland، بولەند واتا بڵند. بە زبانی کیمیریی brynd، بریند واتا بڵند. ڕەگی وشەکە لە وشەی PIE دا بریتیە لە -bhrend، بهرێند- بە واتای بەرز. برند (بڵند). لە گێرمانیی branta، برانتە واتا شاخی بڵند و سەخت. لە سویدیی brant، برانت واتا لێژایی. شوێنی بڵند و لێژ. لە ئیسلاندیی brattr، براتتر هەمان. هەروەک bringr، برینگر واتا گرد. تەپۆڵکە. لە دانمارکیی بۆتە brat، برات بە هەمان واتا. لە لیتاویی brankşoti، بران کشۆتی واتا بڵند بوون. سەرکەوتنە سەرێ.

**٢٠- دووکەڵ = دووکەر**

نمونەی زۆر باوی بەراورد پێکردن لای ئێمە، بریتیە لە دووکەڵ= دووکەر. لە ڕاستیدا، ئەم وشەیە، بە بەراورد لەگەڵ هەموو وشەکانی دی سەرەوە، هەرە ئاسانەکەیە.

دوکەڵ: بریتیە لەو سوتەکە خۆڵەمێشیەی، کە لە شتی سوتاو بڵند دەبێت. کاربۆنی سوتاوە. وشەکە لێکدراوە وبریتیە لە سێ بەش. دوو+ک+هەڵ. وشەی «هەڵ» پاشگر و زۆر جاریش پێشگرێکە، کە دەچێتە سەر کردار و جوڵە، یان جوڵەیەکی خێراتر بە واتای کردارەکە دەدات. وەک لە هەڵچوون و هەڵفڕین و کرداری دیش دیارە، کە ئاماژەیە بۆ بەرزبوونەوە. چوونە سەرەوە. دەنگی «ک» وەکو نیشانەی ناسینەوەی ناوچۆتە سەر وشە بنەڕەتیەکە، کە «دوو»ە.

ڕەگی وشەی «دوو» بە زمانی هاوبەشی PIE بریتی بووە لەdhuh٢–، دهوهـ٢– یان دوای کەوتنی لارینگال، بە شێوەی (دووا–) دەمێنێتەوە. هەردوو وشەکانی کوردیی (دوکەڵ و تەم–تومان)یش، لە ڕەگی ئەم وشەیەی سەرەوەڕا هاتوون. لە فارسیی وشەکە بۆتە دود. لە زبانی پەهلەوییdut، دوت واتا دوکەڵ.

وشەی دوکەڵ پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە سریمۆنیای هەڵکردنی بوخور و دوکەڵ کردنەوە، لە پەرستگاکاندا هەبووە. هەڵگیرساندنی بوخور و دوکەڵ کردن لە سەر گۆڕی پیاو چاکان و پیران، تا ئێستاش لای ئێمە هەر باوە. وا دیارە لای باوک و باپیرە کەوناراکانی هیندۆرووپیی ئێمەش، ئەمە کارێکی ناسراو و باو بووە. لە سانسکریتیی دا، وشەکە بەشێوەیdhuma، دهوومە دەرکەوتووە، کە هاوشێوەی وشەی کوردیی (–تومان)ە. لە لاتینییدا دەنگی ئاڵۆزی dh، دهـ بۆ (ف) گۆڕاوە، بۆیە تومان بۆتەfumus، فوومۆس. بەهەمان شێوەش، لە گرێکیی دەنگی (دهـdh) بۆ(th، ث) گۆڕاوە و وشەی تەم تومان بۆتەthyo، ثیۆ. وشەکە لە گرێکییدا ڕەگە ئایینیەکەی زەق بۆتەوە و تەنیا واتای قوربانیی کردن و پەرستن دەدات وچیدی دوکەڵ کردن نیە، ئەگەرچیش لە هەمان ڕەگەوە ڕا هاتووە. دەبینین کە لە زبانی گرنگ و کەونارای هیتییشداduhhai–، دوهھای و duhhuis، دوهھویس، واتا دوکەڵ کردنەوە. لە زبانە هاوچەرخەکانیشدا، وشەکە بە شێوەی (تەم) دەبیندرێتەوە. لە ڕووسییدا بۆتە duman، دومان، بە واتای (تەم تومان). لە سویدییdimma، دیممە هەمان شتە. لە هەندێک زمانی گێرمانیی، وشەی بۆن، هەر لە ڕەگی وشەی دووکەڵەوە هاتووە. وەک

لە ئەلمانیی و سویدیی و چەند زمانێکی دی، duft، دوفت واتا بۆن. لە ئیسلاندیی dupt، دوپت هەمان شتە. لە لیتاوییش وشەی duja، دویە بۆ هەمان ڕەگ دەگەڕێتەوە و واتا تۆز. لە زمانی هیندیی dhuam،دهوام واتا دوکەڵ. لە زمانەکانی بەنگالیی، گوجاراتیی و کەناریی،dhumapana، دهومەپانە واتا دوکەڵ.

کەواتە ئەوە وشەی (هەڵ)ە، کە لە زاراوەی هەولێر بە (هەر) گۆ دەکرێت و ناوی دووک+هەڵی کردۆتە دووک+هەر و دووکەر.

نالی دەڵێت:

یا دوکەڵی جەستەی منە، بەو شەمعە سوتاوە... یا هەوری سیا تاوە، کە مانیع لە هەتاوە.

ئاڵۆزییەکانی دەنگی (ڵ) هەر ئەوەندە نیە کە لەگەڵ (ر) تێکەڵ دەبێت و کۆمەڵێک کێشەی ئاڵۆزی دوان و گۆکردنی هێناوەتە پێشمان. ئەگەر سەرنج بدەین، بۆمان دەردەکەوێت کە چەندان کێشەی دی ئاڵۆزی ڕێزمانیی، لە ژێر چارۆگی ئەم دەنگەدا شاردراونەتەوە. با من لێرەدا نمونەیەکی ناسراو پیشان بدەم:

یەکێک لەو نمونانەی لە زمانی کوردیی، کە بە سوود وەرگرتن لە داڕشتنەوەی پێوانەیی ناوخۆ دەکرێت شیبکرێتەوە، بریتیە لە وشەی (هێشتن). کردارەکە پێکهاتووە لە پاشگری (تن)، کە نیشانەی چاوگە، لەگەڵ ڕەگی وشەکە، کە (هێشـ)ە. کردارەکە لە باری ڕابردوودا، پێڕەوی لە ڕێساکانی گەردان بوونی کردار لە زمانی کوردیی دەکات. وەک هێشتم، هێشتبووم، هێشتوومە، دەمهێشت، (دەبا) بمهێشتبایە و تاد... بەڵام لە باری ئێستا و داهاتـوودا، واتا باری ڕانەبردوو، تووشی لادان دەبین و کردارەکە دەبێتە (هێڵام)، (دەبێ) بـهێڵم. تەنیا لە بارێکی ڕابردووشدا، بە پێڕەوی لە هەمان کاریگەری داهاتوو، لە جیاتی (دەبا) بمهێشتبا، دەکرێت بڵێین (دەبا) بمهێڵابایە. ئایا ئەم لادانە لە چی سەرچاوەی گرتووە و پێڕەوی لە کامە یاسا و ڕێسایەک دەکات؟ لە ڕاستیدا ئەم دیاردەیە، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ناسەقامگیری دەنگی (ش) ەوە هەیە، لە (هێشتن) دا. هەردوو دەنگی (ش، س) لە کرداری کوردییدا، لە باری ئێستا و داهاتوودا، توشی گۆڕان دێن، (هەرچەندە هەموو جارێک نیە). ئەم گۆڕانە، بە چەندان شێوە دەردەکەوێت. وەک لە باری نەمان و ون بوونی (ش): ڕۆیشتن = دەڕۆم. یان گۆڕانی (ش) بۆ (ژ). وەک: ڕشتن = دەڕێژم. کوشتن = دەکوژم. یاخود لە باری جێمەبەستی ئێمە، کە دەنگی (ش)، بۆ دەنگی (ڕ) دەگۆڕێت: هێشتن= دەهێڵم.

دیارە لە باری وەک خۆ مانەوەش هەیە. وەک: هێشان(ئێشان) = دەهێشێ. شەمزان= دەشەمزێ.

دەنگی (س)یش، گۆڕانێکی نزیک وەک (ش)ی بەسەردا دێت. وەک: گەستن= دەگەزێ. ئێمە نمونەی ئاسانی (هێشتن)مان، بۆ ئەوە هێنایەوە، تا بە سود وەرگرتن لە داڕشتنەوەی ناوخۆیی وشەکە، باری هێشتا ئاڵۆزتری دوو وشەی کۆنتر ڕوون بکەینەوە.

یەکێکیان وشەی (گۆتن)ە، کە لە باری ئێستا و داهاتوودا، دەبێتە (دەڵێم). زمانانی بنخێزانەکانی دیش دەبێ بەو قۆناغەی گۆڕاندا ڕۆیشتبن، چونکە بە بەراورد کردنێکی ڕواڵەتیی، کرداری دەڵێ، daleی کوردیی، لەگەڵ هاوشێوەکەی، لە چەند زمانێکی دیدا، دەردەکەوێت کە هاوڕەگن. وەک لە زمانەکانی ئیسلاندیی و سویدییدا تالە،tala هەمان دەڵێ و گوتنە. لە ئینگلیزییشدا تۆلک،tolk گوتنە و تەیل،tale یش گێڕانەوەیە. لە زمانی دانمارکییش، گوتن بریتیە لە تالێر،taler گەر ئەمەش بزانین، کە بە گوێرەی ڕێساکانی گۆڕانی دەنگ، لە زمانە گێرمانییەکان، دەنگی(د، d)، بۆ(ت،t ) دەگۆڕێت، ئەوا ئەوکاتە تێدەگەین کە کردارەکان هێشتا پتر لێک دەچن. لە زمانێکی سلاڤیی، وەک سلۆڤێنییش کرداری دەڵێ، پێیدەگوترێت یێ دێیال،je dejal لە سلۆڤاکییدا بۆتە پۆڤێ دال،pove dal.

ئەگەر سەرنج بدەین، کردارەکەی سەرەوە، هەمان شێوە گۆڕانی کرداری (دەهێڵم) ی بەسەر داهاتووە. ئێمە زووتر ولە ڕوونکردنەوەمان لەسەر (دەهێڵم)، گوتمان ئەوا دەنگی (ش)ە بۆ (ڵ) گۆڕاوە، بەڵام چاوگی وشەی(گۆتن)، هیچ نیشانەیەکی بوونی دەنگی (ش)ی تێدا نیە. لێرەدا بەراوردکردنی پێوانەیی ناوخۆیی، دەتوانێت فریامان بکەوێت و ئەو گۆڕانە ناوازەیەمان بۆ ڕوون بکاتەوە. بە گوێرەی بەراوردکردنی پێوانەیی ناوخۆیی، دەبێ وشەی (گۆتن)، لە بنەڕەتدا (گۆشتن) بووبێت، تا لە باری داهاتوودا کرداری (دەڵێم)مان بداتێ. ئەگەر هێشتا دوورتر بڕۆین، ئەوا وشەکە (گۆهشتن) بووە. هەر بە هەمان شێوەش، باری ڕابردووی وشەکە، کە ئەمڕۆ (گۆتی)یە، لە بنەڕەتدا (گۆهشتی) بووە. بەمجۆرە گۆهشتی، بۆتە گۆهتی و دواتریش گۆتی، ئینجا شێوەکانی دی زاراوەیی کردارەکە، وەک (گوتی، وتی). ئەگەر هێشتا بمانەوێت پتر لە وشەکە وردبینەوە، ئەوا ئاشکرای دەکەم، کە وشەکە لە بنەڕەتدا لێکدراوە و لە دوو وشەی (گۆ) لە گۆکردن و(ئێژ) لە (ئێژێ)، لەگەڵ پاشگری چاوگی

(-تن)، لێکدراوە و سەرەتا بۆتە (گۆ+ئێژ+تن= گۆئێژتن) و دواتر بۆ ئاسانکاری گۆ کردنی، بۆتە (گۆهێشتن و گۆهشتن). هەر بە هەمان شێوەی دوو وشەکانی پێشو، کرداری دەکێڵم، پێش ئەوەی ببێت بە وشەیەکی سەربەخۆ، لە سەرەتادا، تەنیا باری ڕانەبردووی کرداری (کێشتن و کاشتن) بووە، بە واتای چاندن، یان لە زەوی چەقاندن و تۆو خستنە ژێر زەوی. بۆ دڵنیایی پتر لەسەر واتای کوردیی وشەکە، سەیر دەکەین لە فەرهەنگی (هەنبانە بۆرینە)دا، وشەی کاشتن واتای (کاڵ) دەگەیەنێت، هەروەک لە وشەی لێکدراوی (کشت و کاڵ)یش دەبیندرێت، کە لێکدانێکی هەردوو وشەکەیە. بەمجۆرە (ڵ)ی کرداری (کێڵان)یش، بە هەمان شێوەی دوو کردارەکەی دی (هێڵان و دەڵێم) لە (ش)ی (کاشتن)ەوە، گۆڕاوە. بۆ دڵنیا بوونی پتر لەسەر کۆنی و بە میرات ماوەیی وشەکە، دەبینین لە زمانی پەهلەوییش وشەی kāŠtan، کاشتەن، بە شێوەی kāritan، کاریتەن هاتووە، وەکو هاو واتای یەکدی. لەمەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە هەر بوونی وشەکە کۆن نیە، بەڵکو گۆڕانی دەنگی (ش)یش، لە پەهلەویی بۆ (ر)، کە بارێکی دی نەچەسپاوی (ڵ)ە، ئەمە دەردەخات کە پرۆسەی گۆڕانی دەنگی(ش) لە سەردەمێکی پێشوتری زمانی کوردیی دەستی پێکردووە. دیارە (کار) لە پێشەوەی وشەی کاریتەنی پەهلەویی، هەر هەمـان (کـاڵ)ە. بەمجۆرە، کرداری (دەکێڵم)، لە بنەڕەتدا دەبێت (دەکێشم) بووبێت، بەڵام دوای سەربەخۆ بوونی وشەکە، دەنگی (ش) لە هەموو بارەکانی دا کەوتووە و ون بووە.

دەکرێت هێشتا چەندان نمونەی دی لەمجۆرە، لە زمانی کوردیی بێنینەوە، بەڵام ئێمە چونکە مەبەستەکەمان گەیاند، بەمەندە وازدێنین.

لە کۆتایی دا، کەمێک لە بابەتەکە دەردەچەم، بۆ ئەوەی دیاردەیەکی دیی گۆڕانی دەنگ، هەر لە پەیوەند بە دەنگی (ر) دەربخەم. ئەمەیان بریتیە لەو پەیوەندیەی، کە گریمان دەکرێت لە نێوان دەنگی (ر) ودەنگی (س) هەبێت. هەندێک بەڵگەی دیار هەن، کە دەریدەخەن لە زمانی کوردییدا، ئەگەر دەنگی (ر) بکەوێتە پێش دەنگی (س) ەوە، ئەوا ئەو دەنگەی (س)، بۆ (ش) و زۆر جاریش بۆ (چ) دەگۆڕێت. یەکێک لەم نمونانە (هرس- هرچ)ە. نمونەی دیش زۆرن. وەک: (دارسین- دارچین)، (برسی- برچی)، (کسۆک- کوچک).{تێبینی: بە زاراوەی کرمانجیی، هەردوو برچی و کوچک بەکاردەبرێن}. لەو نمونانەش کە دەنگەکە بۆ (ش) دەگۆڕێێت. وەک: (ڕستە- ڕشتە). بەو پێیە بێت، دەبێت دەنگی (چ)ی چەندان وشەی کوردیی دیش، لە بنەڕەتدا (س)

بووبن. وەک وشەکانی: پارچە، مرچ، هەرچی، چرچ، کرچ، پرچ و هیدیش. دیاردەیەکی لەمجۆرە، لە هەندێک زمانی گێرمانییش دەبیندرێت. بۆ نمونە لە زمانی سویدیی، وەک ڕێسایەکی گشتی گۆڕانی دەنگ، بە هاتنی دەنگی (س) لەدوای (ر)، ئەوا دەنگەکە بۆ (ش) دەگۆڕێت. وەک (فارستە،Farsta)، کە بە سویدیی بە (فاشتە) گۆدەکرێت. نمونەی دیش وەک (ڤارسە گود= ڤاشەگود). (لارس= لاش) و...

لەبەر ئەوەی نەریتی نوسین لە زمانی کوردیی، مێژوویەکی زۆر کۆنی نیە و ڕێنوسی کۆنی پارێزراومان نەماوە، ناکرێت بە هێنانەوەی نمونەی تۆمارکراو بیسەلمێنین کە هەندێک دەنگی گۆڕاوی (س) بۆ (ش)، بەهۆی بوونی (ر)ەوە بووە. ئێمە بە ڕێنوسی ئێستامان، نوسین وەکو گۆکردن دەنوسین، بۆیە دەنگی کۆنی گۆنەکراو لە نوسینی ئەمڕۆدا چیتر دەرناکەوێت. کەواتە دوور نیە جاران دەنگی (ر) لەم وشانە هەبووبێت، لە بابەتی: سوتان–شەوتان. پسیلە و پسیک- پشیلە. {تێبینی: شەوتان/دشەوتە، بە کرمانجیی بەکاردێت. پسیلەش لە ناوچەی وەرتێی لای ڕواندز بەکاردێت. هەرچی پسیکە، ئەوا لە زاراوەی کرمانجی بەکاردێت}.

ئەم دوو بابەتەی دوایی، زۆر بە سەرپێیی لەسەریانم نوسیوە و دەزانم پێویستیان بە لێکۆڵینەوەی پتر هەیە، بەڵام لەم گوتارەدا، دەمەوێت جارێ تەنیا سەرنجی زمانەوانان بۆ ئەم دیاردانەی سەرەوە ڕابکێشم، تا لە هەلێکی دیدا، کاری بەراوردکردن و لێکۆڵینەوەی پتری بۆ دەکەم.

# خەتی زوانی کوردیک
# لە مێژو تا ئەمڕۆوە

سابیر ژاکاو

زوانی کوردیک، وەکو گشت ئەم زوانانەی کە لە کۆنەوە تاکو ئەمڕۆ هاتون و فەوتاون و نەماون و هەرمان و زیندون، لەم کۆمەڵەزوانە و خەتانە بەجێماوە و ساز بوە. زوانێک نەبوە کە لەخۆوە و لەپڕا هەڵبقوڵێت و سەری دەرهێنابێت و وەزوان کەوتێبت! بەڵکو بەجێماو و ڕێچکەگری ئەم زوانانەن کە بەلێکچوون و گۆڕانکاری و هاستەنگیەکانی مێژیەوە، خۆی گەیاندوتە دەستی هێستامان. خەتی کۆنی زوانی کوردیک، *دەکرێت وەکو گریمانە بڵەین (سەداسەد نیە) کە خەتی نوسراوەکانی پاش زەردەشت، ناسراوە بە (زەند ئەوێستا) کە بەخەتی (دین دپیوریە، دەندەبیرە، دیندورە، دەڤیرە) خەتێکی تایبەتی نوسراوەی ئاینی و ڕێبازگەیی لەلایان زەردەشتەوە نوسراوە و خەتی نوسراوەکانی ئەوێستا بوە. دواتر پاش داگیرکاری و هێرشی عەرەب بۆ سەر ناوچەکە، شێوەی ئەلفبێی گۆڕاوی ئارامی، کە عەرەب بەدارڕژتنی، (فتحە، کسرە، ضمە) شێوەی ڕێنوسی ئارامی بۆلای خەتی خۆی ڕاکێشا، گۆڕاوە. دواتر گەلانی هاوسێ و ژێرهەژمونی عەرەب کە بە عەجەم واتا «ناعەرەب» دەناسران، وەکو: (کورد، فارس، بەلوچ، ئازەری، ئۆزبەک، پەشتویی، دەری)، لە شێوەی خەتی ئارامی، هەر ئەم شێوەی نوسینەی هێستای ئەم لاپەڕەیەمان، کەڵکیان وەرگرت کە بە خەتی «ئارامی» ناسراوە. زوانی کوردیک وەکو هەمو ئەم زوانانەی کە هێستاکانە ماونەتەوە، زوانێکی بەجێماو لە یەک زوانی سەرەکیە و زوانێک نیە کە هەرچی هەیە و نیە، «کوردی» بێت و لە کوردیان دزی بێت!

زوانی کوردیک، وەکو زوانێکی زیندو و چالاک بەسەر سێ قۆناغی (کۆن، نێوەڕاست و نوێ) دابەش دەبێت و دێتە ژێرلقی زوانانی جیهانی و هاوبنەماڵەیی ئەم زوانانە کە بەسەر کۆمەڵەزوانێک دابەشبونە، کە پتر لە ٧ هەزار زوان لەم جیهانە دەگرنەبەر:

**سەرلقی ئەم زوانانە و داری هەرەزۆریان زوانەهیندوئەورووپیە، ژێرلقی ئەم دارەش بریتیە لە خێزانەزوانانی:**

١: زوانەهیندوئەورووپیک
٢: زوانەئوڕاڵ ـ ئاڵتیان
٣: زوانەئافرۆئاسییان
٤: زوانەستنۆییان
٥: زوانەسینۆییان ـ تەبەتی
٦: زوانەدرۆیدەکان

٧: زوانەتاییان ـ کۆرە ـ کادا ٨: زوانەنیجیریان ـ کۆنگۆیان
٩: زوانەسدیمیان ١٠: زوانەتوپیان
١١: زوانەسامیان ١٢: زوانەماڵاواییان

ـ لەم ڕیزبەندیە، زوانی کوردیک دێتە ژێرلقی داری زوانەهیندوئەوروپیک، زوانی هیندوئەوروپیک، دەبێتە چەند داری زوانی، وەکو:

**زوانی کوردیک لەم ڕیزبەندیەوە، دەکەوێتە بەشی زوانەهیندوئاریەن، زوانی هیندوئاریانیش دەبێتە دو لکەزوان:**

**زوانەئاریاییک _ ئێرانیک، دەبنە دودەستە زوانەڕۆژاوایی و ڕۆژهەڵاتیان. ئەوانیش دەبنە چەند بەش:**

**زوانەکانی باکوری خۆراوا کە دەبنە:**

١: زوانی کوردیک: زوانی کوردیش بەسەر چەند زار و زوانی وەکو: (کورمانج، سلێمانی، هەورام، کەڵهوڕ، لەک، لوڕ) دابەش دەبێت.

٢: زوانەئاریاییک _ ئێرانیک، دەبنە: (بەلوچ، ئازەر، تات، تالش...تاد).

٣: زوانانی باکوری ڕۆژاوای ناوەندی، دەبنە: (خانسار، ناین، خورزوق، دەری، خەزەر، گیلەک، مازەن، تەبەر...تاد.)

٤: زوانانی باشوری ڕۆژاوایی، دەبنە: (فارس، لوڕ، لارستان).

٥: زوانەنوێیەکانی ڕۆژهەڵات، دەبنە: (پەشتو، واخ، ئورمور، پەڕاچ، یەغناب، ئاسیک، یدغە، ڕۆشەن...تاد).

**ـ زوانەئێرانیک، بەسەر سێ دەورەی تایبەتی مێژویی (کۆن، ناوەندی، نوێ)، دابەش دەبن، وەکو:**

١: ئاریاییک _ ئێرانیک (ئێرانی کۆن): (ماد، پارسیک، ئەوێستا)

٢: ئێرانیک ناوەندی: (پارت یا پەهلەوی ئەشکانی، مانەوی، پەهلەویک باشور، سۆغد، خەتن، خارەزم).

٣: ئێرانیک نوێ: (فارس، ئاسیک، پەشتو، کوردیک، بەلوچ).

دەستەی یەکەم: زوانانی ئێرانی ڕۆژاواین، کە ئەوان دەبنە دو لقی باکور ڕۆژاوایی و باشوری ڕۆژاوایی.

**ـ زوانانی باشوری ڕۆژاوایی زوانانی (دەری، تاجیک) دەگرێتەوە.**

ـ زوانانی باکوری ڕۆژاوایی، لە بەشی ڕۆژاوای ئەم زوانانەن کە لە ناوچەی شانەشینی ماد باو بونە، زوانانی کوردیک لەم بەشە زوانەی ئارییایک، زوانی ئەوێستا و ئەوێستای کۆنیش سەر بەم بەشەیە.

ـ زوانانی ڕۆژهەڵاتی ئێران، کە هۆزی سەکایی دەگرێتەوە.

ـ زوانانی باکوری ڕۆژهەڵاتی ئێران: (سۆغد، خارەزم، سەکایی ڕۆژاوا، یەغناب).

ـ زوانانی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئێران: (تۆخاریک، هەفتاڵ، بەشی تورکستان، یەدغە، پامیر).

مەبەست لە زوانی پڕۆتۆئارییاییک PII گرێدانی زوان، بە وڵات و دەستهەڵاتداری هێستاکانەی وڵاتی «ئێران» نیە. ناوێک کە ساڵی ١٣١٣ هەتاوی لەڕوی ناوی (ئاریا) بۆ وڵاتی (پرشیا) بۆ ناوی (ایران) گۆڕدا. ئەم پۆلێنبەندیە بە ناو (زوانەئاریا و زوانەئێرانیک) هیچ پەیوەندی بە هاستی جیۆپۆلەتیکی و جوگرافیایی و سیاسی ئێرانی هێستاکانەوە نیە و بەڵکو بازنەیەی هەرە بەربڵاو لە مەرزی هێستاکانەی ئێران دەگرێتەوە و ژینگەی ئەم زوانە بەڕادەیەک بڵاو بوە کە هیچ پەیوەندیەکی بەناوی (ئێران و فارس_پارس) هێستاکانەوە نیە و فڕیان بەسەریەکەوە، وەنیە، زنجیرەزوانێک کە «زاگرۆس» دەگرێتەوە. ئەم دارەزوانیە لە سەردەمی خۆی بە کۆمەڵەزوانێک کوتراوە کە لەم ژینگەجوگرافیایە لە قەفقاز لە باکور تا ڕۆژاوا (ئاسیک و ئوسێت) و کەنداوی عەرەب و فارس و دەریای «عومان» و باشوری بەلوچ و کوردستان و تا دەگاتەوە هیند و پامیر بە تاجیکستان و ئەفغانستانەوە دەگرێتەوە؛ بەکارهاتون. بەهۆی هێرشی ٥٠٠ ساڵانەی تورکان بۆ ناوچەکە، ئەمە کۆمەڵێک بەڵگە و بابەت و باری زانستی ئەم زوان و گەلانە، سوتماک و تەرفوتەنا کران، بەهۆی هەستی سیاسی و کۆمەڵێک بابەتی نازانستی زمانناسی، دژایەتی و هەستیاری بەناوی (ئاریا و ئێران) بەوێنەی داری زوانی دەردەکەوێت و ڕو دەدات کە پتر وەکو زۆرینەی بابەتەکانی دیکە، پەیوەندیان بە زانستی زمانەوە، نیە و ئەم هۆکارەش دەبێتە هۆی ئەمەی کە دژایەتی لە ئەم پۆلێنبەندی و دەستەبەندیە بکەوێتەوە، یەکەمجار ئەم ناوە لە نامیلکەی:

A.F. pott، Indogermanischer Sprachstamm، in Allgemeine Encylopädie der Wissenschaften und künste…

von J.S. Ersch und J. G. II، 18، Leipzig 1840، 1 b. 27 b.46a

Ch، Lassen، perser. C Sprache، ebd. III، 17، Leipzig 1842، 475a
بەکارهاتوە، ئەم ناوە لەڕوی ناوی (*arya) کە گشت گەلانی هیندوئێرانیک و هیندیک بۆخۆیان بەکار دەهێنا، وەرگیراوە.

-**تێبینی**: من کارم بە ئەم بابەتە نیە کە تیۆری ئاریایی و هیندوئەوروپیک، تیۆریەکی نوێ یا تیۆریەکی ئۆریێتالیستیەکانە! ئەمەی گرنگە، تیۆریەکی گرنگ و جێگەی قەبوڵی گشت زمانناسەکانی سەر ئەردە بەوێنەی چوارچێوەیەکی لینگۆستیکی و لۆجیکی.

**دەورەکانی زوانی ئێرانیک بە ٣ دەورەی گرنگ دابەش دەکرێن:**

١: ئێرانیک یا ئێرانی کۆن ٢: ئێرانی نێوەڕاست ٣: ئێرانی نوێ

ئا: زوانەئێرانیک، لە سەدەکانی ٣ و ٤ پ،ز لەنێو ئەوێستا تۆمارکراون و نوسراوە، سێ زوانەکانی داریوش لە بێستون ٥٢١/٥٢٠ پ،ز کە لەم قۆناغە بۆ یەکەمجار خەتی بیزماری بەکار هاتوە، لەم قۆناغە دەتواندرێت کە ئاکام و ئامانجێکی زمانناسی لە زوانی (ماد، پارت، ئارخوسیا، سەکا) بدۆزرێتەوە.

ب: زوانەئێرانیک نێوەڕاست، لە سەدەی ٣ و ٤ پ،ز تا ٨ و ٩ زاین، لە ڕۆژاوای بەشێکی «پارت» و لە ڕۆژهەڵات «سۆغد، خارەزم، سەکا، بەلخ».

پ: زوانەئێرانیک نوێیەکان، لە سەدەی ٨ و ٩ زاین تاکو هێستاکانە، ئەم ژینگەزوانیەی کە وڵاتانی (تاجیکستان، ئێران، ئەفغانستان، پاکستان...تاد) دەگرێتەوە.

**زوانەکانی کوردیك لەڕوی جوگرافیەوە:**

**زوانی کوردیک بەشێوەی دەستەبەندی و پۆلێنبەندی زوانی لەسەر هاستی جوگرافیایی و مەرزی خۆی، دەبێتە ٣ دەستەی سەرەکی:**

یەکێک لەم بابەتانەی هەرەگرنگی کوردیک، بەشی زوانەکەیەتی، بازنەی زوانی ئەم زوانەیە.

زوانی کوردیک بەهۆی بەربڵاوی جوگرافیایی و زوانیەوە، لیڵیەکی زۆری لە بەشی زوانی، وەکو دیاردەیەکی بەرچاو و بەربڵاو لێوە دەردەکەوێت. ئەمەش بوە هۆی سەرلێشێواوی و کێشەی زۆر کەس و نوسەر. پۆلێنکردن و دابەشکردنی زوانی کوردیک، هەردەم وەبەر هەستیاری و باری فناتیکی زوانی کەوتوتەوە. هەندێک هەستیاری بە ناوی شێوەی دابەشکردن و هەندێک بە ناوی زوان و هەر کەسە و خێڵ و دەڤەرەی، لەڕوی

هەستی فناتیکی و هەستیاری ناسۆنالیزتی و بەرژەوەندی سیاسی و دەستهەڵاتداری خۆیەوە، دەڕوانێتە بابەتی زمانناسیوە و زوانی کوردیک، بۆیە هەندێک کەس بەسەر ٤ لق و بنزار و شێوەزار، هەندێک بەسەر ٦ و هەشن بەسەر ٥، کەچی تاکو هێستا بەشێوەی زانستی زمانناسی باسی لەسەر نەکراوە و وەبەر هەستیاری کەوتوتەوە و کاتێک لەبری «زار و شێوەزار» زمانناسێک چەمکی «زوان-زمان-زبان» بەکار بهێنێت، ڕوبەڕوی هێرش و مشتومڕی ئەمەی کە زوانی کوردی «دابەش» دەکەیت و تۆ «دابەشکەری» دەبتەوە، بۆ ناسینی ئەم بەشەی ئەمەی کە «زوان و زار و بنزار» چیە، بڕوانە (ژمارەی یەکەمی گۆڤاری زمان و زار، بەشی زوان و زار، سابیر ژاکاو). من گرنگترین بەش کە بۆم گرنگ بوە، باری فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی و لێکسیکۆلۆجی و دواتر تۆبۆگرافی و جوگرافیایی زوانی کوردیک بەپێ چوارچێوەی زانستی زارناسی (Dialectology) و زمانناسی گشتی (Folk Linguistic) و ژینگەناسی زوان (Linguistic Ecology) بوە، تاکو باری ئەتنی ئەم بەشە. بۆیە شەپۆلی بەربڵاو و گۆڕەپان و مەیدانی سەرەکی زوانی کوردیک بەشێوەی سێ بازنەی ژینگەیی و ڕادەی داتای فۆنەتیکی و فۆنۆلۆجی ئەم دارەزوانیە، واتە زوانی کوردیک بۆخۆی «دارێکی زوانیە» و دەوڵەمەندە بە چەند زوان کە بەشێوەی زانستی مۆرفۆلۆجی، ژینگەناسی زوان و فۆنۆلۆجی و فۆنەتیک بەپێی داتای ژینگەیی ئەم زوانانە، جیاوازن و ناکەونە یەک هێزی زوانیەوە. زوانی کوردیک دارێکی زوانیە کە پتر لە ١٠ زوانی بەهێزی ژینگەیی دەگرێتەوە (هەر ئەمەی کە ناویان لێناون «زار و بنزار»)، لەم دو وێنەی خوارەوە؛ سێ بازنەی سەرەکی کوردیک و زوانەکانی ئەم دارەزوانیەم نیشان داوە:

**. یەکەم بازنەی زوانی، زوان کورمانجی باکور، لە هەمویان بەربڵاوتر و ژمارەی ئاخێوەرانی زۆرترە کە بریتین لە:**

١. **بایەزیدی**: دەکەوێتە باکور و باکوری ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی، وان.

٢. **هەکاری**: دەکەوێتە باشور و باشوری خۆراوای دەریاچەی وان.

٣. **بۆتان**: دەکەونە دەوروبەری دۆڵی بۆتان شاری (سیعرەت، ئەرتوش، جەزیرە و دیاربەکر).

٤. **شەمدینان** (**شەمزینان**): باشوری خۆرهەڵاتی تورکیا و خۆرهەڵاتی زێی گەورە.

٥. **بادین**: پارێزگەی دهۆک و قەزاکانی (ئامێدی، زیبار، شێخان، ئاکرێ).

٦. **بەشەزوانی خۆراوا**: خەرپوت، ئورفا، عەفرین، مەڕاش(مەرعەش).

٧ **موکریان:** شنۆ، مەراغە، شاهیندژ، میاندواو، بۆکان، سەقز، بانە، سەردەشت، مەهاباد، پیرانشار، خەلیفان، موحمەددیار، نەغەدە، هاوشار، ئورمیە، بازنەی سۆران.

٨ بازنەی بەشەپێکهاتەی موکریان و سلێمانی و ئەردەلان و جاف و باڵەکایەتی و قەڵادزێ پێکدێنێت، کە بەشێوەی نازانستی بەشێوەی سۆرانی، ناسراوە. واتە بەتەنیا زوانێکی سەربەخۆ نیە کە بکوترێت سۆرانی!

٩ **سلێمانی:** گشت پارێزگەی سلێمانی جگە لە قەڵادزێ ـ پشدەر، بازنەی سۆران.

١٠ **گەرمیان:** ئەمەشیان جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەڵ زوانی سلێمانی نیە، بەڵام زوانێکی سەربەخۆی ناوچەکانی (کەرکوک، کفری، قەرەتەپە، شوان، دوزخورماتو)یە.

١١ **ئەردەڵان:** سنە، بێجار، کەنگاوەر، ڕوانسەر، باکوری ناوچەکانی جوانڕۆ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستان، قەزای قەڵادزێ، پشدەر، کە بەشی جوگرافیایی سۆرانن.

**ـ بازنەی ناوەندی**

**١. گۆرانی ڕەسەن:** دانیشتویانی ناوچەی (کرند، زەهاوی، جوانڕۆ) و لە باشوریش هەندێک لە کاکەیان و تیرەی زەنگەنە ناوچەی داقوق قسەی پێدەکەن.

**٢. هەورام:** دانیشتوی هەورامان دەگرێتەوە، دو بەشن:

**ئا. لهۆن:** دەکەونە خۆراوای ڕیزەکێوەکانی هەورامانی باشوری کوردستان.

**ب. تەخت:** دەکەونە ڕۆژهەڵاتی ڕیزەکێوەکانی هەورامانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

**٣. باجەلان:** ئەم زوانە پەرتوبڵاوە، هەندێک لە باکوری خۆرهەڵاتی شاری موسل (شەبەک) بەشێکیشیان لە نزدیک (خانەقین)ن.

**٤. زازا:** ئەم زوانە، ناوچەکەی دەکەوێتە کوردستانی باکور لە تورکیە کە دەکەوێتە ناوچەکانی نێوان (ئەرزرۆم، خەرپوش، موش) هەرهەمویان دەکەونە ناوچەی دێرسیم.

**ـ بازنەی باشور**

بەختیار، کەڵهوڕ، لوڕ، مامەسێن، سنجاو، خزڵ، مەڵگشا، زەنگەنە، کولیا.

ئەمانە پارێزگەی لوڕستان و کرماشان چواردەوری تا دەگاتە مەرزی قەسری شیرین و خانەقین دەگرێتەوە.

ـ لەڕوی هێزی زوانیەوە دەبێتە سێ بەشی خوارەوە، کە دەکرێت، خۆی هەورامیش لە بەشی ناوەندیەوە بێت:

باکور ناوەندی باشور هەورام

**١. کورمانجی باکور:**

کورمانج، بادین، بایەزیدی، بۆتانی، هەکاری، شەمزینان.

**. ڕۆژهەڵات و پارێزگەی ئورمیە:**

خەلخال، سەڵماس، خۆی، ماکۆ، سیەچەشمە، سۆمای برادۆست، چاڵدران، بازەرگان.

**. لە پارێزگەی خۆراوا و خوراسان لە شارەکانی:**

قوچان، شیروان، ئەسفەرایەن، بێجنورد، کلات، لاین، باجگیران، ئاشخانە، چناران، فاروج، دێرگز و درونگەر، ڕادکان و نزدیکەی ١٥ لە سەدی دانیشتویانی شاری مەشهەد، بەم زوانە دەدوێن.

**. پارێزگەی مازەندەران:**

ڕاغمۆرز، دەوروبەری ساری، ناوچەی گولاباد، ناوچەی گڵوگە، ناوچەی کوردکۆ، کلاردەشت، نور، عەلیاوای کتول.

**. پارێزگەی گیلان:**

ڕودبار، دیلمان، مەنجیل، لوشان، ڕەحمەتاباد، سیاهکێل، ماساڵ.

**. پارێزگەی قەزوێن:**

قاقزان، قەزوێن، ئەلەموت، میانکوە، تارێم.

**. باکوری کوردستان:**

نزدیک ٩٥٪ کوردەکانی باکوری کوردستان، بەزوانی کورمانجی داخڤن.

هەمو پارێزگەکانی باشوری ڕۆژهەلاتی تورکیە کە بریتین لە شارەکانی: (دیاربەکر، ئادیامان، مەرعەش، مەلەتیا، ئورفا (ڕۆحا)، قرێس (قەرس)، ئاگری، ئەرەزرۆم، موش، بەتلیس، سێرت، سنجر، هەکاری، شەرناخ، جەزیری بوتان، قونیا، ئەنتاپ، وان، باتمان، ئەرزەنجان، سیواس، مێردین، قێسری، ئەلازق و هەروەتر زۆرینەی دانیشتویەکانی شاری ئیستانبوڵ) بەزوانی کورمانجی دەدوێن.

**. باشوری کوردستان:**

موسڵ، ئاکرە، شێخان، دهۆک، زاخۆ، ئامەدیە، شەنگاڵ و بەشی ڕۆژاوای پارێزگەی هەولێر بەکورمانجی دەدوێن.

**. ڕۆژاوای کوردستان:**

قامیشلو، حەسەکە، حەلەب، کۆبانی، عەفرین، جزیر، دەریک، ترپاسپی، ئامودا، گرێسپی، سەروکانی و هەروەتر کوردەکانی ناوچەی دەمێشق بەزوانی کورمانجی داخڤین.

**. وڵاتی لوبنان:**

بەیروت و حومە و دەوروبەری بەزوانی کورمانجی داخڤن.

هەمو شارەکانی باکور جگە لە شارەزازانیشینەکان، هەمو شارەکانی ڕۆژاوا، لە ڕۆژهەڵاتیش: لە (ئورمیە، ماکۆ، سەڵماس، خۆی، نەغەدە، شنۆ و هەورەها کوردانی خۆراسان و لە باشوریش دهۆک، زاخۆ، موسڵ، ئامێدی...تاد)، بەم زوانە دەدوێن.

**. وڵاتی ئازەربایجان:**

کەلباژار، شوشە، زنگلی، لاچین، قوبادلی، خانلیق تا دەگاتە نەواری ڕۆژاوای لوبنان، ناسراو بەکوردستانی سور بەم زوانە دەدوێن.

کوردانی ئەم وڵاتە لەساڵی ١٩٣٧ی لەدایکبون، لەگەڵ جنایەت و دڕندەیی ئستالین ڕوبەڕوی کۆمەڵکوژیەکی زۆر بونەوە کە بەژینۆسایدی سپی کوردان ناسرا.

**. وڵاتی تورکەمەنستان:**

فیروزە و زۆرینەی شاری عەشقاوا (عەشقاباد) و جوکتەپە و قرەقەڵا و تجەن، بەکورمانجی کتووێژ دەکەن.

**. وڵاتی قزاقستان:**

ناوچەکانی ڕۆژاوای شاری ئاڵماتی، زامبۆڵ ئەم کوردانەش هاوشێوەی کوردانی لوبنان، بەدەستی جنایەتی ئستالین لە کاتی شەڕی جیهانی دوەمەوە کۆمەڵکوژ کران.

**. وڵاتی ڕوسیە:**

(ناوچەی سیبری، نوسیبیسکی)

**. وڵاتی ئەرمەنستان:**

ئیروان، ئالاگوز، ئارارات، ماسیس، تالین، کوردەکانی ئەم وڵاتە ساڵی ١٩٢٠ لە باکوری کوردستان دەرکراونە ئەم وڵاتە.

**. بازنەی زوانی دوەم لە بەشی باکور:**

**١. موکریان:** شارەکانی شنۆ، پیرانشار، نەغەدە، ئورمیە، مەراغە، مەهاباد، موحمەددیار، میاندواو، شاهیندژ، سەقز، هاوشار، بۆکان، بانە، سەردەشت، تیکاب، شوت، چاپارە، میراوێ، خەلیفان، زەراوێ دەگرێتەوە.

**٢ سۆران:** بێجگە لە قەزای زرێباری، گشت پارێزگەی هەولێر دەگرێتەوە.

**٣ ئەردەڵان و جاف:** شارانی سنە، لەیلاخ، بیجار، کەنگاوەر، ڕوانسەر، مەریوان، قوروە، دێهگوڵان، کانی دینار، سەریشاوێ، دێلبەران، سەرواوێ، بلبلاناوێ، یاسوکەند، مۆچش، دزج، ئارموردە، زرینە و بەشێکی زۆری شاری هەمەدان، باکوری ناوچەکانی جوانڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە باشوری کوردستان قەزای قەڵادزێ (پشدەر) دەگرێتەوە.

**٤ سلێمانی:** هەمو پارێزگەکە بێجگە لە قەزای قەڵادزێ (پشدەر) نەبێت دەگرێتەوە، هەروەها هەندێک ناوچەی قەزای خانەقینیش دەگرێتەوە.

**٥ گەرمیان:** ئەم زوانە جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەڵ سلێمانیە نیە، لەگەڵ ئەمەشەوە بە زوانێک دادەندرێت بەم هۆیەوە هەمو ناوچەکانی کفری و قەرەتەپە و کەرکوک و دوزخورماتو و شوان لە باشوری کوردستان دەگرێتەوە.

**٣ . بازنەی باشور**

**١ لەک:** ئەم زوانە، کوردانی پێشکۆی لوڕستانی پەی دەدوێن، تیرەکانیشی بریتین لە: خواجەوەند، عەبدولمالێکی، ناداوەند، شۆجا، کاتاوەند، دەلفان، سەلسەلە، بیرانوەند.

**٢ بەختیار، دو بەشن:** (هەفتلنگ) واتا هەوت هۆز کە لە ناوچەکانی ئاولێژی ڕوباری گارۆن دەژین.

**٣ مامەسەن:** ناوی ئەم زوانە، لە مەحمەدحەسەنی باپیرەگەورەی مامەسەنینانەوە وەرگیراوە، کە بریتین لە (بەکشی، جاوی، ڕوستەمی، خان عەلی خان، ئیمام قولی خان) دەگرێتەوە.

**٤ کۆهگلۆ:** ئەم لقە لە باشوری ناوچەکانی بەختیاریەوە و لە دەوروبەری کێوی دنیا و چاوگەکانی ڕوباری چەراهیەوە دەست پێدەکات و تا ڕامهۆرموز و بێهبەهان و کزەبون، دوکۆمەڵەن:

**ئ: کۆمەڵەی پشتی کۆ ب: کۆمەڵەی ژێر کۆ**

**٤ . هەورام . گوران**

ئەم زوانە لە باکوری ڕێگەی نێوان قەسری شیرین لە کرماشان دەست پێدەکات بەرەو شاخەکانی هەورامان و هەروەها لە سەرچاوەکانی سیروانەوە بەرەو خۆرهەڵاتی داپۆشیوە تا کرماشان ئەم زوانە پێکدێت لە:

١ **گورانی ڕەسەن:** دانیشتوانی ناوچەی (کرند، زەهاو، جوانڕۆ) لە ڕۆژهەڵات قسەی پێدەکەن، هەروەتر لە باشوریش هەندێک کاکەیی و داقوق -داقوق و خێڵی زەنگەنەی نزدیک کفری و قادرکەرەم و سیامەنسوری سەر بە ناوچەی لەیلان قسەی پێدەکەن.

٢ **هەورامان:** دانیشتوی شاخەکانی هەورامان و پاوە و پڵنگان دەگرێتەوە،.

**هەورامیش دو بەشن:** بەشی لهۆنیان لە خۆراوای ڕیزەکێوەکانی هەورامان، واتە دەکەوێتە باشوری کوردستان.

دوەمیان هەورامانی (تەختە) کە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی کێوەکانی هەورامان، واتە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

**ئا: لە باشور لە شارەکانی:** بیارە، تویلە، بلخەسفلی، بلخەعلیا، سوسکان، پالانیان، هاوار، تاویرە، درەقەیسر، خرپانی، هانەنوتی، نارنجلە، گولپ، دۆڵ گاشیخان، سێرگت، هانودنی، درۆمێری، ئاجاوا، زلم، گچینە، باغەکون، خارگیلان، بنجە و دەری.

**ب. هەورامانی لهۆن لە ڕۆژهەڵات:** نۆسود، هانەگرمێلە، کەمینەبیدرواز، تەشار، شەرکان، وەزێلیەنۆدشە، نروی، دوروهەجیجا، هەجیج، ئەسپریز، داریان، ورا، کومەدەرە، دریبر، هەروی، بلمەبزان، سشە، گرالە، خانگا، پاوە، درویسان، دەرەبەیان، بەندرە، نوسە.

**پ. هەورامانی دزلی:** دزلی، درۆکی، باراماوا، قڵاگە، قڵاجی، دمیوە، زلکە، درناجی.

**ت. هەورامان و هەورامانی تەخت:** شار، ڕوری، کەماڵا، ویسیا، پیرشاڵیار، سلینە، کراوەیەدولە، کلێجی، نوین و ناوە.

**س. هەورامانی، ڕزاو:** ڕزاو، کراوە، سەولاوا، دوروە، ژیوار، ڕوار، زڵ، دلەمەرز، کوردکە، سەرومالّ، گاڵیاوا، سورەتفی، دەگاگە، مازین، بۆریدەر، بەرقۆرو، ویژەنان، چێشمیدەر، نسنار، ئارناڵ، پایگلان، نگێڵ، میانە، تفلیە، ئەحمەداباد، مەحموداباد، نازاوا، تەخاڵ، هەنجمەنە، هەزارخانی، گێلیە، بیدەرە، سورەکول، نەزڵەژان، بێساران، ئویهەنگ، پاڵنگان و کنولە.

٣ **باجەلانی:** ئەم زوانە پەرشوبڵاون، هەندێکیان لە باکوری خۆرهەڵاتی شاری موسڵ نیشتەجێن کە پێیاندەکوترێت شەبەک، بەشێکیشیان لە زەهاو و لە باکوری لوڕستان و نزدیک خانەقین و قۆرەتو و هۆرین و شێخانن.

٤ **زازا:** ئەم زوانە، ناوچەکەی دەکەوێتە باکوری کوردستان کە کەوتوتە ناوچەی نێوان ئەرزرۆم و موش و خەرپوت و ئەرزەنجان دەگرێتەوە، ئەمانە دەکەونە ناوچەی دەرسیمەوە.

**سەرچاوە:**

پرشەدارێکی زمانەوانی ١ و ٢، سابیر ژاکاو، ٢٠١٩، زانکۆ.
فەرهەنگی ڕیشەناسی کوردیکی ئاڤاشین، سابیر ژاکاو، لەژێرچاپ.
تۆژینەوەیەکی نوێ لەسەر مێژوی زمانی کوردی، سابیر ژاکاو، گۆڤاری چلچەمە، ژمارەی یەکەم ساڵی ٢٠١٩.
زار و زوان، سابیر ژاکاو، گۆڤاری زمان و زار، ژمارەی یەکەم، ساڵی ٢٠٢١.
زوان، سابیر ژاکاو، گۆڤاری نگینی کوردستان، ژمارەی یەکەم، ساڵی ٢٠٢١.
زمانی کوردی، دابەشبوونی جوگرافیایی دیالێتەکانی، فوئاد حەمە خورشید، دەزگای ڕۆشەنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی زنجیرەی ژمارە ١٢٩.
شەرەفنامە، شەرەفخانی بەدلیسی، وەرگێڕ هەژار، چاپخانەی نعمان، ١٩٧٢.
زانستی زمان و زمانی کوردی، تاڵیب حوسەین عەلی، هەولێر، ٢٠١٤.
سراغاز جغرافیای عمومی، وفیق خشاب و همکاران، سعید خضری ١٣٧٨.
جغرافیای طبیعی کردستان، موکریان، سعید خضری، ١٣٧٩.
جغرافیای کردستان، سعید خضری، ١٣٧٩.
زبده تاریخ کردستان، ترجمه یدالله اردلان، ١٣٨١.
فرهنگ تطبیقی گویش کردی ایلامی با زبان ایرانی میانه،علیرضا اسدی، ١٣٩٠

# ڕێگاکانی زمان
# دەچنەوە باوەشی دایك

■ کەمال فاروق

زمـان شـوناسـی نـەتـەوە و جوگرافیا و دیـرۆک و بـارە سایکۆلۆجی و کۆمەڵایەتیەکەیەتی، بە بێ زمان نەتەوە بوونی نابێت و کەسێتی نەتەوەیی دیارنابێت، دەکرێ بڵێین شۆڕشی نەتەوەیی لە زمانەوە دەست پێدەکات و لە خەباتی نەتەوەییدا پێگەی سەرەکی داگیردەکات و جێگەی شۆڕش و خەباتی نەتەوەیی، ئەم زمانەش لەباوەشی دایک وباوک و ناوەوی تاک فرچک دەگرێ و نەشونما دەکات، هەندێ لێکۆڵینەوەش پێیانوایە قۆناغی کۆرپەلەی ناو سکی دایک کاریگەری لەپێکهێنانی نەستی تاک هەیە و زمانیش یەکێکە لەو گۆڕاوانەی دەکەوێتە ناو پێکهاتەی نەستەوە و دەبێتە باڵوێزی خەیاڵ و بیرکردنەوەی مرۆڤ.

بەبۆچوونی جاک لاکان ڕەگوڕیشەی زمان لەنەستەوەیە، کە لە تیۆرەکەیدا ڕوونی کردۆتەوە، لاکان پێیوایە زمان لەپێکهێنەرەکانی نەستی مرۆڤە، بۆیە ئەستەمە بچینە قوڵایی دەروونی کەسیکەوە و لێی تێبگەین وکێشەکانی بۆ چارەسەر بکەین و بتوانین لە شیعرو ئەدەبی گەلان تێبگەین ئەگەر ئاشنای زمانەکەی نەبین، هەر ئەمە وادەکات بگەڕێینەوە بۆ باوەشی دایک کە کانگەی ڕاستەقینەی زمانی مرۆڤ و بیرکردنەوەو وێنە زەینیەکانێتی نەک تەنیا وشە بەڕووت و ڕەجاڵی، وشەکان تەنها ٧٪ی پەیوەندی دروست دەکەن بەڵام چۆنێتی بەکارهێنانی وشەکان لەزەینمان و واتاکانیان و ئەو هەڵوێستەی مرۆڤەکە تێیدایە ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لەپەیوەندی و درکاندنی وشەو زاراوەکان، ئەمە وایکردووە بەبێ شارەزابوون لەزمانی هۆزانڤانێک بتوانین هۆنراوەکەی شیبکەینەوەو لەهێما شیعریەکانی واتامان چنگ بکەوێت، یان هۆنراوەیەک وەربگێڕینە سەر زمانی کوردی، بەبێ شارەزابوون لە زمانی نەخۆشێک بتوانین ڕێچکەی چارەسەری بۆ بدۆزینەوە، یان لەمانە گرنگتر زمان و ڕەفتارەکانی منداڵە کەپێویستە لێی تێبگەین و شارەزای ئەو زمانە بین کەفرچکی پێوە گرتووە، هەست و نەستەکانی دایک دەبێتە ئەو ڕووبارە کەزمانی مرۆڤ تێیدا مەلەدەکات و کەسیش پەی بەو ڕووبارە نابات ئەگەر مەلەی تێدا نەکردبێ، ئەمەش گرنگی و پایەی زمانی دایک بەرجەستە دەکات لە بیرکردنەوەوهزرو سۆزو هەڵچونەکانی مرۆڤ و کەسایەتی نەتەوەیی و چەسپاندنی ناسنامەکەی، کەواتە زمان بەتایبەتی زمانی دایک ئامرازو هەوێنی ڕاستەقینەی هۆش و بیرکردنەوەی تاکە، بیرکردنەوەش لەبابەتێک بەزمانی دایک بەهێزتروکامڵترەو باڵوێزی چوونە ناو ڕەگوڕیشەیەتی، چونکە مرۆڤ بەزمانی دایک خەیاڵ و بیردەکاتەوەو بارە سایکۆلۆجیەکەی تەون دەکات، بەو پێیەش

هزرو بیری نەتەوەو گەلانی سەر زەوی بەزمانەکەیەوە دەناسرێ و بەزمانەکەیەوە فێر دەبێت و جوگرافیاو مێژوو کەسێتیی نەتەوەیی هەر بەو زمانە چێ دەکات، کەسێتی و ئایدۆلۆجیاو ئەدەب و هونەری هەر گەلێک پەیوەندی بەزمانەکەیەوە هەیەو زیندوویی زمان زیندوویی کەسێتی نەتەوەیی و مێژوویی و جوگرافیاو کلتورەکەی دەگەیەنێت، ئەمەش وادەکات بڵێین خوێندنی زمانی دایک لەگەڵ شیری دایکدایەو بەستراوە بەهەناسەو هەست و نەست و بەرکەوتنی دایک و سایکۆلۆجیاکەی، تەنانت ئەگەر مرۆڤ زمانێکی دیکەی جگە لە زمانی دایکی فێر بێت زمانە ڕەسەنەکە کەزمانی دایکە هەر کارایە لەبیرکردنەوەو ڕەفتارو هەڵسوکەوت و خەیاڵیدا ئەگەر لەکاتی خۆی ڕەگی داکوتابێ و هیچ زمانێکی دیکە پاشقولی نەدابێ،هەرچەندە لەلایەکی ترەوە هەردوو زانای ئەمریکایی ئیدوارد سابیرو بنیامین لی وورف پێیانوایە جۆراوجۆریتی زمان دەبێتە هۆی جۆراو جۆرێتی بیرکردنەوە، بەڵام لە گرنگی زمانی دایک کەم ناکاتەوە بۆ گوزارشتکردن لەبیرکردنەوەو ژیانی ڕۆژانە.

وشە لە لایەک بەپێی وێنەکەی و لە لایەکی دی بەپێی دەنگ و ئاوازو واتاکەی و پێگەی لەنەستی مرۆڤ کاریگەری خۆی هەیە لەبەرجەستەکردنی زمان و بیرکردنەوە، بەپێی تیۆری جاک لاکان کە وشە ڕەگوڕیشەی لە دەروونی مرۆڤدا داکوتاوە، کەواتە توێژەر ئەگەر بیەوێ تۆژینەوەی هزری یان زمانەوانی بکات گرنگە بتوانێ بچێتە قوڵایی نەستەوە، چونکە واتای وشەکان کەبناغەی هزرو بیرکردنەوەن لەوێ خۆیان حەشارداوە، بەمەش دەگەڕێینەوە باوەشی دایک و گرینگی ئەم قۆناغە کە پێکهێنەروسەرچاوەی ڕوباری زمانە، هەروەها لای سیگمۆند فرۆیدیش خەون کەبونیادی رەمزی دەگرێتەوە کەئەرک و واتای خۆیان هەیە وەک سیستمێکی رەمزی کاری کردە سەر لاکان لەداڕشتنی تیۆرەکەی دەربارەی زمان و بەستنەوەی بە دەروونی مرۆڤەوە، بەردی بناغەی پێکهاتەی دەروونی مرۆڤیش دایکە، کە سەرچاوەی نەست وڕەگوڕیشەی ئینتیمای تاکە بۆ مێژوو جوگرافیا، دروستبوونی کەسێتی مرۆڤیش لەقۆناغی سەرەتای تەمەنی منداڵ فاکتەرێکی دیکەیە بۆ ئەم مەبەستە،کەتێیدا زمان وەک هەر لایەنێکی دیکەی کەسێتی ڕەگی خۆی دادەکوتێ و دەبێتە بناغەیەک بۆ دیاریکردنی سیمای کەسێتی نەتەوەیی.

ئەگەر بە قوڵایی زمانی شیعریی شوڕبینەوە لای شاعیرانی کوردو گۆڕینی وشە بە هێما یان بەگۆڕینی وشەیەکی تر، یان واتایەکی تر لەشیعرو لەئەدەب، بۆمان

ڕوون دەبێتەوە کەچۆن وشەیان بەباری ناوەوەی  خۆیانەوە بەستۆتەوە وەک تاک یان کردویانە بە هێماونیشانەی گوزارشتکردن لەنەستیان، مانگیان شوبهاندووە بەئەبرۆی یارو تیشکی خۆر بەتاڵی زوڵف و کانی بەچاوی یارو جریوەی بولبول بە ئاوازی دڵداری و خۆشەویستی، سەرچاوەی ئەم هێماو وشەوە هەستانەش باوەشی دایکە هەروەکو چۆن کۆرپەکەی دەکاتە جوانترین گوڵی دونیاو لەئەدەبی نەتەوەییدا ڕەنگی داوەتەوە هەروەکو شاعیر  دەڵێت:

**شاجوانی شیعرستانی من**
**ئاسمانی کوردستانی من**
**هەتوانی زام وژانی من**
**تۆ هیوای بۆ ژیانی من**
**تۆ شنەی شەماڵ من زریان....تد.**

ئەم شوبهاندنەی منداڵ یان یار بە هێماگەلێکی وەکو ئاسمان و هەتوان و ژیان و خۆرو مانگ و کانی ڕەگوڕیشەیەکی لەناوەوەی تاکی کوردی، یان لەناخی شاعیر خۆی مەڵاس داوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ باوەشی دایک، بەو شێوەیەش دەتوانین زمانی دایک زیاتر بچەسپێ و ببێتە ناسنامەیەک بۆ نەتەوەو نیشتمان و خەون و خەیاڵ و بیرکردنەوە.

بە پێی دەرونزانی زمانەوانی فاکتەرە زمانەوانیەکان دەبسترێنەوە بە فاکتەرە دەرونییەکانی مرۆڤەوە، کەواتە دەتوانین بڵێین باری دەرونی تاکی کوردی و ڕەوشی کۆمەڵایەتی ژنی کوردو دایکی کورد بنەمای زمانی کوردی بوونە بۆیە زمان بەتەنێ وشەو ڕستە نییە بەڵکو لە ناواخنی ئەو وشەو ڕستانە دۆخێکی دەرونی خۆی حەشارداوە، کاریگەری نەست لەسەر زمان بەڕادەیەکە شاعیران و ئەدیبانی کوردی هێناوەتە گۆ بۆ خاڵی کردنەوی وزە چەپێنراوە سێکسیەکانیان و گوزارشتکردن لێیان بە شیعر، لەوانەش شیعرەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی و شاعیرانی دیکەش و لە نەتەوەکانی دیکەش، ئەمانە بەڵگەن بۆ نەستی پڕی مرۆڤەکان و بەتایبەتی ئەدیبان و شاعیران.

نەک هەر شاعیران، بەڵکو تەواوی خوێنەرانی شیعری هەجو لەو پەڕی خۆشحاڵیدان و شاگەشکە دەبن کاتێک شیعرێکی وا دەخوێننەوە، چونکە گوزارشت لە نەست

وباری دەروونی چەپێنراویان دەکات و بەزمانی جیاواز گوزارشتی لێدەکەن، ئەو دراماو فیلمانەی کە گرتەی سێکسی جوڵێنەری ئارەزووەکانی مرۆڤی تێدایە زیاتر سەرنج ڕاکێشن بۆ فێربوونی زمان، چونکە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ناوەوەو چەپێنراوەکانی مرۆڤەوە هەیە.

هێماکاری لەزماندا نەک تەنیا ئەدەبی گرتۆتەوە بەڵکو هزرو بیری سیاسی و هونەری و تەنانەت رەفتاری شەڕانگێزیشی گرتۆتەوە، ئەگەر دیقەتی جنێوی کوردی یان عەرەبی یان هەر گەلێکی تر بدەی زۆربەی جنێوەکانیان جنێوی سێکسین و زیاتر ئاراستەی ڕەگەزی مێ کراوە، مەبەستیش لێرە ڕۆڵی دەرونی لەنەست و ناوەوی مرۆڤە بۆ بەکارهێنانی زمان و گوزارشتکردن.

زمانی یاری منداڵانیش تەواو گوزارشت لەپەیوەندی نێوان زمانی دایک و باری دەرونی و نەستی کۆمەڵایەتی و کلتوری گەلان دەکات، یەکێک لەیاریەکانی منداڵان لەناوچەی خانەقینی باشوری کوردستان ئەوەیە منداڵ چوارمشقی دادەنیشێ و هەردوو پەنجە گەورەی پێیەکانی دەگری و دووکەسی تر دێن لەملاو لەولاوە قۆڵ لە قۆڵی قایم دەکەن، بردنەوە لەم یاریە ئەوەیە ئەو منداڵە پەنجەپێیەکانی بەرنەدا، ئەگەر پەنجەکانی بەردا پێی دەڵێن شەڕواڵبێنی دایکی بڕی، لەدووتوێی ئەم یاریەدا کەبەیاری شاخ زەڕێ ناسراوە پاڵنەرێکی دەروونی و نەستی هەیە بەشێوەی جیاواز گوزارشتی لێدەکرێت، ئەم یاریە بەستراوە بەلایەنی دەرونیەوەو زمانی خۆی هەیە بۆ دەربڕین بەغەیری زمانی دایک ناتوانین بەزمانێکی تر گوزارشتی لێبکەین، ئەمەش بەستراوە بەحەزی شاراوەی سێکسی و گوزارشتلێکردنی. یان کوردەواری کەشتێک بڵێن بۆ نموونە (بیخەرە ناوی) لەگەڵ بەکارهێنانی ئەم ڕستەیە دەڵێن (بیلا مانێ)، چونکە نیو ڕستەیە مانایەکی هەیە لەنەستەوەیە دەیانەوێ نەیدرکێنن، بەڵام ئەمە پەیوەندی بەلایەنی دەرونیەوە هەیە.

ئەو وشەو ڕستانە هەرهەموو هێماو نیشانەو بەڵگەی جیاوازن بۆ نەستی مرۆڤ و پەیوەستکردنی وشە بە لایەنی دەروونی تاکەوەو گوزارشتکردن لێی بەزمان و هەستی منداڵیی.

ئیمە وەکو کۆمەڵگەو وەکو تاک ناتوانین پەیوەندی نێوان زمانی تاک بەباری دەرونی کۆمەڵگەوە بپسێنین، ئەمەش بەڵگەی کۆمەڵایەتی بوونی زمان و ڕۆچونێتی لەنەستی کۆمەڵایەتی، تۆ بزانە وشەی پەککوو! کە گوزارشتە لە سەرسوڕمان بەرانبەر

هەڵوێستێک، یان وشەی ترحێو، یان دەڵێن ترەکەڵەک، یان دەڵێن خەسوو گوێ بگرە بوکێ لەگەل تۆمە......تد ئەمانە گوزارشتن لە پەیوەندی زمان بەباری دەروونی و پەیوەندی هزر بەزمانەوەو بناغەی ئەم هزرەش پەیوەستە بەقۆناغی منداڵیی منداڵ و دایکەوە.

لەڕوانگەی جان بیاجی کەزانایەکی بواری گەشەسەندنی زمانە هەر لەقۆناغی شیرەخۆری منداڵ لەڕێگەی هەستەکانیەوە بەتایبەتی بیستن و بینین و بەرکەوتن زانیاری کۆدەکاتەوەوبنیادی دەنێت وەک قۆناغێک بۆ گەشەکردنی زمان ئەمەشی ناو ناوە بینای مەعریفی، کەواتە ئەو قۆناغەی کەمنداڵ لەباوەشی دایکێتی بناغەیە بۆ گەشەسەندنی زمان بێگومان ئەمەی جان بیاجی پێمان دەڵێ نەست کەهەر لەقۆناغی منداڵیەوە دروست دەبێت لەگەڵ دایکدا کاریگەری لەسەر هزروچۆنیتی تێگەیشتنی مرۆڤ و بیرکردنەوەی دەبێت، جان بیاجی هەموو قۆناغەکانی گەشەسەندنی بەیەکەوە بەستووە بۆ بیناکردنی مەعریفی لەویشەوە بۆ تێگەیشتن و پەیبردن بەجیهانی دەرەکی، کەواتە ئەو زمانەی منداڵ فێری دەبێت جگە لەزمانی دایکی زمانێکی بێ ڕەگوڕیشە دەبێت و ئەو ڕۆڵە نابینێت وەکو زمانی دایک دەینینێت بۆ بیرکردنەوەو دروستبوونی وێنەی زەینی.

بیاجی ئاماژەی بەکاریگەری نواندن(التمثل)داوە بۆ فێربوونی منداڵ، واتە شتێک دەبینێ شتەکانی تر بەم شتە دەشوبهێنێ بۆ نموونە وشەی دایە دەبیستێ وادەزانێ هەموو دایەکانی تر هەر ئەم دایەن، واتە بەستنەوەی ژینگەی ناوەوی بەژینگەی دەرەوەی، ئەمەش فاکتەرێکی بەشدارە بۆ بناغەی زمان و چێکردنی، بۆیە زمانی دایک کاریگەری لەسەر بیرکردنەوە دەبێت و نابێت منداڵ لەباخچەی ساوایان و بنەڕەتیش لەزمانی دایک دوور بخرێتەوە یان زمانێکی تر پێش زمانی دایک بخرێت، لەم ڕوانگەیەوە هاوسەنگی دروست دەبێت بەپێی جان بیاجی، واتە لەڕێگەی نواندن و خۆگونجاندن و راستکردنەوەی هەڵوێستی پێشتر بەهەڵوێستی نوێوە، کاتێکیش هاوسەنگی درووست دەبێت میتۆدێکی عەقڵی ڕێکخراومان دەست دەکەوێت بۆ گەیشتن بەزیرەکی لەبوارە جیاوازەکاندا لەوانەش بواری زمان، بیستنیش هۆکارێکی تری ناوەوی مرۆڤە و ئامرازێکە بۆ بیستنی یەکەم دەنگ کەدەنگی دایک و ئاوازو ریتم و چینەکانی دەنگەو دەبنە بنەما بۆ زمان کەهەمویان پیت و وشەی ڕەسەنن دەبنە بنەمای ڕستە هەروەکو چۆمسکی ئاماژەی پێداوە لەتیۆرەکەی تایبەت بەزمان.

چۆمسکی ئاماژەی بە سێ ڕاستیی گرینگ داوە لەچێکردن و گەشەسەندنی زمان و پەیوەندیان بەقۆناغی منداڵیی و باوەشی دایکەوە :

یەکەمیان پیتەکانە کەدەبنە وشەو بناغەی زمانی منداڵ.

دووەمیان پیتەکان و وشەکان یەکدەگرن و بونیادێکی مەعریفی دروست دەکەن کەدواتروێنەی زەینی پێکدێنن و ئەم وێنە زەینیە پەیوەندیەکی پتەوی بەو وێنانەوە هەیە کەدایک لەخەیاڵی منداڵ دروستی دەکات و پەیوەندە بەپێویستی بایۆلۆجی و دەرونی و کۆمەڵایەتی منداڵەوە.

سێیەمیان دروستبوونی پەیوەندی نێوان زمان و بیرکردنەوەیە، ئەم سێ ڕاستیە دەبنە سێکوچکەیەک بۆ بنەمای زمان لای چۆمسکی و گەشەکردنی وەک لەم وێنەیەدا ڕوون کراوەتەوە:

کاتێک منداڵ پێش ساڵی یەکەم نیو ڕستە، یان ڕستەیەکی ناتەواو بەکار دێنێت واتای خۆی هەیەو دایک لێی تێدەگات، بۆ نمونە دەڵێت دایە حەم، دایە بابە واتە دایە بابە هاتەوە، یان بەدەنگی جیاواز بەپێی تەمەنی خۆی گوزارشت لە پێویستیەکانی دەکات و دایک بەئاسانی لێی تێدەگات، ئەم زمانە سادەیەی منداڵ وەک تۆڕێک وایە بۆ بەرجەستەکردن و زیندوڕاگرتنی زمان ومانەوەی وەک ناسنامەیەکی نەتەوەیی.

زمان لەڕوانگەی تیۆری ژینگەییەوە لەوانەش سکنەر کەپێیوایە زمانیش ڕەفتارە وەک هەر ڕەفتارێکی تر، مرۆڤ لەژینگەیەوە فێری دەبێت، بەڵام کام ژینگە؟ بێگومان ژینگەی ماڵ و قوتابخانە وکۆڵان و گەڕەک، هەرچەندە سکنەر گرینگی بەبینای زمانەوانی نادات بەقەد گرینگیدانی بەڕەفتاری بینراو و سەرنجدراو، بەڵام دەپرسین ئایا ناوماڵ ژینگەی بینراو نیە؟ کەواتە ئەو زمانەی لەماڵەوە قسەی پێدەکریت زمانی دایک نییە؟ کەواتە لەهەردوو دۆخەکەدا زمانی دایک بۆ منداڵ دەبێتە بەردی بناغە بۆ فێربونی زمان لەڕێگەی لاساییکردنەوە و بەکارهێنانی ئەم زمانە لەچەمکی واتاداری دەرونی و کۆمەڵایەتی و تەواوی کایەکانی ژیان، چونکە لاسایکردنەوەش پرۆسەیەک نیە خاڵی بێت لەلایەنی دەرونی و هەستەکانی و ناوەوەی تاک، کێشەی گەورەی سکنەر ئەوەیە کەپرۆسە عەقڵیەکان دیار نین و پێوانەو هەڵسەنگاندنیان بۆ ناکرێت، بەڵام لەهەمان کاتدا باوەڕیان بەجیاوازی ژینگە لەدروستبوونی جیاوازی زمان هەیە، واتە دەشێ منداڵێکی کورد زمانەکەی خۆی بەپێی ژینگەکەی بنیات نابێ و منداڵێکی فارس و عەرەب و تورک بەهەمان شێوە، ئەمەش دەمانباتەوە سەر هەمان ڕێچکەی

ئەوانەی کەپێیانوایە زمانی دایک کاریگەری لەسەر هزرو بیرکردنەوەی مرۆڤ هەیە.

سکنەر سەرنجی خستۆتە سەر گەوهەری ڕەفتارگەری (المذهب السلوكي) ی زمان، چونکە زمانیش وەکو هەر ڕەفتارێکی تر فێربوونە لەڕێگەی دروستبوونی داب(تكوين عادە)ئەمەش لەڕێگەی لاساییکردنەوەوە دەبێت، واتە منداڵ لەزماندا لاسایی دەوروبەری خۆی دەکاتەوە، لەوانەش دایک و باوک بەپلەی یەکەم و ئەوجا خوشک و براو هاوڕێیانی، ئەمەش پەیوەندی بەلایەنی دەرونیەوە هەیە وەک ئاماژەمان پێدا،لاساییکردنەوە بۆ منداڵ پرۆسەیەکی گەورەی دەرونی بێدەنگە و سات بەسات لاسایی دایکی دەکاتەوە،تەنانەت لاسایی هەست ونەستەکانیشی دەکاتەوە،لاسایی گفتوگۆو جوڵەو شێوازی خواردنی دایک وهەڵچونەکانی و نیگەرانیەکانیشی دەکاتەوە.

پاداشتکردنی مناڵ لەلایەن دایکوباوک ودڵخۆشبونیان کاتێک یەکەم وشە دەدرکێنێت و ئەو وشەو زاراوانەی لەڕێگەی ژینگەوە فێری دەبێت دەبنە هۆی گەشەسەندنی زمان وهزرو چۆنێتی بیرکردنەوە.

هەر لەڕووی دەروونیەوە ئەرستۆ پێیوایە زمان بەڵگەن بۆ ئەوەی لەناوەوەی مرۆڤ ڕوودەدات لەسۆزو هزروهەڵچوونە دەرونیەکان، ئەمانەش سەرچاوەی ناوەکی زمانن، کەواتە زمان بەرەنجامێکی ناوەکیەو دایک و باوک چاوگەکەینی، هەروەها نواندنی توانای عەقڵی مرۆڤە، بێژەی زمان لای ئەرستۆ لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر بەپێی جیاوازی ژینگە جیاوازە کەئەمانەش لە دەنگی وشەکان و جیاوازی لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی تربەرجەستە دەبێت، واتا شاراوەکانی قوڵایی دەرونیش بریتین لە هەڵچوون و سۆزو هزرەکان لای هەموو مرۆڤەکان یەکن بێ جیاوازی، بەڵام بۆ گوزارشتکردن لەزمانی دایکەوە گوزارشتی لێ دەکرێت، هەرلەمبارەیەوە زانای ئەمریکایی سابیر پێیوایە زمان ئاڵوگۆڕی هزرو ویژدان وئارەزوەکانە بەهۆی هێما دەنگیەکانەوە وەکو ئاخ و ئۆفی دایک و نارەزایی دەربڕینی و مشتومڕی نێوان دایک وباوک و گوزارشتکردنیان لە خۆشی و ناخۆشیەکانی ژیانیان و بەشداریکردنی منداڵ لەمەداو دروستبوونی ویژدان و چۆنێتی گوزارشتکردن لە ویژدان و هەڵچونەکانیان.

ئاماژەو زمانی جەستەو پەیوەندی لەڕێگەی چاوەوەو هەستکردن و بەرکەوتن لەگەڵ دایک چاوگەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ دایک، کەدەبێتە سەرچاوەی مەلاشوو هەڵدانی منداڵ بەزمانی نەتەوەکەی و پاشان دروستبوونی خەیال و وێنەی زەینی و گوزارشتکردن لەبیرکردنەوەو بۆچوونەکانیان.

جۆرەکانی جل وبەرگی نەتەوەیی و جوانکاریەکانی ڕازاندنەوەی نەتەوەیی وەکو پولەکەو لوتەوانەو پاوان و خڕخاڵ و خزێم وبازن و پوزەوانەو فەرەنجی و پشتێن و شتی تری تایبەتی نەتەوەیی کوردو شێوازی دروستکردنی خانوو لەگوندو ناوچە شاخاویەکانی کوردستان و ژیانی کۆمەلایەتی و کشتوکاڵی وئامرازەکانی خانوو دروستکردن و مەڕداری و شتیی تری تایبەت بەژینگەو جوگرافیای کوردستان هۆکارێکی تری پەیوەندی و فێربوونن و چاوگی کاریگەرن لەسەر زمان و کەسایەتی نەتەوەیی.

لەلایەکی دیکەوە تیۆری زانیاریەکان جەخت لەسەر چۆنێتی پەیوەندی نێوان خەڵک دەکاتەوە لەچێکردنی زمان کەناوی ناوە (telecommuication)، دیارترین تۆێژەری ئەم تیۆرە (شانون)ە، کەجەخت لەدروستکردنی پەیوەندی نێوان پەیامنێرو وەرگر دەکاتەوە لەگواستنەوەی زانیاریە زمانەوانیەکان بەم شێوەیە:

پەیامنێر وەرگر (دروستکردنی پەیوەندی).

باشترین پەیامنێری زمان دایکە کەلەڕێگەی هەستەکانی و زمانی جەستەی و نیگاکانی و دەربڕینی جیاوازەوە پەیامەکەی خۆی دەگەیەنێت بەباشترین وەرگری کەمنداڵە،چونکە لەنێوان پەیامنێرو وەرگر بیرکردنەوە دروست دەبێت و لەو نێوەندەشدا هەست و نەستی دایک ڕۆڵی کاریگەری هەیە. ئەگەر ورد بینەوە لەسەرجەم ئەو تێڕوانینانەی خستمانەڕوو بەرجەستەبوونی لایەنی دەرونی و باوەشی دایک بۆمان دەردەکەوێت کەهەموو ڕێگاکانی زمان دەچنەوە باوەشی دایک و دەشێ شۆڕشی داهاتووی نەتەوەیی کورد شۆڕشی زمان بێت و میدیاو باخچەی ساوایان و خوێندنگاکانی بنەڕەتی ئامادەیی و زانکۆو پەیمانگاکان ببنە لانکی شۆڕشی زمان و گۆڤارو ڕۆژنامەی زمانەوانی دروست نیشتمان پڕبکات و ڕیکلامە بازرگانیەکان ڕەچاوی ئەمەبکەن.

**فرە زمانی و کاریگەری لەسەر ڕەوانی زمانی دایک:**

تۆژینەوە نوێیەکان پێیانوایە منداڵ فێری هەر زمانێکی تر بکرێ شان بەشانی زمانی دایک کاریگەری ئەوتۆی نابێت لەسەر زمانەکەی و زۆربەی لێکۆڵینەوەکانیش پێیانوایە تەمەنی گونجاو بۆ فێربوونی زمانێکی تر ٣-٤ساڵانە، واتە هەر زمانی دایک پێش زمانەکانی تر دەکەوێت بۆ فێربوون، لێکۆینەوەی تردەڵێت هەر زمانێکی ترلەگەڵ زمانی دایک بخوێندرێ یان تێکەڵ بەزمانی دایک ببێت لەماڵ یان قوتابخانە یان لەگەڵ هاوڕێیان و مامەڵەکردن لەگەڵ ئامرازەکانی میدیای بیستراو بینراو و سۆشیال میدیا

کاریگەری نێگەتیڤ دەکاتە سەر زمانی منداڵ لەڕووی وشەو واتاو بیرکردنەوەو پاراوی و ڕەوانی زمان و ڕێزمان و گوزارشی درووست و واتای زمانەوانی و شلەژانی زمانی دایک، بەپێی تۆژینەوەیەک کەلەسەر دوو کۆمەڵە منداڵی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی ئەنجام دراون دەرکەوتووە فێربوونی دوو زمان پێکەوە لەیەک کاتدا دەبێتە هۆی لەکارخستنی بەرەو پێشچوونی زمانەکەو شلەژانی زمانەوانی منداڵ، زۆربەی تۆژینەوەکان کەلەم دیاردەیەیان کۆڵیوەتەوە ئاماژەیان بەوە داوە ئەو منداڵانەی کەخێزانەکانیان بەدوو زمان قسە دەکەن ژمارەی وشەکانیان بەپێی تەمەنیان کەمترە لەچاو ئەو منداڵانەی کەخێزانەکانیان بەیەک زمان قسەدەکەن، هەروەها ئاستەنگی زیاتر دەبینن، لەلایەکی تریشەوە ئەو منداڵانەی کەدووزمان پێکەوە فێردەبن زمانیان تر دەبێت واتە تووشی زمانگیران (stutter) دەبنەوە، ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو ماڵانەی کەبەدوو زمان قسە دەکەن بۆ نموونە کوردی و تورکمانی یان کوردی و عەرەبی هەست دەکرێت پاراوی زمانیان و ڕەوانیان کەمترە لەچاو ئاوانەی کەتەنیا بەزمانی دایک فێردەبن، قوتابخانەو دامەزراوە پەروەردەیەکان و پەرتووکەکانی قوتابخانەو زمانی مامۆستایان و هاوڕێیانی قوتابخانەش کاریگەری خۆیان لەسەر زمان هەیە.

هەروەها باری ئابوری خێزان و ئاستی رۆشنبیری دایک و باوک و فەراهەمبوونی گۆڤارو رۆژنامەو چیرۆکی منداڵان و ژمارەی منداڵ و زنجیرەبەندی منداڵ و نەخۆشی و شوێنی نیشتە جێی شارو گوندنشینان جیاوازی گەشەو بەرەوپێشبردنی زمان درووست دەکەن.

## پەراوێزەکان:

-بروانە: هیدن، هاری الدروبیریل: البرمجة اللغوية العصبية في ٢١يوما، مكتبة جرير،ل ١٥١

- بروانە:عبدلهادی،دنبيل و اخرون، مهارات فی اللغه والتفكير،دارالمسيره للنشر والتوزيع،عمان،ط٢سنه٢٠٠٣

- بەشێک لە هۆنراوەی حەمە ئەحمەد جافی شاعیر،کەلەخۆیم دەست کەوتووە.

- بروانە:التوايسة، اديب عبدالله محمد واخرون، النمو اللغوي والمعرفي للطفل،مكتبة نور٢٠١٧

- بروانە: هرمز،صباح حنا،سيكولوجية لغه الاطفال،دائرة الشؤوون الثقافية والنشر ١٩٨٩بغداد ل ١٣٥

- هەمان سەرچاوە ل ١٣٦

* توێژەری دەروونی: کەمال فاروق

# هۆکارەکانی سۆشیال میدیا و
# رۆڵیان لە پێکهێنانی زمانێکی یەکگرتوودا

پ. ی. ئاریانا ئیبراهیم

زمان فاكتێكی سەرەكییە لەنێو ئامرازەكانی گەیاندندا بۆ دروستكردنی پردی تێگەیشتن لەنێوان تاكەكان و بەردەوامی پەیوەندییان و لێكتێگەیشتنیان.

بۆیە قسەكردن لەسەر بابەتی زمان لە میدیادا یان میدیای نوێ «New Media» و سوشیال میدیا «Social Media» لەم قۆناغەدا زۆر پێویستە بۆ ئەوەی بتوانرێت كاریگەریی هەبێت لەسەر شێوازە تەقلیدییەكەی میدیا و چۆنیەتی مامەڵەكردنی و بەكارهێنانی لەنێو بابەتە بڵاوكراوەكان و پەخشكراوەكاندا.

زمان لە میدیای نوێدا بۆتە بەشێكی سەرەكی لە سیستەمی میدیایی كە تاكەكان رووبەرووی دەبنەوە و كارلێك لەگەڵ یەكتردا دەكەن، لەلایەكی دیكەدا میدیای نوێ و سوشیال میدیا بەشێوەیەكی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ كاریگەری دەخەنە سەر میدیای تەقلیدی و شێوازی خستنەروو و بڵاوكردنەوەی بابەتەكان بە جۆرێك كە بەرەو پێشەوەی ببەن یان شێوازێكی نوێی دابهێنن، هەروەها لەرووی زمانیشەوە چۆنیەتی مامەڵەكردن لەگەڵ ناوەرۆكی رووداوەكان و جۆر و شێوازی پێشكەشكردنیان و شێوەی كارلێكەریان لەگەڵ وەرگردا دەخەنەروو، بەشێوەیەک كە هەموویان پەیوەست بن بەیەكەوە لە چۆنیەتی گەیاندنی پەیامەكاندا.

لەم دواییەشدا رۆڵی هۆكارەكانی پەیوەندیی كۆمەڵایەتی (سۆشیال میدیا) گەورەتر بووە، هەر لەوەدا كورت نەبۆتەوە كە بووە بە پەنجەرەیەک بۆ پەیوەندیی نێوان تاكەكان، بەڵكو بووەتە گرینگترین ئامرازی كارتێكردن لە دروستكردنی ڕای گشتی و پێگەیاندن و ڕۆشنبیركردنی لاوان بە تایبەتیش لە ڕووی سیاسییەوە، بەڵكو هەندێ كەس وەها بۆی دەڕوانن كە دەتوانن ڕابەرایەتیی بزووتنەوەی گۆڕانكاریی لە جیهانە رۆژهەڵاتیەكاندا بكەن. بۆیە لە بەرانبەردا زمان بووەتە سەكۆیەكی نموونەیی بۆ گرووپە بەكارهێنەرەكان و گەنجان بۆ بڵاوكردنەوەی هزرە سەردەمییەكانی خۆیان و حەزو ئارەزوویان و سازدانی تازە پێگەیشتووی لاوان و نەوەی نوێ و گۆڕینی ئاراستە و بیروبۆچوونیان، ئەمە كۆمەڵێک پرسیاری گرینگ دەوروژێنێ، وەكو: سروشتی ئەو فاكتەرانە چین كە رۆڵی هۆكارەكانی پەیوەندیی كۆمەڵایەتی (سۆشیال میدیا) بەهێز دەكات؟

**سروشتی کارتێکردنیان لە دروستکردنی زمانێکی یەکگرتوو چییە؟**

چۆن کار لە پرۆسەی دروستبوونی هۆشیاری لای لاوان دەکات و بەشداریکردنی لە گشت بوارەکانی ڕۆشنبیریی و سیاسی و کۆمەلایەتیدا بەهێز دەکات؟

ئەو ئاڵنگارییانە چین کە سەبارەت بە ئاسایشی ژمارەیی و ئاسایشی زمانیی نەتەوەیی دەیخەنە ڕوو؟

**چۆن دەکرێ ئەم سەکۆیانە ڕێك بخرێنەوە و کۆنترۆڵ بکرێن؟**

بۆیە پێمان باشە فاکتەرە سەرەکییەکانی پشت زیادبوونی کاریگەریی هۆکارەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بخەینەروو، بێگومان گەشەکردنی کاریگەریی هۆکارەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی (سۆشیال میدیا) لە ناوچە ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاواییەکان لە بۆشاییەوە نەهاتووە، بەڵک و ئاکامی کۆمەڵێک فاکتەر و هۆکارە، ڕەنگە گرینگترینیان ئەمانە بن:

١- هۆکارەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی (سوشیاڵ میدیا)، وەرچەرخانێکی جۆری لە جیهانی ڕاگەیاندنی ژمارەیی دروست دەکات، جیهانی کردۆتە گوندێکی بەیەکەوەبەستراو لە ڕووی پەیوەندییەوە بەتایبەتی کە ڕێگە دەدات بە دروستکردنی ناوەڕۆکی ئەلیکترۆنی و ئاڵوگۆڕکردنی (وشە، دەق، وێنە، ڤیدیۆ، هتد...) لە ڕێی ئینتەرنێتەوە، پەنجەرەیەکی گرینگ بۆ کارلێکی نێوان تاکەکان دەڕەخسێن (Ambady. N. ٢٠١٩. ٦٩-٧٠)، لەبەرئەمە هەندێک بەوە وەسفی دەکەن کە «زمانێکی جیهانگیری»ی پێکدێنێ کە پابەندی سنووری نیشتیمانیی وڵاتان نابێ، بەڵکو سنوورگەلێکی گریمانەییی نەبینراو دەخاتەڕوو، کە تۆڕەکانی پەیوەندیی زانیاری لەسەر بنچینە سیاسی و ئابووری و کولتووری و هزرییەکان دەیکێشێ بۆ پێشکەشکردنی جیهانێکی بێ دەوڵەت و نەتەوە و نیشتیمان (عرار، ٢٠١٥)، ئەوەش وایکردووە ئەم زمانی ڕاگەیاندنە کارتێکردنی زۆر زیاتر بێت لە ڕەفتاری تاکەکان و لە دروستکردنی ئاراستەکانیان و گۆڕینی و لە دروستکردنی هزرەکانیان و بەرهەمهێنانیان. هەروەک ئەم زمانە «بەجیهانیکراوە» تایبەتمەندیی خۆڕایی هەیە، بانگەوازکردن لە فەیسبووک بۆ چالاکییەکی دیاریکراو پێویستی بە توانای ماددی نییە، ئەوەندە بەسە بەشداری لە ماڵپەڕەکە بکەیت و پاشان

دامەزراندنی گروپێک یان ژمارەیەک گروپ کە چەند بنەما یان هزرێکی دیاریکراو بکاتە بەرنامەی کارکردن (زیاد، ٢٠١٨، ١٥).

٢- زیادبوونی بەردەوام لە ژمارەی بەکارهێنەرانی هۆکارەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی، ئەوەش لە کاتی بەراوردکردنی ئەم ژمارانە لە میانەی ساڵانی کەمی ڕابردوو بە ڕوونی دەردەکەوێت، لە ساڵی ٢٠١٩ کەمتر لە (٢,٥) ملیار کەس لە سەرتاسەری جیهان لەسەر هۆکارەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بوون (سوشیاڵ میدیا)، لە ساڵی ٢٠٢١ ئەم ژمارەیە گەیشتە (٣,٥) ملیار بەکارهێنەر لە سەرتاسەری جیهان، ئەوەش دەکاتە ٦٥٪ کۆی ژمارەی دانیشتووانی جیهان. هۆکارەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی (سۆشیال میدیا) بوونەتە یەکێک لە گرینگترین بکەرە نێودەوڵەتییەکان، کاریگەرییان تەنها لە سیستمی ناوخۆی دەوڵەتێک کورت نەبۆتەوە بەڵکو درێژ بۆتەوە بۆ بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ڕۆڵێکی گرنگ لە کارلێکردنە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان دەگێڕێ (الصالحي، ٢٠١٧). هەموو ئەم ژمارانە لە سەرووی تێکڕای دیاریکراوی جیهانییەوەیە بە چوار سەعات و ٣٠ خولەک، ئەوەش ئاماژە بە زیادبوونی گرنگیی هۆکارەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی (سۆشیال میدیا) دەکات لە وڵاتە رۆژهەلاتیەکان، وە بووە بە یەکێک لە ستایلەکانی ژیانی گشتی لە ژیانی سەردەمدا، وە بووەتە یەکێک لە میکانیزمەکانی بازاڕگەری (مارکێتینگ)ی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری کە لە ژمارەیەک بواردا تەوزیف دەکرێت (Digital ٢٠٢٠. ٢٠١٨).

٣- توانای کارتێکردن لە ڕای گشتیدا کەوا هۆکارەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی (سۆشیال میدیا) بەشداری دەکات لە ئاڵ وگۆڕی هزرو بۆچوونە جیاوازەکانی پەیوەست بە کێشەیەکی دیاریراو بۆ ژمارەیەکی زۆر لە کەسەکان لە ناوچە جیاوازەکانی جیهان، بەوەش بوار دەڕەخسێنێ بۆ گەڵاڵە بوونی زمانێکی گشتیی نێودەوڵەتیی پاڵپشت بۆ هەندێ کێشە، ئەوەش شتێکە گۆڕانکاریی ئەرێنی لە هەندێ لایەنی ژیان لێدەکەوێتەوە، بەڵام لە بەرانبەردا ڕەنگە بکەوێتە تەڵەی چەواشەکاریی میدیایی، کاریگەریی نەرێنی لە ڕای گشتیدا، کاتێ تەوزیف دەکرێ بە ئامانجی گۆڕینی قەناعەتەکانی تاکەکانی کۆمەڵگە (العبیدي. ٢٠٢٠). کارلێکی چڕ کە هۆکارەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی (سۆشیال میدیا) پێ دەناسرێتەوە لە میانەی تایبەتمەندیی کارلێکردنی زۆر بەرز لە ماوەیەکی کورتدا و، کاردەکات لەسەر دروستکردنی

وتووێژی بەکۆمەڵ کە ژمارەیەکی زۆر لە بەشداربووان لەخۆدەگرێ، ئەمەش دەبێتە هۆکاری دروستبوونی جۆرە زمانێکی نێوخۆیی لەنێوان تاکەکاندا، سەرباری ئەوەی هێز دەداتە هەر تاکێک لە جەماوەر بۆ ئەوەی ببێتە هۆکارێکی میدیاییی سەربەخۆ. هەروەک ئەپەکانی ماڵپەڕەکانی هۆکارەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی (سۆشیال میدیا) تواناگەلی فراوان دەڕەخسێنن بۆ کۆکردنەوە و سازدان بۆ بابەتە جۆراوجۆرەکان.

بۆیە دەکرێ هۆکارەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی (سوشیال میدیا) بە یەکێک لەو بکەرە نادەوڵەتییانەی دابنێین کە لە پەرەسەندنی زمانە هەرێمی و جیهانییەکاندا توانای کارتێکردنی هەیە، کە بەردەوام پرسیارگەلێک دەوروژێنێ لەبارەی ڕادەی پابەندبوونی ماڵپەڕەکانی هۆکارەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی (سۆشیال میدیا) بە پاراستنی داتای بەکارهێنەران و گرێنتی مانەوەی وەک خۆی بەبێ دەستکاری ئەوەش تەئکید دەکاتەوە لەوەی هۆکارەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی (سۆشیال میدیا) بوونەتە یەکێک لە بکەرە کاریگەرەکان لەو پەرەسەندنانەی ئێستای زمان بەخۆیەوە دەبینێ، وە لە ئایندەش لە سەرجەم بوارە جیاوازەکاندا (Guzmanm. ٢٠١٦). بۆیە دەکرێ لێرەدا بەکورتی ڕۆشنایی بخەینە سەر گرنگترین کاریگەرییەکان و ڕۆڵی هۆکارەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی (سوشیال میدیا) لە گشت بوارەکانی کۆملایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیریدا.

وەک پێشتر روونمان کردەوە هۆکارەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی (سۆشیال میدیا) ڕۆڵێکی کارا لە دروستکردنی زمانێکی یەکگرتوو دەگێڕن، کەوا بەشداری دەکەن لە برەودان بەو بیر و هزرانەی تاکەکانی کۆمەڵگە ئەوەی ببێتە بەهایەکی کۆمەڵایەتیی دانپێدانراو، لەنێو کەسانی ئاساییدا بڵاوببێتەوە، پاشان کاربکاتە سەر رەفتار و پێکهێنانی ئاراستەکانیان لە بەرانبەر چەند کێشەیەکی دیارکراو، ئەم رۆڵەش بە گوێرەی تیۆری مارکێتینگی کۆمەڵایەتی تا ڕادەیەکی زۆر هاوشێوەی ئەو هەڵمەتانەی مارکێتینگە کە ئامانجی برەوپێدانی کاڵایەکی دیارکراو و قایلکردنی بەکاربەرانە پێی. واتە بەشێوەی بەبازارکردن بۆ زمان رۆڵ دەبینن، ئەم کاریگەرییەش لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خاڵە جیاکەرەوانەی هۆکارەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی (سۆشیال میدیا) و ڕاگەیاندنی نوێ بە گشتی پێی دەناسرێنەوە لە توانای کارتێکردنی بڕی (التأثير الكمي- کاریگەری چەندێتی) لە میانەی دووبارەکردنەوەی وشەکان و رستە و دەستەواژەکان

کەوا هۆکارەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی (سۆشیال میدیا) پەیامگەلی هاوشێوە و دووبارە پێشکەش دەکەن لەبارەی بابەتێک بە جۆرێک ئەم خستنەڕووە کەڵەکەبووە سەردەکێشێ بۆ قەناعەتپێکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە لە مەودایەکی دووردا (Philip. Janbek، ٢٠١٥، ٢٣-٢٦). بۆیە هۆکارەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی (سۆشیال میدیا) بووەتە هاوبەشێکی سەرەکی لە دروستکردنی زمانێکی گشتی و جێگیرکردنەوەی لە میانەی ژمارەیەک ڕۆڵەوە:

١. کارتێکردن لە هۆشیاری بە جۆرێک دەستەبژێرێک لە بیریار و ڕۆشنبیران دەتوانن لە ڕێی تۆڕ و سەکۆکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی برەو بە هزرەکانیان بدەن و کار بکەن لەسەر دروستکردنی هۆشیاری  بەکارهێنەران لە ڕێی ئەو هەڵمەتە میدیاییانەی ئامانجی چڕکردنەوەی زانیاری و مەعریفەیە بۆ چاککردنی رەفتار بە زیاکردنی زانیارییە نێردراوەکان بۆ کارتێکردنیان و دروستکردنی پەیوەندی نێوانیان لە بەرانبەر بابەتە جیاوازەکان (مصطفی، ٢٠١٩، ١٩١-١٩٢). بەکردەوەش هۆکارەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی (سۆشیال میدیا) بەشدارییان کردووە لە دەرکەوتنی زمانی کاریگەری بۆ دەربرینی ڕاوبۆچوون کە سەکۆی میدیاییی خۆیان هەیە و لە لایەن ملیۆنان بەکارهێنەرەوە لە جیهاندا فۆلۆ کراون و سەیردەکرێن و ئەو کەسانە توانایان هەیە کاربکەنە سەر فۆلۆوەرزەکانیان لەبارەی ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە کێشە وروژێنراوەکان.

٢. گەشەکردنی ڕۆڵی تاک لە کارکردنە سەر بابەت و کێشە جیاوازەکان لە میانەی هۆکار و سەکۆکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی کە لە میانەیدا تاک ڕۆڵێکی گرینگ دەگێڕێت لە گواستنەوەی هەواڵ و دروستکردن و نووسینەوەی، سەرباری کارکردنە سەر دروستکردنی قەناعەتەکان لەبارەی هەندێ کێشە. ئەم هۆکارانە بەشدارییان کردووە لە دەرکەوتنی ئەوەی پێی دەوترێ «زمانی یەکگرتوو» کە دەرفەت بۆ هەموو تاکێک دەڕەخسێنێ ئەکاونتێکی لەسەر ماڵپەڕی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی هەبێ و ئەگەریش بڕێک کارامەیی و زانیاری هەبێ دەتوانێ بابەتی هەواڵی یان راپۆرت یان لێکۆڵینەوە دابڕێژێت کە بەو زمانە گوزارشت لە تێڕوانینی جیاواز لەبارەی سەرجەم کێشەکان بکات، بەڵام گرفت لێرەدا ئەوەیە ئەم جۆرە زمانە هەندێ کات پێویستیی بە وردەکاری و ڕاستگۆیییە کاتێ تاک هەڵدەستێ بە تێکەڵکردن لە نێوان زاری خۆی و ئەو زمانەی

که هەواڵ یان ڕووداوەکەی لە لاپەڕەی تایبەتی خۆی پێی بڵاوی دەکاتەوە یان کە هۆکارەکانی تری سوشیال میدیای ئەلیکترۆنی بەکاردەهێنێت. بەمشێوەیە زار و زمانی هاووڵاتی ئاسایی پەرەدەسێنێ بەهۆی ڕووتێکردنی هاووڵاتییان لە ڕاگەیاندنی جێگرەوە لە پێناو گوزارشتکردنی ئازادانە لە بارودۆخیان دوای ئەوەی هەندێ حکوومەت و بزنسمانەکان لە جیهانە ڕۆژهەلاتیەکان هۆکارە تەقلیدییەکانی ڕاگەیاندنیان قۆرخ کردبوو (بلعيد، ٢٠١٦). گرینگترین خاڵ کە زمانی گشتیی هاووڵاتی پێ دەناسرێتەوە بریتییە لە ملکەچنەبوونی بۆ ئەو کۆتوبەندانەی دامەزراوە میدیاییە تەقلیدییەکان دەیسەپێنن کەوا لە فەزای ژمارەییدا ئازادییەکی زۆری هەیە و زاڵبوون بەسەریدا یان کارکردنە سەر ئاراستەکانی دژوارە. هەروەک کاریگەریی تاک لە دروستکردنی زمانیی گشتی لە میانەی «وێبلۆگ»ەکان "المدونات الإلكترونية" یان بلۆگەرز، دەرکەوت کەوا بە پەنجەرەیەکی گرینگ دادەنرێ بۆ بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان لە سەرجەم بوارەکانی مەعریفەی مرۆیی، وە لە میانەیدا ڕا و ڕای بەرانبەر دەزانرێ (عامر، ٢٠١٥، ١٦٤-١٦٥). ڕەنگە ئەوەی زیاتر گرینگیی «وێبلۆگ»ەکان لە کارکردنە سەر زمانی گشتی زیاد دەکات بریتییە لە زیادبوونی ژمارەکانی بە شێوەیەکی زۆر، کەوا ئامارەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە زیاتر لە ٥٠٩ ملیۆن کەس مانگانە زیاتر لە چل ملیار لاپەڕەی «وێبلۆگ» دەبینن و بەکارهێنەرانیش مانگانە ٩٠ ملیۆن پۆستی نوێ و ٩٧ ملیۆن کۆمێنت بڵاودەکەنەوە، ئامارێکی تر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لەنێو ١.٧ ملیار ماڵپەڕ لە جیهان نزیکەی ٧٠٠ ملیۆن وێبلۆگ هەیە، ئەوەش ئاماژەیە بۆئەوەی کاریگەریی «وێبلۆگ»ەکان گرینگییان کەمتر نییە لە هۆکارە تەقلیدییەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی – فەیسبووک و تویتەر – لە کارکردنە سەر زمانی گشتی بەتایبەتی کە بە باشترین سەرچاوەی زانیاری دادەنرێن لەبارەی کۆی ئەو بابەت و کێشانەی بە لای کەسەکانەوە گرینگن لە سەرجەم بوارەکانی ئابووری و سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی (نعمە، ٢٠١٩). ژمارەیەک لە لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە «وێبلۆگ»ەکان و هۆکارەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی (سۆشیال میدیا) بە شێوەیەکی گشتی جا بە شێوەی ڕاستەوخۆ بێت لە میانەی فۆڵۆوەرزکانی یان بە شێوەی ناڕاستەوخۆ لە میانەی کارتێکردنی لە هۆکارە تەقلیدی و ئەلیکترۆنییەکانی ڕاگەیاندن بەتایبەتی بە ڕوانین لەو خاڵانەی هەیەتی لە خێرایی لە وەڵامدانەوەی ڕووداوەکان و

توانای بڵاوبوونەوە بە شێوەیەکی گەورە بەڵکو هۆکارەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی (سۆشیال میدیا) وای لێ هاتووە هەڵدەستێ بە رۆڵی بکەر لە دروستکردنی زمانی گشتیی نێودەوڵەتیی یەکگرتوودا لە بەرانبەر کێشەکان لە ئەنجامی کارلێکی نێوان ئەو بەکارهێنەرانەی سەر بە کولتووری جیاوازن، بەڵام باوەڕیان بە سیستمێکی هاوبەش لە بەهاکاندا هەیە (Michelle & ٢٠١٨ ،Donald،).

٣- زۆرێک لە توێژەرانی کۆمەڵناسیی لەسەر ئەوە کۆکن کە هۆکارەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی (سۆشیال میدیا) بە ئاستێکی گەورە کاری کردۆتە سەر پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بەتایبەتی لەرووی زمان لەسەر ئەو هەرزەکار و تازەپێگەیشتوو و لاوانەی زۆر بەکاری دێنن، ئەگەر ناکۆکییەکیش لەبارەی سروشتی ئەم کارتێکردنەوە لە نێوانیاندا هەبێ، لە کاتێکدا هەندێک ئەم کارتێکردنە بە ئەرێنی وەسف دەکەن پاڵپشت بەوەی دەکرێ هۆکارەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی (سۆشیال میدیا) وەک ئامرازێکی بڵاوکردنەوەی بەها ئەرێنییەکان بەکاربهێنرێن وەک لایەنگری و پەیوەستبوون و بەشداری کارا لە بنیاتنان و پەرەپێدانی زمانی نەتەوەیی، هەندێکی تر بەرهەڵستی ئەوە دەکەن لەو سەرەتاگە (منطلق-تێروانینە)ی کە هۆکارەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی (سۆشیال میدیا) بەشدارییان کردووە لە پاشەکشێی ئەو رۆڵەی دامەزراوە ڕەسەنەکانی پەروەردە پێی هەڵدەستن وەک خێزان کە چیتر وەک کۆگایەکی بەهاکان نەماوە دوای ئەوەی هۆکارەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی (سۆشیال میدیا) دەستیان بەسەر هۆش و ئاوەزی هەرزەکار و لاواندا گرت تا ئاستی ئالوودەبوون (یحیی، ٢٠١٩). بۆیە هۆکارەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی (سۆشیال میدیا) بووەتە سەرچاوەی سەرەکی پەروەردە و پێگەیاندنی زمانی هەرزەکار و لاوان، ئەمەش بێگومان لە ماوەی دوورمەودا سەردەکێشێ بۆ بەهێزبوونی کولتوور و زاری رەسەنی نەتەوەیی و پاشەکشێی لە بەرژەوەندیی ئەم کولتوورە بەجیهانیکراوە کە بانگەشە بۆ سیستمێکی جیاواز لە بەها و دابونەریتەکان دەکات. ئەمەش مەترسی هۆکارەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی (سۆشیال میدیا) بنەمادۆزی بۆ بیرۆکەی پەیوەستبوونی مرۆڤ بۆ هەموو جیهان نەک وڵاتی نەتەوەیی و کۆمەڵگەی نیشتیمانی لاواز دەکات، هەروەها بیرۆکەی دەرچوون لە کۆمەڵگەی سنوورتەنگی دیاریکراو بۆ جیهانیی گەردوونی کەم دەکات لەگەڵ ئەوەی ئەوە واتای توانەوەی ناسنامە و کەسێتیی نیشتیمانی لە

قاڵبی ناسنامە و کەسێتیی جیهانی ناگەیەنێت، و تاک ڕەگوڕیشەی جێگیر دەکات و دەسبەرداری لایەنگری و پەیوەستبوونی نابێت.

٤- ژمارەیەک لە لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە هۆکارەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی (سۆشیال میدیا) ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە لە ڕۆشنبیرکردنی زمانیی لە میانەی ئەو ناوەڕۆکە ژمارەییە هەمەجۆرەی دەیرەخسێنێ کە هەموو تیۆر و هزر و ئایدۆلۆجییە زمانییەکان دەگرێتەوە. هەروەک لە هەمان کاتدا دەرفەتگەلێکی بۆ لاوان ڕەخساندووە بۆ گوزارشتکردن لە هەڵوێستەکانیان بەرانبەر سەرجەم کێشە ناوەخۆیی و نێودەوڵەتییەکان، هەیە پێی وایە کە ئەو هۆکارانە تەنها ماڵپەڕ نین بەڵکو گۆڕاون بۆ میکانیزمگەلێک بۆ ڕاهێنان لەسەر ئەنجامدانی کاروچالاکییان، بۆیە هۆکارەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی (سۆشیال میدیا) لە ماوەی ساڵانی ڕابردوو دەستەبژێرێک لە لاوان هێناوەتە بوون کە ملیۆنان کەس سەیریان دەکات و، توانای کارتێکردن و قەناعەتپێکردنیان هەیە (Halpern، Valenzuela، Katz، ٢٠١٧، ٣٢٠-٣٣٦).

٥- میدیاش بەگشتی یەکگرتوویی زمان و یەکشێوەیی و کۆکراوەیی لە پەیامەکەیدا لەخۆدەگرێت، کە سەلامەتی زمان تیایدا پارێزراو بێت لە ڕووی ڕستەسازی و وشەسازی و ڕێنووس و واتادا. هەروەها جۆراوجۆری لە وشە و دەستەواژەکان گۆرانکاری بەسەر هزرەکاندا دەکات کە زانیاری نوێی لەنێو پەیامەکاندا لەخۆدەگرێت، ئەوەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمانێکی سادە و وشەی پوخت و چڕ و واتادارەوە بۆ دروستکردنی تێگەیشتنێکی دەستەجەمعی لە مانا و هزر و ئاماژەکاندا بەگشتی کە جۆرێکی تایبەت لە زمانی نووسین و گوتنەوە لە نێو میدیادا پەیدا ببێت (Downey، ٢٠١٨، ١٢-١٥).

هەروەها زانای کۆمەڵناس و گەیاندن _هابرماس_ کە خاوەن تیۆری (کردەی پەیوەندەیی)، باس لە چەمکی بوارە گشتییەکەی دەکات کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لە ڕێگەی گفتوگۆیەکی کۆمەڵی، چەند کەسێک یان کۆمەڵە کەسانێک دیاریکراو یان گروپێکی تایبەتمەند پێکەوە لە شێوە چات کۆدەبنەوە تیایدا دەستەیەکی گشتی پێکدەهێنن بێ ئەوەی جیاوازی چینایەتی یان جۆری کۆمەڵایەتی لەنێوانیاندا ڕەچاو بکرێت. لێرەدا میدیای نوێ کارەکەی دەستپێدەکات لە ڕێگەی کۆمەڵە کەرەستەیەک وەک بلۆگەرز و سەکۆکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ گفتوگۆکردن و قسەوباسی

زیاتر لەسەر بابەتە گشتییەکان و تایبەتییەکان بکەن، ئەمە و جگە لە کارلێکەرییان بەیەکەوە و خستنەرووی بیرورا و بۆچوونی تاکە کەسەکان لەنێو خۆیاندا بەتایبەتی گەنجەکان سەبارەت بە پرسە جۆراوجۆرەکان و زانینی خواست و پێداویستیەکانیان بەگشتی لە ڕێگەی دەربڕینی بیروبۆچوونەکانیان. ئەمەش وا دەکات کە جۆرە زمانێکی ستاندارد یاخود یەکگرتوو لە نێوانیاندا دروستبێت کە تاکە کەسەکانی نێو گروپەکان لێکنزیکبوونەوە و تێگەیشتن لە نێوانایاندا دروست بکات بەدەر لە جیاوازی تەمەن و ڕەگەز و ئاستی کۆمەڵایەتی (Segaard، ٢٠١٥، ٦٦-٧٨).

دەتوانین بڵێین میدیای نوێ توانی میدیاییەکی دیکە بەناوی (ئێمە) دروست بکات، کە گشت شێوەکانی سانسۆر و سیستەمی زانین و زانیاری لە میدیایی تەقلیدیدا تێپەڕێنی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کەوا سەردەمی زۆرێک لە تیۆرە میدیاییەکانی کلاسیک کە پشتیان پێی دەبەسترا بەرەو کۆتایی بروات، بەتایبەتی ئەو تیۆرانەی کە وەرگر وەک وەرگرێکی نەرێنی شرۆڤە دەکرێت بۆ نموونە تیۆری (پاسەوانی دەرگا) و (گێژاویی بێ دەنگی). هەرچەندە لە هەندێ حاڵەتدا میدیای نوێ هەندێ لە تیۆرەکانی تری میدیایی زیندوو دەکاتەوە وەک تیۆری (دانانی کارنامەیی) لە ڕێگەی وەرگرتن و مامەلەکردن لەگەڵ ئەو پرسانەی کە لەلایەن میدیای تەقلیدی فەرامۆش کراون، کەچی لەلای جەماوەر جێگەی بایەخ پێدانە و لە پێشەنگی بابەتەکانە (صالح، ٢٠١٧). ئەم شێواز و جۆرە لە میدیای نوێدا گشت بەکارهێنەرەکانی بۆ بەرهەمهینەرانی پەیامی میدیاییەوە دەگوازێتەوە، هەروەها چەمکی جەماوەری چالاک بە هەموو ڕەهەندەکانی دەستەبەردەکات تەنانەت لە قۆناغی جەماوەری چالاک بۆ نێرەری چالاکیان دەپەڕێنێ بەتایبەتی بۆ ناوەرۆکی میدیایی. بۆیە ئەم نێرەرە چالاکانە پێویستیان بە زمانێکی یەکگرتوو هەیە کە لەنێو گروپێکی چالاک بەکارییبهێنن کە لەیەکتریدا بگەن و کارلێکی یەکتر بن، ببێتە هۆی گفتوگۆ و لێکتێگەیشتنی زێتر و بەردەوامی لەنێو گروپ و کۆمەڵەکاندا، ئەمەش وا دەکات جۆرێک لە هێما و وشە و زاراوەی جیاوازەوە لەنێوانیاندا پێکبهێنرێت کە بەهۆیەوە تێگەیشتنێکی کۆمەڵی دروستبکات. کەواتە میدیای نوێ و سوشیال میدیا هاندەرێک و هۆکارێکی سەرەکیین بۆ دروستبوونی زمانێکی یەکگرتوو نێو تاکەکاندا.

لەو کاتەی هۆکارەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی (سۆشیال میدیا) ژمارەیەک ڕۆڵی ئەرێنی دەبینن، جا ئەوەی پەیوەستە بە گەشەپێدانی هۆشیاری و کارکردنە سەر زمان و بەرگری لە کێشەکانی ئازادییە گشتییەکان، ڕەنگە نوێترین نموونە لەسەر چۆنیەتی تەوزیفکردنی ماڵپەڕەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی (سوشیاڵ میدیا)، لە بڵاوکردنەوەی و دروستکردنی زمانێکی گشتگیر بریتی بێت لە تەنگژەی ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید – ١٩) کەوا لەسەر ئەم ماڵپەڕانە زانیاریگەلێ بڵاوبوویەوە لەبارەی ژمارەی تووشبووانی ڤایرۆسەکە لە هەندێ وڵاتی جیهانی و هەرێمی نەک تەنها بۆ پشتگیریکردن لە سیستەمی تەندروستی و خۆپارێزی بەڵکوو بۆ دەرخستنی یەکگرتوویی و هاوکێشەیی لەبەردەم رای گشتی جیهان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم ڤایرۆسە (Arthur، ٢٠١٩).

٥- لەگەڵ فراوانبوونی بەکارهێنانیدا هۆکارەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی (سۆشیال میدیا) بووەتە یەکێک لە گرینگترین ئەو ئامرازانەی بەکاردەهێنرێ لە هاندان گەنجان بۆ ئاراستە کردن و ڕۆشنبیرکردنیان بە بابەتە جیاوازەکان و کۆکردنەوە و سازدانی بۆنە و چالاکییە جۆراوجۆرەکان لە ڕێی هۆکارەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی (سۆشیال میدیا) و ئینتەرنێتی تەلەڤزیۆنی، وە ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی بە شێوەیەکی گشتی کە ڕێبەرایەتی پرۆسەی کۆکردنەوە و ڕێکخستنی چالاکیەکان بەگشتی. بۆیە هۆکارەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی (سۆشیال میدیا) و بەتایبەتی فەیسبووک داتا و زانیارییەکان کۆدەکاتەوە و بە کردەکانی زمانی یەکگرتوو کاری هۆشیارکردنەوە و کۆکردنەوە لە ڕێی گروپەکان و پەیجەکان و کۆمێنتەکان و بانگەوازەکان دەنێرێت و هاندانیان بۆ بەشداریکردنیان لە ڕێی بەیاننامە بڵاوکراوەکان لەسەر ئینتەرنێت کە هەزاران کەس لە ماوەی چەند خولەکێک سەیری دەکەن (حسین، ٢٠١٣، ٤).

بەمەش هۆکارەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی (سۆشیال میدیا) بووەتە یەکێک لە گرینگترین ئەو ئامرازانەی لە ئیدارەدانی بابەتەکان و چالاکییە نێودەوڵەتییەکاندا تەوزیف دەکرێ، لە ڕێی ماڵپەڕەکانی فەرمی یان ماڵپەڕەکانی گوێزەرەوەی زانیارییە ئاشکراکان. لەبەرئەمە هەر یەکێک خاوەنی میکانیزمەکانی تەوزیفکردنی هۆکارەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی (سۆشیال میدیا) بێت زیاتر توانای هێنانەدیی ئامانجەکانی و کارتێکردن لە ڕەفتاری بکەرانی تری دەبێت (خلیفة، ٢٠١٤، ٧). ئەمەش ڕێگەخۆشکەرێکە

بۆ دروستبوونی زمانێکی یەکگرتووی گشتی لەنێو هەموو تاکەکاندا. ئەگەریش هەموو تیۆرەکانی پەیوەندی و ڕاگەیاندنی نوێ کۆک بن لەسەر گەشەکردنی ڕۆلی هۆکارەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی (سۆشیال میدیا) بەتایبەتی لەگەڵ شۆڕشی ژمارەیی کە جیهانی ئەمڕۆ تێیدا دژەی ئەوا گرینگ و پێویستە کار بکرێ لەسەر زۆر سوودوەرگرتن لەو دەرفەتانەی هۆکارەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی (سۆشیال میدیا) دەیڕەخسێنن بەو پێیەی گرینگترین ئامرازی پەروەردە و ڕۆشنبیرکردن و دروستکردنی هۆشیارییە لە لای تازەپێگەیشتوو و لاوان، بۆیە پێویستە ڕاهێنانی تازەپێگەیشتوو و لاوان لە وڵاتان بەگشتی بکرێت لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی بێوەی ماڵپەڕەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لە میانەی خولی تایبەت کە شارەزایان و پسپۆڕان سەرپەرشتی بکەن و گەشەپێدانی هۆشیارییان، هەروەها دانانی میکانیزمی بەدواداچوونی ژمارەیی کە تەنها بە چاودێریکردنی دەنگۆکان وازناهێنێ بەڵکوو کار بۆ ئەوە بکات بەدواداچوونی بڵاوبوونەوەی و سەرچاوەکەی و لێکۆڵینەوە و دڵنیابوون لە ڕەگەزەکانی بە شێوەیەکی دەسبەجێ و ڕێکوپێک، وەک دانانی لافیتەگەلێک لەسەر لایەنی هزری هەڵە و وشە و زاراوەی چەواشە و ڕاستکردنەوەی لە ڕێی هۆکارەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی (سۆشیال میدیا) و بوار ڕەخساندنی فراوانتر بۆ بیستن و نووسینەوەی دەنگە میانڕەوەکان ئەوانەی هزرە هاوبەشەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە گشت بابەتەکان ئەنجام دەدەن.

## سەرچاوەکان:

**١- کتێب بە عەرەبی:**

١- أبو زياد، معتصم مهدي، (٢٠١٨)، دور برامج الإعلام في تنمية الوعي الأمني ومكافحة الإرهاب المعوقات والتحديات، ط:٢، الرياض.

٢- حسين، أحمد عبد الحميد، (٢٠١٣)، يوميات الثورة المصرية، ط:٢، مركز الجزيرة للدراسات، الدار العربية للعلوم ناشرون، بيروت.

٣- عامر، فتحي حسين، (٢٠١٥)، الرأي العام الالكتروني، دار النشر للجامعات، ط: ٢، القاهرة.

٤- مصطفى، معتصم بابكر، (٢٠١٩)، أيديولوجيا شبكات التواصل الاجتماعي وتشكيل الرأي العام، مركز التنوير، ط:٢، الخرطوم.

**٢- کتێب بە ئینگلیزی:**

١- Ambady، Sam، (٢٠١٩). It Was a "Facebook Revolution": Exploring the Meme-Like Spread of Narratives During the Egyptian Protests". Revista De Communicacion، Vol. ١٢.

٢- Downey، Anthony (editor)، (٢٠١٨)، Uncommon Grounds: New Media and Critical Practices in North Africa and the Middle East (London، I.B.Tauris).

٣- Philip، Seib & Janbek، M. Sara، (٢٠١٥)، Global language and New Media: The Post-Al Qaeda Generation، New York: Routledge.

**٣- سایتی ئینتەرنێت:**

١- Arthur، filib، (٢٠١٩)، Social Media Statistics You Need to Know about Covid-١٩، ٢٠٢٠، oberlo، ٩ Nov، https://bit.ly/٣d٥W٢AI.

٢- Digital ٢٠٢٠، (٢٠١٨)، A comprehensive look at the state of the internet، mobile devices، social media، and ecommerce، Hootsuite، https://bit.ly/٣٣EOGjs.

٣- العبيدي، إبراهيم، (٢٠٢٠)، سلبيات وإيجابيات مواقع التواصل الاجتماعي، ٢٥ فبراير، من خلال الرابط التالي: ٢lWGO٣c/https://bit.ly
٤- نعمة، كرم، (٢٠١٩)، الأفكار في المدونات وإن طغى فيسبوك وتويتر، موقع ميدل إيست أون لاين، ٢١ أكتوبر، من خلال الرابط التالي: ٢QpwKUC/https://bit.ly
٥- بلعيد، نهى، (٢٠١٦)، الإعلام الجديد والتغيير، مرصد الصحافة العربية، ٢٩ يوليو، من خلال الرابط التالي: ٢xl٥WYY/https://bit.ly
٥- حسين، فتحي، (٢٠١٩)، مواجهة الشائعات المغرضة في مواقع التواصل الاجتماعي، البوابة نيوز، (القاهرة)، ٢٠ سبتمبر، من خلال الرابط التالي: ٢QxK٥tK/https://bit.ly.

**٤- گۆڤار:**

١- عرار، أمجد، (٢٠١٥)، الإعلام في زمن العولمة، صحيفة البيان (دبي)، ١٩ مارس.
٢- الصالحي، سنان صلاح رشيد، (٢٠١٧)، دور مواقع التواصل الاجتماعي في السياسة الدولية، مجلة اتجاهات سياسية – العدد:١، ديسمبر.
٣- يحيى، إبراهيم، (٢٠١٩)، الآثار الثقافية (القيمية والسلوكية) للإعلام الجديد على المستخدمين، مجلة جيل العلوم الانسانية والاجتماعية العدد (٥٠)، الجزائر، ٥ مارس.
٤- صالح، محمد علي، (٢٠١٧)، عندما تتحول وسائل التواصل الاجتماعي إلى منصات تضليل إعلامي، صحيفة الشرق الأوسط (لندن)، رقم العدد (١٤١٨٨)، ٢ أكتوبر.
٥- خليفة، إيهاب، (٢٠١٤)، القوة الإلكترونية وأبعاد التحول في خصائص القوة، سلسلة أوراق، مكتبة إسكندرية، الإسكندرية، العدد (١٢).

6- Alejandra Guzmanm، (2016)، 6 ways social media is changing the world، World Economic Forum، 07 Apr.
7- Hinson D. Michelle & Wright K. Donald، (2018)، How Blogs and Social Media are Changing Public Relations and the Way it is Practiced، Public Relations Journal Vol. 2، No. 2، Spring.
8- Daniel Halpern، Sebastián Valenzuela، James E. Katz، (2017)، We Face، I Tweet: How Different Social Media Influence Political Participation through Collective and Internal Efficacy، Journal of Computer-Mediated Communication، Volume 22، Issue 6، 1 November.
9- Segaard، (2015)، S. B. Perceptions of Social Media: A Joint Arena for Voters and Politicians? Carlsson Ed. NORDICOM Review; Oct، Vol. 36 Issue 2.

# ڕۆڵی ڕاگەیاندن
# لە گەشەسەندنی زمان دا

پ. ی. د. سادق حەمەغەریب سەرگەتی

سیمای فره دیاری ئەم چەرخە بریتییە لە زیاد بوونی بەرچاوی ئەو رۆڵەی کە ڕاگەیاندن دەیگێرێت لە ژیانی تاک وکۆمەڵدا، کە لە کۆتایی چەرخی هەژدەهەمەوە هەستی پێکراوە و وەک دەسەڵاتی چوارەم ناوزەد کراوە، چەمکی دەسەڵاتی چوارەم دووساڵ دوای دەرچوونی رۆژنامەی تایمزی لەندەنییەوە بوو(١٧٨٧)، کاتێک(ئیدمۆند بوریک) لە ناو پەرلەمانی بەریتانیادا سەیری شوێنی تایبەتی رۆژنامەنووسەکانی کردو بە دەسەڵاتی چوارەم ناوزەدی کردن، ئەوەش وایکردووە کە هەر لەو کاتەوە ڕاگەیاندن لەلایەن وڵاتانەوە وەک پرسێکی سەرەکی و گرنگ زەرورەت پەیدا بکات.

یەکێک لەو ئەرکانەی کە راگەیاندن بە دریژایی مێژوو پێی هەستاوە، بریتی بووە لە پیشخستنی زمان بە هەموو رەهەندەکانیەوە، لەبەر ئەوەی کە زمان فاکتەری هاوبەشیی نێوان سەرجەم جۆرەکانی راگەیاندنە بۆ هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەلگە لەرێگەیەوە، زمان بە یەکێک لە پێکهاتە سەرەکییەکانی پەیامی راگەیاندن ئەژمار دەکرێت بۆ ئەوەی وەرگر بە سانایی لێی تێ بگات.

وڵاتانی جیهان لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە هەستیان کرد بە گرنگی رۆڵی راگەیاندن لە ناساندن و پەرەسەندنی زماندا، ئەو هەست کردنەش پاڵنەری سەرەکی بوو تا میدیای ئاراستەکراو بە زمانە جیاوازەکان دابمەزرێنن بۆ بڵاوکردنەوەی کلتورو داب و نەریتی خۆیان، هەر وەک چۆن یەکێتی سۆڤیەتی جاران سالی ١٩٢٩رادیۆی ئاراستکراوی بە زمانەکانی ئەڵمانی و فەرەنسی دامەزراند، لەو سۆنگەیەوە کە وتمان زمان رەگەزێکی سەرەکی ئامڕازەکانی راگەیاندنە.

زانای سویسری (فردیناند دی سوسییر) پێی وایە کە(زمان) دوو رەهەند لە خۆدەگرێت، رەهەندێکی واقعی و ئەویتر زیهنی، یەکەمیان بریتییە لە قسە (الکلام)، دووەمیشیان بریتییە لە زمان، قسە ئەو دەنگە زمانەوانیانەن کە مرۆڤ لە ئاخاوتندا بەکاریان دەهێنێت، بەڵام زمان بریتییە لە کۆمەڵێک وێنای زیهنی کە لە عەقڵی کۆمەڵە کەسێکدا بوونی هەیە و لە شێوەی قسەدا دەردەکەوێت، هاوکات پێی وایە کە وێنای زیهنی دوو جۆری هەیە: وێنای گوفتاری یان چۆنیەتی ئاخاوتن، لەگەل وێنای دەلالی، کە بریتییە لە تێگەیشتنی واتای ئاخاوتنەکان، کە بە هەردووکیان دەوترێت هێمای زمانەوانی.

ئەمڕۆ هێزی گەل و نەتەوەکان بریتییە لە چەکی راگەیاندن، کە گرەنتی سەرکەوتنیانە لە سەرجەم بوارەکاندا. کورد وەک گەلێکی ژێردەستە لە رابردوودا

(ڕۆژهەڵات و باکوری کوردستان بە ئیستاشەوە) بواری بۆ نەرەخساوە کە خاوەنی ڕاگەیاندنی سەربەخۆی خۆی بێت، ئەوەش وای کردووە ڕووبەرووی هەڕەشە ببێتەوە، تا ئاستی پاکتاوی کلتوری و داب و نەریت و زمان، ئەمێستا لە کوردستانی باشوردا ژمارەیەکی زۆر دامەزراوەی میدییایی بوونیان هەیە لەگەڵ هەزاران ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیاندنکار، بەڵام مەخابن نەک هەر هۆکاریک نەبوون بۆ یەکخستن و پەرەپیدان و گەشەکردنی زمانی کوردی، بەڵکو هۆکاری شێواندنی زمان و، لیکترازاندنی زارەکان بوون، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە لە لایەکەوە میدیای نیشتیمانی و نەتەوەییمان نییە و لە لایەکی ترەوە ڕۆژنامەنووسی  پرۆفیشناڵ و سەربەخۆمان کەمن کە بەرپرسیارانە مامەڵە لەگەل بابەتەکەدا بکەن. بۆ چارەسەری ئەو ئاریشەیە و خزمەت کردن بە زمان و زارە جیاوازەکان بە تایبەتی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، کە زمانی کوردی تیایدا مەترسی زیاتریان لەسەرە، بە هۆی ئەو بارودۆخە نەخوازراوە  سیاسی و سەربازییەی باڵی کیشاوە بەسەریدا، بوونی ڕاگەیاندنی نیشتیمانییە کە خەمی زمان و  کلتوری کوردی لە پێشینەی ئەرکەکانیدا بێت، پارێزگاری لە یەکجەستەیی زمانی کوردی بکات هەروەک پارێزگاری کردن لە یەکپارچەیی خاکی کوردستان.

ئەگەر لە ڕابردوودا هەوڵدان بۆ دروستکردنی زمانی یەکگرتوی کوردی خەمی پسپۆڕان و دڵسۆزانی زمان و ئەدەبی کوردی بووبێت، ئەوا هەنووکە هەوڵی  پاراستنی ئەو زمانە لە لاوازبوون و پووکانەوە زەرورەتی زیاترە، چونکە پرۆسەی بەجیهانی بوون گشتگیر بووە و هەڕەشەی سەر زمانە جیاوازەکانی جیهان تا ئاستێکی زۆر هەڵکشانی بە خۆیەوە بینیووە، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئاوێتەبوون بە خزمەتگوزارییەکانی ئینتەرنێت و کۆمپیوتەر.

ئێستا زمانی سۆشیاڵ میدیا کە جۆرێک  لە تایبەتمەندی خێرایی گەیاندنی پەیامی تیایە، هاوکات لە شێوەی هێماگەلێکیشدا واتای خۆی دەبەخشێت، نزیکە جێی نووسین و ئاخاوتنی ئاسایی زمانی دایک بگرێتەوە لە کۆمەڵگە جیاوازەکانداو ببێت بە ئاریشەیەکی تری بەردەم زمانی یەکگرتووی گەل و نەتەوەکان، یان ئەوەی کە هەیە تێکی بدات.

زۆرێک لە دامەزراوە دیارە میدیاییەکانی جیهان پسپۆڕی زمانەوانی و ژوری تایبەت بە زمانیان هەیە هەر وەک چۆن ژووری هەواڵیان هەیە، ئەرکیان ئەوەیە

کە وشەو چەمک و دەستەواژەی نوێ دیاربکەن بۆ داهێنان و ڕووداوە نوێکان، بەڵام کاتێک سەیری میدیای کوردی دەکەین، چ ڕۆژنامەو گۆڤارەکان، یان بەرنامەو پرۆگرامی رادیۆو کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان، یان ئەو تولانەی کە لەسەر شاشەکان دەیبینین، بە روونی دیارە کە پسپۆڕی زمانەوانیان نییە، خەمساردییەکی زۆریش هەیە لەو پەرتەوازەییە زمانەوانییەی کە دروستیان کردووە، بۆ نموونە: کەناڵێک دەنووسێ بلەز، یەکێکی دی دەنوسێ هات، یەکێکی دی دەنووسێ خێرا، یەکێکی دی دەنوسێ ئیستا، یەکێکی تر دەنووسێ بە پەلە و...هتد. ئەو جیاکارییە لە نووسین و ئاخاوتن لە ڕاگەیاندنی نووسراو و بیستراو و بینراوی کوردیدا هەوڵی پسپۆڕان و شارەزایان و دڵسۆزان بۆ دروستکردنی زمانی یەکگرتوی کوردی لەبار دەبات، چونکە لەئێستادا ڕاگەیاندن کاریگەرترین ژینگەی هۆشیارییە بۆ تاک و، ئەو کاریگەرییەش لە هەندێک حاڵەتدا تا ئاستی شۆردنەوەی مێشک هەڵکشان بە خۆیەوە دەبینێت.

بۆ ئەوەی کە میدیای کوردی هەنگاو بە ئاراستەی دروستکردنی زمانی یەکگرتوی کوردی هەڵبگرێت پێویستە کە پسپۆڕانی بواری میدیاو زمان، بە یەکەوە ستراتیژێکی هاوبەش و دیار دەستنیشان بکەن و، نەخشە ڕێگایەک بۆ گەشەسەندن و پەرەپێدانی زمانی کوردی دابڕێژن، لە لایەکەوە بۆ پاک کردنەوەی زمانی کوردی و، رەنگدانەوەی لە ژانرە ڕۆژنامەوانییەکاندا و لەسەرجەم ئامڕازەکانی ڕاگەیاندنەوە، لە لایەکی تریشەوە بۆ دیار کردنی وشەو چەمک و دەستەواژەی نوێ بۆ داهێنان و پێشهاتە زانستییە نوێکان، هەروەک میدیا نیشتیمانییە وڵاتانی تری جیهان ئەنجامی دەدەن.

# زمان و زمانناسی لای دێ سۆسێر

عەبدولڕەحمان فەرهادی

زانای زمانناس و کۆمەڵناسی سویسرایی، فێردیناند دیَ سۆسێر (١٨٧٥- ١٩١٣)، بە مەزنترین زانا و فەیلەسوفی تیۆریزانی نوێی زمان دادەنرێت، هەروەها زانایانی تر وای بۆ دەچن کە سۆسێر شوێنێک لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان داگیر دەکات کە هاوتای شوێنی ئەپسن (H.Ibsen)ە لە هونەری تازەی شانۆدا.

سۆسێر لە ژیانیدا هیچ کتێبێکی لەبارەی لینگویستیک دانەناوە تا بتوانریَ باسیان بکرێت، بەڵام ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لە ساڵانی (١٩٠٦-١٩٠٧و ١٩٠٨-١٩٠٩و ١٩١٠-١٩١١) پێشکەشی کردوون، لەلایەن خوێندکارەکانیەوە کۆکراونەتەوە کە لەکاتی پێشکەش کردنیدا نووسیویانەتەوە و یەکێکیان لەلایەن چارلس بابل و ئەلبێرت سکیهای لەساڵی (١٩١٦)دا بەناوی چەند کۆرسێکی گشتی بۆ زمانەوانی لە چاپ دراوە و پاشان لە ساڵی (١٩٥٩) وەرگێڕدرایە سەر زمانی ئینگلیزی.

سۆسێر لایەنی جیاوازی بۆ لێکۆڵینەوە لە سیستمی دەنگ بۆ هەر زمانێک داناوە، یەکەمیان پێوەندیی بە دەنگەوە هەیە وەک دیاردەیەکی فەلسەفی و فیزیایی کە قورساییەکی دەروونیی هەیە.

لایەنی دووەمیان پابەندە بە هەستی قسەکەری زمان. هەروەها لایەنی سێیەمیان پابەندە بە لێکۆڵینەوە لەو گۆڕانانەی کە بە تێپەڕبوونی چاخەکان بەسەر زماندا دێت.

سۆسێر لایەنی یەکەمی ناونا زانستی دەنگ (فۆنیم) و دوا لایەنیشیانی بەزانستی مێژوویی دەنگ ناوزەد کرد.

بە ڕای سۆسێر زمان پێوەندیی بە دەرخستنی دەنگەوە هەیە لەکاتی قسە کردن و ناوی نا (Acte Phonetaire) و بەو وێنە دەنگییەی کە دەنگ یاخود چەندین دەنگ هەلێدەگریَ ناونا ئیمپرێژن(Impression). لێکۆڵینەوە لە هێنانە دەرەوەی دەنگ لە قوڕگ پێوەندیی بە جوولە و ئەندامەکانی دەنگ و لێکۆڵینەوە لەم بارانەوە هەیە، ئەمانە هاوکاریی یەکتردەکەن بۆ بەرهەم هێنانی دەنگێکی دیاریکراو بە جیاوازیی جۆرەکانی جوولەی دەنگێک بۆ دەنگێکی دیکە.. یەکە دەنگییەکان لای سۆسێر ژمارەیان کەمە و بۆ هەریەکەیەکیش چەندین شێواز هەن و تایبەتمەندییەکانی یەکە دەنگییەکان ئەوەیە کەوا قسەکەری زمان (بێژەر) جیاوازی لەنێوان شێوازەکانی یەکەی دەنگێکدا ناکات.

بەڕای سۆسێر، ئاخاوتن زنجیرەیەک یەکەی دەنگییە کە قسەکەر دەریدەدات، بەڵام ئەو یەکە دەنگییانە لە یەکەی زمانەوانی ڕێک دەخرێن کە سنوور و واتای خۆیان دەدەن. یەکەی زمان لەوانەیە لە یەکەی دەنگێک یان زیاتر پێک بێت. یەکە زمانەوانییەکانیش سێ تایبەتمدندییان هەن:

١- پێکهاتووە لە زنجیرەیەکی لەدوای یەکییەکیی دەنگی.
٢- واتادارە.
٣- بۆ شێوەیەک پارچە ناکرێ کە هەر پارچەیەکی دوو سیفەتەکەی پێشووی تێدا بێت.

زمان لە بنەڕەتدا کۆمەڵێک هێمایە، ڕستە هێمایە، وشە هێمایە و یەکەی زمانەوانیش هێمایە، بەڵام هەندێ هێما سووک و سادەن و هەندێکیشیان قورس‌و ئاڵۆزن، ڕستەی (کوڕەکە هات) ڕستەیەکی ئاڵۆزە، هەروەها (کوڕەکە)ش هێمایەکی ئاڵۆزە، بەڵام ئامرازی (ەکە)و (کوڕ) هێمای سادەن. هێما زمانییەکان وەک ئاماژە بە دەست یاخود ڕاگەیاندن یان جوولەی رووخسار و (دەموچاو) لە پێکهاتەیاندا هێمان بۆ چەندین واتای دیاریکراو. بەڵام هێما زمانییەکان دوو تایبەتمەندیی بنەڕەتییان هەیە:

١- هێما زمانییە لە ناوەڕۆکدا ڕەشۆکییەکان، واتە لە پێکهاتەی شێوازدا ناکەونە بەر لۆجیک، هەروەها هیچ هۆکارێکیشیان نییە. بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا هیچ هۆکارێک نییە بۆ ناونانی ئاژەڵێکی وەک (پشیلە) تەنیا ئەوەنەبێ کەوا قسەکەرانی کورد ئەم زاراوەیەیان بۆ ناونانی ئەم گیانەوەرە داناوە، بەڵام ئینگلیزی پێی دەڵێن (cat).

٢- لە تایبەتمەندییەکانی هێما زمانەوانییەکان ئەوەیە کە واتا بە ڕێکی و بە شێوەی زنجیرەیەکی لەدوای یەکدا هاتووە، کاتێ کە دەدوێین یاخود لەبارەی شتێکەوە قسە دەکەین، لەڕاستیدا زنجیرەیەک لە یەکەی زمانەوانی بەدوای یەکدا دەردەدەین.

لەم بارەیەوە لە تیۆری سۆسێردا گرنگترین شت ئەوەیە کەوا باوەڕی بە یەکەی زمانەوانی هەیە و وای بۆ چووە کەوا سیستمێکی پێوەنددار بە یەکەوەی بەستوون. زمان بێ ئەو پێوەندییەی یەکەکانی پێک دەبەستێتەوە، هیچ بوونێکی نابێ. دەنگ خۆی لە خۆیدا یەکەیەکە هیچ سوودێکی نابێ بێ پێکبەستن و پێوەندیبوونی بە یەکەکانی دیکەوە. یەکە زمانەوانییەکانیش بەم شێوەیەن.

هەردوو گوزارشتی (Cent deux)و (deux Cent) لە دوو یەکەی زمانەوانی پێک هاتوون گوزارشتی یەکەم واتە (١٠٢)و گوزارشتی دووەم واتە (٢٠٠).

لێرەدا جیاوازیی واتا بەهۆی جیاوازیی یەکە زمانەوانییەکەوە نییە، بەڵکوو دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی پێوەندیی نێوان هەردوو یەکە لە پێکهاتەیاندا. پێوەندیی نێوان یەکە زمانەوانییەکان و یەکە دەنگییەکان واتای سوود بەخش و زیانبەخشیشیان هەیە. لێکچوون لە نێوان یەکە زمانەوانییەکان و پێکبەستن لە نێوانیاندا بۆ پێکهێنانی ڕستەیەک زۆر گرنگە، بەڵام دژکاری و جیاوازی لەنێوان ئەو یەکانەدا دیسانەوە هەر گرنگە. لە نموونەکەی پێشوودا (deux, Cent) دوو یەکەی سادە هەن کە بە دوو شێوازی جیاواز بەیەکەوە بەسترانەوە و لە ئەنجامدا دوو یەکە یان دوو هێمای ئاڵۆزیان پێک هێنا، لەم دژکارییەدا جیاوازیی واتا بەرهەم هات. لەم بارەیەوە سۆسێر زانستی زمان بە زانستی ئابووری دەچوێنێت، لەکاتێکدا کە دووەمیان (واتە ئابووری) چارەسەریی ئیش و بەها دەکات و یەکەمیشیان چارەسەریی دەنگ و بەها (واتا) دەکات. هێما زمانەوانییەکان جیاواز دەبن ئەگەر بەهاکانیان (واتاکانیان) جیاواز بن و جیاوازییش لە بەهادا واتە دژکاری.

لەبارەی جیاوازیی نێوان قسە و سیستمی زمانەوانیدا، سۆسێر سوودی لە بیرۆکەکانی ئەرستۆ وەرگرتووە، بەتایبەت لە پێکهاتەی تیۆرە زمانەوانییەکەی خۆی. بە ڕای سۆسێر زمان دەگۆڕێت و پێش دەکەوێت، لەم ڕوانگەیەوە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان دابەش دەکاتە سەر لێکۆڵینەوەی مێژوویی (Diachronic) و لێکۆڵینەوە وەسفییەکان (Synchronic). لێکۆڵینەوەی مێژوویی بایەخ بە پەرەپێدانی زمان دەدات بە تێپەڕبوونی چاخەکان. بەڵام لێکۆڵینەوە وەسفییەکان بایەخ بە ئێستای زمان و توێژینەوە دەدات لە سەردەمێکی دیاریکراودا.

ئەگەر ئێمە لە لایەنی زمانەوە ورد بینەوە، تەواو بۆمان دەردەکەوێت کەوا

ئاخاوتن لە زماندا لایەنێکی تاکیی کاریگەرە کە سۆسێر ناوی نا (Parole) (ئاخاوتن)، ئەم لایەنە لە قسەی من و قسەی تۆوە وەک تاکێکی جیاواز خۆی دەنوێنێت کە لە زۆربەی کاتدا لە شێوەی گۆکردن و پێکهاتەی ڕستەدا لێک دەچن، بەڵام دیسانەوە تووشی هەندێ جیاوازیی گرنگ یان جیاوازیی لاوەکی دەبنەوە، بەڵام ڕووکارەکەی دیکەی زمان بریتییە لە سیستمی زمانەوانی یان چەمکی زمان کە سۆسێر ناوی نا (langue)، مەبەستی سۆسێر لەمە شێوازی زمانی کۆمەڵایەتییە کە لە بێژەرانی زمانەوە لە کۆمەڵگاکانیان بۆمان ماوەتەوە کە ڕێزمان و پێکهاتەی ڕستە و شێوەی گوزارشت دەگرێتەوە. لە ڕاستیدا ڕێزمان و چوارچێوە زمانەوانییەکان لە ئاوەزی قسەکەر بۆ زمان بەشێوەیەک بنەمای خۆیان داناوە، کە قسەکەر هەوڵی لاسایی کردنەوەی دەدات، ئەمەش کاریگەریی لەسەر قسەکانیدا دەبێ، سەرباری ئەوەی کە خۆی لە خۆیدا ڕەگەزێکی بنەڕەتیی تێگەیشتنە لەنێوان بێژەرانی زماندا، گەر ئەمە نەبێ ئەوا ئەو تێگەیشتنە زمانییەش نابێ. زانینی سیستمی زمانەوانی ئامانجێکی بنەڕەتییە بۆ لێکۆڵینەوەی زمان، بەڵام ئاخاوتن تاکە هۆکارێکە بۆ گەیشتنە ئەنجام، ئەگەر ویستت لەبارەی سیستمی زمانەوانیی هەر زمانێک بکۆڵیتەوە، ئەوا پێویستە گوێ لە قسەکەران ڕابگریت، چونکە لە نێوان خۆیاندا لە زۆر لایەن جیاوازن.

سۆسێر ڕای وایە کەوا زمان دەگۆڕێت و پێش دەکەوێت، ئێستا زۆربەی زانایانی زمان هەمان ڕای سۆسێریان هەیە، بەڵام هەندێکیان ڕایان وایە کەوا گۆڕانی زمان ئەو لایەنانە دەگرێتەوە:

١- گۆڕانی دەنگ.
٢- گۆڕانی وشە بە پێوانەی ڕێسا گشتییەکان (Analogy).
٣- وەرگرتن لە زمانانی دیکەوە بۆ گوزارشت کردن.
٤- گۆڕانە جۆراوجۆرە لاوەکییەکان.

سۆسێر لەو بڕوایەدایە کەوا کرۆکی گۆڕانی دەنگەکانیش( بەڕای سۆسێر) بەشێوەیەکی نارێکە و ناکەوێتە بەر هیچ ڕێساکی گشتی، چونکە گۆڕانی دەنگێک بەند نییە بە گۆڕانی دەنگێکی دیکەوە، بەڵکوو ڕەنگە وشەکان شێوەی دەنگیان

بگۆڕێت و واتاکانیان بگۆڕێت و شێوازە دەنگییەکان هەمان واتایان هەبێ، بۆیە سۆسێر لای وایە کەوا گۆڕان لە زمان، هیچ نرخێکی زمانەوانیی نییە. سۆسێر بە گەورەترین دامەزرێنەر و بونیادنەری تیۆری نوێی زمان دادەنرێ و یەکەمین کەسیش بووە کە پێناسەی ورد و پێویستی بۆ بابەتی زانستی زمان کردووە و یەکەمین کەسیش بووە کە میتۆدی زانستیی بۆ لێکۆڵینەوەی زمان داناوە.

**بۆ ئەم نووسینە، سوودم لەم دوو کتێبە بینیوە:**

* البحث عن فرديناند دي سوسير. ترجمة: محمد خير محمود البقاعي.
* دو سوسير من جديد/ مدخل الى اللسانيات. الدكتور محمد الزواوي.

# سەرنجی خوێنەرێك
# لە پێناو گفتوگۆیەکی گشتیدا

ئەنوەر ئەڵمان

گۆڤاری (زمان و زار) ی ژمارە یەکم خوێندەوە. هزر و دەستەکانتان خۆش. کارێکی پێویست و خزمەت بە نەتەوە و مرۆڤایەتییە، ئەرکێکی پڕ لە بەرپرسیارێتی و ئەوجا تاقەت پسێنە. بەڵام وەک دەگوترێت : تەیکردنی ڕێگایەکی چەند هەزار کیلۆمێتریش بە یەکەم هەنگاو یانیش بڕینی یەکەم کیلۆمێتر دەست پێدەکات. بێشک ئێوەیش لەم پرۆژەیەدا سوود لە ئەزموونەکانی پێش خۆتان دەبینن. چی کراوە و دەبێت چیتر بەئەنجام بگەیەنرێت؟ هەڵسان بە کارو پرۆژەیەک کە ئامانجێکی دیارکراوی گشتگیری هەبێت، کردنی لە نەکردنی باشترە، ئەگەرچی کەموکورتی و مەشقەتیش لەسەر ڕێ بن.

بەڵام پشتگیریی ناوەندێکی بڕیاردەر ڕێگەخۆشکەری پرۆژەکە دەبێت.

دەگوترێت : کەسێک تووشی لێپرسینەوە نابێت و هەڵە ناکات کە کار ناکات! پەندی (نازانم ڕەحەتی گیانم) یش یەکێکە لەو پەندە بیمانایانەی کە قەتیس بە مرۆڤ و هزر و چالاکی دەکات و زیان بە فێربوون و بەرەوپێشچوون و لێکۆڵینەوە دەگەیەنێت. ڕامان و سەرنجە گشتگیرەکانی بەندە لە کۆی پرۆژەکە، بەکەمگرتنی ئەم ئەرکە مرۆیی و پیرۆزە نییە، بەڵکوم لە خەمخۆرییە بۆ کۆی کار و ئەرک و ماندووبوونەکان.

ڕامان و بۆچوونم لە هەمبەر ئەو بابەتگەلەوە، وەک خوێنەرێک و دڵسۆزێکی ـ بە زمانێکی یەکگرتووی کورد ـ بەیان دەکەم. لەکن هەمووان ئاشکرایە کە هەر یەک لە ئێمە تا نهاکە بە یەکێک لە زاراوەکان دەپەیڤین و دەنووسین. بەهۆکاری جیاوازی ڕێنووسەکانیشەوە، ڕاست بۆ چەپ و بە پێچەوانەیشەوە! نیوەی خوێنەری کورد لە نیوەکەی دی بێئاگایە. نموونەی ئەم لێکدووری و لێکتێنەگەیشتنەیش، وەک ڕێنووسی زاراوە، تەنانەت لە مەودایەکی بەرتەسکی وەک باشووری کوردستانیشدا نمایان و ئاشکرایە. نەک هەر دوو ڕێنووسی پەیڕەو دەکرێت، بەڵکوم ڕۆشنبیرانی ئاینزای ئێزدییەکانیش بە ڕێنووسی لاتینی گۆڤار و نووسینی دی پەخش دەکەن. بڕوانە گۆڤاری لالش. ئاخێوراوانی زاراوەکانی هۆرامانی و زازایش لۆخۆیان لە نووسیندا شێوەدەربڕینی تایبەت بەخۆیان بەکار دێنن. بە دنەدان و پاڵپشتی تورکیا هەندێک خۆفرۆشیش، ژمارەیەکی لەبەرچاوی ئاخێوراوانی زاراوەی شیرینی زازا، دەبێژن ئێمە کورد نین و زازاین، پشتیان لە ڕێنووسی باوی باکووری کوردستان کردووە و ڕێنووسێکی دروستکراو بۆ خۆیان پەیڕەو دەکەن! نەک ئەو ڕێنووسەی کە تاڕادەیەک لە باکوور باو و سەقامگیرە!هۆکاری ئەم پرشوبڵاویەش، بەداخەوە، هۆکاری تەلبەند و سنوورە دەستکردەکان و ئینجا لێک تێنەگەیشتنە و نەبوونی ناوەندێکی بڕیاردەر.

تەنانەت ئەم ڕێنووسەی کە لە باشوور و ڕۆژهەڵاتیشدا باوە و دەشێت دەستەواژەی (گێژەنووس، ئاژاوەنووس یان ڕەشنووس) ی بۆ بەکار ببرێت،هێشتاکە

پڕە لە کەموکورتی و یەک ڕێنووسی یەکگرتووی سەقامگیر ڕەچاو ناکرێت. ئەم کێشەی (زاراوە بە زمان بوونەی کن مە) دروست دەمانخاتە سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپا کە هەرکەس چۆنی گوتووە وەهاشی نووسیوە. بەتایبەت ئەڵمانیا کە هەتا کۆتایی سەدەی هەژدەیش نووسینیان ـ بە ئینجیلیشەوە ـ کە مارتین لۆتەر لە کۆتایی سەدەی پازدەدا لە لاتینیەوە وەریگێڕایە سەر ئەو ئەڵمانی گوتنەی ئەوسا باوی بووە ، نەک ئەم زمانە ئەڵمانیە تۆکمە و چڕ و پڕ و ڕێکخراوەی لە کۆتایی سەدەی هەژدە و دەستپێکی سەدەی نۆزدەدا هێدی هێدی و بە هەوڵ و خەباتی کەسانی وەک (کۆنرات دودن) گەشەی کردووە.

فەرموون لەم سەدەی بیستویەکەدا، هەر لە باشوور یان لە ڕۆژهەڵاتدا، ڕێنووسی سێ گۆڤار و سێ پەڕتووک بەیەک بەراورد بکەن! وەڵامی نەرێنی لای هەمووان ئاشکرایە. گەر ئێمە لە مەودایەکی بەرتەسکدا ڕێنووسی زاراوەیەکمان بۆ ڕێک نەخرێت، ئەی چلۆن دەکارین لە زاراوە پڕ کێشە و کەمایەسیەکان ڕێنووس و زمانێکی سەقامگیر و یەکگرتوو چێبکەین؟

خەوشێکی تری ئێمە ئەوەیە،کە خوێندەواران و بنووسانی کورد بەوەی لەژێر کاریگەری هزر و وێژە و کولتووری داگیرکارانی کوردستاندان، بە وشەی کوردی دەنووسن، بەڵام داڕشتن و هەوێنی نووسینەکانیان، هزر و ڕامانی عارەبی، فارسی یان تورکیە! نەک دەقێکی هزری کوردی!

وتەیەکی ئەڵمانی دەڵێت: (هەر ڕاستیەک پێویستی بە ڕاستبێژێکی بوێرە کە دەری ببڕێت.) چەند کەس لە نووسەران و نەتەوەییەکانی بانگاشەی نەتەوەبوون و گەڵاڵەکردنی یەک ڕێنووسی و یەک زمانی نەتەوەیی دەکەن، بێجگە لە زاراوەکەی خۆیان، شارەزای زاراوەکانی ترن و دەکارن لە سوود لێوەرگرتنیان بەرخوردار بن؟ بەڕای بەندە، ژمارەیەکی هێجگار کەم و لەبەرچاو. ئەویش هەوڵی تاکە کەسیە نەک پرۆژەیەکی نەتەوەیی پەیڕەوکراو. ئەم دیاردەیەش هۆکارێکی تری ڕێگرە لە هەمبەر هزر و زمان و ڕێنووسی یەکگرتووی کورددا، وەک نەتەوە و نەتەوەیی. چونکە ئەگەرتاکێک بە هزر و کولتوور و زمان پاراوی کورد بێت، دەبێت بە کوردیش بیربکاتەوە و بنووسێت. بەداخەوە، ئەمڕۆ کە دەگوترێت زمانی کوردی،(بەتایبەت لە مێدیای دیاسپۆڕادا) دەپرسن کامەیان؟ سۆرانی کە بە ڕێنووسی ئارامی لە ڕاستەوە بۆ چەپ دەنووسن و دەپەیڤن یانیش کرمانجی کە بە لاتینی دەپەیڤن و لە چەپەوە بۆ ڕاست دەنووسن؟ لێکدابڕانێکی زەق و ناحەز و زیانبەخش و بەڵام ڕاستی! لە دەرەوەی کوردستان و خوێندنی ئینستیتۆی وەرگێڕانیشدا، ئەم ڕێسایە ڕەچاو دەکرێت و

مامەڵەی دوو زمانی لەتەک ئەم دوو زاراوە سەرەکیەدا دەکرێت. بە سەدان وشەدان / فەرهەنگ و فێربوونی (کوردی!) هەر یەکێک لەو زاراوانە لە بازاڕدان. ئاخێوراوانی هەردوو زاراوەکەیش لێکدابڕاون و ناتوانن بۆ یەکتر سوودبەخش بن.

بیر و هزر و بەرهەمەکانی بە زاراوە نووسراو، بەلای یەکدا فرتە دەکەن و سوود بە پڕۆسەی گشتی ـ زمانی یەکگرتووی کورد ـ ناگەیەنن. کەواتە ناشێت کە بگوترێت : ئێمە بە زمانی نەتەوە دەپەیڤین و دەنووسین، مادام دەستگا دەڤەریەکانی (لۆکاڵیەکانی) ڕۆشنبیری و هۆزانڤان و نووسەرانی پارچە دووردەستەکان لە یەکتر...هتد بێئاگان لەبەرهەمی یەکدی. بۆیە ڕۆشنبیری کوردیش لە ڕووی هزری نەتەوە بوونەوە تووشی کەمایەسی بووە و دەبێتەوە، دەبێتە ـ نیوڕۆشنبیری نەتەوەیی ـ لۆکاڵی!. ڕۆشنبیری مە هەتا نهاکە ڕۆشنبیریەکی ناوچەیی ـ لۆکاڵی ـ هەیە نەک گشتگیر. با بپرسین : ئاڵوگۆڕی هزری، کولتووری و نووسین لە نێوان خوێندەوارانی باشوور، ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا لەتەک باکووردا بەهۆکاری لێکدووری و دوو ڕێنووسی زۆر لێکجیواز لە چ ئاستێکدایە؟! یانیش پێچەوانەکەی؟ تا چ ڕادەیەک نووسەران و هۆزانڤان و لێکۆڵەرەوانی پارچە دابڕاوەکانی کوردستان لەیەکتر، لە بەرهەمی یەکدی بەئاگان؟ ئێمە بانگاشەی نەتەوەبوون دەکەین، بەڵام هزری نەتەوەیی و زمانی نەتەوەییمان نییە بۆ لێکتێگەیشتنی هەموو زاراوەکان لەیەکتر. دەشێت کە زاراوە زۆری، دەوڵەمەندیی زمانێکی ستاندارت بێت بە پەیڤی جیاواز لەیەکتر بۆ یەک شت. دەشێت کە میللەتێک بڕیاری خۆی دابێت بۆ کردنی زاراوەیەک بە زمانی گشتگیری خەڵک. نموونە وڵاتی هۆڵاندا و ئەڵمانیا....هتد

بۆیە پاتەی دەکەمەوە کە ناوەندێکی بڕیاردەر زۆر گرنگە بۆ بەڕێکخراوکردن و هەڵسان بەوەها پڕۆژەیەکی نەتەوەیی. بێشک لە کن هەمووان ئاشکرایە کە دوژمنان نەک هەر خاکی کوردیان دابەش و پەرت پەرت کردووە، بەڵکوم بەم هۆکارانەی کە باسمان لێوە کردن، هزر و ڕامانی تاکی کوردیشیان (وەک نەتەوە) لێکدابڕاندووە. بە بەرنامە کاریان بۆ دوورخستنەوە و لێکدابڕانی زارەکان لەیەکتر کردووە، زیانیان لە یەک هزری و تاڕادەیەک یەک کلتووری گشتی گەیاندووە، (چونکە کولتوور ئۆتۆنۆمە، دەڤەرێک بۆ دەڤەرێکی دی، شارێک بۆ شارێکی دی، گوندێک بۆ گوندێکی و هۆزێک بۆ هۆزێکی دی و...هتد، ئەو دیاردەیەش ڕەوایە.). بۆیە جەغت دەکەمەوە کە هەوڵدان بۆ چێکردنی زمانێکی یەکگرتووی سەقامگیری کوردی بە سوودبەخشین لە زارە ـ زۆر لێکدابڕاوەکان ـ کارێکی تاقەتپسێن و پشوودرێژە و بەڵام گرنگە و خزمەتێکی هێجگار زۆریشە بە تاکی کورد و ئینجا مرۆڤایەتی. وەستانەوەیشە لە بەرامبەر ئەو مێژووە

دوور و درێژەی داگیرکردن و پارچەپارچەکردن و لێکدابڕانەی دوژمن بە بەرنامە کاری لەسەر کردووە. شای ئێران بە نیەتی لێکدابڕان و پرشوبڵاوە پێکردنی شێوەزاری بەرفراوانی ڕۆژهەلات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، بۆ هەر دەڤەرێک ڕادیۆیەکی دانابوو و دەیفەرموو زوانە کوردیەکان! تورکیاش ئینکاری هەبوونی کوردی کردووە و لە کن عارەبانیش کورد نەوەی جنۆکەن!

بۆیە ناوەندێکی بڕیار و پشتگیر و جەغتکردنەوە بۆ بەئاکام گەیاندنی وەها پڕۆژەیەک، هەوڵدان بۆ گەڵاڵەکردنی زمانێکی یەکگرتوو لە زاراوەکـان، ئەرکێکی مافخوازو مرۆڤایەتی و گەلێک پێویستە. مرۆڤەکان سەتان و هەزاران ئاوات و خواستیان هەیە، بەلام کامەیان گرنگتر و لە پێشترە و بۆ کامەیان پێویست و گرنگە کار و کۆششی بۆ بکرێت و بڕیاری بنبڕ بدرێت؟

ناوەندێکی بڕیار بچوێنە بە تاڵێک دەزوو یان بەنێک کە چۆن هەموو دەنکە جیاوازەکان لە ڕەنگ و قەبارەدا لە سەر یەک ڕایەڵە و لەخۆیدا یەکانگیر دەکات و وێنایەکی یەکگرتووی وەک ملوانکە و یان تەزبیح (دەستبیحی) لێ دروست دەکات. ناوەندێکی فەرمی بڕیاردەر کارەکە ساناتر و خێراترو مافخوازتر دەکات. بۆیە بە بێ ئەو ناوەندی بڕیارە، کارەکە وەک ئەرک و ماندووبوونەکەی (سیزیف) دەبێت! لانی کەم وا نیوسەدەیە لەمجۆرە کۆڕ و کۆبوونەوانە دەگیرێن و دەبەسترێن، چی لێ سەوز بوو؟ هەموو ساڵێک لە سەرڕا دەستپێدەکرێتەوە!

بڕیاری بنبڕ و یەکگرتووی ناوەند مەرجی سەرەکەیە بۆ خەملاندنی یەکەیەک، ئیدی لەهەر بابەتێکەوە بێت. ئەوە ناوەندێکی بڕیاردەر بووە کە لە هەڵبژاردنی زاراوەیەکی بەرباودا پشتگیرو هاندەری زمانێکی گشتی هۆلاندی و ئەڵمانی خولقاندووە. بە پشتبەستن بە زاراوەیەکی بەرباو بوونەتە زمانی گشتی نەتەوە یان گەلێک. ئیدی مانەوە و هەبوونی زاراوەی دی نەک زیانی هەیە بەڵکوم هۆکاری دەوڵەمدنکردنی ئەو زمانە یەکگرتووە گشتتیەیە کە هەمووان لە دەووری خۆی کۆدەکاتەوە و ڕەوایەتی بە پێناسەی نەتەوەبوون دەدات.

بڕیاری وەگەڕخستن، بە ئۆتۆمبێلێکی گرانبەها و پڕ لە بەنزین بچوێنە. ئەگەر نیەت و بڕیاری ئاژووتن نەبێت، سەدان و هەزار ساڵی دیش هەر لە جێی خۆیەتی و ئیدی بە پێی زەمانە هێدی هێدیش دادەرزێت و کەڵکی سوود وەرگرتنی نامێنێت.

زمان بە باخێک بچوێنە، هەتا شەن و کەو و بژار و خزمەت بکرێت، پڕ بەرهەمتر و بە بایەخترەبێت. زمانیش توخمێکی زیندووە، وەک باخێک، ئەگەر خاوەنی هەبێت هەمیشە ڕووی لە گەشەکردن و پێشکەوتنە. ئەڵمان دەڵێن :

(زمان بەهۆکاری بەکارهێنانەوە ئاڵوگۆڕی پێشکەوتن بەخۆیەوە دەبینێت) لێ، لە کن مە، زاراوەکان گەشەیان کردووە نەک زمان! یەکێک لە گرفتەکانی ڕێگریش، سنوورەکانن کە چەندین سەدەیە بۆنەتە هۆکاری لێکدابڕانی زاراوە ئاخێوراوەکان لەیەکتر. ئەڵمان دەڵێن : دەشێت باشی و سوودێک لە خراپەکاریەکدا هەبێت! بۆیە و دەشێت لە داهاتوودا ئەم گەشەکردنی زاراوانە بە جیا و سەربەخۆ، بۆ پڕۆژەی زمانێکی یەکگرتووی نەتەوەیی سوود بەخش و ڕێگا ساناتر بکەنەوە، ئەگەر هەوڵی هەمەلایەنە و نیەتی دڵسۆزانەی ئاخێوری زاراوە جیاوازەکان یەکبگرن و بڕیارێکی ناوەندی پشتگیر هەبێت.

وەک نموونەی پزیشکێک کە بەلایەوە زۆر گرنگە لە ڕابردووی کێشە تەندروستیەکانی نەخۆشێک بەئاگا بێ، لە پێناو چارەسەری تەواوی نەخۆشەکەیدا. لێرەدا پرسیارێک سەرهەڵدەدات:

ئایا ئێمە هەمووی کورد بووین و کوردین؟ لە ڕابردوودا ئاخێوراوانی ئەو هەمکە زاراوەیە کورد بووبن؟ کوردن؟ هەستی کوردبوون و نەتەوەییان هەبووە و یانیش هەیە؟ دەخوازن لە پێناوی زمانێکی یەکگرتووی نەتەوەییدا لە قەوارەی نەتەوەییدا جێی خۆیان هەبێت؟ یان ئایا لە مەڕ کوردبوونەوە، چەندێتی گرنگە یان چۆنێتی؟ خۆ دەشێت ئەم زمانە یەکگرتووە نەتەوەییەش ناوێکی هەبێت. هەر زمانی کوردی؟

زمانی ئەڵمانی بە فەرمی لە سێ دەوڵەت و پێناسەی سیاسی و ئەردنیگاری جیاوازدا هەیە و کاری پێدەکرێت، ئەڵمانیا، سویسرا، نەمسا. زمانی فەڕەنسیش لە فەڕەنسا، سویسرا و بەلجیکا و هەندێک وڵاتی دی! زمانی فلام (هۆلاندی) لە هۆڵاند و بەلجیکا و ئەفریقای خواروویش. ئیدی چەند دەوڵەتی نەتەوەیی و گەلیی لە جیهاندا بە عارەبی، ئیسپانی و ئینگلیزی بیردەکەنەوە، دەپەیڤن و دەنووسن؟

ئایا ئەو دەستەواژەی ئاماژە بەو زمانە ستاندارتە یەکگرتووەی کورد چیبێت؟ زمانی کوردی؟ تاکەکانی زاراوە ئاخێوراوەکان لەسەرناوی زمانی کوردی یان (سۆرمانجی)، بۆ ئاماژە بە زمانی نەتەوەیی کە پێکهاتەی دوو زاراوەی بەرفراوان و سەرەکی سۆرانی و کرمانجییە، ڕازی دەبن؟ یان دەستەواژەیەکی دی؟ لەمەڕ بایەخیدان بە خودەوە

بە وتەیەکی هۆزانڤان و نووسەری ئەڵمانی (فریدریش شیلەر) کۆتایی بەم ڕانان و ڕامانەم دێنم کە دەڵێت:

(مرۆڤایەتی مرۆڤەکان لەوێوە سەرچاوە هەڵدەگرێت کە چۆن مامەڵە لەتەک زمانی دایکیاندا دەکەن)

# سخنی در باب زبان وفرهنگ کورد

قاسم ئەرژەنگ

سده ها ست که ملت کورد با همه ی اقوام خود با زبان وادبیات خود زنده مانده است.اشغال خاک اقوام کورد به وسیله اعراب و مغولان وترکان اگرچه در فرهنگ ما تاثیر گذاشت اما نتوانست فرهنگ وزبان مارا محو کند واز بین ببرد حتا هجوم سیاسی و فرهنگی تمدن غرب نیز با همه ی توان ونیروی خود نتوانست چنین امری را محقق سازد.این استقامت و پایداری هزار و پانصد ساله چه علتی می توانست داشته باشد ؟

این امر با ایستادگی بزرگانش و ماندن را به این فرهنگ بخشیدند. آلفونس دوده نویسنده فرانسوی می گوید : «هنگامی ملتی شکست می خورد و مقهور ومغلوب می شود تا زمانی که زبان خود را از کف نداده کلید زندانش را در دست دارد «کوردها این کلید را هرگز از دست ننهاده اند هنوز صدای آواز وسرود و کلام خوان یارسانی و هوره چر کلهر و سوران و مور خوان لک وستران بیژ کرمانج و...از حنجره زخمی این مردم وهنرمندان متعهدش می آید سرودهای شاه خوشین وبابا بزرگ از یافته و گه رین لرستان ولکستان به گوش می رسد. بیت خوانی و کلام خوانی و هور چری ومور و چه مه ر سویر، چون آب روان گاماسیاو و سیمره و سیروان و وان وفرات طنین افکن است. مم وزین احمد خانی مطابقت با خسرو شیرین نظامی گنجوی ست شورش درونی جگر خون، این شاعر طغیانها از گلوی زخمی سوان پرور وسریبان ها سرودهای نجف طرحان وترکه دلفان لکستان و هه زار وهیمن و شیرکو و شیرازد حسن...و صدای کلام خوانهای یارسانیان در جمخانه ها و گلوی سحر آسای زیرک وعلی مردان وحنجره زخمی زاگرس «ایرج رحمان پور» وعباس کمندی ها چون رودها و جویباران زاگرس جاری وشادی آفرین اند ملت ما شناسنامه ای چنین دارد.

آنگاه که می خوانیم

ئه سلمەن ژەکورد ئەسلمەن ژەکورد

بابوم کوردنا ، ئەسلمەن ژەکورد

ئەز ئەو شیرەنا چەنی دەستەی گورد

سلسەی سپاه زحاکم کرد هورد

سرزمین ما خاک ترانه سرایان و ترانه خوانان و آواز و آوازخوانان است

باربد (باربه) آهنگ ساز و آوازخوان زمان خسرو پرویز ساسانی ۳۰ لحن کوردی را آفریده

**در کلام دوره زلال زلال آمده :**

**باربەی ئاما بەربەتی نەدەست -------- سی، ئاوای کوردی پەی دلداران بەست**

زبان و فرهنگ امری پویاست اما مردم ما هنوز مم وزین و کلام یارسانیان به راحتی می خوانند و با زبان سرایندگان قرون نخست شکست یعنی اول هجری و دوم هجری انس والفت شگفتی دارند. ١٥ سده ازشکست می گذرد در طی سده ها در هر زمانه فضلای خود فروخته ای نیز بوده اند که به زبان قدرت و حکام نوشته اند و وطن فروشان و فرهنگ فروشانی را که نه غرور وغیرت ملی داشته اند ونه انسی با مردم و نه سخنی از حقیقت به زبان آورده اند. فاضل وهنرمندان باید بر قدرت باشد نه با قدرت. حتا با وجود پشتوانه های سنگین دینی مانند امام محمد غزالی ها علیه فرهنگ شان بسیج شده اند واز فرهنگ بیگانه حمایت کرده اند. اینها با حکام بوده اند زمانی با حکام بغداد و زمانی با حاکم مراغه چه عرب و چه ترک. دانشمندانی بوده اند که ناموس ملی خودرا به بیگانه گان تقدیم کرده اند تا در درگاهشان سر بر خاک ذلت بسایند ونامور گردند. لین خود فروشان هر آنکس که بانگ هویت خواهی وحقیقت گرایی را سر داد ه مورد بهتان وافترا مشرک ومنافق ومجوس واجنه قرار داده اند. مطالعه آثار آنان نشان می دهد که ذره ای از دانش بویی نبرده اند و به همین دلیل باهمه دانش خود در ارتباط با زبان کوردی دچار عوام زدگی واشتباهات مضحکی می شوند. آنان زبان بیگانه را بیشتر از زبان مادری مشناخته و می شناسند.به همین دایل توانسته اند به زبان و فرهنگ غنی کورد آسیب برسانند ولی بی راه نیست که تمامی دایره المعارف های جهان تمامی این دانشمندان را عرب معرفی می کنند و نشانی از کورد بودن شان در میان نیست. زبان ذهنیت انسانهاست یکی از ویژگی ها زبان انتقال فرهنگ ها ست ومسلما فرهنگ کورد با زبان کوردی حفظ شده است. زبان فرهنگ را از نسلی به نسل دیگر می سپارد. پس بی جا نیست که به زبان اقوام ملت کورد تکیه می کنیم. فرهنگ یک ملت است پس با نگهبانی از آن فرهنگ پایدار می ماند. آن چه زبان و فرهنگ را از مرگ و زوال نجات داده دانشوران نیست بلکه گرایش های مردم کوچه و بازار در طی روزگاران بوده که در کنار ادبیات به ویژه ادبیات یارسان کتاب سرانجام و دفاتر یاری و صدای گرم آوازخوانان وبیت چرها و داستان سرایان و نقالان و روای ها که نقش ارزشمند در تاریخ ملت کورد را بازی کردەاند

# تاريخ اللغة الكوردية ولهجاتها

دلاور زنكي

«اللغة هي شرط الوجود الأول. وحدة الكورد تكمن في وحدة اللغة الكوردية. وتبدأ هذه الوحدة بوحدة الحروف». (جلادت بدرخان).

كوردستان كانت موطن بناء الحضارات القديمة حسب المؤرخين والمعطيات من علم الآثار، في كوردستان الجنوبية بالقرب من جبال زاگروس حيث تقع قريتا (چَرمو) و(شانيدار) حيث أن هذه القرى بنيت في عام ٦٧٠٠ قبل الميلاد، وهي من القرى الأولى والأقدم التي بنيت في العالم. ومما لا شك فيه أنها كانت الفترة التي تحول فيها الإنسان من الصيد إلى الزراعة وتربية الحيوانات.

قبل عشرة آلاف عام في الشرق الأوسط وخاصةً في كوردستان، كانت تزرع الحنطة والشاودار والفاصولياء، وفي هذه المنطقة أيضاً ولأول مرة تمت تربية وترويض الحيوانات كالماعز والأغنام والخنازير. وقد عثر علماء آثار أمريكيون وألمان وأتراك في العام ١٩٨٥ بمدينة آمد وفي منطقة (أرخن) على منزل تحت الأرض وقاموا بتنقيبه وقد وجدوا أن هذا البيت يعود إلى قرابة ٩٠٠٠ عام.

بلا شك فأن قدم اللغة مرتبط بوجود الإنسان، وتطور اللغة مرتبط بتطور الإنسان من الناحية التاريخية والاجتماعية والجغرافية والاقتصادية. حسب علماء اللغة فاللغة الكوردية لغة هندوأوربية أولية (Proto-Indo-European) ومن الأرومة الآرية، وحسب المؤرخين فإنها تعود إلى ٥٠٠٠ عام ق.م. طلائع المتحدثين بهذه اللغة كانوا يكنون بـ(الكورگـان) وذلك في منطقة (براري أوراسيا) وقد عاشوا بين نهر الفولغا جنوب بحيرة قزوين وبين شرق نهر الرون وغرب جبال الأورال. وثد أطلق عليهم لاحقاً اسم (الآريين). وقد كانوا يتكلمون بلغة واحدة قبل أن يتفرقوا وينتشروا في منطقة أوراسيا. بعد ان تباعدت القبائل الآرية انتشرت هذه القبائل في قارتين، من الهند وشمال آسيا حتى قارة أوربا. بعد هذا الانتشار والتباعد ظهرت مجموعات لغوية متمايزة وتفرعت هذا اللغة. لكن هذه القبائل لم تنسى أصول لغاتها الآرية وكل هذه اللغات التي ظهرت بينهم سميت باللغات الهندوأوربية.

حسب المؤرخين فإن (الكوتيين) الذين سكنوا زاغروس منذ ٣٨٠٠ سنة ق.م هم الكورد الأوائل، كان للكوتيين لغتهم الخاصة قبل مجيء الآريين إلى جبال زاغروس. لذلك نستطيع أن نقول أن اللغة الكوردية الأولية (Porto-Kurdish-Language) كانت اللغة الكوتية التي كانت متداولة في العام ١٠٠٠ ق.م، ومن الواضح أن اللغة الكوردية في العام ١٥٠٠ ق.م تأثرت بالمصطلحات والكلمات الآرية عند بداية الهجرات الآرية إلى زاغروس (كوردستان الحالية) أي أن ذلك الزمن كان زمن الهجرات الآرية. وقد هاجرت الشعوب الآرية قبل ٢٠٠٠ من الميلاد من القفقاس إلى منطقة كوردستان الحالية، ومنهم الكاسيون الذين جاؤوا إلى زاغروس والميتانيون الذين إستقروا إلى جوار الكاسيين الغربي في منطقة دجلة وطوروس. عندما قدم الكاسيون إلى منطقة زاغروس كانت هنالك أقوام تقطن المنطقة قبلهم وهم الكوتيون واللولويون. كما أن المنطقة التي أتى إليها الميتانيون كانت موطناً للهوريين

والنايريين والسوباريتيين، بعدها بفترة حكم الميتانيون والكاسيون شعوب المنطقة. وفرضوا عليهم لغتهم الهندوأوربية ونظامهم الاجتماعي. قام الميتانيون بتوسيع رقعتهم الجغرافية حيث أمتدوا من جبال زاغروس وبحيرة وان شرقاً إلى شواطئ البحر الأبيض المتوسط غرباً ومن طوروس شمالاً حتى الأراضي السورية جنوباً. أما الكاسيون فقد استمر وجودهم المنتظم حتى سنة ١ ق.م وقد برعوا في الفنون والصناعة وكان متقدمين في هذين المجالين.

كانت امبراطورية ميديا الكيان الكوردي الأول والأوسع. وقد كانت المرة الأولى التي تتوحد فيها الأسر والقبائل والمناطق الكوردية في دولة واحدة. وقد ضمت هذه الدولة في نهاية القرن الثامن عشر قبل الميلاد المناطق الممتدة من بحيرة أورمية وأكباتان وحتى جبال زاغروس. كانت مدينة همذان الحالية حاضرة الميديين وكان الدين الزرادشتي ديانتهم، حيث كان زرادشت نبياً للكورد والإيرانيين وتم كتابة)الأفستا) كتاب الديانة الزرادشتية المقدس على جلود الدواب.

حسب المخطوطات التاريخية والمؤرخين فإن كلمة (كورد) كلمة قديمة جداً، حيث كانت موجودة قبل ٢٠٠٠ سنة من الميلاد. وفي ذلك الوقت كانت الشعوب المجاورة للكورد ومؤرخيهم يطلقون على الكورد أسماءً مختلفة حسب معارفهم ولغاتهم. وقد أطلقوا العديد من المسميات على الكورد حتى فترة الكاردوكيين، ففي هذه الفترة وما تلاها أصبح الأمر جلياً وأخذت مصطلحات مثل (كاردوخ، كاردو، كاردوك..) تظهر في وثائقهم المكتوبة، وقد عاش الشعب الكاردوكي بين بحيرة وان ونهر دجلة وجبال زاغروس. استعمل لفظ «الكورد» دلالة على الشجاعة والقوة، أولى الكتابات التاريخية حول الكورد كتبت على يد (زينوفون) اليوناني في الأعوام ٤٠٠-٤٠١ ق.م حيث عبر كوردستان وأشار إلى الكورد في كتابه الذي يعتبر مرجعاً مهماً للكثير من الباحثين، أشار زينوفون إلى موطن الكاردوكيين باسم (كاردوكا) وفي يومنا هذا هنالك إجماع بين المؤرخين على أن (كاردوك= كورد، كاردوكا ما هي إلا كوردستان) الحالية. وحسب زينوفون فإن كاردوكا تبدأ من شرقي نهر دجلة مروراً بجبل جودي وبحيرة أورمية.

كذلك حسب المؤرخين وعلماء الآثار فإن الانسان عاش في كوردستان منذ ١٠ آلاف عام، وقد شهد موطن الكورد العديد من الهجمات والهجرات والمحن والكوارث، ومع ذلك فإن الكورد لم يتركوا وطنهم كوردستان وبقوا على أرض آبائهم وأجدادهم، وقد حافظوا على وجودهم تحت مسميات عدة كالعشائر والقبائل والإمارات والدول.

اللغة الكوردية لغة تحويرية حسب علماء اللغة والتاريخ واستمدت قواعدها من أصلها الآري، وبلا شك فإن هذه اللغة كلغة مستقلة لشعب مستقل ترتبط وتفسر ويتم تطويرها عبر الأزمنة التي مر بها هذا الشعب.

في العام ٧٠٠ ق.م أخذت اللغة الكوردية-الميدية مكانها كلغة هندو-أوربية وقد بقيت لغة حُكم لمدة ١٥٠ سنة، وفي الفترة (٧٠٠-٥٥٠) أثرت اللغة الآرية على اللغات الأخرى الموجودة في نفس المنطقة، وخصوصاً بعد مجيء الميديين واستلامهم السلطة، وقطعاً يمكننا أن نقول أن اللغة الكوردية الحالية لغة هندوأوربية مستقلة وأن اللغة الكوردية-الميدية التي ظهرت في العام ٥٠٠ ق.م كانت لغة الدين والعادات والسلطة في الإمبراطورية الميدية. ومن الواضح أن اللغة الكوتية-الميدية استمرت بدون لهجات حوالي ١٠٠٠ عام أي إلى العام ٥٠٠ للميلاد.

ومما لا شك فيه وحسب السياق التاريخي، بعدما انهار نظام الحكم المركزي والفكري فإن اللغة الكوردية اتجهت نحو التفرّع. وخصوصاً بعد أن خضع الكورد لحكّام غرباء عنه. بعد هذه الفترة بدأت موجة الهجرة من هذه المنطقة وتوزعت القبائل والعشائر. وبسبب الطبيعة الجبلية لكوردستان فقد ازداد تشرذم العشائر وقاطني تلك المنطقة عن بعضهم وصعب التواصل فيما بينهم، وأصبحت هنالك لهجة خاصة حول أي نهر أو جبل في كوردستان. ومع مرور الزمن تكونت اللهجات المحلية وانتشرت. ومع هذه الهجرات ومع الوضع الفكري والجغرافي والاجتماعي والاقتصادي في كوردستان وبسبب صعوبة التواصل بين العشائر واختلاط بعضها الآخر في نفس المنطقة تكونت أربعة لهجات أساسية. تحديداً في العام ١٥٠٠ للميلاد نشأت هذه اللهجات، وهي:

الكوردية الشمالية، الكوردية الوسطى، الكوردية الجنوبية، الكوردية الگورانية.

**اللهجات الكوردية:**

في المجال البحثي فإن أقدم مصدر هو كتاب (شرفنامه) لكاتبها (شرف خان البدليسي)، وقد قسم العشائر والتجمعات من الناحية اللغوية والمناطقية والوضع الاجتماعي إلى أربعة أقسام:

١- القسم الأول: الكرمانج
٢- القسم الثاني: اللور
٣- القسم الثالث: الكلهور
٤- القسم الرابع: الگوران

**يقول م. محمود بايزيدي) في إحدى كتاباته) في العام ١٨٥٨:**

(الكرمانجية التي يتحدث بها سكان وان وموش وبايزيد وقرس وكذلك الكورد الذين يقطنون روسيا وايران وسكان منطقة بوتان وهكاري وهمدان وسمتي ودياربكر والموصل وحتى داخل بغداد، تختلف عن تلك التي يتكلم بها أهل السليمانية وشارزور من طائفة الزرزا والمكري والببه والبلباسان).

وكما هو واضح فقد ذكر البايزيدي في عمله هذا اللغة الكوردية باسم (الكرمانجية) وفي معرض حديثه عن اللهجات فقد ذكر بوتان وهكاري وروندي. نشر گفرنلي في الأعوام ١٨٣٦-١٨٣٧ عدة

مقالات عن اللغة والاثنوغرافيا الكوردية. وقد قسم اللغة الكوردية إلى قسمين تحت مسميين: الكوردية العليا الشمالية، والسفلى الجنوبية:

**العليا:** المكرية، الهكارية، الشكاكية والبايزيدية.

**السفلى:** اللورية، الكلهورية، اللكية والگورانية.

أما أوسكار مان فقد قسم اللغة الكوردية حسب اللهجات إلى ثلاثة أجزاء: الغربية والشرقية والجنوبية، وقد ذكر اللهجة الزازاكية ضمن الگورانية، وعد اللهجة الگورانية ضمن اللهجات الكوردية.

أما د. ماككنزي فقد عد الگورانية لغة مستقلة، لكنه صنف اللغة الكوردية كلهجة فارسية وسطى.

بدوره قسم العالم الاجتماعي التركي زيا الكورد إلى خمسة أقوام هي: الكرمانج، الزازا، السوران، الگوران واللور. يقول علاء الدين سجادي:تحتوي اللغة الكوردية لهجتين رئيسيتين هما:اللهجة البوتانية التي يطلق عليها في الوقت الحاضر اسم «البهدينية» ويتحدث بها كورد تركيا وسوريا وكورد الموصل. أما اللهجة الثانية فهي المكرية التي يقال لها في وقتنا الحاضر «السورانية» ويتكلم بها الكورد الباقون أي الكورد الذين يقطنون شمال شرق وشرق العراق وكورد أردلان ومكريان.

**بالنسبة للدكتور كمال فؤاد فإن اللهجات الكوردية تقسم كالتالي:**

١-الكوردية الغربية: (الكوردية العليا-الشمالية: العفرينية، الجزيرية، البوتانية، السنجارية، البادينية، الهكارية والشكاكية)

٢-الكوردية الشرقية: (الكوردية السفلى- الجنوبية ويقال لها الوسطى أيضاً: السورانية، السليمانية، المكرية، السنَيية)

-٣الكوردية الجنوبية: (الخانقينية، الفيلية، الكرمنشانية، اللكية، الكلگايية، الكلهورية، البرَوندية))

٤-الكوردية الگورانية-الزازاكية: (الهورامانية، الكنولَيية، الگهوارية، البوجلانية، الزنگنية).

يقول د. كمال منتقداً: (تلك اللهجة التي سميتها باسم اللهجة الجنوبية يطلق البعض عليها اسم اللورية))

فؤاد حمه خورشيد: عد اللهجات اللورية الكبرى والصغرى من قبيل اللهجات الكوردية وذكرها ضمن اللهجات الجنوبية.

قام محمد أمين هوراماني بجهود كبيرة في هذا المجال وقال في هذا السياق أن اللهجات الكوردية تقسم إلى:

١- الكرمانجية الشمالية (العليا): (البهدينية)

٢- الكرمانجية الوسطى: (السورانية)

٣- الكرمانجية الجنوبية (السفلى): (الگورانية)

ويذكر لهجات الكرمانجية الجنوبية على أنها: الهورامانية، اللورية، الباجلانية، الزازاكية، ويضم اللهجات الزنگنية والشبكية ضمن اللهجة الباجلانية.

**يقول مالميسانج أن هنالك خمس لهجات كوردية أساسية:**

١- الكوردية الشمالية (الكرمانجي))

٢- اللهجة الكوردية المتداولة في كوردستان الوسطى ويطلق عليها أحياناً اسم الكوردية الجنوبية (أو الكرمانجية السفلى) ويقال لها (السورانية) ولكن هذه التسمية خاطئة.

٣- اللهجة المعروفة باسماء كردكي، كرمانجكي، زازاكي أو الدملكي وهو يرى الزازاكية بقسمين هما: اللهجة الديرسمية واللهجة المتداولة في چولگ وآمد وسويرك.

٤- اللهجة الگورانية: والتي يطلق عليها اسم الهورامية أيضاً، وهي قريبة من اللهجة الزازاكية الدملكية.

٥- مجموعة اللهجات الكوردية الأخرى المحكية في كوردستان الجنوبية ولها عدة فروع منها: الكرمنشاهية واللكية واللورية والسنجابية والكلهورية وهي متداولة بين قسم من كورد إيران والعراق.

**أما حسب مراد جوان فاللهجات الكوردية هي:**

١- الكوردية الشمالية (الكرمانجية) وهي اللهجة الأوسع انتشاراً. وتتكون من أ. الكرمانجية الغربية ب. الروندية ج. الشكاكية د. الهكارية هـ.البوتانية و.البادينية ز. السنجارية ح. الكرمانجية الوسطى.

٢- الكردية الوسطى (السورانية): أ. السورانية ب. السليمانية ج. المكرية د. السنَيية.

٣- الكوردية الجنوبية: أ. الخانقينية ب. اللورية (أو الفيلية) ج. الكرمنشاهية د. اللكية. هـ. الكلهورية و. البَرَوندية ز. الكولبافايية.

٤- الكوردية الگورانية: أ. الهورامانية ب.الباجلانية

٥ -الكوردية الزازاكية (الدملكية، الكرمانجكية): أ. الديرسمية ب. الچولگية-السويركية.

**المصادر:**

- Amed Tîgrîs û Aso Germiyanî. Dîroka Kurd û Kurdistanê.. Stockholm-1990.

- Fûad Heme XorŞîd، Zimanî Kurdî، DabeŞbûnî Diyalektîkaniy، çapxaneyî Afaq Al-arebiye، Bexdad،10985.

-Fûad Heme XorŞîd، Zimanê Kurdî û belavbûna coxrafî ya zarawayên wê. Çapxana Elwîsam، Bexdad، 1983.

-Malmîsanij، Dimilkî miyan di ciyayeya vatiŞan، Hêvî، Kovara çandiniya giŞtî، Parîs، no:2،1984.

-Mehmed Emîn Hewramanî، Zarî Zimanî Kurdî le Terazûyî Berwîrd da، 1981.

-Mûrad Ciwan، Zimanê Kurdî، Rojnameya Armanc، hej:135138-،sal:1993.

-Şerefxanê Bedlîsî، Şerefname.

*** ترجمة : شيركو حسو**

# اللغة الكردية

**بقلم: مراد جوان**

لما كانت اللغة الكردية لغة شعب واقع تحت هيمنة المحتلين لم تتهيأ لها مؤسسات أدبية أو علمية أو تاريخية للاعتناء بها والارتقاء بها ولم تتوفر لها البحوث الجادة للسير بها إلى مكانة مرموقة باستثناء بعض الأقلام الشخصية ذات الكفاءات العلمية وأصحاب هذه الأقلام لم يحصلوا في داخل كردستان على فرص ومجال للإبداع ويعيش أصحابها تحت إرهاب وقمع نظام محتل استبدادي.

أما في كردستان العراق فقد كان الوضع مختلفاً وكانت اللغة تتمتع ببعض الحرية في ظل الحكم الذاتي، والذي كان ثمرة الثورة الكردية عام ١٩٦٠،(بزعامة القائد الخالد ملا مصطفى البارزاني)، وفي هذه الرقعة يمكن للمرء أن يتحدث عن أعمال وبحوث أنجزت، وصدرت كتابات قيّمة رفيعة المستوى. إلى جانب كتابات وبحوث أخرى ألّفها باحثون وكتاب ومستشرقون ورحالة أجانب في شأن اللغة الكردية من الدول المحيطة بكردستان الذين لهم حسابات خاصة مع كردستان. وتلك الكتابات تجنبت ذكر الحقيقة ولم تكتب إلا لأغراض سياسية وبث تلك الأفكار بين طبقات الشعب. والحكومة التركية تتبنى نظرية غريبة وتزعم أن الأكراد هم في الحقيقة ليسوا سوى «أتراك الجبال» ولم تكن لغتهم سوى اللغة التركية تبدلت وتحورت بسبب عزلتهم في الجبال، وأن هذه اللغة التي يتكلمون بها لغة قاصرة تحتوي على أخلاط وأمشاجٍ من المفردات العربية والفارسية والتركية. وتتبعُ السلطات التركية سياسة التفريق بين أبناء القومية وتشتيتهم، فهي تزعم أن اللهجة «الزازية» ليست لهجة كردية والذين يتحدثون بها هم أتراك وجزء من العنصر التركي لا غير.

وبعد أن أخفق الأتراك في اثبات هذه النظرية السخيفة وعجزوا عن تحقيق غايتهم ساندوا بعض الجهات التي ترى أن من صلاح أمرها السير في هذا السبيل.

والداعون اليوم إلى هذا النهج هم بعض الأرمن المتطرفين الذين يحلمون بقيام الدولة الأرمنية العظمى وذلك بضم المناطق الشمالية والشرقية من أراضي كردستان إلى أرض «أرمينيا الكبرى». ولأن هؤلاء المتطرفين يعلمون خلوّ المناطق «الزازية» من الأرمن فهم متذرعون بنظرية هزيلة عجفاء تزعم أن «الزاز» هم عنصر أرمني وبشكل خاص «الزاز العلويون» في مناطق «ديرسم» وأن اللهجة «الزازية» هي قريبة من اللغة الأرمنية. كما يحاول أصحاب الإيديولوجيات من الفرس بكل الوسائل المتاحة إلحاق اللغة الكردية باللغة الفارسية، والاعتراف بها فرعاً منها. وقد وقع بعض الباحثين الأجانب في مثل هذا الخطأ ونشروه في كتاباتهم متأثرين بأولئك المتطرفين المرجفين الذين يروّجون الأخطاء ويشوهون الحقائق، ومهما يكن عدد هؤلاء المغرر بهم قليلاً فقد حملوا قناعات مختلفة ومتناقضة عند تحليلهم اللغة الكردية ودراستها والتنقيب عن جذورها وقالوا: إن اللغة الكردية ليست ذات كينونة مستقلة وإنها لهجة من الفارسية القديمة أو الفارسية الحديثة.

وعلى الرغم من جميع المتاعب والغموض فإن جميع الدراسات المنصبة على أحوال اللغة الكردية والبحوث التي تناولت دراستها دراسة تاريخية من حيث الشكل والصرف وفقه اللغة أقرت بأنّ اللغة الكردية لغة مستقلة ذات كيان متفرد ولها تاريخ راسخ ووطيد.

وبناء على هذه الدراسات فإن اللغة الكردية فرع من فروع الـ»هندو- أوربية» التي تتفرع منها اللغات الإيرانية أي أنها تقع ضمن مجموعة لغات إيران الشمالية وقد وجد الباحثون وفقهاء اللغة صلات قرابة قريبة أو بعيدة بين جميع لغات العالم وصنفوها في أسر هي:

١-أسرة اللغات الـ هندو- أوربية.

٢-أسرة اللغات السامية التي تضم اللغة العربية والإبرامية والأكادية.

٣-أسرة لغات «البانتو» هي مجموعة مؤلفة من بعض اللغات الأفريقية.

٤-أسرة اللغات «اللينية» المؤلفة من اللغات اللينية والتيبتية.

٥-أسرة لغات أورال- آتاي، التي تشتمل على اللغة «الفينية» و «المجرية» و «الأستونية» و «الأويغورية» و «السامويتية» و»التركية» و»المغولية» و»المانوية».

والأسرة الهندو-أوربية التي تنتمي إليها اللغة الكردية تنقسم إلى شطرين: الشطر الأوروبي والشطر الآسيوي.

الشطر الأوروبي يتفرع إلى ثلاث لغات: اللغة الجرمانية، واللغة الرومانية، واللغة السلافية.

توجد بين فروع اللغة الأرمنية لغات اسكندنافية: السويدية والنرويجية والدانماركية والايسلندية. وفي هذا الفرع توجد اللغة الألمانية والفلامينية والانكليزية. واللغات الرومانية مركبة من البرتغالية والاسبانية والفرنسية والايطالية وفي فرع اللغات السلافية توجد اللغة الروسية والأكرانية والبلغارية والصربية، والبولونية (Lehî). كما تقع اللغة اليونانية والارناؤوطية «الألبانية» واللتوانية والكلتية والباسكية. وفي الشطر الأوروبي من أسرة اللغات الهندو-أوروبية.

وفي القسم الآسيوي من أسرة اللغات الهندو-أوروبية تتوزع هذه اللغات على أساس اللغات الهندو-أوربية الإيرانية كالتالي:

الفرع الهندي يتألف من السنسكريتية والسندية والأوردية والهندية الحديثة والبهارية والبنغالية والماراسية والكوراييةوالبنجانبية والسنغالية.

وفي فرع اللغات الإيرانية توجد الفارسية القديمة» ومنها الفارسية الوسطى البهلوية. ومن الفارسية الوسطى الفارسية الحديثة»: الآفستية، والسوغدية، والبلوجية، والبشتوية، والاوستية والكردية.

واللغات الإيرانية تنقسم من حيث التركيب والقواعد اللغوية إلى ثلاثة أقسام: الكردية في مجموعة إيران الشمالية الغربية والفارسية في مجموعة إيران الجنوبية القريبة. وجميع لغات العالم محصورة من حيث البناء في ثلاثة أجزاء.

١-**اللغات البسيطة** «ذات المقطع الواحد».. وتشتمل هذه المجموعة على اللغة «اللينية» و«التبتيه».

٢-**اللغات المركبة:** اللغة «التركية» و «الفينية» و«المجرية» تقع ضمن هذه المجموعة.

٣-**اللغات التصريفية:** اللغات الهندو-أوروبية والسامية تقع ضمن هذه المجموعة واستناداً إلى هذا التوزيع فإن اللغة الكردية تقع ضمن اللغات التصريفية.

**انتشار اللغة الكردية جغرافياً:**

**عن المناطق التي يعيش عليها الأكراد يتحدث المؤرخ الكردي الشهير: شرف خان البدليسي في كتابه «شرف نامه» كالتالي:**

تبدأ حدود بلاد الأكراد من سواحل بحر «هرمز» «خليج البصرة» المتفرع من «أوقيانوسيا» بخط مستقيم وصولاً إلى أواخر ولايتي «ملاطيا» و «مرعش» وعلى هذا المنوال تقع بلاد فارس في شمال هذه الحدود والعراق العجمي وآزربيجان التي تؤلف أرمينيا «الصغرى» وأرمينيا» الكبرى». وتقع في جنوب هذه الحدود العراق العربي و«الموصل» و«دياربكر». ومع هذا وذاك فإن قبائل وعشائر كثيرة وأفراداً كثيرين من نسل هؤلاء من الشرق إلى الغرب تفرقوا في بلاد شتى.(١) وفي هذه الأيام فإن اللغة الكردية هي اللغة التي يتحدث بها الناس في آسيا «الصغرى» على الأرض الواقعة بين «الأناضول» وقفقاسيا والفرس والعرب.

لهذه اللغة /الكردية/ جارات ففي الغرب اللغة التركية وفي الشمال الأرمنية وفي الشمال الشرقي «الآزرية» وفي الشرق الفارسية وفي الجنوب اللغة العربية. وقد تجزأت أرض كردستان وتوزعت بين الحدود الإيرانية والعراقية والسورية والتركية.

وهكذا فإن مناطق غرب إيران وجنوب غرب إيران. وجميع شمال العراق وشمال شرق العراق وشمال سوريا وشرق تركيا وجنوب شرق تركيا هي المناطق الأصلية للتحدث باللغة الكردية.

والمجتمعات التي تتداول حديثها باللغة الكردية موجودة –أيضاً- في أرمينيا وتركمانستان وباكستان «بلوجستان باكستان» وأفغانستان والهند ولبنان. كما نرى هذه المجتمعات تقيم في كثير من مدن العالم وعواصمها مثل: خراسان، وطهران، وبغداد، ودمشق، وأنقرة، واستانبول، وقونية، وأزمير، ولهذه المجتمعات الناطقة الكردية كثافة سكانية في هذه المناطق. إن وجود الأكراد في هذه المناطق- بالنسبة

لبعضهم- له تاريخ قديم يعود إلى مئات السنين الغابرة وبالنسبة للبعض الآخر فقد بدأ وجودهم في خلال هذا القرن منذ عشرات الأعوام الأخيرة إما بسبب النفي والتهجير القسري أو فراراً من الظلم والاضطهاد. وفي هذا الصدد نقول: إن نصف مليون من الأكراد موجودون في البلاد الأوروبية وأمريكا واستراليا.

**ولكي نلمّ بالمناطق الأصلية للغة الكردية ينبغي لنا إيضاح اللوحة التالية:**

تبدأ اللوحة –في الشمال- في أرمينيا من «لينين كان» غرباً باتجاه مدن «قارس» و«أرزروم» و«أرزنجان» والناحية الشرقية من مدينة «سيواس» وقضاء مدينة «ساريز» القيصرية. وتضع اللوحة هذه المناطق تحت هيمنتها. ثم يمتد خط اللوحة إلى «مرعش» و «قرك خان» متجاوزاً الحدود التركية السورية حتى يصل إلى منطقة «عفرين» «جبل الأكراد» في شمال مدينة «حلب» ثم متجهاً إلى «كوباني» «عين العرب» و رأس عين» و «الدرباسية» و«عامودة» والقامشلي وبعد أن تضم اللوحة جميع المناطق في الجزيرة السورية يتجه خطها إلى أطراف دجلة نزولاً إلى «الموصل» وجبال «سنجار»، والمناطق الجنوبية لسلسلة جبال «همرين». وفي داخل العراق يصل هذا الخط إلى حدود «تكريت» حيث تضم اللوحة هناك «مندلي» وجبل «بيشت كيو» داخلة في الحدود الإيرانية لتصل إلى شمال «لورستان» ثم تضم «بيشت كيو» و«بيش كيو» و«بالاغريو» و«بختيار» و«كاه كهي» و«مومساني».

ومن الشمال باتجاه الشرق ثم إلى الجنوب تحدد اللوحة مناطق وجود اللغة الكردية الواقعة على ضفاف نهر «أرَز» في إيران: «ماكو» و «خوي» وسواحل بحيرة «أورميا» الغربية، وجبل «سَهَنْد» الواقع في شمال «مراغ»... وهذا الخط يستمر متقدماً بشكل متعرج إلى «أهمداوا» و «مسير آباد» و«بيجار» «المدينة الكردية الأخيرة في الشرق الشمالي»، وهكذا تضم اللوحة هذه المناطق وتضعها تحت جناحيها. ويتقدم هذا الخط مخترقاً القرى والنواحي التابعة لمدينة «أسداوا» التي تقع في غرب مدينة «همدان».. ثم يمتد حتى «كاريز» و«آلي لادر» و«شاركردي» وهذه المدينة تقع في غرب «أصفهان». وبعد ذلك ينحدر هذا الخط إلى مدن «كوزير ون» و «هساري» (٢).

**اللهجات الكردية:**

إن اللغة الكردية التي يُنطق بها على أرض واسعة شاسعة الأطراف تتألف من لهجات متعددة. وقد جرت بحوث شتى ومختلفة عن اللهجات الكردية، وبطرق مستقلة. ففي هذا المجال قد يعثر المرء على نظريات متفاوتة ومعلومات جمة. وحيث –في مرات كثيرة- ترد أسماء لهجات ومناطق وعشائر وأديان ومذاهب فإن المرء قد يعثر فيها على اسم مستقل. وهذه اللهجات المختلفة لها تسميات

كثيرة تحمل اسم العشيرة التي تتكلم بهذه اللهجة أو اسم المذهب الذي يعتنقه الناطقون بهذه اللهجة أو اسم المنطقة التي يقيمون فيها أو الإمارة التي يعيشون فيها ونتيجة لما سبق ظهرت أسماء بعض اللهجات المستقلة. ففي شمال كردستان الإيرانية لهجة كردية تدعى «شكاكي» واللهجة الكردية في كردستان العراق تسمى «البهدينية». وفي كردستان تركيا يتحدث الناس باللهجة «الكرمانجية».. وتسمى هذه اللهجة لدى «الدمليين» «الزازان» الكرداسية أو «هَرهَ وَرهَ».

ولغة وسط كردستان «إيران» تدعى «الموكرية» والناس في تركيا وسوريا وفي مناطق بهدينان يدعونها «السورانية» واللهجة المعروفة في بعض المناطق باسم «الزازية» يطلق عليها في أماكن أخرى أسماء مختلفة، مثل: الدملكية والكردكية والكرمانجكية أو «سه بي ته». وفي بعض المصادر نجد أن الـ»هورمانية» تحمل هذه الأسماء: الـ»كورانية» و الـ»كاكائية» و الـ»هورامية» والـ»ماوية» أو «الكردية». ويرى بعض الناس أن «الكورانية» و «اللورية» و «الزازية» ليست سوى لهجة واحدة وهي أساس اللهجات الكردية. والبعض الآخر يعتبر هذه اللهجات لغات مختلفة ومستقلة. والبعض يحسبها «أي يحسبون الثلاثة» لهجات مستقلة في اللغة الكردية. ويرى آخرون أن «اللورية» ليست من اللغة الكردية في شيء. وخارجة عن نطاقها.

و»اللورية» تنقسم إلى لهجتين «اللورية الكبرى» و»اللورية الصغرى» إلا أن أشخاصاً يرفضون أن تكون «اللورية» لهجة كردية «بين هؤلاء الأشخاص من يجعلها لهجة فارسية ومن يعتبرها لغة مستقلة» ولكنهم يجدون «اللورية الصغرى» لهجة كردية.

ليس بوسع المرء أن يزعم أن بحوثاً عميقة وكافية قد جرت في شأن اللهجات الكردية وأنها أثمرت ثمراً يانعاً. وهنا سنحاول إيراد بعض الآراء حسب المصادر والوثائق التي بين أيدينا وكتاب الـ»شرف نامه» أهم مصدر في هذا الموضوع وهذه الآراء التي سنثبتها هنا هي أقربها إلى الحقيقة. يقول «شرف خان البدليسي» في كتابه:

**تنقسم المجتمعات والعشائر الكردية من حيث اللغة والعادات الاجتماعية إلى أربعة أقسام:**

**القسم الأول:** الـ «كرمانج».

**القسم الثاني:** الـ»لور»

**القسم الثالث:** الـ»كلهور»

**القسم الرابع:** الـ»كوران».(٣)

وبغض النظر عما كتبه «شرف خان» فإن بعض الباحثين الغرباء كتبوا في هذا الموضوع في النصف الأول من هذا القرن إلا أن هناك استثناءً وهو الكراس الذي وضعه ملا محمود بيازيدي عام ١٨٥٨م

بشكل خاص لـ «اسكندر جابا» القنصل الروسي القيصري في مدينة «أرزروم»، ذاك الكراس الذي أعده ملا محمود بيازيدي اقتباساً من معجم «سيوا هكاري» و «الرواندي». يقول البيازيدي قبل التنقيب عن مسائل اللغة في مقدمته موضحاً: «إن اللغة الكردية بسبب اختلاف المناطق وتنوع العشائر هي صاحبة لهجات مستقلة. «ويأتي بشواهد وأمثال قائلاً»: «إن اللهجات الكردية مختلفة اختلافاً بيّناً لدى أهالي «وان» و «موش» و «بيازيد» و«قرس» وعند الأكراد التابعين لروسيا والمقيمين في إيران وأهالي «بوتان» و «هكاري» و«همدان» وسيمتي» و«دياربكر» و«الموصل» وصولاً إلى تخوم «بغداد» «التي تضم مناطق «السليمانية» و«شهرزور» وطوائف من «زرزا» و«موكري» وبَهْ بَهْ» و «بلباس»».(٤) وملا محمود بيازيدي يستخدم في عمله هذا كلمة «كرمانجي» عوضاً عن «الكردية» «حيث يقول: اللغة الكرمانجية ولا يقول اللغة الكردية». ويورد كلمة «بوتان» و«هكاري» والـ«روندي» بصيغه لهجاتٍ ويقارب بين الصيغ «الهكارية» و«الرواندية» في معجمه المقارن.

يقسّم «ك.كيفرينلي» اللغة الكردية إلى شطرين: اللغة الشمالية واللغة الجنوبية، وهو الذي كتب بحوثاً في مقالات عن أصول اللغة الكردية وتاريخها، نشرها في أعوام ١٨٣٦-١٨٣٧م. وهو يرى أن اللغة الشمالية تتألف من «الموكرية» و«الهكارية» و«الشكاكية» والـ«بيازيدية». وأن اللغة الجنوبية مؤلفة من «اللورية» و«الكلهورية» و«اللكية» و«الكورانية».(٥)

**أما الباحث: «بتر لنج» فإنه يقسم اللغة الكردية في كتابه:**

«Forschungen uber die Kurden und die Iranischen Nardcholdaer»،

«Petersburg، 1857 -1858»

إلى اللهجة «الزازية» و «الكرمانجية» و «الكلهورية» و«الكورانية» و«اللورية».(٦)

والباحث في اللغة الكردية: «أوسكارمان» يجعل اللغة الكردية التي يسميها كردية الغرب في الشرق والجنوب ثلاثة أقسام. وهو الذي يلحق اللهجة «الزازية» بالكورانية» ويخرج «الكورانية عن مضمار اللغة الكردية.(٧)

إن بعض الباحثين الغرباء المتأخرين الذين كان عليهم أن يتوسعوا في بحوثهم اعتمدوا على نظريات «أوسكارمان» وآرائه. ولم يفعلوا شيئاً سوى أنهم كرروا ما قاله أوسكارمان. ولم يضيفوا شيئاً. والباحث: كارل هادانك هو أحد هؤلاء الباحثين وقد اعتمد على كتاب «أوسكارمان» المنشور عام ١٩٠٧م تحت عنوان: «Kurdish Persich Forschungen Mundarten Guran besonders،

Kandulai، Auramani und Badschalani» فأضاف إليه بعض المعلومات وأعاد طبعه.(٨)

والدكتور: «ماك كاينزي» الذي يرى أن «الكورانية» لغة مستقلة يعتبر اللغة الكردية ذاتها شعبة

أو لهجة من اللهجات الفارسية «الوسطى»، وقد نشر نظريته هذه في مقال له: قواعد اللغة وجذورها الذي نشره عام ١٩٦١م في التقرير السنوي. وفي كتابه: «-The Dialect of Auraman (Hawramani Luhan)، لم يعتبر «الهورمانية»- لوهان» لغة كردية بل اعتبرها لهجة من الفارسية القديمة.(٩)

وقد جعل الدكتور ماك كينزي اللغة الكردية قسمين واطلق على قسم منهما اسم اللغة الكردية الشمالية وعلى القسم الآخر اسم اللغة الكردية الجنوبية وقد اعتبر اللهجات التي ينطق بها الناس في مناطق «السليمانية» و«هولير» و«رواندوز» و«خوشناو» من اللغة الكردية الجنوبية. وجعل لغة «السليمانية» الدارجة أساساً لهذه اللهجات. كما جعل اللهجة التي ينطق بها أهالي «عقرا» و«سورجيا» أساساً للهجات مناطق «عقرا» و «سورجيا» و «آمد» وبروار» و «بالا» و«كُلّي» و«زاخو» و«شيخان».(١٠)

**والباحث: «أ.ب.سون» قسّم اللغة الكردية إلى ثلاث لهجات في أثره حامل العنوان:**
،Grammar of Kurmanj or Kurdish Language(London، Luzak and Company» ١٩١٣)، وقد أطلق اسم اللهجة الأساس على القسم الأول والقسم الثاني وتقسيم «سون» هو كالتالي:

أ-الكردية الشمالية.

ب-الكردية الجنوبية.

ج-»اللورية» و «الزازية» و«الهورامية» و«الكورانية» على الرغم من التقارب بينهما.(١١)

يعتقد العالم الاجتماعي التركي: «زيا كوك آلب دياربكري» في كتابه: «Kurt AŞiretieri Hakkinda Sosyolojik Tetkikler» (بحوث اجتماعية عن العشائر الكردية) الذي وضعه وأعدّه في عام ١٩٢٢م، بناءً على رغبة الحكومة التركية في تنفيذ مشروعها لإسكان العشائر الكردية. وفي عام ١٩٧٥م تبنت هذا المشروع جمعية «Yayinevi»، وبعد ذلك في عام ١٩٩٢م جمعية «Sosyal Yayinlari» وطبع هذا الكتاب في تركيا. نقول: «يعتقد هذا العالم أن الأكراد مصنفون ضمن هذه الأسماء: «الكرمانج» و«الزاز» و«الصوران» و«كوران» و«اللور»، والأكراد حسب اعتقاده خمسة أقوام. ومع ذلك يقول: وعلى الرغم من أننا لم نتحقق من ذلك فإن «الزازية» و«الكورانية» متقاربتان.

يقول «زيا كوك آلب» في دراسته الأولى: من الممكن إلحاق اللغة «البختيارية» باللغة «السورانية» واللغة «الكلهورية» باللغة «الكورانية». ولكنه في دراسته الأخيرة يصحح هذا الخطأ ويقول مستشهداً بما ورد في كتاب الـ»شرف نامه» : «يفهم من الـ»شرف نامه» أن اللغة «البختيارية» تلائم اللغة «اللورية» كما تلائم اللغة «الكلهورية» اللغة «السورانية».(١٢)

ويقول «زيا كوك آلب» في دراسته الأولى: لو أننا ضربنا صفحاً عن اللغة «الكورانية» و«البختيارية» و«الكلهورية» واستثنيناها لبقيت لدينا بوضوح اربع لغات مستقلة: «الكرمانجية» و «الزازية»

و»السورانية» و»اللورية».(١٣) إلا أنه في بحثه المنقّح الأول يصل إلى النتيجة التالية: فكما أن «الكورانية» و»الزازية» و»الدنبلية» أسماء شتى للغةٍ واحدة. فإن «البختيارية» و»اللورية» أيضاً تدلان على لغة واحدة. وسبب تعدد هذه الأسماء هو أن الأقوام الكردية ليست لها أسماء معينة، ويستفاد من ذلك أن الأكراد ليسوا قوماً واحداً بل هم أربعة أقوام والكردية تتشعب إلى أربع لغات متفرقة ومختلفة بحيث لا يمكن للناطقين بإحداها التفاهم مع الناطقين بأخرى. وهذه اللغات هي:

-اللغة الكرمانجية و اللغة الزازية (الكورانية-الدنبلية)، و اللغة السورانية (البهدينية- الكلهورية)، و اللغة اللورية (البختيارية- الفَيْلية).(١٤)

ويقول الباحث «زيا كوك آلب» : وتوجد بين هذه اللغات هوة عميقة من حيث اختلاف الصرف والنحو والمفردات.. والفوارق هي فوارق في اللغة وليست في اللهجة. وكل لغة من هذه اللغات الأربع لغة متفردة ومستقلة، وفي كل منها لهجات كثيرة، ومع هذا كله فإن هذه اللغات ليست متباعدة بعداً كلياً، فهي شِعَبٌ وفروع عن «كردية قديمة» قد يكون في وسع المرء أن يدعوها «اللغة الكردية القديمة». والصلة بينها وبين اللغة الكردية القديمة كالصلة الموجودة بين اللاتينية القديمة والحديثة.(١٥)

إن الباحث: «زيا كوك آلب» الذي يتناول في بحوثه أحوال وأصول العشائر الكردية، يتناول أيضاً اللهجات الكردية ولكن هذه البحوث لم تستوف الشروط العلمية ولم تنل حظها من الدقة والتمحيص حتى يتاح لصاحبها أن يقسم اللغة الكردية إلى عدة أقسام. ولكنه عندما يستشهد بكتاب «مم وزين» يقتبس من هذا البيت:

Bohtî û Mehmedî û Silîvî

(١٦)Hin lal û hinek ji zêr û zîvî

ثلاث اسماء لثلاث لهجات.

واعتماداً على ذلك فإن «زيا كوك آلب» يعتقد بوجود ثلاث لهجات: «البهتية» (التي تعني عند الباحث «الكردية») و»المهمدية» و «السليفية» ويحصى العشائر التي تنطق بهذه اللغات ويذكر مناطقها.

**والعالم الكردي:** توفيق وهبي يلتقي رأيه برأي الباحث «سون».(١٧) ويذكر الكاتب المعروف: علاء الدين سجادي في معجمه في اللغة الكردية والعربية والفارسية. «أنّ في اللغة الكردية لهجتين» ثم يستأنف كالتالي: اللهجة البوتانية المعروفة اليوم باسم «البهدينية» والأكراد في تركيا وسوريا يتكلمون بهذه اللهجة وكذلك الأكراد الموجودون في قضاء «الموصل». واللهجة الثانية هي «الموكرية» التي تسمى اليوم «السورانية» التي يتكلم بها الأكراد الآخرون. أي الأكراد في الشمال الشرقي للعراق وأكراد «أردلان» و»موكريان».(١٨)

والدكتور كمال فؤاد الذي صنف في اللغة الكردية وآدابها أعمالاً جليلة يقسم اللغة الكردية إلى اللهجات التالية:

**١-كردية المشرق (التي يسميها البعض الكردية الشمالية).**

آ-اللهجة العفرينية.

ب-الجزيرية والبوتانية.

ج-السنجارية.

د-البادينانية.

هـ-الهكارية.

و-الشكاكية.

**٢-كردية المغرب (التي يسميها البعض الكردية الجنوبية-الوسطى).**

آ-السورانية.

ب-السليمانية.

ج-الموكرية.

د-السينئية.

**٣-كردية الجنوب.**

آ-الخانقينية.

ب-الفيلية.

ج-الكرمانشانية.

د-اللكية.

هـ -الكاكائية.

و-الكلهورية.

ز-البروندية.

**٤-الكردية الكورانية- الزازية.**

آ-الهورمانية.

ب-الكنولية.

ج-الكهوارائية.

د-الباجلانية.

هـ-الزنكنية.

**يقول الدكتور كمال فؤاد منتقداً:** إن تلك اللهجة التي اسميها «لهجة الجنوب» يسميها البعض «اللهجة اللورية».

إن الدكتور كمال فؤاد يعتبر اللهجات التي ينطقون بها في لورستان الكبرى لهجات «لورية» ويرفض أن تكون لهجات كردية. ما يرد في بعض المصادر بأن اللهجات لور الصغير هي لهجة «لورية»، ولكنه يعتبرها لهجة أكراد الجنوب.(١٩)

والباحث «فؤاد حمه رشيد» يقسم اللغة الكردية في كتابه من حيث الجغرافيا والديالكتيك على الشكل التالي:

**١-الكرمانجية الشمالية:**

آ-اللهجة البيازيدية.

ب-الهكارية.

ج-البوتانية.

د-الشمدينانية.

هـ-البهدينانية.

و-الغربية.

**٢-الكرمانجية الوسطى**

آ-الموكرية.

ب-السورانية.

ج-الأردلانية.

د-السليمانية.

هـ-الكرميانية.

**٣-الكرمانجية الجنوبية**

آ-اللورية الأصلية.

ب-البختيارية.

ج-المامسانية.

د-الكهكيلوئية.

هـ-اللكية.

و-الكلهورية.

**٤-الكورانية**

آ-الكورانية الأصلية

ب-الهورامانية.

ج-الباجلانية.

د-الزازية.(٢٠)

ان فؤاد حمه رشيد أضفى على «اللورية الكبرى» وعلى «اللورية الصغرى» صفة اللغة الكردية واعتبرهما بعضاً من الكرمانجية الجنوبية.

إن محمد أمين الذي كتب بحوثاً عن الهورامانية في كتابه: «Zarî Zimanî Kurdî Le Terazûy Berawird da»،

**يقسم اللهجات الكردية على الشكل التالي:**

١-الكرمانجية الشمالية (أو البهدينية)

٢-الكرمانجية الوسطى (أو السورانية)

٣-الكرمانجية الجنوبية (أو الكورانية)

ثم يقسم «الكورانية» إلى الأقسام التالية:

آ-الهورامانية.

ب-اللورية.

ج-الباجلانية.

د-الزازية.

ويعتقد محمد أمين الهوراماني ان «الباجلانية» تحتضن «الزنكنية» و»الشبكية».(٢١)

الكاتب واللغوي الكردي «مالميسانز» صاحب التآليف النفيسة في موضوع اللغة الكردية ولاسيما «الزازية» يرى في اللغة الكردية خمس لهجات أساسية وهي:

١-الكردية الشمالية أو اللهجة الكرمانجية.

٢-اللهجة الكرمانجية في داخل كردستان الوسطى أو اللهجة الجنوبية «أحياناً». وتدعى خطأً اللهجة السورانية.

٣-اللهجة المعروفة باسم «كِردِكي» أو «كرمانجكي» تدعى «الزازية» أو «الدميلية» (دميلكي).

٤-اللهجة الكورانية المعروفة بالهورامية أيضاً، قريبة من اللهجة «الزازية» (كردِكي، دميلكي) وينطق بها في كردستان العراق وكردستان إيران بعض الأكراد.

٥-إن مجموعة اللهجات الكردية الأخرى التي يتكلم بها الناس في كردستان الجنوبية تضم فروعاً كثيرة: «الكرمانشاهية» و «اللكية» و«اللورية» و«السنجابية» و«الكلهورية» والناطقون بها هم قسم من أهالي المناطق الحدودية بين العراق وإيران.(٢٢)

يقول محمد أمين هوراماني في كتابه: «Zarî zimanî Kurdî Le Terazûyî Berawird da ye «إن «أوسكارمان» يذكر في كتابه الذي نشر ثم أعاد «كارل هادانك» طباعته: إن اللهجات الكورانية تنقسم كالتالي:

-الهورامانية (الأورامانية).

-الكندولية (الندولئية).

-الباجلانية (الباجالانية).

-البيونيجية (البياونيجية).

-الكهورايي (الكاهورايه).

-الرجاوية (الرجابية).

-السيدية (السائدية).

-الزردئية (الزاردائية).

**يقول محمد أمين هوراماني:** إنّ مينورسكي يورد اللهجات الكورانية مكررة، ولكنه بدلاً من «البيونيجية» و«الكهورائية» و «الرجاوية» يذكر «الكلهورية» و«اللكية» و«الفيلية» و«الكاكائية». ثم يقول محمد أمين هوراماني: وهذا كله بسبب العلاقات العشائرية والدينية، واللغوية.(٢٣)

**يقول محمد أمين هوراماني «وهو في الأصل هوراماني»:** إم المؤرخ «أمين زكي بك» يعتبر اللهجة الهورامانية لغة «طاجكية» في كتابه: «خلاصة تاريخ الكرد وكردستان»، ولكنه لا يقدم أيّ دليل على رأيه، ويُفهم من ذلك أنه يعتمد على رأي «مينورسكي» ويعيد كتابته وحسب.(٢٤)

**والدكتور:** عزالدين مصطفى رسول «الأستاذ في جامعة السليمانية» يعتبر الهورامانية لهجة كردية في كتابه: «Zimanê Yekgirtûyî Edebîy Kurdî». ولمحمد مردوخي رأي كرأي «شرف خان» في قضية اللهجات الكردية فيجعلها أربعة أجناس ويطلق على لهجة اسماً. «اللهجة الكرمانجية- اللهجة الكورانية- اللهجة اللورية- اللهجة الكلهورية.

إن توفيق وهبي وإدموندز قد اضافا مفردات من اللهجة الهورامانية إلى المفردات الكردية في معجمهما: «A Kurdish Dictionary، (Tewfiq Wehbye Edmonds Oxford at the Clarendon press،١٩٦٦)، كما أوضح توفيق وهبي في مقال له رداً عن سؤال الدكتور ماك كينزي أن الكردية الهورامانية لهجة قديمة من اللهجات الكردية. وبيّن البروفيسور: قناتي كردو في مقاله بعنوان: «Haletekanî Cîns û Bînayî Berkar le Zaza da» أن اللهجات الزازية والكرمانجية الشمالية مصدرهما لغة واحدة.

كما يرى «Major Soane» أن «الزازية» لهجة كردية وقد أورد رأيه هذا في كتابه: النحو الكردي- القواعد الكردية.(٢٥)

إن الدكتور كمال فؤاد يجد نفسه أكثر قرباً من أوسكارمان- في دراساته وآرائه عن اللغة الكردية- الذي ينتقد أولئك الباحثين الذين يرفضون أن تكون المجموعة الكورانية- الزازية من اللغة الكردية. ويقول: إنها من اللهجات الكردية.

«إن بعض فقها اللغة ومنهم أوسكارمان يرفضون أن تكون لهجات المجموعة الكورانية- الزازية من اللغة الكردية. أما أنا فلي رأي آخر وأفكر بطريقة مخالفة «إن لهجات هذه المجموعة وإن كانت مختلفة عن المجموعات الأخرى إلا أنها تقع جغرافياً في مجموعة شمال شرق إيران من أرض كردستان. وعلاقات هؤلاء الناس السياسية والاجتماعية والاقتصادية بالأكراد أكثر رسوخاً ومتانة من علاقاتهم بالشعوب الأخرى. وعلاوة على ذلك فإن الهورامانية- وهي لهجة كورانية- كانت قد غدت في قسم كبير من كردستان أمداً طويلاً لغة أدبية «منذ القرن السادس عشر حتى القرن العشرين» (في كردستان الشمالية والجنوبية»... وهؤلاء من حيث الانتماء القومي يرون أنفسهم أكراداً.(٢٦)

وحسب ما يقوله محمد أمين هوراماني فإن بعض المصادر القديمة تفيد بأن اللغة الكردية الهورامانية لغة قديمة لا في إمارة «بابا أردلان» وحدها «التي تأسست عام ١٣٢هـ» بل كانت قبل ذلك لغة أدبية ودينية حيث تغيرت لغة «الأفستا».

**يكتب محمد أمين هوراماني كالتالي:**

«يقول الشيخ سعدي الشيرازي» في إحدى قصائده»:

Geh be Tazî astînî ber men zened guyed teal

Geh be Kordî gûyedem bore niŞîne w nan were

(Geh dest li ba dike bi Erebî dibêje teal-were

Geh bi kurdî dibêje borê niŞîne w nan were.M.C)

وهذا البيت من اللهجة الهورامانية ومعناه:

تعال أجلس وتناول خبزاً «كُلْ خبزاً».Borê niŞîne w an were

وفي ذلك العهد «في القرن الثالث عشر الميلادي» كان سعدي الشيرازي يعتبر اللهجة الهورامانية لغة كردية.

إن الشاعر الكردي الشهير «خانائي قبادي» يذكر لنا أنه كان يريد أن يكتب ملحمة «شيرين وخسرو» نظماً باللغة الكردية، وهو يعتقد أن اللغة الكردية ليست أقل شأناً من اللغة الفارسية لذلك يقول: «

Ce lay aqilanê sahib eql û dîn

Dana buzurganê Kurdistan zemîn

Rast en mewaçan Farisî Şeker en

Kurdî ce Farisî bel Şîrînter en.

………………

Ce ersey dinyay dûn bedfercan

Be destûrê nezanê Nîzamî meqam

Be lefzê Şîrînê Kurdistan temam

PêŞ buwan mehzûz baqî weselane.

الناس في أرض كردستان

هم أصحاب عقل ودين

يقال إن «اللغة» الفارسية سكر

ولكن «اللغة» الكردية أعذب من الفارسية.(M.C)

إن هذه الأبيات من المنظومة الشعرية التي صاغها الشاعر خانائي قبادي في نظم ملحمة «شيرين وخسرو» تدلنا دلالة واضحة على أن الهورامانية لغة كردية فلو لم تكن لغة كردية أدبية لما كتب الشاعر بها ملحمته ولما أضفى عليها صفة «الكردية.(٢٧)

بناءً على رأي محمد أمين هوراماني فإن القصائد الواردة في الكتب المقدسة لدى أهل الحق قد وردت بلهجتين مختلفتين. وقد وُصِفت الهورامانية في تلك الكتب بالكردية أحياناً وأحياناً بالكردية الهورامانية كما وصفت «اللهجة الجافية» بالجافية الهورامانية. يقول عابدين جاف وهو أحد المهتمين بهذه المسألة: إن الكلمات الواردة في هذه الأبيات والكلمات الواردة في الكتب الموجودة في مكتبتهم يعود تاريخها إلى ما قبل ثمانين وثمانمائة عام.(٢٨)

ففي ضوء هذه الملاحظات التي ابتغينا الإدلاء بها على المرء أن يقبل بحقيقة أن جميع اللهجات «اللورية الصغرى» والكورانية والزازكية تقع في دائرة اللهجات الكردية أما «اللورية الكبرى» فما تزال موضوع بحث وجدال.

ونتيجة لما سبق يستطيع المرء أن يحظى بمعرفة لهجات اللغة الكردية وجغرافيتها ومدى انتشارها وأماكن وجودها بالعودة إلى الجدول التالي:

**١-الكردية الشمالية أو (الكُرمانجية- الكِرمانجية)** هي لهجة الكردية الشمالية. اللهجة الواسعة الانتشار على أرض كردستان الممتدة من الشرق باتجاه غرب ساحل بحيرة «أورميا» ثم نزولاً إلى الجنوب الشرقي في شمال مدينة «سنو» وحول «كيلسين» متجاوزة الحدود الإيرانية والعراقية ثم امتداداً إلى «هلكُرد». ثم بمحاذاة ضفاف نهر «رواندوز» وصولاً إلى «زىZê «بهدينان ثم نهر «دجلة»(٢٩).. ويمتد هذا الخط من بحيرة «أورميا» باتجاه الشمال ملتفاً حول «كوتور» و»خوي» حتى يصل إلى نهر «أَرَزْ» و «قرس» و»أرزروم» و»موش» و»بدليس» ويتجه أحياناً إلى أطراف جبل «طوروس» وأحياناً سائراً مع السفوح الجبلية. ويضم هذا الخط حدود ولاية «سيرت» وقضاء «قوزلوخ» و»سليفا» و»قُلب» و»لِجهْ» و»بسمل» وحدود مدينة «دياربكر» و «أرخني» وسَهْبُ «كوْران» ومناطق جبل «قرزداغ» والمناطق الشمالية والجنوبية وجنوب شرق «سويرك» وقضاء «حلوان»-باستثناء «كَركَر»- و»آديمان» و»ملاطيا» وشمال وشرق جنوب «مرعش» حتى يصل إلى ذروة جبل «كَوْر» «كاورداغ». ثم يضم هذا الخط «هاتاي» و»عفرين» حلب. وينحدر هذا الخط من هناك إلى نهر دجلة الذي يضم «زى Zê». في هذه وعلى هذه الأرض يتكلم الأكراد اللغة الكردية الشمالية «الكرمانجية». وكذلك في أقضية «تونجلي» و»برتك» و»زوزكرد» وفي أقضية «ألْعزيز»-باستثناء «مادن» – «سيفريج» و «بالو» وفي قضاء «بنكول» و»بيران» مناطق «سيواس». وهذه اللهجة دارجة أيضاً بين الأكراد المقيمين في لبنان» وأرمينيا» و»جورجيا» وأزربيجان» و»قازاخستان» و»جمهوريات آسيا الوسطى»، وكذلك يتكلم بها أهالي «خِرِاسان» و «قونيه» وبعض الأكراد في «أنقرة». ولهجات اللغة الكردية الشمالية هي:

**أ-كردية الغرب:** إبتداءً من منطقة «عفرين فإن أكراد عنتاب و»قيرق خانه» و»مرعش» و»آديامان» و»ملاطيا» و أقضية «رها» و»سروج» و «وبيَرهْ جِك» يتكلمون بهذه اللهجة.

**ب-الراوندية:** وهي اللهجة التي ينطق بها أهالي الأراضي الواقعة في شمال بحيرة «وان». وهذا الخط يبدأ في الشرق من منطقة الـ«شكاكان» حتى يصل إلى الجهات المحاذية لنهر «أرَزْ» وبهذه اللهجة يتكلم أهالي «قارس» و«أرزروم» و«آكري» و«وان» و«موش» و«أرزنجان».

**ج-الشكاكية:** ينطق بها في مناطق ما بين بحيرة «أورميا» و«شمدينان» و«باسكال».

د-الهكارية: حدودها ابتداء من «شرناخ» ووصولاً إلى ولاية «هكار».. وكانت إمارة هكار تدعى الامارة المحمودية لذلك أطلقت هذه الصفة على هذه اللهجة فقالوا: «اللهجة المحمودية».

**هـ-البوتانية:** وحدودها: الجزيرة الكائنة بين الحدود التركية- السورية، تلك المنطقة التي تبدأ من شمال «زاخو» وتتجاوز جنوب وغرب «شرناخ» محتوية على «أرُوه». ثم تمتد إلى جنوب بحيرة «وان» ثم إلى شرق وجنوب «بدليس» و «سيرت» حتى نهر «باطمان» ومنطقة «باطمان» وشرق «ماردين». ينطق بها جميع الأكراد القاطنين في هذه المناطق الواسعة.

**و-البهدينية:** وهي لهجة أهالي «زاخو» و«آمدية» و«أقرا-أكرا» و «زيبار» وأهالي «دهوك».

**ز-السنجارية:** وهي لهجة سكان «سنجار» و«شيخان».

**ح-الكرمانجية الوسطى:** أو اللهجة «السليفية- الكيكية- الملية، يتكلم بها الأكراد من أهالي «دياربكر» باستثناء الشرق... وفي جميع انحاء «ماردين» من «الرها» حتى ضفاف نهر الفرات الشرقية. وكذلك يتكلم بها الأكراد في مناطق «ألْعزيز» الشرقية والجنوبية.

**٢-الكردية الوسطى أو (السورانية):** وحدودها هذه اللهجة تبدأ عند جنوب الحدود اللهجة الكرمانجية التي رسمتاها حتى تصل إلى نهر «شيروان» و«خانقين». وفي الجنوب تبدأ عند جنوب جبال «همرين» باتجاه الشرق ثم تعود إلى جبل «سهند» و «مسين آباد» وبيجار» و«أسداوا» وتتسع الرقعة الجنوبية حتى تبلغ طريق «ملاير» العام و«كرمنشاه» و«قصر شيرين»- خانقين».(٣٠) وفيما لهجات الكردية الوسطى:

**أ-السورانية:** جميع الناس في ولاية «هولير-أربيل» وجميع الأقضية يتكلمون اللهجة باستثناء منطقة «زيبار».

**ب-السليمانية:** أو (البابانية): المتكلمون بها منتشرون في مناطق «السليمانية» و«كركوك» و «كفري» و«قرتب» و«توز سيوان» وبعض أنحاء «خانقين».

**ج-المكرية:** وهي اللهجة التي يتكلم بها أكراد «سنو» و «نَخَدَهْ» و«مراغ» و«ميان ديوان» و» ساهنديج» و«ساقيز» و«بوكان» و«بافه» و «سربست».

**د-السينئية:** هي لهجة أهالي منطقة «سنهْ» (سنندج) و«بيجار» و«كنكوْر» و «روان سار» وشمال «جوان رو».

**٣-اللغة الجنوبية:** تبدأ حدودها شمالاً لدى طريق «ملاير» العام –كرمنشاه- قصر شيرين، وتصل إلى أقصى الجنوب. والمتكلمون بها هم:

أ-الخانقيون.

ب-اللور الأصليون أو (الفيليون).

ج-الكرمانشانيون.

د-اللكيون.

هـ-الكلهوريون.

و-البرونديون.

ز-الكلبافيون.

**٤-الكردية الكورانية:** المتكلمون بها هم أهالي منطقة الجبال الواقعة على شمال طريق «بردا-كرمنشان» وأهالي المنطقة الشمالية والمنطقة الشرقية «للموصل» وعند منطقة التقاء نهر «خازر» ونهر «زِي» «هذه الرقعة التي يعيش عليها الآن الأكراد الكورانيون كانت حقولها أكثر اتساعاً في القرن الثامن عشر». لأن ظهور إمارة «السليمانية» في نهاية القرن الثامن عشر وبداية القرن التاسع عشر بشكل عصري وحديث كان له أثر بالغ في المنطقة حتى أنها (أي الإمارة) توسعت على حساب الرقعة الجبلية التي يقطنها «الكورانيون». وأصبحت لهجة الكردية الجنوبية اللغة الرسمية في الدولة الإمارتية (إمارة السليمانية) وفي أواخر أعوام القرن الثامن عشر كانت هذه اللهجة تضيّق الخناق على اللهجة «الكورانية» وتنتشر على حسابها.

في عهد إمارة «أردلان» انتشرت اللهجة الكورانية الكردية التي أسسها «بابا أردلان» في القرن الرابع الميلادي وأعاد بناء «شهرزور التي دمرتها جيوش المغول، ثم اتخذها عاصمة لإمارته.

وليس ببعيد أن تكون هجرة الكورانيين من الشرق نحو «شهرزور» بسبب هذه الأحداث منذ بدايتها.

ولقد جعل الكاكائيون (أهل الحق) مدينة «شهرزور» مدينتهم المقدسة، واتخذوا اللهجة الكورانية لغة دينية. وكتبوا بها التراتيل والأناشيد. وبدأت الآداب الكاكائية بهذه اللغة التي كانوا يكتبون بها قصائدهم. وبقيت هذه الحال حتى الآن.

ومن الضرورة بمكان أن نقول: أن الأسر والعشائر المقيمة في أنحاء «كركوك» و»كفري» و»خانقين» وضفاف نهر «سيروان»، كانت من عشائر «زنكنه» و»جبار» و»بيبان» و»طالبان» والعشائر الأخرى من «كوران»..

وقد كانت صاحبة كتابات وآداب قديمة وصاحبة أدب شفهي شعبي، إلا أن اللهجة الكرمانجية الجنوبية استحوذت على هذا الوسط نتيجة لانتعاش الإمارة السليمانية واتساع رقعتها.(٣١)

**آ-الهورامانية:** هي لهجة الأكراد الذين يقيمون في منطقة «هورامان» التي تقع في أعالي نهر: «سيروان».

إن غرب جبال «هورامان» هو المنطقة الواقعة بين «حلبجة» و«بنجوين» وفي الشرق منها «كرمنشان».

تنقسم منطقة «هورامان» إلى «هورامان اللُهنية» و «هورامان الدزلية» و «هورامان التختية» و «هورامان الرازوية» و«هورامان جوان رو» و «هورامان كندولَهْ».(٣٢)

**ب-الباجلانية:** تضم «الزنكنية» و«الشبكية». تنتشر من شرق «الموصل» ومن منطقة «باسوا». وتصل إلى شمال وجنوب «همدان» حتى منطقة «طالبان» و «زنكنه» و «قَرَهْ تو» و «هورين» و«شيخان». يقيم الباجلانيون في منطقة «زهوا» في شمال «لورستان».(٣٣)

**٥-الكردية الزازية** «كِرْمانجكي-أو-كِرْدكي- دملكي» موقعها: شمال شرق أراضي كردستان الواقعة تحت الاحتلال التركي. وهذا الموقع يمتد من شمال «أرزروم»، و «أرزنجان» من الجنوب وصولاً إلى «كركر» و«أدیامان». في داخل «سويرك» وقضاء «أورفا» وقرى أورفا في الشمال. وفي داخل أقضية «دياربكر»: «جرموك» و «جنكوش» و «بيران» و«هيني» وفي بعض قرى أقضيتها مثل: «لجه» و «هزرو» و«جنار» و«قُلب» وفي قضاء «وارتو» وقضاء «موش» وفي بعض قرى أقضية «أرزروم مثل: «خينيس» و تكمان». وفي داخل أرزنجان وبعض القرى والأقضية التابعة لها. وفي داخل قرى «ترجان» وفي «بيبينار» «وهي من أقضية سيواس» وفي قراها. وفي مدينة «توجلي» وأقضيتها مثل: «بولومور» و«ناظمية» و«أوقاجيخ» و«خوزات» و«جاميش كَزَك» وفي جميع أنحاء «ألْعزيز» وأقضيتها مثل: «مادن» و«بالو». وفي وسط قضاء «قره قوجان». وفي مدينة «بنكول» وفي جميع أقضيتها. وفي معظم «سولخان» وفي قسم من «قارلي جاف». في هذه المناطق برمتها يتكلم الأكراد باللهجة «الزازية»... وعلى الرغم من كثافة السكان الذين يتكلمون اللهجة الكرمانجية في «دياربكر» توجد فيها كثافة سكانية لابأس بها من المتكلمين باللهجة الزازية.(٣٤)

**آ-لهجة ديرسم:** يتكلم بها الناس في «تونجلي» و «أرزنجان» و «سيواس».

**ب-لهجة الشرق:** منُتشرة في («جوليك- دياربكر- سويرك») يتكلم بها الناس في «بنكول» و«ألْعزيز» و «دياربكر» وسويرك» و«كركر».

المصادر والمراجع:

(1) Şerefxan، Şerefname، Hasat yay…nlar…، 3. bask… 1990 stanbul، M. emin bozarslan ji Erebî wergerandiye Tirkî.

(2) Fuad Heme XurŞîd، Zimanî Kurdî، DabeŞbûnî Dîyalektîkanîy، oapxaneyî Afaq Al arabiya، Bexdat، 1985، s. 55.

3) Şerefhan، Şerefname، Hast Yayinlari، 3. baski 1990، Istanbul، Wergera M. Emîn Bozarslan ji Erebî bo Tirkî، r. 20

4) Vokabulaire Kurde des dialectes de Hakiari et Revendi، Par A. Jaba Consul de Russie a Erzeroum، Erzeroum le 15 mars

1858. Ji Dr. Marif Xeznedar Le Babet Mêjûyî Edebî Kurdiyewe 1984، Bexda r. 386›an hatiye wergirtin.

5) Mehemed Emîn Hewremanî، Zarî Zimanî Kurdî Le terazûyî Berawîrd da، 1981 Bexda، r. 52

6) Peter Lerch، Forschungen über die Kurden und die Iranischen Nordchöldaer، Petersburg، 18571858-، r. 72

7) Gotûwêjek legel Dr. Kemal Fûad، beŞî 2.، Sirwe، hejmar 39، rêzberî 1368

8) Mehemed Emîn Hewramanî، Zarî Zimanî kurdî le Terazûyî Berawirdda 1981، Bexda، r. 24

9) e. n. d. r. 6

10)Sadiq Behaeddîn Amêdî، Rêzimana Kurdî، Kurmanciya Jêrî û ya Jorî ya hevberkirî، oapa yekê، 1987، r. 34

11)e. n. d. r. 27

12)Ziya Gökalp، Kürt AŞiretleri Hakkinda Sosyolojik Tetkikler، Sosyal Yayžnlarž، 1992. r. 24

13)e. n. d. r. 24

14)e. n. d. r. 9596-

15)e. n. d. r. 2425-

16)e. n. d. r. 28

29) Fuad Heme Xursîd، Zimanê Kurdî، DabeŞbûnî cografyayiy Diyalektîkaniy، Bexda، Çapxaneyî Afaq›l Arabiya، 1985، r.60

30) e.nd:r.62

31) Dr. Marif Xeznedar، Le Babet Mêjûyî Edebiy Kurdiyewe، Bexda، 1984 r.8889-.

32) Mehemed Emîn Hewramanî، Kakeyî، Çapxaneyî Al Hawadîs، Bexda، 1984 r. 68

33) Dr. Marif Xeznedar، Le Babet Mêjûyî Edebiy Kurdiyewe، Bexda، 1984 r. 87

34) Malmîsanij: Dimilkî miyan di ciyayeya vatisan، Hêvî، kovara çandiya giŞtî، Parîs، no:2، Gulan 1984، r. 8687-.

*** ترجمة : دلاور زنكي**

# موجز تاريخ
# الأبجديات الكردية

جلادت جليكر

لا شك في ان الأكراد كانوا يستثمرون بعض الأبجديات في كتاباتهم قبل أن يتخذوا الحروف اللاتينية وسيلة لهذه الغاية. ولكن منذ متى مارسوا أول أبجدية فذلك ما لم يتضح بجلاء حتى الآن. وهذه المسألة تفتقر إلى البحث والتنقيب وهي مهمة ملقاة على عاتق المؤرخين واللغويين الأكراد. فإذا علمنا أن الميديين هم أسلاف الأكراد وأصل شعبهم كما يعتقد معظم المؤرخين والباحثين وجب أن نبحث عن الأبجدية التي زاولها الميديون. وكثيرون من الكتاب معجبون أشد الإعجاب بالحضارة الميدية. وهم يتحدثون عن مكتبات كبيرة في بلاد الميديين. وكما يعتقد أ.م. دياكونوف فإن نوعاً من الحروف المسمارية دخلت الفارسية القديمة عن طريق الميديين ويعتقد الكاتب أن الميديين اقتبسوا هذه الحروف من «الأورارتيين»(١).

عُثِر على طبق «صحن» من الفضة في «كردستان الشرقية» يُعتقد أن تاريخه يعود إلى ما قبل القرن الثامن للميلاد، عليه كتابة بالحروف المسمارية، ومما يؤسف له أن وثيقة أخرى بهذه الكتابة من العهد الميدي لم تظهر حتى الآن. كتب المؤرخ اليوناني هيرودوت بعد سفره إلى بلاد الميديين عام ٤٥٠ق.م قائلاً: بعد هزيمة الميديين وسقوط دولتهم نهبت ودمّرت جميع المؤسسات والمنشآت الميدية على يد الدولة البارسية(٢). تتألف الأبجدية المسمارية من (٣٦) ستة وثلاثين حرفاً ويعتقد الباحث: هَمه تقي بهار أن الميديين أضافوا (٦)ستة حروف إلى هذه الأبجدية واستخدموا في كتاباتهم اثنين وأربعين حرفاً (٤٢). وأشكالها هي كالتالي(٣):

في البلاد الميدية والفرس القديمة استعملت الأبجدية «الآوستية» إضافة إلى الحروف المسمارية. تقول بعض الآراء أن كتاب «الآفستا» المقدس لدى الزرادشتية قد سطّر باللغة الميدية.

والمؤرخ المستشرق: مينورسكي(٤) وهو أحد أصحاب هذه النظرية يقول: إن الكتابة الآوستية تبدأ من اليمين باتجاه اليسار وكانت الأبجدية تتألف من أربعة وأربعين حرفاً (٤٤). وتقول بعض المصادر إن هذه الأبجدية كانت مؤلفة من (٤٨) ثمانية وأربعين حرفاً(٥). هذه الأبجدية «zêr û zibe» بهذا الشكل حرر(٦).

لو أننا ضربنا صفحاً عن كتاب الآفستا فإن أقدم أبجدية كتبت بها اللغة الكردية هي الأبجدية الآرامية. وجدت بعض الوثائق الأخرى في كهوف «الهوراميين» في مستهل هذا القرن، يعتبرها البعض أنها أقدم الوثائق الكردية التي كتبت بالخط الآرامي، وهي وثائق كتبت على الرق «جلد الغزلان» عن أحوال التجارة في تلك الأيام. أقدم هذه الكتابات يعود تاريخها إلى أعوام ٨٧-٨٨ قبل الميلاد(٧)

يوجد كتاب كردي مدون بالأبجدية الفهلوية القديمة باسم (Dînkerd) (باللهجة اللورية). وحسب رأي «كيوم وكرياني» فإن هذا الكتاب أقدم كتاب حرر باللغة الكردية. الحروف الأبجدية الفهلوية القديمة وأشكالها هي كالتالي(٨):

وهكذا يبدو أن الأكراد كانوا قد زاولوا الكتابة بأبجديتهم الخاصة قبل ظهور الإسلام وبعده.

يقول الكاتب العربي ابن وحشية في مؤلفه عام ٢٤١هـ «؟.....-٨٥٦ق.م»: «إن أغلب الأكراد كانوا يحررون كتاباتهم بالخطوط «الماسيسوراتية» والمؤلف نفسه قد شاهد ثلاثة مجلدات كردية كتبت بهذه الخطوط. في هذه الأبجدية حروف ليس لها ما يماثلها في الحروف العربية مثل: (Ç) و (P) وهذه الأبجدية مؤلفة من سبعة وثلاثين حرفاً (٣٧) وأشكالها هي كالتالي (٩)

يقول موسى عنتر في معجمه «كردي-تركي» الذي ألّفه عام ١٩٦٧م: «إن الأكراد كانوا وضعوا أبجديتهم قبل ظهور الإسلام (١٠). ويرى الشيخ محمد مردوخي كردستاني أن تلك الحروف التي لم يوجد مثلها في الأبجدية العربية ربما كانت: مماثلة للحروف (j، p، ç، ١١، o، g) (١١). كما يقول الشيخ محمد مردوخي كردستاني: إن رجلاً اسمه «ماسي سوراتي» ظهر في القرن العاشر الميلادي حيث وضع حروفاً على غرار الأبجدية دُعيت فيما بعد بالحروف «الماسيسوراتية» وبهذه الحروف دوّنت كتابات كانت موضوع بحث وجدل. وهذه الحروف تشبه تلك الحروف المعروفة باسم «بستي آفستا» وظلت هذه الحروف دارجة حتى قبيل ظهور الإسلام بين الأكراد إلى جانب الخطوط الآرامية والسريانية واليونانية(١٢).

ومنذ مئات السنين يستخدم الأكراد اليزيديون أبجدية خاصة. يطلق عليها البعض اسم «الأبجدية اليزيدية». ولكن واضع هذه الأبجدية غير معروف وتاريخ وضعها مجهول أيضاً. تتألف هذه الأبجدية من «٣١» واحد وثلاثين حرفاً، وتكتب من اليمين باتجاه اليسار. ويعتقد «صفي زاده بوركيي» أن واضع هذه الحروف استعان بالأبجديات الفهلوية والآفستية والعربية.. وبهذه الأبجدية كتبت الكتابات اليزيدية المقدسة. مثل: «مصحفا رش» و «جلوه» وكذلك الأدعية والأذكار الدينية. ولا تزال هذه الأبجدية قائمة بين اليزيديين حتى الآن وهي كالشكل التالي (١٣):

في المدوّنات اليزيدية تستخدم لغة كردية خالية من العيوب والنواقص وسنعرض أمثلة عن هذه الكتابات التي يرثي فيها أحد الأشخاص والده.(١٤) ولو أننا استبدلنا تلك الحروف بالحروف اللاتينية لقرأنا كلمات الرثاء كالتالي:

Lo bavo، lo bavo، lo bavo
Bavo çima felekê ha kir
Felekê sere xwe li min ba kir،
Avê min mirî ye، mala min xirav kir.

Bavo، min belengazî min sefîlî min sergerdan.
Bavê min miriye ez bûme sefîl.
Bavo bavtî tîŞtekt çê ye،
Kurtî bavtî zîneta rû erdê ye،
Bavo cinnet cehnem destê Xwedê ye
Bavo te yekê ne çê kir،
Te mala xwe ji mala min cihê kir.

وبعد ظهور الإسلام ودخول الأكراد في الدين الإسلامي انتشرت الكتابة العربية بينهم رويداً رويداً. من الكتاب والشعراء الذين دوّنوا مؤلفاتهم بالخط العربي نذكر: علي الحريري، والملا أحمد الجزيري، وفقي طيران، وملا الباتي، وأحمد خاني، ولما كانت الحروف العربية عاجزة عن تلبية تلك الصوتيات الموجودة في اللغة الكردية فقد أضافوا إليها حروفاً من ابتكارهم وقد حذوا حذو الفرس في أبجديتهم العربية.

**والحروف العربية هي كالتالي:**

ا ب ت ث ج ح خ د ذ ر ز س ش ص ض ط ظ ع غ ف ق ك ل م ن ه و ي

ويبدو أن الحروف الكردية التي لا يمكن التعبير عنها بالأبجدية العربية هي:

p ،v ،û ،i ،j ،ç ،g. لذلك وضعوا حروفاً جديدة لتمكينها من أداء هذه الوظيفة الصوتية كالتالي: ك g، ب p، ج ç، ز j، ف v.

**الأبجدية الكردية اللاتينية:**

حسب المعطيات المعرفية يعود تاريخ تداول الأمم الأبجدية اللاتينية إلى قرابة /٢٧٠٠/سنة سبعمائة وألفي سنة. وفي مدى هذه الأعوام طرأت تبدلات سياسية في الشرق الأوسط كان لها أثرها على الشعب الكردي. وفي هذه المتغيرات السياسية على الرغم من كل شيء كان الأكراد- كما يبدو لنا- ملمين بسبع أبجديات في أقل تقدير وهي: «المسمارية- الفهلوية القديمة- الآفستية- الماسيسوراتية- العربية- اليزيدية». ولكننا حتى مطلع هذا القرن لا نجد إشارة إلى تغيير الأبجدية العربية واستبدالها بالحروف اللاتينية. وقد كتبوا في مدى قرون طويلة بأجناس من الأبجديات. واستناداً إلى آراء بعض اللغويين والمؤرخين كانت للأكراد أبجدياتهم الخاصة. ترى لماذا رأى الأكراد في إطلالة هذا القرن أن تبديل الأبجدية العربية باللاتينية أمر ضروري وملحّ؟.

**وحسب يقيني فإن أسباب الدعوة الجوهرية إلى هذا التغيير تتلخص فيما يلي:**

في خلال القرنين الماضيين حدثت في أوروبا تطورات كبيرة في ميادين الصناعة والعلوم والتكنولوجيا وكانت الدول الأوروبية تحصد مزيداً من الانتصارات العلمية كلما مرت الأعوام وتزداد قوة وبأساً وكانت الدول المضطهدة لا تستطيع ان تنال حريتها وكرامتها من غير دعم أوروبي وكانت الدول الأوروبية تؤازر وتعضد المسألة القومية حيثما وجدت من العالم وكانت تدعم وتؤيد جميع الفئات التي تناوئ الدولة العثمانية وتحاربها. وكان للرياح التي هبَّتْ من الغرب أثرها العميق في نفوس المتنورين في استانبول ضمنهم المتنورون الأكراد وكان جمع غفير من المتنورين الأكراد قد هجروا ديارهم جراء جور السلطان عبدالحميد وحاشيته واقاموا في البلاد الغربية لاجئين واختلطوا بالشعوب الأوروبية وتأثروا بهم وانتفعوا بعلومهم في التربية والفلسفة وغير ذلك وعلى الرغم من أن الأبجدية العربية لم تكن وافية بالغرض فإن الأكراد ثابروا على التمسك بها قروناً طويلة.. وللأسباب الآنفة الذكر جذبت الأبجدية اللاتينية اهتمام أولئك المتنورين. أحد أولئك المتنورين الذين أولوا قضية اللغة بالهم هو الدكتور عبدالله جودت.

في عام ١٩١٣م كتب الدكتور عبدالله جودت في مجلة «روزي كرد» داعياً الأكراد إلى تغيير أبجديتهم لأن الأبجدية العربية لا تستجيب للصوتيات الكردية اللغوية وفي تلك الأيام جرت بحوث ومحاورات مطولة بين أعضاء «جمعية الأمل لطلبة الأكراد» (هيفي) (Kurd Talebeyî Hêvî Cemiyetî) بصدد هذا الموضوع. يقول صالح بدرخان وهو أحد متنوري ذلك العهد: إن الأبجدية المؤلفة من /٣٢/ إثنين وثلاثين حرفاً التي تكتب بها التركية العثمانية ليست كافية للكتابة الكردية.

لذلك فقد أضاف صالح بدرخان إلى هذه الحروف ثمانية حروف أخرى لتصبح الأبجدية العثمانية /٤٠/أربعين حرفاً و بها كتبت كتابات في مجلة «روزي كرد»(١٥).

وحسب ما يرويه كمال بادلي فإن المتنورين الذين كانوا مُعنين بمجلة «روزي كرد» كانوا يسعون إلى إنجاز أبجدية قريبة من الأحرف اللاتينية. إلا أن الحرب الكونية الأولى لم تدعهم يكملون صنيعهم (١٦).

**ومهما يكن من أمر فإن سؤالاً يخطر على البال:**

تُرى كم أهتم أولئك المتنورون بالأبجديات التي كانت وسيلتهم في الكتابة؟ وهل فكروا في تلك الأبجديات وتساءلوا هل هي صالحة لتلبية جميع الصوتيات الكردية؟ ربما كانوا قد فعلوا ذلك كما فعل الدكتور شفان الذي يقول: «لقد كان للأكراد أبجديتهم الخاصة قبل البدء بالدعوة الإسلامية وما زال الأكراد اليزيديون حتى الآن الكتابة بهذه الحروف وقراءتها. وأي ضير في أن نصرّ على الكتابة بهذه الحروف نظراً لقيمتها التاريخية الكبيرة.(١٧)

ومن المعروف أن اليهود والآشوريين والأرمن يمارسون كتابتهم حتى الوقت الراهن بأبجدياتهم الغارقة في القدم باعتبارها رمزاً يدل على الحس القومي.

بعد أن وضعت الحرب الكونية الأولى أوزارها اندحرت بعض جيوش الدولة العثمانية فأبرم السلطان العثماني مع الدول المنتصرة معاهدة في «موندروس» لوقف القتال واللجوء إلى الهدنة، فاستغل الأكراد أحوال البلاد المضطربة وضعف الدولة فأسسوا جمعية «تقدم (ازدهار) كردستان» (Kurt Tealî cemiyeti). نُشرتْ بحوث في بعض الأعداد من مجلة «زين- الحياة» (١٩١٨-١٩١٩) لـ»جمعية تقدم (ازدهار) كردستان» غير الرسمية عن الصعوبات والمعوقات في كتابة اللغة الكردية بالحروف العربية. يقول كتاب مجلة «زين-الحياة» معبرين عن همومهم وآرائهم بهذه الجملة: «ماذا يسعنا أن نفعل إزاء لغة آرية ترتدي ثياب أبجدية سامية»؟.(١٨)

وبعد انتهاء الحرب الكونية الأولى وضع الميجر أ.ب. سوان أبجدية توافق اللغة الكردية ونشر كتابين بهذه الأبجدية. والكتابان هما: «Elemantary Kurmanjî Grammar» بغداد،١٩١٩، و «Kitabi Awwalamini Qiraati Kurdi»، ١٩٢٠م، وهذه الأبجدية لم تلق رواجاً بين الأكراد.(١٩)

**جلادت بدرخان والأبجدية الكردية:**

**جهود ما قبل مجلة «هاوار»:**

في شهر كلاويز عام ١٩١٩م تم التوقيع على معاهدة سيفر التي نصّت على إقامة شبه دولة كردية «نصف دولة». فنتج عن ذلك تضارب بين المطالب الكردية والأرمنية في مسألة الحدود. لذلك عينت الجهات الأرمنية مجموعة من الزعماء الأكراد الذين يعيشون على الأراضي الأرمنية للمشاركة في تعداد السكان ومعرفة النسبة بين النفوس الأرمنية والكردية.

وكان الميجر الانكليزي نويل رئيساً لهذه الهيئة وكان الشقيقان الأمير جلادت بدرخان و الأمير كاميران بدرخان يمثلان الطرف الكردي وقد حضرا من حلب إلى أنحاء «سروج» و»عنتاب» وفي شهر أيلول من عام ١٩١٩م يقصدان «ملاطيا» وكان أكرم جميل باشا قد اتصل بهما قبل مغادرتهما حلب. ويبدو أن عدداً كبيراً من أعضاء جمعية «تقدم (ازدهار) كردستان» قد التقوا في «ملاطيا» لتنظيم التحرك الكردي(٢٠) وكان عبدالرحيم رحمي الهكاري أحد أولئك الذين وصلوا إلى «ملاطيا» وكان الميجر نويل يتلقى على يده دروساً في اللغة الكردية.

إن الغاية من هذا السرد التاريخي هي أن هذه الزيارة كانت ذريعة إلى إحداث الأبجدية اللاتينية الكردية التي ابتكرها الأمير جلادت الذي كتب في أمر هذه المسألة قائلاً:

في عام ١٩١٩م. كنا نسير بين شعاب الجبال حتى وصلنا إلى ديار عشيرة «رشـوان»... وكان الميجر نويل الانكليزي مرافقاً لنا. وكان يتقن اللغة الكردية بإحدى اللهجات فرغب أن يتعلم لهجة «الشمال» وكان يسعى إلى ذلك ويدوّن كل ما يتعلمه. أما أنا فكنت أجمع القصص والحكم والأمثال التي اسمعها من أفواه الأفراد وأسجلها على الورق بالخط العربي وكنت أنا ونويل نعيد النظر الى ما

كتبناه ونقرأ ما كتبنا. فكان هذا الرجل الانكليزي يتلو ما كتبه بكل يسر.. أما أنا فقد كانت قراءتي عسيرة وبطيئة وكنت أجد مشقة في التفريق بين (û) و(o) و (î) و(ê) فما علة ذلك؟. لقد كان الميجر يستخدم الحروف اللاتينية وكنت استعمل الحروف العربية.(٢١)

عندئذ اتخذت قراراً بإنشاء أبجدية لاتينية تستجيب لجميع الألفاظ الموجودة في اللغة الكردية.

ولدى هذا القرار برزت أمام الأمير بعض المتاعب لأن الأبجدية اللاتينية مؤلفة من /٢٦/ستة وعشرين حرفاً وهذا العدد من الحروف لا يلبي أغراض الكتابة باللغة الكردية. وهذه هي المرة الأولى التي تكتب لغة «هندو-أوربية» من بين مجموعة اللغات الإيرانية بالأحرف اللاتينية.

يقول الأمير جلادت إنه بدأ الكتابة بالحروف اللاتينية فوجد الأمر على غاية من الوضوح والسهولة ولكن بعض الصعوبات اعترضت سبيله فاضطر للإستعانة بالحروف اللاتينية المركبة (diftong) مثل: (ai، ch، ou، ...)، لا ندري كم كان عدد حروف هذه الأبجدية.. إلا أنه بعد زمن وجيز أخرج أبجديته من هيمنة الحروف اللاتينية مقتبساً بعض الحروف والرموز اليونانية والروسية المستقلة وهكذا أصبحت الكلمة الكردية تقرأ كما تكتب. وهذه الأبجدية مؤلفة من /٣٦/ستة وثلاثين حرفاً.

يبدو الأمير جلادت وهو في غمرة أعماله في خلال زهاء ثلاثة أعوام كثير الاهتمام بقضية هذه الأبجدية. في عام ١٩٢٢م أصدر الكماليون قرار حكم بالإعدام عليه وعلى أخويه- لذلك فقد غادر الأمير جلادت وكاميران تركيا وهاجرا إلى ألمانيا. حيث درس الأمير جلادت الحقوق وهو يتابع اهتمامه بالأبجدية.

**يقول الأمير جلادت:**

«في عام ١٩٢٤م وأنا في ألمانيا أعدت النظر إلى الأبجدية وبحثت ودققت في كل جوانبها فبدا لي أن هذه الأجناس من الحروف «اللاتينية واليونانية والروسية» لا تربطهما وشيجة وليس بينها أيّ تناغم وهي في الوقت نفسه تشوه مظهر الأبجدية فحذفت ما كان زائداً عن الحاجة واحتفظت بحرفين ضروريين لم يكن بد من وجودهما فأصبحت حروف الأبجدية /٣٤/أربعة وثلاثين حرفاً وعلى ذلك استقرت واستقامت.(٢٢)

في عام ١٩٢٥م غادر الأمير جلادت ألمانيا قاصداً الديار المصرية ومن مصر إلى لبنان حيث يقيم عمه خليل رامي. الذي كان أحد القوميين البارزين في ذلك العهد ومن مؤسسي «خويبون». وكانت «خويبون» تتطلع إلى ثورة في كردستان الشمالية، ولكن بعد إخفاق انتفاضة «آكري» اتضح لها أنها عاجزة عن تحقيق ذلك الهدف.

كان للأحداث التي جرت في خلال أعوام ١٩٢٥-١٩٣٠م أثر كبير في نفس الأمير جلادت، فبدأ بعد هذا التاريخ يلقي جل اهتمامه على مسائل اللغة وحل معضلاتها «في اللهجة الكرمانجية».

كان الأمير جلادت واللغوي الكبير المعروف توفيق وهبي «من كردستان الجنوبية» يلتقيان في سورية لتفادي النواقص والخلل في اللهجة الكرمانجية والسورانية والتقريب بينهما ويتباحثان لوضع أبجدية لاتينية مشتركة لهاتين اللهجتين. ولكن توفيق وهبي عاد إلى العراق قبل أن تثمر هذه الجهود.

**المصادر والمراجع:**

1. E. M. Diyakonov، Tarîxê Mad، r. 339، wergera Farisî، 1345، Tehran.
2. Yê ji Heredot neqil dike، Borekeyî Sefîzade Seddîq، Mêjûy Wêjey Kur-dt-I، r.18، 1991، Baneh، Kurdistan.
3. Borekeyî Sefizade Seddîq، Mêjûy Wêjey Kurdî-I، r.1518،1991 ،16-، Ba¬neh Kurdistan.
4. Borekeyî S.S.، and، r. 2223-.
5. Campbell، C. L، Compendium of the World›s Languages، Vol I، p. 2 26، 2993، London.
6. Borekeyî S.S.، and، r. 17.
7. Soran Sineyî، Qewalla Konekani Hewraman Kontirtn Belgeyî Nûsra-wî Ziwani Neteweyî Kurd ke ta êsta dozrawe-tewa، Sirwe، hej. 67، r. 411991 ،45-، Wirmiye.
8. Borekeyî. S.S.، and، r.19.
9. Borekeyî.. S.S.، and، r.20.
10. Musa Anter، Ferhenga Khurdî-Tirkî/Kûrtge-Tûrkge Sözlûk، r.164، 1967، Istanbul.
11. Şêx Muhamed Merdûxî Kurdistanî، Tarixa Kurd û Kurdistan، werge¬ra Ebdilkerim Mihemed Seid، r. 302، 1991.
12. Şêx Muhamed Merdûxi Kurdistani، and، r.81.
13. Borekeyi Sefizade Seddîq، and، r..20.
14. Borekeyî S. S.، Nameyî Ferhengê Iran-Defterê dovom، r. 16 (222)
15. Malmîsanij & M. Lewendî، Li Kurdistana bakur û H Tirkiyê Rojname-geriya Kurdî 1908-1981، r.56، 1989، Uppsala.
16. Badilh Kemal، Tûrkge îzahh Kûrtge Crameri، s. 23، îkinci baski 1992، MED Yayinahk، Istanbul.
17. Dr. Şivan -Adara 1971-، di pêşgotina kitêba «Zmanê Kurd» de، r. 15، 1976، Kava Yaymlan، Istanbul.
18. Jîn 19181919-، Cild I، r.6، ji PêşkêŞiya M. E. Bozarslan، 1985، Weşan-xana Deng، Uppsala.
19. Cemal Nebez، Zimanî Yekgirtûyi Kurdî، r. 79، III، 1976، Almanya
20. Ekrem Cemîl Paşa، Muhtasar Hayatim، s. 4243-، Beybûn Yaymlan، 2. baski، 1992.
21. Hawar، jimar 13، Pêşgotinek، r. 12-، ji pêşgotina Mihemed Bekir ya di qapa nu ya Hawar 19-de، hatiye girtin، r. XXI، Weşanxana Hawar، 1987، Stockholm.
22. Hawar، jimar 13، Pêşgotinêk، r. 12-.

*** ترجمة : دلاور زنكي**